# عاشقە ناودارەکان

جڵدی دووەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# عاشقە ناودارەکان

## جلّدی دووەم

و: موکری



ناوی کتێب: عاشقە ناودارەکان – جلّدی دووەم
وەرگێڕانی: موکری
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٦٧٣
هەڵەگری: وەرگێڕ + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢٢١)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# پێڕست


مەلیکەیێک جگە لە خۆی و سەرگەرمییەکانی بیری لە هیچ شتێکی دی نەدەکردەوە! ..... 7
سالۆنی خانم رۆلان ببووە جێی هونەرمەندان ..... 49
کاترینی دووەم لە قەسری سان پترز بۆرگ ..... 87
پوترسی سێهەم–ی هاوسەری کاترینی دووەم شێت بوو ..... 113
کودەتایەک کاترینی دووهەمی کردە ئیمپراتۆری روسیا! ..... 169
کودەتاکەی وەلیعەهدی ڕوسیا دژ بە کاترینی دووەم ..... 213
کوڕە لادێییەک پاش مردنی کاترینی دووەم خۆی کوشت ..... 251
دەرەوە و ناوەوەی ژنان و شۆڕشی فەڕەنسا ..... 269
ژنە خوێنڕێژەکان ..... 309
بەرتیل بۆ ئازادکردن و فیرارکردنی لویی شانزەهەم و هاوسەرەکەی ..... 337
ژنێکی شۆڕشگێڕ و موغامیر لەنێو جەرگەی ڕووداوەکاندا ..... 383
دەستەیەک لە ژنان پەرلەمانیان هێنایە لەرز ..... 417
موحاکەمە عەجیبەکەی لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت ..... 439
رۆبسپێری بنیاتنەری حکومەتی (تیرۆر و ترس)یش سپێردرایە گیوتین! ..... 491
ئەفسەرێکی گەنج بە لێهاتوویی خۆی بووە فەرماندەی سوپا ..... 505

مەلیکەییێک جگە لە خۆی و سەرگەرمییەکانی
بیری لە هیچ شتێکی دی نەدەکردەوە!

ماری ئەنتوانێت–ی مەلیکەی فەرەنسا. هەر خەریکی خۆشگوزەرانی و سازدانی ئاهەنگ و دەعوەت بوو، ئەگەرچی پەشیمان بوو لەو بەڵایەی بەسەر فۆکێ دا هێنابووی، بەڵام هەر بیری لە گەردش و ڕابواردنەکانی خۆی دەکردەوە.

لەم سەردەمەدا، بەپێی نووسینەکەی «لویی کاستن»ی مێژوونووسی فەرەنسی، ماری ترز–ی دایکی مەلیکە و ئیمپراتۆریسی نەمسا، خەوێکی بینیبوو خەوەکەی بۆ مەلیکەی فەرەنسای کچی نووسی لێکدانەوەی ئەو خەوە عیبرەت ئامێزە، بۆ ئاگادارکردنەوەی ئینسان گەلێ گرنگە... ئەم نامەیە بەختەتی ماری ترزە، ئێستایش پارێزراوە، ئەو نامەیەی لە ڤییەنای پایتەختی نەمساوە بۆ ڤەرسای ناردووە، ئاوهای نووسیوە:

«دوودڵ بووم، ئایە ئەم خەونەت بۆ بنووسم یا نەء، ئەترسام ببێتە مایەی نیگەرانیت، بەڵام گەیشتمە قەناعەت، ئەگەر ئێوە لەم خەونە ئاگادار کەمەوە، باشترە لەوەی کە لەم خەونە بێ ئاگابن... لە خەودا بووم و بینیم کە پەرێشانیت، قەڵایێکی گەورەم بەرچاو کەوت، بورجەکانی گەلێ بەرزن، کەسانی چەکدار گەمارۆی ئەو قەڵایەیان داوە... ئەگەرچی من قەڵای «باستیل–م» نەدیوە هەستم کرد، دەبێ ئەمە قەڵای «باستیل» بێت، لەو خەونەدا حاڵی بووم، ئەو چەکدارانەی گەمارۆی قەڵاکەیان داوە، دژ بە تۆن...

لەسەر قەڵاکەوە ئاڵایێکی سپی دەرکەوت، هەر وەک ئەوە وابوو ئەوانەی بەرگری لە قەڵاکە دەکەن، دەیانەوێ تەسلیم بن، زۆری نەبرد، ئەوانەی لە دەوروبەری قەڵاکە بوون، چوونە ژوورێ، سەرێکی بڕاویان لەسەر نیزە چەقاندبوو. لە قەڵاکە هاتنە دەرێ...

هەر ئەو کاتەی قەڵاکە داگیرکرا، تۆم بینی، پۆشاکی ژنانی ڕاهیبەت پۆشیبوو، ڕوخسارت گەلێ سپی بوو، لە تۆ نزیک بوومەوە و گوتم:

کچە ئازیزەکەم، بۆچی پۆشاکی ئەو ژنانەت پۆشیوە کە تەرکی دنیایان کردووە؟





تۆ بەمنت گوت، ئەمە پۆشاکی پرسەیە... من لە قسەکەتان گەلێ ترسام، ویستم لێت بپرسم، چ کەسێ مردووە؟

بەڵام فرسەتم دەستکەوت، لەو خەونەدا دیمەنێکی دیم هاتە بەرچاو سەیرم کرد، دەست و پێی تۆیان بەستووە، چەند کەسێک بەرەو شتێکی سەیرت دەبەن، ئەو شتە سەرسوڕهێنە وەک پەیکەرەکانی خوداوەندەکان بوو...

من هەستم دەکرد، ئەو کەسانەی تۆ بەرەو ئەو شتە سەیرە دەبەن، نیازیان خراپە و دەیانەوێ لە نێوت ببەن، هاوارم کرد، داوای کۆمەکم کرد، لە دەنگی هاوارەکانی خۆم لە خەو بێدار بووم...

بۆیە ئەم خەونە ترسناکەت بۆ دەنووسم، چونکە گەلێ نارەحەتی کردم، پێم وایە مەترسیێک هەڕەشەت لێ دەکات، ئەمڕۆ دەتوانی پەنا ببەیتە بەر خواوەند و بەری ئەم مەترسییەت بۆ بگرێ... ئێمە کە لە سەڵاتینەکانین خواوەند لە سەرووی کەسانی ئاسایی ئێمەی داناوە، هەویرەکەی ئێمە لە ئاو و خۆڵێکی دییە، بەڵام سەڵاتینەکانیش لە قەزاو قەدەر نەپارێزراون بەو شێوەیەی کە مێژوو باسی کردووە ئەوانیش تووشی ڕووداوی ناجۆر بوون... عەقیدەم وایە، بۆ بەرگری لەم خەتەرە، کە ئومێدەوارم لە سنووری خەونێک تێپەڕ نەکات، پەنا بۆ خوا بەری، لەڕێی عیبادەت و دروستکردنی مەراسیمی عەشای ڕەبانی» لە کلێسادا، ئەم مەترسییە بە دوور بێت و بەری لێ بگری»

ماری ئەنتوانێت، پاش خوێندنەوەی ئەم نامەیە، بەپێکەنینەوە نیشانی لویی شانزەهەمی مێردی دا و گوتی: بیری سەیر سەیر ڕووی لە دایکم کردووە، خەونێکی ترسناکی بینیوە، وا تەسەور دەکات خەتەرێک هەڕەشەم لێ دەکات.

لویی شانزەهەم، سەرنجێکی نامەکەی دا، پاشان لەسەر مێزەکە دایناو ڕێی گرتە بەر، ماری ئەنتوانێت گوتی: خاوەن شکۆ، بۆ کوێ دەچیت؟

لویی شانزەهەم گوتی: گوتوومە، ئەسپەکانم ئامادە بکەن و دەمەوێ بۆ شکار بچم...

ئەو خەونەی «ماری ترز»ی دایکی ماری ئەنتوانێت بینیبووی، گومان لە دروستییەکەی نەبوو، چونکە ئەم نامەیە هەیە و پارێزراوە و سێهەمین ئاگادار

کردنەوەی سروشتە بۆ ماری ئەنتوانێت...

بەر لەو خەونەی دایکی ماری ئەنتوانێت، سروشت دوو ئاگاداری دابووە مەلیکەی فەرەنسا، کە دەست لە هەوەسبازییەکەی خۆی بکێشێتەوە بەڵام ماری ئەنتوانێت چ بایەخێکی نەدابووە ئەو دوو ئاگادار کردنەوەی سروشتە...

پاش، ماوەیێک لەم ڕووداوە، ماری ئەنتوانێت، ئاشنای گەنجێ بوو، کە مێژوو ئەو گەنجە بەدوا مەحبوبی مەلیکەی فەرەنسای لە قەڵەم داوە، یانی دوا کەسی عاشقی ماری ئەنتوانێتە، کە ناو و ناونیشانی لە نێو مێژوودا ماوەتەوە...

لە ژیانی کەسانێ کە عاشق پیشەن، هەندێ کەس پەیدا دەبێ، ناویان لە مێژوودا نامێنێتەوە، چونکە خاوەنی ناوێکی ناسراو نین، بەڵام ئەم گەنجە کە دوا مەحبوبی ماری ئەنتوانێت بوو، ناو و ناوی بنەماڵەی هەبوو لە ساڵی ١٧٦٦دا لە بنەماڵەی «ڕیشیلیو» لە دایک ببوو...

کەسە بەرجەستەکەی ئەم بنەماڵەیە، «کاردینال دوریشیلیو» بوو کە لە سەردەمی سەڵتەنەتی لویی سیانزەهەمدا سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا بوو، چ نەوەێیکیشی نەبوو، چونکە ژنی نەبوو، کاردینالەکانیش نابێ ژن بێنن.

ریشیلیو-ی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا، لە ئەسیلزادەکان بوو، بەپێی عادەتی کۆن، خانەدانەکان، یەکێ لە کوڕەکانی خۆیان دەنارده خزمەتی کلێسا و لەوێوە بۆ قوتابخانەی مەزهەبی، دەبووە کەشیش و پاشان ئەسقەف و پاشتریش دەبووە کاردینال، براکەیشی وەک هەموو ئەسیلزادەکانی ئەو سەردەمە، سوپای هەڵبژارد و بووە ئەفسەرو ژنی هێنا و منالانی دوای خۆی جێهێشت، هەموو نەوەکانی بنەماڵەی ڕیشیلیو، نەوەی برازاکانی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسای سەردەمی لویی سیانزەهەم بوون، یەکێ لەوان «دۆک دۆ ڕیشیلیو-ی» ناسراو بوو کە لەسەردەمی لویی پانزەهەم دا، عەشقبازییەکانی ناوبانگی پەیدا کردبوو. لە قەزیەکەی «فۆکێ»دا دەوری گرنگی گێڕاوە. لەم یاداشتەدا، چەند جارێ ناومان هێناوە...

ئەو گەنجەی کە ئێمە ناوی دەهێنین، لە بنەماڵەی ڕیشیلیۆ- یە و لە ساڵی ١٧٦٦دا لەپاریس لە دایک بووە، لە تەمەنی شانزە ساڵیدا، لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا کاری کردووە. لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا کارێکیان پێ ڕاسپاردووە، ئەویش





ئەوە بوو، هەردوو یا سێ ڕۆژ جارێک لە وەزارەتی دەرەوە چووەتە مەکتەبە تایبەتییەکەی لویی شانزەهەم ئەو کاغەزانە کە دەبا لویی شانزەهەم بیانبینێ، دەیبردە مەکتەبە تایبەتییەکەی، لە ژووری چاوەڕێکردندا دادەنیشت، تا کاغەزەکان لە ژووری شا دەگەڕانەوە.

ڤەرسای، هەم پایتەختی دەربار بوو هەم پایتەختی ئیداری وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا بوو، هەرکە ڕیشیلیو، دەچووە دەربار، ڕێگەی زۆر نە دەبڕی. پێویستی بە گالیسکە، یا ئەسپ نەبوو...

ریشیلیو گەنجێکی سپی بەژن زراف بوو، کە تەمەنی نۆزدە ساڵان بوو. لاوازو ڕوخساری گەلێ غەمگین بوو، لووتی درێژ و نووکی لووتی وەک دەنووکی هەڵۆ، هەندێ چەمابووەوە، بەپێی پێوەرەکانی ئەمڕۆ، جوانی لەدەستدابوو... بەڵام پێوەری پەیوەست بە جوانی بەپێی خواستی سەردەم. گەلێ جیاوازە، چۆن لە کۆندا لەو باوەڕەدا بوون، دەمی ژن دەبێ بچووک بێت، ئەمڕۆیش دەمی گەورە پەسەندە.

«مارلن دیتریش»ی هونەرمەندی سینەما، لووتی پان بوو، لووتی پانی کردە مەلائیکەی جوانی، ژنێکی جوان، بەپێی پێوەرەکانی ئەم سەردەمە ئەگەر لە سەردەمی لویی شانزەهەمدا، بچوایەتە قەسری ڤەرسای هەموو پشتیان تێ دەکرد و بەناشیرینیان دەزانی... لووتە درێژەکەی ڕیشیلیۆ و هەم نووکە چەماوەکەی، نەک لەو سەردەمەدا مایەی ناشیرینی ئەو گەنجە نەبوو، بەڵکو بەپێی بنەما سەلمێنراوەکانی جوانیناسی، بەتایبەت بۆ پیاوان، یەکێ بوو لە کۆڵەگەکانی جوانی جگە لەوەی ئەم جۆرە لووتە درێژە چەماوەیە، لە نیشانەکانی ئەسیلزادەییە. ڕیشیلیو-ی گەنج هەر کە دەچووە قەسری ڤەرسای، کاغەزەکانی خۆی تەسلیم دەکرد، لە ژووری چاوەڕوانیدا دادەنیشت، تا کاغەزەکان بهێننە دەرێ و بەمی بسپێرن، هەندێ جاریش لویی شانزەهەم بانگی دەکرد، ڕوونکردنەوەی دەربارەی هەندێ کاغەز لێ دەخواست ڕیشیلیویش ڕوونی دەکردەوە.

ڕۆژێ پاش ئەوەی ڕیشیلیو، چووە ژوورەکەی لویی شانزەهەم مەلیکەی لەوێدا بینی و سەری بۆ دانەواند.

کاتێ مەلیکە چاوی بە بەژنە زراف و ڕەعناکەی ئەو گەنجە کەوت و ڕوخساریشی

دایە بەر سەرنج، وای هەست کرد، ئەوەی دەیەوێ، دۆزییەوە، ماری ئەنتوانێت، کە پێشتریش لەم یاداشتانەدا ئیشارەتمان داوە، دەربارەی پیاوان سەلیقەی تایبەتیی هەبوو، ئەو پیاوانەی پەسەند دەکرد، تەمەنیان لە بیست ساڵ کەمتر بێت لەنێوان ئەمانەیشدا، بایەخی بەوانە دەدا، ڕیش و سمێڵیان نەهاتبێ ئەو دەمە ڕیشیلیو، هەموو ئەو مواسەفاتانەی هەبوو... لە ڤەرسایدا، باو نەبوو، کە لەکاتی کاری ئیداریدا کەسێ بە یەکێکی دی بناسێنرێ، بۆیە لویی شانزەهەم، ئەو گەنجەی بەهاوسەرەکەی خۆی نەناساند، پێیگوت: ڕیشیلیۆ، نزیک بەوە پێم بڵێ، ئەم ژمارەیە، سەد و بیست و پێنج هەزار لیۆ (لیرەی فەرەنسی) لێرەدا نووسراوە، چییە؟

ڕیشیلیۆ، نزیکی مێزەکەی شا بووەوە و گوتی: خاوەن شکۆ، ئەم ژمارەیە، بڕی ئەو پارەیەیە، کە بۆ تەعمیرکردنی سەفارەتەکەتان، لە «سان بترز بۆرگ-ی» پایتەختی ڕووسیا، خەرج کراوە...

شا، بەڕیتمێ کە نیوەی گاڵتە و نیوەی جیددی بوو، گوتی: ڕیشیلیو، ئێمە لەباتی ئەوەی سەفارەتەکەمان لە سان بترزبۆرگ-ی پایەتەختی ڕوسیا تەعمیرکەین، دەمانتوانی بەم بڕە پارەیە، لەوێدا سەفارەتێکی نوێ بکڕین! ئەو گەنجە گوتی: خاوەن شکۆ، سان بترز بۆرگ، گرانترین شاری ڕوسیا و ئەوروپایە، خەرجی کەرەسە و کرێی کرێکار لەوێدا دوو بەرابەری لەندەنە لە کاتێکدا لەندەن بەگرانترین شاری ئەوروپا ناسراوە، کەچی سەفارەتی خاوەن شکۆتان لە لەندەندا، پێوستی بە تەعمیربا، لە پێنج یەکی ئەم بڕە پارەیە تەجاوزی نەدەکرد...

کە ئەم گەنجە، ڕوونکردنەوەکانی خۆی دەخستە ڕوو، ماری ئەنتوانێت، بەدیقەتەوە سەرنجی دەدا، دەمە جوان و لووتە هەڵۆییەکەی دەنگە گەرمەکەی لەززەتی پێدەبەخشی، سوودی لە بێدەنگی وەرگرت و بەمێردەکەی گوت: ئایە ئەم پیاوە لە وەزارەتی دەرەوە کار دەکات؟ لویی شانزەهەم گوتی: بەڵێ، خانم!

ماری ئەنتوانێت گوتی: بە گەنجێکی شایستەی دەبینم، ناوی یەکێ لە بنەماڵە ڕەسەنەکانی فەرەنسایشی هەیە!

ڕیشیلیۆ، لەبەر خۆشحاڵیی، سوور بووەوە، سەری دانەواندەوە، ماری ئەنتوانێت بەخودی ڕیشیلیو-ی گوت: لە ڕوونکردنەوەکانتان وا دەردەکەوێ شارەزاییێکی





باشتان دەربارەی ڕوسیا و سان بترزبۆرگ هەبێ، لەبەرئەوەی خاوەن شکۆ، کاترین-ی دووهەمی مەلیکەی ڕوسیا دەعوەتی کردووم، سەفەرێ بۆ سان بترزبۆرگ بکەم، دەمەوێ زانیاری دەربارەی ئەو شارە وەدەست بێنم، ئەگەر ئێوە زانیارییەکتان دەربارەی ئەو شارە هەیە، بیخەنە بەردەستی من -

ڕیشیلیو، گوتی: خاوەن شکۆ، چ جۆر زانییارێکتان دەوێ؟

ماری ئەنتوانێت گوتی: من دەمەوێ زانیاری دەربارەی ئاو و هەواو ژمارەی دانیشتوانی شارەکانی و وەزعی ئابووری ئەو وڵاتە بزانم، ئێوە دەتوانن دوو سبەی نیوەڕۆ، پەیوەندی بەخانم لانبال بکەن و زانیارییەکانی خۆتان بدەنە ئەو تا بگاتە من...

ڕیشیلیو گوتی: خاوەنشکۆ، ئەمری ئێوە جێبەجێ دەکرێ، دووسبەی نیوەڕۆ، ئەو زانیارییانەی کە ویستووتانە دەگاتە دەستی خانم لانبال تا ئەویش بیگەیێنێتە ئێوە...

ماری ئەنتوانێت، داوای زانئەویارییانەی لەو گەنجە کردبوو، هەموو کەسێ دەیتوانی لەو جۆرە زانیارییانەی بداتێ. ماری ئەنتوانێت مەبەستی ئەوە بوو، ئەو گەنجە تێگەیێنێت، بۆ وەدەستهێنانی ئەو زانیارییانە، هەند خۆی ماندوو نەکات، زۆر سەرنجی کاغەز و دۆسیەکان نەدات.

ئەو دەعوەتەی کاترینی دووهەم بۆ ماری ئەنتوانێت ڕاست بوو لویی شانزەهەمیش، ئاگای لەم دەعوەتە هەبوو، بەڵام ماری ئەنتوانێت، هەر جارە و لەبەر ڕووداوێک کە دەهاتە پێشێ، ئەو دەعوەتەی دواخستبوو...

ڕیشیلیو، نەیدەزانی، زانیاری خواستن دەربارەی پایتەختی ڕووسیا، جگە لە بیانوویەک شتێکی دی نییە... هەر کە ئەو گەنجە لە دەربار گەڕایەوە لە پشتی مێزەکەی خۆی دانیشت، بەسوود وەرگرتن لەو دۆسیە و ڕاپۆرتانەی وەزارەتی دەرەوە، ڕاپۆرتێکی کورتی دەربارەی سان بترزبۆرگی پایتەختی ڕوسیا نووسی، پاش دوو ڕۆژی دی، لە نیوەڕۆدا، چووە ماڵەکەی مەلیکە و خۆی گەیاندە شازادە خانم لانبال...

شازادە خانم لانبال، ئەمری کرد، ئەو گەنجە ببەنە ژوورەکەی و بەسەرسامییەوە سەیری کرد، ئەو گەنجە جەنتاییێکی لە ژێر باخەڵدایە و بەزنجیریش ئەو جەنتایەی

بەستووەتە مەچەکی...

لانبال گوتی: ئەم جەنتایە چییە، بۆچی بەزنجیر بەستووتە بە مەچەکی خۆتەوە؟ ڕیشیلیو، گوتی: خانم، ئەم جانتایە، ئەو ڕاپۆرتەی تیایە کە خاوەن شکۆ مەلیکەی فەرەنسا، دەربارەی سان بترزبۆرگ داوای کردبوو...

لانبال گوتی: گوتمان ئەمە وایە، ئەدی بۆ بەزنجیر بەستووەتەوە بە مەچەکت؟

گەنجەکە گوتی: خانم، بەشێکی ئەم ڕاپۆرتە، لە دۆسیە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوە دەرهێنراوە، بەپێی بڕیارەکانی وەزارەتی دەرەوەیش، هەر کاتێ یەکێ لە ئەندامەکانی وەزارەتی دەرەوە، بەڵگەکان هەڵگرن کە نهێنی دەوڵەتی بوو، دەبێ ئەو بەڵگانە لە جانتایەکدا دانرێ و جانتاکەش بەزنجیر ببەسترێتەوە بە مەچەکی کەسەکە، تا نەتوانرێ ئەو بەڵگانە بڕفێن...

خانم لانبال، پێکەنینی بە سادەیی ئەو گەنجە هات و گوتی: ئاگام لەوەیە کە خاوەن شکۆ داوای لە ئێوە کردووە ڕاپۆرتێکی بۆ ئامادە کەن دەربارەی وەزعی پایتەختی ڕوسیا بێت، بەڵام دەبێ پێتان بڵێم، مەلیکە حەوسەڵەی خوێندنەوەی نامە و ڕاپۆرتی درێژی نییە. حەز دەکات بەدەم ڕاپۆرتەکەی خۆتی بۆ باس کەیت، چاکتریش وایە ئەم زنجیرە لە دەستی خۆت بکەیتەوە و جانتاکەشت لێرە دانێیت، تا من بتبەمە لای مەلیکە، بەدەم ڕاپۆرتەکەی خۆتی پێبگەیێنە. ڕیشیلیۆ، نارەحەت بوو، گوتی: خانم بڕیارەکانی وەزارەتی دەرەوە سەریح و ئاشکرایە، دەڵێ هەرکەسێ بەڵگەی نهێنی پێبێ، نابێ ئەو جانتایەی بەڵگەکانی تێدایە لە خۆی دوور خاتەوە...

لانبال گوتی: دەتەوێ بەم وەزع و حاڵەوە، جەنتایەکت لەژێر باخەڵدا بێت. بەزنجیریش بەدەستەوە بەسترابێت، بچیتەلای مەلیکە؟

ڕیشیلیۆ گوتی: خانم داوای لێبووردن دەکەم، لەبەرئەوەی من ئەندامم لە وەزارەتی دەرەوە، ئاگام لە تەشریفات هەیە، دەزانم جگە لەو کاتانەی کە لە مەوقیعی خزمەتکردندای ناتوانیت، بەو وەزعەوە بچیتە خزمەتی مەلیکە. ئێستا من لە حاڵی خزمەتم وەکو سەربازێ وام لە مەیدانی جەنگدا بێت، لەلایەن ژەنەڕاڵێکەوە ڕاسپێردرابێت، ڕاپۆرتێ بگەیێنێتە شا، بە بەرگی تەپوتۆزاویشەوە بچێتە نێو خێوەتەکەی شا، چ کەسێ گلەیی لێ ناکات کە بۆچی خۆی نەگۆڕیوە و چووتە نێو





خێوەتەکەی شا!

خانم لانبال، سەیری کرد ئەم گەنجە، ئەگەرچی ئەندامێکی کارای وەزارەتی دەرەوەیە، بەڵام لە قوتابخانەی ژیاندا هێشتا دەرسی یەکەمی وەرنەگرتووە و قسەکردن لەگەڵیا بێ سوودە، گوتی: گەلێ چاکە، ئێوە لێرەدا دانیشن تا من بچم ئاگاداری مەلیکە بکەم کە ئێوە هاتوون.

ڕیشیلیۆ، دانیشت، خانم لانبال ڕۆیشت و مەلیکەی ئاگادار کردەوە...

ماری ئەنتوانێت پێکەنی و گوتی: بیهێننە ژوورێ!

پاش دوو دەقیقە، شازادە خانم لانبال، ئەو گەنجەی بردە ژوورەکەی ماری ئەنتوانێتەوە، ڕیشیلیۆ، بەبێ ئەوەی جەنتا بەزنجیر بەستراوەکەی مەچەکی لە خۆی دوورخاتەوە، سەری دانەواندەوە.

ماری ئەنتوانێت گوتی: ئەو زانیارییانەی ویستبووم، هێناوتە؟

ڕیشیلیۆ گوتی: بەڵێ خاوەن شکۆ.

ماری ئەنتوانێت گوتی: خانم لانبالیش پێی گوتوویت، من حەوسەڵەی خوێندنەوەی ڕاپۆرتە دوور و درێژەکانم نییە، بۆیە دەبێ ئێوە بەدەم بۆم باس کەن.

ڕیشیلیۆ گوتی: ئەمر دەفەرموون.

زنجیرەکەی لە مەچەکی خۆی کردەوە، لە جەنتاکە ڕاپۆرتەکەی دەرهێنا تا بیخوێنێتەوە ماری ئەنتوانێت گوتی: من حەوسەڵەی بیستنی ڕاپۆرتێکی دووردرێژم نییە، جانتاکەت لەسەر مێزەکە دانێ، نزیکی من ببەوە، لە تەنیشتم دانیشە، لە چەند کەلیمەیەکدا بڵێ، سان بترزبۆرگ لە کوێیە، ئایە هەواکەی لە ڤەرسای ساردترە یا گەرمترە؟ ئەو گەنجە، جەنتاکەی لەسەر مێزەکە دانا، لە ماری ئەنتوانێت نزیک بووەوە بەڵام جورئەتی ئەوەی نەدەکرد، دانیشێ... لە تەنیشتی مەلیکە وەک پەیکەرێکی بێ جووڵە دانیشت، مەلیکە گوتی: دەست پێ بکە

ڕیشیلیو گوتی: خاوەن شکۆ، سان بترزبۆرگی پایتەختی ڕووسیا، لە ڕابردوودا دێیەکی ماسیگر بوون، دەکەوێتە باکووری ڕووسیاو لە کەناری دەریادایە، لە زستاندا هەواکەی گەلێ ساردە...

ماری ئەنتوانێت گوتی: کافییە، دەربارەی دانیشتووەکانی قسە بکە...

ڕیشیلیۆ گوتی: دانیشتووانی سان بترزبۆرگ لە ئێستادا، سەد هەزار کەسن، بەڵام پێشبینی ئەوە دەکرێ لە ئایندەدا زۆرتربن...

ماری ئەنتوانێت گوتی: پیاوەکانی سان بترزبۆرگ چ جۆرن؟

ڕیشیلیو گوتی: مەبەستتان چییە؟

ماری ئەنتوانێت گوتی: دەمەوێ بزانم لە سان بترزبۆرگدا گەنجی جوانی وەک ئێوەی تیایە؟

ڕیشیلیو، کە گوێی لەم قسەیە بوو، سوور هەڵگەڕاو سەری داخست لە پڕ هەواڵیان هێنا، شا دێت، ڕیشلیو چاوەڕێی هاتنی لویی شانزەهەم نەبوو، شڵەژا، بەڵام ئەم هەواڵە، ماری ئەنتوانێتی مشەوەش نەکرد.

پاش چەند ساتێ، دەرگای ژوورەکەی ماری ئەنتوانێتیان لە ڕووی لویی شانزەهەمدا کردەوە، پاشای فەرەنسا بە زەردەخەنەوە هاتە ژوورێ. ڕیشیلیۆ لەبەری هەڵساو و سەری تەعزیمی بۆ دانەواند، ماری ئەنتوانێت گوتی: خاوەن شکۆ، ئاگاتان لێیە کە داوام لە «دۆک دوریشیلیو کردبوو، دەربارەی سان بترزبۆرگ و ڕووسیا، ڕاپۆرتێکم بۆ ئامادە کات و بۆم بێنێ، ئێستا ئەو ڕاپۆرتەی ئامادە کردووە، منیش دەزانم ئێوەی خاوەن شکۆ حەزتان لە جوگرافیا هەیە، ئەگەر کاتتان هەیە دانیشن و ئێوەیش گوێ لە ڕاپۆرتەکەی ڕیشیلیو بگرن. پاشای فەرەنسا، بەئیشارەتی سەر و بەبزەوە موجامەلەی ڕیشیلیۆی کرد و بەماری ئەنتوانێت–ی گوت: لە بەیانییەوە تا ئێستا، مژولی باسی جوگرافی بووم.

مەلیکە پرسی: خاوەن شکۆ لەگەڵ کێدا باستان دەکرد؟

لویی شانزەهەم گوتی: لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئەمریکا مژولی ئەو باسە بووم.

ماری ئەنتوانێت، تەنها لە ڕووی گشتییەوە لە مەسائیلی سیاسی حاڵی دەبوو، نەدەچووە نێو وردەکارییەکانییەوە، گوتی خاوەن شکۆ، تەسەوری ئەوەم دەکرد، کێشەیێک لە نێوان ئێوەو دەوڵەتی ئەمریکادا، چارەسەر کراوە.

لویی شانزەهەم گوتی بەڵێ کێشەکەمان نەما، ئەمڕۆیش پەیمانی لەنێوبردنی کێشەکە ئیمزا کرا... دەربارەی سنووری موستەعمەرەکانی فەرەنسا لە ئەمریکا،







قسەکرا، ئەوا هاتووم مژدەتان بدەمێ ئەوا لە کۆتاییدا، هەموو ناوچەکانی «لوییزیان» ئێستا پەیوەندە بە فەرەنسا، ئومێدەوارم کەسانێکی پاش من لەم وڵاتەدا سەڵتەنەت دەکەن، قەدری ئەم موستەعمەرەیە بزانن و بەخۆڕایی لە دەستی نەدەن...

پاشان پاشای فەرەنسا لوتفی بەرانبەر بەو گەنجە نواند و گوتی: لە دۆک دو ڕیشیلیو بپرسن، کە لوییزیان لە کوێدایە و چ بایەخێکی بۆ فەرەنسا هەیە...

ڕیشیلیو سەری دانەواند و گوتی: خاوەن شکۆ، لوییزیان، بەشێکی خاکی ئەمریکایە ڕووبارێکی مەزنی بەناوی «میسی سیپی» هەیە، کە سەدان لقی لێ دەبێتەوە. بەرینی ئەو بەشەی خاکی ئەمریکایە شەش یا حەوت جار بەقەدەر خاکی فەرەنسایە ماری ئەنتوانێت بە سەرسامییەوە پرسی: ئایە شەش یا حەوت جار بە بەرینی خاکی فەرەنسایە؟

ڕیشیلیو گوتی: بەڵێ خاوەن شکۆ!

ماری ئەنتوانێت گوتی: تەسەوری ئەمە دەکەم، میللەتی فەرەنسا تا هەتایە سوپاسگوزاری خاوەن شکۆ بێت، ئەڵبەتە دەبێ خاکێکی ئاوها بەرین، بەپیتیش بێت، بە میللەتی عەتا فەرمووە.

لویی شانزەهەم گوتی: من چاوەڕێی سوپاسگوزاری میللەتی فەرەنسا نیم تەنها حەز دەکەم قەدری ئەم زەوییە بەرینە کە لە سەردەمی تەمەنی خۆمدا داومەتە میللەتی فەرەنسا بزانن[١] دۆک دوڕیشیلیو، کە بینی شا دەیەوێ لەگەڵ مەلیکەدا قسان بکات گوتی:

خاوەن شکۆ، ئەو ڕاپۆرتەی دەبا پێشکەشتانی کەم، لە نێو ئەم جەنتایەدایە تەسەوری ئەوە دەکەم، دەبێ داوای ڕوخسەت بکەم. داوای مەرەخەسی دەکەم.

---

(١) هەرێمی لوییزیان، لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە، لە سەردەمی لویی شانزەهەمدا بە پێی «پەیمانی ڤەرسای» بوو بە موستەعمەرەیێکی فەرەنسا، بەپیتترین خاکی جیهانە، ئەمڕۆ دەستهاتی ساڵانەی لە بەر و بوومی کشتوکاڵ و کانزایی، لە سێ سەد هەزار میلۆن دۆلار زیاترە، بەڵام پاش ئەوەی دەوڵەتی ئەمریکا بەهێز بوو، لە سەردەمی ئیمپراتۆر ناپلیۆن بوناپارتدا ئەم هەرێمە کە ئەمڕۆ چەند ولایەتێکی تێدایە، بەنرخی چوار یا پێنج ملیۆنی فەرەنسی، لە فەرەنسا کڕییان...

لویی شانزەهەم گوتی: من چ کارێکم نییە، هەندیش ناوەستم (بە مەلیکە) هاتم بە ئێوە بڵێم، ئەمشەو بە موناسەبەتی ئیمزای پەیمانی ئەمریکا و فەرەنسا ئاهەنگێ لە تەلاری ئاوێنەی قەسری ڤەرسایدا دەکرێ، ئامادەبوونی ئێوە، جوانی و شکۆداری ئەو ئاهەنگە درەوشاوەتر دەکات... «کۆنت دومـوبور» ناوی بانگهێشتکراوەکانت پێشکەش دەکات...

پاشان شا، خواحافیزی لە مەلیکە و ڕیشیلیۆ کرد و لە ژوورەکە چووە دەرێ.

«کۆنت دومـوبور»ـی ڕەئیسی تەشریفاتی قەسری سەڵتەنەتی، پاش چەند دەقیقەیێک لە ڕۆیشتنی شا، هاتە ژوورەکەی مەلیکە... خاڵی ڕیشیلیۆ بوو، حیمایەتی دەکرد، ئاگای لەوە بوو، ئەم گەنجە جوانە گرفتاری ئەفسوونی خانمەکانی دەربار نەبێ، لە سەرەتای گەنجیدا، عەشق و ڕابواردن، لە کارە سیاسی و ئیدارییەکانی نەکات...

کاتێ «دومـوبور» هاتە ژوورەکەی مەلیکە، ڕیشیلیۆ-ی لەوێدا بینی و تەکانێکی بەخۆی دا، چونکە چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد ئەو گەنجە لە ژوورەکەی مەلیکەدا ببینێ، ئەگەرچی چاوی بە جانتاو زنجیرەکە کەوت زانی بۆ ئیشێکی وەزارەتی دەرەوە هاتووە، کەچی هەر نیگەران بوو، چونکە ماری ئەنتوانێتی دەناسی، دەیزانی ئەم شازادە خانمە نەمساوییە چ بایەخێ بە گەنجە نەوڕەسەکان دەدات کە تازە هەنگاویان بەرەو باڵقبوون ناوە، مەیلێکی تایبەتی بەرانبەر بەوانە هەیە ئەو سەرنجە قووڵەی مۆبور بۆ خوشکەزاکەی، لەبەر چاوە وردبینەکانی مەلیکە پەنهان نەمایەوە، ئەوەی دەبا تێبگات، تێگەیشت چاوێکی بەناوی بانگهێشتکراوەکاندا خشاند و موبوری مەرەخەس کرد...

کاتێ نان خواردن نزیک بووەوە، ئیدی مەلیکە فرسەتی بۆ نەما ڕیشیلیۆ لە ژوورەکەیدا بهێڵێتەوە، مەجبور بوو مەرەخەسی کات، بەڵام بەر لەوەی ئەو گەنجە لە ژوورەکەی مەلیکە بچێتە دەرێ، پێی گوت، ڕۆژی پاشتر پاشماوەی ڕاپۆرتەکەی لە ڕێی خانم لانبال-ەوە پێبگەیێنێ!

ئەو گەنجە، بە چ وەزعێکەوە چووبووە ئەو ژوورە، بەهەمان وەزع لە ژووری مەلیکە هاتە دەرێ، تا بەڵگەکانی نەخستە نێو سنووقەکانی وەزارەتی دەرەوە، ئاسوودە





نەبوو... هەر لەو کاتەدا موبوری خاڵی کەسێکی نارده لای کە بێت، چاوی پێ بکەوێ... ڕیشیلیۆ، چووە لای موبور، ڕەئیسی قەسری سەڵتەنەتی خوشکەزاکەی خۆی دانیشاند و گوتی: ئەمڕۆ، کە من هاتمە ژوورەکەی مەلیکە، ئێوەم لەوێدا بینی، گوایە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی پێشکەشی کەیت، لەوێدا بوویت؟

ڕیشیلیو گوتی: بەڵێ خاڵی ئازیزم.

موبور گوتی: دەمەوێ نەسیحەتێکت بکەم، هەوڵدە پەیوەندییەکانت لەگەڵ مەلیکە لە سنووری موناسەباتی ڕەسمی و ئیداری تەجاوز نەکات...

ڕیشیلیۆ، لەو ڕۆژەدا، بۆ دووهەمین جار سوور بووەوە و گوتی:

گەلێ چاکە، خاڵی ئازیزم...

موبور گوتی: من ئەمەت لە خێرخواهییەوە پێدەڵێم، ئەگەرچی کەوتنە بەر سەرنجی مەلیکەیێکی وەک ماری ئەنتوانێت، کە گەورەترین مەلیکەی جیهانە، نیعمەتێکە بۆ خۆی، بەڵام لەبەر چاوکەوتنی کەسێک، زیانی مادی و مەعنەوی پێدەگات، ئەو زیانە قەرەبۆ ناکرێت، ئەگەر پەیوەندیتان لەگەڵ مەلیکە ڕەسمی بێت، ئەوا هەرگیز ئەو گورزەتان بەر ناکەوێ و تووشی یەئسی ڕوحی نابن... بەڵام موبور، سەردەمی نۆزدە ساڵانی خۆی لە بیر کردبوو، نەیدەتوانی تێبگات، گەنجێکی وەک ڕیشیلیۆ هەست بکات لەلایەن مەلیکەیێکی وەک ماری ئەنتوانێت پەسەند کراوە، چ هەڵچوونێ لە ڕوحیدا دروست دەبێ.

تەمەنی ماری ئەنتوانێت، ئەو دەمەی کە ڕیشیلیۆ نۆزدە ساڵان بوو سی و دوو ساڵ لە تەمەنی تێدەپەڕی، یانی لە قوناغێکدا بوو لە ئەوپەڕی جوانی و دڵڕفێنی خۆیدا بوو.

تا تەمەنی سی ساڵی ژن، دەبێ هێزی دڵی کە دەبێ لە ژیاندا بەدەستی بێنێ ئەگەرچی هەندێ ئیستسنا هەیە وە هەندێ ژن لە تەمەنی بیست یابیست و دوو ساڵی دەبێتە خاوەنی بڕوا بەخۆبوون و هێزە ئاساییەکەی خۆی، بەڵام بەشێوەیێکی ئاسایی ژنی گەنج لە قۆناغی سی ساڵیدا دەگاتە ئەوپەڕی گەنج و جوانیی هەروەها دەگاتە کەماڵی پێگەیشتنی ڕوحی و جنسی، ئا لەو تەمەنەدا، ژنی گەنج هێزێکی مەعنەوی وەک شەپۆلەکانی حەرارەت و تیشکی گەشاوەی لێدێ ڕەنگە کار لە دڵی کەسانی بەتەمەن و خاوەن تەجرەبە نەکات، بەڵام گەلێ کار لە دڵی گەنجێکی تەمەن

نۆزدە ساڵە دەکات، بەتایبەتی ئەگەر خەرمانەی تاجی شانازی لەسەر مەلیکەی فەرەنسادا بێت ئەو کاریگەرییە گەلێ بەهێزتر دەبێ...

ئەو ڕۆژەی مەلیکەی فەرەنسا بە ڕیشیلیۆ-ی گوت: لە سان بێرزبۆرگدا، کەسانی وەکو تۆی جوان دەس دەکەوێ، ڕیشیلیۆ، زانیی مەلیکە خۆشی دەوێ، تەنانەت گەنجێکی لادێ نشینیش تێدەگات ئەم گوتەیە، لە زمانی ژنێکەوە بێتە دەر، ئیعترافە، بە عەشق، هەر بۆیە ڕیشیلیۆ سوور هەڵگەڕا، دڵیشی بە توندی لێیدا، هەر کە لە ژوورەکەی مەلیکە هاتە دەرێ، عاشقی بوو، کاتێ بە خاڵەکەی گوت، پەیوەندییەکانی لە سنووری موناسەباتی ڕەسمی و ئیداری تەجاوز ناکات، ڕاستی نە دەکرد... «موبور» لەبەر کارەکەی، هەمیشە لە دەرباردا بوو، لە دەرباری لویی شانزەهەم هیچ شتێک بە پەنهان نەدەمایەوە، موبور ئاگای لە هەموو شتێک هەبوو...

مەلیکە، دەیزانی ئەگەر، لە ئەپارتمانکەی خۆیدا پێشوازی لە ڕیشیلیو بکات، موبور پێی دەزانێ، بۆیە لانبال-ی نەدیمەی خۆی ڕاسپارد، بۆ ڕیشیلیۆ بینێ، شوێنێکی دی لەبەرچاو گرێت. خانم لانبال گوتی: چاکترین شوێن بۆ بینینی ئەو گەنجە کۆشکی «تریانون-ی بچووکە» لەوێدا ژێر زەمینێکی چاکی لێیە، دەتوانن لە پێپیلکەیێکی فەرعییەوە بچن بۆ ئەو ژێر زەمینە.

تریانون-ی بچووک، کە ئێستایش لە پارکی ڤەرسای دایە، هەمان کۆشکە کە «فوکێ»-ی گەنج بە پۆشاکی ژنانەوە لە کۆڵانەکانەوە دەچووە ئەو کۆشکە...

لانبال گوتی کلیلی ئەو دەرگایە دەدەینە ڕیشیلیۆ، پێی دەڵێن دەرگاکە بکاتەوە و بچێتە کۆشکەکەوە، لە پاش خۆیەوە دەرگاکە کلیل کات، هەروەها ڕێگای پلیکانە چکۆڵە و پەنهانەکانی نیشان دەدەین، ئەو لە سەعاتی دیاریکراودا بچێتە کۆشکەکە و لەژێر زەمینەکەدا چاوەڕێی ئێوە بکات. ئێوەیش لە پارکی ڤەرسایەوە بۆ ئەوێ بچن، هەموو کەسێکیش وا تەسەور دەکات کە ئێوە دەچن سەر لەو کۆشکە دەدەن...

ماری ئەنتوانێت گوتی: من ناتوانم بەتەنها بۆ سەردانی ئەو کۆشکە بچم، دەبێ چەند کەسێ لەگەڵ خۆمدا ببەم، بوونی ئەو کەسانە لە تریانون-ی بچووکدا کێشەم بۆ دروست دەکەن...

خانم لانبال گوتی: ئەو ڕۆژەی کە ئێوە بتانەوێ بچنە ئەو کۆشکە سەعاتێ پێشتر





ئاگاداری ڕیشیلیۆ دەکەم، لەڕێی کۆڵانەوە، بچێت بۆ ئەو کۆشکە و لەوێدا چاوەڕێ بکات، ئەگەر لە نێو کۆشکەکەدا گوێی لە دەنگ بوو، ئەوا بە هیچ شێوەیێک لە ژێر زەمینەکەوە نەیێتە دەرێ و دەنگ دەرنەهێنێ، ئێوەیش بۆ سەردانی کۆشکەکە دەکەونە ڕێ، سێ کەس لەگەڵ خۆتانا دەبەن یەک لەو سێ کەسە من دەبم، پاش ئەوەی دەگەینە کۆشکەکە سەر لە ژوورەکانی دەدەی، ئەوجا لە ساڵۆنەکە دادەنیشی و دەڵێی، دەمەوێ هەندێ ئیستراحەت بکەم، ئا لەو کاتەدا دەسبەجێ ئەو دوو خانمەی لەگەڵ مندان، لە کۆشکەکە دەیانبەمە دەرێ و دەچینە پارکەکە، بەلای کەمەوە دوو سەعات قسەیان لەگەڵ دەکەم و ماتڵیان دەکەم، ئالەم ماوەیەدا ئێوە لەژێر زەمینەکەدا لەگەڵ ڕیشیلیۆ دەبن، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵۆنەکە و پەنجەرەکانی ساڵۆنەکە دەکەنەوە، تا من بزانم ئێوە گەڕاونەتەوە، ئیدی منیش دەگەمەوە خزمەتتان، لە کۆشکی تریانونی چکۆڵەوە دەگەڕێینەوە. ماری ئەنتوانێت، ئەم نەخشەیەی پەسەندکرد، بڕیار درا شازادە خانم لانبال بە ڕیشیلیۆ بڵێت، ڕۆژی پاشتر سەعاتێ بەر لە نیوەڕۆ بچێتە کۆشکی تریانونی بچووکەوە، لەوێ لە ژێر زەمینەکەیدا چاوەڕێی ماری ئەنتوانێت بکات...

«ئەلفونس دولامارتین»-ی شاعیری فەرەنسا، لە سەردەمی خۆیدا جوانترین پیاوانی ئەو سەردەمە بوو، دەیان ژنی جوانی ئەو دەمە شەیدای ببوون لەوانە «کونتس دوکاستی لیۆن» کە تەواوێ بۆ لامارتین ئارامی لەبەر بڕابوو، لامارتین دیدارە عاشقانەکانی ماری ئەنتوانێت و ڕیشیلیۆی نووسیوە...

لامارتین-ی شاعیر جگە لە وتار و نامە سیاسییەکان چ شتێکی دیی بە نەثر نە دەنووسی، وەک دەزانین لە پیاوە سیاسییەکانی فەرەنسا بوو، سەردەمانێکیش وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بوو، شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ بووە مایەی ئەوەی ناپلیۆنی سێهەم بێتە کایەوە، لامارتین-ی خانەنشین کرد، ئەو شاعیرە بە توانایە، کارە سیاسییەکەی خۆی لە دەست دا، لە هەموو تەمەنیا، ئازاد بوو، ئەدەب و هونەری بۆ هونەر دەویست نەک بۆ «پارە» لە دوا ساڵەکانی تەمەنیا تووشی دەسکورتی بوو، هەر بە هەژاری مرد- واش باوە- دۆستەکانی، جەنازەکەیان لە زەوی بەرز کردەوە و بە خاکیان سپارد...

ئەم شاعیرە گەورەیە، هەندێ کەس لە ڕووی شیعرەوە بە نابیغەی دەزانن، تا ساڵی

١٨٤٨ یاداشتی عاشقانەی بە نەثر نووسراوی بڵاو نەکردبووەوە، بەڵام پاش خانەنشین بوونی و دەسکێشانەوەی لە سیاسەت، چەند بەسەرهاتێکی بە نەثر نووسراوی عاشقانەی بڵاو کردەوە، یەکێ لەوانە پەیوەستە بە عەشقی ماری ئەنتوانێت و ڕیشیلیۆ...

لامارتین لەو بەسەرهاتەدا گەلێ سوودی لە شایەدی ئەو کەسانە وەرگرتووە کە هاوسەردەمی ماری ئەنتوانێت بوون، یەکێ لە وانە یاداشتەکانی «تیلی»یە کە غولامێکی بچووکی مەلیکەی فەرەنسا بووە ئێمە ئەم چەند دێڕەی خوارێ لە لامارتین وەردەگرین و دەیاننووسینەوە ئەو کاتەی کە ماری ئەنتوانێت لەگەڵ خانم لانبال و دوو خانمی دیی دەربار، لە باغەکەی ڤەرسای تێپەڕین، تا ماری ئەنتوانێت، خۆی بگەیێنێتە عاشقەکەی خۆی، لویی شانزەهەمی پاشای فەرەنسا، لە ژووری کارەکەیدا، نەخشەیێکی جوگرافی لەسەر مێزەکەیدا ڕاخستبوو، گوێی بۆ ڕوونکردنەوەکانی کابتن «لاپروز»ی ناسراوی فەرەنسی هەڵخستبوو، وەزیری بەحرییەیش لە ژوورەکەی لویی شانزەهەمدا وەستابوو، لاپرۆز، گوتی: لە نیوەی جنوبی گۆێ زەویدا، گەلێ دوورگەی گەورە هەن، دەتوانرێ بۆ پاشای فەرەنسا داگیر بکرێن.

لویی شانزەهەم هیچ کاتێ هەوڵی ئەوەی نەدەدا بزانێت هاوسەرەکەی چی دەکات، هیچ کاتێکیش غیرەی لێ نەدەکرد،لویی، هەموو کاتەکانی خۆی بۆ سێ شت سەرف دەکرد، یەکەمیان، شکار و دووهەمیان خوێندنەوەی کتێبەکانی جوگرافیا، سێهەمیش قفڵسازی، ئەگەر هەندێ کاتیشی بمایەتەوە، کارەکانی دەوڵەتی بەڕێوە دەبرد لەگەڵ ئەمەیشدا گەلێ زیاتر لە باپیری «لویی پانزەهەم» خەریکی کاروباری دەوڵەت دەبوو...

ئەو کاتە ماری ئەنتوانێت بە هەنگاوە بچووک و پەلەکانی بەرەو کۆشکی تریانونی بچووک دەچوو، ڕیشیلیۆی گەنجیش لە ژێر زەمینە بچووکەکەدا دەقیقەکانی دەژمارد، گوێی لە هەر دەنگێک دەبوو، لە جێیەکەی خۆی هەڵدەسا، چونکە وای تەسەور دەکرد، ماری ئەنتوانێت هاتووە... ڕیشیلیۆ، ماری ئەنتوانێتی خۆشدەویست وەک مەئمورێ مەجبوور بوو ئەمرەکان جێبەجێ بکات ئاوها بۆ ئێرە نەهاتبوو، بەڵکو وەک عاشقێکی ڕاستەقینە، هاتبووە ژێر زەمینەکەی کۆشکی تریانون...





ڕیشیلیۆ بەر لەو مێژووە عاشق نەبوو، بەڵام خواستی تەمەن و گەنجییەتییەکەی بەرەو عەشق کەمەنکێشی دەکرد، هەرکە بۆی دەرکەوت ماری ئەنتوانێت، حەزی لێ دەکات، نەشئەی عەشق سەراپای داگیرکرد...

ماری ئەنتوانێت بەپێی وادەکە لە نیوەڕۆدا گەیشتە کۆشکی تریانون–ی بچووک، خانم لانبال پێشنیازی بۆ دوو خانمەکەی دی کرد، شەربەت لە ژێر درەختە سایەدارەکانی پارکی ڤەرسای بخۆنەوە... ئەم دەعوەتەیان قبوڵ کرد و بەرەو درەختەکان ڕۆیشتن... ماری ئەنتوانێت، بەرەو ژێر زەمینەکە چوو، ڕیشیلیۆ گوێی لە دەنگی پێی بوو، زیاتر دڵی لێیدەدا، پێشتر ڕیشیلیۆ، دادەنیشت، هەڵدەسا بەڕێوە دەڕۆیی، بەڵام کاتێ دەنگی هەنگاوەکانی ژنێ لە ژێر زەمینەکە نزیک بووەوە، بەرەو دەرگاکە چوو، پاش چەند ساتێکی دی، ماری ئەنتوانێت چووە ژێر زەمینەکەو دەرگاکەی بەست.

هەرکە ڕیشیلیۆ چاوی بە مەلیکەی فەرەنسا کەوت، بۆنی عەترەکانی چووە لوتیا، لەبەر شادی ڕەنگ لە ڕوویا نەما، پاش چەند ساتێکی دی، کەوتە سەر پێیەکانی باوەشی بە هەردوو پێیا کرد، قۆنەرەکانی ماری ئەنتوانێتی ماچ کرد.

ماری ئەنتوانێت چەمایەوە، دەستی عاشقە گەنجەکەی خۆی گرت و لە زەوی بەرزی کردەوە، بەرانبەر بەخۆی ڕایگرت، ڕیشیلیۆ بەژن زراڤ و باریک بوو، ماری ئەنتوانێت بەشیفتەیییەوە سەیری دەکرد، جوانییەکەی لا پەسەند بوو، تا ئەو کاتە نە مەلیکەی فەرەنسا، قسەی کردبوو نە ڕیشیلیۆ، چونکە ئەو گەنجە عاشقە جورئەتی نەدەکرد، قسان بکات، خانمە نەمساوییەکەیش بەجۆرێ کەمەنکێشی جوانییەکەی ئەو گەنجە بوو، پێی چاکتر بوو بێدەنگ بێ و سەیری بکات نەک قسە بکات.

ماری ئەنتوانێت، لە کۆشکی تریانون–ی بچووکدا، ئاسوودە بوو، دەیزانی هیچ کەس بێزاری ناکات، تا کاتی شیف خواردن کاتی بە دەستەوە بوو، پاش ئەوە دەبا، لە کۆشکەکە بچێتە دەرێ و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا خۆراک بخوات...

خزمەتکارەکانی کۆشکی تریانون–ی بچووک، هەرگیز نە دەچوونە ئەوێ جگە لە بەیانییان، ئەویش بۆ پاککردنەوە و شتی لەم بابەتە بوو، ئەوان لە ژوورەکاندا دەژیان دوور بوون لە کۆشکی تریانون–ی بچووک... پاش ئەوەی ماری ئەنتوانێت بۆ چەند

دەقیقەیێک سەیری ڕیشیلیۆی کرد، پێیگوت بەرەو ئەو دۆشەگە بچن کە لەژێر زەمینەکەدایە، پاش ئەوەی ماری لەسەر دۆشەگەکە دانیشت، ڕیشیلیۆیش لە تەنیشتیا دانیشت، بەڵام ئەو گەنجە بە جۆرێ دڵی لێیدەدا ماری ئەنتوانێت گوێی لە ترپە ترپی دڵی ڕیشیلیۆ بوو...

ماری ئەنتوانێت کە بێدەنگی ئەو گەنجەی بینی، سەری بەرز کردەوە.

گوتی: ئازیزم چیت بەسەر هاتووە؟

ئەو گەنجە نەیتوانی وەڵام بداتەوە، چەند جارێ ویستی دەم بکاتەوە قسەیێک بکات بەڵام بە پەلە لێدانی دڵی ڕێی قسەکردنی لێ گرتبوو، ماری ئەنتوانێت گوتی: پێدەچی منت خۆشنەوێ و بێزاربی لە من؟

چاوەکانی ڕیشیلیۆ، تا ئەو کاتە دەگەشانەوە، تەڵخ بوون و ئەو گەنجە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا لە تەنیشتی مەلیکەی فەرەنسادا بووراییەوە...

ماری ئەنتوانێت، گەلێ ترسا، چونکە وای تەسەور کرد ڕیشیلیۆ مردووە، بەرەو لای پەنجەرەکە چوو، کردییەوە، ئیشارەتی بۆ خانم لانبال کرد کە بێت بۆ لای.

خانم لانبال، چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد، ژوانەکەی ماری ئەنتوانێت و ڕیشیلیۆ، هەند کورت بێت، بۆی دەرکەوت، شتێ ڕووی داوە، ڕوخساری ماری ئەنتوانێتیش، مشەوەش بوو و ئەمەی دەنواند، لانبال بە دوو خانمەکەی گوت، لێرەدا بمێننەوە تا بزانم مەلیکە چی دەوێت!

خانم لانبال، بە پەلە خۆی گەیاندە لای ماری ئەنتوانێت، چووە ژێر زەمینەکە سەیری کرد ئەو گەنجە لەسەر دۆشەگەکەدا کەوتووە، هەرکە ڕیشیلیۆی بەم شێوەیە بینی، ترسا، نەوەک ئەو گەنجە مردبێت، لە ماری ئەنتوانێتی پرسی: ئایا بەدحاڵیبوون و ناخۆشییێک ڕووی داوە؟

مەلیکەی فەرەنسا گوتی: نەء- لە تەنیشتمدا دانیشتبوو، قسەم لەگەڵ دەکرد، لە پڕ چاوەکانی تێکچوون و بووراییەوە!

لانبال گوتی: خاوەن شکۆ، ڕەنگە گرفتاری زەوق زەدەگی[١] بووە!

(١) زەوق زەدە: وەک مەی زەدە، یانی مەی لێیدابێ، لێرەدا زەوق لێیداوە، تەحەمولی ئەو زەوقە زۆرەی نەکردووە.





ماری ئەنتوانێت گوتی مێردەکەم بۆ ماوەی حەوت ساڵ تووشی زەوق زەدەی ئاسایی، یا ئیجباری بوو، هیچ کاتێ ئاوهای بەسەر نەهات.

لانبال گوتی: زەوق زەدەیی، چەند جۆرێکی هەیە، یەکێ لە جۆرەکانی ئاوهایە، ژن، یا، پیاو لەبەر حەساسیەتی زیاد لە هۆشی خۆیان دەچن.

لە ژێر زەمینەکە، چووە سەرێ، هەندێ ئاوی هێنا ڕوخساری ڕیشیلیۆی پێ تەڕ کرد، ئەو گەنجە چاوەکانی کردەوە، زانیی لەسەر دۆشەگەکەدا ڕاکشاوە، مەلیکەی فەرەنساو خانم لانبال، بەرانبەری وەستاون گەلێ شەرمەزار بوو، لە جێ هەستا. مارێ ئەنتوانێت کە بینیی، ڕیشیلیۆ هاتووەتە سەرخۆی گەلێ کەیفخۆش بوو، گوتی: قوربان مەگەر لە پڕ نەخۆش کەوتن؟

ڕیشیلیۆ گوتی: نەء، خاوەن شکۆ، بەجۆرێ دڵم لێیدەدا، هێز لە بەدەنما نەما، سەیرم کرد ئیدی ناتوانم خۆم بگرم... لانبال کە بینیی. ئەو کوڕە گەنجە هۆشی هاتووەتە سەر خۆی و بیمار نییە، بە باشی زانی لە ژێر زەمینەکە بێتە دەرێ، ئەو دووانە بە تەنها جێبێڵێ، چونکە دەیزانی هیچ دەرمانێ بۆ چاککردنەوەی گەنجەکە کاریگەر ترنییە لە قسەکانی ماری ئەنتوانێت...

ماری ئەنتوانێت، کە هەستی کرد، ڕیشیلیۆ، بەهۆی زەوق زەدەیی بووراوەتەوە، موحیبەتی بۆ گەنجەکە زیاتر بوو، بۆی دەرکەوت ئەوەی بووەتە مایەی زەوق زەدەیی ئەو گەنجە، جوانی و شکۆکەی ئەمە، باشترین بەڵگەیێک بۆ ڕاستگۆیی ڕیشیلیۆ، ئەوە بوو، مەلیکەی فەرەنسا بلێت، لە تەنیشتی مندا تووشی زەوق زەدەیی بووە... ئەم حاڵەتە شتێکی دیی بۆ مەلیکەی فەرەنسا سەلماند، ئەویش ئەوەیە بەر لە ماری ئەنتوانێت، ئەو گەنجە هیچ ژنێکی نەناسیوە، چونکە، پیاوان، هەمیشە لە یەکەمین عەشقدا تووشی زەوق زەدەیی دەبن، لە عەشقی دووهەمدا، کارەکە ئاسایی دەبێت...

ئەو ڕۆژە، ماری ئەنتوانێت کە ویستی خواحافیزی لەو کوڕە گەنجە بکات، گوتی:

ئەمڕۆ گەلێ لە ززەتم لەدیدارتان وەرگرت، ئومێدەوارم ئێوە لە دیداری من لەززەتتان وەرگرتبێ...

کوڕە گەنجەکە گوتی: ئاه... خاوەن شکۆ، ئێوە خواوەندی منن، هەر کاتێ ئێوە دەبینم، وادەزانم خالقەکەی خۆم دەبینم.

ماری ئەنتوانێت گوتی: من حەز ناکەم، خواوەندی تۆ بم، بەڵکو حەز دەکەم، تۆ منت خۆشبوێ.

ڕیشیلیۆ گوتی: خاوەن شکۆ من هەمیشە ئێوەم خۆشدەوێ، ئارەزووی من ئەوەیە بتوانم لە ڕێی ئێوەدا گیانی خۆم بەختکەم، ماری ئەنتوانێت گوتی: ڕیشیلیۆی ئازیزی من، من حەزدەکەم ئێوە بەزیندوویی بمێننەوە، ئەگەر دەتەوێ لە تۆ ڕازی بم گیانی خۆت بپارێزە، تا بتوانم هەمیشە تۆ ببینم و بەدیدارتان بەختەوەر بم، لە کاتێکدا ماری ئەنتوانێت دەیویست، لە ژێر زەمینەکە بچێتە دەرێ. گوتی: تۆ لێرەدا بمێنەوە، تا بە تەواوی دوور دەکەومەوە، ئەو جا لێرە وەرە دەرێ...

کاتێ خانمەکان بینییان، ماری ئەنتوانێت، لە کۆشکەکە هاتە دەرێ بەرەو لای چوون، وەک ئەوەی ئەو دوو سەعاتە ماری ئەنتوانێت سەردانی ژوورەکانی ئەو کۆشکەی کردبێ، خانمەکان ئەو ماوە دوورودرێژەیان پێ سەیر نەبوو بەجۆرێ خۆیان نواندبوو، مەلیکەی فەرەنسا دڵنیابوو خانمەکان، هیچ گومانێکیان لەوە نییە کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا مژولی سەردانی ژوورەکان بووە.

ئەوەی لامارتین، دەربارەی ماری ئەنتوانێت و ڕیشیلیۆی نووسیوە گەلێ دوورودرێژە، ئێمە کورتەیەکمان گەیاندووەتە خوێنەران، هەر لەو کورتەیەدا دەردەکەوێ موحیبەتی ئەو کوڕە گەنجە لە دڵی ماری ئەنتوانێتدا جێی کردبووەوە– هەروەها ڕیشیلیۆیش عاشقی مەلیکەی فەرەنسا بوو...

لەو دەمەدا، لەلایەن پاشای ئینگلستانەوە، نیشانەی «گۆرەوی بەند» کە لە نیشانە گەورەکانی سەڵتەنەتی ئینگلستانە، بۆ مەلیکەی فەرەنسا نێردرابوو، تا ماری ئەنتوانێت، ئەو نیشانەیە ببەستێتە بازووی خۆی، چونکە نیشانەی «گۆرەوی بەند» لە دەرباری ئینگلستان بە هیچ ژنێ نادرێ، ئەگەر مەلیکە نەبێ، مەلیکەکان هەمیشە ئەو نیشانەیەیان دەبەستە بازوویان...

نیشانەی «گورەوی بەند» بەقەولی ئینگلیزەکان، نیشانەی «گرتەر» لە لایەن «ئەدواردی سێهەم»ی پاشای ئینگلستان هێنرایە کایە، ڕووداوەکەیشی بەمشێوەیەیە: شەوێک، ئەدواردی سێهەم لە قەسری سەڵتەنەتی «ویندۆزەر» لە ئاهەنگێک لەگەڵ مەعشووقەی خۆی «کونتس سالیبۆر» سەمای دەکرد، لە پڕ بەندی





گۆرەوییەکەی خانم سالیبۆر کرایەوە و کەوتە سەر زەوی ئەم ڕووداوە لە ساڵی ١٣٤٤ دا ڕوویدا، پاشای ئینگلستان چەمییەوە و «بەندی گۆرەوییەکەی» لە زەوی بەرز کردەوە، سەیری کرد، دەربارەکان ئەم کارەیان بە ناپەسند زانی، بەزمانی فەرەنسی، کە ئەودەمە زمانی ڕەسمی ئینگلستان بوو ( هەموو نامەکان بە زمانی فەرەنسی دەنووسران) گوتی: بە دبە حاڵی ئەو کەسەی کە خەیاڵی نا پەسەند دەکەن، ئەم بەندی گۆرەوییە کە ئێوە بە سووکییەوە سەیری دەکەن دەبێتە نیشانەیێک، لە ئایندەدا، سەرداران و ئەشرافەکانی ئینگلستان، بەشانازییەوە لەسەر سینەی خۆیان دایدەنێن. ڕۆژی پاشتر، ئەدواردی سێهەم فەرمانێکی دەرکرد، نیشانەی «بەندی گۆرەویی» هێنایە وجودەوە، ئەو فەرمانە چەند بڕگەیێکی هەبوو، هیچ ژنێ ناتوانێ ببێتە خاوەنی «نیشانەی بەندی گۆرەوی» ئەگەر مەلیکە نەبێ.

ئەو نیشانەیە، ئەمڕۆیش لە ئینگلستاندا هەیە، هەرگیز نابێت زیاتر لە بیست و شەش کەس لە ژیاندا بن، ئەو نیشانەیان هەبێ، خاڵێکیش هەیە، دەبێ بگوترێ، یەکەم مەلیکەیێک نیشانەی «بەندی گۆرەویی» لە بازووی خۆی بەست، پانزە ڕۆژ، پاش وەدەستهێنانی ئەو نیشانەیە، حوکمی ئیعدامی بەسەردا درا، بە تەور، سەریان لە لەشی جیاکردەوە، ئەو شازادە خانمەیش ناوی «گری» بوو...

بنەماڵەکەی ئێستایش لە ئینگلستانن، پیاوانی بەرجەستەیان تیادا هەڵکەوتووە، یەکێ لەوانە «سێر ئەدوارد گری–یە» کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وەزیری دەرەوەی ئینگلستان بوو.

پاش ئەوەی مەلیکەی فەرەنسا نیشانەی «بەندی گۆرەویی» وەرگرت بە پێویستی زانی، ئەمیش نیشانەیێکی بەرجەستە بداتە مەلیکەی ئینگلستان، هەیئەتێکی نارد بۆ ئەوەی نیشانەکە پێشکەش بە مەلیکەی ئینگلستان بکەن، ماری ئەنتوانێت، مەحبوبە گەنجەکەی خۆی ڕیشیلیۆی بەناونیشانی ئەندامی دووهەمی ئەو هەیئەیە، ناردە ئینگلستان...

ماری ئەنتوانێت، نەیدەویست ڕیشیلیۆ لە خۆی دوورخاتەوە بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو یەکەم بەردی بناغەی تەرفیعە ئایندەکانی ئەو گەنجەی دانا، چونکە ئەو مەئموورییەتەی بە ڕیشیلیۆ سپێردرا، گەلێ لە تەمەن و وەزیفەکەی گەورەتر بوو

ڕیشیلیۆ، بەکەیفخۆشی و سوپاسگوزارییەوە ڕێی ئینگلستانی گرتە بەر، پاش ڕۆیشتنی ڕیشیلیۆ، ماری ئەنتوانێت، بە تەنها مایەوە...

دووسێ ڕۆژ، پاش سەفەرەکەی ڕیشیلیۆ، ماری ئەنتوانێت لەگەڵ گەنجێکدا ئاشنابوو، کە مێژوو، ناوی بە «سن ژوست» نووسیوە، ئێمەیش بە هەمان ناوەوە ناوی دەبەین، چونکە لە ژیانی خۆیدا ناوی جۆراوجۆری هەبووە.

ئەگەر نووسینی مێژوو نووسانی وەک «هانری دالمرا» و «مۆنێ» بکەینە بناغە، ئەوا دەزانین «سن ژوست» کە بووە دۆستی مەلیکە، تەمەنی شانزە یا حەڤدە ساڵان بوو.

ئینسان کتێبی مێژوو نووسانی ناوبراوان بخوێنێتەوە، سەرسام دەبێت کە چۆن ژنێکی سی، یا سی و یەک ساڵە لەگەڵ کوڕێکی شانزە یا حەڤدە ساڵیدا موعاشەرەتی کردووە، هەر بۆیە «هانری دالمرا» نووسیویەتی پەیوەندی ماری ئەنتوانێت لەگەڵ «سن ژوست» عەشقێکی ئەفلاتوونی بوو، ماری ئەنتوانێت گەنجانی نەوڕەسیدەی پەسەند دەکرد، بۆیە ئەو گەنجە کەوتبووە بەر عینایەتییەوە...

ئێمە نامانەوێ دەرحەق بە ژنێ کە بەگیوتین سەریان لە لەشی جیاکردەوە بەدنیەت بین، دەربارەی کەسێ کە توانای بەرگری لە خۆی نەبێ شتگەلێ بنووسین، ئیهانە بەخش بێت، بەڵام زمانی مێژوو هاتووەتە گۆ شاهیدەکان کە شاهیدی عەلەنی بوون هەندێ لە ڕووداوەکانیان بە چاوی خۆیان بینیوە، هەندێکیان یادەوەری خۆیان بۆ نەوەی ئایندە جێ هێشتووە، لەو یادەوەرییانە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ماری ئەنتوانێت عەشقەکانی بەرانبەر بە گەنجان، یا هەندێکیان زۆر ئەفلاتوونی نەبووە!

«سن ژوست» مامێکی هەبوو، لە قەسری ڤەرسایدا کارمەندێکی سادەبوو، هەموو بەیانییەک دەهاتە ئەوێ، مژولی کاری خۆی دەبوو، سەعات سێی پاش نیوەڕۆ، کارەکەی تەواو دەبوو، قەسری بەجێ دەهێشت.

پاش سێ ساڵ کارکردن لە قەسری ڤەرسای، مامی «سن ژوست» لەسەر داوای خۆی گوازرایەوە بۆ مەکتەبەکەی مەلیکەی فەرەنسا «سن ژوست» لە مناڵییەوە بۆ دیدەنی مامی، دەهاتە قەسری ڤەرسای وەکو هەموو مناڵێک کە بهاتبا بۆ دیدەنی باوکی یا خزمێکی، بۆ شوێنێ بچووبا، هەموو دەیانناسی، چ کەسێ ڕێی لێ نەدەگرت...





ماری ئەنتوانێت چەند جارێ ئەو مناڵەی لە مەکتەبەکەی خۆیدا بینیبوو بێ ئەوەی هیچ بایەخێکی بداتێ، بەڵام ئەو مناڵە گەورە بوو جوان بوو، ڕۆژێ ماری ئەنتوانێت، لەبەردەم مەکتەبەکەی خۆی تێدەپەڕی، چاوی بەگەنجێ کەوت کە دەیویست بەرەو یەکێ لە ژوورەکان بڕوات...

مەلیکەی فەرەنسا، سەد جار زیاتر ئەو کوڕەی بینیبوو، بەبێ ئەوەی حەزی کردبێ سەیری بکات، بەڵام ئەو ڕۆژە کە چاوی پێکەوت، گەنج و جوان بووە، بەدیقەتەوە سەرنجی «سن ژوست»ی دەدا...

ئەو گەنجە، شەپقەی لەسەر نەبوو، سەری دانەواند و ماری ئەنتوانێت بەبزەوە لێی پرسی: زۆر جار لێرەدا تۆ دەبینم، تۆ کێیت؟

«سن ژوست» خۆی ناساند و گوتی ماوەیێکە مامی شەرەفی ئەوەی هەیە لە مەکتەبەکەی مەلیکەدا خزمەت دەکات.

ماری ئەنتوانێت گوتی: خۆتان خەریکی چ کارێکن؟

«سن ژوست» ئەوەی باس کرد کە هێشتا قوتابییە و بەشی حقوقی تەواو نەکردووە، مامیشی دەیەوێ پاش تەواوکردنی خوێندن بچیتە پەرلەمان و لە «عەدلیە» دا کار بکات.

مەلیکە گوتی: لە پەرلەماندا کەسانێ هەن حقوقیان تەواو نەکردووە.

«سن ژوست» گوتی: بەڵێ، خاوەن شکۆ، ئەوانە ناتوانن ببن بە موحامی یا ڕاوێژکاری پەرلەمان، چونکە هەرکەسێ بیەوێ ببێتە موحامی، یا ڕاوێژکاری پەرلەمان دەبێ زانستی حقوق تەواوکات...

مەلیکە گوتی: ئێوە دەتانەوێ ببن بە موحامی لە پەرلەمان یا ڕاوێژکاری پەرلەمان؟

کوڕە گەنجەکە گوتی: خاوەن شکۆ، مامم لەو باوەڕەدایە، موحامی باشترە لە ڕاوێژکار.

مەلیکە گوتی: چۆن؟

«سن ژوست» گوتی: خاوەن شکۆ، لەبەر ئەوەی پاشای فەرەنسا هەر کاتێ ئارەزوو بکات دەتوانێ ڕاوێژکاری پەرلەمان بگۆڕێ، بەڵام ناتوانێ موحامی پەرلەمان بگۆڕێ و لەسەر کار لایدات.

ماری ئەنتوانێت، لەسەر ئەو پێپیلکەیەدا وەستابوو کە لەبەردەم مەکتەبەکەیدابوو و لەگەڵ «سن ژوست»دا قسەی دەکرد، بۆی دەرکەوت، هەموو کارمەندەکانی مەکتەبە تایبەتییەکەی، لەژوورەکەداله پشتی مێزەکانیان هەڵساون بە سەرسامییەوە سەیری دەکەن، چونکە هەموو دەیانزانی، مەلیکەی فەرەنسا، هەرکە لە قەسری ڤەرسایدا ڕووبەڕووی شازادە و ئەفسەرە پلە بەرزەکان بووایەتەوە، تەنها بەئیشارەتی سەر موجامەلەی دەکردن و دەڕۆیشت، ئەگەر پلەوپایەی ئەو کەسە بڵندبا، تەنها زەردەخەنەیێکی بۆ دەکرد، بەڵام ئەو ڕۆژە مەلیکەی فەرەنسا بە دوورودرێژی لەگەڵ «سن ژوست» قسەی کرد...

ماری ئەنتوانێت هەستی بەسەرسامی کارمەندانی مەکتەبە تایبەتییەکەی خۆی کرد قسەکانی خۆی بڕی و کەوتەڕێ. کوڕە گەنجەکەیش دەیویست بچێتە لای مامی، بەپێپیلکەکاندا سەرکەوت و چووە ژوورەکەی مامی...

چەند کەسێکی کارمەندی مەکتەبە تایبەتییەکە، کە دۆستی مامی «سن ژوست» بوون، لە دەوریا کۆبوونەوە تا بزانن مەلیکە چی بەم گەنجە گوتووە.

«سن ژوست» ئەوەی کە گوتبووی، بۆیانی گێڕایەوە، مامی سەرزەنشتی کرد و گوتی: نەدەبوو بڵێیت پاشای فەرەنسا، دەتوانێ ڕاوێژکارەکانی پەرلەمان بگۆڕێ، بەڵام ناتوانێ موحامی دیفاعی مەحاکم بگۆڕێ...

یەکێ لە دۆستەکانی مامی «سن ژوست» گوتی: ئەم ڕووداوە کارێکی خێری بەدواوەیە، تەسەوری ئەوە دەکەم بۆ «سن ژوست» سوودبەخش بێت... چونکە مەلیکە تا ئێستا بایەخی بە هیچ کەسێ نەداوە...

«سن ژوست» خەریکی خوێندن بوو، پاش دوو هەفتەی دی، بۆ دیدەنی مامی «لەسەر داخوازی مامی، کە گوتبووی، دەبێ بەزووترین کات بێتەلای، چونکە مەلیکە کەسێکی ناردبووە لای مامی و گوتبووی، کارێکی بۆ برازاکەی داوەتە بەر سەرنج».

پاش ئەو دوو هەفتەیە، ماری ئەنتوانێت، شەو و ڕۆژ، بەژن و باڵای جۆراوجۆری دەبینی، کەچی «سن ژوست–ی» لە بیر نەکردبوو... ئەم مەوزووعە لە ڕووی سایکولۆژییەوە پێی دەگوترێ «فکری ثابت» یا «تەخەیولی ثابت» کاتێ ژنێ یا پیاوێ بەژنی کەسێ ببینێ کە خۆشیدەوێ، ئەو بەژنە فەرامۆش ناکات، ئەگەرچی بەژنی





جواروجۆر لە دەوروبەری خۆیدا ببینێ، ئەو بەژنە ناسڕدرێتەوە. «سن ژوست» بەپەلە، خۆی گەیاندە قەسری ڤەرسای و چووە لای مامی. مامی پێی گوت: مەلیکە نیازی وایە کارێکتان بداتێ... «سن ژوست» گوتی: ئایە خودی مەلیکە ئەمەی باس کردووە؟

مامی گوتی: بەڵێ، ئێستا ئاگاداری دەکەمەوە کە تۆ هاتوویت، ڕەنگە بانگت کا و پێشوازیت بکات، بەڵام ئاگات لە زمانی خۆت بێت قسانێ نەکەیت، پەشیمانی لە دواوە بێت و ئەنجامەکەیشی خراپ بکەوێتەوە. من هەست دەکەم بەخت ڕووی تێ کردووین، چونکە بەدەگمەن ڕوودەدات، سەڵاتین بایەخ بە کەسێ بدەن و فکر لەدیدەنییان بکەن، بەڵکو خەڵکی هەمیشە ئارەزووی ئەوە دەکات سەڵاتینەکان ببینێ، لە هەزار کەسدا یەک کەس ئەو بەختەی نابێت پاشا ببینێت و شتێ بڵێت، سەرنجی پاشا ڕاکێشێت.

لە قەسری ڤەرسایدا، چاکترین کات بۆ ماری ئەنتوانێت، کە پێشوازی لە مەحاریمەکانی خۆی بکات، نیوەڕۆ بوو، چونکە پێش نیوەڕۆ، کاتەکانی تەرخان دەکرد بۆ تەشریفاتی دەربار دوو یا سێ سەعات پاش نیوەڕۆ، دەبا بۆ فراڤین بچێتە ژووری خۆراک خواردن، ئیدی فرسەتێکی ئەوتۆی دەست دەکەوت پێشوازی لە مەحاریمەکانی بکات...

مامی «سن ژوست» حەدەسی وابوو کە، مەلیکە برازاکەی بۆ کاری جددی ناوێت، بەڵام لەم ڕووەوە لەگەڵ برازاکەی خۆیدا قسەی نەکرد، چونکە تەربیەتی بنەماڵە و خۆ بەدوور گرتنی خۆڕسکی ڕێی نەدەدا ئەمە بە سن ژوست» بڵێت، کە دوور نییە ماری ئەنتوانێت بۆ مەوزووعێکی دی تۆی بانگ کردووە...

بۆیە ئەو گەنجە کە چووە ژوورەکەی ماری ئەنتوانێت و هیچی لە خەیاڵدا نەبوو، تەسەوری دەکرد، مەلیکە بۆ ئەوە بانگی کردووە، کارێکی بداتێ.

ئەگەر کەسێ لەو ڕۆژەدا بیتوانیبا ئایندە ببینێ، بهاتبایەتە، ئەو ژوورە، ئەو دووانەی بینیبا کە بەرانبەر بەیەکن گەلێ سەرسام دەبوو.

«سن ژوست» مناڵیی پێوە دیار بوو، وەک کەسێکی کامڵ نەدەکەوتە ڕوو، بەرانبەر بە ماری ئەنتوانێت سەری دانەواندبووەوە، پاش ئەوەی سەری خۆی بەرز کردەوە سەیری کرد، شازادە خانمە پلە بەرزە نەمساوییەکە، بەزەردەخەنەوە سەیری دەکات،

کە سەری بەرزکردەوە، ماری ئەنتوانێت پێی گوت: سن ژوست، سەرێکی جوانت هەیە!

ئەم گوتەیە لە دەمی ژنێکەوە دەرچوو کە سەری بە گیوتین لە لەشی جیاکرایەوە، ئەم قسەیە بە کەسێ گوترا، ئەویش سەری بە «گیوتین» لە لەشی جیاکرایەوە، ئەمە جێی سەرسوڕمانە...

ئەگەر ماری ئەنتوانێت، ئەم قسەیەی پاش چەند دەقیقەیێک، لە نێوان قسەکانی دیدا کردبا، نەدەبووە شتێکی سەیر بەڵام لەبەر ئەوەی یەکەم جوملە بوو، لە دەمی مەلیکەوە بەو گەنجە گوترا، چارەنووسی ئەو گەنجە بەسترا بە دەمی ماری ئەنتوانێت...

«سن ژوست» ئەو جوملەیەی فەرامۆش نەکرد، ئەو ڕۆژەی سەریان لەژێر ساتووری «گیوتین»دا دانا بە جەللادی گوت: بە چاوی سووکەوە، سەیری ئەم سەرە مەکە ڕۆژێ، جوانترین ژنی دنیا باوەڕی وابوو ئەمە سەرێکی جوانە!

«سامسون»ی جەللادی فەرەنسی (کە بنەماڵەکەیان لە بابەوە بۆ کوڕ بۆ دوو سەدە جەللاد بوون) لە یاداشتەکانی خۆیدا باسی ئەم مەوزووعە دەکات و دەڵێت: نەمدەتوانی بۆ پاراستنی ئەو سەرە چ کارێک بکەم، چونکە سەرە بڕاوەکە و جەستەکە، بە ئامادە بوونی نوێنەری دادگا تەسلیم دەکراو دەیانبردن بۆ گۆڕستان و لە گۆڕیان دەنان. ئەمڕۆ چ کەسێ نازانێ ئەو سەرەی کە لەلایەن ماری ئەنتوانێتەوە پەسەند کرابوو، لە کوێدایە، هەروەها، دەربارەی سەری خودی ماری ئەنتوانێتیش، نازانرێت لە چ جێیەکدایە...

شازادە خانمی نەمساوی، پاش خێرهاتنی ئەو گەنجە گوتی: سن ژوست، بۆ نایێتە پێشێ؟

سن ژوست، چەند هەنگاوێ بەرەو پێش چوو، لە شازادە خانم نزیک بووەوە، ماری ئەنتوانێت دەستی خستە سەری ئەو گەنجە و نەوازشی مووەکانی کرد.

«سن ژوست» ئەوەندە سادە بوو، گوتی: کە دەستە پڕ موحیبەتەکانی ئێوە، بەر سەرم دەکەوێ، وەک ئەوە وایە دایکم زیندوو بووبێتەوە، دەستی موحیبەت بە ڕوخسارمدا بێنێت...





ماری ئەنتوانێت گوتی: دایکی تۆ مردووە؟

«سن ژوست» گوتی: بەڵێ، خاوەن شکۆ منداڵ بووم دایکم مرد...

«ماری ئەنتوانێت «گوتی: سن ژوست، تۆ کوڕێکی جوانی، بەڵام بە ئەندازەی جوانییەکەت زەوقت نییە!

«سن ژوست» گوتی: خاوەن شکۆ، بۆچی زەوقم نییە؟

ماری ئەنتوانێت گوتی: لەبەر ئەوەی نابێت بە من بڵێیت، دەستی من وەکو دەستی دایکت وایە بەڵکو دەبێ دەستی من بە شتێکی دی بچوێنیت، چاکتر وابوو بتگوتبا، دەستی من وەک دەستی خۆشەویستەکەت وایە...

ئەو گەنجە ویستی وەڵامی بداتەوە، بەڵام ڕاسپاردەکەی مامی وەبیرخۆی هێنایەوە و گوتی: ئیتاعەت دەکەم، لەمە بەدوا دەڵێم، دەستی ئێوە وەک دەستی مەعشووقەکەی من وایە...

ئەگەرچی ماری ئەنتوانێت، دڵنیابوو لە جوانییەکەی خۆی، دەیزانی هەموو پیاوێکی گەنج بە چاوی پەسەندەوە سەیری دەکات، هەندێ ترسی لە کاردانەوەی گەنجان هەبوو، نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بکات، گەنجێکی خاوی بێ تەجرەبە پاش ئەوەی نەوازش دەکرێ، چ جۆر ڕەفتارێ دەکات، بەڵام «سن ژوست» ئیتاعەتی دەکرد و دەیزانی ئەگەر ئیتاعەت نەکات، ڕەنگە مامی لە قەسری ڤەرسای دەرکەن.

پاش ئەو ڕۆژە، دوو جاری دی «سن ژوست» چووە لای ماری ئەنتوانێت، دوو شت بووە هۆی ئەوەی ئاشنایی ئەم گەنجە لەگەڵ مەلیکەدا درێژە نەکێشێ، یەکەمیان، سادەیی فەوقەلعادەی ئەو گەنجە بوو، ئەگەرچی ماری ئەنتوانێت ئەو گەنجانەی لا پەسەند بوو کە بێ تەجرەبەو کەم تەمەنن، بەڵام نەک وەک «سن ژوست» کە خەیاڵی منالانەی هەبوو، نەیدەتوانی لەگەڵ ژنێکی هۆشیار و جوانی وەک ماری ئەنتوانێت بە ئاسانی قسان بکات.

دووهەمیش ڕیشیلیۆ-ی کە بۆ لەندەن ناردبوو، گەڕابووەوە، گەڕانەوەی ئەویش یەکێ بوو لەو سونگانەی «سن ژوست» فەرامۆش بکرێت...

لەگەڵ ئەمەشدا، لەو ماوە کەمەی کە ئەو گەنجە لەگەڵ ماری ئەنتوانێت دابوو،

مامەکەی لە قەسری ڤەرسای تەرفیعی کرد و کارێکی باشتریان پێ سپارد...

«سن ژوست» ئەوەند منالٚ بوو، ماری ئەنتوانێت، لە ئەپارتمانەکەی خۆیدا پێشوازیی دەکرد، کەچی جورئەتی نەدەکرد لە ماڵەکەی خۆیدا پێشوازیی ڕیشیلیۆ بکات چونکە دەیزانی خەڵکی بەدگۆیی دەرحەق دەکەن، بەڵام دەرحەق بە «سن ژوست» بەدگۆیی ناکەن چونکە بە منالّی دەزانن.

خودی «سن ژوست» باسی کردووە، کە لە نێوانی خۆی و ماری ئەنتوانێت دا، هیچ شتێ ڕووی نەداوە، نەیشیویستووە، جگە لە خۆشەویستی دایکانە، بەهیچ جۆرێکی دی سەیری نەکات، ئەم قسەیە لە کاتێکدایە، کە ماری ئەنتوانێت، زوو لەو گەنجە تێر بوو، ئیدی پێشوازیی نەدەکرد، ڕەنگە قسەکانی «سن ژوست» ڕاست بن بەڵام هەر لەو ماوە کەمەدا «سن ژوست» یادەوەری چاکی دوای خۆی جێهێشت تەنانەت لە کاتی شۆڕشی فەرەنسادا، ئەو تۆمەتەی خرابووە پاڵی ئەوە بوو، لە ڕابوردوودا پەیوەندی عاشقانەی لەگەڵ ماری ئەنتوانێت هەبووە، ئەو کەسانەی ئەم تۆمەتەیان دەخستە پاڵی، سەیری تەمەنی ئەو دەمەیان نەدەکرد ئامادەیش نەبوون بڵێن ئەو گەنجە شانزە حەڤدە ساڵان بوو، نەیتوانیوە ببێتە عاشقی ماری ئەنتوانێت، مەگەر مەجبوور کرابێ...

ڕیشیلیۆ، پاش گەڕانەوەی لە لەندەن، بە شەوقەوە چووە لای ماری ئەنتوانێت، چونکە ماری خۆشدەویست و عاشقی ببوو، کەچی «سن ژوست» هیچ هەستێکی عاشقانەی بەرانبەر بە مەلیکەی فەرەنسا نەبوو.

ڕیشیلیۆ، سێ ساڵ لە «سن ژوست» گەورەتر بوو، لە ڕووی بنەماڵەیشەوە گەلێ لە سن ژوست لە پێشتر بوو، بەچاکی لە عەشقی ژنێکی وەک ماری ئەنتوانێت تێدەگەیشت...

ڕیشیلیۆ عاشقی مەلیکەی فەرەنسا بوو، هەرگیز بەو عەشقەوە خۆی بانەدەدا لە سەردەمی ژیانی ماری ئەنتوانێت دا، چ کەسێ لە دەمی نەبیستبوو کە پەیوەندیێکی عاشقانەی لەگەڵ مەلیکەدا هەیە...

ئەگەرچی ماری ئەنتوانێت، ئەو ئازادییەی نەبوو، بتوانێ بە ئارەزووی خۆی ڕیشیلیۆ ببینێت، سوودی لە هەر فرسەتێ وەردەگرت، کاتێ کە نەیدەتوانی لە





«تریانون-ی» بچووکدا، بیبینێ، لە ڕێی شازادە خانم لانبال-ەوە دیدارەکەی فەراهەم دەکرد...

گوتمان ڕیشیلیۆ، دوا عاشقی ماری ئەنتوانێت بوو، مەبەست ئەوەیە بڵێین، ماری ئەنتوانێت، پاش ئەو گەنجە چ عاشقێکی دیی هەڵنەبژاردووە...

ئیحتماله پاش ڕیشیلیۆ، گەنجانی دی ئاشنای ماری ئەنتوانێت ببوون جگە لە «سن ژوست» گەنجێکی دی بە ناوی «دو دڤال» ئاشنایی ببوو، بەڵام گەنجەکانی دی بەبێ ناو ناونیشانن، لە مێژوویشدا ناوەکانیان تۆمار نەکراوە ڕیشیلیۆ تێگەیشتبوو، ڕەنگە ماری ئەنتوانێت پەیوەندی لەگەڵ گەنجانی دیدا هەبێ، بەڵام هەرگیز غیرەی لێ نەدەکرد، ئەڵبەتە لەم ڕاز و تەحەموله، سوودی وەردەگرت، جگە لەوەی لەو دەمەدا پلەوپایەی بەرز بووەوە، گەیشتە مەقامی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، لە ڕووی ماددیشەوە گەلێ سوودی لە مەلیکەی فەرەنسا وەرگرت.

کاتێ ڕیشیلیۆ، فەرمانبەر بوو لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، سامانی نەبوو بەڵام بەر لە شۆڕشی فەرەنسا، توانی هەموو قەرزەکانی بنەماڵەکەی بداتەوە، ملیۆنێ لیرەی نەقدی فەرەنسییش پاشەکەوت بکات، ئەو پارەیە بۆ ئەو سەردەمە پارەیێکی گەلێ زۆر بوو.

کاتێ ماری ئەنتوانێت ئیعدام کرا، ڕیشیلیۆ وەک زۆربەی ئەسیلزادەکانی فەرەنسا لە دەرێی وڵات بوو، چونکە هەرکە شۆڕش دەستی پێکرد، هەموو ئەشراف و ئەسیلزادەکان ئەو وڵاتەیان جێهێشت، کاتێ هەواڵی ئیعدامی مەلیکەی فەرەنسایان گەیاندە ڕیشیلیۆ (کە ئەو دەمە تەمەنی بیست و حەوت ساڵ بوو) گریا، بۆ ماوەی مانگێک هەموو ڕۆژێ دەچووە کلێسا پارەی دەدایە کەشیشی کلێساکە، بۆ ئاسوودەیی ڕوحی ماری ئەنتوانێت نوێژی مردووان بخوێنێت...

«سن ژوست» کە لەبەر چاوی ماری ئەنتوانێت کەوت، بەردەوامی بەخوێندندا لەتەمەنی بیست ساڵیدا عاشقی کچێ بوو بەناوی «لوسی» و زەواجی لەگەڵدا کرد... لوسی تا دوا ڕۆژی ژیانی بەرانبەر بەمێردەکەی وەفاداربوو، کاتێ زانیی، حوکمی ئیعدام بەسەر مێردەکەی دراوە و بڕیاریش وایە بە گیوتین، سەری لە لەشی جیاکەنەوە، هەندێ لەو ژنانەی کۆکردەوە کە مێرد یا، برایان لە زیندان بوون، هانی

دان هێرش بکەنە سەر زیندان، ئەوانە بەتفەنگ و شمشیر، هێرشیان بردە سەر زیندان، بەڵام حەرەسەکانی زیندان گەلێ زیادبوون، نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنن، لوسی لەو جەنگەدا بریندابوو، پاش چەند هەفتەیێک مرد...

دەبێ لوسی حیسابی ئەو ژنە بێ هاوتا و عاشقە بەوەفایانەی مێژووی بۆ بکرێ... یەکێ لە کەرەسەی کەیفخۆشییەکانی ماری ئەنتوانێت، ئەوە بوو لەگەڵ خانمە نەدیمەکانی خۆیدا، زیاتریش لەگەڵ شازادە خانم لانبال سواری گالیسکەی یەک ئەسپی بێت، خۆیشی گالیسکەکە باژوێت... ماری ئەنتوانێت لە نەمسا فێری ئەم ڕابواردنە بوو، پاش ئەوەی کە هاتە فەرەنسا، هەر کاتێ حاڵ و حەوسەڵەی لە سەرخۆ بوایێت، خۆی مژولی ئەم سەرگەرمییە دەکرد.

هاژوتنی گالیسکەی یەک ئەسپی، لەلایەن خانمەکانی ئەو سەردەمە، تایبەت نەبوو بە تاقە کەسێ. هەندێ لە خانمەکانی ئەشرافی فەرەنسا گالیسکەی یەک ئەسپییان داژووت، ئەو موسافیرانەی لە پاریسەوە بۆ ڤەرسای دەچوون، یا لە ڤەرسایەوە بەرەو پاریس دەگەڕانەوە لە هەندێ ڕۆژدا دەیانتوانی، دەیان گالیسکەی یەک ئەسپی ببینن، کە خانمەکان لێیاندەخوڕین...

کاتێ ماری ئەنتوانێت، لەگەڵ یەکێ لە خانمە نەدیمەکانیا، سواری گالیسکەی یەک ئەسپی دەبوو و خۆی گالیسکەکەی لێدەخوڕی، لە ڤەرسایەوە خۆی دەگەیاندە پاریس، بەهیچ جۆرێ وەزعی ژیانی دانیشتوانی پاریس سەرنجی ڕانەدەکێشا، چونکە ئەو خانمە، هەموو کەس و هەموو شتێکی لە ئاسمانی قودرەت و سامان و ئەسڵیزادەیی دەبینی، چونکە خۆی هەموو ئەوانەی هەبوو، دیمەنە بەدبەختییەکانی خەڵکیی نەدەبینی، هەموو شتێ بەیەک ڕیتمەوە دەکەوتە بەرچاوی... هەڵوێک کە بە ئاسماندا تێدەپەڕێ، ئەگەر چی هەزار پێ لە زەمینەوە دوورە، نێچیری خۆی لە سەحرادا دەبینێ، لەگەڵ دارو بەردا، لێی تێکناچێ... ماری ئەنتوانێتیش کە گالیسکەی یەک ئەسپی دەڕاند، لەگەڵ ئەوەی بایەخی بەهەموو شتێ نەدەدا، کەچی هەر کە ژن یا پیاوێکی گەنج و جوانی دیبا یەکسەر سەیری دەکردن، تەنانەت دەیتوانی لە نێو قەرەباڵغی شەقەمەکانی پاریسدا، سەیری ئەو جۆرە دیمەنە بکات.

ڕۆژێ لانبال لە نێو گالیسکەیێکی یەک ئەسپیدا لە تەنیشتی ماری ئەنتوانێت





دانیشتبوو، ماری پۆشاکێکی سادەی پۆشیبوو، تۆڕێکی لە ڕوخسار نابوو، گالیسکەی لێ دەخوڕی، گەنجێکی بینی لە کەناری شەقامەکەدا وەستابوو...

کاتێ ماری ئەنتوانێت، بە تەنیشتی ئەم پیاوەدا تیپەڕی، حەرەکەی ئەسپەکانی کەم کردەوە، چووە شەقامێکی فەرعییەوە، بەدەوری چەند بینایەیەکدا سووڕایەوە، پاشان گەڕایەوە تابتوانێ جارێکی دی ئەو گەنجە ببینێ، ئەگەر هێشتا لە کەناری شەقامەکەدا وەستا بێ...

ماری ئەنتوانێت بەئاسپایی بەتەنیشتی ئەو گەنجەدا تێپەڕی، بەدیقەتەوە سەیری دەکرد... ئەو پیاوە کە هەستی کرد، ژنێک بەدیقەتەوە سەیری دەکات سەرنجی چەقاندە سەر ماری ئەنتوانێت، لەبەر ئەوەی ماری ئەنتوانێت تۆڕی نابووە قەد ڕوخساری خۆیەوە، بە جوانی نەیبینی... کەچی ماری ئەنتوانێت بە جوانی ئەو گەنجەی بینی و بەلانبال-ی گوت: بینیت ئەو گەنجە چەند جوانە؟

لانبال، قسەکەی سەلماند و گوتی: دەبێ ئەسڵیزادە بێت.

ماری ئەنتوانێت گوتی: منیش هەست دەکەم... ڕەنگە ئەسڵیزادە بێت...

چونکە خەڵکە عەوامەکە، ناتوانن ئاوها بووەستن، وک وەستابوو سەرو گەردنی بەرز ڕاگرتبوو.

جارێکی دی ماری ئەنتوانێت بەدەوری بینایەکە سووڕایەوە، خۆی گەیاندە شوێنێ کە بتوانێ جارێکی دی بەرانبەر بەو گەنجە تێپەڕێ و بیبینێ... ئەمجارەیان لەسەرخۆ ڕۆیشتنی گالیسکەکەو سەرنجە درێژەکانی ماری ئەنتوانێت، بۆ ئەو گەنجەی سەلماند کە بووەتە جێی سەرنجی ڕانەندەی[1] گالیسکەکە.

سەرنجەکەی ماری ئەنتوانێت، ئەو گەنجەی دەعوەت دەکرد ئەم گالیسکەیە تاقیب بکات... ئەم گەنجە گالیسکەیێکی بەکرێ گرت، کەوتە دووی گالیسکە یەک ئەسپییەکەی ماری ئەنتوانێت... مەلیکەی فەرەنسا، بە ئاسپایی گالیسکەکەی لێدەخوڕی، دەیزانی حەرەکەی گالیسکە کرێکانی پاریس خاون ئەگەر بەتیژی بڕوات ئەو گالیسکە کرێیە ناتوانێ خۆی پێ بگەیێنێ...

ماری ئەنتوانێت، لە پاریس چووە دەرێ، ڕێی ڤەرسای گرتەبەر، لەو ئاوێنەیەی

(١) ڕانەندە: سائیق.

لەبەردەمی ڕانەندەدا دانرابوو، دیمەنەکـانی پشـتـەوە بە جـوانی دەبینران، لەو ئاوێنەیەدا ماری ئەنتوانێت سەیری کرد، ئەو گالیسکەیە تاقیبیان دەکات...

ناوەکەی ئەو گەنجە «دوڤال» بوو، لەئەسڵیزادەکان بوو، هەر لە سەرنجی یەکەمەوە ماری ئەنتوانێت بۆی دەرکەوت گەنجێکی جوانی سەرسوڕهێنەرە، لەو سەردەمەدا، باو وابوو کە پیاوان مووی سەریان درێژ بکەن، بە جۆرێ لە هەردوو لای ڕوخسارەوە مووەکان بکەونە سەر شان، هەندێ لە گەنجە ئەسیلزادەکان بۆ پەیڕەوکردنی مۆدێلی ڕۆژ، شمشێریان هەڵنەدەگرت، ئەو گەنجە مووەکانی خورمایی و درێژ بوون، شمشێری بەستبوو، هەربۆیە ماری ئەنتوانێت نەیتوانی، لە ڕووی پۆشاکەکەیەوە، ئەسیلزادەییەکەی دەستنیشان بکات.

مووە خورماییەکانی ئەو گەنجە، کەوتبوونە سەر شانەکانی، ڕوخساری سپی و چاو و ئەبرۆی ڕەشتر، تابلۆیێکی دڵخوازی جوانی پیاوانەی لە چاوی مەلیکەی فەرەنسادا دروست کردبوو.

«دۆڤال» نموونەی گەنجی و جوانی دڵپەسەندی ماری ئەنتوانێت بوو، ئەو دەمە تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو.

گوتمان، خانم لانبال، لەسەرە ڕێی پاریس و ڤەرسایدا خانووێکی هەبوو، ماری ئەنتوانێت سوودی لەو خانووە وەردەگرت، دۆستەکانی خۆی تیا دەبینی. ئەو خانووە دوو نهۆم بوو، لە هەمان کاتیشدا دوو بەش بوو، خانم لانبال بەشی لای ڕاستی خانووەکەی دابووە کرێ...

لەبەردەم ئەو ماڵەدا مەیدانێکی چکۆڵە هەبوو، گالیسکەکان کە دەچوونە ئەو مەیدانەوە، لە ڕێڕەوی جادەکە دەردەچوون.

ماری ئەنتوانێت، لەو ڕۆژەدا دەیویست، خۆی بگەیێنێتە ماڵەکەی لانبال، لەگەڵ «دوڤالدا» کە هێشتا ناوەکەی نەدەزانی، ژوانێ دوروست کات بەڵام خانم لانبال مەترسی ئەم کارەی گوتە ماری ئەنتوانێت و گوتی: ئێستا ڕۆژە و دنیا ڕۆشنە، ئەگەرچی گالیسکەکەی ئێمە هیچ نیشانەیەکی پێوە نییە خەڵکی بیناسێتەوە، بەڵام هەندێ لە دەربارەکان، بەم جادەیەدا، تێدەپەڕن، ڕەنگە گالیسکەکە بناسنەوە، ئەوانیش هەرکە گالیسکەکە ببینن، ئێوە دەناسنەوە، کە ببینن دێنە خانووەکەی من





کە ئەسڵەن هی خۆتانە، ڕیسواییێکی گەورە دروست دەبێ...

ئەگەرچی ماری ئەنتوانێت سەرکێش بوو، کە پاکانە عاقڵانەکەی لانبال-ی بیست، زانیی نابێ ئیحتیات لە دەست بدات و گوتی: دەزانم بە ڕۆژ چوونە ماڵەکەی ئێوە خەتەرناکە، بەڵام ئەوەش دەزانم ئەگەر کارێ نەکەین، ئەم گەنجە لە دەست دەدەین و جارێکی دی نایدۆزینەوە...

لانبال گوتی: خانم، هەرکە گەیشتینە یەکەم گالیسکەی کرێ، من داگرە، خۆتان بچن بۆ ڤەرسای، من ناو ناونیشانی ئەو گەنجەت بۆ کەشف دەکەم، بە جۆرێکیش کارەکان تەرتیب دەکەم کە بتوانن لە ئایندەدا ئەو گەنجە ببینن و...!

ماری ئەنتوانێت، بەرانبەر بە گالیسکەیێکی کرێ کە بە بەتاڵی لە ڤەرسای-ەوە دەگەڕایەوە، حەرەکەی ئەسپەکانی خاو کردەوە، لانبال بە ئیشارەت ڕانەندەی گالیسکە کرێکەی تێگەیاند بووەستێ...

هەردوو گالیسکەکە وەستان، لانبال هاتە خوارێ، ماری ئەنتوانێت بە پەلە دوورکەوتەوە، خانم لانبال-یش سواری گالیسکە کرێیەکە بوو...

کاتێ هەردوو گالیسکەکە وەستان، خانم لانبال بە دیقەتەوە، سەرنجی دەوروبەری دا، هیچ شتێکی نەبینی مایەی گومان بێت...

گالیسکەکەی ماری ئەنتوانێت، هەندێ پێشی گالیسکە کرێیەکەی «دوڤال» کەوتبوو، هەربۆیە خانم لانبال، پاش ئەوەی سواری گالیسکە کرێیەکە بوو، هەندێ چاوەڕێی کرد، تا گالیسکەکەی پاشی یانی گالیسکەکەی ئەو گەنجەی پێدەگات، هەر کە گالیسکەکە گەیشت، خانم لانبال بە ڕانەندەی گالیسکەکەی دۆڤالی گوت بووەستێ... گالیسکە چییە فەرەنسییەکان لەم جۆرە ئیشاراتانە سەرسام نە دەبوون تەنانەت پێشیان ناخۆش نەدەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە خۆشحاڵ دەبوون، چونکە دەیانزانی بەخشیش وەردەگرن.

«دوڤال» لە گالیسکەکە دابەزی بەخشیشی دایە گالیسکەچییەکە، بەرەو گالیسکە کرێکەی خانم لانبال هات و سواربوو، خانم لانبال کە لە نزیکەوە ئەو گەنجەی بینی، بۆی دەرکەوت جوانترە لەوەی کە کەوتبووە ڕوو، پێی گوت: ڕەفتارم لەگەڵ تۆدا، بە جۆرێکە حەقت دەدەمێ بەژنێکی بازاڕیم تێبگەی، کەچی ئاوهایش نیم!

«دوڤال» گوتی: خانم من ئەم تەسەورە دەرحەق بە ئێوە دروست ناکەم ئەوەندەیش شعورم هەیە، بزانم، ژنێکی وەکو ئێوە نابێتە بازاڕی...

لانبال، لە جۆری قسەکردنی ئەو گەنجە، گومانی نەما کە ئەسیلزادەیە، خۆشحاڵیش بوو کە دوڤال لە جێی ماری ئەنتوانێتی داناوە، وای زانیوە، ئەو ژنەی ئەمی دەوێ، ئەمەیە، ئەوجا لێی پرسی: جەناب دەتوانم ناو ناونیشانت بزانم؟

ئەگەر «دوڤال» گەنجێکی بێ درایەت با، بە باشی نەدەزانی خۆی بناسێنێ، دەیگوت، خانم ئێوە ناو ناونیشانی من دەپرسن، دەبێ سەرەتا ئێوە خۆتان بناسێنن، بەڵام ئەو گەنجە ئەم قسەیەی نەکرد و بە ئەدەبەوە خۆی پێناساند و ناونیشانی ماڵەکەیشی پێگوت.

خانم لانبال لی پرسی، ئایە خەڵکی پاریسە یا خەڵکی ولایەتەکانە، چونکە لە لەهجەکەیەوە دەردەکەوت کە خەڵکی ولایەتەکانە.

«دوڤال» لە وەڵامدا گوتی، خەڵکی «برتانی»یە بۆ کارێک کە پەیوەستە بە میراتی مامی هاتووەتە پاریس، مانەوەی لە پاریسدا لەوە زیاتر بووە کە پێشبینی دەکرد، سەرۆکی مەکتەبی بەڵگە ڕەسمییەکان، کە وەسیەتنامەی مامەکەی لەلای ئەو دایە، مانەوەی لە پاریسدا بە زەروری زانیوە...

خانم لانبال بۆ ئەم وەڵامە خۆشحاڵ بوو، چونکە دەیزانی ئەگەر لە کارەکەی ئەم گەنجەدا ئیشکالێک هەبوو، ئەوا پەنجە گرێ کوێرەکەرەوەکانی ماری ئەنتوانێت، ئەو ئیشکالە لادەدات ئەم مەوزووعەیش چاکترین ڕێیە بۆ دۆستایەتی مەلیکە لەگەڵ ئەو گەنجەدا بۆیە گوتی: جەنابی «دوڤال» ئەگەر لە مەسەلەی میراتییەکەی مامتدا ئیشکالێک هەیە، ئەوا من دەتوانم لە ڕێی کۆمەکی یەکێ لە دۆستە دەسەڵاتدارەکانی خۆمەوە، ئەو ئیشکالەت بۆ چارەسەر بکەم، ئایە دەتوانی ئەوە بزانیت کە ئەمڕۆ بۆچی ئیشارەتم بۆ کردی لە گالیسکەکەتان بێنە خوارێ و سواری گالیسکەکەی من ببن؟

دوڤال گوتی: نەء... خانم!

لانبال گوتی: خانمێکی دۆستی من حەز دەکات چاوی پێتان بکەوێ...

دوڤال گوتی: هەمان ئەو خانمە نییە کە گالیسکەکەی لێ دەخوڕی؟





لانبال گوتی: ئافەرین بۆ هۆشیاریت، ئایە مەیل دەکەی لە گەڵ ئەو خانمەدا ببن بە ئاشنا؟

«دوڤال» گوتی: لەبەر ئەوەی ئەو خانمە تۆڕی بەڕوخسارەوە بوو، بە جوانی نەمبینی، بەڵام هەست دەکەم خانمێکی بەرجەستەیە...

لەم کاتەدا گالیسکە کرێیەکە گەیشتە شوێنێ، خانووەکەی خانم لانبال دەرکەوت، بە گەنجەکەی گوت: سبەی سەعات یانزەی شەو لەژێرئەو درەختە، هەڵبەتە، بە تەنها چاوەڕێی من بە، ئەم خانووە، چاک بدە بەر زەین و لە بیری نەکەیت سبەی شەو، لەگەڵ ئەو خانمەی حەز بەدیدەنیتان دەکات، پێتانی دەناسێنم.

گەنجەکە، هەندێ دوودڵ بوو لە وەڵامدانەوە، پاشان گوتی: لە سەعات یانزەی شەودا ئەم جادەیە ترسی تیا هەیە یا نەء؟

لانبال گوتی: ئەگەر ئەم جادەیە ئاسایی نەبا، پێم نە دەگوتی سەعات یانزەی شەو، لەژێر درەختەکاندا چاوەڕێی من بیت...

ئومێدەوارم ڕاسپاردەکەم لە بیر نەکەیت.

وەعدی لەو گەنجە وەرگرت لە کات و شوێنی دیاریکراودا بیبینێ، هەندێ ڕۆیشتن، پاشان بە دوڤال-ی گوت دابەزێت و بە گالیسکەیێکی دی بگەڕێتەوە بۆ شار، خۆیشی ڕێی ڤەرسای-ی گرتەبەر...

ئەلکساندەر دۆما-ی نووسەری ناسراوی فەرەنسی، باسی دوڤال و ماری ئەنتوانێت، هەروەها باسی عەشقی ژنێ دەکات بە ناوی «ڕاشل» کە چۆن حەزی لە دوڤال کردووە، ئەمانەی نووسیوە...

ئەو کەسانەی ڕۆمانەکانی ئەلکساندەر دۆمایان دەربارەی ماری ئەنتوانێت خوێندووەتەوە، دەزانن کە لە هەموو ئەو ڕۆمانانەدا، نووسەرەکە ویستوویەتی پەرێزی ماری ئەنتوانێت پاک کاتەوە. ئەو ژنە لە ڕۆمانەکانیدا ژنێکی داوێن پاکە، لە هەموو جۆرە عەیبێک بێبەرییە، ئەگەرچی بەشێ لە مێژووی فەرەنسا لە کتێبەکانی ئەلکساندەر دۆمادا لنگەو قووچ کراوە، کەچی جوانی کتێبەکانی بەتایبەت ئەو کتێبانەی پەیوەستن بە «دوڤال» و ماری ئەنتوانێت و ڕاشل قابیل بەئینکار نین.

ئەلکساندەر دۆما، لە نووسینەکەیدا کە دەربارەی خانووە دوو نهۆمەکەی خانم لانبال کە لەسەرە ڕێی پاریس و ڤەرسایە، گەلێکی نووسیوە و دەڵێ: یەکێ لە هەڵەکانی ئەو ژنە ئەوە بوو، لای ڕاستی خانووەکەی دابووە کرێ، پێشی وابووە کە پاش ئەوەی لای ڕاستی خانووەکەی داوەتە کرێ، دەتوانێ وەک دەیەوێ سوود لەلای چەپی خانووەکە وەرگرێ، لەوەیش غافڵ بوو کە کەسێ لە ڤەرسایی و پاریسدا هاوسێی هەبێت، نابێتە خاوەنی ژیانی تایبەتی خۆی، مەحاڵیشە هاوسێیەک لەمەڕ هاوسێکەی دییەوە هەوڵ نەدات بزانێت چ کەسانێک ئاشنایەتی و چ کەسانێکیش هاتوچووی ماڵەکەی دەکەن و بۆ چیش دەچنە ئەو ماڵە؟

هاوسێکەی خانم لانبال، لەو ماڵەدا ژنێ بوو بە ناوی «ڕاشل» وەکو هەموو هاوسێ فەرەنسییەکان حەزی دەکرد نهێنیی هاوسێکانی بزانێت، سەیری کرد ژیانەکەی خانمی خاوەن خانووەکە، ژیانێکی ئاسایی و ڕێکوپێک نییە، خانم لانبال، نە دەهاتە ئەو ماڵە، مەگەر هەندێ شەو نەبێت، ئەویش لەگەڵ خانمێکی لە خۆی گەنجتر... لەپێشدا خاوەن ماڵەکە دەهات پاشانیش ژنە گەنجەکە، بەڵام بەر لەوەی ژنی دووهەم بێت، گەنجێکی قۆز دەهاتە ئەو ماڵە.

«ڕاشیل» ژنێکی تەمەن بیست و چوار ساڵەی خوێن گەرم بوو، بەڕەبەنی لەگەڵ مامەکەیدا دەژیا...

ئەم ژنە گەنجە، دوو مامی هەبوو، یەکێکیان لەم ماڵەدا لەگەڵیا دەژیا، ئەوی دییان لە قەڵای باستیلدا حەپس بوو، مامی ڕاشیل زۆری هەوڵ دا براکەی لە قەڵای باستیل دەرهێنێتە دەرێ بەڵام سەرنەکەوت... پێیان گوتبوو، وەزیرێ دەتوانێ بەنووکە قەڵەمێ، کەسێ بنێرێ بۆ باستیل و حەپسی کات، بەڵام بۆ ئازاد کردنی لە قەڵای باستیل پێویستی بە حوکمی پاشای فەرەنسا هەیە...

ئەو شەوەی کە دەبا «دوڤال» بهاتبا بۆ ماڵەکەی «لانبال»... «راشیل» چ کارێکی نە بوو، سەیری کرد خاوەن ماڵەکە، چووە دەرێ، لەگەڵ کوڕێکی گەنجدا گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی... ڕاشیل» بینیی، لانبال لە ژێر درەختەکاندا ئەو گەنجەی بینی و بەرەو ماڵەکەی ڕانمایی کرد.

زۆری نەبرد، گالیسکەیێکی یەک ئەسپی، گەیشتە بەردەم ماڵەکە و ژنێکی لێ





دابەزی. خانمی خاوەن ماڵەکە چووە دەرێ و پێشوازی ئەو ژنەی کردو بردییە ژوورێ... ڕاشیل، سەیری کرد دوو ژن لە نێو گالیسکە یەک ئەسپییەکەدا بوون یەکێکیان دابەزی و ئەوی دییان لە نێو گالیسکەکەدا مایەوە، چاوەڕێی گەڕانەوەی خانمەکەی یەکەم بوو...

«ڕاشیل» زانیی، ئەو ژنەی لە گالیسکەکە دابەزی و چووە ماڵەکە، هەمان ئەو ژنەیە کە چەند جارێ هاتووەتە ئەم ماڵە...

مامی ڕاشیل-یش ڕەبەن بوو، هەندێ شەو نە دەگەڕایەوە بۆ ماڵێ و هەندێ شەو درەنگ دەگەڕایەوە... ئەو شەوەیش لەو شەوانە بوو، مامی ڕاشیل لە پاریسدا، دواکەوت و درەنگێ گەڕایەوە بۆ ماڵێ، ئەمەیش وای کرد ماوەیێکی باش بەدەستی ڕاشیل-ەوە بێ بۆ سەرنجدان و چاودێریکردنی ژنێ، چەند ساڵێ، لە خانمی خاوەن ماڵەکە بچووکتر بوو، لە ماڵەکە هاتە دەرێ و سواری گالیسکە یەک ئەسپییەکە بوو لە تەنیشتی ژنەکەی دیدا، دانیشت و کەوتنە ڕێ...

ڕاشیل، بەپێی تەجرەبەکانی پێشووی، زانیی، چەند ساتێکی دی گەنجێ لەو ماڵە دێتە دەرێ، بۆ زیاتر زانین ڕاشیل لە ماڵەکەی خۆی هاتە دەرێ و خۆی گەیاندە کەناری جادەکە بۆ ئەوەی جوانتر ئەو گەنجە ببینێ و بیناسێ...

«دوڤال» لە ماڵەکەی «لانبال» هاتە دەرێ و بەرەو جادەکە ڕۆیشت و لەوێدا ڕاشیل-ی بینی.

ڕاشیل سەرسام بوو کە دۆڤال-ی بەو گەنجی و جوانییە بینی، بە زەردەخەنەوە پێی گوت:

– جەناب- ئومێدەوارم خۆشت گوزەراندبێ!

«دوڤال» ئەو ژنەی نەدیبوو، نەیشیدە ناسی، گوتی: سوپاسی لوتفتان دەکەم...

«ڕاشیل» گوتی: بە ئومێدەوەم کە بتوانم جارێکی دی ئێوە لێرەدا ببینم.

ئەو گەنجە وای تەسەور دەکرد، ئەم ژنە، یەکێ لە دۆستەکانی خانم «لانبال-ە» یا کەسانێکە، لە هەمان ئەو خانووەدا نیشتەجێیە، گوتی: پاشی سێ شەوی دی، دێمەوە ئێرە.

ڕاشیل گوتی: ئێمەیش بۆ پێشوازی ئێوە ئامادەین.

پاشان، ئەو گەنجە سادە و بێ تەجرەبەیە، لە ڕاشیل دوورکەوتەوە.

ڕاشیل، لە ماڵەکەی خۆیدا، کەسی نەدەبینی، هەمیشە بە تەنها ژیانی بەسەر دەبرد بینینی ئەو گەنجە قۆزە، گەلێ تەئسیری لێ کرد، تا سێ شەوی دی کە دوڤال دەگەڕایەوە، بۆ ساتێکیش ئەو گەنجەی لەبەر چاو لانەدەچوو، هەمیشە ڕوخسار و قەد و باڵای ئەو گەنجەی لا بەرجەستە بوو، پاش سێ شەوی دی لە کاتی دیاریکراودا ئەو گەنجە هات و لە ژێر دارەکاندا وەستا.

خانم لانبال، وەک جاری پێشوو، لە ماڵ هاتەدەرێ و ئەو گەنجەی لەگەڵ خۆدا بردە ژوورێ و دەرگای بەست...

«ڕاشیل» شنلێکی درێژی ڕەشی لە خۆ پێچابوو لە ماڵەکەی هاتە دەرێ...

ئەو شەوە ڕاشیل بڕیاری دابوو، بە هەر جۆرێ بووە، ئەو ژنەی لە گالیسکە یەک ئەسپییەکە دێتە خوارێ لە نزیکەوە ببینێ و بیناسێ لە گۆشەیێکی بینایەکەدا خۆی شاردەوە... گالیسکە یەک ئەسپییەکە، گەیشت و وەستا، ژنە ڕانەندەکە هاتە خوارێ، ئەو ژنەی لە نێو گالیسکەکەدا مابووەوە گوتی: خاوەن شکۆ وریابە!

ڕاشیل، بە ژنەوتنی ئەم قسەیە، خەریک بوو، بقیژێنێ، چونکە بۆی دەرکەوت، ئەو ژنەی لە گالیسکەکە هاتە خوارێ ماری ئەنتوانێت-ە»

چونکە لە فەرەنسا دا تەنها بە ماری ئەنتوانێت دەگوترا «خاوەن شکۆ»

خانم لانبال، سەیری کرد، گالیسکەکە گەیشت لە ماڵەکەی هاتە دەرێ و ماری ئەنتوانێتی لەگەڵ خۆیدا بردە ژوورێ.

کاتێ ڕاشیل گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، تووشی غیرەیێکی ئەوتۆ هات نەیتوانی ئارام بگرێ، ئیرەیی سەراپای لەشی گرتەوە، ئینسان لە سەرنج و یەکەم دیدەنیدا غیرە ناکات، بەڵام ئەو ژنە لەو شەوەدا کە ماری ئەنتوانێتی ناسی، لەبەر ئیرەیی، بڕیاری دا «دوڤال-یش» بناسێت، بزانێت کێیە، وەکو ئەوە وابوو کە «دوڤال» خۆشەویستی خۆیەتی و ماری ئەنتوانێت داگیری کردووە، نەیدەتوانی تەحەمولی ئەوە بکات کە ئەو ژنە لە هەموو خۆشییەکانی ژیاندا بەرخوردارە و ئەو گەنجە





جوانەش بۆ خۆی ببات... ڕاشیل بە هەمان شنلی درێژەوە، لە ماڵ هاتە دەرێ، بۆ لای سەرووی جادەکە ڕۆیشت، لەوێدا گالیسکەیێکی کرێ بەو ناوەدا تێدەپەڕی، ڕایگرت و سوار بوو، بە ڕانەندەکەی گوت: لێرەدا ئەمشەو هەندێ ماتڵت دەکەم، بەڵام بەخششت دەدەمێ، دەبێ سەبرکەیت، تا پیاوێ سواری گالیسکە دەبێت و دەکەوێتەرێ. ئێوەیش تاقیبی ئەوم بۆ بکەن.

گوتمان ئەم جۆرە شتانە لە کارە ئاساییەکانی ڕانەندەی گالیسکە کرێکانی پاریس و ڤەرسای بوو، بەبێ ئەوە ڕانەندەکە نارەحەت بێ، گالیسکەکە خۆی لە کەناری جادە و دوور لە ماڵەکەی لانبال و لە ژێر درەختەکاندا ڕاگرت.

ڕاشیل لەوێدا چاوەڕێی کرد، تا ماری ئەنتوانێت هاتەدەرێ و سواری گالیسکە یەک ئەسپییەکە بوو ڕێی ڤەرسای گرتە بەر، یانی بە تەنیشتی گالیسکەکەی ڕاشیلدا تێپەڕی، بەبێ ئەوەی هەست بەو گالیسکەیە بکات، چونکە ڕاشیل لە تاریکیدابوو.

پاش ئەوەی «دوڤال» لە ماڵەکەی لانبال، هاتەدەرێ، هاتە کەناری جادەکە، چاوەڕێی کرد، تا گالیسکەیێکی کرێ گەیشت، پاش ئەوەی سواری ئەو گالیسکە کرێیە بوو گالیسکەکەی ڕاشیل کەوتە تاقیبکردنی گالیسکەکەی دوڤال گەیشتنە پاریس لە شەقامەکانی پاریسدا ڕاشیل تاقیبی ئەو گالیسکەیەی دەکرد.

کاتێ دوڤال، بەرانبەر خانوویێک لە گالیسکەکە دابەزی، ڕاشیل نیشانەکانی ئەو خانووەی سپاردە زەینی خۆی تا فەرامۆشی نەکات... بەڕانەندەی گالیسکە کرێکەی گوت: ڕێی ڤەرسای بگرێتەبەر.

جادەی پاریس تا ڤەرسای، ئەمڕۆ بە ئوتۆمبیل دەیبڕن، ڕێیەکی کورت نییە ئەو دەمە، هەر بە گالیسکە و ئەسپ ئەو ڕێیەیان دەبڕی و بە ڕێیەکی دوور و درێژ دەکەوتە بەر چاو، کاتێ ڕاشیل گەیشتە ماڵەکەی خۆی سپیدەی دابوو ئەو ژنە لەبەر ئیرەییەکەی، خەمی شەونخوونییەکەی نەبوو، پاش چەند سەعاتێ خەوتن، ڕێی پاریسی گرتەوە بەر تا لە ڕۆژدا ئەو خانووە ببینێ...

ئەو خانووە عیمارەیێکی کرێ بوو، وەکو هەموو عیمارە کرێکانی پاریس دەرگاوانی هەبوو، زیاتر ژنان، وەکو ئەمڕۆ، لە عیمارە کرێکاندا دەبوونە دەرگاوان...

ڕاشیل چووە لای ژنە دەرگاوانەکە و پێی گوت: من برایەکی گەنجی نۆزدە بیست

ساڵەم هەیە، مووەکانی خورمایی و چاو و برۆی ڕەشە، پێیان گوتووم لەم عیمارەیە نیشتەجێ بووە.

ژنە دەرگاوانەکە گوتی: ئا... ئێوە خوشکی دوڤال-ن؟

ڕاشیل ناوی ئەو گەنجەی نەدەزانی، بەڵام هەستی کرد دەبێ دوڤال، ناوی هەمان ئەو گەنجە بێت، گوتی: بەڵێ...

ژنە دەرگاوانەکە گوتی: بەداخەوە، جەنابی دوڤال، لە ماڵێ چووەتە دەرێ بەڵام پاش شیڤ دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ژن و ماڵی نییە، هەموو ڕۆژێ خۆراکی خۆی لە دەرێ دەخوات، هەر کە گەڕایەوە، پێی دەڵێم، خوشکەکەت هاتبوو بتبینێ.

ڕاشیل گوتی: نەء... نەء... نەء... ئەم مەوزووعەی بۆ باس مەکەن، دەمەوێ دیدارەکەم ناگەهانی بێت، گەلێ کەیف خۆشتر دەبێ، منی زۆر خۆش دەوێ، بمبینێ گەلێ خۆشحاڵ دەبێت...

ڕاشیل بۆ ئەوەی ئەو ژنە بێ دەنگ بکات، هەندێ بەخشیشی دایێ، ئەو ژنەیش وەکو هەموو ژنە دەرگاوانەکانی پاریس، زۆرگۆ بوو، گوتی: چاکە... خانم ئەدی مەسئەلەی میراتەکەی مامتان چی لێ هات؟

ڕاشیل، دەیزانی مامی لە قەڵای باستیلە، وای زانی مامی لەوێدا مردووە، ویستی بپرسێت، ئایە مامم مردووە، کەچی جڵەوی زمانی خۆی گرت و ژنە دەرگاوانەکە گوتی: جەنابی دوڤال دەڵێ، هێشتا ماوە ئێوە بەمیراتەکەی مامی خۆتان بگەن.

ڕاشیل تێگەیشت مەبەستی ژنە دەرگاوانەکە، مامی دوڤالە، نەک مامی ئەم، گوتەی ئەو ژنەی سەلماند، جارێکی دی ڕایسپارد، بێدەنگ بێ و دوورکەوتەوە.

# ساڵۆنی خانم ڕۆلان ببووە جێی هونەرمەندان

راشـیل، زڕ خـوشـکێکی هەبوو، نـاوی خـانم (رۆڵان) بوو، پـاش ئەوەی راشـیل پەی بەکەسـایەتی مـاری ئەنتوانێت بـرد، زانـی کـە مـەلیکەی فەرەنسـایە هەروەهـا دوڤـالـ-یشـی ناسـی و زانیـی ئەو گـەنجـە لە مـاڵەکەی (لانبـال)دا لەگـەڵ مـەلیکەی فـەرەنسـادا یەکدی دەبینن، بڕیاری دا بەر لە هەر کـارێ (بۆ ڕزگـار کـردنی مـامـەکەی) لەگـەڵ زڕ خوشکەکەی خۆیدا قسان بکات.

لەو دەمـەدا خـانم (رۆڵان) ژنێکی تەمـەن سی و یەک سـاڵە بوو، لە ژنە جـوانەکـانی ئەو سـەردەمە بوو، سـاڵۆنێکی هەبوو پێشوازی لە خـەڵک دەکرد بەتایبەتی ئەدیبـان و شـاعـیران. ئەو ژنانەی دەیانـتوانی ببنە خـاوەنی سـاڵۆن و خـەرجی مـیوانەکـانی لە ئەسـتـۆ گـرێ، ئـەڵبـەتـە دەبا سـامـانـدار با، ژنی بـێ سـامـان نـەیدەتوانی ئـیـدارەی سـاڵۆنێک بدات.

خـانم (ئەسـتـال)یش یەکێ بوو لەو ژنانەی کـە ئێـمـە لەم یاداشـتـانەدا ئیشـارەتمان داوەتێ، وەک خانم (رۆڵان) ساڵۆن و نۆکەر و گالیسکەی هەبوو.

سـەیر لەوەدایە، هەندێ لە مـێـژوونووسـان کـە دەزانن خـانم ڕۆڵان بووە ژنێکی شۆڕشگێڕ و سەری خۆی لە ژێر گیوتیندا لە دەست دا، بەیەکێ لە خەڵکە عەوامەکەی دەزانن واشیـان تەسـەوڕ دەکرد کە ژنێکی بێ دەرامـەتە، لە کاتێکدا کە خـانم رۆڵان ژنێکی دەوڵەمەند و ئەسیڵزادەی سەردەمی خۆی بوو.

زۆربەی نووسـەران و شـاعـیرەکـانی فـەرەنسـا کـە ناویان لە مێژوودا مـاوەتەوە لە نیـوەی دووەمی سـەدەی هـەژدەهەمـدا، چوونەتە مـاڵەکـەی ئەو ژنە لە سـاڵۆنەکـەیدا ئامادە بوون. یەکێ لە وانە (ڤۆلتێر)ی نووسەری هەرە نـاسراوی فـەرەنسا کە لە دوا سـاڵەکـانی تـەمـەنیـا، خـانم رۆڵان-ی ناسی سـەرسـامـی زیرەکی ئەو ژنە بوو، ئەو نووسـەرە پیـرە وەکـو هـەمـوو ئەو پیـاوانەی دەچوونـە سـاڵۆنەکـەی خـانم رۆڵان، کەمەنکێشی جوانییەکەی بوو، ڕۆژێ لێی پرسی: بەبڕوای ئێوە ژنی نابیغە کێیە؟

خـانم رۆڵان گـوتی: بـەبڕوای مـن ئەو ژنـەی، سێ چوار مـناڵی ببێ و بە جـوانی





گەورەیان کات و بەرێکی پەروەردەیان بکات ئەوا ئەو ژنە نابیغەیە.

ڕۆژێ خانم رۆڵان لـە سـاڵۆنەکەی خۆیدا لەگەڵ (دانتۆن) کە ئێمە لەم یاداشتانەدا ناومـان بردووە قـسـەی دەکـرد، قـسـەکانیشـیـان دەربارەی بـەشداری ژنان بوو لە سیـاسـەت، خـانم رۆڵان گـوتی: دوورە لە ژیانی ژنـاندا، شـتێک هەبێ، نەکەوێتـە بەر تیـشکی عـەشـقـەوە ئەگـەر ڕۆژێ ژنان ببن بە دەسـەڵاتدار دەسـەڵاتەکـانیـان جگە لە کاروباری عـاشقـانە چ شـتـێکی دی نابێت. ئەڵبـەتە کاتێ ئەم قسانەی دەگوت گوایە بەگاڵتەوە ئەم ڕەئیە دەدرکێنێ.

یەکێ لەو کەسانەی دەهاتە ساڵۆنەکەی خـانم رۆڵان، گەنجێکی لەڕی ڕوخسار درێژ بوو، پۆشـاکی ڕوحـانییـەکانی دەپۆشی، هـەر جـارەو کە دەچـووە ئەو سـاڵۆنە ئاهێکی هەڵدەکـێشـا، ئەویش وەکو هـەمـوو ئەو کـەسـانەی دەچوونە ئـەوێ ئارەزووی ئەوەیان دەکرد خانم رۆڵان ببێتە مەعشووقەی.

ڕۆژێ خـانم رۆڵان نزیکی بووەوە و گوتی: جـەنابـی (ئابی مـان ین) بۆچی هـەمیشـە غەمگینی، هەرگیز ئێوەم نەبینیوە، کەیفخۆش بن؟

کەشیش (مان ین) گوتی: ئایە مومکینە کەسێ ئێوە ببینێ و غەمگین نەبێت؟

خـانم رۆڵان گـوتی: بە چ مـوناسـەبـەیەکەوە، هەرکـەسێ من ببـینێ غـەمگین دەبێ؟ ڕوحـانییە گـەنجـەکە گوتی: لەبـەر ئەوەی هـەر کەسـێ ئێوە ببینێ حـەزتان لێ دەکات، لەبەر ئەوەی دەسـتی ناگاتە ئێوە، پاشـماوەی تەمەنـی بە خـەم و حـەسرەتەوە بەسـەر دەبات.

خانم ڕۆڵان گوتی: جەنابی کەشیش، ئەم قسانە مەکە، چونکە ئێوە پەیمانتان داوە، لە هـەمـوو تەمـەنتـان، عـەشق لە خـۆتان حـەرام کـەن، کاتێ کـەشـیشـێکی کلێـسـای کـاسـۆلیکی بیـر لە عـەشق بکاتەوە، عـەرشی خـودا دەلەرزێت[1] لەو کـاتـەدا هیـچ یەک لەو دووانـە نەیانـدەزانی کـە ڕۆژێ دێت هەمـان کـەشـیـش لە ژوورێکی ئیـنفـرادی زیندانێکدا یـەکدی دەگرنەوە لـە زمانـی خـانم رۆڵانەوە گوناهەکانی بژنەوێت و داوای بەخشینی بۆ بکات، پاشان ئەو ژنە بەرەو مەیدانی ئیعدام ببەن.

(١) کـەشیـشـەکـانی کلێـسـای کـاسـۆلیکی، پەیڕەوی لە ڕەفتـاری (پاپا) دەکـەن پەیمانی داوە ژن نەهێنن، هەموو تەمەنیان بە ڕەبەنی ببەنە سەر.

خانم رۆلان، یەکەم کەسە گوتوویەتی: شەرتی ئەسڵی لە ژیاندا سەرکەوتنە کاتێ کە تۆ سەردەکەوی، هیچ، کەسێ لە تۆ ناپرسێ لە کوێوە هاتوویت، چۆن هاتوویت، بەچ ڕێیەکیش سەرکەوتنت بەدەست هێناوە!

دیسانەوە، هەر ئەوە گوتوویەتی: «درۆ هەرچەندە گەورەتر بێت، لە لایەن خەڵکە عەوامەکەوە چاکتر بەرەو پیری دەچن»

هەندێ کەس وا تەسەوڕ دەکەن ئەم گوتەیە هی (گۆبلز)ی وەزیری دیعایەی هیتلەرە، هەر ئەوە ڕۆژێ لە سالۆنەکەی خۆیدا گوتوویەتی: «ئەگەر مۆنتسکیۆ نووسەری کتێبی ڕوح ئەلقەوانین، زیندوو با، پێم دەگوت فەسڵێ لە کتێبەکەی کە پەیوەستە بەئازادییەوە، بگۆڕێت و بنووسێت ئازادی نایەتە کایەوە مەگەر هەر کەسێ لە نێوان چوار دیواری ژیانەکەی خۆیدا بووبێت»

هەر خانم رۆلانە، کە بەرەو مەیدانی ئیعدامیان دەبرد، ڕووی لە پەیکەری ئازادی کرد و گوتی: ئەی ئازادی، چ تاوانگەلێک بەناوی تۆوە دەکرێ.

بەلام ئەو ژنە خوێنەوار و هۆشیار و لێهاتووە، وەکو بەشێ لە خانمەکانی سەردەمی خۆی، ڕەنگە باشتر لەوەی کە دەگوترێ، پیاوە جوانەکانی پەسەند دەکرد.

هەندێ لە مێژوونووسان، پاش دڵنیا بوون لە هۆشیاری و شارەزایی خانم رۆلان، گوتوویانە، ئەو ژنە لەبەر ئەوە پیاوە جوانەکانی خۆش دەویست چونکە ژنێکی هۆشیار و لێهاتوو بووە، مەرجی هۆشیار و لێهاتوویی فەوقەلعادەی ئەم ژنە لە ڕووی هێزە ئاساییەکانی لەوانی دی زیاترە.

بەهەر حاڵ، پاش ئەوەی خانم رۆلان لە راشیل–ی زڕ خوشکی ژنەوتی کە ماری ئەنتوانێت لە ماڵی خانم لانبال دا گەنجێکی گەنج و جوانی ئەسیلزادە بەناوی دوڤاڵ–ەوە دەبینێ، هاتە سەر ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو گەنجەدا پەیداکات.

راشیل بەخوشکەکەی گوت: تەسەوڕی ئەوە دەکەم، ئاشنایەتیتان لەگەڵ ئەو گەنجە کێشە دروست بکات، چونکە تۆ ژنێکی سی و یەک ساڵەی و ئەویش گەنجێکی نۆزدە ساڵەیە، موعاشەرەتی ئێوە لەگەڵ یەکدیدا، سەرنجی نائاسایی خەڵکی ڕادەکێشێ!

خانم رۆلان، بزەی هاتێ و راشیل گوتی: مەگەر تۆش دەتەوێ وەک ماری ئەنتوانێت لە ماڵێکی چۆڵدا، پێشوازی لەو گەنجە بکەیت، رۆلان گوتی: من بەپێچەوانەی





مەلیکەی فەڕەنساوە، دەتوانم لە ماڵەکەی خۆمدا پێشوازی لێ بکەم، چونکە من سالۆنێکی ئەدەبیم هەیە، هەموو گروپەکان لەو سالۆنەدا ئامادە دەبن، هەندێ لەو کەسانەی کە دێنە سالۆنە ئەدەبییەکەی من، لەگەڵ ناسیاوانیاندا ئامادە دەبن، بەلام من بۆ هەندێکیان دەعوەتنامە دەنێرم، دەتوانم دەعوەتنامەیەکیش بۆ دوڤاڵ بنێرم، داوای لێ بکەم بێت بۆ سالۆنە ئەدەبییەکەمان.

راشیل گوتی: نازانم ئەم گەنجە زەوقی ئەدەبی هەیە یا نەء.

رۆلان گوتی: بۆ تەسەوڕی ئەوە دەکەیت هەموو ئەوانەی دێن بۆ سالۆنە ئەدەبییەکەمان زەوقی ئەدەبییان هەیە؟ هەندێ لەوانە، سەرباری ئەوەی کە زەوقی ئەدەبییان نییە، نەخوێنەواریشن، نازانن ناوی خۆیان بنووسن. دوڤاڵ، ئەگەر زەوقی ئەدەبی هەبێت ئەوا بەو دەعوەتنامەیەی من گەلێ سەرسام دەبێ، چونکە وای لا دەکەوێتەوە، شورەت و فەزڵە ئەدەبییەکەی بەجۆرێ بلاو بووەتەوە گەیشتووەتە بەر گوێیەکانی منیش و مەیلم پەیدا کردووە بیبینم. ئەگەر زەوقی ئەدەبیشی نەبێ دیسان بەم دەعوەتنامەیەی من خۆشحاڵ دەبێ وا بیر دەکاتەوە، شەخسیەتی ئەسیلزادەییەکەی لە پاریسدا دەنگی داوەتەوە.

راشیل ئومێدەوار بوو، لە ڕێی خۆیەوە ئاشنایەتی دۆڤاڵ و زڕ خوشکەکەی دروست بکات کە ژنەوتی رۆلان دەتوانێ، وا بەئاسانی دوڤاڵ لە ژواندا ببینێ موتەئەسیر بوو گوتی: بەلام فەرامۆشی نەکەیت، ئامانجی سەرەکی من لە ئاشنایەتی تۆ و دوڤاڵ دا ئەوەیە مامەمان لە قەلای باستیل ڕزگارکات. دوڤاڵ هان دە، شتێ بدۆزێتەوە، ئازادی مامەمان فەراهەم بکات.

رۆلان گوتی: یەکەم جار دەبێ ئەم گەنجە بناسم، پاشان پێت دەڵێم بە چ ڕێیەک دەتوانین ئازادییەکەی مامەمان مسۆگەر بکەین.

دوڤاڵ، وەک خانم رۆلان، حەدەسی کردبوو، بەو دەعوەتنامەیە گەلێک خۆشحاڵ بوو چونکە وای تەسەوڕ دەکرد، ناوبانگی شەخسیەتی لە پاریسدا بلاوبووەتەوە تەنانەت خانم رۆلان ناوی بیستووە ، حەزی بەدیدەنی کردووە، ئاگای لەوە نەبوو، چ شتێ بووەتە هۆی ئەوەی خانم رۆلان فکر لەم بکاتەوە.

لە ڕۆژی دیاریکراودا، خانم رۆلان، بەچەند کەسێکی کەسانی نزیکی خۆی گوت:

ئەمڕۆ مێوانێکی تازەمان هەیە.

حاجیب بەدەنگی بەرز گوتی: جەنابی دوڤاڵ تەشریفی هێنا. سەرەکان هەموو وەرچەرخان، تا ببینن میوانە تازەکە کێیە.

هەموو چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، یەکێ لە ئەشرافە بەرجەستەکانی ولایەتەکان بەپۆشاکی نایاب و ورگەوە ببینن. کەچی گەنجێکی بەژن زراڤی موو خورمایی و چاوو برۆ ڕەشیان بینی، بەزەردەخەنەوە هاتە سالۆنەکەوە، هەر لە سەرنجی یەکەمەوە، خانمی خانەخوێی ناسییەوە و بەرەو لای ئەو ڕۆیشت.

دوڤاڵ، ئەگەرچی هێشتا ڕیش و سمێڵی نەبوو، لەو مەجلیسەشدا چ کەسێکی نەدەناسی، ئەمە نەبووە مایەی نارەحەتیی، چ ڕەفتارێکی ئەوتۆی نەنواند نیشانەی نارەحەتی پێوە دیاربێ، بەخانم ڕۆڵان-ی گوت: خانم لەو ڕۆژەی کە خۆم ناسیوە، ناوی ئێوەم بیستووە، حەزم کردووە بتانبینم، بەڵام جورئەتم نەدەکرد، نزیکی دەرگای ماڵەکەتان ببمەوە، چونکە دەمزانی ئێرە لانکی فەزڵ و عیلم و زەوقە، هەر بۆیە لە ناخی دڵەوە سوپاستان دەکەم، ئەو دەعوەتنامەیەتان بۆ ناردم، ڕێتان دامێ بەدیدەنی ئێوە شاد بم و هەروەها ناسراوانی عیلم و ئەدەبی فەرەنسا، بەڵکو ئەوروپا لێرەدا ببینم، بۆیە گەلێ سوپاستان دەکەم.

چاوە ڕەش و لێوە بەزەردەخەنەکەی دوڤاڵ و لەهجە گەرمەکەی کاری لە دڵی خانم ڕۆڵان کرد، بەجۆرێ خۆی لە یاداشتەکانیا نووسیویە، ماری ئەنتوانێت بێ سەلیقە نەبووە، دیدەنی ئەم گەنجەی بەلاوە هەند بەبایەخ بووە، کە قەسری ڤەرسای جێبێڵێ، لە ماڵێکی سەرەڕێی ڤەرسای و پاریسدا ژوانی ئەو گەنجە بکات!

خانم ڕۆڵان بەدوڤاڵ-ی گوت: پاش ئەوەی، ئێوە هاتنە پاریس، حەزم دەکرد، ئێوە ببینم و لە فرسەتێک دەگەڕام، تا یەکێ لە خانمە هەرە دۆستەکانم دەربارەی ئێوە قسەیان بۆ کردم.

کە دوڤاڵ، ئەم قسەیەی بیست، بەخۆی گوت، خانمێ دەربارەی من قسەی کردبێت یا خانم لانبال-ە، یا ئەو ژنە گەنجەیە لە ماڵەکەی لانبال-دا من دەبینێت، ئەمە وای لێکرد لە خانم ڕۆڵان بپرسێ: ئایە مومکینە لێتان بپرسم، ناوی ئەو خانمە چییە وا کارێکی کردووە، دیداری ئێوەم بەنسیب بێت، تا سوپاسی بکەم؟





خانم ڕۆڵان ویستی ناوی ڕاشیلی زڕ خوشکی بدرکێنێ بەڵام زمانی خۆی گرت و گوتی: پاشان ناوی ئەو خانمەت پێدەڵێم.

دوڤاڵ-ی گەنج، کە بۆ جاری دووەم چووە ئەو سالۆنە، یەکێ لە کەسە بەرجەستەکانی ئەو سەردەمەی بینی، ئەو پیاوەش دکتۆر (گیوتین) بوو.

دوڤاڵ بەبینینی ئەم پیاوە گەلێ خۆشحاڵ بوو هەندێ لەو کەسانەی کە لە سالۆنەکەی خانم ڕۆڵاندا بوون، نەیاندەزانی ڕۆژێ دێ سەریان لە ژێر ساتووری ئامێرێکدا لە لەش جیا دەکرێتەوە، کە دکتۆر گیوتین، بۆ کەمکردنەوەی ئازاری مەحکومین بەئیعدام ئیختراعی کردووە.

هەر لەو ڕۆژانەی دوڤاڵ ئاشنای دکتۆر گیوتین بوو، پیاوێکی گەنج دەهاتە سالۆنەکەی خانم ڕۆڵان، ئەو پیاوە لەو کاتەدا تەمەنی سی ساڵ بوو. بەو شێوەیەی کە دەیزانین و پێویستی بە تەفسیل نییە، یەکێ لەو شتانەی وا دەکات پیاو شەیدای ژنێ بێت ئەوەیە، ئاگای لە هۆش و مەعلومات و زانیاری ژنەکە بێت، بەو مەرجەی خودی پیاوەکەش هۆش و قەریحە و مەعلوماتی هەبێ، گەر نەء پەی بە تایبەتمەندییەکانی ئەو ژنە نابات.

ئەو پیاوە تەمەن سی ساڵەیە. ناوی (کامباسرس) بوو، هەمان ئەو کەسەیە پاش شۆڕشی فەرەنسا، بووە وەزیری عەدلی ناپلیۆن بۆناپارت قانونی مەدەنی فەرەنسای نووسی، کە ئەو قانوونە بەناوی ناپلیۆنەوە ناسراوە.

(کامباسرس) گەنجێ بوو خوێندنی تەواو کردبوو، ئاگادار و لە ئەسیلزادەکانی فەرەنسا بوو، پاش ئەوەی هاتە سالۆنەکەی خانم ڕۆڵان. یەکسەر پەی بەهۆش و قەریحە و مەعلوماتی ئەو ژنە برد، تیری عەشقی ئەو ژنە نیشتە سەر دڵی.

کامباسرس، جوان بوو، وێنەکانی کە لەبەر دەستدان، ئەوە نیشان دەدات، بەتایبەتی لە سەردەمی گەنجیدا، کەسێکی جەزاب و خوێن شیرینە، بەژن بەرز و سەرنج ڕاکێشە، بەداخەوە کاتێ ئەو پیاوە گەنجە عاشقی خانم ڕۆڵان بوو، فکر و هەستەکانی ئەو ژنە بەرەو لای دوڤاڵ دەکشا.

دوڤاڵ لەبەر چاوی خانم ڕۆڵاندا، خونچەیەک بوو حەزی دەکرد بۆنی بکات، بەڵام کامباسرس لەبەر چاوی ئەو ژنە ئەدیبە، پیاوێکی لێکەوتە بوو.

گەلێ لە ژنە گەنجەکان پیاوێکی سی ساڵەیان پێ باشترە لە گەنجێکی نۆزدە ساڵە، پێیان وایە ئەو تەمەن سی ساڵەیە شایستەترە لەو گەنجە نۆزدە ساڵەیە، کە تازە هەنگاو بەرەو سنووری گەنجایەتی دەنێ و هێشتا هەوەس و بیرکردنەوەی منالانەی هەیە، جگە لەمەش ژنان وا بیر دەکەنەوە کە ناتوانن بەوەفای عاشقێکی نۆزدە ساڵە پشت ببەستن و ئومێدیان پێ هەبێت، بەڵام پیاوێکی سی ساڵە جێی متمانەیە، لە عەشقدا وەفادارە.

خانم رۆڵان، لەوە هۆشیارتر بوو کە نەزانێ (دۆڤالی) نۆزدە ساڵە بەرامبەری بەوەفا نابێت، بایەخی بەمەش نەدەدا، ئایە (دۆڤاڵ) بەوەفا دەبێ یا نەء. تەنیا ئەوەی دەویست خۆی دەستپێشخەری نەکات و عەشقەکەی دەربڕێ. حەزی دەکرد دۆڤاڵ موسارەحەی بکات.

دۆڤاڵ، شانازی بە ناسینی خانم رۆڵان-ەوە دەکرد، بیری لەوە نەدەکردەوە عەشقی خۆی بۆ رۆڵان دەربڕێ.

جیاوازی تەمەن، لە نێوان دۆڤاڵ-ی نەوجوان و خانم رۆڵانیش کاریگەری خۆی هەبوو، چونکە تەمەنی خانم رۆڵان سی و یەک ساڵ بوو، دۆڤاڵ لە خۆی بەگەورەتری دەزانی.

خانم رۆڵان، هەر چاوەڕێی دەکرد، دۆڤاڵ مەیلی خۆی بنوێنێ، کەچی ئەو گەنجە هەر بیری لەو شتە نەدەکردەوە.

خانم رۆڵان لە دەیان دانیشتندا، خۆی لە دۆڤاڵ نزیک دەکردەوە، بەنیگا قووڵەکانی سەیری دەکرد، هەندێ جار وای ڕەفتار دەکرد، دەستی بەر دەستی دۆڤاڵ بکەوێ، بەڵام دۆڤال وەڵامی بەجێی نەدەدایەوە.

زەروورییە ئاگامان لەم خاڵە بێت، لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا و بەر لە شۆڕشی فەڕەنسا، ئەو وڵاتە لە ڕووی ئەخلاقی گشتی بەجۆرێ بوو، تەنانەت ژنانی بەرجەستەی وەک خانم رۆڵان و خانم ئیستال، کە ئەمڕۆ ئێمە بەئیحترامەوە ناویان دەهێنین، لە ڕووی داوێنپاکییەوە، هەند مەحکەم نەبوون، تا ئەو ڕادەیەی خانم رۆڵان داوای لە زڕ خوشکەکەی خۆی کرد کۆمەکی بکات تا بتوانێ لەگەڵ ئەو گەنجە نۆزدە ساڵەیدا ڕابوێرێ.





راشیل گوتی: دەبێ من چی بکەم؟

رۆڵان گوتی: ڕۆژێ خزمەتکارەکان مەرەخەس دەکەم، بەجۆرێ کە لە ماڵەکەدا جگە لە من و تۆ و دۆڤال، چ کەسێکی دیی تیا نەمێنێتەوە، پاش ئەوەی کە فراڤین خورا و لە پشتی مێزەکە هەڵسام و ڕۆیشتم تۆ، ژوورەکەی من نیشانی دۆڤاڵ بدە و پاشانیش لە ماڵەکە بچۆ دەرێ و بە تەنیا جێمان بێڵە.

ئەو غەریزەیەی کە ناوی عەشقە، لە جانەوەران و ئینسانیشدا، ئەوەندە بەهێزە، ژنێکی وەک خانم رۆڵان وا لێدەکات بۆ دۆستایەتی گەنجێک پەنا بباتە بەر فێڵی منالانە. بەناوی دانیشتنی ئەدەبی دۆڤال بۆ ماڵەکەی خۆی دەعوەت کات.

دوڤاڵ لە ڕۆژی دیاریکراو لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، هاتە ماڵەکەی خانم رۆڵان، سەرسام بوو کە ماڵەکەی بە چۆڵی بینی، راشیل دەرگای بۆ کردبووەوە، پاش ئەوەی چووە ژووری پێشوازییەوە، جگە لە خانم رۆڵان چ کەسێکی دیی نەبینی، وای بۆ چوو کە هێشتا بانگهێشکراوان نەهاتبن.

راشیل هات و گوتی، خواردن حازرە، خانم رۆڵان میوانەکەی خۆی برد بۆ ژووری خۆراک خواردن، لە پشتی مێز داینیشاند، لێرەدا دوڤاڵ نەیتوانی هەستەکانی خۆی دەرنەبڕێ و گوتی: ئەدی میوانەکانی دیی بۆچی نەهاتوون؟

خانم رۆڵان گوتی: ئەمڕۆ جگە لە من و تۆ و راشیل-ی خوشکم چ کەسێکی دیی میوان نییە، مەحفەلە ئەدەبییەکەی ئەمڕۆی ئێمە تەنیا سێ ئەندامن!

لە کاتی خۆراک خواردندا، خانم رۆڵان گەلێ میهرەبانی بەرامبەر بەو گەنجە نواند، هەوڵی دەدا زیاتر شەرابی دەرخوارد بدات، ئەو گەنجە دەیگوت شەراب نۆش نیم و شەرابیش ناڕەحەتم دەکات.

پاش خۆراک، خانم رۆڵان بەپێی ئەو بەرنامەیەی لەگەڵ راشیلدا داینابوو، لە پشتی مێزەکە هەڵسا و ڕۆیشت بۆ نیو سەعاتێ دوڤاڵ لەگەڵ راشیلدا قسەی دەکرد، خانم رۆڵان نەگەڕایەوە زۆری پێچوو.

راشیل گوتی: هەڵسە با، لە نێو ماڵەکەدا هەندێ پیاسە بکەین و بەشە جیاوازەکانی ئەم ماڵەت نیشاندەم.

دوڤاڵ هەڵسا، ڕاشیل ڕانمایی دەکرد، بەبەردەم بەشە جیاجیاکانی ماڵەکە تێپەڕین، نزیکی ژوورەکەی خانم ڕۆڵان بوونەوە.

خانم ڕۆڵان بەکراسێکەوە لە ژوورەکەی خۆیدا ڕاکشابوو، شانی دادابووە سەر بالیفێک.

ڕاشیل ئەو کوڕە گەنجەی گەیاندە ئەوێ، بەپێی ئەو بەرنامەیەی لەگەڵ خوشکەکەیدا دایانابوو، دیار نەما، دوڤاڵ چاوی بڕیبووە ژوورەکە، ئاگای لە دیارنەمانی ڕاشیل نەبوو، دەرگای ژوورەکە بەتەواوی کرابووەوە، خانم ڕۆڵان بە بزەوە سەیری دوڤاڵی دەکرد، ئا لەو کاتەدا خانم ڕۆڵان قەناعەتی وابوو کە بەمەبەستی خۆی دەگات، دوڤاڵیش چاوی لەسەر لانەدەدا.

بزەکانی خانم ڕۆڵان گەرمتر بوون، ئەو کوڕە گەنجە وەکو کەسێک لەجێیەکەی خۆیدا وشک بووبێت ئاوا سەیری ئەو ژنەی دەکرد و بەبێ ئەوەی هەنگاوێ بەرەو ژوورەکە هەڵهێنێ.

خانم ڕۆڵان پێیوابوو، لەبەر ئەوەی دوڤاڵ گەلێ گەنجە شەرم دایگرتووە و حەیاش ڕێگریەتی و ناهێڵێ بچێتە ژوورەکەوە، لەم حاڵەتەدا ئەو ژنە بەرجەستەیە کیبریائی خۆی خستە ژێر پێی و زمانی تکای کردەوە و گوتی: جەنابی دوڤاڵ، بۆچی وەستاویت و نایێیتە ژوورەوە؟

دوڤاڵ سەری نەوی کردەوە و گوتی: خانم، لە ناخی دڵەوە داوای لێبووردنت لێ دەکەم، من نەمدەویست بێم بۆ ئێرە، بەڵکو ڕاشیلی خوشکتان، منی بۆ ئێرە هێنا!

ئەمەی گوت گەڕایەوە، بەهەنگاوی بەرین دوورکەوتەوە، لەبەر ئەم بێ بایەخییە، سەراپای خانم ڕۆڵان دەستی بە لەرزین کرد.

(پیرمرلو) مێژوونووسی فەڕەنسی دەڵێ: لە هیچ یەک لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانی، تەنانەت ئەو کاتەی بەرەو گیوتین-یان برد، تا سەری لە لەشی جیاکەنەوە، ئەو ژنە ئاوها نەلەرزابووەوە.

گەورەترین تەحقیرێ، مومکینە ژنێک ببینێ، لەو ڕۆژەدا، ڕووبەڕووی خانم ڕۆڵان بووەوە، بەجۆرێ ڕاتەکی و شکستخوارد بوو، نەیتوانی لە جێ هەڵسێ، چەند سەعاتێ پاش ئەوەی دوڤاڵ ماڵەکەی جێهێشت، هەر نەیتوانی لە نوێن هەڵسێ.





ئەم حاڵەتەی سێ هەفتە درێژەی کێشا، بەبیانووی نەخۆشی مەحفەلە ئەدەبییەکەی خۆی ڕاگرت، لە ماڵەکەی خۆیدا پێشوازی لە چ کەسێ نەدەکرد.

کامباسرس، لەو سێ هەفتەیەدا پەنای بۆ هەموو شێوەیەک برد تا خانم ڕۆڵان ببینێ، کەچی نەیبینی، هەموو جارێ نۆکەرەکەی دەنارد تا مەوعیدێکی بۆ دانێ، پێیان دەگوت، خانم ڕۆڵان نەخۆشە و دەبێ ئیسراحەت بکات دکتۆریش گوتوویەتی نابێ هیچ کەسێ ببینێ.

پاش سێ هەفتە، ئەو برینەی بەر دڵی ئەو ژنە نووسەرە کەوتبوو، گەرچی بەتەواوی چاک نەبووەوە (برینی عەشق هەرگیز بەتەواوی چاک نابێتەوە) یانی بایی ئەوە چاک بووەوە کە بتوانێ سالۆنە ئەدەبیەکەی بکاتەوە.

ڕاشیل-ی ڕاسپارد بە دوڤاڵ بڵێت، ئیدی بە هیچ جۆرێک نەیێتە سالۆنە ئەدەبییەکەی، ئەگەر لەوێدا ببینێ ڕەنگە بەجۆرێ ناڕەحەت بێت، لەبەر چاوی خەڵکەکە لەو سالۆنە دەریکاتە دەرێ، دوڤاڵ لەبەر ئەوەی لە ماڵەکەی شازادە خانم لانبال ژنێکی وەک ماری ئەنتوانێت دەبینێ، ئەو قەدەغە کردنەی خانم ڕۆڵان-ی بەهەند وەرنەگرت، چونکە ڕۆڵان-ی خۆشنەدەویست.

ئەگەر خانم ڕۆڵان بۆ ساتێ لەسەر کورسی ئوستادییەکەی خۆی هاتبا خوارێ دەیزانی کە نابێ ژنێکی سی و یەک ساڵە چاوەڕێی ئەوە بکات گەنجێکی نۆزدە ساڵە عاشقی بێت، مەگەر جوانی و نازی بگاتە ئاستی جوانییەکەی ماری ئەنتوانێت، بەڵام خۆپەسەندییەکەی خانم ڕۆڵان ڕێی ئەوەی نەدەدایێ پەی بەم ڕاستییە ببات، بۆیە تا لە ژیاندا بوو ئازاری ئەو بایەخنەدانەی دوڤاڵ ئەزیەتی دەدا و بیری نەدەچووەوە.

پاش ئەوەی سالۆنە ئەدەبییەکەی کرایەوە، کامباسرس خۆشەویستییەکەی خۆی بۆ خانم ڕۆڵان دەربڕی و نەشیدەزانی هەستەکانی ناخی ئەو ژنە لەگەڵ ئەو زەوقەی کە زوو عاجز دەبێ چۆنە.

خانم ڕۆڵان لە عەشقی دوڤاڵ مەحرووم بوو، نەشیدەتوانی عەشقی پیاوێکی وەکو کامباسرس قبوڵ کات، چونکە هەستی بەوە دەکرد، ئەگەر ئەمە بکات، ئەوا خیانەت لە خۆی دەکات و بەخۆڕایی خۆی دەفرۆشێت.

ئەم هەستە لە نێو دڵی هەموو ژن و پیاوێکدا هەیە، هەر یەک لەمانە گەر یەکێکی

جوانی خۆشویست و مەحرووم بوو، ناتوانێ لەگەڵ کەسێکی دیدا، لە ڕووی جوانییەوە نەگاتە خۆشەویستەکەی یەکەمی پەیوەندی عاشقانە دروست بکات، چونکە هەست بەحەقارەت دەکات، دەنگی ناخی پێی دەڵێ، تۆ شایستەی خۆشەویستی یەکەم بووی، نەک ئەم کەسە.

خانم رۆلان تەسەوری دەکرد بەرخورداری لە عەشقدا یانی دۆستایەتی لەگەڵ نەوجەوانێکی وەک دوڤاڵە، بۆیە نەیدەتوانی دۆستایەتییەکەی کامباسرس قبوڵ کات و ڕۆژێ پێی گوت: جەنابی کامباسرس ئێوە گەنجێکی ڕۆشنبیر و خاوەن قەریحەن، بەئەوپەڕی خۆشەویستییەوە دۆستایەتییە ئاساییەکەی ئێوەم قبوڵە، بەڵام ناتوانم تۆ بکەم بەعاشقی خۆم!

کامباسرس، کە ئەم وەڵامە ڕاشکاوەی لە ژنێکی وەک رۆلان بیست، ئیدی پێی دانەگرت و نەچووەوە بۆ سالۆنە ئەدەبییەکە.

پاش چەند مانگێ لە ساڵی ١٧٨٤دا کەسێکی نوێ بووە ئەندامی سالۆنە ئەدەبییەکە ئەویش (تالیران) بوو.

ساڵی ١٧٨٦ لە دوو لای دییەوە، مێژووی ژیانی خانم رۆلان و تالیران بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاری کردە سەر مێژوو و ژیانی میللەتی فەرەنسا یەکەمیان ئەوەبوو، بۆ یەکەم جار لەو ساڵەدا خانمەکان و خانم رۆلان (کری نولین- یان) بەکار هێنا، دووەمیشیان هەر لە هەمان ساڵدا تالیران، کوتانی ئاوڵەی لەسەر خوشکەزاکەی خۆی تاقی کردەوە، نەیدەهێشت تووشی نەخۆشی ئاوڵە بێت. ئەم کوتانی ئاوڵەیە دە ساڵ پێشتر لە ئینگلستاندا بەشێوەیەکی گشتی بەکار دەهێنرا و سوودی لێ وەردەگیرا.

دەزانین ئەو کەسەی کوتانی ئاوڵەی دۆزییەوە (ئەدوارد جنر-ی)[1] ئینگلیزی بوو، پاش ئەوەی تالیران سەفەری ئینگلستانی کرد و ئەدواردی بینی و لەوەوە، فێری

(١) یەکەم کەس دەربارەی کوتانی ئاوڵە، لێکۆڵینەوەی وردی هەیە ئەبو بەکری محەمدی کوڕی زەکەریای ڕازییە، کە لە سەردەمی خیلافەتی مەنصوری خەلیفەی عەباسی، تەحقیقی دەربارەی ئاوڵە نووسیوە، بەڵام ئەم مەوزووعە لە دەرێی ئەو یاداشتانەیە، لە باسکردنی داوای لێبوردن دەکەین.





شێوەی بەکارهێنانی بوو، پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا، بەکاری دەهێنێ، ئا لەم نموونەیەوە حاڵی دەبین کە تالیران پیاوێکی نوێخواز بووە، دەیتوانی پەی بە بایەخی ئیستکشافاتی زانستی و پزیشکی ببات.

(کری نولین) لە ساڵی ١٧٨٩، لە فەرەنسادا بووە مۆدێل، هەر لەوێوە ئەم مۆدێلە بەرەو هەموو ئەوروپا چوو. (ئەم کری نولین-ە) جۆرێ بوو لە بەرجەستە کردنی کراسی ژنانە، هەندێ تەلی باریک و ناسک و باریکتر لە تەلەکانی چەتر، لە ژێر کراسی خانمەکاندا دادەندرا، تا دامێنی کراسەکە بەرجەستە بێت، خانم رۆلان لەو کەسانەیە کە لە هەمان ساڵدا، لە ژێر کراسەکەی خۆیدا (کری نولین-ی) بەکار هێنا.

ئەمڕۆ ئەو مۆدێلە پێیدەگوترێ (ژوپۆن).

مۆدێلی (کری نولین) لە ساڵانی ١٧٨٦ تا ١٧٩٠ لە فەرەنسادا ڕەواجی هەبوو، بەڵام پاش شۆڕشی ئەو وڵاتە، گەلێ عادەت و مۆدێل لەنێو چوون. پاش پەنجا ساڵ، یانی لە سەردەمی دووەمی ئیمپراتۆری فەرەنسا (لە سەردەمی ناپلیۆنی سێیەم) ڕەواجی پەیدا کردەوە.

تالیران لەو ساڵەدا، چووە مەحفەلە ئەدەبییەکەی خانم رۆلان گەنجێکی باریک و سپی و بەژن زراڤ و گەلێ قۆز بوو، کە پۆشاکە ڕەشەکەی ڕوحانیەتی دەپۆشی، گەلێ لێی دەهات، چەند بەرامبەریش قۆزییەکەی زیادی دەکرد.

ئێمە پیاوە ناسراوەکان بەو تابلۆیانە دەناسینەوە کە لە سەردەمی پیریدا بۆیان کێشراون، چونکە زۆربەی ئەو پیاوانە لە پیرییەتیدا دەگەنە ئەوجی شوهرەت، ئەو تابلۆیانەی وێنەی تالیران-یان لەسەرە و ئێستا لەبەر دەستدایە، هەموویان پەیوەستن بەو سەردەمەی کە گەیشتبووە پلەی وەزیری و سەردەمی ڕووداوەکانی ئیمپراتۆر، ناپلیۆنی یەکەم هیچ یەک لەم تابلۆیانە جوانی سەردەمی تالیرانی تیادا نییە، بەڵام هەموو مێژوونووسان نووسیویانە: تالیران لە سەردەمی گەنجیەتیدا لە ڕووی بەژن و باڵاوە گەلێ ڕێک بووە، هەمیشە دیقەتی ئەوەی داوە، پۆشاکی شیک بپۆشێ، هەر بۆیە بەشیکپۆشترین کەشیشی ئەوروپا ناسراوە.

کاتێ تالیران چووە مەحفەلە ئەدەبییەکەی خانم رۆلان گەنجێکی سی ساڵە بوو،

بەلام لە کەسێکی بیست و دوو و ئەو پەڕەکەی بیست و سێ سال دەچوو.

مەعلوم نییە، سونگەی ئەوە چییە کە هەندێ پیاو گەنجتر لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆیان دەکەونە ڕوو، هەندێ ژنیش وەک (لانکس)ی ناسراو، کە هەرگیز پیر نەدەبوو تا ئێستاش زانستی پزیشکی و ژیانناسی نەیانتوانیوە ئەم مەوزووعە ڕوون بکەنەوە.

تالیران سەر بە بنەماڵەیەکی ئەشرافی فەڕەنسا بوو، ئێستاش قەسری بنەماڵەکەیان لە فەڕەنسادا ماوەتەوە، لە ڕووی ڕوخسار و قەلافەتەوە لە کەسێکی بیست و دوو ساڵە دەچوو، کەچی لە ڕووی تەجرەبەی عەشقەوە، لەگەڵ تەمەنە ڕاستەقینەکەی خۆیدا هاوتەریب بوو لەبەر ئەوەی تەمەنی لەگەڵ تەمەنی ئەو خانمە نووسەرە موناسیب بوو، بووە عاشقی خانم ڕۆلان، بەلام پۆشاکە ڕوحانییەتەکەی ڕێگر بوو نەیدەهێشت بەرەو لای خانم ڕۆلان بچێت.

تالیران کە هەستی کرد، خانم ڕۆلانی خۆشدەوێ، کەسێ بوو لە ڕووی پلەی ڕوحانییەتەوە، پلەیەک لە ئەسقەف کەمتر بوو، یانی یاریدەدەری ئەسقەف بوو، دەبا چەند ساڵێکی دی ببێتە ئەسقەف.

یاریدەدەری ئەسقەفیش لە ڕووی پلەوە بە ئەمیرەکانی کلێسای کاسۆلیکی دەژمێردرێن. دەبا ئەم جۆرە کەسانە سەرمەشقی تەقوا بن و ژن هێنانیشیان لێ حەرامە.

کە خانم ڕۆلان، تالیران-ی بینی کەوتە ژێر کاریگەری جوانییەکەی، بەلام تەسەوری نەدەکرد یاریدەدەری ئەسقەفێ، خۆشەویستی خۆی دەربڕێ.

ڕۆژێ دەبا کۆبوونەوە ئەدەبییەکەی مالی خانم ڕۆلان دەست پێ بکات، تالیران بەر لە هەموو ئەندامەکان هاتە مەحفەلەکە، هێشتا خانم ڕۆلان نەهاتبووە ساڵۆنە گەورەکە، چونکە دەیزانی هێشتا ئەندامەکانی نەهاتوون، پێشخزمەتەکەی هات و گوتی: تالیران هاتووە، دەڵێ بەخانم بڵێن با بێتە ساڵۆنە گەورەکە، تا لەوێدا ببینم، ئەگەر ئیجازەشم دەداتێ ئەوا من دەچمە خزمەتیان!

خانم هەستی بەوە کرد کە دەبێ پێشوازی لە کەشیشێکی وەک تالیران بکرێ بەپێشخزمەتەکەی خۆی گوت: تکای لێ بکە بابێت بۆ ئێرە.

پێشخزمەتەکە چووە ژوورەکەی تالیران و بردییە ژوورەکەی خانم ڕۆلان، پاش





ئەوەی دەرگاکە بەسترا، خانم ڕۆلان گوتی: جەنابی تالیران گەلێ خۆشحالم بە بینینتان، ئایا کارێکتان هەیە وا دەتەوێ لێرەدا بمبینی؟

تالیران گوتی: بەڵێ خانم، کارەکەی من زەروریترین کارە.

پاش گوتنی ئەم قسەیە، بەبێ ئەوەی ڕێزی پۆشاکی ڕوحانییەتەکەی خۆی بگرێ، بەرامبەر بەخانم ڕۆلان چۆکی دادا، کەوتە سەر پێی ئەو ژنە، خانم ڕۆلان، دەستی ئەو کەشیشەیەی گرت و گوتی: جەنابی تالیران ئایا بیرت لەوە کردووەتەوە، ئیمانداران لێرەدا تۆ بەم شێوەیە ببینن چ دەڵێن؟ ئەوانە تەسەوری ئەوە دەکەن کە تۆ میحرابت گۆڕیوە، لە بری ئەوەی لە میحرابی کلێسا سوجدە ببەیت، بەرامبەر بە ژنێک سوجدەت هێناوە.

تالیران سەری لەسەر پێیەکانی خانم ڕۆلان بەرز کردەوە و گوتی: لێرەشدا بەرامبەر بەخوداوەند سوجدە دەبەم، چونکە جوانی ژنێکی وەکو تۆ، جوانی خواوەند دەخاتە ڕوو، من کە سوجدە بۆ ئێوە دەبەم وەکو ئەوە وایە سوجدە بۆ قودرەت و ئیرادەی ئەو کەسە ببەم کە تۆی هێناوەتە وجودەوە!

خانم ڕۆلان گوتی: جەنابی تالیران هەڵسە! چاک نییە خەلکی لێرەدا ئەسقەفێ بەم وەزعەوە ببینن.

تالیران گوتی: خانم لێرەدا هەڵناسم، تا پێم نەڵێیت، ئومێدەواری خۆشەویستیت بم یا نەء؟

خانم ڕۆلان ئەو ئەسقەفە پلە بەرزەی بەرامبەر بەپێیەکانی خۆی بینی سەرنجێکی قۆزییەکەی دا، دانەوییەوە، بەئیشارەتی دەست ئەسقەفی لە زەوییەوە بەرز کردەوە، بەڕیتمێکی گلەیی ئامێز، کە ڕاشکاوتر لە (بەڵێ) گوتی: جەنابی تالیران دەتەوێ بەشداری گوناهێک بکەم کە قەت نابەخشرێ؟

تالیران گوتی: ئەو گوناهە چییە کە نابەخشرێ؟

خانم ڕۆلان گوتی: ئەو گوناهەی نابەخشرێ ئەوەیە، کەشیشێکی کلێسا، کە ڕۆنی موقەدەسیان بەسەردا هێناوە، ئەویش کەشیشێ بێ لە ئاستی پلە و پایەی ئێوە، کە دەبێ تا کۆتایی تەمەنی ڕەبەن بێت و هەرگیز لەگەڵ ژندا موعاشەرەت نەکات، داوام لێ دەکات عەشقەکەی قبوڵ کەم.

تالیران گوتی: خانم، ئەو گوناهەی کە قەت نابەخشرێ ئەوەیە کە خواوەند شتێکی پێ داوی، دەبێ ئەو شتە بخەیتە کار، نەک ڕێگر بێت لە عەشقی ژن و پیاو. گەر ئەمە نەکرێ ئەوا کیفری نیعمەت دەکرێ.

خانم رۆلان گوتی: ئاه... ئەم قسانە لە دەمی ئەسقەفێکی کاسولیکییەوە دێتە دەر؟

تالیران گوتی: بەڵێ خانم، ئەسقەفێکی کاسۆلیکی ئەم قسەیەت لەگەڵ دەکات، چونکە ئەم ئەسقەفە، بۆ ئەوەی بەرخورداری دۆستایەتی ئێوە بێت، ئەم پۆشاکە لەبەر دادەکەنێ و لە کلێساش دێتە دەرێ. ڕەبەنی پیاو و ژن دژ بەیاساکانی سروشتە بۆیە بەبیدعەت دەژمێردرێ.

خانم رۆلان، تالیرانی خۆشدەویست، ئەو ئەسقەفە گەنجە جگە لە قۆزییەکەی، هۆشیار و دەوڵەمەند و خاوەن قەریحەیش بوو هەر یەکێ لەم سیفاتانە دڵی ژن نەرم دەکات، نەخوازەڵڵا پیاوێ خاوەنی ئەم هەموو سیفاتانە بێت. بەڵام خانم رۆلان کچێکی نەوجەوان نەبوو، تا کەسێ خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕێ و مەست بێت و ئیرادە لە دەست بدات. بەرگری دەکرد تا پێی دەکرێ تالیران تاقی کاتەوە. دەیویست دڵنیا بێت. ئایە تالیران ئەوەندەی خۆشدەوێ، ئامادەیە پۆشاکی ڕوحانییەت لەبەر خاتری ئەم داکەنێ و تووڕی هەڵدات، یا دەیەوێ فریوی بدات و وەک عاشق خۆی بخاتە ڕوو؟

تالیران دەیگوت: ڕەبەنی کەشیشەکانی کاسۆلیکی دژ بە یاساکانی سروشتە، کەچی خانم ڕۆلان دەیویست بزانێ باوەڕی بەم قسەیەی خۆی هەیە یا نەء؟

ورده ورده خۆشەویستی دەربڕین و سۆزەکەی تالیران گەیشتە ڕادەیەک هەر ژنێکی دی لە بری خانم رۆلان با نەرم دەبوو ، موافەقەتی دەکرد لەگەڵیا بێت. ڕووداوێکی نوێ ڕووی دا ، بووە مایەی ئەوەی خانم رۆلان، ستایشی خۆی بکات کە وریایی لە دەست نەداوە.

ئەو ڕووداوەش ئەوە بوو، دوو خوشکی سەر بە چینی ئەشراف لە یەکێ لە ویلایەتەکانەوە هاتنە پاریس. یەکێکیان ناوی (ئادل دو بلگارد) بوو، ئەوی دییان ناوی (ئۆرۆر) بوو، ئۆرۆر یانی سپێدە، لە ڕێی یەکێ لە کەسە ناسراوەکانی فەڕەنسا ، هاتنە نێو مەحفەلە ئەدەبییەکەی خانم رۆلان.







دەیانگوت ئەو دوو خوشکە بۆ ماوەیەکی کەم لە پاریسدا دەمێننەوە، پاش چەند مانگێکی دی دەگەڕێنەوە بۆ زادگاکەی خۆیان.

(ئادل-ی) خوشکە گەورەکە، تەنها ساڵێ لە (ئۆرۆر) گەورەتر بوو، چاو و مووەکانی ڕەش بوون، بەڵام (ئۆرۆر) چاو شین و پرچ زەرد بوو، هەردووکیان شۆخ و تەڕ و بڕ بوون، کە ئەو دوو خوشکە لە تەنیشتی یەکدیدا دادەنیشتن، ئەوانەی دەیانبینین وایان تەسەوڕ دەکرد، دوو فریشتەی بەهەشتین و لە ئاسمانەوە هاتوونەتە خوارێ، تا جوانی بەهەشتیان نیشانی خەڵکی سەر زەوی بدەن.

هەر لە یەکەم ڕۆژدا تالیران چاوی بەم دوو خوشکە کەوت، تووشی لەرز بوو، هەر تالیران نەبوو، ئەم دوو خوشکەی بینی، هەموو ئەندامەکانی مەحفەلە ئەدەبییەکەی خانم رۆلان ئەم دوو فریشتەیەی بەهەشتیان بینی.

دەبێ ئەوە بڵێین، هەر کەسێ ناو و ناوبانگێکی هەبوو یا دەیویست ناو و ناوبانگێ پەیدا بکات، دەبووە ئەندامی یەکێ لە مەحفەلە ئەدەبییەکان زۆربەی مەحفەلە ئەدەبییەکانیش لە ماڵی خانمەکاندا بەرپا دەبوو، تەنیا شازادە و شازادە خانمەکانی پلە یەک لەو مەحفەلانەدا ، نەدەبینران، چونکە تەشریفات و ئاداب و ڕسوم ئیجازەی نەدەدانێ ببنە ئەندامی ئەو مەحفەلانە، بەڵام هەموو نووسەر و شاعیر و وێنەکێشان و پەیکەرسازانی بەرجەستە، ئەندامی ئەو مەحفەلانە بوون، ڕۆشنبیری ڕاستەقینە و ڕۆشنبیری ڕیاش لەو مەحافیلانەدا بەرچاو دەکەوتن، گەنجانێ لە گروپی (دانتۆن) و (ڕۆبسپێر) دەیانویست، خەڵکان بزانن ئەمانەش ڕۆشنبیرن، هاتوچۆی مەحفەلە ئەدەبییەکانیان دەکرد بەتایبەتی، ڕۆبسپێر. [کە ڕۆژێ ناوی وەک گەورەترین خوێنمژی شۆڕشی فەڕەنسا لە جیهاندا بڵاو بووەوە] لە ساڵۆنە ئەدەبییەکەی خانم رۆلاندا دەبینرا.

یەکێک لەو کەسانەی لە ساڵۆنە ئەدەبییەکەی خانم رۆلاندا دەبینرا وێنەکێشێک بوو بەناوی (داڤید) کاتێ ئەو دوو خوشکە هاتنە مەحفەلە ئەدەبییەکە، ئەم وێنەکێشە تەمەنی سی و پێنج ساڵ بوو. چەندین ساڵ بوو، داڤید دەیویست تابلۆیەک دروست کات نیگای ڕەدووخستنی تایفەی (سابین-ی) تیا بەرجەستە بکات.

(سابین) تایفەیەک بوو لە ناوەندی ئیتاڵیادا دەژیان، پاش ئەوەی ئەو پیاوانەی

شاری ڕۆمایان دروست کرد، لەبەر ئەوەی ژنیان نەبوو بڕیاریان دا (ئەڵبەتە بەپێی ئەفسانە کۆنەکان) ژنەکانی تایفەی (سابین) ڕەدوو خەن و بەرەو شاری ڕۆمایان ببەن، لە پڕ هێرشیان کردە سەر تایفەی (سابین) ژنەکانیان ڕەدووی خۆیان خست و بەرەو شاری ڕۆما بردیانن.

داڤید چەندین ساڵ بوو بیری لە کێشانی تابلۆی ئەم ئەفسانە مێژووییە دەکردەوە، تا بەرجەستەی بکات، (داڤید) مۆدێلی دەست نەدەکەوت. ئەو ژنانە نەدەکەوتنە بەرچاوی هەندەی ژنە جوانەکانی تایفەی (سابین) جوان بن، تا دوو خوشکەکەی بینی، دەستبەجێ بڕیاری دا ئەو دوو کچە بکاتە مۆدێلی تابلۆی خۆی. ئەمە سێ ساڵ درێژەی کێشا، تا توانی لە ڕێی ئەو کەسانەی واستە بوون، قەناعەت بەو دوو خوشکە بهێنێ، ببنە مۆدێلی تابلۆکەی.

ئەگەر (ئادل) و (ئۆرۆر) زانیبیان کە (داڤید) چ خزمەتێکی گەورەی کردوون، تا ئەمانە ببنە مۆدێل، ئەوا هەند بیانوویان نەدەگرت چونکە (داڤید) بەدروستکردنی تابلۆی (ڕەدوو خستنی ژنەکانی تایفەی سابین) ئەو دوو خوشکەی جاویدان کرد، تا مەدەنیەت بمێنێ، خەڵکی دەتوانێ لە گۆڤار و کتێب و ئەنسکلۆپیاکاندا ئەو تابلۆیە ببینن، ستایشی جوانییەکانی ئەو دوو خوشکە دەکەن.

یاداشتەکانی خودی (داڤید)یش لەم ڕووەوە خاڵی نییە لە جوانی.

(داڤید) لە سەردەمی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسادا بووە ئەندامی پەرلەمان. ڕەئی لەسەر ئەوە دا لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت ئیعدام بکرێن.

(داڤید) گەلێ ناسراو نەبوو، کارگەیەکی وێنەکێشانی هەبوو لە گەڕەکی ئێستای (مون مارتەر)ی پاریس، لەو کارگەیەدا لەگەڵ پێنج شەش شاگردی خۆیدا، هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارێ خەریکی وێنەکێشان بوو، باوەڕیشی وابوو خوێندنی هونەری وێنەکێشان بەکەڵکی قوتابییەکانی نایەت و دەیگوت: ئایە (ڕۆفائیل)[1] لە چ

(١) (سانزیۆ رافائیل) یا (روفائیل) لە ساڵی ١٤٨٣دا لە (ئوربینۆ) وێنەکێش و پەیکەر ساز و میعماری ناوداری ئیتاڵی بوو، ئەگەرچی تەمەنی کورت بوو، گەلێ شاکاری هونەری جاویدانەی خەڵق کردووە کە ئەمڕۆ لە گەورەترین مۆزەخانەکانی جیهاندان، روفائیل ١٥٢٠دا و لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا مردووە.





قوتابخانەیەکی هونەری وێنەکێشاندا خوێندوویەتی!

(داڤید) دەیگوت: ئەوەی کە گەنجێک ئامادە دەکات ببێتە وێنەکێش ئەوەیە کە گسکی کارگەی وێنەکێشان بدات و تەحەمولی زوڵمی مامۆستاکەی بکات، جگە لەمە هیچ قوتابخانەیەک نییە کەسان فێرە وێنەکێشان بکات.

پاش سێ ساڵ ڕەنج (داڤید) توانی موافەقەتی ئەو دوو خوشکە وەرگرێ تا بێنە کارگەکەی و ببنە مۆدێل-ی تابلۆکەی. (داڤید) و قوتابیەکانی بەر لە هاتنی ئەو دوو خوشکە زەمینەی تابلۆ دروستکردنەکەیان ئامادە کردبوو، هەرکە ئەو دوو خوشکە هاتن، بەبێ بەفیرۆدانی کات یەکسەر دەست بەکار بن.

کارگەی (داڤید) کەوتبووە کۆڵانێکەوە، گالیسکە نەیدەتوانی بەو کۆڵانەدا تێپەڕێ لە کاتی دیاریکراودا ئەو گالیسکەیەی ئادل و ئۆرۆر-ی سوار کردبوو، بەرامبەر بەکۆڵانەکە وەستا، هەردوو خوشکەکە هاتنە خوارێ.

(داڤید) و قوتابیەکانی، هەموو گەنج بوون، بەر لە هاتنی ئەو دوو خوشکە زیاتر لە سەد جار سەیری کۆڵانەکەیان کرد تا بزانن ئەو دوو خوشکە هاتن یا نەء؟

هەر کە لەسەر کۆڵانەکە ئەو دوو خوشکە دەرکەوتن، گەنجێکی تەمەن بیست و دوو ساڵە کە قوتابی بوو لە لای (داڤید) ڕیشێکی درێژی ڕەشی هەبوو، بۆ پێڕابواردن پێیان دەگوت (ڕوفائیل) ئەم گەنجە هاواری کرد: سەیرکەن، ئەم دیمەنە دیمەنی تابلۆکەی (بوتیچلی)یە و گیانی وەبەر هاتووە ، ڕێی گرتووەتە بەر[1] لە ڕاستیشدا، جوانی ئەو دوو خوشکە، ئەو کۆڵانەی ڕووناک کردەوە.

ئادل و ئۆرۆر، دەستی یەکدییان گرتبوو، بەپێکەنینەوە هاتنە نێو کارگەی (داڤید). ڕۆفائیل کە ئەم دوو خوشکەی بەرامبەر بەخۆی بینی، نەیتوانی کیبریاء و ویقاری ڕیشە درێژە ڕەشەکەی خۆی بپارێزێ لە پڕ کەوتە سەر خاک و گوتی: چ چارەیەکم

(١) (ساندرۆ دی ماریانۆ فیلیپی) ناسراو بە (ساندرۆ بوتیچی) وێنەکێشی ناوداری فلورەنسایە، جوانی بەرهەمەکانی نەوازشی چاوان دەکەن لە ساڵی ١٤٤٤ لە دایک بووە، گەلێ لە بەرهەمەکانی وێنەی مەریەمی موقەدەس و تابلۆکانی زیندووبوونەوەی ئاینی مەسیحیەتە، هەروەها بەرهەمەکانی لە زەمینەی ئەفسانەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بوتیچلی هاوسەردەمی روفائیل بوو لە ساڵی ١٥١٠دا مردووە.

نییە جگە لەوەی بەرامبەر ئەم دوو خواوەندە سوجدە ببەم!

ئەو دوو خوشکە، بەبیستنی ئەم قسەیە، قاقا پێکەنین، قوتابییەکانی دیش بەجۆرێ سەرسامی جوانیی ئەو دوو خوشکە ببوون، بەدەمی داچەقیوەوە ڕاوەستابوون و نەیاندەتوانی قسە بکەن.

خۆشبەختانە (داڤید) بەپێچەوانەی قوتابییە گەنجەکانی، ئەوەندە ئیرادەی لە دەست نەدا، توانی دوو کورسی بۆ ئادل و ئۆرۆر بێنێ، قەڵەمی گرتە دەست و دەستی بەکارکردن کرد، بەڵام نەیتوانی وەک دەیویست کاربکات، سات بەسات، ئەوەی دروستی دەکرد، پاکی دەکردەوە چونکە دەیزانی هەڵەی کردووە.

پاش سەعاتێ کارکردن، ئەو دوو خوشکە ڕۆیشتن، وەعدی ئەوەیان دا پاش سێ ڕۆژی دی بگەڕێنەوە، داڤید لە یاداشتنامەکەیدا نووسیویەتی: «من و قوتابییەکانم ڕەقیبی یەکدی بووین، قوتابییەکانم لە من گەنجتر بوون، بۆیە دەترسام ئەو دوو خوشکەم لێ داگیرکەن، ئەوانیش ترسی ئەوەیان هەبوو، لەبەر ئەوەی مامۆستایانم، نەهێڵم بکەونە بەر سەرنجی ئادل و ئۆرۆر».

بچووکترین بیانوو، دەبووە کێشەی نێوان قوتابییەکانم، من دەمزانی ئەو بیانووانە مناڵانەیە، ئەوانە ئەو دوو خوشکەیان خۆشدەویست، نەیاندەتوانی بەری سونگەی ڕاستەقینەی ئەم کێشەیە بگرن. ڕۆفائیل هەمیشە شانازی بەوەوە دەکرد کە ڕیشێکی درێژی هەیە، ئەو ڕۆژەی دەبا ئەو دوو خوشکە بێنە کارگەکە، ڕیشەکەی خۆی تاشی، لە ناخەوە ئەوەم سەلماند، پاش تاشینی ڕیشەکەی جوانتر کەوتە ڕوو.

ئەو ڕۆژەی دەبا ئەو دوو خوشکە بێن، بۆ ساتێ نەمدەتوانی ئارام بگرم، ئەگەر چی، لەوان بەتەمەنتر بووم، کەچی نەمدەتوانی وەکو ئەوان خوێن سارد بم هەر دەقیقە و جارێک سەرم دەبردە دەرێ، تا بزانم دەرکەوتوون یا نەء...

کاتێ ئەو دوو خوشکە دەرکەوتن، من و قوتابییەکانم بەرەو پیریان چووین هاتنە نێو کارگەکە، ئادل-ی خوشکە گەورە سەیرێکی دەوروبەری کرد و گوتی: جەنابی روفائیل لە کوێدایە؟

ڕۆفائیل، ڕیشی تاشیبوو، بە کەیفخۆشییەوە، بەرەو پێش هەنگاوی هەڵهێنا، ئادل کە چاوی پێکەوت گوتی: ئاه... ڕۆفائیل بۆچی ڕیشەکەی خۆتت تاشیوە؟ خۆزیا





زانیبات چەنێ ڕیشەکەی تۆم خۆشدەویست!

کاتێ ڕۆفائیل ئەم قسەیەی لە دەمی ئادل-ەوە بیست، هەندێ کشایەوە، ڕەنگی ڕوخساری پەڕی، لە پڕ دەستی بەگریان کرد، بەڵام چ کەسێ گاڵتەی پێ نەکرد و بەچاوی حەقارەتەوە سەیریش نەکرا، چونکە ئێمە هەموو هاودەردی ئەو بووین، دەمزانی چی بەسەر هاتووە، چونکە هەر هەموومان عاشقی ئەو دوو کچە بووین.

ئەم ڕۆفائیلە فەڕەنسییە بۆ ئەوە ڕیشی خۆی تاشیبوو تا ئادل پەسەندی بکات، پاشان دەرکەوت ئادل ئەوی بەڕیشەکەیەوە زیاتر لا پەسەند بوو. ڕۆفائیل لە داهاتوودا بووە هونەرمەندێکی گەورە و گەلێ تابلۆی بەرجەستەی پاش خۆی بە یادگاری جێهێشت، یەک لەو تابلۆیانەی (شارلوت دو روبسپێر-ە) کە خوشکی پیاوە شۆڕشگێڕە ناسراوەکەی فەڕەنسایە.

ڕۆفائیل گەنجێکی سادە بوو، گەلێ ڕووداو لە ژیانیدا هەن، هەندێکیان پێکەنین ئاوەر و هەندەکەی دیشیان گریە ئاوەرە.

کە یەکەم تابلۆی خۆی فرۆشت، هێشتا قوتابی (داڤید) بوو، پێنج سکەی زێڕ نرخی یەکەم تابلۆی بوو.

ڕۆفائیل دۆستی ژنێک بوو، ئەو ژنە برایەکی لە خۆی گەورەتری هەبوو، ئەو ڕۆژەی بووە خاوەن ئەو پێنج سکە زێڕە، دەیزانی برای ئەو ژنە لە ماڵێدا نییە، بڕیاری دا ئەو شەوە لەگەڵ ئەو ژنەدا بەخۆشی بگوزەرێنێ. تا ئەو کاتە ڕۆفائیل پێنج سکە زێڕی لە گیرفانی خۆیدا نەدیبوو، کاتێ کە بەرەو ماڵی دۆستەکەی دەچوو، وەکو ئەوە وابوو گەنجی قاروونی پێبێ.

بەداخەوە، چارەنووسی ئەو کەسانەی تەمەنی خۆیان بۆ هونەر تەرخان دەکەن، لەو سەردەمەدا وەک ئەم سەردەمەی ئێستا تا نیوەی تەمەنیان و هەندێکیان تا دوا تەمەنیان هەر برسین...

ڕۆفائیل-یش هەمیشە برسی بوو، بە پارووە نانێک و قومێک ئاو ژیانی دەگوزەراند، هەر کە ئەو پێنج سکە زێڕەی بەخۆیەوە بینی، تەسەوڕی ئەوەی دەکرد بەختەوەرترین پیاوی ئەم جیهانەیە.

ئەز قەزا، ئەو شەوە ڕۆفائیل چووە ماڵی دۆستەکەی، برای ئەو ژنە بەشێوەیەکی

چاوەڕواننەکراو لە سەفەر گەڕایەوە، ئیدی ڕۆفائیل نەیتوانی ڕابکات، لە شوێنەکەشدا شوێنێ نەبوو خۆی تیا بشارێتەوە، ناچار بوو لە ژێر مێزەکەدا خۆی پەنهان کات.

لەو سەردەمەدا چەرچەفی درێژیان لەسەر مێزەکان دادەنا، تا سەر زەوی مێزەکەی دادەپۆشی، گەر کەسێ لە ژێر مێزەکەدا خۆی شاردبایەتەوە چ کەسێ نەیدەبینی.

ئەو خوشک و برایە بۆ سەعاتێ قسەیان کرد، لەبەر ئەوەی براکە برسی بوو لە پشتی هەمان مێز دانیشت و خەریکی خۆراک خواردن بوو.

ڕۆفائیل لە ژێر مێزەکەدا هەردوو پێی خوشک و براکەی دەبینی، جورئەتی نەدەکرد بجووڵێتەوە چونکە دەیزانی ئەگەر برای ژنەکە بزانێت لە ژێر مێزەکەدایە، ئەوا دەیکوژێت...

ئەو ژنە و براکەی سەگێکیان هەبوو، بەپێی عادەت، هەر کە ئەو دووە خەریکی خۆراک خواردن بان، سەگەکە دەچووە ژێر مێزەکە، لە کاتی خواردندا ئێسقانیان بۆ هەڵدەدایە ژێر مێزەکە سەگەکەش پڕی دەدایە ئێسقانەکە، جارێکیان ئێسقانێکیان هەڵدایە ژێر مێزەکە سەگەکە پڕی نەدایێ (چونکە خەریکی خواردن بوو) ڕۆفائیلی بەدبەخت لە ترسا بەدگان ئێسقانەکەی گرت، نەوەک پیاوەکە سەردانەوێنێتەوە سەیری ژێر مێزەکە بکات و بیبینێ. سەرەنجام خوشک و براکە ویستیان بخەون، ڕۆفائیل فرسەتێکی بەدەست هێنا لەو ماڵە ڕایکرد، ئەگەر چی لە ڕووداوێکی خەتەرناک گیانی خۆی ڕزگار کرد بەڵام هەستی دەکرد، خۆشحاڵە. سەری سوڕمابوو بۆچی لەو کاتە ناهەموارە شادمانە، پاشان کەوتەوە بیری پێنج سکەی زێڕی لە گیرفاندایە، ئەوجا حاڵی بوو، ئەوەی هێزی بەخشیوەتە ئەژنۆکانی و دڵی خۆش کردووە، ئەو پێنج سکە زێڕە بووە، سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و گوتی: ئای... پارە، تۆ گەورەترین شتی، کە خوا دەتکاتە نسیبی کەسێ، هیچ بەدبەختێک ناتوانێ لە پێی بخات.

کەچی ئەو پیاوە سادەیە، کە بەقسەیەکی ئادل دەستی بەگریان کرد، پاشان بووە پیاوێکی سەنگینی خوێن سارد.

لە سەردەمی سەڵتەنەتی، ناپلیۆن پۆناپارت، تالیران وەزیر بوو، وەک گوتمان لە





سالۆنە ئەدەبییەکەی خانم ڕۆلان چاوی بە (ئادل) و (ئۆرۆر) کەوت، ڕۆفائیل ڕادەسپێرێ تابلۆیەکی بۆ دروست بکات، ڕۆفائیل بۆ ماوەی دوو ڕۆژ تابلۆکەی بۆ تەواو دەکات و دەیداتێ، تالیران پێی دەڵێ: جەنابی ڕۆفائیل حەقەکەتان چەندە؟

ڕۆفائیل دەڵێ: قوربان حەقەکەم پێنج سەد ناپلیۆنە![1]

تالیران بە سەرسوڕمانەوە دەڵێ: جەنابی ڕۆفائیل ئێوە بۆ دوو ڕۆژ کارکردن داوای پێنج سەد ناپلیۆن دەکەن؟!

ڕۆفائیل گوتی: بەڵێ قوربان، سی ساڵ ڕەنجم داوە، تا بتوانم ئێستا لە ماوەی دوو ڕۆژدا تابلۆیەک بەپێی ویستی ئێوە دروست بکەم. من حەقی سی ساڵ زەحمەتی خۆمت لێ وەردەگرم، نەک دەسحەقی دوو ڕۆژ ئیش. مەعلوم نییە بۆچ دەڵێن ئەم قسەیە (دولاکروا)ی هونەرمەندی فەڕەنسی کردوویەتی، کەچی ئەمە لە قسەکانی ڕۆفائیلە!

بەر لە شۆڕشی فەڕەنسا، لە پاریسدا ڕۆژنامە نووسێک هەبوو ناوی (کۆنتران) بوو، بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (لیبرتێ) بوو[2] ئەم ڕۆژنامە نووسە ڕەخنە لە یەکێ لە تابلۆکانی ڕۆفائیل دەگرێ، ئەو تابلۆیە ناوی (بەرزەخ) بوو.

ڕۆفائیل، هێشتا پیاوێکی سادە بوو تەحەمولی ڕەخنەی نەدەگرت، دارێک دەگرێتە دەست لەگەڵ ژمارەیەک ڕۆژنامەی (لیبرتێ) کە وتارە ڕەخنەییەکەی تێدایە، دەچێت بۆ بینینی کۆنتران.

کۆنتران پێشوازی دەکات و لێی دەپرسێ، چ کارێکت بە من هەیە؟

ڕۆفائیل ڕۆژنامەی لیبرتێی بۆ دەکاتەوە وتارەکەی نیشان دەدات و دەڵێ: ئایا هەرگیز ڕەخنەم لە تۆ گرتووە کە بۆ چ هەموو ڕۆژێ ستوونێ دەنووسی، ئایە پێمگوتیت بۆچی حەرفەکانی وتارەکەت وردن یا درشت ئایا پێمگوتیت، لە وتارەکانی خۆتدا بۆچ باس لە فلانە مەوزووع دەکەیت؟

کۆنتران گوتی: ڕۆفائیل نەء!

(١) لێرەدا ناپلیۆن بەمانای بڕی پارەیەک دێت، وەک دینار و دۆلار.

(٢) لیبرتێ: یانی ئازادی.

رۆفائیل گوتی: دەزانی بۆچ دەربارەی وتارەکانت وتارەکانی دیی ڕۆژنامەی لیبرتێ سەرنجەکانی خۆمم نەخستووەتە ڕوو؟ سونگەکەی ئەوەیە، من ڕۆژنامەنووس نیم، سەرم لە کاری ڕۆژنامەنووسی دەرناچێ بۆیە خۆم هەڵناقورتێنمە کارێکەوە سەرم لێی دەرنەچێ، چونکە دەزانم خۆمی تێهەڵقورتێنم ئابڕووی خۆم دەبەم، نەزانی خۆشم دەسەلمێنم.

کۆنتران گوتی: مەبەستت لەم قسەیە چییە؟

رۆفائیل، هەندێ ڕەنگی لە نێو سنووقێکدا دەرهێنا، گۆشەیەکی ئاسمانی شینی نیشانی کۆنتران دا و گوتی: ئەمە ڕەنگەو ئەمەش پێداویستییەکانی دییە، فەرموو ڕەنگی ئاسمانم لەسەر کاغەزێکدا بۆ دروست بکە!

کۆنتران گوتی: من هونەرمەند نیم، تا بتوانم، ڕەنگی وەک ڕەنگی ئاسمان لەسەر کاغەزێکدا دروست کەم.

رۆفائیل گوتی: ئەوە دەسەلمێنێت کە هونەرمەند نیت، بێ جێیی دەکەیت ڕەخنە لە تابلۆیەکی هونەرمەندێ دەگری دەڵێی لە تابلۆی (بەرزەخ)دا ڕەنگەکانی ناشیرین و تاریکن، ئێوە نازانن بەرزەخ شوێنێکە، نە تاریکە و نە ڕۆشن، ئاگری تێدا نییە، نووری بەهەشتیش ڕۆشنی ناکاتەوە هەروەها ئاگری جەهەنەمیش ڕۆشنی ناکاتەوە، بەناچاری بۆ دروستکردنی ئەم تابلۆیە دەبێ هەموو ڕەنگەکان بەکار بهێنرێن، ئەوجا سنووقی ڕەنگەکانی داخست، بەدارەکەی دەستی کێشایە قەد سەر و شانی کۆنتران.

کۆنتران هاواری لێ بەرز بووەوە، رۆفائیل بەبێ ئەوەی قسەیەکی دیی بکات لە ئۆفیسی ڕۆژنامەکە هاتە دەرێ. هەمان ڕۆژ کۆنتران دوو شاهێدی ناردە لای رۆفائیل داوای (دوئیل-ی) لێ کرد و پێیان گوت، لە (بوا دو بولونی) کە چۆڵە ئامادەبێت.

رۆفائیل هونەرمەندێکی لێهاتوو بوو، بەڵام لە شمشێر بازیدا ئەو شارەزایە نەبوو، لە کاتی دوئیلەکەدا، شمشێرەکەی کۆنتران بەژێر پەراسووەکانی رۆفائیلدا تێپەڕی، بێ ئەوەی زیان بە جگەری بگەیەنێ، کەوت و بێهۆش بوو، شاهێدەکان بەرزیان کردەوە و بردیانە ماڵەکەی، دکتۆری جەراح هات و فەحسی کرد و گوتی: لە خەتەری





مەرگ ڕزگاری بووە، بەڵام مومکینە برینەکە جەراحەت پەیدا بکاتو لەم حاڵەتەدا مەترسی ئەوە هەیە بریندارەکە بمرێ.

برینەکەی رۆفائیل جەراحەتی نەکرد، ئەو پیاوە لە مەرگ ڕزگاری بوو، بەڵام بە سەرکێشییەکەی خۆی عادەتێکی بۆ فەڕەنسا جێهێشت، ئەویش لەو سەردەمەدا تا ئەمڕۆ هیچ ڕۆژنامەنووسێکی فەڕەنسی، ڕەخنەی لە تابلۆی هیچ هونەرمەندێک نەگرتووە.

ڕەخنەگرتن لە تابلۆ، بووەتە کاری هونەرمەندان، ئەویش تەنها لە گۆڤار و ڕۆژنامەی هونەریدا بڵاودەکرێتەوە.

دوا ساڵەکانی سەڵتەنەتی لویی شانزەهەمی پاشای فەڕەنسا، ڕەنگە لە ڕووی پەروەردەی ژنان و پیاوە بەرجەستەکان، بەگەورەترین سەردەمی مێژووی ئەوروپا بژمێردرێت، چونکە هەموو ژن و پیاوە بەرجەستەکان، بەگەورەترین سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسادا پەنجەیان بۆ درێژ دەکرا و ناویان لە مێژوودا ماوەتەوە لەو سەردەمەدا پەروەردە کراون، تەنانەت ناپلیۆنی ئیمپراتۆری فەڕەنسا کە پاش شۆڕش تاجی سەڵتەنەتی لەسەر نا، یەکێکە لە پەروەردە کراوەکانی ئەو سەردەمە، یەکێ لە ژنە بەرجەستەکانی ئەو سەردەمە. کە ناوی لە مێژوودا ماوەتەوە (شارلوت کوردێ-یە).

(شارلوت کوردێ) لە نەوەکانی (کورنی)ی شاعیری هەرە بەناوبانگی فەڕەنسایە ئەو ژنە ئەوەندە جوان و بەژن ڕێک بوو، هەرکاتێ بەشەقامەکاندا تێدەپەڕی خەڵکی بەبێ شەرم دەوەستان و ئاوڕیان لێ دەدایەوە، تا لە چاو ون دەبوو هەر سەیریان دەکرد.

شارلوت کوردێ، ڕەنگی مووەکانی خورمایی بوون، کەچی زەردی دەکرد و ڕەنگی زێڕینی لا پەسەند بوو.

شارلوت کوردێ، کاتێ پۆشاکی پیاوانەی دەپۆشی و شەپقەی لەسەر دەناو دارێکی حەیزەرانیشی دەگرتە دەست هەر ژنێ شارلوتی دیبا دڵی بە پەلە بۆی لێدەدا.

کاتێکیش کە پۆشاکی ژنانەی دەپۆشی، ئەوجا نۆرە دەهاتە سەر پیاوەکان و لەرزیان لێ دەنیشت.

شارلوت كوردێ. ڕەنگە تاقە ژنێ بێت لە نێوان ژنەكانی سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسا تەنیا بەئایدیاڵ دەژیا، لە ژیانیدا جگە لە شیعر و وێنە كێشان و عەشقی ئەفلاتوونی و شیكپۆشی، كاری بەسەر چ شتێكی دییەوە نەبوو.

ڤیكتۆر هۆگۆی شاعیری فەڕەنسی لە وەسفی شارلوتدا دەڵێ: «خونچەیەک بوو لە هەموو تەمەنیا خوێنی جگەری دەخوارد، بەڵام نەپشكووت»

گومان لەوەدا نییە كە شارلوت كوردێ خونچە بوو نەپشكووت، وەک چۆن بەڕووتی لە دایک بوو، ئاوهاش دنیای جێهێشت، بەڵام خوێنی جگەر خواردنەكەی جێی گومانە، شارلۆت هەمیشە چوست و چالاک بوو، بزە لەسەر لێوانی لانەدەچوو، لەگەڵ هەموو كەسێكدا دەدوا و پێدەكەنی، شارلوت لە منالّییەوە حەزی بەوێنەكێشان هەبوو، ڕۆژی یەكەم چووە كارگەی وێنەكێشانەكەی داڤید، پۆشاكی پیاوانەی پۆشیبوو.

داڤید و قوتابییەكانی قەناعەتیان وابوو پیاوێک هاتووەتە كارگەكەیان. تەنیا ڕۆفائیل نەبێ هەر لە سەرنجدانی یەكەمەوە گوتی، ئەوە ژنە.

كاتێ شارلۆت چاوی بەرۆفائیل دەكەوێت، چاوەكانی خۆیان پێڕاناگیرێ، ڕۆفائیل لەگەڵ هەموو سادەییێكی خۆیدا بەداڤید و قوتابییەكانی گوت: ئەمە ژن بوو، نەک پیاو، كەچی باوەڕیان پێ نەكرد.

پاش چەند ڕۆژی دی شارلوت بەپۆشاكی ژنانەوە هاتە كارگەكە. ئەوجا داڤید و قوتابیەكانی باوەڕیان هێنا كە ڕۆفائیل ڕاستی دەكرد.

لە فەڕەنسادا كارگەی وێنەكێشان هەمیشە ناوەندی گەنجە جوانەكان بوو، زۆربەی ئەو گەنجانەی لەو كارگانەدا كاریان دەكرد لە ڕووی جوانی و بەژن و بالاوە جێی سەرنج بوون، قوتابیانی ئەو كارگانە سەر بەچینێک بوون بەرامبەر بەچینەكانی دیی (جگە لە ئەسیلزادەكانی پلە یەک) بەرجەستەییان هەبوو.

لادێییەک یا بازرگانێ كوڕەكەی خۆی نەدەنارده كارگەی وێنەكێشان هەر بۆیە هەندێ لە ژنە فەڕەنسییەكان، دەیانزانی لە كارگەی وێنەكێشاندا گەنجی لێهاتوو و قۆزی تێدایە، دەچوونە ئەوێ لەوێدا گەنجێكیان بۆ دۆستایەتی خۆیان هەڵدەبژارد.

لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا. ژنێ، یا چەند ژنێ چووبایەتە كارگەی





وێنەكێشانەوە، چ كەسێ لێی نەدەپرسی بۆچی هاتوون و چ كارێكتان هەیە، هەر وەكو ئەمڕۆ كە چەند كەسێک دەچنە فرۆشگایەكی گەورەوە، چ كەسێ لێیان ناپرسێ، حەز بەكڕینی شتێ دەكەن یانە؟

كارگەی وێنەكێشەكان زۆربەیان لە گەڕەكی (مۆن مارتەر–ی) پاریس بوو (ئەمڕۆش هەر لەوێدان) وەک پێشانگایەكی ئازاد حیسابی بۆ دەكرا، هەموو كەسێ دەیتوانی بچێتە ژوورێ و سەیری تابلۆكانی بكات ، بەبێ ئەوەی شتێكیش بكڕێ.

ئەو خانمانەی هاوسەریان نەبوو، تەنیایی ئازاری دەدان، پاش ئەوەی دەچوونە نێو كارگەكە، سەرنجێكی تابلۆكانیان دەدا، پاشان لە تەنیشتی قوتابییەكاندا دەوەستان، سەیری كاردانەوەكانی ئەوانیان دەكرد.

ئاساییە، كە وێنەكێشێكی گەنج هەستی كردبا، كەسێ لە تەنیشتیەوە وەستاوە، سەری لەسەر تابلۆكەی خۆی بەرز كردبا، تا ئەو كەسە ببینێ بەیەک نیگا مەعلوم دەبوو، ئەو وێنەكێشە گەنجە، جێی پەسەندی ئەو خانمەیە كە لە تەنیشتیدا وەستاوە یا نەء؟

كاتێ شارلۆت هاتە نێو كارگەكە و لە تەنیشتی قوتابییەكاندا وەستا، هەموو ئارەزوویان ئەوەبوو ببنە دۆستی ئەو ژنە گەنجە، بەڵام بەخت یاوەری ڕۆفائیل بوو كە لەو كاتەدا تەمەنی هەژدە ساڵان بوو.

شارلوت لە تەنیشتی تابلۆكانی ڕۆفائیلدا وەستابوو، ئەم گەنجە وێنەكێشە سەری بەرز كردەوە، شارلوت بەچاوی كڕیارەوە سەیری ڕۆفائیلی كرد، پاشان قسان دەستی پێكرد، ڕۆفائیل لە قسەكانی ئەو ژنە وا حاڵی بوو كە لە وێنەكێشاندا شارەزایی هەیە، چونكە شارلوت دەربارەی تێكەڵكردن و دروستكردنی ڕەنگەكان سەرنجی وردی دەربڕی، پاشان وەعدیان بە یەكدی دا كە لە دەرێی كارگەكەدا یەكدی ببینن.

هەركە شارلوت لە كارگەكەدا چووە دەرێ، قوتابییەكان دەوروبەری ڕۆفائیلیان گرت و دایانە بەر دەسڕێژی پرسیار: ئەو ژنە چی پێ گوتی؟ ئایە وەعدی دایتێ لە دەرێدا یەكدی ببینن یا نەء؟

داڤید لەبەر ئەوەی مامۆستا بوو، نەیتوانی وەكو قوتابییەكانی پرسیار لە ڕۆفائیل

بکات بەلام بەدیقەتەوە گوێبیستی قسەی قوتابیەکان بوو.

روفائیل گوتی: ئەو ژنە گەنجە وەعدی داومەتێ لە عەسری سبەینێدا لە (بالێی رویال-دا) یەکدی ببینین.

(بالێی رویال) لەو سەردەمەدا دەکەوتە شوێنێکەوە، مەیدانێکی بەرینی لە بەرامبەر دابوو، دەوروبەری مەیدانەکە ڕاڕەوی سەقفداری هەبوو، خەڵکی لەو مەیدانەدا پیاسەیان دەکرد، لە ڕۆژانی باراندا لە نێو ڕاڕەوە سەقفدارەکاندا هاتوچۆیان دەکرد (بالێی رویال) لە یەک کاتدا فرۆشگا و گەردشگا بوو.

بۆ عەسری سبەینێ، رۆفائیل چاکترین پۆشاکەکانی خۆی پۆشی، بۆ دیدەنی شارلۆت چووە (بالێی رویال) ئەو دوو گەنجە بەیەکەوە شیڤیان خوارد، شارلوت پارەی خواردنەکەی دا. پاش شیڤ خواردن هەندێ پیاسەیان کرد هاتنە سەر ئەوەی بۆ قسە کردن بۆ شوێنێک بچن، بەلام ئەو ژنە گەنجە نەیدەتوانی رۆفائیل بباتە ماڵەکەی خۆی. رۆفائیلیش ژوورێکی بەکرێ گرتبوو، لە ڕوو دامابوو بەرامبەر ژنە دەرگاوانەکە، نەیدەتوانی شارلوت لەگەڵ خۆیدا بباتەوە ماڵێ، ئەوە بوو بەپێی پێشنیازەکەی شارلوت موافەقەتیان کرد هەریەکەو بەرەو ماڵەکەی خۆی بڕوات. رۆفائیل شارلوتی گەیاندەوە بۆ ماڵەکەی ئەوجا ڕێی ماڵەکەی خۆی گرتە بەر. ئەو شەوە ڕوفائیل خەوت نیوەڕۆ تا بەیانی نەیتوانی لە خەو هەڵسێ بۆ کارگە بچێ.

هەرکە چووە نێو کارگە، قوتابیەکان دەیانزانی سونگەی دواکەوتنەکەی چییە، دەوروبەریان گرت بەپرسیار گەمارۆیان دا.

رۆفائیلی سادە، هەرچی ڕووی دابوو بۆ قوتابییەکانی باس کرد.

ئیدی قوتابییەکان بە روفائیلیان ڕابوارد و بە تەوسەوە پێیانگوت: روفائیل باوەڕ بکە کە تۆ پیاوێکی بێ کەرامەتی، ئەو کچە جوانە لە شەقامەکاندا جێدەهێڵی دەچیتە ماڵەکەی خۆت و تا نیوەڕۆ لێیدەخەوی؟!

شارلوت، تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندابوو، لەگەڵ هەموو عاشقەکانی خۆیدا ئاوها ڕەفتاری دەکرد، هەموویان وەکو روفائیل لە دۆستایەتیەکەیاندا ئازاریان دەچەشت و لەززەتیشیان وەردەگرت، هیچ یەک لە دۆستەکانی شارلوت ناتوانن ئیدعای ئەوە بکەن کە شتێکی تایبەتی لە نێوانیاندا ڕووی دابێ.





ڕەنگە لە نێوان عاشقەکانی شارلوت دا تەنیا (مارا)ی پیاوی شۆڕشگێڕی ناسراوی فەڕەنسا لەم حاڵەتە بەدەر بێت، چونکە (مارا) توانیی ڕۆژێ یا شەوێ لە چەند ساتە لاوازییە ڕوحییەکانی شارلوت سوود وەرگرێ و لەگەڵیا بنوێ. ڕەنگیشە هەر ئەم مەوزووعە سەبەب بێت کە شارلوت لە حەمامدا بەچەقۆ هێرشی بردە سەر (مارا) تا دەسکی چەقۆکەی چەقاندە سەر سینگی (مارا) هەندێ لە مێژوونووسان لەو باوەڕەدان، سونگەی کوشتنی (مارا) ئەوە بووە کە (مارا) توانیویەتی لاقەی بکات.

شارلوت وای درکاندبوو، کە (مارا)ی لەبەر ئەوە کوشتووە تا چیدی خەڵکی نەنێرێتە پای (گیوتین).

ئێمە لێرەدا بەرپرسی نووسینی مێژووی شۆڕشی فەڕەنسا نین، تا بڵێین (مارا) چەند کەسی ناردووەتە پای (گیوتین) هەر ئەوەندە دەڵێین مێژووی ڕەسمی فەڕەنسا دەڵێت، شارلوت ژنێکی دەمارگیر بووە (مارا)ی بۆ ئەوە کوشتووە، کۆتایی بەبکوژییەکەی مارا بێنێت. بەلام مێژووە غەیرە ڕەسمییەکە، یانی شائیعات دەڵێ: مارا یەکەم پیاو بووە توانیویەتی لاقەی شارلوت بکات، شارلوتیش تووڕە بووە و کوشتوویەتی، بە دڵێریشەوە ئیعترافی کوشتنی ئەو پیاوەی کردووە، دەیبەنە زیندانەوە پاشان لە دادگادا حوکمی ئیعدامی بۆ دەردەکەن پاش حوکمەکە بەبیست و چوار سەعات، شارلوت سواری گالیسکە دەکەن و دەیبەن بۆ مەیدانی ئیعدام، بەگیوتین سەری لە لەش جیادەکەنەوە. پاش ئەوەی سەرە بڕاوەکە دەکەوێتە سەر زەوی، وەکو عادەت جەللاد سەرەکە بەرز دەکاتەوە و نیشانی خەڵکەکەی دەدات.

گوتمان لە دوا ساڵەکانی سەڵتەنەتی لویی شانزەهەمدا، لە ڕووی پەروەردەوە ژنان و پیاوانی بەرجەستە و سەرسوڕهێنەری هێنایە وجودەوە ڕەنگە جارێکی دی لە جیهاندا ژنان و پیاوانی وەک ئەو سەردەمە پەیدا نەبن. لە هەمان ئەو کاتەدا ژنێکی دیی بەناوی میرکۆر (ترووانی دو مریکۆر) بوو ئەم ژنە یەکێ بوو لە دۆستەکانی شارلوت، ناوی خۆی خستە زارانەوە.

(مریکۆر) وەک شارلوت پۆشاکی پیاوانەی دەپۆشی، بەلام پۆشاکی عەسکەری، شمشێر و دەمانچەی لە کەمەر دەبەست، بەشداری چەندین جەنگی شۆڕشی

فەرەنسای کردبوو. ئەویش وەک شارلوت حەزی لە عەشقی ئەفلاتوونی بوو، دەیگوت عەشقی ڕاستەقینە هەرگیز لە نێو ناچێت، ئەویش عەشقی ئەفلاتوونییە، چونکە هەمیشە توونییەتییەکە دەمێنێتەوە، هیچ کاتێکیش ژن و پیاو لە یەکدی تێر نابن. شارلوت و مریکۆر هەرکە یەکدییان بینی بوونە دۆست، چونکە لە مەڕ عەشق یەک سەلیقەیان هەبوو، ئیدی لە یەکدی جیا نەدەبوونەوە.

(پیرمرلۆ)ی مێژوونووس دەڵێ: تا ئەو ڕۆژەی شارلوت لە ژیاندابوو مریکۆر دۆستی بوو، هەر کە شارلوت دەستگیر کرا، مریکۆر کودەتایەکی سازدا هێرش بکاتە سەر زیندان و شارلوت ڕزگار کات، بەڵام کودەتاکەی ئاشکرا بوو، ناچار بوو ڕاکات، چونکە دەستگیر کرابا ئەمیش ئیعدام دەکرا.

چەند نامەیەک لە لایەن مریکۆر-ەوە بۆ شارلوت نووسرا، وەڵامی ئەو نامانەشی وەرگرت، ئەمڕۆ ئەم نامانە ماونەتەوە، بەڵگەی دۆستایەتی ئەو دووە دەخاتە ڕوو.

جگە لە روفائیل و (مارا) کەسێکی دیش عاشقی شارلوت بوو، هەرسێکیان ناوی خۆیان لە مێژووی فەرەنسادا هێشتووەتەوە.

سێیەم عاشق گەنجێ بوو ناوی (فیلیپ لۆبۆن) بوو، ئەم گەنجە بۆ یەکەمجار شارلوت-ی بەپۆشاکی ژنانەوە بینی وەک کەسێ هەورە بروسکە لێیدات ئاوهای بەسەرهات.

لەوە بەولاوە هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لەسەر ئەو شەقامە دەوەستا کە ماڵەکەی شارلوت-ی لێبوو، پیاسەی دەکرد ئومێدی ئەوەبوو شارلوت بەشەقامەکەدا تێپەڕێ و بتوانێ بیبینێ.

فیلیپ لۆبۆن کە شارلوت-ی بینی گەنجێکی موو زەردی چاو شینی زەعیف بوو، لە عەشقدا هەوڵی دەدا گەلێ ڕاست و دروست بێت تا سەرنجی شارلوت بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ.

ئەم گەنجە عاشقە، خەڵکی یەکێ لە ویلایەتەکانی فەرەنسا بوو، (خەڵکی پاریس لە ئاست خەڵکانی ویلایەتەکان خۆیان بەزل دەزانی و ئەوانیش بە لادێیی) ڕێی نەبوو بچێتە مەحفەلەکانی پاریس، نەیدەتوانی لە دەعوەت و سالۆنە ئەدەبییەکاندا بیبینێ، ناچار بوو وەکو هەموو عاشقە لاتەکان لەسەر ڕێگای مەحبووبەکەی خۆیدا





بووەستێ، ئەگەر بەختی یار با، شارلوت بەشەقامەکەدا تێپەڕیبا، فیلیپ لۆبۆن شەبقەکەی لەسەر لادەدا و سەلامی لێ دەکرد.

پاش چەند جارێ فیلیپ سەلامی لە شارلوت کرد، قۆزییەکەی سەرنجی شارلوتی ڕاکێشا، پێیگوت: جەناب، ئێوە من دەناسن؟

گەنجە عاشقەکە وەڵامی دایەوە گوتی: مادمۆزیل، ناوی ئێوە دەزانم حەز دەکەم زیاتر بتانناسم، ئەگەر ئیجازە بفەرموون خۆمتان پێ بناسێنم. لەهجەی قسە کردنی ویلایەتییەکەی، لە لای شارلوت دڵگیر بوو.

پاش ئەوەی ئەو گەنجە خۆی ناساند، شارلوت گوتی: جەناب چیت لە من دەوێ؟

فرمێسک لە چاوەکانی ئەو گەنجەدا قەتیس ما، گوتی: مادمۆزیل، ئارەزووی من ئەوەیە ئیجازە بفەرموون هەفتەی دووجار بتانبینم!

شارلوت پێکەنی و گوتی: تەنیا بەدیدەنی من ئیکتفا دەکەی یا داوای شتی تریش دەکەی؟

لۆبۆن گوتی: تەنیا دەمەوێ بتانبینم، بەو مەرجەی لە شەقامەکاندا نەبێت، چونکە لێرەدا خەڵکی هاتوچۆ دەکەن و گوێیان لە قسەکانی ئێمە دەبێت. ئایا ئیجازەم دەدەیتێ بێمە ماڵەکەتان و سەر بەرزم کەیت؟

شارلوت گوتی: ناتوانم لە ماڵەکەی خۆمدا بتانبینم، ڕەنگە بتوانم بێم بۆ ماڵەکەی ئێوە.

فرمێسکەکانی ئەم گەنجە عاشقە دڵی شارلوت-ی نەرم کرد، دەیویست بزانێ ئەو گەنجە سادە و لادێییە لە خەڵوەتدا بیبینێ چ دەڵێ و چ دەکات.

فیلیپ لۆبۆن سێ مانگ بەر لەم یەکدی بینینە لە زادگاکەی خۆی دەیویست کەسێ پەیدا کات بۆ (ئیختراعەکەی) سەرمایەکی بداتێ، بەڵام هیچ کەسێ ئامادە نەبوو پێشنیازی ئەو گەنجە نۆزدە ساڵەیە بەجددی وەرگرێ، دەیانگوت ئەوەی ئەو کەشفی کردووە لە بازیچەیەک زیاتر نییە.

فیلیپ لۆبۆن بەر لەوەی بێتە پاریس قوتابی کیمیا بوو، توانیبووی ئەو گازە کەشف بکات کە ئەمڕۆ لە سەرتاسەری دنیادا، بۆ خۆراک لێنان و گەرمکردنەوەی خۆراک بەکار دەهێنرێ.

لە زادگاکەی فیلیپ دا، چ کەسێ ئامادە نەبوو بایەخ بەکەشفەکەی ئەو قوتابیە گەنجە بدات، ڕێی پاریسی گرتە بەر، بەو ئومێدەی لە پایتەختدا زانایان و سەرمایەداران بەجددی ئاوڕێ لەم کەشفەی بدەنەوە دەستمایەیەک بخەنە بەر دەستی تا ئیختراعەکەی بخاتە نێو بازاڕەوە، کەچی لە پاریسیشدا بایەخیان نەدایێ، ئەوجا ئەو گەنجە بووە عاشقی شارلوت. کە عەشقیش هاتە گۆڕێ هەموو شتێ لەبیر دەچێت.

شارلوت لە ڕووی بەزەییەوە موافەقەتی کرد بچێتە ماڵەکەی فیلیپ، وەعدیان وابوو، لە سەعاتی دیاریکراودا فیلیپ بێتە سەر شەقامەکە لەوێدا بوەستێ تا شارلوت دێت، چونکە دۆزینەوەی ژوورێکی کرێ لە عیمارەیەکدا، ئیشکالی بۆ شارلۆت دروست دەکرد، چونکە نەیدەویست لە دەرگەوانەکە بپرسێت ژوورەکەی فیلیپ لۆبۆن لە کوێدایە.

فیلیپ لە پاریسدا چ کارێکی نەبوو، دەیتوانی وەکو ڕۆژەکانی پێشتر چەندین سەعات چاوەڕێی هاتنی شارلوت بکات. شارلوت لە سەعاتی دیاریکراودا گەیشت و فیلیپی بینی، فیلیپیش کەوتە پێش شارلوت تا ڕێیەکەی نیشان بدات، شارلوت بە مەسافەیەکی هەندێ دوور کەوتە دووی فیلیپەوە دەرگاوانەکە سەرنجێکی شارلوت–ی دا چ کەم و کوڕیەکی لە قەلافەت و پۆشاکەکەیدا نەبینی، بۆیە لێی نەپرسی کێیت و بۆ کوێ دەچیت، وایزانی یەکێکە لە خزمەتکارەکانی کرێچییەکانی نهۆمی سەرووتر.

فیلیپ هەر کە چووە ژوورەکەی خۆیەوە، دەرگاکەی بە نیوە کراوەیی هێشتەوە، تا شارلوت ببینێ و شارلوتیش بزانێ ئەوە ژوورەکەیەتی شارلوت چووە ژوورەکەوە، فیلیپ دەرگاکەی بەست و پەردەی پشتی دەرگاکەی دادایەوە، بۆ ئەوەی کەسێ نەتوانێ لە کونی دەرگاکەوە سەیری ناو ژوورەکە بکات.

شارلوت بەوردی سەرنجی تفاقەکانی نێو ژوورەکەی دا، تەنیا قەرەوێڵەیەک و مێزێک و کورسییەکی لێ بوو، شارلوت لەسەر کورسییەکە دانیشت فیلیپیش لە بەرامبەری، بەڵام جورئەتی نەدەکرد قسە بکات، پاش چەند دەقیقەیەک بێدەنگی فیلیپ دەستی بەگریان کرد، ئەمجارەیان دەیزانی چ کەسێ نایانبینێ تەنیا شارلوت نەبێ زار زار دەگریا.






شارلوت کە ئەم گەنجەی لەم وەزعەدا بینی، هەڵسا و دەستی فیلیپی گرت لەسەر قەرەوێڵەکەی داینا و خۆشی لە تەنیشتی دانیشت و گوتی: بۆچی دەگریت؟

فیلیپ گوتی: لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێیت!

شارلوت گوتی: کە من هاتم بۆ ئێرە ئەمە مانای ئەوەیە، ئامادەم خۆشەویستییەکەت قبوڵ کەم، بۆیە نابێت بگریت، ئەوا عەشقەکەی تۆم قبوڵە و ئیجازەت دەدەمێ لە تەنیشت من دانیشی ئامادەم چەند جارێ بتانبینم، بەڵام ئەوە لەبیر نەکەی پەیوەندییەکەمان لەم سنوورەدا دەبێت.

شارلوت بەرامبەر بە وەعدەکەی وەفادار بوو، چەند جارێ ئەو گەنجەی لە ماڵەکەی خۆیدا یا لە شوێنی دیدا دەبینی، هەموو جارێکیش گڕی عەشقی ئەو گەنجە بڵێسەی دەسەند و دانەدەمرکایەوە، تووشی جۆرە تێکچوونێ بوو، ئەگەر چی توانی وا بکات زانایان ئیختراعەکەی بسەلمێنن بەڵام تەمەن مەودای نەداو زوو مرد.

ڕۆژێ لە وڵاتی فەڕەنسادا، پیاوێک دەچێتە دوکانێکی بەردتاشی، بۆ ئەوەی کێلێ بۆ گۆڕەکەی دایکی دروست کەن، سەیری کرد جوانێ خەریکی ئیشکردنە لە بەرد تاشەکەی پرسی: ئەمە کوڕی ئێوەیە؟

بەردتاشەکە گوتی: بەڵێ.

پیاوەکە گوتی: حەیفە ئەم کوڕە چاکە لێرەدا خەریکی بەرد تاشینە.

بەرد تاشەکە گوتی: ئەی چ کارێکی پێبکەم؟

پیاوەکە گوتی: ئەم مناڵە بنێرە بۆ قوتابخانە، مناڵێ سروشت جوانی پێبەخشیبێ، ئەگەر بخوێنێ و بچێتە خزمەتکردنی دەوڵەت، بەزوویی پێشدەکەوێ.

بەرد تاشەکە گوتی: هەژارم و توانای ئەوەم نییە بینێرمە قوتابخانە، ناتوانم خەرجی خوێندنەکەی بکێشم.

پیاوەکە گوتی: ئەگەر موافەقەت بکەیت، من ئەم مناڵە دەنێرمە قوتابخانە خەرجی خوێندنەکەی با لەسەر حیسابی من بێت.

بەم شێوەیە، پیاوێ لە ئایندەدا بەناوی (مارشال کلبەر)ی سەرداری گەورەی فەڕەنسا، کوڕی ئەو بەرد تاشە بوو.

(کلبەر) لە قوتابخانەدا زۆر زیرەک نەبوو، قوتابییەکی مامناوەندی بوو، هەموو قوتابییەکان خۆشیان دەویست، پاش ئەوەی لە قوتابخانە دەرچوو سەرەتا تەسەوڕ دەکرا بچێتە خزمەتی سەربازییەوە، کەچی نەبوو. لە قۆناغی گەنجییەتیدا، کاری جۆراوجۆری دەکرد. بووە دۆستی (کۆنت دوگی بر) کە لە سەردەمی لویی شانزەهەمدا ئەسکەناسی بڵاودەکردەوە.

لەقەبی (کلبەر) جوانترین گەنجی فەڕەنسا بوو، ئەم جوانییە سەرسوڕهێنەرەی بووە جێ سەرنجی شارلوت.

کلبەریش، پاش بینینی شارلوت، شەیدای بوو، بەڵام بەزوویی تووشی گرفتارییەکی رۆحی بوو، شارلوت بەشێوازی خۆی عەشقی دەویست، ئەوەی کە ئارەزووی (کلبەر) و پیاوانی دیی بوو شارلوت بەهیچ جۆرێک بایەخی بەو شتە نەدەدا. ماوەی دوو ساڵ (کلبەر) بەم شێوەیە ژیا، لەبەر ئەوەی سامانی نەبوو، وەزعی ژیانە ماددیەکەی تێکچوو بەهیچ کارێکیش ڕانەدەگەیشت، هەرچی هەبوو فرۆشتی بە بەشێ لەو پارەیە دیاری دەکڕی و دەیبردە ماڵی مەحبووبەکەی خۆی، تا بەدەستی خاڵی سەردانی نەکات. هەندێکی دی لەو پارانەی سەرفی مەینۆشی کرد و مەی دەرخوارد کەسانی دیی دەدا، تا لەو مەحروومیەتە دڵی تەسکین کات.

لەپڕ، شارلوت هەستی کرد خۆشەویستەکەی پارەی نەماوە و دیاری بۆ ناهێنێ.

شارلوت، پێویستی بەدیارییەکانی ئەو گەنجە نەبوو، حەزی لە قۆزی پیاوان بوو زیاتریش قۆزی پیاوانی لە پارە پێ مەبەستتر بوو، روفائیل پیاوێکی بێ پارە بوو بەڵام دۆستایەتییەکەی قبوڵ کرد. کە بۆی دەرکەوت کلبەر هیچی نەماوە و خۆشی ئیعترافی بەدەستکورتی خۆی کرد، کە سونگەی ئەم دەستکورتییەشی عەشقەکەی شارلوت-ە.

شارلوت بەزەیی پیا هاتەوە و گوتی: ئازیز، یەکەم ڕۆژ کە بوومە ئاشنات پێم گوتی ئایدیالی عەشق لە نێوان ژن و پیاودا، تەنیا ڕێیێکی بۆ پەیوەندی خۆشەویستی هەیە، غەیری ئەوەیە کە تۆ دەتەوێ. بەڵام تۆ نەتویست سەلیقەی من پەسەند بکەیت و هەر سووربوویت لەسەر خواستەکانت، پێم گوتی، ئەم سووربوونەت بێ سوودە. ئێستاش کارەکە گەیشتووەتە جێیەک، هەموو پارەکانی خۆتت لە دەست داوە بەبێ





ئینسافی دەزانم گەر وا بەستت بم، بۆیە ئازادت دەکەم، هەر کەسێ مەیلت لێیەتی خۆشەویستی لەگەڵدا بکە.

(کلبەر) نەیدەتوانی دەستبەرداری شارلوت بێ، بەڵام شارلوت چ جاری دی نەبینییەوە، بەمەجبووری خۆی لەو ژنە دوورخستەوە. ماوەیەک لە مەیخانەکاندا ژیانی بەسەر دەبرد، تەنانەت بینیویانە، هەندێ شەو وەک بەڕەڵڵاکان لە کەناری ڕووباری (سن)دا خەوتووە، چونکە هەند بێ پارە بوو، نەیدەتوانی ژوورێک بەکرێ بگرێ تا یەکێ لە دۆستەکانی باوکی فریای کەوت، لە پاریسەوە بردی بۆ یەکێ لە ویلایەتەکان، تا سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی (کلبەر) لەسەر خواستی خۆی چووە نێو سوپای فەڕەنسا، ئا لێرەوە پلەی عەسکەری بەرز بووەوە، تا گەیشتە بەرزترین پلەی عەسکەری، پاشان لە ساڵی ١٨٠٠دا لە میسر، بەدەستی یەکێ لە وڵات پەرستەکانی میسر کوژرا. شەرحی حاڵ و مێژووی عەسکەرییەکەی بەم یاداشتانەی ئێمەوە پەیوەست نین.

یەکێکی دیی لە عاشقە ناودارەکانی شارلوت (کۆنت دوگی بر) بوو کە دەتوانین بڵێین یەکەم عاشقی ئایدیالی شارلوت بوو.

عاشقەکانی دیی کە دەکەوتنە داوی ئەم ژنەوە، نەیاندەتوانی لەگەڵ سەلیقە تایبەتییەکەی شارلوت دا بسازن و بەعەشقی ئەفلاتوونی ڕازی نەدەبوون بەڵام (کۆنت دوگی بر) بەویستەکانی شارلوت ڕازی بوو، جگە لەمەش ئەم کۆنتە لە مێژووی فەڕەنسادا بەشتێکی دیش ناسراوە، ئەویش ئەسکەناسی بەناوی سەنەدی خەزێنەوە بڵاو کردەوە.

پێشتر گوتمان یەکەم کەس لە ئەوروپادا، بەشێوەیەکی نوێ ئەسکەناسی لە فەڕەنسادا بڵاوکردەوە (لاو) بوو بەڵام بانقەکەی بانقی بڵاوکردنەوەی ئەسکەناس بوو، شکستی هێنا، گەلێک لە فەڕەنسییەکان ئیفلاسیان کرد، ئیدی چ کەسێ جورئەتی ئەوەی نەدەکرد لە فەڕەنسادا ناوی ئەسکەناس بێنێت، بەڵام جۆرج-ی سێیەم-ی پاشای ئینگلستان لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا، لە وڵاتەکەی خۆی ئەسکەناسی بڵاوکردەوە.

پاش بڵاوبوونەوەی ئەسکەناس لە ئینگلستان (کۆنت دوگی بر) هاتە سەر ئەوەی

ئەسکەناس لە فەرەنسادا بڵاوکاتەوە. دەیزانی ناوی ئەسکەناس لە ئەسڵدا (ئان ئاسین بات-ە) خەڵکی بێزیان لەم ناوە دەهات، بۆیە ئەسکەناسی بەشێوەی سەنەدی خەزێنە بڵاوکردەوە، تا سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا، هەر ڕەواجی هەبوو.

دەڵێن، دۆستایەتی شارلوت لەگەڵ کۆنت دوگی بر لەسەر ئەو بناغەیە بووە کە کۆنت گەلێ دەوڵەمەند بووە و شارلوتیش شەیدای سامانەکەی ببوو.

ئەگەرچی مێژوو ئەوەی خستووەتە ڕوو کە شارلۆت بۆ پارە دۆستەکانی خۆی هەڵنەدەبژارد، دوور نییە سامانەکەی کۆنت بەردەوامی بەعەشقەکەیان دابێ.

(پیرمرلو)ی مێژوونووسی فەرەنسی لە شەرحی حاڵی (کۆنت دوگی بر) و (شارلوت)دا نووسیویەتی: «ئەو دوو کەسە بۆیە یەکدییان خۆشدەویست، چونکە هەردووکیان تالبی عەشقی ئەفلاتوونی بوون دەیانزانی بەم خۆشەویستییەیان گەیشتوونەتە عەشقی ئایدیالی خۆیان»

هەروەها (پیر مرلو) دەڵێ (کۆنت دوگی بر) لە یاداشتەکانی خۆیدا نووسیویەتی: «من و شارلوت دەمانزانی لە یەکتری جیا نابینەوە، چونکە هەستمان نەدەکرد پێویستمان بەیەکدی نەبێ، ئەو شەوانەی بەیەکەوە دەبووین وەک شەوی وەسڵی بێ کۆتایی بوو، ئێمە تەنیا دەمانتوانی لە کاتی خەوتندا لە یەک جیا بینەوە، ئەویش لەبەر ماندوو بوون، هەر یەکەمان دەچووینە ژوورێک و دەخەوتین.

بەڵاک ئەم عاشق و مەعشووقەی کە دڵنیا بوون عەشقی ئایدیاڵی خۆیان وەدەست هێناوە، کەچی لە یەک جیابوونەوە، ئەویش (کۆنت دوگی بر) تۆمەتی ئیختلاسیان خستە پاڵی (بەڵام خودی کۆنت بێ گوناە بوو) و خستیانە زیندانەوە، کاتێ لە زیندان هاتە دەرێ وەزعی فەرەنسا گۆڕابوو،

(مارا) ببوو بەپیاوێکی دەسەڵاتداری شۆڕشی فەرەنسا و کۆنتیش دەسەڵات و نفوزی نەبوو. بۆیە هیچ هەنگاوێکی هەڵنەهێنا مەحبووبەکەی خۆی بگەڕێنێتەوە، چونکە هەموو هەوڵدانێکی بەبێ سوود دەزانی.

(کۆنت دوگی بر) ئیدی کۆنت نەبوو (چونکە شۆڕشی فەرەنسا هەموو لەقەبێکی لەغو کردەوە) بەپارە (بە بەرتیل) دان بە شاگردەکانی جەللاد، کە جەنازەکەی شارلوت-یان بەرەو گۆڕستان دەبرد، سەری شارلوت-ی لێ کڕین.





هەموو دەزانن لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا، جەنازەی ئەو کەسانەی ئیعدام دەکران بەبێ هیچ مەراسیمێ دەیانخستە چاڵەوە و خۆڵیان بەسەردا دەدان، کەسێکیش چاودێری ئەوەی نەدەکرد، ، بزانێ جەنازەکە سەری لەگەڵدایە یا نەء. ڕۆژانە ئەوەندە سەریان لە لەش جیادەکردەوە چ کەسێ تاقەتی ئەوەی نەبوو بزانن سەرە بڕاوەکان لەگەڵ جەنازەکاندا دەخرێنە نێو قەبرەوە یا نەء. چ کەسێکیش نەیدەویست بزانێ ئایە لاشەکەی شارلوت بەسەرە بڕاوەکەیەوە بەخاک دەسپێردرێ یا بە بێ سەر.

(گی بر) پاش ئەوەی سەری مەعشووقەکەی کڕی، بۆ ئەوەی نەگەنێ لە ماڵێدا مۆمیایی کرد، چ کەسێکیش ئاگای لەوە نەبوو ئەو سەرە لەو ماڵەدایە، ئەو پیاوە بەدبەختە گەلێ جار ئەو سەرە بڕاوەی ماچ دەکرد. پاش مردنی (گی بر) ئەم ڕازە ئاشکرا بوو، سەرە بڕاوەکەی شارلوتیان لە ماڵەکەیدا دۆزییەوە و بردیان بۆ گۆڕستان و لە گۆڕیان نا.

## کاترینی دووەم

## لە قەسری سان پترز بۆرگ

کاترینی دووەمی مەلیکەی ڕوسیا لە پیریدا دانی تاقمی لە دەم دەنا و مووی سەری ڕەنگ دەکرد، تا بچێتەوە بۆ نێو دنیای گەنجی ژیانەکەی، خەڵکیش سڵیان دەکردەوە لە شەکلی، کەچی لە گەنجییەتی و تەنانەت لە تەمەنی پەنجا و پێنجساڵیدا یەکێ بوو لە جوانترین ژنەکانی جیهان.

لە ئەوروپا، بەر لە کاترینی دووەم هیچ مەلیکەیەک جوانی و شکۆی ئەمی نەبوو، سەر و گەردنێکی هەبوو لە هەموو پیاوان و ژنانی دەربارەکەی بڵندتر بوو، هەموو ئەندامەکانی لەشی بەجۆرێ خولقابوون، لەو چاکتر و جوانتر بەرچاو نەدەکەوت ئەو ژنە جوان و بە شکۆیە، ڕەنگە تا کۆتایی مێژووی ئەوروپا هاوتای نەیەتە وجودەوە، بەپێچەوانەی هەندێ لە مەلیکەکانی پێشووی ئەوروپا بوو، گەلێ بەسۆز و خاوەن بەزەیی بوو. ماری ئەنتوانێتی مەلیکەی فەڕەنسا، هەر کە لە گەنجێ تێر با، دەری دەکرد و ئیدی نەیدەویست بزانێ چ بەسەر ئەو گەنجە هاتووە، لەبەر غرووری و خۆ پەسەندییەکەشی، نەیدەهێشت عاشقەکەی تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندایە ژن بهێنێ یا لەگەڵ ژنێکی دیدا دەست تێکەڵ کات.

ئەلیزابێتی یەکەمی مەلیکەی ئینگلستان بەر لە چوار سەد ساڵ لەقەبی (مەلیکەی خاوەن کچێنی) هەبوو کەچی بەپێی نووسینی هەندێ مێژوونووسی ئینگلیز، چەند منداڵێکی نامەشرووعی بووە، هەر کە لە عاشقەکەی خۆی تێر دەبوو، دەیسپاردە دەستی جەللاد، بەڵام کاترینی دووەمی مەلیکەی ڕوسیا کە لە عاشقەکەی خۆی تێر دەبوو، بەجۆرێ ماڵی دونیای پێ دەبەخشی و دەوڵەمەندی دەکرد، بەس بوو بۆ کوڕاو کوڕی، ئەو گەنجەشی سەرپشک دەکرد، حەز لە چ کچێک دەکات، لەسەر حیسابی خۆی کچەکەی بۆ دەخواست. کاترینی دووەم شەست و حەوت ساڵ ژیا و لە ساڵی ١٧٩٦دا مرد، دواهەمین عاشقی کاترین، گەنجێکی تەمەن حەڤدە ساڵە بوو، پاش ساڵ و نیوێک ئەو گەنجە تەمەنی گەیشتە هەژدە و نیو و، مەلیکەش تەمەنی بووە شەست و حەوت ساڵ و هەر لەو تەمەنەدا مرد.

کاتێ مەلیکەی ڕوسیا مرد، ئەو گەنجە خاوەنی ملیۆنێ ڕۆبڵی نەقد بوو لە





موڵکەکانیشیدا سی و پێنج هەزار ڕەعیەت کاریان دەکرد.

بۆ ئەوەی بزانین قیمەتی ملیۆنێ ڕۆبڵی نەقد لەو سەردەمەدا چەنێ بوو، کافیە ئەوە بڵێین، وەزیرێکی ڕووسی لە سەردەمی کاترینی دووەمدا مووچەی ساڵانەی پێنج هەزار ڕۆبڵ بوو. ئەو پارە زۆرە و ئەو موڵکە بەرینە، کاترینی دووەم لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا بەخشیبوویە عاشقەکەی خۆی، بەڵام ئەو گەنجە هەژدە ساڵە و شەش مانگ تەمەنە، پاش مردنی کاترینی دووەم، خۆی کوشت ئەو سامانە زۆرەی بۆ کەس و کاری بەجێهێشت.

ئەڵبەتە بەزەیی و خوێن گەرمی و خۆشمەشرەبیەکەی کاترین وای کرد لە تەمەنی شەست و حەوت ساڵیدا، گەنجێکی هەژدە ساڵە بکاتە عاشقێکی ڕاستەقینەی خۆی.

زۆربەی ئەو گەنجانەی دەبوونە عاشقی کاترینی دووەم، تەنانەت لە قۆناغی پیریەتیشدا، پاش ئەوەی لە قەسرەکەی دەچوونە دەرێ، هەموویان دەوڵەمەند دەبوون لە سەردەمی کاترینی دووەم و دەسەڵاتدارەکانی پاش خۆشی تا دەگاتە سەردەمی ئەلکساندەری دووەمی ئیمپراتۆری ڕوسیا (یانی نابیغەی سەدەی نۆزدەهەم) ڕەسم و عادەت وابوو، بەژمارەی ڕەعیەتەکان ئەندازەی موڵکەکانیان دەپێوا، بۆ نموونە، دەیانگوت، موڵکەکانی فلانە کەس، سی هەزار ڕەعیەتی هەیە و یەکێکی دی پەنجا هەزار، مێژوونووسانی ڕوسیا و ئەوروپا حیسابیان کردووە لە سەردەمی کاترینی دووەمدا، ئەو موڵکەی دەیدایە عاشقەکەی خۆی لە بیست و پێنج هەزار ڕەعیەت کەمتر نەبوو، یانی هەریەک لە عاشقەکانی بەلای کەمەوە بیست و پێنج هەزار ڕەعیەت، تا دوا تەمەنیان کاریان بۆ دەکرد، لە تایبەتمەندییەکانی کاترینی دووەم، لە ژیانیدا عاشقی یەک شەوەی نەبوو هەر گەنجێک بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەک لە لای خۆیدا دەیهێشتەوە، کەچی لە ژیانی ماری ئەنتوانێت دا، کە شەوان دەچووە ماڵەکەی خانم لانبال، گەلێ عاشقی یەک شەوی هەبوو. هەندێ لەو گەنجانەی کە پاش مردنی کاترینی دووەم لە ژیاندا بوون، یاداشتی خۆیان نووسیوە و بۆ ئێمەیان جێهێشتووە. نووسینی ئەمانە پێچەوانەی تەسەوڕی مێژوونووسانن، کاترینی دووەم شێتی سێکس نەبوو، بەڵام گەلێ جوانپەرست بوو، هەرکە گەنجێکی جوانی پەسەند دەکرد، نەیدەتوانی خۆی بگرێ، بەدەوروبەرەکەی دەگوت ئەو گەنجەی بۆ بێنن.

عادەتی کاترین وابوو، سەری گەنجە عاشقەکەی خۆی دەخستە سەر سینگی، چەندین سەعات نەوازی سەری دەکرد، وەک دایکێ چەند ساڵێ کوڕەکەی لێ گوم بووبێ و بەدیداری شاد بووبێتەوە، بە تەئەسورەوە، لە هەمان کاتدا بەبزوێنترین حاڵەتی عاشقانە نەوازشی دەکرد، لەبەرچاوی عاشقە گەنجەکەی خۆیدا، خۆی وا دەنواند کە خۆشەویستی ئەوی دەوێ و لە ڕوسیادا چ گەنجێکی دی پەیدا نابێ ئەمی هەندە خۆشبووێ. یاداشتی عاشقەکانی ئەوە دەخەنە ڕوو، ئەوەی بۆ ژوانەکانی کاترین دەگوترا دەستهەڵبەست نەبوون، قسە عاشقەکانی لە دڵەوە هەڵدەقوڵاند هەندێ جار لەبەر زیادە هەڵچوون دەستی بەگریان دەکرد.

لە ڕۆژی دووەمدا، بەخششی مەلیکە بۆ ئەو گەنجە دەستی پێ دەکرد، گەلێ پارە و موجەوهەراتی دەدایێ، ئەگەر عاشقاکانی کاترینی دووەم لە سوپادا ئەفسەر با ئەوا بەماوەیەکی کەم لە پلەی مولازمەوە، دەبووە عەقید یا ژەنەڕاڵ، گەر گەنجێکی هەژدە ساڵە بەپلەی مولازمی چووبایەتە قەسرەکەی کاترین، پاش مانگێ جگە لەو پارە و موڵکەی وەری دەگرت بەپلەی سەرهەنگ یا سەرتیپ، لەو قەسرەوە دەچووە دەرێ.

ئەم کەسانە، پاش ئەوەی لە دەربار دەردەکرانە دەرێ، بەڵام بەر غەزەب نەدەکەوتن دەیانتوانی لە ساڵانی دواتر موراجەعەتی مەلیکە بکەن و ئەگەر خواستێکیانیش هەبا، دەیانتوانی بیڵێن، هەر تەنها نەدەبا چاوەڕێی ئەوە بکەن جارێکی دی بچنە ژوورە تایبەتییەکەی کاترینەوە.

ڕاستە عاشقە کۆنەکانی شانسی ئەوەیان نەبوو، بچنە نێو نوێنە تایبەتییەکەی کاترینی دووەمەوە، بەڵام وەک پیاوە بەرجەستەکانی ڕوسیا حیسابیان بۆ دەکرا و لە هەموو مەراسیمەکانی دەرباردا بەشدار دەبوون. تەنانەت خودی (پوتمکین)ی سەرۆک وەزیرانی ڕوسیا، لە سەرەتادا عاشقی مەلیکە بوو، بەپارە و موجەوهەرات و موڵک، جێیەکەی خۆی بۆ کەسێکی دی جێهێشت، بووە خزمەتکاری مەلیکە و گەیشتە پلەی سەرۆک وەزیران، تا دوا ڕۆژی ژیانی (بەر لە کاترینی دووەم مرد) ئارەزووی دەکرد جارێکی دی لەگەڵ کاترینی دووەمدا بنوێت، بەڵام ئەم ئارەزووەی نەهاتە دی.

کاترین، لە قۆناغەکانی یەکەمدا گەلێ فیداکاری بۆ عاشقەکەی خۆی دەنواند،





یەکێ لەوانە گەنجێکی هەژدە ساڵە کە (پوتمکین) بۆ مەلیکەی هەڵبژاردبوو لە دڵی مەلیکەدا جێی بۆ کردبووەوە (ئەو دەمە کاترین تەمەنی پەنجا ساڵان بوو) کاتێ کە ئەو عاشقە گەنجە نەخۆش کەوت، کاترین پەرستاری ئەو گەنجەی لە ئەستۆ گرت، سەرسام دەبین ئەگەر بزانەوین، هەرچی کارێکی ژنە پەرستارێکی ئاسایی هەیە، کاترین جێبەجێی دەکرد، نەیدەهێشت جگە لە پزیشک کەسێکی دی نزیکی بێتەوە، سەری عاشقە نەخۆشەکەی دەخستە سەر سینگ و دەیگوت: خۆزیا دەرد و بەڵات لە من کەوتبا و من لە بری تۆ لەرز و تام لێ هاتبا و لە جێ کەوتبام!

کە ئەو گەنجە چاک بووەوە، پزیشکەکان گوتیان، بۆ هێز هاتنەوە بەری، دەبێ سەفەرکات و ئاو و هەوا بگۆڕێ. کاترین فەرمانی دا گالیسکەیەکی تایبەتی بۆ دروست کەن، سی و دوو ئەسپ ڕایکێشێ، ئەو گالیسکەیە وەک ماڵێکی موتەحەریک وابوو، کاترین عاشقەکەی خۆی لە نێو ئەو گالیسکەیە و لەسەر دۆشەگێکی پەڕی قازدا خەواند، خۆشی لە تەنیشتەوە دانیشت ئەوی لە پایتەختی ڕوسیاوە، یانی لە سان بترزبۆرگ–ەوە بۆ مۆسکۆ برد لەوێشەوە بردی بۆ جنووبی ڕوسیا، کە گەیشتە هەرێمەکانی جنووبی ڕوسیا، بەهۆی گەرمی وەرزی هاوینەوە، دنیا گەرم ببوو، خودی مەلیکە لە نێو گالیسکەکەدا باوەشێنی دەکرد!

هیچ یەکێ لە عاشقەکانی مەلیکەی ڕوسیا، لە رووی خۆشەویستییەوە نەگەیشتە ئاستی ئەو ئەفسەرە گەنجە، تا هەژدە مانگ ئەو گەنجە عاشقی ڕەسمی کاترنی دووەم بوو، پاشانیش دەرکرا و یەکێکی دی جێی گرتەوە.

(پوترسی گەورە)ی ئیمپراتۆری ڕوسیا و باپیری (پوترسی سێیەمی) هاوسەری کاترین شاری بترزبۆرگ–ی دروست کرد، پاشان ناوی ئەو شارە کرا بە (لنینگراد)[١] و کردییە پایتەختی ڕوسیا.

کاتێ کاترینی دووەم گەیشتە سەڵتەنەت و هەستی کرد، شاری بترزبۆرگ وەک ئەم

(١) لنینگراد: لە ساڵەکانی دواییدا بەناوە کۆنەکەی (سان بترز بۆرگ) ناو نراییەوە. بوترسی گەورە ئەم شارەی دروست کردبوو، ئەم ناو گۆڕینە هەرگیز دلێری لنینگراد لە بیر ناباتەوە، کە شەست ڕۆژ بەرامبەر بەهێزترین هێزی سەربازی ئەو سەردەمە (سوپای ئەڵمانیای هیتلەر) بەرگری کرد و تەسلیم نەبوو.

حەز دەکات ئاوها ئازاد نییە، ناتوانێ بەدڵی خۆی کاتەکانی تیا بگوزەرێنێ.

قەسری سەڵتەنەتی ڕوسیا لە بترزبۆرگ دا، ئەگەرچی وەک قەسری ڤەرسایی فەرەنسا خەڵکێکی زۆری لێ نەبوو، کەچی هەمیشە خەڵکانێک لە وێدا ژیانیان دەگوزەراند، کاتەکانی کاترینی دووەمیشیان خستبووە ژێر ڕکێفی بەرنامەکانی تەشریفاتەوە.

ئەو ژنە جوان و شکۆمەندە، دەبا هەموو ڕۆژێ لە سەعات شەشی بەیانیدا لە خەو هەڵسێ و سەعات حەوت پۆشاک بپۆشێ و سەعات هەشت پێشوازی دەربارەکان بکات و سەعات نۆ (تێشت) بخوات و پاش نیوەڕۆش فراڤین بخوات. ئەوجا خەڵکی دێنە خزمەتی، لە سەعات حەوت، یا نۆدا بەشداری دەعوەتەکانی دەربار بێت، لەبەر ئەو شەوە نشینییەکان درێژەی دەکێشا، هەندێ جار تا نیوەی شەو درێژەی دەکێشا، کە کاترین دەچووە ژووری نووستنەکەی گەلێ ماندوو دەبوو، نەیدەتوانی وەک حەز دەکات ئاوها ئیسراحەت بکات.

کاترینی دووەم لەو باوەڕەدا بوو، دەبێ سەعاتەکانی ئیسراحەت زیاتر بن، نابێ بیرکردنەوە لە سبەی ئیسراحەت تێکبدات.

کاتێ کاترینی دووەم لەگەڵ عاشقەکەی خۆی دەبوو، دەستبەرداری کاری سیاسی و دەوڵەتی دەبوو، بەڵام لە قەسری سەڵتەنەتیدا، ساتی بەفیڕۆ نەدەدا، کاری دەوڵەتی بەئەنجام دەگەیاند.

لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا ناسراوە، خوداکان لە دەسەڵات و عەزەمەتی خودایی خۆیان بێزار ببوون، ڕێی زەمینیان گرتەبەر و لە کێوی (ئۆڵۆمپ–ی) یۆناندا نیشتەجێ بوون، تا وەک کەسە ئاساییەکان یانی وەک بەنی بەشەر ژیان بگوزەرێنن. کاترینی دووەمیش لە سامان و دەسەڵات و عەزەمەت–ی خۆی لە قەسری سەڵتەنەتی ڕوسیا بێزار بوو، بڕیاری دا بۆ ئیسراحەتی خۆی قەسرێ لە دەرێی پایتەخت دروست کات.

ڕۆژێ کاترینی دووەم، سەرۆک وەزیرانەکەی خۆی بانگ کرد و پێی گوت: خزمەتەکانت، لە ڕووی ئەوەی دۆستەکانم بۆ هەڵدەبژێری، هی ئەوەیە سوپاست بکەم. بەڵام ناتوانم سوود لە خزمەتەکانی دیت وەرگرم.





سەرۆک وەزیران بەترسەوە گوتی بۆچی؟

مەلیکەی ڕوسیا گوتی: جێیەکم نییە دۆستەکانی خۆمی تیا ببینم!

سەرۆک وەزیران گوتی: خاوەن شکۆ، هەزاران فەرسەنگی چوار گۆشەی زەمینی بەرینی ڕوسیا هی تۆیە، لە هەر شوێنێکدا حەز بکەیت، دۆستەکانی خۆتی تیا دەبینی.

کاترینی دووەم گوتی: شوێنێکی موناسیبم دەوێ، لە وێدا چ کەسێ بێزارم نەکات و تێیدا هەستیش بە سەرمای زستان نەکەم.

سەرۆک وەزیران گوتی: خاوەن شکۆ، ئێوە تەنیا شوێنەکە دەستنیشان کەن، من لەوێدا قەسرێکتان بۆ دروست کەم هاوتای نەبێت.

کاترین گوتی: ئەو قەسرەی دەتەوێ دروستی کەیت، دەبێ لە پایتەختەوە نزیک بێ، تا هەرکاتێ بمەوێ خۆم بگەیەنمە پایتەخت.

ئەوە بوو سەرۆک وەزیرانی ڕوسیا جێیەکی لە کەناری ڕووباری (نەوا) بۆ دروست کردنی قەسرەکە دەستنیشان کرد، پاشانیش بەقەسری نەوا ناسرا.

ڕووباری نەوا یەکێکە لە ڕووبارە کورتەکانی ڕوسیا، درێژییەکەی لە سەد و حەفتا و پێنج کیلۆمەتر زیاتر نییە، لە دەریاچەی (لادۆگا–وە) دەردەچێت و ڕۆ دەبێتە کەنداوی (فەنلاند) ئەم ڕووبارە ئاو بۆ لنینگرادی ئەمڕۆ و سان بترزبۆرگی دوێنێ دابین دەکات.

کە سەرۆک وەزیرانی ڕوسیا ئەم قەسرەی بۆ کاترینی دووەم دروست کرد، سەد و پەنجا ملیۆن ڕۆبڵی تێچوو، گوتمان لە ڕوسیا و لە سەردەمی کاترینی دووەمدا مووچەی ساڵانەی وەزیرێک پێنج هەزار ڕۆبڵ بوو، ئا لەم بەروارەدا دەزانین، ئەو قەسرە چەنێ پارەی تێچووە!

ئەم قەسرە گەرمخانەیەکی گەورەی هەبوو، لە هیچ سەردەمێک و تەنانەت لەم ڕۆژەشدا مانەندی نییە، دەزانین سان بترزبۆرگ کەوتووەتە ناوچەی (سارده سێر)[1] لە وێدا جگە لە درەختەکانی (ساردەسێر) چ درەختێکی دی لێ ناڕوێت، سەرۆک

(١) ساردەسێر: پێچەوانەی گەرمەسێر.

وەزیران بەجۆرێ ئەو قەسرەی بۆ کاترین دروست کردبوو، پلەی گەرما لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا لە یەک ئەندازە بوو، هەموو درەخت و گوڵەکانی (گەرمەسێر) کە لە سەردەمی کاترنی دووەمدا ناسرابوون لەو قەسرەدا هەبوون.

هەر کەسێ چووبایەتە ئەو قەسرە تووتی دەبینی و تاوسەکانیش خۆیان گیڤ دەکردەوە، پەلەوەرەکانی ناوچەی (گەرمە سێر-یش) دەیان خوێند، کاترینی دووەم، بەگالیسکەی تیژڕەوی سەڵتەنەتی بە دوو سەعات لە پایتەختەوە دەچووە قەسرە نوێیەکەی. هەرکاتێ ویستبای بچێتە ئەو قەسرە، دۆستە نوێیەکەی، بەگالیسکە لەگەڵ خۆیدا دەبرد، هەر جارێکیش کە دەگەیشتە (قەسری نەوا) بۆ هەفتەیەک لەوێدا، دەمایەوە. لەو ماوەیەدا تەنیا یەک کەس بۆی هەبوو، کاترین ببینێ ئەو کەسەش (پوتمکین)ی سەرۆک وەزیران بوو.

پۆتمکین لەوە هۆشیارتر و وەفادار تر بوو کە بۆ کاری بێ ئەهمیەت بچێت بۆ (قەسری نەوا) بۆیە نەدەچووە ئەوێ، تەنیا بۆ ئەو کارانە نەبێت کە لایەنی مان و نەمانی بۆ ڕوسیا و خودی کاترین هەبا، ئەوجا دەچوو هەروەک ئەو جارەی کە وڵاتی پۆڵۆنیا دابەشکرایە سەر ڕوسیا و ئەڵمانیا و دوو وڵاتی دی، مەجبوور بوو بچێت بۆ (قەسری نەوا) و ڕووداوەکە عەرزی مەلیکەی جوانپەرست بکات.

نابەجێ نییە، ئەگەر بڵێین، لە کاتی دابەشکردنی پۆڵۆنیا (پۆنیاتۆ فسکی)ی پاشای ئەو وڵاتە چووە سان بترز بۆرگ و بووە عاشقی کاترین.

(پۆنیاتۆ فسکی)[١] پیاوێکی قۆز بوو، بەڵام مەلیکەی ڕوسیا بایەخی نەدایێ ئەم پیاوە لەم ئەفەرۆز کردنەی مەلیکە ئەوەندە موتەئەسیر و پەرێشان بوو، دەیویست خۆی بکوژێ سەرۆک وەزیران لەم حاڵەتانەدا ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بەکاترین دەکرد، کاترینیش دەیزانی سەرۆک وەزیرانەکەی لە خۆڕا نەهاتووە. بەڵکو کارێکی گرنگ و پەلە ناچاری کردووە بێت بۆ (قەسری نەوا) کاتێ کە سەرۆک وەزیران دەچووە ژوورەکەی کاترینی دووەم دەیبینی، مەلیکەی ڕوسیا، لەسەر دۆشەگێکی گەورەدا ڕاکشاوە شانی داداوەتە سەر چەند سەرینێک، سەری عاشقەکەی لەسەر ڕانی خۆی داناوە، وەک مناڵێ گەمە بە مووەکانی دەکات.

(١) ئەستانیلاس ئوگستوس پۆنیاتۆ فسکی، ١٧٣٢-١٧٩٨ دواهەمین پاشای پۆڵۆنیا.





کاترینی دووەم لە پاش تەمەنی پەنجا ساڵیدا، گەلێ قەڵەو بوو، لەبەر ئەوەی بەژن زراڤ بوو، کە سەری هەندێ لە عاشقەکانی دەخستە سەر سینگی لە تەنیشتی ئەو ژنەدا وەک مناڵ دەکەوتە ڕوو، هەر بۆیە هەندێ لە مێژوونووسانی ڕوسیا (مێژوونووسانی بەر لە شۆڕشی ئەو وڵاتە) بۆ ئەوەی پەرێزی کاترین پاک کەنەوە، دەیاننووسی مەلیکەی ڕوسیا بەموحیبەتی دایکێ بۆ کوڕەکەی خۆی، ئەمیش ئاوها ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن.

ترسی مێژوونووسانی ڕوسیا ئاسایی بوو، بەر لە شۆڕشی ڕوسیا، کەسانێ لەو وڵاتەدا سەڵتەنەتیان دەکرد، کە کاترینی دووەم داپیرەیان بوو، نەیاندەویست شتێ دەربارەی کاترینی دووەم و مێژووی ڕوسیا بنووسن و لەکەداری کەن.

بەڵام بەڵگەکان شتێکی دی دەخەنە ڕوو، ڕێک دژی ئەو قسانەیە کە دەگوترا، کاترینی دووەم وەک دایک چۆن سەیری مناڵی خۆی دەکات ئاوها سەیری دۆستەکانی خۆی دەکرد، یاداشتی هەندێ لە دۆستەکانی باسی وردترین شت و پەیوەندییە تایبەتییەکان دەکەن.

لە کۆی ئەو یاداشتانەدا ئەوەمان لا دروست دەبێ، کاترینی دووەم کە عاشقەکەی خۆی دەبرد بۆ قەسری نەوا، تا هەفتەیەک لێی جیا نەدەبووەوە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا مەحبوب لە تەنیشتی مەلیکەی ڕوسیادا ژیانی بەسەر دەبرد. زۆربەی ئەو گەنجانەی لەگەڵ کاترینی دووەمدا دەچوونە (قەسری نەوا) لە دۆستە نوێیەکانی کاترین بوون، هەرکە دەچوونە ئەو قەسرە، لە شوێنی تایبەتدا سوودی لە فرسەت وەردەگرت، بەبێ پەلەکردن، دۆستەکانی خۆی فێری ڕەمزەکانی عەشق دەکرد.

هەرکاتێ گەنجێ بەختەوەر با، ببا بەدۆستی کاترینی دووەم، بەڕاستی دەبووە خۆشەویستی ئەو ژنە، ڕازە ئاگرینەکانی خۆی بۆ ئەو گەنجە دەردەبڕی، ئەو گەنجەش فێر دەبوو چۆن عەشقی خۆی بۆ مەلیکە بخاتە ڕوو بۆیە هەر گەنجێ لە قەسری نەوا گەڕابایەتەوە، بەڕاستی دەبووە عاشقی مەلیکەی ڕوسیا، تەنانەت مەلیکە تەمەنی لە شەست ساڵیش تێپەڕیبا، ئەو گەنجە هەر دەبووە عاشقی.

گوتمان بەر لە شۆڕشی ڕوسیا، مێژوونووسانی ڕوسیا نەیانتوانیبوو، ڕاست و دروست ژیانی مەلیکە بنووسن، بەڵام لە هەمان کاتدا نووسەرە گەڕیدەکان لە وڵاتانی

دییەوە دەهاتنە ڕوسیا، ئەوەی دەیانبیست و دەیانبینی دەیاننووسی، نووسینەکانیان ئێستا هەیە و چاکترین بەڵگەیە بۆ پەیبردن بە ژیانی کاترینی دووەم.

دوو نووسەر کە هەردووکیان فەڕەنسین بەناوی (کلود هانری دو سان سیمۆن) و ئەویدیان (ڕایمۆن دوستەر) بوو.

یەکەمیان نووسەرێکی بەزەوق بوو، نابێ لەگەڵ (سان سیمۆن–ی) گەورەی مێژوونووسی دەرباری لویی پانزەهەمدا، ناوەکەیمان لا تێکەڵ بێت، بەڵام هەر لە هەمان بنەماڵەیە.

دووەمیشیان، نووسەر و پارێزەری بەرجەستەی فەڕەنسا بوو، یەکێ بوو لەوانەی بەرگری لە لویی شانزەهەمی پاشای فەڕەنسا دەکرد.

(کلود هانری دوسان سیمۆن) لە ساڵی ١٧٨٢دا کە کاترینی دووەمی مەلیکەی ڕوسیا تەمەنی پەنجا و حەت ساڵان بوو، چووە ڕوسیا و لە دەرباردا پێشوازی لێ کرا.

پێویست بە تەفسیل ناکات، کە زمانی فەڕەنسی لە سەردەمی پوترسی گەورەدا دووەم زمانی ڕەسمی دەربار–ی ڕوسیا بوو، پاشانیش بووە دووەمین زمانی ڕەسمی میللەتی ڕوسیا، تا ساڵی ١٩١٧، ڕوسیا ڕژێمی ئیمپراتۆری هەبوو، زمانی فەڕەنسی دووەم زمانی ڕەسمی ڕوسیا بوو، هەر بۆیە نووسەر و شاعیرە فەڕەنسییەکان، هەمیشە لە دەرباری ڕوسیادا بەجوانی پێشوازی دەکران بەتایبەتیش لە سەردەمی سەڵتەنەتی کاترینی دووەمدا.

کاتێ سان سیمۆن گەیشتە بترزبۆرگ مولازمێ بەناوی (سالتیکۆف) ببووە دۆستی مەلیکە، سان سیمۆن نووسیویەتی:

(سالتیکۆف) وەک زۆربەی عاشقەکان، لە لایەن (پوتمکین)ی سەرۆک وەزیرانی ڕوسیاوە بۆ مەلیکە هەڵبژێردراوە.

ڕۆژێ مەلیکە بەسواری ئەسپەوە سەیری ئیستعرازی سەربازەکانی گاردی ئیمپراتۆری دەکرد، بە بەر دەمیاندا تێدەپەڕین، چاوی بە مولازمێکی گەنج کەوت، بە نیگایەک سەرنجی ئەو گەنجەی دا، (پوتمکین) بەسواری ئەسپ، لە پاشییەوە دەڕۆیشت، یەکسەر تێگەیشت ئەو گەنجە بووەتە جێ سەرنجی مەلیکە، هەمان ڕۆژ





پاش تەواو بوونی ئیستعرازەکە، پوتمکین، ئەو گەنجەی بانگ کردە مەکتەبی خۆی و لێی پرسی: ناوت چییە؟

گەنجەکە گوتی: مولازم سالتیکۆف.

پوتمکین گوتی: تەمەنت چەندە؟

گەنجەکە گوتی: هەژدە ساڵ.

پوتمکین گوتی: هاوسەرت هەیە؟

گەنجەکە گوتی: نەء قوربان.

پوتمکین گوتی: ئەی دەزگیران؟

گەنجەکە گوتی: ئەویشم نییە.

پوتمکین گوتی: تا ئەمڕۆ موعاشەرەتت، لەگەڵ هیچ ژنێکدا هەیە؟

ئەو ئەفسەرە هەرکە ئەو قسەیەی بیست، تا بناگوێ سوور هەڵگەڕا.

پوتمکین گوتی: کافییە، بڕۆ بۆ لای پزیشکە تایبەتییەکەی خۆم، تا فەحست بکات، چووە لای پزیشکە تایبەتییەکەی سەرۆک وەزیران و فەحس کرا، پاشان سپاردییە ژنێک هەنێ ئەرکی فێرکات، لە ڕۆژی دواییدا سالتیکوف لە ڕێی خودی سەرۆک وەزیرانەوە بە کاترینی دووەم ناسێنرا.

سنان سیمۆن دەڵێ: من سالتیکۆفم بەپلەی سەرهەنگی ، چەند جارێکیش بینیوە، هەرجارێ بەپلەی سەرهەنگی دەمبینی، تەسەوری ئەوەم دەکرد، مناڵان دەیانەوێ گەمەی جەنگ بکەن چونکە پلەی سەرهەنگی لە قەڵافەتی ئەو گەنجە نەدەهات، لە دەربارەکانم بیستبوو، بەر لە دوو مانگ ئەم سالتیکۆفە پلەی مولازمی هەبوو، وا ئێستا بووەتە سەرهەنگ، دووریش نییە بەزوویی بگاتە پلەی ژنەڕاڵی.

لە سەرەتادا سالتیکوف، لەبەر چاوی مندا ئەوەندە جوان نەبوو، لە نێوان ئەفسەرەکانی گاردی ئیمپراتۆری ڕوسیادا گەلێ ئەفسەری لەو جوانتر هەن پاشان دەربارەکانی ڕوسیا پێیان گوتم. کاترینی دووەم حەزی لە گەنجانی کەم تەمەنە.

لە دەربارەکانیم بیست هەندێ لە عاشقەکانی مەلیکە، هەر لە یەکەم ڕۆژدا خۆیان لە بیر دەکەن و لە خۆ بایی دەبن و هەموو دەربارەکان لەخۆ بێزار دەکەن، بەڵام

سالتیکۆف، گەنجێکی خاکییە، وەکو هەموو ئەفسەرەکانی ڕوسیا، زمانی فەڕەنسی بەچاکی دەزانێت، پاش ئەوەی پێیان ناساندم، لەگەڵمدا گەرم بوو، دەمێکی بچووک و چاوە شینەکانی مەیلە و سەوز بوون، بۆی باس کردم کە مەلیکەی ڕوسیا حەزی لە چاوەکانییەتی.

هێشتا شوێنەواری منالّی پێوە دیاربوو، هەر کە قسەم لەگەڵ دەکرد، پێموابوو لەگەڵ منالّێکدا قسە دەکەم، چونکە ڕیش و سمێڵی نەبوو، ڕۆژێ لێم پرسی: ئایا مەلیکەت خۆش دەوێ، تکا دەکەم وەڵامی ڕاستم بدەوە، پاشان گوتم. من کەسێکی فەڕەنسیم چەند هەفتەیەکی دی ئێرە جێدێڵم، بۆیە نابێ لە من بترسیت. تەسەوڕی ئەوەش بکەیت ئەگەر حەقیقەتم بۆ باس کەیت بە گران لە سەرت دەکەوێتەوە.

سالتیکۆف گوتی: لە ناخی دڵەوە مەلیکەم خۆشدەوێ، خۆم بەبەختەوەرترین پیاوی جیهان دەزانم، چونکە سێ ڕۆژ لە هەفتەدا لە تەنیشتی کاترین دا ژیان بەسەر دەبەم.

گوتم، ئەو چوار شەوەی دیی مەلیکە چی دەکات؟

ئەو گەنجە گوتی: چوار شەوەکەی دیی مەلیکە تا بەیانی خەریکی کاری دەوڵەتە ڕاپۆرتەکان دەخوێنێتەوە، نووسراوەکان ئیمزا دەکات.

گوتم: ئایە لەو چوار شەوەی کە مەلیکە خەریکی کار کردنە، ئێوە بانگ ناکات؟

گەنجەکە گوتی: هەندێ جار لە ناوەڕاستی کارەکانیا بانگم دەکات و هەندێ قسان دەکەین و ئەوجا دەڵێ تۆ شەیتانی، ئامادەگیت تا بەر دەرگای ژوورەکە هەیە، ناتوانم بەردەوامی بەکارەکانی خۆم بدەم. ئێرە جێبێڵە تا فریای کارەکانی خۆم بکەوم!

لەو گەنجەم پرسی: پلەی ئێوە لە لای مەلیکەدا چییە؟

گوتی: ئەفسەری گاردی ئیمپراتۆریم، وەک ئەفسەرێکی حەرەسی ئەپارتمانەکەی مەلیکە، خزمەتم دەکرد، ئێستا گەیشتوومەتە پلەی سەرهەنگی، مەلیکە منی کردووەتە موڕافقی خۆی، ئێستا من موڕافیقی مەلیکەم.

گوتم: ئایا بەپێی بڕیارەکانی دەربار، موڕافیق دەتوانێ هەمیشە لە ئەپەرتمانەکەی مەلیکە دابێ؟

گەنجەکە گوتی: بەڵێ... دەبێ موڕافیق هەمیشە هاریکاری کارەکانی مەلیکە بکات،





بۆیە زەروورییە هەمیشە لە ئەپارتمانەکەی مەلیکە دابێت.

گوتم: لەوێدا ژووری تایبەتیت هەیە؟

سالتیکوف گوتی: ئەپەرتمانەکەی مەلیکە گەلێ بەرینە، چەندین ژووری تیایە، لەوێدا دوو ژوور و موشتەمەلاتم هەیە، یەک لەو دوو ژوورە ئۆفیسی منە، گەلێ ڕێکدەکەوێ شەوان مەلیکە لە کارکردن ماندوو دەبێ، لە ژوورەکەی خۆی دێتە دەرێ، سەر بەژوورەکەی منا دەکات، هەرکە بێتە ژوورەکەمەوە من لە خەو هەڵدەستم.

گوتم: وابێ مەلیکە ئێوە لە خەو هەڵدەستێنێ، لەم حاڵەتەدا هەست بەناڕەحەتی ناکەن؟

گەنجەکە گوتی: بەپێچەوانەوە، هەمیشە لە کاتی هاتنی مەلیکەدا، لە هەر سەعاتێکی شەودا بێت، گەلێ خۆشحاڵ دەبم. چونکە خۆشم دەوێ، دەشزانم ئەویش منی خۆشدەوێ.

گوتم: تۆ هەژدە ساڵانی و مەلیکە ژنێکە تەمەنی پەنجا و حەوت ساڵە، ئایە تۆ بەرامبەر بە ژنێک کە سێ تەمەنی تۆی هەیە. هەستی خۆشەویستیت بۆ هەیە؟

گەنجەکە گوتی: بەڵێ جەنابی سان سیمون، من مەلیکەم خۆشدەوێ.

گوتم: خۆشەویستییەکەی تۆ، وەک خۆشەویستی کوڕێکە بۆ دایکی خۆی.

گەنجەکە گوتی: نەء... جەنابی سان سیمون، خۆشەویستییەکەی من بۆ کاترینی دووەم عەشقە، ئەوم وەک مەحبووبی خۆم خۆشدەوێ. باوەڕ بکەن لەبەر چاوی منا هیچ کچێکی گەنج و جوان هێندەی مەلیکە درەخشان نییە، تۆ نازانیت ئەو ژنە چەند میهرەبان و بەسۆز و مەحبووبە. دوو جار ئاشنایەتیم لەگەڵ ژناندا هەبووە، لەوانە تەجرەبەم وەرگرتووە، تەجرەبەکەشم ئەمەیە، لە عەشقدا هیچ کەسێ وەکو کاترینی دووەم نییە و ناتوانێ وەکو ئەو پیاو بەختەوەر کات.

هەروەها سان سیمون دەڵێ: سالتیکۆف پێی گوتم، لەگەڵ دوو ژنی دیدا ئاشنایەتی پەیدا کردبوو، لەو دوو ژنەوە تەجرەبەی تاڵی بەدەست هێنابوو.

ئاشنا بوونی عاشقەکەی مەلیکە، لەگەڵ ژنەکانی دیکەی دەرباری ڕوسیا، شتێکی سەیر نییە، چونکە مەلیکە، کاتێ گەنجێ بۆ دۆستایەتی خۆی هەڵدەبژێرێ ئیدی

ئەوانی دی تێدەگەن کە ئەو گەنجە تەواو عەیارە و هەموو خەسڵەتەکانی پیاوێکی لێهاتووی تێدایە، بۆیە ژنەکانی دی هەوڵ دەدەن ئەو گەنجە فریو بدەن و بەرەو لای خۆیان ڕایکێشن، گەنجەکانیش، لەبەر ئەوەی کەم تەجرەبەن، جوانی ئەو ژنانە فریویان دەدات و کەمەنکێشیان دەکات و دەکەونە داوەوە، ئەگەر مەلیکەش بزانێ عاشقەکەی لەگەڵ ژنانی دیدا دەستی تێکەڵ کردووە، ئەوا عاشقەکەی دەردەکات. بەڵام وا ڕێکدەکەوێ عاشقەکەی مەلیکە پاش ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ ژنانی دیدا پەیدا دەکات، وەک سالتیکوف پەشیمان دەبێتەوە و لەو ژنانەش بێزار دەبێت، لەم حاڵەتەدا خۆشەویستییەکەی بۆ مەلیکە زیاتر دەبێت، یەکێکی دی لە نووسەرە فەڕەنسییەکان کە چووە ڕوسیا و کاترینی دووەمی بینی و دەربارەی ژیانی نووسینی هەیە، وەک گوتمان (ڕایمون دوستەر–ە) کە لە ساڵی ١٧٩٣دا سەفەری بۆ ڕوسیا کرد.

ئەو کاتەی کە ڕامون دوستەر گەیشتە پایتەختی ڕوسیا (پوتمکین) لە ژیاندا نەمابوو. سەرۆک وەزیرانی بەتوانای ڕوسیا لە ساڵی ١٧٩١دا مرد. (پوتمکین) ئەوەندەی سامان هەبوو، ملیۆنێک و سەد هەزار ڕەعیەت لە نێو موڵکەکانیدا کاریان دەکرد، هەموو ئەو موڵکانە کاترینی دووەم پێی بەخشیبوو، لەگەڵ ئەم هەموو سامان و دەسەڵاتەیدا، تەنانەت وەک موژیک–ێ[1] لە کونجەکەی خۆیدا گیانی نەسپارد بەڵکو وەک کەسێکی بێ شوێن و جێ و بێ کەس، لە کەناری ڕێ و لە ژێر ئاسماندا گیانی سپارد.

ڕۆژێ پوتمکین بەگالیسکە سەفەری دەکرد، لەپڕ وەزعی تێکچوو، ئەمری کرد گالیسکەکە بوەستێنن، هاتە خوارێ، لە تەنیشتی جادەکە و لەسەر زەویدا ڕاکشا.

چەند سوار و گالیسکە، لە پشتی ئەوەوە بوون، دابەزین و ویستیان سەرۆک وەزیرانی ڕوسیا لە زەوی بەرزکەنەوە، بەڵام هاواری کرد، لێمگەڕێن!

پاش چارەگە سەعاتێ، سەیریان کرد، سەرۆک وەزیران ناجووڵێتەوە لێی نزیک بوونەوە، بۆیان دەرکەوت مردووە!

(١) موژیک: ڕەعیەتی ڕووس.





دوو ساڵ پاش مردنی (پوتمکین) ڕایمۆن دوستەر، هاتە ڕوسیا، ئەو دەمە کاترینی دووەم، تەمەنی شەست ساڵ بوو.

کاترینی دووەم، پاش مردنی پوتمکین سەرۆک وەزیرانی دانەنا، نەیویست جارێکی دی لە دەربارردا، کەسێک دروست کات نفووزی تەواوی هەبێت، تەنانەت خۆی هەڵقورتێنێتە نێو کارە هەرە شەخسییەکانی مەلیکە.

ڕایمۆن دوستەری نووسەر دەڵێ: لە ساڵی ١٧٩٣دا چوومە سان بترزبۆرگ یەکسەر پەیوەندیم بەو فەڕەنسییانەوە کرد کە لەوێدا دەژیان، لە سان بترزبۆرگ دا کەمینەیەکی فەڕەنسی دەژین، هەندێ لەو فەڕەنسییانە، کە دەگەیشتنە پایتەختی ڕوسیا میهرەبانی دەزگا دەوڵەتییەکانی ڕوسیایان دەبینی، ئیدی ئەو وڵاتەیان جێ نەدەهێشت و دەبوونە موقیمی هەمیشەیی ئەو وڵاتە.

پاش چەند ڕۆژێ، لە ڕێی فەڕەنسییەکانەوە ناسیاویم لەگەڵ ئەشرافەکانی ڕوسیادا پەیدا کرد، دەبێ ئەوەش بڵێم، لە سان بترزبۆرگ دا، قسەی هەموو مەحفەلی ئەشرافەکان، بەو مەرجەی متمانەیان بەیەکدی هەبێ دەربارەی ژیانی کاترینی دووەمی مەلیکەی ڕوسیایە، کاتێ گەیشتمە سان بترزبۆرگ، لە مەحفەلی ئەشرافەکاندا، قسە تەنیا دەربارەی عاشقە نوێیەکەی مەلیکە بوو، ئەم عاشقە ناوی (پاولوڤیچ) بوو مەلیکەی ڕوسیا، پاولوڤیچی لە (قازان) بینیبوو، عەشقەکەی مەلیکە بەرامبەر بەم گەنجە، یەکێ لە ئەفسانە کۆنەکانم وەبیر دەخاتەوە.

لە (قازان)دا عادەت وایە، هەندێ فرۆشیار، بەتایبەتی سەوزە فرۆشەکان، سەوزییەکانی خۆیان دەخەنە نێو دوو سەبەتەوە، دارێکی درێژیش بەهەردوو لاوە بە سەبەتەکانەوە دەبەستنەوە، ناوەندی دارەکە دەخرێتە سەر شان، هەردوو سەبەتەکەش لەمسەر و ئەوسەری دارەکەدا جێگیر دەبن. ئەوەی ئەم دارە دەخاتە سەر شان بەبێ ماندوو بوون چەند سەعاتێک دەتوانێ هەڵیانگرێ.

کاترینی دووەم لە قازان دا، بەشەقامێک تێدەپەڕێ، گەنجێ دەبینێ دوو سەبەتەی بەدارەوە بەستووە و دارەکەشی خستووەتە سەر شانی و بەشەقامەکەدا تێدەپەڕێ، هەر کە مەلیکەی تەمەن شەست و سێ ساڵەی ڕوسیا چاوی بەو گەنجە کەوت، یەکسەر حەزی لێ کرد، فەرمانی دا بەیەکێ لە خزمەتکارەکانی، بچێت کارێ بکات،

ئەو گەنجە بەمەلیکە، بناسێنێت، خزمەتکارەکەی مەلیکە لە گالیسکەکە دابەزی، تاقیبی ئەو گەنجە سەوزە فرۆشەی کرد، تا پێی گەیشت.

کاتێ ئەو گەنجە چاوی بەخزمەتکارەکەی کاترین کەوت کە پۆشاکی ڕەسمی دەرباری پۆشیوە، ترسا، چونکە سەیری کرد بۆ کڕینی سەوزە نەهاتووەتە لای، خزمەتکارەکەی کاترین لەو گەنجەی پرسی: ناوت چییە؟

گەنجەکە گوتی: نیکۆلاپاولوڤیچ.

نۆکەرەکە گوتی: خەڵکی کوێیت؟

گەنجە سەوزە فرۆشەکە گوتی، ناوی یەکێ لە دێهاتەکانی نزیکی قازان–ی هێنا نۆکەرەکەی کاترین گوتی: دەستهاتی سەوزە فرۆشیت چەندە؟

گەنجەکە گوتی: سی تا چل کوپیک، هەندێ ڕۆژ پەنجا کوپیک.

نۆکەرەکەی کاترین گوتی: دەتەوێ دەستهاتی ڕۆژانەت دە ڕۆبڵ بێت؟

گەنجەکە گوتی: چۆن دەتوانم ڕۆژێ دە ڕۆبڵ وەدەست بێنم؟ دە ڕۆبڵ دەستهاتی ڕۆژانەی گۆبەرناد–ێکە(١) سەوزە فرۆشێکی بێ سەرمایە، دوکانی نییە و دەستگێڕە، ناتوانێ لە ڕۆژێکدا تەنانەت ڕۆبڵێ پەیدا بکات.

نۆکەرەکەی کاترین گوتی: تۆ ئەگەر ببیت بە نۆکەر وەعدت دەدەمێ ڕۆژێ دە ڕۆبڵت دەسکەوێ.

گەنجەکە گوتی: ئامادەم ببم بە نۆکەر، بەڵام چ کەسێ من بەنۆکەر ناگرێ.

نۆکەرەکەی کاترین گوتی: ئەگەر ملکەچ بیت و هەر شتێکت پێ بڵێین قبوڵی کەیت، دڵنیات دەکەم بە نۆکەری وەرتدەگرن... نۆکەری غەیری سەوزە فرۆشییە، ئێستا تۆ سەوزە فرۆشی، هەر پۆشاکێکت بوێ دەیپۆشی، لە هەر شوێنێکدا حەز بەنووستن بکەیت دەنوویت، هەر جۆرە خۆراکێکت بوێ دەیخۆیت، بەڵام نۆکەر دەبێ پۆشاکەکەی پاک بێت، لە ژووری خاوێندا بنوێت، لە کاتی خۆراک خواردندا دەبێ بە کەوچک و چەنگاڵ و چەقۆ خۆراک بخوات، دەبێ پارووەکانی بچووک بن.

نۆکەر نابێ پەنجە بخاتە نێو دەم و لووتی خۆیەوە، دەبێ هەموو ڕۆژێ خۆی

(١) گۆبەرناد: حاکم.





بشوات، نابێ بۆنی ئارەقی لێ بێت، ئەگەر موو بەلەشییەوە بوو، دەبێ بیانتاشێ.

ئەم گەنجە لادێیە، هەموو ئەم مەرجانەی قبوڵ کرد، نۆکەرەکەی کاترین پێی گوت: باشە وەرە بتبەمە ئەو ماڵەی کە لەوێدا نۆکەری تیا بکەی.

گەنجەکە گوتی، لێگەڕێ با سەوزەکانم بفرۆشم، ئەوجا دێم بۆ لات.

نۆکەرەکەی کاترین گوتی: سەوزەی خۆشت بێنە بۆ ئەو ماڵە لێتی دەکڕن، ئیدی نابێ بەخەڵک بڵێیت (تۆ) دەبێ بڵێی (ئێوە).

گەنجە سەوزە فرۆشەکە لەگەڵ نۆکەرەکەی کاترینی دووەم کەوتە ڕێ، گەیشتنە ئەو ڕووبارەی کە بەنێو قازاندا تێدەپەڕی، نۆکەرەکە بەو گەنجە لادێیەی گوت: سەبەتەکان و دارەکە توور هەڵدە نێو ڕووبارەکە!

پاولوڤیچ بە ترسەوە گوتی: بۆچی؟

نۆکەرەکەی کاترین گوتی: نرخی سەبەتەکان و سەوزەکە چەنێیە؟

پاولوڤیچ، پاش دەقیقەیەک حیساب کردن گوتی: سێ ڕۆبڵ.

نۆکەرەکەی مەلیکە پێنج ڕۆبڵ–ی لە گیرفان دەرهێنا، دایە ئەو گەنجە و گوتی: ئەمەش نرخی سەبەتە و سەوزەکەت.

ئەگەرچی پاولوڤیچ نرخی کاڵاکانی خۆی وەرگرتبوو، دڵی نەدەهات دەستبەرداریان بێ، نۆکەرەکەی کاترین، ناچاری کرد سەبەتە و سەوزە و دارەکە توور هەڵداتە نێو ڕووبارەکە.

گەنجەکەی سواری عەرەبانەیەکی کرێ کرد، لە قازاندا بردییە ماڵێک کە خزمەتکارەکانی دەرباری تیا نیشتەجێ ببوون، بردیان بۆ حەمام، پاش خۆشۆردن، سەرتاشێکیان هێنا، مووە ئاڵۆزەکانی سەریان تاشی، پۆشاکی نوێیان لەبەر کرد، پاولوڤیچ–ی سادە، بەپۆشاکی نوێ خۆی لە ئاوێنەدا بینی، ترسی لێ نیشت، دەیویست لە خۆی دەرباز بێت، پاشان ئەم گەنجە لادێییەیان سپاردە ژنە خزمەتکارێکی کاترین.

ئەو ژنە سەرتاپا پاولوڤیچ–ی دایە بەر سەرنج، بۆی دەرکەوت جگە لە پێیە گەورەکانی، چ عەیبێکی دیی نییە، ئەم گەنجە تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو لە ڕووی

قەڵافەت و ئەندامەکانی لەشی، ڕێک لەگەڵ سەلیقەی کاترینی دووەمدا دەگونجا.

لادێییەکان، لە هەندێ ناوچەدا، بەتایبەتی لە هەرێمی قازان دا لە شارنشینەکان بەقەڵافەتترن، ئەگەرچی پاولوڤیچ تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو، لە ڕووی لەش و قەڵافەتەوە، لە گەنجێکی حەڤدە ساڵە درشتتربوو، بەڵام ژنە خزمەتکارەکە دەیزانی درشتی ئەندامەکانی لەشی ئەم گەنجە نابێتە مایەی بێزاری مەلیکەی ڕوسیا. تەنیا مەرجی سەرەکیش ئەوەیە دەبێ عاشقەکانی کاترینی دووەم کەم تەمەن بن.

ئەگەرچی پاولوڤیچ تەقریبەن مناڵ بوو، بەسادەییەکەی خۆی ئەوەی دەسەلماند کە لە هەموو شتێک بێ ئاگایە، ژنە خزمەتکارەکەی کاترینی دووەم ئەم گەنجەی ناردە لای پزیشک، بۆ دڵنیابوون لە ساغ و سەلیمی. پزیشکەکە فەحسی کرد و سەلامەتییەکەی سەلماند. ئەو ژنە خزمەتکارە ویستی بەجۆرێ ئەو گەنجە پەروەردە بکات لایق بێت تا موعاشەرەتی کاترینی دووەم بکات، ڕوو بەڕووی دوو کێشە بووەوە، یەکەمیان لەهجە لادێییەکەی بوو، کە نەدەگۆڕا، دووەمیشیان پەروەردەکەی بوو، لە ڕوسیادا، لە سەردەمی سەڵتەنەتی کاترینی دووەم، بەر لەم و پاش ئەمیش بە شلاق نۆکەرانیان پەروەردە دەکرد.

(دیدرۆ) نووسەر و فەیلەسووفی فەڕەنسی، خاوەنی ئەنسکلۆپیدیای فەڕەنسا، کە لە لایەن کاترینی دووەمەوە دەعوەت کرا بچێت بۆ ڕوسیا لە شەقامەکانی مۆسکۆدا، دەیبینی هەندێ کەس بەسەر دەما ڕاخراون و شلاق–یان لێدەدەن، لە سونگەی ئەم حاڵەتەی پرسی، بۆی دەرکەوت، ئەمانە نۆکەرن و بەئەمری خاوەنەکانیان شلاقیان لێدەدەن، لە هەموو مەعەسکەرەکانی ڕوسیاش، بە شلاق لە سەربازەکانیان دەدا.

لە (سان بترزبۆرگ)دا دیمەنی شلاق لێدانی نۆکەرانم نەبینی، چونکە ئەشرافەکانی سان بترزبۆرگ لە ئەشرافەکانی مۆسکۆ، شارستانیترن بەڵام لە خەڵکانی جێی متمانەم بیست، لە ماڵەکاندا بەشلاق لە نۆکەرەکانیان دەدەن.

(کۆنت دو پروڤنس)ی برای لویی شانزەهەم، کە سەفەری بۆ ڕوسیا کرد و گەڕایەوە، بەبراکەی گوت: حکومەتی ڕوسیا، حکومەتی شلاقە، بەڵام خزمەتکارەکانی کاترینی دووەم نەیاندەتوانی بڵێن، ئەو گەنجەی دەبێتە مەحبوبی مەلیکەی ڕوسیا بەشلاق پەروەردە بکرێ، چارەیان نەبوو، جگە لەوەی بەنەرمی پەروەردەی کەن، فێری





دانیشتن و هەڵسان و خۆراکخواردن و بەتایبەتی خەوتنی بکەن.

پاولوڤیچ وەکو هەموو لادێییەکانی ڕوسیا، نەخوێنەوار بوو، زبرێکی خۆرسکی هەبوو، نەیدەتوانی وشەی عاشقانە بەڕیتمی سۆزی عاشقێک بهێنێتە سەر زمان، جوانترین وشەی عاشقانە کە لە دەمی دەهاتە دەر وەکو جنێو دەکەوتە ڕوو، ئەگەر لە حزووری کاترینی دووەمدا هیچی نەگوتبا و بێدەنگ با، ئەوا کاترین لێی بێزار دەبوو، چونکە کاترین لە گفتوگۆ لەگەڵ خۆیشەویستەکەیدا لەززەتی زیاتر وەردەگرت.

عاقیبەت ژنە خزمەتکارەکەی مەلیکەی ڕوسیا، بێزار بوو، چووە لای کاترینی دووەم و پێی گوت: ئەم گەنجە قۆزەی ئێوە پەسەندتان کردووە، لادێییە و نەخوێنەوارە، هەرگیز ناچێتە ژێر باری پەروەردەوە ناتوانێ ئسولی موعاشەرەت فێر بێت، ناتوانێت قسە بکات دەترسم ئێوە لەم گەنجە بێزار بن و من بەمەسئول بزانن کە لە پەروەردەیدا قسورم کردبێ.

کاترینی دووەم گوتی: لەم ڕووەوە سەلیقەم گۆڕاوە، هەست دەکەم حەزم لە گەنجێکە لە وەحشی دەچێت، با لەگەڵ مندا عاشقێکی بیابانی بێت و ئاگای لە بچووکترین ئسوڵ و ڕەمزەکانی موعاشەرەت نەبێ، ئەم گەنجە دەبێتە یەکەم عاشقی بیابانیم و قبوڵمە.

ژنە خزمەتکارەکەی مەلیکە پاش ئەوەی خۆی لە ژێر باری مەسئولیەت دەرکرد، ئەو گەنجە لادێییەی بەکاترینی دووەم ناساند.

کاتێ پاولوڤیچ چووە ژوورەکەی مەلیکەی ڕوسیا، شەبقەکەی لەسەر لادا، وەک هەموو لادێیەکانی ڕوسیا، ڕێز بۆ گەورەکانی خۆیان دەنوێنن، ئەمیش ئاوهای کرد.

کاترینی دووەم، کە مووە جوانەکان و قەڵافەتە دڵپەسەندەکەی ئەو گەنجە لادێیەی بینی، گوتی: نیکۆڵای بچووکی من، نزیک بەرەوە و لە تەنیشتی مندا دانیشە.

پاڤلوڤیچ نزیک بووەوە، بەترسەوە لە تەنیشتی کاترینی دووەمدا دانیشت، بەڵام هیچ نەدەجووڵایەوە، ترسی ئەوەی هەبوو، جووڵەیەک بکات دژ بەعادەت و ئەرکەکانی خۆی بێت.

مەلیکەی ڕوسیا گوتی: من کێم؟

پاڤلوڤیچ گوتی: دایک-ی بچووکیت.

لە ڕوسیادا، خەڵکە عەوامەکە، بەئیمپراتۆری ڕوسیایان دەگوت (باوکی بچووک) ئەو کاتەی کە ڕوسیا مەلیکەی هەبوو، بەمەلیکەیان دەگوت (دایکی بچووک) ئەم عادەتە هەتا سەردەمی نیکۆلای دووەم، دوا ئیمپراتۆری ڕوسیا هەر بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩١٧دا بۆ یەکجاری ئەم عادەتە لەنێو چوو.

مەلیکەی ڕوسیا، قاقا دەستی بەپێکەنین کرد، ئەو گەنجە لەنێو ئەو پۆشاکانە نارەحەت بوو، پێی گوت: نێکۆلای هەڵسە و ئەو ردنکۆتە لەبەری خۆت داکەنە، تا ئیسراحەت بکەیت، پاڤلوڤیچ ردنکۆتەکەی داکەند، جارێکی دیی پێی گوت: نێکۆلای بچوکەکەی من، وا تەسەوڕ بکە من مەلیکەی ئەم وڵاتە نیم، یەکێکم لە ژنە لادێیەکان، تۆ ئەو ژنانە چاک دەناسی، چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەواندا دەکەیت، ئاوهاش ڕەفتار لەگەڵ مندا بکە!

ئەو گەنجە لادێییە، نەیتوانی حاڵی بێت، کاترین چ دەڵێت.

مەلیکە کە بێدەنگییەکەی ئەو گەنجەی بینی، خواستەکەی خۆی دووبارە کردەوە، پاڤلوڤیچ گوتی: من لە لادێدا، لەگەڵ ژنە لادێیەکاندا دەچووینە پێدەشتەکان، لە کاتی جووتکردندا خۆمان بەگاسینگەوە دەبەست و جووتمان دەکرد.

کاترینی دووەم گوتی: ئایا کارەکەت لەگەڵ ژنەکاندا هەر ئەمە بوو؟

گەنجە لادێیەکە گوتی: بەڵێ.

نابێ لەم سادەییە، تووشی سەرسوڕمان بین، چونکە هەموو لادێ نشینەکانی ڕوسیا، لە هەموو سەردەمێکدا سادە و داوێن پاک بوون، تەنانەت ئەمڕۆش کە وەزعی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ڕوسیا، لە ئاست ڕابردوودا، گەلێ گۆڕاوە، لەگەڵ ئەمەشدا چینی جووتیاری ڕوسیا، وەک کۆن هەر سادەن.

کاترینی دووەم سەیری کرد ئەم گەنجە گەلێ بێ ئاگایە، بەپەیڕەوی زەوق و مەشرەبی خۆی هاتە سەر ئەوەی ببێتە ڕانما و مامۆستای ئەم گەنجە لادێییە، بەڵام تووشی بەرگری پاڤلوڤیچ بوو، سونگەی بەرگری ئەم گەنجە لادێییە ئەوە بوو، کاترینی دووەمی گەلێ بە پیر دەزانی، بە خۆڕسک قبوڵی نەدەکرد ملکەچی ئەو ژنە بەدەسەڵاتە بێت پاڤلوڤیچ، لە ژیانی عاشقانەی کاترینی دووەمدا، یەکە کەس بووە





بەرامبەر دەسەڵاتی ئەو ژنە بوەستێ، چونکە نەیدەتوانی پەی بەقودرەت و دەسەڵاتی ئەو ژنە ببات، هەر بە خۆڕسکیش نەیدەتوانی خۆی بە بەزیو بخاتە ڕوو. گەنجەکانی دیی یا سەر بەئەشرافەکان بوون، یا بەشێوەیەکی چاک تەعلیم و تەربێت درابوون، دەیانتوانی بزانن مەلیکەی ڕوسیا کێیە.

ئەوانە، ڕەنگە لە ساتەکانی یەکەمدا (ئەڵبەتە لە سەردەمی پیریەتی کاترینی دووەمدا) لەو ژنە بێزار دەبوون، پاش ئەوەی دەکەوتنە بەر خۆشەویستی کاترینەوە، بێزارییەکە لەنێو دەچوو و موحیبەت جێی ئەو بێزارییەی دەگرتەوە. هەموو ئەوانەی کە لە قەسرەکەی کاترینی دووەم دەردەکران کەم و زۆر عاشقی ئەو ژنە بوون، بەڵام پاڤلوڤیچ-ی سادە نەیدەتوانی لە ساتەکانی یەکەمدا خۆی وا بنوێنێ کە عاشقەکەیەتی، چونکە هەر کە کاترینی دەدایە بەر سەرنج لە دایکی گەلێ بەتەمەنترە، تەنانەت لە داپیرەشی گەورەترە.

کاترینی دووەم دەیزانی بە ئەفسوونی موحیبەتی هەر جانەوەرێ ڕام بکات ئەو گەنجەی گرتە باوەش، سەری خستە سەر سینگی خۆی دەستی بە نەوازشی کرد، بەڵام پاڤلوڤیچ دەست و پێی ڕادەتەکان لە هەوڵی ئەوە دابوو، خۆی لە چنگی مەلیکە ڕزگار بکات.

ئێمە کە ئەم وەزعە دەخوێنینەوە وای بۆ دەچین کە مەلیکەی ڕوسیا لە بەرگری ئەم گەنجە تووڕە دەبێ و دەری دەکات، ڕەنگە وەک ئەلیزابێتی مەلیکەی ئینگلستان ئەو گەنجە بسپێرێتە دەستی جەللاد بەڵام کاترنی دووەم بۆ دۆستەکەی بەوەفاتر بوو لەوەی ئازاری بدات هەر کەسێ ببایە بە دۆستی مەلیکە، تا دوا تەمەنی بەختەوەر دەبوو.

مەلیکەی ڕوسیا وەک بە ژنە خزمەتکارەکەی گوت، دەیزانی بەرگرییەکەی پاڤلوڤیچ لە سادەییەوەیە، نەک لە نیەت خراپی ئەو گەنجە سادە لادێییە نەیدەزانی کە بووەتە مەحبووبی مەلیکە و چ سوودێکی گەورەی پێدەگات.

کاترینی دووەم، هەرگیز بەرگری لە عاشقەکانی خۆی نەبینیبوو، کە ڕوو بەڕووی بەرگرییەکەی پاڤلۆڤیچ بووەوە زیاتر حەزی لێ کرد ئەویش بەهۆی بنەما گشتییەکەی دەروونناسی، تەبیعەتی ئینسان وایە، هەر شتێ دەستی نەگاتێ زیاتر حەزی لێ

دەکات، هەر بۆیە مێوەی مەمنوع بە لەززەتترە، لە میوەی ئاسایی کە هیچ لەززەتێکی نییە.

کاتێ کە کاترینی دووەم لە دووەم دیدەنی ئەو گەنجە و لە ڕامکردنی مەئیوس بوو، لە تەنیشتی خۆیەوە خەواندی، بەو ئومێدەی کە بتوانێ لە ڕۆژان و شەوانی دیدا ئەو گەنجە نیوە وەحشییە ڕام کات. بەڵام مانەوەی لە قازاندا کۆتایی پێهات ناچار بوو، بۆ پایتەخت بگەڕێتەوە.

ئەگەرچی ئەو گەنجە لادێییە بایەخی بەمەلیکەی ڕوسیا نەدابوو، بەر لەوەی مەلیکە قازان جێ بێڵێ، فەرمانی دا خزمانی ئەو گەنجە لە ڕووی بژێوییەوە خۆشگوزەران کات، پێیانبڵێن پاڤلوڤیچ بۆ خزمەتکردنی مەلیکە دەچێت بۆ پایتەخت، لەوێدا خۆش دەشگوزەرێنێ و پێشدەکەوێ خزمەکانی پاڤلوڤیچ لە خوایان گەرەک بوو، ئەم گەنجە ببێتە جێی سەرنجی مەلیکەی ڕوسیا و بچێت بۆ پایتەخت.

نیکۆڵا پاڤلوڤیچ لە سەرەتای ساڵی ١٧٩٤ لە زەویی بە بەفر داپۆشراو چووە پایتەختی ڕوسیا، بەسورتمە[1] هەندێ ڕێگای بڕی.

پاش ئەوەی ئەو گەنجە گەیشتە پایتەخت، چاوی بە شکۆ و عەزەمەتی قەسری سەڵتەنەتی کەوت، سەیری کرد، پیاوان و ژنانی دەربار، تەمەلوقیان بۆ مەلیکە دەکرد، ئەگەرچی لادێیی بوو زانیی مەلیکە لە تەسەوڕەکەی ئەم گەلێ گەورەترە.

لە زستانی ئەو ساڵەدا پاڤلوڤیچ لەگەڵ مەلیکەی ڕوسیا، چوونە قەسری نەوا، کە گەورەترین گەرمخانەی جیهان لەنێو ئەو قەسرە دابوو پاڤلوڤیچ تەمەنی بەرەو هەژدە ساڵی دەچوو. مەلیکەی ڕوسیا بەئەو پەڕی شەوقەوە حەزی لەم گەنجە لادێییە سادەیە کرد و توانی کەمەنکێشی بکات بەجۆرێ موحیبەت و نەوازشەکانی کاترینی دووەم ئەو گەنجەی ڕام کرد، بووە عاشق و شەیدای ئەو ژنە تەمەن شەست و چوار ساڵە، ئەو گەنجە هەر چییەکی لە دڵدابا دەیگوت، کاترین نەیدەتوانی دەستبەرداری بێت، خزمەتکارەکەی کاترینی دووەم لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی:

هەر شەوێ کە پاڤلوڤیچ و مەلیکەی ڕوسیا، بەیەک دەگەیشتن، ئەگەرچی جیاوازی تەمەنیان زۆر بوو، کەچی وەک دوو عاشق و مەعشووقی گەنج وابوون، کە چەندین

(١) سورتمە: ئەو عەرەبانەیە کە بەسەر بەفردا دەخزێ.





ساڵە چاوەڕێی بەیەک گەیشتن دەکەن، پاڤلوڤیچ بەکاترینی دووەمی دەگوت: ئەگەر ڕۆژێ ژنە لادێیەکان لە گوندەکەی خۆماندا ببینم، دەزانم چ جۆر ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەم، چونکە ئێوە فێرتان کردم چۆن ڕەفتار لەگەڵ ژنە بچکۆڵەکاندا بکەم.

کاترینی دووەم دەیگوت: نیکۆڵای- چکۆڵەکەم، بەئومێدم قەت ئەو ڕۆژە نەیێت، تۆ خۆت لە من بەدوور بگری و بچیت لەگەڵ ژنە لادێیەکاندا موعاشەڕەت بکەی.

ئەو کاتە، ئەو کوڕە گەنجە سەری دەخستە سەر ڕانی مەلیکە و دەیگوت: نەء (دایکە چکۆڵەکە) هەرگیز ئەو ڕۆژە نایێت.

شەوێ کاترین بەعاشقە گەنجەکەی خۆی گوت: نیکۆڵای ئازیز تۆ تازە تەمەنت دەبێتە هەژدە ساڵان، بەڵام تەمەنی من شەست و چوار ساڵی تێپەڕاند، تۆ لە سەرەتای گەنجییەتیدای، منیش دوا ساڵەکانی تەمەنی خۆم دەگوزەرێنم، دەترسم پاش مەرگم هیچ ژنێ بەئەندازەی من تۆی خۆش نەوێ و قەدری گەنجی و جوانی تۆ نەزانێت، چونکە تەنیا منم کە دەتوانم بزانم جوانی و گەنجی تۆ چ بەهایەکی هەیە.

پاڤلوڤیچ سەری خستە داوێنی مەلیکە و دەستی بەگریان کرد و گوتی: (دایکە چکۆڵەکە) ئەگەر ڕۆژێ تۆ بمری، هیچ ژنێک منی خۆشناوێت، چونکە ئەو دەمە من بەزیندوویەتی نامێنمەوە، تا منی خۆشبووێت. کاترینی دووەم بۆ ئەوەی خۆشەویستییەکەی خۆی تاقی بکاتەوە چەند جارێ داوی بۆ نابووەوە، بەو ژنە گەنج و جوانانەی (کە مەحرەمی خۆی بوون و لە دەرباردا کاریان دەکرد) گوتبووی کە پاڤلوڤیچ لەگەڵ خۆیاندا ببەن بۆ شوێنی خەڵوەت، ئەگەر ویستی تەسلیمی بن. کەچی هەر کاتێ ئەو ژنە گەنجانە دەیانویست فریوی بدەن پاڤلوڤیچ لە دەستیان ڕای دەکرد.

پاڤلوڤیچ گەلێ لەوە سادەتر بوو کە تێبگات مەلیکە داوی بۆ ناوەتەوە.

ڕاکردنەکەی لە دەستی ژنە دەربارەکان تەنیا لە مەبەستی ئەوە بوو مەلیکەی خۆشدەویست.

ڕۆژێ کاترینی دووەم لەگەڵ پاڤلوڤیچ دا لە تەنیشتی یەکدی دانیشتبوون لە ئاوێنەیەکی گەورەدا سەیری خۆیان دەکرد، کاترینی دووەم ڕوخساری خۆی چەسپاندە قەد ڕوخساری پاڤلوڤیچ و گوتی: ئێستا بەراورد بکە و سەیرکە

جیاوازیمان تا چ ڕادەیەکە، حەز دەکەی یەکێ لە کچەکانی دەربار–ی خۆمت لێ مارە بکەم، هەمـوو جەهـیزەکـەشی لە ئەسـتۆی مندا بێت تا تەمـەنت مـاوە لەگـەڵ ژنێکی هاوتەمەنی خۆتدا خۆش بگوزەرێنی؟

پاڤلـوڤـیچ گـوتی: تۆ بەتـەنیـا لە هـەمـوو ژنەکـانی دەربارەکـەت بۆ من جـوانـتـر و خۆشەویستتری.

کـاترینـی دووەم گـوتی: من جـوان نیم، بـەڵام دڵنیـات دەکـەم. هـیـچ کـچـێکی گـەنج بەئەندازەی من تۆی خۆش ناوێت.

بەجۆرێ ئەم گەنجە لادێییە عەشقەکەی خۆی دەردەبڕی و خواستەکانی ئەو ژنەی لە ناخـەوە قـبـوڵ دەکـرد، تەنانەت ڕۆژێ کاترنی دووەم بە ژنە خـزمـەتکارەکەی خـۆی گـوت: ئەم گـەنجـە، هەرگـیـز دەسـتـبـەرداری من نـابێت، ئەم خـۆشـەویسـتـیـیـە هەمیشەییەی ئەم گەنجە بـۆ ئەم تەمەنـەی من شتێکی ئاسـایی نییـە، ترسی ئەوەم هەیە پاڤلوڤیچ شێتایەتێکی هەبێت!

ئەم گـەنجـە لادێییـە، شـێت نەبوو لـەو کاتـەی خـۆی ناسـیـوە خـۆی لـە تەنیـشـتی مـەلیکەی ڕوسیادا بینیوە، سـەراپای وجودی پڕ بووە لە خۆشـەویستی ئەو ژنە، هـەر بۆیە نەیدەتوانی لەگەڵ ژنانی دیدا موعاشەرەت بکات.

ڕۆژێ لە قـازان–ەوە نامـەیەک گـەیشـتـە دەسـتی پاڤلوڤـیچ خزمـەکانی ئاگـایان لە وەزعی پاڤلوڤیچ نەبوو، لەو نامەیەدا گوتبوویان حەز دەکەین بتبینین.

پاڤلوڤیچ هیچ شتێکی لە مەلیکە نەدەشاردەوە، نامەکەی نیشانی کاترنی دووەم دا کاترین گوتی: ئازیزە چکۆڵەکەی من، دەتەوێ بۆ دیدەنی خزمەکانت بچیت بۆ قازان؟

پاڤلوڤیچ گوتی: نەخێر تەنیا ویستم نامـەکەت نیشـان دەم، چاکترین خزمی من تۆیت، هەرگـیـز تۆ بەجێ ناهێڵم مـەگـەر... چاوەکانی ئەو گەنجـە لادێیـیـە پڕ بوون لە فرمێسک، مـەلیکەی ڕوسیـا باوەشی بۆ کردەوە و گوتی: بۆچی دەگریت و قسەکانی خۆت تەواو نەکرد؟

ڤاڤلوڤیچ گوتی: من هەرگیز تۆ جێ ناهێڵم، مەگەر تۆ خۆت دەرمکەیت.

کاترینی دووەم دەیزانی ئەو گەنجە گەلێ سادەیە، هەرچییەک دەڵێ ڕاست دەکات. ماوەیەک نەوازشی کرد و پاشان گوتی: من هەرگیز تۆ جێ ناهێڵم.

# پوترسی سێهەم-ی هاوسەری
# کاترینی دووەم شێت بوو

یەکێ لە کتێبە عەجیبەکان، یادگاری ڕابووردووە، کتێبێکە بەناوی (عەشقەکانی کاترینی دووهەم) بەقەڵەمی (فریدا)ی خزمەتکاری کاترین نووسراوە و ئێستا ئەو کتێبە هەیە.

(فریدا) کچێکی ئەڵمانی بوو، لەگەڵ کاترینی دووهەمدا لە ئەڵمانیاوە هات بۆ ڕوسیا.

ڕەنگە خوێنەران ئاگایان لەوە بێ، کە کاترینی دووهەم خەڵکی ئەڵمانیایە، لە سەردەمی گەنجییەتیدا بۆ پوترسی سێهەمیان خواست کە ئەو دەمە وەلیعەهد بوو، کاترینی دووهەم ناوی (سۆفی) بوو لەگەڵ فریدای خزمەتکار و هاوتەمەنی هاتن بۆ ڕوسیا.

خودی فریدا نووسیویەتی: من و مەلیکەی ڕوسیا لە منداڵییەوە بەیەکەوە بووین ئاگام لە هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕوحی و ئەخلاقی مەلیکە بوو.

لە هەموو ڕووداوەکانی ژیانی کاترینی دووهەم بەئاگا بوو، یاداشتنامەیەکی دوای خۆی جێهێشتووە لە ڕووی مێژووییەوە ئەهەمیەتی خۆی هەیە ئەمەیش بەشێکە لە یاداشتەکانی:

کاتێ پوترسی سێهەم لەسەر تەختی سەڵتەنەتی دانیشت، تەمەنی سی و چوار ساڵان بوو، هەرکەسێ پوترسی دیبا، تەسەوری دەکرد شێتێکە و لە شێتخانە ڕایکردووە، چەناگەی خوارووی، هەمیشە لەگەڵ چەناگەی سەروویدا فاسیلەیەکی هەبوو، هەندێ جار زمانی دەردەهێنا و هەمیشەیش لووتی بەرەو سەرێ دەجوولاندەوە.

لە کاتی خۆراک خواردندا، بە دەست خۆراکی دەخوارد، هەرکە تێری دەخوارد بەپۆشاکەکانی دەستی خۆی پاک دەکردەوە، هەر کاتێ بیانویستبا، بیبەن بۆ حەمام و بیشۆن دەستی بەگریان دەکرد. لە هەموو ئەمانە بەولاوە، ناتوان بوو، نەیدەتوانی لەگەڵ ژنە گەنج و جوانەکەی خۆیدا وەک پیاو لەگەڵیا هەڵسوکەوت بکات، لە





ئەنجامدا خانمەکەی من بەتەنها ئارامی نەدەگرت، شەوان داوای لێ دەکردم لە سیسەمەکەیدا لەگەڵیا بنووم! منیش بەهەموو حەزێکی خۆمەوە داخوازییەکەیم قبوڵ دەکرد، شەوانە دەچوومە ژوورەکەی و باوەشی پیا دەکردم، ئەوەی مەفرووز بوو بە مێردەکەی بڵێ، بە منی دەگوت!

شەوێک پوترسی سێهەمی مێردی کاترین، کە کارەکەی وەک شێتەکان قاعیدە و تەرتیبی نەبوو، هاتە ژووری نووستنەوە، سەیری کرد، من لە تەنیشتی کاتریندا ڕاکشاوم، پێکەنی و گوتی: فریدا لێرەدا چ دەکەی؟

کاترین گوتی: من پێمگوت بێتە ئێرە، چونکە ئەگەر مێردەکەم نەتوانێ لەگەڵما بێت، ناچارم خزمەتکارەکەی خۆم لێرەدا بخەوێنم.

پوترسی سێهەم زمانی لە دەم دەرهێنا و هەندێ تفی ڕووکردن و ڕۆیشت، لە ساڵی یەکەم و دووهەمی شووکردنی کاترین، هەموو شەوێ لەگەڵ کاتریندا دەنوستم بەڵام لە ساڵی سێهەمدا کاترین پێیگوتم: فریدا تۆ دەزانی من تۆم خۆشدەوێ بەڵام تۆش وەکو من ژنی، لەم وەزعەدا هەست بەبێزاری دەکەم، بۆیە بڕیارم داوە ببمە دۆستی پیاوێک، داوات لێ دەکەم کۆمەک و هاوکاریم بکە.

گوتم، هەر شتێ بە من بکرێ ئەوا من بۆتانی دەکەم.

نازانم پۆلیس ئاگاداری پوترسی سێهەمی کردبووەوە کە هاوسەرەکەی بەنیازە دۆستێ پەیدا کات، یا ئیلهامی شێتی بوو، کە تێبگات ژنەکەی وەفادار نییە، لەوە پاش بۆ ساتێکیش کاترینی جێ نەدەهێشت.

قەیسەرەکانی ڕوسیا، لە سەرەتای گەنجییەتیدا ژنیان دەهێنا، بەڵام ژنهێنانەکەی پوترسی سێهەم، لەبەر شێتییەکەی گەلێ دواکەوت، کاتێ کاترین-یان بۆ مارەکرد، بەحیساب ببوو بە پیاو، بەڵام دەماری پیاوەتیی نەبوو، نەیدەتوانی لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا جووت بێت، پزیشکەکان پێیانگوت، چارەسەری نییە.

کاترینی دووهەم کچێکی گەنجی بەژن زراف و گەلێ جوان بوو، نەیدەتوانی ئارام بگرێ، خۆی بۆ کەسێ دانابوو، لەم تەنهاییە ڕزگاری کات، بەڵام پوترسی سێهەم بۆ تاقە ساتێکیش جێی نەدەهێشت. شەو و ڕۆژ لەگەڵیا بوو، شەوانیش لە ژووری نووستنەکەی کاتریندا دەنووست.

خانمەکەم پێی دەگوتم: چەند جارێ هاتوومەتە سەر ئەوەی لە کاتی خەوتنی پوترسی سێهەمدا چەقۆیێک تا دەسکەکەی بچەقێنمە سەر سینگی و بیکوژم و نەجاتم بێت، بەڵام هەموو جارێ بەخۆم دەگوت، ئەو شێتە شایستەی کوشتن نییە، من سەرم لەوە سوڕماوە، میللەتی ڕوسیا چ گوناهێکی گەورەی کردووە، وا ئەم شێتە پەتەرییە بووەتە ئیمپراتۆریان!

لەبەر ئەوەی شەوان پوترسی سێهەم لە ژوورەکەی کاتریندا دەنووست نەمدەتوانی بچم بۆ لای.

یەکێ لە شەوەکان ئیمپراتۆری ڕوسیا لە نیوەشەودا بەخەبەر بووەوە، لە سیسەمەکە هاتە خوارێ، بەڕووتی لە ژوورەکە چووە دەرێ.

زستان، تازە دەستی پێکردبوو، دنیا سارد بوو، هەرکە ئیمپراتۆر هەستی بەسەرما کرد، گەڕایەوە پۆشاکی پۆشی و چووە دەرێ.

خانمەکەی من، خۆی گەیاندە ژوورەکەم، خەوتبووم و لە خەو هەڵیساندم بردمییە ژوورەکەی خۆی وەک پێشتر نەوازشی کردم!

تەسەوڕی ئەوە دەکەم، کاترینی دووهەم لەززەتی لە قسەی دوور و درێژی دۆستەکانی خۆی وەرگرت، سەرچاوەی ئەم لەززەت وەرگرتنەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە لە گەڵیا ڕادەکشام و قسەی بۆ دەکردم. چونکە کاترینی دووهەم مەحروومیەتی هەبوو، منی بەجووتی خۆی دەزانی، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی لە ڕووی جەستەوە ئاڵۆشی خۆی دامرکێنێ بەناچاری هەوڵی دەدا، لە ڕێی قسەکردنەوە، هەیەجانەکەی بنیشێنێتەوە و ئارەزووەکانی ناخی خۆی دەربڕێ.

ئێمە خەریکی قسەکردن بووین، لە پڕ شار لەرزییەوە، ئێمە لەسەر سیسەمەکە هاتینە خوارێ، بەرەو پەنجەرەکە ڕامانکرد، خانمەکەم پەنجەرەکەی کردەوە، دەنگی تۆپەکان شاری هێنابووە لەرز.

خانمەکەم لە ترسانا دەلەرزی و گوتی: فریدا، بێگومان دوژمن هێرشی هێناوەتە سەر پایتەخت، ئەم تۆپانەی کە دەتەقێن تۆپەکانی قەڵای (پترپل-ە) وڵامی تۆپەکانی دوژمن دەداتەوە. بەڵام من سەرسام بووم، چ دوژمنێ دەتوانێ هێرش بکاتە سەر پایتەختی ڕوسیا، لە دەوروبەری پایتەختی ڕوسیا دوژمنێ نەبوو، بتوانێ سنووری





ڕوسیا ببەزێنێ و بێتە نێو پایتەختەوە.

بۆ سەعاتێ تۆپەکان بەردەوام تەقەیان دەکرد، هەموو لە قەسری سەڵتەنەتیدا بێدار بوون، بەترسەوە گوێیان لە دەنگی تۆپەکان دەگرت.

ئەفسەری حەرەسی قەسری سەڵتەنەتی، هەموو دەرگاکانی قەسری داخستبوو، حەرەسەکان، هەموو شوێنەکانیان گرتبوو، ئەفسەرەکە بە کاترینی گوت: خاوەن شکۆ، ئاسوودەبن، تا یەک سەرباز لەم قەسرەدا بەزیندوویەتی بمێنێتەوە، چ کەسێ ناتوانێ تەجاوز بکاتە سەر ئەم قەسرە.

پاش سەعاتێک تۆپەکان بێدەنگ بوون، ئەفسەری پاسەوان، چەند سەربازێکی ناردە دەرێ، تا بزانێت هۆی ئەم تۆپ تەقاندنە چییە پاشان مەعلوم بوو، کە ئیمپراتۆرە شێتەکەی ڕوسیا، شەوێ چووەتە قەڵای (پتروپل) کە قەڵایەکی عەسکەرییە و لە پایتەختی ڕوسیادایە حوکمڕانی قەڵاکەی لە خەو هەڵساندووە، ئەمری پێکردووە تۆپەکان بتەقێنن.

حوکمڕانی قەڵاکەیش جگە لە ئیتاعەت چ چارەیێکی دیی نەبوو ناچار سەرباز و تۆپچییەکانی لە خەو هەڵساند و دەستیان بەتۆپ تەقاندن کرد، سونگەی بێدەنگی تۆپەکانیش ئەوەبوو، لە قەڵاکەدا، باروت نەما، دەنا هەتا بەیانی تۆپەکان هەر تەقەیان دەکرد!

شەوێکی دیی، پوترسی سێهەم لە قەسری سەڵتەنەتییەوە چووە دەرێ بەرەو زیندان کەوتە ڕێ، چووە مەکتەبی زیندانەکە و دانیشت بەڕێوەبەری زیندانەکە لە ماڵەکەی خۆیدا بوو بانگی کرد. بەڕێوەبەری زیندان کە بیستی ئیمپراتۆری ڕوسیا، چاوەڕێی دەکات بە سەراسیمەیییەوە خۆی گەیاندە زیندانەکە، پوترسی سێهەم پێیگوت: دەرگاکانی زیندانەکە بکەرەوە، هەموو حەپسەکان ئازادن!

بەڕێوەبەری زیندانەکە گوتی: خاوەن شکۆ، بڕیارت داوە هەموو حەپسەکان عەفوو بکەیت!

ئیمپراتۆری ڕوسیا لووتی بەرەو سەرێ هەڵکشاند و گوتی: بەڵێ!

تا کەسێ لە ڕوسیادا نەژیابێت ناتوانێ تێبگا کە ئیمپراتۆری ڕوسیا کە ئەمری دەرکرد، چەنێ قودرەت و نفوزی هەبوو، بەڕێوەبەری زیندان جگە لە ئیتاعەت، هیچ

چارەیێکی دیی نەبوو، دەرگاکانی زیندانەکەی کردەوە، هەموو حەپسەکانی لە خەو هەڵساند و گوتی: ئێوە ئازادن دەتوانن بڕۆن.

زۆربەی حەپسەکان دز و بکوژ بوون، وایانزانی موعجیزەیێک ڕووی داوە وا لە نیوە شەودا ئازاد دەکرێن، لە ترسی ئەوەی نەوەک ئەم موعجیزەیە بەتاڵ بێتەوە، بێ خۆ ماتڵکردن و خواحافیزی لە زیندانەکە هاتنە دەرێ، سەدان بکوژ و دز، کەوتنە نێو شەقامەکانی سان پترسبۆرگەوە، هەر ئەو شەو هەندێ ماڵ دزران و چەند کەسێکیش کوژران، پۆلیسی پایتەخت تا ماوەیێکی چاک تووشی ئەزیەت بوو، تا توانی سەرلەنوێ دز و بکوژەکان دەستگیر بکات و بیانخاتە زیندانەوە.

هەرگیز، لە پوترسی سێهەمدا هەستم بە بچووکترین بەزەیی نەکردووە، ئەو پیاوە بەبێ ئەوەی موتەئەسیر بێت فەرمانی کوشتنی بێگوناهانی دەردەکرد، لە هەمان وەرزی زستاندا زەنگەکانی زیندانی پتروپل-ی هێنایە دەنگ ئەمری کرد کاترینی ژنی لە بەفر بگرن.

عادەت وابوو، لە قەسری سەڵتەنەتیدا لە وەرزی زستاندا قەسرێ لە بەفر دروست دەکرا، تەسەوری ئەوە دەکەن ئەو قەسرە وەک بازیچەی منداڵان لە کۆگاکانی پایتەختدا، لە شەوی جەژنی بابانوئێل دا، وەک دیاری بۆ منداڵان دەفرۆشرا؟

ئەو قەسرەی لە بەفر و لە پایتەختی ڕوسیا دروست دەکرا، قەسرێکی گەورە بوو، دوو سەد تا سێ سەد ژوور و پێپلکەی پان و پەیکەری جۆراوجۆری تیا دروست دەکرا، لە وەرزی زستاندا زیاتر لە چەند سەد میعمار و بەننا و سێ هەزار کرێکار ئەو قەسرەیان دروست دەکرد. کەرەسەی دروستکردنی ئەو قەسرە ئاو بوو، ئاویان دەخستە نێو قالبەوە، ئاوەکە دەمەیی و بیناکردنیش دەستی پێدەکرد.

شەوان ئەو قەسرە بەفرینە، دەبووە چراخان، سەرمای پایتەختی ڕوسیا، ئەوەندە زۆر بوو، گەرمی چراکان نەیاندەتوانی بەفرەکە بتوێننەوە، بەشەوان ئەو قەسرە وەک پارچە بلوورێکی مەزن دەدرەوشایەوە.

لەو ساڵەدا، پاش ئەوەی قەسرەکە دروست کرا، پەیکەرە مەییوەکانیان لە نێو قەسرەکەدا دامەزراند، ئیمپراتۆری ڕوسیا، ئەمری کرد، کاترینی دووهەمی ژنی ڕووتکەنەوە و لە بەفری بگرن، تا ڕەق دەبێتەوە و وەک پەیکەرێ لە ناوەڕاستی





قەسرەکەدا دابنێن.

لە ڕوسیای قەیسەریدا، سزای لە بەفر گرتن، (باو) بوو، لە وەرزی زستاندا، کەسی تاوانخراوە پاڵیان لە هەوای ئازاددا ڕادەگرت ئاویان ڕۆدەکردە سەر، هەر زوو ئاوەکە دەمەیی.

کە ئەمر دەرچوو، کاترینی دووهەم لە بەفر بگیرێ، هەموو دانیشتوانی لە سەربازەکانی گاردی ئیمپراتۆری ڕوسیا، کە هەمیشە لەو قەسرەدا حەرەس بوون، دەوروبەری کاترین-یان گرت و بردیانە دەرێ، هەموو ژن و پیاوەکانی قەسر، دەستیان بەگریان کرد، هەندێکیان بەرانبەر بە ئیمپراتۆری ڕوسیا چۆکیان دادایە سەر زەوی بە گریانەوە داوایان دەکرد، ئیمپراتۆر چاوپۆشی لە مەرگی ژنەکەی بکات ئەگەر هەر سوورە لەسەر کوشتنی، با بە شێوەیێکی دی بیکوژێ و ئەزیەتی نەبێ، بەڵام گریان و پاڕانەوەی دانیشتووانی قەسری سەڵتەنەتی هیچ کارێکی لە ئیمپراتۆری ڕوسیا نەکرد. لە بەرانبەر چاوە پڕ ترسەکانی ئێمە کاترینی دووهەمیان ڕووت کردەوە لەپڕ بۆیان دەرکەوت کاترین سکی بەرز بووەتەوە.

هەموو ژن و پیاوەکان، کە ئەم حاڵەتەیان بینی زانییان کاترین دووگیانە، ئیمپراتۆری ڕرسیا، هاواری شادی لێ بەرز بووەوە، لە کاتێکدا تفی ڕۆدەکرد، هاواری کرد: من سکی ئەوم پڕ کردووە... من سکی ئەوم پڕکردووە، هەربۆیە چاوپۆشی لە کوشتنی دەکەم.

من دەمزانی، ئەو منداڵەی لە سکی کاترینی دووەمدایە، لە پوترسی سێهەم نییە، چونکە ئیمپراتۆری ڕوسیا ناتوان بوو، نەیدەتوانی ژنەکەی زک پڕ کات، بەڵام شادی نواندنەکەی ئیمپراتۆر و تەسەورەکەی وابوو ئەو منداڵەی لە سکی کاتریندا، ئەم باوکیەتی. بەهەرحاڵ ئەم ڕووداوە وای کرد پوترسی سێیەم چاوپۆشی لە کوشتنی کاترینی دووەمدا بکات، بەپەلە کاترین-یان بردە ژووری گەرمەوە و پۆشاکیان لەبەر کرد.

پاش ئەوەی خەتەری مەرگ لەسەر خانمەکەم لاچوو، خزمەتکارەکانی قەسری سەڵتەنەتی، بەتایبەتی ژنان، بۆسەیان بۆ دەنامەوە، هەریەکە دەیویست لە شوێنێکی خەڵوەتدا بمبینێ و پرسیارم لێ بکات، کە کاترینی دووهەم کەی دووگیان بووە و چ

کەسێ سکی پڕ کردووە؟ هیچ کەسێکیان ئەوەیان قبوڵ نەدەکرد، کە خانمەکەم لە مێردەکەی خۆی ئاوسە.

لە نێوان ئەو ئەفسەرانەی کە لە قەسری سەڵتەنەتیدا خزمەتیان دەکرد، ئەفسەرێکی گەنج هەبوو ناوی (پوتمکین) بوو، هیچ کەسێ پێشبینی ئەوەی نەدەکرد، ئەو گەنجە، ڕۆژێک ببێت بەسەرەک وەزیرانی ڕوسیا، من ئاگام لەوە بوو، ئەو گەنجە کەوتبووە بەر سەرنجی کاترین.

(پوتمکین) لەو دەمەدا، گەنجێکی هەژدە ساڵان بوو، پێموابوو ئەو مناڵەی لە سکی کاتریندایە لە پشتی ئەو گەنجەیە، بەڵام نەمدەتوانی بزانم ئەو دووە لە چ کاتێکدا بەیەک گەیشتوون، خانمەکەمی سکپڕ کردووە، جورئەتیشم نەدەکرد، دەربارەی باوکی مناڵەکەی سکی کاترین، لەگەڵ کاتریندا قسان بکەم.

عادەتی خانمەکەی من بوو، هەندێ شتی پێدەگوتم و لە هەندێ شتیشدا خودداری دەکرد، ئەگەر پرسیاریشم کردبا، تووڕە دەبوو دەیگوت: فریدا، تۆ دۆستی منی نەک دادوەر!

ڕۆژێ کاترین پێیگوتم: سبەینێ زوو، دوو کەس بەپۆشاکی ژنانەوە دێنە ئێرە، ئەو دووکەسە پیاون، لە ژوورەکەی تۆدا پۆشاکی خۆیان دەگۆڕن و پۆشاکی ئیشکردن دەپۆشن، کە کارەکەیشیان تەواوکرد، جارێکی دیی دەگەڕێنەوە بۆ ژوورەکەت و پۆشاکەکانی خۆیان دەگۆڕن و بەپۆشاکی ژنانەوە لە قەسرەکە دەچنە دەرێ.

من لە خانمەکەی خۆمم پرسی: ئەم دوو کەسە بۆچی دێنە ئێرە و چ کارێ دەکەن؟

کاترین گوتی: ئەمانە کرێکاری بینان، ژوورێکی چکۆڵەم بۆ دروست دەکەن تا لەوێدا بەئیسراحەت بحەوێمەوە.

گوتم: ئەی خاکە ڕۆکان چ لێدەکەن؟

کاترین گوتی: ئەمەیان عائیدی تۆیە، دەبێ بەجۆرێ خاکە ڕۆکان لە قەسر ڕۆکەیتە دەرێ، چ کەسێ نەزانێ لەنێو ئەپەرتمانەکەی مندا بینا دروست دەکرێ.

پوترسی سێیەم، عادەتی وابوو، هەموو ڕۆژێ هەتا نیوەڕۆ دەخەوت، نەیدەتوانی زووتر بەخەبەر بێتەوە، چونکە تا نیوەشەو، ئەوەندەی شەراب دەخواردەوە، بۆ ئەوەی





مەستییەکەی لەنێو ببات پێویستی بەدوانزە سەعات خەو هەیە، وەی بۆ ئەو کەسەی بەر لە بێداربوونی ئیمپراتۆری ڕوسیا، لە خەوی هەڵدەساند.

پاش ئەوەی لە خەو هەڵدەسا، خزمەتکارەکان دەست و دەم و چاویان دەشۆرد و دەیانبردە ژووری خۆراک خواردن، تا خۆراک بخوات.

پوترسی سێهەم، هەندێ جار، هەند زیادە ڕەوی لە شەراب خواردنەوە دەکرد، نیوەڕۆ لە خەو هەڵنەدەسا، دەبا خزمەتکارەکان لە ئاشپەزخانەکەدا چاوەڕێ بکەن، تا ئیمپراتۆر لە خەو هەڵدەسێ، چونکە چ کەسێ جورئەتی نەدەکرد، لە خەو هەڵیسێنن، تا خۆی بەخەبەر دەبووەوە، هەندێ جار تا سەعات حەوت و هەشتی ئێوارە دەبا چاوەڕێ بکەن.

شەوان، پوترسی سێهەم، بەر لەوەی بچێت بنوێ، هەموو ساتێ مومکین بوو بەبێ هیچ خەبەر ناردنێ سەر بکاتە ئەپارتمانەکەی خانمەکەم... بەڵام لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ دەخەوت، کاترینیش دەیزانی مێردەکەی لەو کاتانەدا، نایێت بۆ ئەپارتمانەکەی... هەربۆیە فەرمانی دابوو، کرێکارەکان سەر لە بەیانی بێن و بەر لە نیوەڕۆش لە قەسرەکە بڕۆن.

من زانیم، خودی کاترین، ئەم کرێکارانەی نەدۆزیبووەوە، چونکە خانمەکەم نەدەچووە دەرێ و پەیوەندی لەگەڵ چ کەسێکی دەرێدا نەبوو، تا کرێکار بگرێ، هەستم کرد، پوتمکین ئەم ئیشەی کردووە. هەر لەو دەمەدا پوتمکین گەنجێکی هەژدە ساڵە بوو، خۆی وا خستە ڕوو، کەسێکی کارایە و دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بکات.

هەموو بەیانییێک دوو کرێکاری گەنج، ریش و سمێڵیان نەهاتبوو، بەپۆشاکی ژنانەوە، دەهاتنە نێو قەسر، لە ژوورەکەی مندا خۆیان دەگۆڕی، دەچوونە بەشێکی ئەپارتمانەکەی کاترین و دەستبەکار دەبوون.

لە پشتی ژوورەکەمدا، ژوورێکی چکۆڵە، کەرەسە موتەفەریقەکانی خۆم لەوێدا دادەنا، ئەو ژوورەم چۆڵ کرد بەو دوو کرێکارەم گوت، خاک و خۆڵەکان بگوازنەوە بۆ ئەم ژوورە، پاشان خۆم، بەهەر تەرتیبێ بێت دەیانگوازمە دەرێ.

لە سەعات یانزە، سەعاتێ بەر لە خەبەربوونەوەی پوترسی سێهەم ئەو دوو

کرێکارە دەستیان لە کار هەڵدەگرت، لە ژوورەکەی مندا خۆیان دەگۆڕی و پۆشاکی ژنانەیان دەپۆشی و لە قەسر دەچوونە دەرێ.

لەگەڵ ئەوەی شوێنێکی وەک قەسری سەڵتەنەتی ڕوسیا، هەمیشە جاسوسی تێدابوو، تا دواڕۆژی کارکردن، چ کەسێ نەیزانی ئەو دوو کەسەی بەیانییان دێنە قەسر پیاون.

پاش ئەوەی شوێنە تایبەتییەکەی کاترین تەواو بوو، کرێکارەکان حەقی خۆیان وەرگرت و ڕۆیشتن، شەوێک بەر لە نیوەشەو دەنگی زەنگی خانمەکەم بەرز بووەوە، هەڵسام بۆ ژووری نووستنەکەی چووم، سەیرم کرد سەر سیسەمەکە خاڵییە، نە خانمەکەم لەوێدایە نە پوترسی سێهەم.

بە نەبینینی ئیمپراتۆری ڕوسیا، زۆر سەرسام نەبووم، چونکە دەمزانی، پاش نیوەشەو خزمەتکارەکانی، دەیبەنە ژوورەکەی خۆی و لەوێدا دەیخەوێنن. بەڵام کە کاترین–ی دووهەمم نەبینی، تووشی سەرسوڕمان بووم... دەنگی پێکەنینم بیست و خانمەکەم گوتی: فریدا وەرە بۆ ئێرە؟

سەیری چەپ و ڕاستی خۆمم کرد، نەمبینی، نەیشمدەزانی دەنگەکە لە کوێوە دێت، تا دەرگایێک کرایەوە، ژوورێکی بچووک دەرکەوت، کە چوومە ژوورەکەوە خانمەکەم دەرگاکەی بەست، ئیدی سەرسامی کارەکەی خانمەکەیم خۆم نەبووم. سیسەمێکم لە ژوورەکەدا بینی، پوتمکین بە پۆشاکەوە لەسەر سیسەمەکەدا نووستبوو.

پوتمکین–ی عاشقی کاترین–ی دووهەم، لە گەنجیەتییدا گەلێ جوان بوو بەڵام پاشان گۆڕا و قەڵەو بوو، جوانییەکەی لە دەست دا.

لەو شەوەدا، کە ئەو گەنجەم لەسەر سیسەمەکەی مەلیکەی ڕوسیادا بینی، لەش و لاری ئەوەندە ڕێکوپێک و ناسک بوو، دەتگوت کچێکی گەنجە و لەوێدا نووستووە. کاترین دەستی بۆ عاشقەکەی خۆی درێژ کرد و گوتی: فریدا، ئایە زەوق و سەلیقەی پەسەند دەکەیت، ئەم کوڕە گەنجە شایستەی ئەوەیە خۆشمبوێت یا نەء؟

هەستم کرد خانمەکەم بۆچی بانگی کردووم، خانمەکەم شتی ڕووکەش و قسەی سەر زارەکی عەشقی پێ خۆشتر بوو لە تەماسی جەستەیی، گەلێ حەزی دەکرد دەربارەی ئەو شتانە قسە بکات، گوێش لە قسەکانی عاشقەکانی خۆی بگرێت، لەبەر





ئەوەی منی بە مەحرەمی نهێنییەکانی خۆی دەزانی، بانگی کردبووم تا ببم بە شاهێدی گفتوگۆکەیان.

پێشبینییەکەم ڕاست دەرچوو، کاترین–ی دووهەم ئیجازەی دامێ دانیشم ئیدی لە حزووری مندا، لەگەڵ عاشقەکەی دەستی بە قسان کرد، من سەرم داخستبوو... حەقیقەتەکە ئەمە بوو من شەرمم نەدەکرد، گەلێ حەزم دەکرد ئەو قسانە بژنەوم کە کاترین بە عاشقەکەی خۆی دەڵێ. بەڵام لەبەر ئەوەی من خزمەتکاری کاترینی دووهەم بووم، خۆم وا خستبووە ڕوو گوایە شەرم دەکەم.

کاترین پێیگوتم: پوتمکین، ئەو شەوانەی حەرەسیاتی نییە، دوو سەعات پاش نیوە شەو دێتە لام، کلیلی دووهەمی دەرگای ئەپەرتمانەکەم داوەتێ لە بری ئەوەی تۆ لە خەو هەڵسێنێ، خۆی دەرگای ئەپەرتمانەکە دەکاتەوە و دێتە ژوورێ، مومکینە کلیلەکە گوم بکات، ئەگەر ڕێککەوت، لە دەرگای ئەپەرتمانەکەیدا، دەرگای بۆ بکەرەوە و بیهێنە ژوورێ، هەرکە دڵنیا بوویت پوترس لە ژوورەکەی مندا نییە، ئەوا بیهێنە بۆ ئەم شوێنە تایبەتییەم.

لەو شەوەدا، کە خانمەکەم ئەم فەرمانەی دامێ، هەڵسام بڕۆم. کەچی ئەمری کرد دانیشم و بەعاشقەکەی خۆی گوت: ئەم فریدایە ساختەچییە ئیرەییت پێ دەبات.

پاشان پێیگوتم: فریدا، ئایا غیرە لە پوتمکین دەکەی یا نەء؟

گوتم: نەخێر خانم، من کێم تا غیرە لە دۆستەکەی ئێوە بکەم؟

ئەو شەوە، تا چوار سەعاتی پاش نیوە شەو، کاترین–ی دووهەم منی لە شوێنە تایبەتییەکەی خۆی دانا، منیش بەبێ بێزار بوون، تەنانەت خۆشحاڵیش بووم شاهێدی گفتوگۆی ئەو دووە بووم.

پوتمکین، چاک مەعشووقەکەی خۆی دەناسی، دەیزانی چۆن خۆشحاڵ دەبێت، بەردەوام قسەی دەکرد.

پاشان کاترینی دووهەم، عاشقەکەی خۆی مەرەخەس کرد، منیش تکام لێ کرد مەرەخەسم کات بڕۆم و بنووم، کەچی خانمەکەم گوتی: لێرەدا بمێنەوە داوای لێ کردم سەر گوزەشتەی ژیانی خۆمی بۆ بگێڕمەوە.

سەرگوزەشتەکانی ژیانم هی ژنەوتن نییە، بەڵام بۆ ئەوەی خانمەکەی خۆم ڕازی کەم، داستانێکی دەستکردم دروست دەکرد، کاترین لەم داستانە دەسکردەم تێر نەدەبوو... هەموو شەوێ دەچوومە لای، داوای لێ دەکردم ئەو داستانەی بۆ بگێڕمەوە.

ئەوەندە ئەو داستانەم دووبارە کردبووەوە، یەک بەیەکی خاڵەکانیم ئەزبەر کردبوو کەچی هەموو جارێ کاترین بەپرسیار گەمارۆی دەدام وای لێ دەکردم شتی نوێ بخەمە سەر داستانەکە!

***

پوترسی سێهەمی ئیمپراتۆری ڕوسیا، لەو باوەڕەدابوو کە مناڵەکەی سکی کاترین مناڵی خۆیەتی و لەگەڵ ئەمەشدا، نیوەڕۆیێک لە خەو هەڵسا، موافەقەتی نەکرد خزمەتکارەکان دەست و دەم و چاوی بشۆن، بەجۆرێ دەینەڕاند، هەموو خزمەتکارەکان لە ترسی گیانی خۆیان ڕایانکرد، پاشان شمشێرێکی ڕووتی گرتە دەست و بەهاوار کردنەوە کەوتە ڕێ و دەیگوت: دەبێ برۆم ئەو ژنەی مناڵێکی حەرامزادەی لە سکدایە بیکوژم. چونکە ئەو مناڵە لە من نییە، لە یەکێکی دییە!

لە چەند ساتێکدا، ئەم هەواڵە لە قەسری سەڵتەنەتیدا بڵاوبووەوە، لەبەر ئەوەی هەموو کاترینی دووهەمیان خۆشدەویست دەستیان بە شیوەن و گریان کرد.

من لە قەسری سەڵتەنەتی ڕوسیا گەلێ ڕووداوی جەرگبڕم بینیوە، یەکێ لەوانە دانیشتووانی قەسرەکە ئاوها ترسیان لێ بنیشێ و شیوەن بکەن.

ئیمپراتۆر بە شمشێری ڕووتەوە، مووەکانی سەری ئاڵۆز بوون، دەست و چاوی نەشۆردبوو، بەهۆی شەرابخواردنەوەی شەوی پێشووی، چاوەکانی وەکو دوو کاسە خوێن بوون، بەرەو ئەپەرتمانەکەی مەلیکە ڕۆیشت. پوترسی سێهەم- هەموو دەیانزانی هێشتا مەستە، کە نیوەڕوان لە خەو هەڵدەسا، مەستی شەوی پێشوو بەری نەدەدا، تا دەیانشۆرد و پۆشاکیان لەبەر دەکرد و خۆراکی دەخوارد، ئەوجا مەستییەکە بەری دەدا.

لەو کاتەدا هیچ کەسێ نەیدەتوانی شفاعەتێ بکات، یا کەلیمەیێک قسان بکات، هەرکەسێ قسەی کردبا، ئەگەر دەسبەجێ نەکوژرابا، ئەوا دەنێردرا بۆ یەکێ لە قەڵاکانی دەوڵەتی و حەپس دەکرا تەنها کارێ دەمانتوانی بیکەین ئەوە بوو، شێوەن و





گریان بەرپاکەین، ڕەنگە هاوارەکانمان کار لە ئیمپراتۆری توورە بکات، دەسبەرداری کوشتنی مەلیکە بێت، بەڵام شیوەن و زارییەکەمان بچووکترین کاری لەو دڵڕەق و شێت و مەستە نەکرد، بەشمشێری ڕووتەوە چووە ئەپارتمانەکەی مەلیکە.

کاترینی دووهەم، لە ترسا خۆی لە پشتی دەرگای ژووری نووستنەکەی پەنهان کردبوو، دەرگاکەی لەسەر خۆی داخستبوو، کەچی پوترسی سێهەم بەیەک مشت دەرگاکەی شکاند، مەلیکەی ڕوسیا کە چاوی بە شمشێری ڕووت و قژە ئاڵۆز و چاوە پڕ لە خوێنەکانی ئیمپراتۆر کەوت، هاواری کرد، لە هەمان ساتیشدا مناڵەکەی لەبار چوو و تووشی خوێنڕێژی بوو.

چارەنووس بۆ کاترینی دووهەم ئایندەیەکی درەخشانی گرتبووە بەر سەرنج، نەیدەویست ئەو ژنە بەدەستی پوترسی سێهەم بکوژرێ.

لەبارچوونی مناڵەکە و خوێنڕێژییەکەی کاترینی دووەم وای لە پوترسی سێهەم کرد تەسەوری ئەوە بکات، خۆی ژنەکەی کوشتووە، هەر بۆیە دەسبەرداری بوو، لە ئەپەرتمانەکەی مەلیکە گەڕایەوە، شمشێرەکەی ڕادەوەشاند و دەیگوت: ئەوم کوشت... کوشتم... ئەوم کوشت.

ئێمە کە هاوارەکەی کاترینی دووهەممان بیست وامانزانی ئیمپراتۆر کوشتوویەتی، بە شیوەن و زارییەوە چووینە ژوورەکەی خانمەکەم هەرکە چووینە ژوورێ، سەیرمان کرد لە ژوورەکەدا خوێن ڕێچکەی بەستووە، بەڵام شوێنی برینەکە، شوێنێکە، هیچ بکوژێ شمشێرەکەی ناخاتە ئەوێ، ئیدی بۆمان دەرکەوت کە خانمە ئازیزەکەم، مناڵی لەبارچووە، من لەبەر گەنجییەتی و کەم تەجرەبەیی، نەمدەزانی چی بکەم، بەڵام ژنانی دیی، کە هاتنە ژوورێ گوتیان دەبێ مامانێ بهێنن.

کاترینمان لەسەر زەوی بەرز کردەوە، لەسەر سیسەمەکەدا خەواندمان، مناڵە لەبارچووەکەیان، لە ژوورەکە بردە دەرێ، خوێنیش لەبەری خانمەکەوە هەر دەڕۆیی، عەقڵیشم پیا نەدەشکا، بۆ ڕاگرتنی خوێنڕێژییەکە دەبێ چ بکەم، هەر شتێ ژنەکان دەیانگوت، قبوڵم دەکرد و بەئەنجامم دەگەیاند تا، مامانەکە هات، دەرکەوت بۆ ڕاگرتنی خوێنڕێژییەکەی مامانەکەش لە ئێمە زیاتر نازانێت.

پزیشکی دەرباریان هێنا، فەرمانی دا، چەند گیایێکی پزیشکی و وشک بهێنن و

بیکوتن، لە شوێنی خوێنرێژییەکە داینێین، بەداخەوە ئەمەی ئەم پزیشکەیش کاریگەری نەبوو، ئیعترافی کرد و گوتی: چیدیم لە دەست نایێت، کاترین بەشێوەیێک لاواز بوو، لە ڕۆژی دووهەمدا (ئەلکسیف)ی کەشیشی شاری بترزبۆرگیان هێنایە سەری تا مەڕاسیمی مەزهەبی بۆ ئەنجام بدات، چونکە هەموو دڵنیابوون کە مەلیکەی ڕوسیا دەمرێ. لەو دەمەدا (ئەلکسیف) گەنجێکی مووڕەش و لووت درێژ بوو، بەرلەوەی بێتە ژوورەکەی کاترین، نەیدەزانی بیمارییەکەی چییە، هەرکە بیستی مناڵی لەبارچووە و تووشی خوێنڕێژی هاتووە، گوتی: تەسەوڕ دەکەم لە مەڕاسیمی مەزهەبییەکە گرینگتر ئەوەیە، بگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەی خۆم ڕاچێتەیێک دایکی مەرحووم، بەیادگاری جێی هێشتووە، ئەو ڕاچیتەیە بهێنم.

پاشان گوتی: دایکم لە سەردەمی گەنجییدا، موبتەلا بوو بەخوێنڕێژی ژنانە هیچ کەسێ نەیتوانی چارەسەری بکات تا ژنێکی تایفەی (کاملوک)[1] ڕاچێتەیێکی بۆ دایکم هێنا و گوتی، ئەم دەرمانانەی بۆ ئامادە بکەن و بەکاری بهێنن دەچم ئەو ڕاچێتەیە دەهێنم، ئەگەر دەرمانەکانی ڕاچێتەکە. لە سانپترزبۆرگ پەیدا بکەن، مومکینە مەلیکەی ڕوسیا لە مەرگ ڕزگارکات.

کەشیشەکە ڕۆیشت و ڕاچێتەکەی هێنا، دەسبەجێ لە دەرمانخانەکاندا ئەو دەرمانەیان هێناو دەرخواردیان دا، لە نیوە شەودا خوێنڕێژییەکەی کاترین نەما و تووشی خەوێکی قورسی کرد، پاشان بۆم دەرکەوت یەکێ لە دەرمانەکانی ئەو ڕاچێتەیە، مادەیێک بوو پێی دەگوترا تلیاک، ئەم مادەیەش بێهۆشکەرە.

مەلیکەی ڕوسیا، لە مەرگ ڕزگاری بوو، مەلیکە بڕیاری دا مێردەکەی بکوژێت، لە پێشدا بیری لەوە کردەوە لە ڕێی پوتمکین-ەوە، مێردەکەی بکوژێ، پاشان بۆی دەرکەوت پوتمکین ئەو پیاوە نییە بتوانێ پوترسی سێهەم لەنێو ببات.

گوتمان، چارەنووس، پێشبینی، ئایندەیێکی درەخشانی بۆ کاترینی دووهەم کردبوو، کەسێک پەیدابوو، دەیتوانی بەپێی فەرمانەکانی کاترینی دووەم مێردەکەی لەنێو ببات.

ئەو کەسەیش هەموو، دەزانن پیاوێک بوو ناوی (ئورلوف) بوو من چ پیاوێکم

(١) کاملوک: یەکێکن لە قەبیلەکانی جنوبی ڕوسیا.





نەدیوە لە ئورلوف بەژن زراڤترو چوارشانەتر بێت.

کاتێ ئورلوف بووە ئاشنای کاترینی دووەم، تەمەنی هەژدە ساڵان بوو، ئەوەندە باڵا بەرز و بەهێز بوو، پیاوانی تەمەن پەنجا ساڵان لە تەنیشتیا وەکو مناڵ دەکەوتنە ڕوو، دەیتوانی بەشمشێر وەشاندنێ درەختێ بکاتە دووکەرتەوە، بە بازوو درەختەکانی دەچەماندەوە و دەیشکاند.

خانمەکەم چاوی لە دۆستەکانی خۆی بوو، نەیدەویست بەفەرمانێ لە دەربار دووریانخاتەوە.

کاتێ کە کاترینی دووەم بڕیاری دا ئورلوف بکاتە دۆستی خۆی، دەستبەرداری پوتمکین نەبوو، منی کردە پردی عەشقەکەی خۆی و پێیگوتم: لە ماڵەکەی خۆمدا پێشوازی لە ئورلوف بکەم، تا پوتمکین تەسەوڕ نەکات، ئورلوف عاشقی منە و بۆ لای من دێت.

فەرمانی خانمەکەمم بەدڵ و بەگیان جێبەجێ کرد، چونکە پێشوازی کردن لە کەسێکی وەکو ئورلوف و لە ماڵەکەی خۆمدا، خۆشحاڵی دەکردم، ئارەزووم دەکرد ئورلوف ببێتە دۆستی من.

لە سەرەتادا ئورلوف، هیچ بایەخێکی نەدەدامێ، چونکە کاترین پێی گوتبوو کە من خزمەتکاری ئەوم و وەزیفەکەیشم ئەوەیە لە ماڵەکەی خۆمدا، پێشوازی بکەم.

ئەو کاتانەی ئورلوف دەهاتە ماڵەکەم پوترسی سێهەم خەوتبوو.

هەر کە ئورلوف بووە ئاشنای خانمەکەم بینینی پوتمکین-ی کەم کردەوە پێیگوتبوو، مێردەکەم چاودێریم دەکات، دەبێ منیش بەوریاییەوە ڕەفتار بکەم.

پوتمکین، بەڕاستی باوەڕی بەم قسەیە هێنابوو، دەیزانی دوو جار پوترسی سێهەم ویستوویەتی کاترین بکوژێ، بەدووریشی نەدەزانی لەپڕ بێتە ئەپارتمانەکەی کاترین، ئەم و ژنەکەیشی بەیەکەوە بکوژێ.

ئەرکی من ئەوە بوو کاتێ ئورلوف دەهاتە ماڵەکەم، سەرنجی دەوروبەر بدەم و ئەو گەنجە ببەمە شوێنە تایبەتییەکەی کاترین. نە لە کاتی هاتن و نە لە کاتی ڕۆیشتنا، چ کەسێ نەیبینێ.

هەندێ جار نیازخراپیم بەرانبەر قۆزییەکەی ئورلوف دەنواند، دەبێ ئەوەش بڵێم

نیازخراپییەکەم، دوژمنایەتی نەبوو لەگەڵ کاتریندا چونکە گەلێ حەزم لە ئورلوف بوو، بەبیانووی ئەوەی کە ڕێگاکە ئەمین نییە، لە ماڵەکەی خۆمدا ماتڵم دەکرد، ئەو چەند ساتانەی ئورلوف لە ماڵەکەی مندا بوو هەوڵم دەدا بەهەر جۆر بووە، سەرنجی بەلای خۆمدا ڕاکێشم، هەندێ جوولەم دەنواند، هەموو پیاوێکی سادە تێدەگەیشت، کە مەیلی ژنانەم خستووەتە ڕوو، کەچی ئورلوف هیچ بایەخی نەدەدامێ.

سەرئەنجام ڕۆژێ شەرمم نا بەلاوە، کاتێ ئورلوف لە ماڵەکەمدا دانیشتبوو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد، ڕێیەکە ئەمین بێتەوە، تا بچێت بۆ لای کاترین، باوەشم پیاکرد، کەچی ئورلوف دەستەکانمی لە گەردنی خۆی کردەوە و گوتی: فریدا، ڕاستە من تەمەنم لە هەژدە ساڵ زیاتر نییە، بەڵام ئەوەندە عەقڵم هەیە نەهێڵم فریوم بدەی.

گوتم، من فریوت نادەم، بەڵکو خۆشمدەوێیت، دەمەوێ تۆش هەندێ جار منت خۆش بوێت، کەچی ئورلوف گوتی: فریدا پێمگوتی فریوی تۆ ناخۆم، دەزانم خانمەکەت، ڕایسپاردوویت، تاقیم کەیتەوە تا بزانێت من خیانەتی لێ دەکەم یا نە... بەڵام ئەوە بزانە ئەوم زیاتر خۆشدەوێ لەوەی خیانەتی لێ بکەم و ببمە دۆستی خزمەتکارەکەی هەر ئەمرۆ، ئەم مەوزووعە بۆ مەلیکەی ڕوسیا باس دەکەم و پێی دەڵێم، ئەمرت بداتێ، جارێکی دی هەوڵی ئەوە نەدەی فریوم بدەی.

بەترسەوە گوتم: ئورلوف سوێندت بەخوا دەدەم، ئەم مەوزووعەی بۆ باس مەکە، تکات لێ دەکەم، بێدەنگی لەم عەشقەی من بکە، چونکە خانمەکەم فەرمانی نەداومەتێ، عەشقت بۆ بنوێنم و فریوت بدەم، من حەزم لە تۆیە و تۆم خۆشدەوێ، ئەگەر خانمەکەم بزانێت عەشقم بۆ نواندوویت ئەوا دەرم دەکات، هەندێ شت هەیە، هیچ ژنێ ناتوانێ تەحەمولی بکات، چ جای مەلیکە.

لەم کاتەدا، خانمەکەم زەنگی لێدا، بەپەلە خۆم گەیاندە کاترین، سەیرم کرد چاوەڕێی ئورلوف دەکات و گوتی: بۆچی ماتڵ بوویت و ئورلوفت بۆ نەهێناوم؟

گوتم: هەر ئێستا دەیهێنم.

بەپەلە ئورلوفم بەرەو شوێنە تایبەتییەکەی خانمەکەم برد، لەڕێدا چەند جارێ تکام لێ کرد، بەکاترین نەڵێت کە من عاشقی تۆ بووم ئورلوف تکاکەمی قبوڵ کرد.

من هەموو عاشقەکانی خانمەکەی خۆمم دەناسی، لە ناسینی پیاوە گەنجەکاندا







ئوستاد بووم، دەمزانی گەلێ بەدەگمەن ڕێدەکەوێ کەسێکیان بەژن بڵندی بەهەیکەل و بەهێز، جوان بێت.

سروشت، یا جوانی بەگەنجان دەدات، یا باڵا بەرز و شانی پان، ئەم دوو سیفەتە لە یەک کەسدا کۆناکاتەوە، بەڵام ئورلوف هەردوو سیفەتەکەی هەبوو ئەو بەژن زراڤ و بەهێزە.

دەتگوت (هیرکل–ی) پاڵەوانی ئەفسانەکانی یۆنانە، دەمی هەند چکۆڵە بوو دەتگوت دەمی منالانە، چاوە بە ڕەنگ شابەڕووەکانی[١] هەمیشە دڵی منی دەهێنایە لەرز.

مووەکانی ئورلوف هەمان ڕەنگی چاوەکانی هەبوو، دوو ئەبرۆی کەوانیی هەبوو، هەندی جوان کردبوو، کەم ژن هەبوو بتوانێ ببینێ و ئاڵۆشی تێ نەکەوێ.

ڕۆژێ لە شوێنە تایبەتییەکەی کاترین دا، خانمەکەم بانگی کردم چوومە ژووری سەیرم کرد کاترین بەرانبەر بەئاوێنە دانیشتووە، ئورلوفیش وەستاوە خەریکە کۆتەکەی لەبەردەکات.

کاترینی دووهەم، لە ئاوێنەکەدا سەرنجەکانی منی بینی کە چۆن سەیری عاشقەکەی دەکەم، بەئەسپایی گازەندەی کرد، ئورلوف پۆشاکی پۆشیبوو، ئامادەبوو بچێتە دەرێ دەبا ئورلوف بە ڕاڕەوەکەدا تێپەڕێنم، بەجۆرێکیش بیگەیێنمە ژوورەکەی خۆم، چ کەسێ نەیبینێ، چوومە دەرێ و سەرنجێکی ڕاڕەوەکەم دا دڵنیابووم کە چۆڵە گەڕامەوە، سەیرم کرد ئورلوف لە تەنیشتی ئاوێنەکەدا وەستاوە، دەیەوێ خواحافیزی بکات و گوتی: سۆفی ئازیز (ناوە بچووکەکەی کاترین، سۆفی بوو) دڵنیابە دەیکوژم!

دیار بوو کە من لە ژوورەکە چوومە دەرێ دڵنیابم کە ڕاڕەوەکە چۆڵە یا نە، ئەو دوو کەسە دەربارەی پوترسی سێهەم قسەیان دەکرد، ئەگەرچی ناوی پوترسم نەبیست، بەڵام دڵنیابووم قسەکانیان دەربارەی ئیمپراتۆری ڕوسیایە.

کاترینی دووهەم، بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگاربوون لە دەستی ئەو مێردە

(١) لەبەر ئەوەی ڕوسەکان و ئەورووپییەکان خورمایان نەبوو، لەبری ڕەنگی خورمایی دەیانگوت ڕەنگی شابەڕوو.

شێتەی، هیچ چارێکی نەبوو، جگە لەوەی لەنێوی ببات.

هەندێ جار بیری لەوە دەکردەوە، زەهر خواردی کات، دەیزانی دەسبەجێ گومانی لێ دەکرێ، چونکە هەموو دەیانزانی ئیمپراتۆری ڕوسیا لەگەڵ ژنەکەیدا چەندێ ناحەزە، هەروەها دوژمنایەتی کاترینی دووهەم بۆ مێردەکەی شتێکی شاراوە نەبوو، تەنانەت شەوێ خانمەکەم چەقۆیێکی نیشان دام و پێیگوتم: فریدا نیازم وایە بەم چەقۆیە مێردەکەم بکوژم.

گوتم: خانمی ئازیز، ئەم کارە نەکەیت، چونکە بەتاوانی قەتل موحاکەمەت دەکەن و حوکمت دەدەن، کاترین دەستبەرداری ئەم نەخشەیەی بوو، بەڵام هەرگیز، بیری کوشتنی ئەو پیاوە لە مێشکی دەرنەدەچوو. ئەو ڕۆژە ئەو قسەیەم لە دەمی ئورلوفەوە بیست، تێگەیشتم کە کاترین دەیەوێ بەدەستی ئورلوف ئیمپراتۆری ڕوسیا بکوژێت.

ئورلوف نەیدەتوانی لە قەسری سەڵتەنەتیدا، پوترسی سێهەم بکوژێ چونکە شەو و ڕۆژ حەرەسی بەدەرەوە بوو، حیمایەیان دەکرد، هەرکاتێکیش لە قەسر بچوایەتە دەرێ، سەربازە سوارەکانی گاردی ئیمپراتۆری، دەوروبەری گالیسکەکەیان دەگرت.

ئورلوف تەنها لە یەک کاتدا دەیتوانی موەفەق بێت، ئەویش ئەو کاتەیە کە پوترسی سێهەم لە ڕووی شێتایەتییەوە، شەوان بەبێ ئاگاداری چ کەسێ لە قەسر بێتە دەرێ... تەنانەت لەو حاڵەتەیشدا دووکەسی چەکداری حیمایەی خۆی لە دوورەوە تاقیبیان دەکرد، نەیاندەهێشت بەهیچ جۆرێ تەنها بێت. لەگەڵ ئەمەشدا مەسافەیێک دەکەوتە نێوان ئیمپراتۆر و ئەو دووکەسە. ئورلوف دەیتوانی خۆی بگەیێنێتە ئیمپراتۆری سێهەم، ڕەنگیشە بەدەست ئەو دوو کەسە بکوژرێ. هیچ کەسێ نەیدەزانی چ کاتێ ئیمپراتۆر لە قەسر دێتە دەرێ و بۆ کوێ دەچێت!

ئەو ڕۆژەی کە ئەو قسەیەم لە دەمی ئورلوفەوە بیست، پاش ئەوەی بەڕاڕەوەکەدا تێمپەڕاند، گەڕامەوە بۆ لای خانمەکەی خۆم و گوتی: فریدا تەسەوڕ دەکەم ڕزگاربوونم نزیک بووەتەوە.

گوتم: خانم وریابە... ئەگەر ئەم گەنجە لەم کارەیدا سەرنەکەوێ، ئەوا لەژێر ئەشکەنجەدا مەجبوور دەبێ ئەوەی دەیزانێت بیڵێت، هەندێ شت دەڵێ، بۆ ئێوە گران دەکەوێتەوە.





کاترینی دووهەم گوتی: ئەگەرچی گوتی، ئیمپراتۆر دەکوژم، بەڵام وەک بکوژێکی ئاسایی نایکوژێ، لە سەرەتادا کودەتا دەکات، پاشان دەسەڵاتی حکوومەت دەگرێتە دەست، ئەوجا لەنێوی دەبات.

گوتم خانم ئم گەنجە هەژدە ساڵەیە، چۆن دەتوانێ کودەتا بکات دەسەڵاتی ئمپراتۆری ڕوسیا بگرێتە دەست؟

کاترینی دووهەم، هەرکاتێ ویستبای لوتفم بەرانبەر بنوێنێ، ماچی دەکردم، منی ڕاکێشا بۆ خۆی و ماچی کردم و گوتی: فریدا، تۆ هێشتا کچە لادێییەکی، ناتوانی پەی بە مەسئەلە سیاسییەکان ببەی، ئەم گەنجە کودەتا دەکات، نەک بۆ ئەوەی خۆی ببێت بەئیمپراتۆری ڕوسیا، ئەگەرچی لە ڕووی قەڵافەتەوە چوارشانەیە، لە نێوان هاوتەمەنەکانی خۆیدا بێ هاوتایە، شازادە نییە تابتوانێت ببێت بەئیمپراتۆری ڕوسیا، بەڵام من شازادەم و مێردەکەم ئیمپراتۆری ڕوسیایە ئورلوف بەناوی منەوە کودەتاکە دەکات، ئایە تەسەوڕ دەکەی ئورلوف بەناوی منەوە ڕاپەڕین بەرپاکات، ئەو بەشەی سوپای ڕوسیا کە لە مۆسکۆدان، پشتگیریم دەکەن؟

دەستی خانمەکەی خۆمم ماچ کرد و گوتم: وەک گوتتان، من هێشتا ژنێکی لادێییم، سەر لە مەسائیلی سیاسی و عەسکەری دەرناکەم، بەڵام ئەوەندە دەزانم، هەموو بەتایبەتی ئەفسەرەکان تۆیان خۆشدەوێ، هیچ کەسێکیش نییە دڵی بە تۆ نەسووتێ، ئەوەم لەبیر ناچێت، کە مانگێ لەمەوبەر ئونیفۆڕمی سەرهەنگی فەوجی (پروپاجنسکی)ت پۆشیبوو، بەسواری ئەسپ، فەوجەکەت تەفتیش دەکرد(١) چۆن ئەفسەرەکان چاویان تێ بڕیبوویت، دڵنیام ئەو ڕۆژە هەموو ئارەزوویان ئەوە بوو، خۆیان بگەیێننە ئێوە و ئاوزەنگی ئەسپەکەتان ماچ کەن.

کاترینی دووهەم گوتی: ڕاستە، من تەنها فەرماندەی فەخریم، فەرماندەی ڕەسمی فەوجی (پروپاجنسکی) ئەفسەرێکە گەلێ وەفاداری ئیمپراتۆرە.

هەندێ لە ئەفسەرەکان لەبەر ئەوە وەفادارن، دەتوانن بەئازادی دزی بکەن بەبێ ئەوەی ئیمپراتۆر هیچ حیسابێکیان لەگەڵدا بکات، بێ ترس دزی دەکەن،

(١) کاترینی دووهەم پلەی سەرهەنگ و فەرماندەی فەخری فەوجی پروپاجنسکی بوو.

ئیمپراتۆریش عەقڵی پیا ناشکێ موحاسەبەیان بکات، ئەم ئەفسەرانە حەزناکەن، ئیمپراتۆر نەمێنێ و مەلیکەیێکی عاقڵ ببێتە جێنشینی، هەندێ ئەفسەری دیش هەن وەفادار و پابەندی سوێندەکەی خۆیانن نایانەوێ دژ بەو سوێندە ڕەفتار بکەن... بیرلەوە دەکەمەوە ئورلوف، بەپلەی مولازمی بنێرمە نێو فەوجەکە، بەڕواڵەت ببێتە ڕابەری فەوجەکە و ڕاپەڕین بەرپاکات، فەوجی پروپاجنسکی دژ بەئیمپراتۆر بخاتە کار. پاش ئەوەی فەوجەکەم ڕاپەڕێ، دڵنیام فەوجەکانی دیش پشتگیریمان دەکەن، ئەگەر بەناوی منەوە ڕاپەڕین بەرپاکات، تەسەوڕ دەکەم، هەموو ئەفسەرەکانی فەوجەکە، قبوڵ دەکەن ئورلوف بەپلەی مولازمی ببێتە ڕابەریان.

ئێشکالێکیش هەیە، ئەویش ئەوەیە ئورلوف دەورەی قوتابخانەی عەسکەری نەبینیوە، تا بتوانێ وەک مولازمێ بچێتە فەوجەکە، چونکە ئەفسەرەکانی دی ئەمە بە ئیهانە دەزانن، دەبێ چارەیێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە، تا بتوانین، ئورلوف بەپلەی مولازمی بنێرینە ئەو فەوجە و ئەفسەرەکانی دیش عاجز نەبن.

ڕۆژێ خانمەکەم پێی گوتم: فریدا ڕێگاچارەیێکم دۆزیوەتەوە، ئەویش وەک ئەفسەرێکی فەخری بنێرمە نێو فەوجەکە، ئەفسەری فەخری دەتوانێ ئونیفۆرمی ئەفسەری بپۆشی بەڵام کار و مووچەی نییە.

پاش چەند ڕۆژێ، ئورلوف بووە ئەفسەری فەخری، ئونیفۆرمی مولازمی فەوجی (پروپاجنسکی)ی پۆشی، ئەوجا خانمەکەم منی بانگ کردە ژوورەکەی خۆی، هەندێ نەوازشی کردم و گوتی: فریدا، دەمەوێ بۆ کارێکی نهێنی ڕاتسپێرم.

گوتم: ئەو کارە چییە.

کاترینی دووهەم گوتی: فریدا چکۆڵەکەی من، تۆ گەنج و جوانیت دەمەوێ کارێ بکەیت سی و دوو کەس عاشقت بن.

گوتم: خانم دەتەوێ بەجارێ سی و دوو عاشقم بۆ پەیدابکەیت؟

کاترین گوتی: بەڵێ، لەو سی و دوو کەسە هەندێکیان ژنیان هەیە، بەڵام هەر مومکینە عاشقت بن!

گوتم: ئەو سی و دوو کەسە کێن؟





کاترین گوتی: فەوجەکەم بیست و دوو مولازم و حەوت ڕائید و سێ موقەدەمی لێیە، ناونیشانی ماڵی هەموویانم هەیە، تۆ دەبێ بچیتە ماڵی یەک بەیەکیان و لە دڵیاندا جێی خۆت بکەیتەوە و پەیامی منیشیان پێ بگەیێنی.

گوتم: خاوەن شکۆ، پەیامەکەتان چییە؟

کاترینی دووهەم گوتی: پەیامەکەی من ئەمەیە (هەرکەسێ منی خۆشدەوێ دەبێ ئورلوفیشی خۆشبوێت ، فەرمانەکانی جێبەجێ بکات)

گوتم: خانم ئەفسەرەکانی فەوجەکەت من ناناسن، نازانن کە من خزمەتکاری ئێوەم.

کاترین گوتی: ئەمڕۆ عەسر، بەگالیسکە سەردانی فەوجەکەم دەکەم ، تۆیش لەگەڵ خۆمدا دەبەم، کارێ دەکەم، هەموو ئەفسەرەکانم تۆ ببینن و بە چاکیش بتناسنەوە.

عەسری هەمان ڕۆژ، خانمەکەم پۆشاکی عەسکەری پۆشی، منیش بەپۆشاکی ئاساییەوە، لەگەڵیا سواری گالیسکە بووم، بەرەو فەوجەکەی کەوتینە ڕێ.

وەک گوتمان، خانمەکەم ڕقی لە فەرماندەی فەوجەکە بوو، فەرماندەی فەوجەکە بەڕێزی عەسکەرییەوە پێشوازی لە مەلیکە کرد، گوتی: سەربازەکانتان بۆ کۆکەمەوە یا نە.

کاترین گوتی: نە... تەنها بۆ ئەوە هاتووم، سوپاسی ئەفسەرەکان بکەم کە بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونمەوە دیارییان بۆ ناردووم، بەهەموویان بڵێ لە ساڵۆنە گەورەکەدا کۆببنەوە، خانمەکەم پێی گوتن لە دەوریا بازنەیێک دروست کەن، منی لە تەنیشتی خۆیدا ڕاگرت و گوتی: ئەو دیارییانەی بەهۆی جەژنی لەدایکبوونم، بۆتان ناردووم، گەلێ دڵخۆشی کردم، فریدا خزمەتکاری منە، شایەدە چەند جارێ کەیفخۆشی خۆمم دەربڕیوە، بڕیارم داوە پاش چەند ڕۆژێکی دی لە ڕێی فریدای خزمەتکارمەوە، بۆ هەریەکەتان دیارییێک بنێرم، فریدا ببین و بیناسنەوە.

ئەفسەرەکان گەلێ شادمان بوون، لە بارەگای فەوجەکە گەڕاینەوە، مەلیکە ناچار لەڕێی منەوە دیارییێکیش بۆ فەرماندەی فەوجەکە بنێرێ.

مەعلومە، پەیامە نهێنییەکەی مەلیکەی ڕوسیام نەگەیاندە فەرماندەی فەوجەکە،

بەڵام کە دەچوومە ماڵی هەریەک لە ئەفسەرەکان، دیارییەکەی مەلیکەم بۆ دەبردن و پەیامەکەیشم پێ دەگەیاندن، چۆن ڕاسپێردرابووم ئاوها هەوڵم دەدا لە دڵی ئەفسەرەکاندا جێ بۆ خۆم بکەمەوە، تا کات و شوێن ڕێی دەدام، هەوڵم دەدا ڕاسپاردەی خانمەکەم جێبەجێ بکەم، ئەم مەئموریەتەم، چەند ڕۆژێ درێژەی کێشا، پاشان هەموو ڕووداوەکانی ماڵی ئەفسەرەکانم، بۆ خانمەکەم گێڕایەوە، گەلێ کەیفخۆش بوو، چەند جارێ ماچی کردم و گوتی: فریدا تەسەوڕ دەکەم، ڕۆژی ڕزگاربوونم نزیک بووەتەوە...

لە نزیکی، پایتەختی ڕوسیا، هاوینەهەوارێ هەبوو بەناوی (ڕوپشا) پوترسی سێهەمی مێردی مەلیکە جارجارێ، بۆ ئەوێ دەچوو.

لە هاوینی ١٧٦٢دا، ئیمپراتۆر بەرەو ڕوپشا کەوتە ڕێ، بەهۆی سەفەری ئیمپراتۆر، قەسری سەڵتەنەتی چۆڵ بوو، لەگەڵ ئەمەشدا کاترینی دووهەم، بۆ بینینی ئۆرلوف، ئیحتیاتی لە دەست نەدا، ئەو گەنجە یەکەم جار دەهاتە ژوورەکەی من و دادەنیشت، پاش ئەوەی دڵنیا دەبووم، ڕاڕەوەکە چۆڵە و کەسی لێ نییە، دەمبردە ژوورەکەی کاترین.

ڕۆژێ ئۆرلوف، کە ناوە بچووکەکەی (جۆرج)[١] بوو، هات و گەنجێکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، هەرکە چاوم بەو گەنجە کەوت زانیم برایەتی و ناوی (ئەلکسی)یە، دوو ساڵ لە خۆی منداڵترە و تەمەنی شانزە ساڵە.

هەستم کرد، ئۆرلوف، بۆ ئەوە براکەی هێناوە بۆ لای مەلیکە، تا بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکەیان هاریکارییان بکات ، کاترینیش بیناسێت.

هەرکە خانمەکەم چاوی بە ئەلکسیی شانزە ساڵە کەوت، عاشقی بوو، ئۆرلوفی هەژدە ساڵەی لەبەرچاو کەوت.

ئەو ڕۆژە کە ئەو دوو برایە، لە حزووری مەلیکە مەرەخەس بوون و ڕۆیشتن کاترین دەسبەجێ بانگی کردم و گوتی: فریدا ئەلکسی–ت بینی؟

گوتم: بەڵێ خاوەن شکۆ!

(١) جۆرج، بەڕوسی ئاوها تەلەفوز دەکرێ (گۆرگ) یا (گۆرگی).





مەلیکە گوتی: چاوەکانیت بینی؟

من، چاوەکانی ئەلکسی–م بینیبوو، بەڵام خۆم لە گێلی دا و گوتم: خانم چاوەکانییم نەبینی.

کاترینی دووهەم گوتی: تۆ نازانیت ئەو کوڕە گەنجە چ چاوێکی هەیە، جۆری نیگاکانی، ئاڵووش بەردەداتە ئینسانەوە.

چاوەکانی ئەلکسی، شین و مەیلە و سەوز بوون، برژانگەکانی درێژ بوون، نیگاکانی تایبەت بوون بە خۆی، تا ئێستا چ گەنجێکم نەبینیوە ئەو جۆرە سەیرکردنەی هەبێت. کە نیگای دەکرد، پێڵووەکانی لەیەکدی نزیک دەبوونەوە، برژانگە درێژەکانی سێبەری بۆ چاوەکانی دروست دەکرد نووری سەرنجەکانی هەند خومار بوون، دڵی هێنامە لەرز، لەو ساتەی کە ئەو گەنجەم بینی، نەمتوانی لەبیری خۆمی دەرکەم.

کاترین تووشی هەیەجان بوو، باوەشی پیا کردم و گوتی: فریدا ئەو گەنجە نەبینمەوە شێت دەبم!

گوتم: خانم ئێوە، ئەوەندە جوان و دڵڕوبان، هیچ گەنجێ ناتوانێ بەرانبەرتان خۆی بگرێ، بە بچووکترین ئیشارەتی ئێوە گەنجەکە تەسلیم دەبێ.

کاترینی دووەم گوتی: ئەم گەنجە شانزە ساڵەیە، ئەمڕۆ نەیتوانی لە نیگاکانم حاڵی بێت کە چ لەرزێکی خستووەتە دڵم. بەربەستێکی گەورەی دیش هەیە، ئەویش براکەیەتی. ئەگەر ئۆرلوف بزانێت حەزم لە براکەی کردووە ئەوا دەمکوژێ!

گوتم: خانم دەتوانی بەشێوەیێک ڕەفتار بکەیت، ئۆرلوف تێنەگات کە تۆ ئەلکسی–ت خۆشدەوێ، ئەگەر خودی ئەلکسی–یش چ قسەیێک نەکات، ئەوا ئۆرلوف ئاگای لەم بەزمە نابێت.

کاترین گوتی: من، سبەینێ چ کارێکم نییە، لەگەڵ ئەمەشدا سووربووم لەسەر ئەوەی سبەینێ ئەلکسی لەگەڵ خۆیدا بێنێت... فریدا، من پێویستم بەئۆرلوفە، تا ئەو کاتەی نەخشەکەم بۆ جێبەجێ دەکات، ناتوانم بیڕەنجێنم، مەجبوورم موداراتی بکەم، بەڵام پاش ئەوەی نەخشەکەم جێبەجێ بوو، ئەوا لە خۆمی دووردەخەمەوە... فریدا، هەر کە سبەینێ ئەو دووە هاتن، ئەلکسی تێگەیێنە کە من خۆشمدەوێ. دەبێ سبەی

عـەسر بێت بۆ لام، ئۆرلوف، بانگ دەکـەمـە ژوورەکـەی خـۆم، مـەبـەسـتـیـشم ئەوەیە، ئەلکسی لەگـەڵ تـۆدا بەتـەنهـا بمێنـێ و بەهـەر زمـانـێ بووە، تێـیـگەیێنە کـە من خۆشمدەوێ، ڕایشیسپێرە، سبەی عەسر بەتەنها بەبێ ئاگاداری براکەی بێت بۆ لای تۆ. ئەوجا بیهێنە بۆ ژوورەکەی من، هەر کە هاتە ژوورەکەم پێیدەڵێم، لە لای براکەیدا باسی ئـەم پەیوەندییـە نەکـات، هەر کـاتێکیش ئۆرلوف زانـی براکـەی بەتەنـها دێتـە قەسر، دەبێ بڵێی ئەلکسی عاشقی منە... چاکە فریدای ئازیزم!

من بۆ ڕەزامـەندی خـانمەکەی خـۆم، ئـامـادەی هـەمـوو فیداکارییێک بووم، بەتایبـەتی ئەو فیداکارییانەی کە دەمزانی بۆ من بێ سوود نییە!

ڕۆژی پاشـتـر، هـەردوو برا، هـاتن بۆ قـەسـر ئۆرلوفم گـەیاندە ژوورەکـەی کـاترین، ئەلکسی لە ژوورەکەی مندا مایەوە.

نازانم کـام یەک لە حەکیم یا شـاعیرەکـان گوتوویەتی، ئەگەر ژنـێ یا پیاوێ بیـەوێ کەمـەنکێشی خۆشـەویسـتـەکەی بکات، لەو ڕاسـتـەڕێیـەی عـەشق کە هـەزاران سـاڵە تەخت دەکـرێ و هـەمـوو لە وێوە داخـڵ دەبن، چاوپۆشـی لەم ڕاسـتـە ڕێیـە بکات و ڕێیەکی کورتتر هەڵبـژێرێ، ئەوا ئەو کەسـە کەسـێکی ... عەشق لە سـەرەتادا بەنیگای درێژی ئارەزوو ئـامـێـز دەست پێدەکـات، پاشـان بزە و ئەوجـا قسـە دێتـە نێوانەوە، تا ئەوکاتەی دەستەکانی عاشق و مەعشووق دەگەنە یەک.

هـەموو بۆ وەدەستهێنانی لەززەتی عەشق، بەم ڕەوشـەو بەهـەندێ گۆڕانکاری دەست پێدەکەن، ئەگـەر کەسێ بتوانێ ئەم ڕەوشـە بگۆڕێ و هـەنگاوێکی دیی هـەڵهێنێ، ئەوا ئەو کـەسـە نابیـغـەیە... لەبەر ئەوەی من نـابیـغـە نەبـووم، ڕەوشـە کـۆنەکـەیش تاقی کـراوەتەوە و دڵنیـا بەخـشـە، ئەمـەیانم بەکـارهێنا، بەڵام نیگا درێژە گـەرمـەکـانم، چ کاریگەرییێکی نەبوو، بەسەر ئەو گەنجـە، کە چاوە شین و خـومارەکەی، هـەموو ژنێکی دەشڵـەژاند. کاتەکەیش کـەم بوو، نەمدەتوانی سـوود لەو کاتە کـەمە وەرگرم، ئاشنـای کـەمـە سـەر ڕەمـزەکانی ژیان، چونکـە مـومکینـە هـەر لەحـزەیێک ئـۆرلوف–ی برای لە ژوورەکەی مەلیکە بگەڕێتەوە و لەگەڵ خۆیدا بیبات...

ئەمە بوو، خـەجاڵـەتیم، بەلاوە نا، لەو گـەنجـە نزیک بوومـەوە، دەسـتم خسـتـە سـەر شانەکانی و گوتم: ئەلکسی ئازیز، دەمـەوێ رازێکی گەورەت لا بدرکێنم، بەو مەرجەی





بە هیچ کەسێ نەڵێیت، بەتایبەتی بە براکەت.

ئەلکسی چاوە پڕ ئەفسوونەکانی بڕییە من و گوتی: ئەو ڕازە چییە؟

گوتم: ئایە سـوێندم بۆ دەخـۆیت ئەو ڕازە لە لای چ کـەسێ نەدرکێنی، بەتایبـەتی لە لای براکەت؟

ئەلکسی گوتی: سوێندت بۆ دەخۆم.

گوتم: ئێوە ئەسیـڵزادەن، کە سوێندتان خوارد دەبێ بەرانبەر بەسـوێندەکەی خۆتان بە وەفا بن.

ئەلکسی گوتی: بەرانبەر بە سوێندەکەم بەوەفا دەبم.

گوتم: کاترینی خـانمی من تۆی خۆشدەوێت دەیەوێ ئەم عەسـرە ئێوە بەتەنها، بەبێ ئەوەی براکەتان بزانێ، وەرن بۆ ئێرە ئەوجا منیش دەتبەم بۆ ژوورەکەی مەلیکە.

ئەلکسی لەم قسەی من ترسا و گوتی: مەلیکە چ ئیشێکی بەمن هەیە؟

گوتم: مـەترسـە مـەلیکە دەیەوێ خـۆشـەویستی خـۆیت بـۆ بنوێنێ، تۆ لە تەنیـشـتی ئەودا هـەست دەکـەیت بەختـەوەرترین پیـاوی ڕوسیـایت. ئەلکسی بە سـەرسـامییـەوە گوتی: لە تەنیشتیدا، هەست بە بەختەوەری دەکەم؟

گـوتم: خـۆش بەحـاڵـت، بـۆ یەکـەم جـار لـەگـەڵ ژنێکدا، ڕادەبوێری لەو جـوانـتـر و بەموحیبەتتر نییە.

ئەوجا نەوازشی مووەکانیم کرد و گوتم: ئایا ئامادەیت، ئەم عەسرە بەبێ ئاگاداری براکەت، بەتەنها بێیت بۆ ئێرە!؟

ئەلکسی گوتی: بەڵێ ئامادەم!

لە عـەسـردا ئەلکسی بەتەنهـا هات و بردمـە ژوورەکـەی خـۆم و دامنا و گـوتم: تکا دەکەم، چەند دەقیقەیێک سەبر بکە، تا بە خانمەکەم بڵێم کە ئێوە هاتوون.

ئەو گـەنجـە دانیـشت و من لە ژوورەکـە چوومـە دەرێ. چوومـە ژوورەکـەی کـاترین، سەیرم کرد بەرانبەر بەئاوێنە دانیشتووە، پێمگوت، ئەلکسی هاتووە.

لەو دەمـەدا پوترسی سێـهـەم ئیمـپراتۆری ڕوسیـا، لە هـاوینەهـەواری (ڕۆپشـا) بوو، بۆیە خانمەکەم دەیتوانی لە عەسردا، دۆستەکانی خۆی ببینێ.

بەر لەوەی ئەلکسی ببەمە ژوورەکەی پێی گوتم: تەسەورڕ دەکەی گەنجێکی وەکو ئەلکسی منی خۆشبوێت؟

گوتم: خاوەن شکۆ، بەو شێوەیەی کە من هەستم پێی کردووە، هەموو سیفاتە چاکەکان لەم گەنجەدا کۆبووەتەوە، تەنها ئەوەیە زۆر گەنجە، دڵنیام بەرانبەر بەخۆشەویستییەکەی ئێوە، بەجۆرێ کەمەنکێش دەبێ، لە هەموو دۆستەکانت زیاتر تۆیان خۆشدەوێ.

کاترین گوتی: فریدا دەترسم، لەبەر ئەوەی زۆر گەنجە خۆشی نەوێم.

گوتم: خاوەن شکۆ لەبەر ئەوەی تەمەنی کەمە، لە سەرەتادا دەبێ ئێوە وای ڕەفتار لەگەڵدا بکەن، وەک ئەوەی ڕەفتار لەگەڵ منداڵێکدا بکەن، ئارام دەبێت.

کاترین گوتی: بەپێی ڕاسپاردەکەتان ڕەفتار دەکەم.

ئەلکسیم بردە ژوورەکەی کاترین.

کاتێ ئەلکسی لە ژوورەکەی کاترین، هاتە دەرێ، ببووە شەو، ڕانمایی ئەو گەنجەم کرد، تا گەیشتە ماڵەکەم و لەوێوە لە قەسرەکە بچێتە دەرێ.

پاش ئەوەی گەیشتە ژوورەکەم، بەبیانووی ئەوەی سەرەڕێیەکەی قەرەباڵغە دەبێ هەندێ سەبرکات تا چۆڵ دەبێ، لە ژوورەکەمدا ڕامگرت و دەمویست بزانم لە نێوان ئەم و مەلیکە چی ڕووی دا.

گوتم: ئایا هەست دەکەی مەلیکە هی ئەوە بێ خۆشتبوێ؟

ئەلکسی گوتی: تەسەورڕم نەدەکرد خواوەند ئەو هەموو موحیبەتەی لە ناخی ژندا دانابێ، ئەگەر دەمزانیی ژن، خاوەنی ئەم هەموو موحیبەتەیە زووتر موعاشەرەم لەگەڵ ژناندا دەکرد.

وتم: ئاگات لەوە بێت، هەموو ژنەکان نابن بەمەلیکەی ڕوسیا، تەنها ئەوە دەتوانێ بەلوتف و سۆزی خۆی، پیاوێکی وەکو تۆ بگەیێنێتە دەرگای بەختەوەری... پاش ئەوەی خانمەکەمت بینی چی گوت؟

ئەلکسی گوتی: هەرکە منی بینی، هەڵسا هاتە لام سەیری چاوەکانمی کرد و گوتی، ئەلکسی، ئەگەر ڕۆژێ لەم وڵاتەدا دەسەڵاتم هەبێت، دایک و باوکت، گەلێ





دەوڵەمەند دەکەم، چونکە توانیویانە گەنجێکی وەکو تۆ بهێننە وجودەوە، تا خەڵکی لە ڕێی جوانییەکەی تۆ، پەی بە عەزەمەتی خواوەند ببەن.

لە ئەلکسی–م پرسی: ئایە کاترین هەر ئەمەی پێگوتی؟

ئەلکسی گوتی: هەندێ شتی دیی پێگوتم... بۆی ڕوون کردمەوە کە قەدری جوانییەکەی خۆم بزانم، نابێ لەگەڵ ئەو ژنانەی لیاقەتیان نەبێت موعاشەرە بکەم و ببمە هاودەمیان، دەبێ ئەو ژنەی لەگەڵ تۆدا موعاشەرەت بکات لە نێوان ژناندا دانسقە بێت ئەوەی من ئاگام لێ بێ ئەو ژنە کەسێکە ئایە دەتوانی هەست بکەیت ئەو ژنە کێیە؟

گوتم: بەڵێ، خاوەن شکۆ ئەو ژنە تۆیت.

مەلیکەی ڕوسیا گوتی: هەرکاتێ لە ژوورێکدا بەتەنها لەگەڵمدا بوویت بەناوی (سوفی)یەوە بانگم بکە، من بۆ تۆ (سوفی–م) نەک مەلیکەی ڕوسیا بەڵام ئاگاداربە ئورلوف–ی برات، پەی بەم پەیوەندییەمان نەبات، ئەگەر بزانێت ئێمە پەیوەندیمان بەیەکەوە هەیە، ئەوا هەردووکمان ڕووبەڕووی خەتەرێکی گەورە دەبینەوە.

گوتم دڵنیابە ناهێڵم براکەم ئاگای لەم شتە هەبێ.

مەلیکەی ڕوسیا گوتی: تەنها مەحرەمێکم هەیە، ئەویش فریدای خزمەتکارمە، ئەوەی تۆی بۆ ئەم ژوورە هێنا، ئەو ئاگای لە هەموو نهێنییەکانی منە، جگە لەو چ کەسێ مەحرەمی من نییە، دەبێ نەهێڵی چ کەسێ ئاگای لەم پەیوەندییەمان بێت بەتایبەتی براکەت و دایکت.

هەرکە ئەلکسی ماڵەکەی منی جێهێشت، کاترین بانگی کردم، وەک هەمیشە پاش ئەوەی دۆستەکانی خۆی دەبینی، قژەکەیشم شانە دەکرد، جورئەتم نەدەکرد دەربارەی ئەلکسی لە خانمەکەی خۆم پرسیار بکەم، مەگەر خۆی شتێ بڵێت.

گوتم: خانم ئومێدەوارم، لەم دۆستایەتییەتان ڕازی بووبیت.

کاترین گوتی: بەجۆرێ ڕازیم، ناتوانم لە ئایندەدا دەسبەرداری ئەم گەنجە بم، دەترسم لە عاقیبەتدا، پەیوەندییەکەمان بگاتە براکەی و کێشەم بۆ دروست بێت.

گوتم: خانم پێتگوتووە، جارێکی دی بێتەوە بۆ ئێرە؟

کاترین گوتی: سبەینێ دێت و بیهێنە بۆ لام، وای بۆ دەچم، سبەینێ لەمڕۆ زیاتر خۆشەویست دەبێ، جازبیەی هەردوو چاوە سەوزە خومارەکەی، کاریان لە ناخم کردووە.

ڕۆژی پاشتر، ئەلکسی لە هەمان سەعاتدا، هات، دەمزانی خانمەکەم بەبێ سەبری، چاوەڕێی مەحبوبەکەی خۆی دەکات بردم بۆ لای کاترین، لەو ڕۆژەدا چەند کەسێکی دەربار، داوایان کردبوو، خانمەکەم ببینن، پێیانمگوت، خانمەکەم نەخۆشەو ناتوانێ چ کەسێ ببینێ و دەڵێ، سبەینێ دەیانبینم.

وڵامەکەم قەناعەتی بە دەربارەکان هێنا، هەموو ڕۆیشتن، عەسر تێپەڕی و بوو بە شەو.

تەسەوڕم دەکرد، ئەلکسی وەکو شەوی ڕابردوو، لە سەعات نۆدا لە ژوورەکەی کاترین بێتە دەرێ، بەڵام سەعات بووە دە، بووە یانزە، ئەو گەنجە لە ژوورەکەی کاترین نەهاتە دەرێ من بۆ خانمەکەم نیگەران بووم، لەبەر ئەوەی ئەلکسی پیاوێکی کامڵ نەبوو، ئەگەر درەنگی شەو بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی ئەوا ئورلوف-ی برای و دایکی نیگەران دەبن، دەیانەوێ بزانن، کوڕەکەیان چی بەسەر هاتووە.

لە سەعات یانزەدا، خانمەکەم زەنگی لێدا و بانگی کردم، لەبەر ئەوەی مەحرەم بووم، بۆم هەبوو، کاتێ دۆستەکانی کاترین، لە ژوورەکەیدا بوون بچمە ژوورێ... سەیرم کرد ئەلکسی لەسەر قەنەفەکەیدا دانیشتووە، کاترین، سەری ئەلکسی خستووەتە سەر سینگی خۆی و پێیگوتم: فریدا، ئەم ئازیزەی من برسیەتی، لە نیوەڕۆوە هیچی نەخواردووە، خۆراکی بۆ بێنە!

گوتم: بۆ ئێوەش خۆراک بێنم، یا نەء؟

کاترین سەیرێکی خۆشەویستەکەی خۆی کرد و گوتی: کاتێ ئەلکسی لە تەنیشتمدا بێت، خواردن لەبیر دەکەم، ئەگەرچی ئەمشەو شیڤم نەخواردووە، هەست بەبرسیەتی ناکەم، لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ ئەوەی ئەلکسی هەست بەغەریبی نەکات، لەگەڵیا هەندێ شیڤ دەخۆم.

شیڤم بۆ بردن، پاش سەعاتێکی دی، کاترین زەنگی لێدا، تەسەوڕم کرد بۆ ئەوە بانگم دەکات کە قاپە خاڵییەکان بگەڕێنمەوە.





کە چوومە ژوورێ، کاترینی دووهەم دۆستەکەی خۆی نیشان دام کە خەوی لێ کەوتبوو، گوتی: فریدا، ئایە حەقمە خۆم بەبەدبەخت بزانم یا نەء؟

گوتم: خاوەن شکۆ بۆچی خۆت بە بەدبەخت دەزانی؟

کاترینی دووهەم گوتی: گەلێ تکام لێ کرد، تا ڕازی بوو ئەمشەو لە لای من بمێنێتەوە.

دڵنیاشم کرد، کە کەسوکاری نیگەران نابن، کەچی هەرکە شیڤەکەی خوارد خەوی لێکەوت.

گوتم: خانم، ئەو گەنجانەی لەو تەمەنەدان، ناتوانن بەرانبەر بەخەو خۆیان بگرن.

کاترین گوتی: ئەگەر خۆشم نەویستبا، لە خەو هەڵمدەستاند، ئەگەرچی دەزانم گەنجێ لەم درەنگە شەوەدا بەخەبەر بێتەوە، مەیلی نابێت لەگەڵما بمێنێتەوە، پێمدەگوت، ئێرە جێ بێڵێت، بەڵام ئەوەندەم خۆشدەوێ، ناتوانم بەخەبەری کەمەوە و پێی بڵێم، لێرە بڕۆ.. فریدا.. سەیرکە.. لە خەوتندا جوانتر نییە لەوەی کە بەخەبەر بێت؟

بۆ ئەوەی قسەی خانمەکەم بسەلمێنم گوتم: بەڵێ، لە ڕاستییا لە خەودا گەلێ جوانترە لە بێدارییەکەی.

بەڵام لە لای خۆم، بۆچوونێکی دیم هەبوو، چونکە لە خەودا، چاوە مەیلەو سەوزەکانی نابینرێ، ئینسان ناتوانێ پەیکانی دیدە خومارەکانی ببینێ کە دەچەقنە نێو دڵی ئینسانەوە.

قاپە بەتاڵەکانم لە ژوورەکەدا کۆکردەوە، خانمەکەم گوتی: فریدا ناتوانم ئەم گەنجە، لە خەو هەڵسێنم، لێدەگەڕێم با هەر لێرەدا بنوێت، خۆشم لێرەدا دەنووم، ناتوانم بەیانی زوو بەخەبەر بمەوە، تۆ لەگەڵ بەرەبەیاندا وەرە بۆ ئێرە، ئەلکسی بەخەبەر کەوە و پێی بڵێ بڕوات.

لە ژوورەکەی کاترین هاتمە دەرێ، چوومە ماڵەکەی خۆم تا بنووم.

لەپڕ گوێم لە دەنگی پێ بوو، لە ماڵەکەم نزیک دەبووەوە، ئورلوف-ی برای ئەلکسی هاتە ماڵەکەم و گوتی: ئەلکسی لە کوێدایە؟

هەر کە ئورلوف–م بینی، تێگەیشتم بۆچی هاتووە. دەیەوێ بزانێ براکەی بۆ وا دواکەوتووە، لە دواکەوتنی ئەم برایەی، گەلێ نیگەرانە، پێیان گوتووە، ئەلکسی دوێنێ عەسر و عەسری ئەمڕۆش هاتووەتە ماڵەکەی من. ئورلوف تەسەوری ئەوەی کردووە من برا نەوجەوانەکەیم فریو داوە و کردوومەتە عاشقی خۆم، کە بینی لە ماڵەکەی مندا نییە، گوتی: ئایە ئەمڕۆ، نەهاتووە بۆ ئێرە.

گوتم: نەء.

ئورلوف گوتی: تۆ درۆ دەکەیت، هەموو بینیویانە، دوێنێ عەسر و ئەمڕۆیش براکەم هاتووە بۆ ئێرە.

ئەوجا لێم نزیک بووەوە، دەستی گرتم و گوشیی، بەجۆرێ ئازارم پێگەیشت.

گوتم: ئەگەر دەستم بەرنەدەیت هاوار دەکەم.

ئورلوف، دەستی بەردام و گوتی: براکەم لە کوێدایە؟ ئایە تۆ بردووتە بۆ لای کاترین؟

گوتم: لە کوێوە ئەم بۆچوونەت پەیداکرد، کە گوایە من براکەی تۆم بردبێ بۆ لای مەلیکە؟

ئورلوف گوتی: تۆ هەمیشە، منت دەبردە لای کاترین، مومکینە ئەمڕۆ براکەمت بردبێ بۆ لای.

گوتم: ئەگەر من تۆم بۆ ژوورەکەی کاترین بردبێ، ئەوا ئەمری مەلیکەم جێبەجێ کردووە، لەمەیش بەولاوە، من تۆم خۆشدەوێ، هەر خۆشەویستییەکەم وای کردووە، تۆ بگەیێنمە لای مەلیکە، چونکە حەزدەکەم کەرەسەی خۆشگوزەرانیت بۆ فەراهەم بکەم، چونکە دەزانم تۆ لە دیدەنی مەلیکەی ڕوسیا لەززەت وەردەگری. من هەوڵدەدەم بتگەیێنمە ئەو.

ئورلوف گوتی: ئایا براکەم لە لای مەلیکەدا نییە؟

گوتم: سوێندت بۆ دەخۆم، ئێستا براکەت لە لای مەلیکە نییە.

ئورلوف گوتی: بەڵام هەموو دەڵێن براکەم ئەمڕۆ لێرەدا بوو.

گوتم: قەسری سەڵتەنەتی، چەند دەرگایێکی هەیە، مومکینە براکەت لە





دەرگایەکەوە هاتووتە ژووری و لە دەرگایێکی دییەوە چووەتە دەرێ.

ئورلوف، جورئەتی نەکرد بڵێت دەچم سەیری ژووری نووستنەکەی کاترین دەکەم، چونکە دەیزانی، گەر ئەمە بکات ئەوا دەکەوێتە بەر غەزەبی کاترین.

لەو کاتەدا بەئومێد بووم، ئورلوف سوود لە فرسەت وەرگرێ و سەرنجێکی من بدات، چاکترین فرسەت بوو، سەعاتێک لەگەڵ مندا بگوزەرێنێ، بەڵام هەر بەوەندە ئیکتفای کرد، دەستێکی بەسەر سەرما هێنا و خواحافیزی کرد.

بەرەبەیان بەر لەوەی دنیا ڕۆشن بێتەوە، چوومە ژووری خانمەکەی خۆم و ئەلکسی–م لە خەو هەڵساند، گوتم زوو پۆشاکەکانی بپۆشێ و بچێتە دەرێ.

کاتێ ئەلکسی لە ژوورەکەی مەلیکەی ڕوسیا چووە دەرێ، هێشتا دنیا ڕۆشن نەبووەوە، لەو کاتەدا لە قەسر چووبایەتە دەرێ، حەرەسەکان ڕێیا لێ دەگرت و تەحقیقیان لەگەڵ دەکرد کە کێیە و بۆ لەم کاتەدا دەیەوێ بچێتە دەرێ، ئەوەبوو لەگەڵ ئەو گەنجەدا ڕێم گرتەبەر، گەیشتینە دەرگای قەسر حەرەسی دەرگاکە لە سەربازەکانی گاردی ئیمپراتۆری بوو، بەر دەممانی گرت و گوتی: بەبێ ئیجازەی ئەفسەرەکەی خۆم ناتوانم ڕێتان بدەم بچنە دەرێ.

گوتم: من نامەوێ لە قەسر بچمە دەرێ، تەنها ئەم گەنجە دەیەوێ بچێتە دەرێ، ئیدی دەستی بەزەنگێکی بچووکەوە نا، پاش چەند ساتێ ئەفسەرەکەی دەرکەوت و من بۆ لای چووم بەئەسپایی پێمگوت: ئەم گەنجە کوڕە مامی منە، دوێنێ شەو میوانی من بوو، ئێستا دەیەوێ بڕوات تکا دەکەم ڕێی بدەن تا بچێتە دەرێ.

ئەفسەرەکە، سەیرێکی ئەلکسی کرد و گوتی: فریدا، لەبەر ئەوەی تۆ داوام لێ دەکەی ڕێ بەکوڕە مامەکەت بدەم، بەڵام ئەگەر کەسێکی دیبا موافەقەتم نەدەکرد.

ئەفسەرەکە دەیزانی ئەلکسی کوڕە مامی من نییە، بەڵام دڵنیا بووم کە قەناعەتی وابوو، کە ئەلکسی مەحبوبی منە، شەوی لە لای مندا گوزەراندووە هەر بۆیە دەیەوێت بەر لە ڕۆشنبوونەوەی دنیا بڕوات و کەسیش نەیبینێ.

دڵنیام فیداکارییەکانی من لەو ڕۆژەدا بۆ مەلیکەی ڕوسیا، یەکێک بوو لە حوکمەکانی قەزاو قەدەر، چونکە هەر ئەو ڕۆژە کە هەتاو هەڵهات و قەسری سەڵتەنەتی ڕۆشن بووەوە، ئیمپراتۆری مێردی کاترینی دووهەم گەڕایەوە بۆ

پایتەخت. بەبێ هیچ ئاگادار کردنەوەیێک، یەکسەر چووە ژوورەکەی کاترینی دووهەم.

گوتمان عادەتی ئیمپراتۆر وابوو، شەوان گەلێ مەست دەبوو، بەڕۆژیش تا نیوەڕۆ دەخەوت، بۆیە لە هەر شوێنێکدا با، دەبا بخەوێت، بەڵام پاشان مەعلوم بوو، شەوی پێشتر، هەتا بەرەبەیان هەر خەریکی شەرابنۆشین بوو، هەرکە هەتاویش هەڵهات، لەپڕ بیر لەوە دەکاتەوە بگەڕێتەوە بۆ پایتەخت.

ئەگەر لەو ڕۆژەدا بەر لە ڕۆشنبوونەوەی دنیا، ئەلکسی-م لە ژوورەکەی خانمەکەم نەهێنابایە دەر ئەوا ئیمپراتۆری ڕوسیا، ئەلکسیی لە ژوورەکەی خانمەکەمدا دەبینی و هەردووکیانی دەکوشت.

هەرکە پوترسی سێهەم دەچێتە ژوورەکەی کاترین، لە خەوی هەڵدەسێنێ و پێی دەڵێ: ئیدی خەو بەسە لە سیسەمەکە وەرە خوارێ، تا من بنووم!

ئیمپراتۆر تا دوو سەعات دوای نیوەڕۆ خەوت، پاش ئەوەی لە خەو هەڵسا و داوای وەزیری پۆلیسی کرد و گوتی: کۆنترین حەپسی ئێمە لە سیبیریادا کێیە؟

وەزیری پۆلیس، چاوەڕێی ئەم پرسیارە چاوەڕوان نەکراوەی نەدەکرد،

گوتی: خاوەن شکۆ، ئیجازەم بدەنێ، بچم سەیری دۆسیەکانی پۆلیس بکەم.

سیبیریا، وەک دەزانین تاراوگەی حەپسە سیاسییەکانی ڕوسیا بوو وەزیری پۆلیس گەڕایەوە و گوتی: خاوەن شکۆ کۆنترین حەپسی ئێمە لە سیبیریادا، کەسێکە بەناوی (کۆنت دو مونیخ) پەنجا ساڵە، بۆ سیبیریا دوور خراوەتەوە.

پوترسی سێهەم فەرمانی ئازادیی ئەو پیاوەی دەرکرد.

(کۆنت دو مونیخ) یەکێ بوو لە ئەشرافەکانی ڕوسیا، لە تەمەنی سی ساڵیدا، لە مۆسکۆدا ژنێک و سێ منداڵی هەبوو، دەستگیرکرا و دوورخرایەوە بۆ سیبیریا و لەبیرکرا، پاشان ژن و منداڵەکانی، جێی نیشتەجێ بوونیان گواستەوە بۆ سانبترزبۆرگی پایتەختی ڕوسیا.

هیچ کەسێ نەیزانی ئیمپراتۆرە شێتەکەی ڕوسیا بۆچی (کۆنت دو مونیخ-ی) ئازاد کرد، دوورنییە خەونی دیبێ، لەبەر ئەو خەونەی ئازادی کردبێ.





ئەو ڕۆژەی (کۆنت دو مونیخ) لە سیبیریاوە گەڕایەوە بۆ پایتەخت هەموو دانیشتوانی پایتەخت، بۆ دیدەنی ئەو پیاوە ڕژابوونە سەر شەقامەکان.

منداڵەکانی ئەو پیاوە گەورە ببوون، کوڕەکانی ژنیان هێنابوو، کچەکانی شوویان کردبوو، هەرکە کۆنت دو مونیخ گەیشتە پایتەخت، شەست و پێنج کەسی ئەندامانی بنەماڵەکەی، پێشوازییان کرد، کەچی نەیاندەناسییەوە، ئەویش پاش ئەو پەنجا ساڵە چ کەسێکیانی نەدەناسییەوە.

لەو ڕۆژەی (کۆنت دو مونیخ)یان بۆ سیبیریا دوورخستەوە، سەر و ڕیشی نەتاشی، پرچەکەی لە هەردوولاوە دەگەیشتە ئەژنۆی، ڕیشیشی بەئەندازەی مووەکانی سەری درێژ ببوون، لە هەموو تەمەنمدا کەسێکی وەک ئەو پیرەمێردەم نەبینیبوو، سەر و ڕیشی وەکو بەفر سپی ببوون.

هەر لەو ڕۆژەی ئیمپراتۆر، لە وەزیری پۆلیس، داوای کۆنترین حەپسی کرد ئەوەی کەوتەوە یاد، لەسەر تەختی سەڵتەنەتی دانیشتووە و سکەی لێ نەداوە، بیری لەوە کردەوە سکە لێدات.

وێنەکێشێکیان ڕاسپارد، پورترێتێکی ڕوخساری دروست کات، تا بیدەنە شارەزایان لەسەر سکەکە داینێ.

پیاوانی دەرباری ڕوسیا، وێنەکێشەکەیان ڕاسپاردبوو، کە وێنەی ئیمپراتۆر جوانتر دروست کات. کاتێ وێنەکەی پوترسیان دایە دەستی خۆی تا موافەقەت بکات و سکەکە لێدەن، پوترسی سێهەم وێنەکەی گرتە دەست و لە ئاوێنە نزیک بووەوە، لە ئاوێنەکە، سەیری خۆی دەکرد، جارجارەیش سەیری وێنەکەی دەکرد، لەپڕ هاواری کرد، وێنەکێشەکەم بۆ بێنن!

وێنەکێشەکەیان هێنا، ئیمپراتۆر، وێنەکەی نیشان دا و گوتی: ئەم وێنەیە چییە؟

وێنەکێشەکە گوتی: خاوەن شکۆ، وێنەی ئێوەیە!

ئیمپراتۆر تووڕەبوو، کورسییەکی لەبەر دەستدابوو، بەرزی کردەوە کێشایە تەوقی سەری وێنەکێشەکە، جنێوی پێدا و گوتی: وەرە پێشێ، لە ئاوێنەدا سەیری من بکە و بزانە، ئەم وێنەیەی تۆ کێشاوتە، بەئاستەم لەمن دەچێت یا نەء؟

وێنەکێشەکە دەیزانی حەق بەئیمپراتۆرە، ناچاربوو قسەی ڕاست بکات و بڵێت،

ئەو دووە لە یەک ناچن.

ئیمپراتۆر دەستی بەزەنگەوە نا، پێشخزمەتەکە هاتە ژووری ئیمپراتۆر پێیگوت: ئەفسەری خەفەری گاردی ئیمپراتۆرم بۆ بانگ بکە.

کاتێ ئەفسەری خەفەر هات، ئیمپراتۆر وێنەکێشەکەی نیشان دا و گوتی: ئەم حەیوانە ببەن تیربارانی کەن!

وێنەکێشە بەدبەختەکە چاوەڕێی ئەم سزایەی نەدەکرد، کەوتە سەر دەست و پێی ئیمپراتۆر، بەناڵە و گریانەوە گوتی: خاوەن شکۆ من گوناهم نییە، ئەمریان پێ کردم وێنەی ئێوە جوانتر بکێشم لەوەی کە هەیت، منیش بەپێی ئەو ئەمرە کارم کردووە.

ئیمپراتۆر گوتی: کێ ئەمری پێدایت؟

وێنەکێشەکە ناوی چەند کەسێکی هێنا، گوتیشی لە لایەن ڕەئیسی تەشریفاتەوە ڕاسپێردراوە هەر ئەویش حەقدەستەکەم دەدات.

ئیمپراتۆر گوتی: ڕەئیسی تەشریفات بهێنن!

کە ئەو پیاوە هات پوترسی سێهەم پرسیاری لێ کرد: ئایە تۆ فەرمانت داوە بەم پیاوە وێنەی من جوانتر دروست کات، لەوەی کە هەم؟

ڕەئیسی تەشریفات گوتی: بەڵێ خاوەن شکۆ، لەبەر ئەوەی......

ئیمپراتۆر نەیهێشت ئەو پیاوە قسەکەی تەواو بکات، ئەمری کرد، دەسبەجێ تیربارانی کەن، سەربازەکانی گاردی ئیمپراتۆری هاتن، ئەو پیاوە بەدبەختەیان برد لە حەوشەی قەڵای (پترپل) تیربارانیان کرد پاش ئەوەی ڕەئیسی تەشریفاتیان برد، ئیمپراتۆر بە وێنەکێشەکەی گوت: دەزانی بۆچی ئەم پیاوە پێیگوتوویت وێنەکەم بەشێوەیێکی دی دروست کەیت؟

وێنەکێشەکە گوتی: نەء خاوەن شکۆ من سەر لەو ئیشانە دەرناکەم، من وێنەکێشم تەنیا ئەمر جێبەجێ دەکەم.

ئیمپراتۆر گوتی: ئەم پیاوە نیازی کودەتای هەبووە، ویستوویەتی یەکێکی دی، یانی خاوەنی ئەم وێنەیە، لە جێی من بکاتە ئیمپراتۆری ڕوسیا هەر بۆیە ئەمری کردووە، وێنەی لەسەر سکەکان لە شکڵی ئەو دروست کەن، تا ئەو شکڵە لەنێو





خەڵکیدا ڕەواج پەیدا کات و بەچاکیش بیناسن، بەڵام چ کەسێ وێنەی من نەبینێ و نەمناسن.

ڕۆژێ ئەم مەوزووعەیان بۆ خانمەکەم گێڕایەوە من لە حزووری مەلیکەدا بووم، پاش ئەوەی ئەو کەسە ئەم خەبەرەی گەیاندە مەلیکە و ڕۆیشت، من بەخانمەکەی خۆم گوت: خاوەن شکۆ، ئیمپراتۆری ڕوسیا، کە بەو شێوەیە تەسەوڕ دەکرێ شێت نییە!

پوترسی سێهەمی ئیمپراتۆرەکەی ئێمە، وەک کاترینی دووهەمی هاوسەری، خوێنی ئەڵمانی لەنێو دەمارەکانیدا بوو، لە مناڵیدا ناوی (دوک دو هول شتاین) بوو یانی فەرمانڕەوایی وڵاتی (هول شتاین) کە یەکێ بوو لە وڵاتەکانی ئەڵمانیا.

ئیمپراتۆرەکەی ئێمە کوڕی (ئەننا) بوو، پێویستیش بە تەفسیل ناکات (ئەننا) کچە گەورەی (پوترسی گەورە) بوو، شووی بە ئەڵمانییێک کردبوو، پوترسی سێهەمی لێ ببوو.

پوترسی سێهەم لە دایک بوو، مناڵێکی ئاسایی بوو، هیچ کەموکوڕییێکی جەستەیی و ڕوحی نەبوو، تا ئەو ڕۆژەی بەئەمری دایکی لەبەر چاوی ئەمدا باوکیان کوشت.

ڕۆژێ (ئەننا) لەگەڵ مێردەکەی و پوترسی سێهەمی کوڕی، کە مناڵ بوو، خەریکی فراڤین خواردن بوون، کورسییێکیان بۆ پوترسی سێهەم دروست کردبوو پێیەکانی بەرز بوون، تا ئەو مناڵە بتوانێ لەسەر مێزی خۆراک خواردن لەگەڵ دایک و باوکیا دانیشێ و خۆراک بخوات.

(ئەننا) پاش ئەوەی دوو پارووی خواردبوو، هەڵسا و لە ژوورەکە چووە دەرێ، مێردەکەی و کوڕەکەی بەردەوام بوون لە خۆراک خواردن، پاش چەند ساتێ دە کەس هاتنە ژووری خۆراک خواردن، هێرشیان کردە سەر مێردەکەی (ئەننا) لە چەپ و ڕاستەوە، دایانە بەر چەقۆ، هیچ کەسێ بیری لەوە نەکردەوە ئەو مناڵە لەو ژوورە بباتە دەرێ، تا ئەم دیمەنە ترسناکەی کوشتنی باوکی نەبینێت، بە چەقۆیەک شا دەماری ئەو پیاوە بەدبەختەیان بڕی، لە گەروویەوە خوێن فەوارەی کرد و ڕژایە سەر ئەو مناڵە، پاشان هەر لەبەر چاوی ئەو مناڵە چەند چەقۆیێکی دیشیان پیاکێشا.

ئەوجا، ئەوانەی مێردەکەی (ئەننا)یان کوشت، لە ژوورەکە چوونە دەرێ، ئەو مناڵەیان لەنێو خوێنی باوکیا، لەو ژوورەدا جێهێشت.

لەو ڕۆژە بەدواوە، پوترسی سێهەم، مەشاعیر و هەستەکانی تێکچوو، تا دوا ڕۆژی ژیانی، کە بەفەرمانی کاترینی دووهەم کوژرا، (کوشتنی مێرد لە لایەن مەلیکە–کانی ڕوسیا، ڕەواجی هەبوو) نیوە شێت بوو، ئەم پیاوە لە لایەن دایکەوە بەمیرات خوێنی پوترسی گەورەی تێدابوو، بۆیە هەندێ جار، کارگەلێکی ئەوتۆی دەکرد، گەلێ لە شێتایەتییەوە دووربوو، کارەکانی پوترسی گەورەی دەهێنایەوە بیر.

لە منالێیدا هەمیشە گەمەی لەگەڵ سەربازە ئاسنەکانی خۆی دەکرد، ئەو سەربازانەی لە ئاسن دروست کرابوون، تەفتیشی دەکردن، هەر کە هەندێ گەورەبوو هەندێ قازی ڕاهێنابوو، کە ئەمری (ئاگاداربوون–ی) پێ دەدان، هەموویان بەڕیز دەوەستان و نەدەجووڵانەوە.

لە سوپای ڕوسیا عادەت وابوو، کە ژەنەڕاڵەکان بیانویستبا، تەفتیشی سەربازەکانی خۆیان بکەن، بەرانبەر ڕیزە سەربازەکانی خۆیان دەوەستان و هاواریان دەکرد،(ئەزداروو– ربیاتا)[1] سەربازەکانیش، دەبا بە یەک دەنگ بڵێن: (ژەنەراڵی گەورەمان، ڕۆژباش).

پوترسی سێهەم، بەرانبەر بە قازەکانی خۆی دەوەستا، هاواری دەکرد: (کوڕینە سەلام) قازەکانیش پاش بیستنی ئەم قسەیە سێ جار لەسەر یەک دەیانقیڕاند، وایان نیشان دەدا، کە وڵامی ژەنەڕاڵ دەدەنەوە.

لەو سەردەمەی کە پوترسی سێهەم وەلیعەهد بوو، کرابووە ڕەئیسی بەندەری (کرونستادت) ئەمە، بەندەرێکی عەسکەری و نزیکی سان بترزبۆرگی پایتەختی ڕوسیا بوو، ئێمە لەم شارەی خۆمانەوە ئەم بەندەرە بە جوانی دەبینین.

ئەگەرچی لەو دەمەدا، پوترسی سێهەم تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو، بەڵام بە باڵقی نەدەکەوتە ڕوو، بەهیچ جۆرێک بایەخی بە ژنان نەدەدا.

ڕۆژێ پوترسی سێهەم لە تەنیشتی ئەسکەلەکەی کرونستادت، پیاسەی دەکرد، چوار تاجیری ڕیش درێژی بەندەرەکە، دەیانویست خۆیان بگەیێننە وەلیعەهد، بەڵام حیمایەکانی وەلیعەهد نەیاندەهێشت تا خودی وەلیعەهد، ئەمانەی بینی، ئیشارەتی دایە حیمایەکان کە لێگەڕێن با نزیک بنەوە، ئەم چوار کەسە، خۆیان گەیاندە

(١) ئەزداروو– ربیاتا: یانی کوڕینە سەلام.





وەلیعەهد، پوترسی سێهەم لێی پرسین، چیتان دەوێ؟

ئەوانە ئیشارەتیان بۆ چەند کەشتییەکی جەنگ کرد کە لەو بەندەرەدا لەنگەریان خستووە، گوتیان: تۆ خەرجێکی زۆر بۆ ئەم کەشتییانە دەکەیت، گوریس و بایەوان و دنگە و زنجیریان بۆ فەراهەم دەکەیت، بەڵام کارمەندەکانی هێزی دەریایی تۆ، هەموو ئەمانەی لەنێو کەشتییەکاندایە، دەیانهێننە بازاڕ و دەیانفرۆشن.

پوترسی سێهەم پێیگوتن: دەزانن چ تۆمەتێکی گەورە دەخەنە پاڵ کارمەندانی هێزی دەریایی؟

تاجیرەکان، لە بازاڕی کرونستادت کاریان دەکرد، گوتیان: ئێمە سەری خۆمان بەئێوە دەسپێرین، گەر درۆ بکەین، ئەمر بفەرموو جەلاد بمانکوژێت. هەر ئێستا بازاڕی کرونستادت پڕە لە ساز و بەرگی، کەشتی جەنگی و لەو بازاڕەدا دەیانفرۆشن.

پوترسی سێهەم، سێ ئەفسەری هێزی دەریایی ڕاسپارد، بچن تەفتیشی بازاڕ بکەن پاشان بەڕاپۆرتێ ئاگاداری کەنەوە. لە ڕاپۆرتەکەیان ناوی بیست و دوو تاجیریان تۆمار کردبوو، گوتوبیان ئەم بیست و دوو کەسە شتی دزی هێزی دەریایی دەفرۆشن.

سزای فرۆشتنی شتی دزی سوپا، لە ڕوسیادا ئیعدام بوو، وەلیعەهدی ڕوسیا چاک ئاگای لەم مەوزووعە بوو، ئەو بیست و دوو کەسەی بانگ کرد و پێی گوتن: ئێوە لەبەر ئەوەی کەرەسەی دزیاری هێزی دەریایی دەفرۆشن، دەبێ ئیعدام بکرێن، بەڵام ڕێیەکتان نیشان دەدەم، بۆ ئەوەی سزا نەدرێن.

گوتیان: دەبێ چ بکەین؟

پوترسی سێهەم گوتی: لەبەر ئەوەی ئەو ڕاپۆرتەی لەسەر خیانەتی ئێوە نووسراوە. لایەنی ڕەسمی هەیە، ناتوانم ئێوە نەگرم، مەجبورم فەرمان دەرکەم بتانگرن، ئەگەر سەد هەزار ڕۆبڵم بدەنێ ئەوا پێتان دەڵێم چۆن ڕزگار دەبن.

هەمان ڕۆژ تاجیرەکان سەد هەزار ڕۆبڵی ئەسکەناسیان فەراهەم کرد و بۆ وەلیعەهدیان هێنا.

پوترسی سێهەم گوتی ئەو ڕاپۆرتەی لەسەر ئێوە نووسراوە، تا سبەینێ لە لای خۆمدا دەیهێڵمەوە، ئێوە ئەمشەو بازاڕی کرونستادت بسووتێنن، سبەینێ ئەوەی پێویست بێ بۆ جێبەجێ کردنی ڕاپۆرتەکە، دەیکەین. ئینجا لەبەر ئەوەی هەموو شتە دزراوەکان سووتاون و لەنێو چوون، هیچ بەڵگەیێکمان دژ بەئێوە لەبەر دەستدا نابێت.

تاجیرەکان گیانی خۆیان لە خەتەردا بینی، ئەم نەسیحەتەی وەلیعەهدیان قبوڵ کرد، هەمان شەو بازاڕی کرونستادت، کە وەک هەموو بازاڕەکانی ڕوسیا، لە دار دروست کرابوون، سووتاندیان، کاتێ ویستیان لەو ڕاپۆرتە بکۆڵنەوە، سەیریان کرد هیچ بەڵگەیێکیان لەبەر دەستدا نییە، ڕاپۆرتەکەیان پشتگوێ خست.

پاش ئەو ڕووداوە، پوترسی سێهەم بە دەوروبەرەکەی گوت: لەم وڵاتەدا هەموو دزن، ئەگەر بمتوانیبا هەموو کەشتییە جەنگییەکانم دەدزی، بەڵام ناتوانم پاش دزینی ئەم کەشتییانە، لە کۆیدا بیانشارمەوە.

پوترسی سێهەم مێردی خانمەکەم، ڕەنگە لەبەر بێ توانایی جنسی، وەکو خواجەکان[١] گەلێ چاوچنۆک و بەخیل بێت... پوترسی سێهەم، هەرگیز شتێکی بە چ کەسێ نەدەبەخشی.

لە ماڵەکەیدا پاڵتۆیێکی عەسکەری کۆنی هەبوو، لە چەند لایەکەوە پینەی پێوەبوو، خانمەکەم تا دوا ڕۆژی ژیانی پوترسی سێهەم نەیتوانی قەناعەتی پێ بکات دەستبەرداری ئەو پاڵتۆیە بێت.

تەنها جارێ کە وەلیعەهد بوو سەخاوەتی نواند، ڕەنگیشە ئەو جوامێرییە نواندنە، کاریگەری میراتی خوێنی پوترسی گەورە بێت..

ڕۆژێ وەلیعەهد، بەپۆشاکی ئاسایی سواری گالیسکەی کرێ ببوو، بەرانبەر بەقەسری سەڵتەنەتی گالیسکەکەی ڕاگرت و گوتی: چەند دەقیقەیێک سەبربکە، تا پارەکەت بۆ دەنێرم.

گالیسکەچییەکە گوتی: دیسانەوە حەقەکەمان فەوتا!

(١) خواجە: خەسێنراو.





وەلیعەهد گوتی: بۆچی حەقەکەت دەفەوتێ؟

گالیسکەچییەکە گوتی: هەموو جارێ موسافیرەکان، بەرانبەر بەم جۆرە خانووە گەورانە دادەگرم، دەڵێن هەندێ سەبرکە تا پارەت بۆ دەنێرین.. حەقەکەی من دەفەوتێ، چونکە لە دەرگاییێک دەچنە ژوورێ و لە دەرگاییێکی دیش، دەچنە دەرێ.

وەلیعەهد گوتی: ئەگەر خانووە ئاساییەکان دوو دەرگایان هەبێ، ئەوا ئێرە هەزار دەرگای هەیە.

پوترسی سێهەم پاڵتۆکەی خۆی داکەند و دایە دەستی گالیسکەچییەکە و گوتی: تەسەور دەکەم، ئەم پاڵتۆیە بای حەقەکەت دەبێ، با لات بێت تا پارەکەت بۆ دەنێرم.

گالیسکەچییەکە گوتی: ئا ئەمە قسەی چاکە، دەتوانم دە دەقیقەی دی سەبر بکەم.

پێشخزمەتەکەی پوترسی سێهەم، بە ئەسکەناسێکی سەد ڕۆبڵی، خۆی گەیاندە گالیسکەچییەکە، ئەسکەناسەکەی دایێ و گوتی: ئەو پاڵتۆیەم بدەرێ.

گەورەیی ئەسکەناسەکە، بووە مایەی سەرسوڕمانی گالیسکەچییەکە و گوتی: ئەمە چەندە؟

پێشخزمەتەکە گوتی: سەد ڕۆبڵە، یانی قیمەتی پێنج سەد حەقی کرێیەکەی تۆیە. وەلیعەهد گوتوویەتی، ئەمەت بۆ دەنێرم تا قەرەبۆی غەفڵەتی ئەو کەسانە بکەم وا هاتوونەتە قەسری سەڵتەنەتی و لەبیریان کردووە کرێی گالیسکەچییەکان بدەن.

لەبەر سەرسامی گالیسکەچییەکە، دەمی بەداچەقاوی مایەوە و گوتی: ئەم (گاسپادین–ە)[٢] وەلیعەهد بوو؟

پێشخزمەتەکە گوتی: هەرکە لێرەوە ڕۆیشتی، بەشوکرانەی ئەوەی کە بەسەلامەتی ڕزگارت بووە، دەستەیێک مۆم لە کلێسادا داگیرسێنە، چونکە ئەمڕۆ وەلیعەهد لەسەرخۆ و کەیفخۆش بوو، دەنا بەتاوانی ئەوەی ئیهانەت کردووە، ئەسپەکانی لێ وەردەگرتی و تۆیشی دەناردە سیبیریا.

گالیسکەچییەکە بە قسەی پێشخزمەتەکەی کرد، دەستەیێک مۆمی کڕی و لە کلێسادا دایگیرساند، پاشان ئەسکەناسە سەد ڕۆبڵییەکەی لە چوارچێوە گرت، لە

(٢) ئەم گاسپادین–ە: یانی ئەم جەنابە، ئەم پیاوە گەورەیە.

ماڵەکەی خۆیدا بەتەنیشتی وێنەی حەزرەتی مەسیح و حەزرەتی مەریەم، بەدیوارەکەدا هەڵیواسی، تا لە ژیاندا بوو ئەو ئەسکەناسەی خەرج نەکرد.

پاش کوژرانی پوترسی سێهەم، خانمەکەی من، ئەمری کرد، هەموو ئەسکەناسە کۆنەکان کۆبکەنەوە، ئەسکەناسی تازەی بڵاوکردەوە، ئاگاداری سەرانسەری خەڵکانی ڕوسیایان کرد، ئەسکەناسە کۆنەکانیان ببەن بۆ خەزێنە و. لەوێدا ئەسکەناسی تازە وەرگرن.

لەو کاتەدا، گالیسکەچییەکە مردبوو، بەڵام کوڕەکانی دەیانزانی باوکیان چۆن ئەو ئەسکەناسەی بەدەست هێناوە، ئامادە نەبوون ئەو ئەسکەناسە بگۆڕنەوە، ئەو ئەسکەناسە لە ماڵی گالیسکەچییەکەدا مایەوە نەوەکانی، گەورە بوون، ئەمڕۆ کە ئەم پاداشتانە دەنووسم ساڵی ١٨٠١ لە سەرانسەری وڵاتی ڕوسیادا، لە ئەسکەناسە کۆنەکانی پێش سەڵتەنەتی کاترینی دووهەم، تەنها ئەو ئەسکەناسە سەد ڕۆبڵییە ماوەتەوە، بووەتە میراتی نەوەکانی گالیسکەچییەکە و سەد بەرانبەر قیمەتە، ئەسڵییەکەی خۆی دەکات، کەچی نەوەکانی گالیسکەچییەکە ئامادەنین لە خۆیانی دوورخەنەوە و بەکۆنە فرۆشانی بفرۆشن.

پوترسی سێهەم گەلێ چاوچنۆک و بەخیل بوو، وەکو هەموو کەسە لەئیمەکان ئامادەبوو، لە هەموو کەسێ شتێ وەرگرێ.

لە سەردەمی ژیانی دایکیا، لە وەرزی زستاندا، یەکێ لە گوندەکانی دایکی کە دوو سەد ڕەعیەتی تیابوو سووتا.

لە سەرانسەری ڕوسیا، ماڵی ڕەعیەتەکان لە دار دروست دەکران، ئاگرکەوتنەوەیێک بەس بوو، بۆ ئەوەی گوندێک بکاتە خۆڵەمێش، ڕەعیەتەکان، پاش سووتانی ماڵەکانیان، لە جەنگەڵێکی نزیکی گوندەکەیان- ئەو جەنگەڵەیش هی دایکی پوترسی سێهەم بوو- داریان بڕی و خانووی نوێیان پێ دروست کرد.

ئەم هەواڵەیان گەیاندە (ئەننا) گەلێ تێکچوو تووڕە بوو، گوتی، دوو هەفتەی دی دەچمە ئەو گوندە هەموو ڕەعیەتەکان لەژێر شلاقدا دەکوژم.

پوترسی سێهەم، بەناوی شکارەوە، لە شار چووە دەرێ و خۆی گەیاندە ئەو گوندە، سەیری کرد، ئەوەی باسیان کردووە ڕاستە، ڕەعیەتەکان کە وەلیعەهدی ڕوسیایان





بینی لەسەر بەفرەکەدا کڕنۆشیان بۆ برد، وەلیعەهد گوتی: دوو هەفتەی دی دایکم دێ بۆ ئێرە، هەر هەمووتان لەژێر شلاقدا دەکوژێ.

(ئەننا) مەلیکەی ڕوسیا، ئەوەندە بێ ڕەحم بوو، خەڵکی، هەر کە ناویان بیستبا لەرزیان لێ دەنیشت، ڕەعیەتەکان تەواو قەناعەتیان بەوە هێنابوو، لەژێر شلاقدا دەیانکوژێ، بەڵام پوترسی سێهەم گوتی: ئەگەر هەزار روبڵم بۆ کۆبکەنەوە و بۆم بێنن، پێتان دەڵێم، چی بکەن تا لە تووڕەیی دایکم ئاسوودە بن... ڕەعیەتەکان نەیاندەتوانی هەزار ڕۆبڵ بدەنە وەلیعەهد، بەڵام وەعدیان دایێ پێنج سەد ڕۆبڵی بۆ پەیداکەن.

وەلیعەهد، پاش ئەوەی پێنج سەد ڕۆبڵەکەی وەرگرت، بەڕەعیەتەکانی گوت: بەفر و سەهۆڵبەندان، تا دوو مانگی دی بەردەوام دەبێ، ئێوە بچن بۆ ئەو جەنگەڵەی کە شەش فەرسەنگ لێرە دوورە، دارە تازەکان بەگەڵاکانەوە ببڕن و بیانهێنن بۆ ئێرە و بیبەن بۆ جەنگەڵەکەی دایکم، لەنێو بەفرەکەدا بیانچەقێنن، ئەم درەختانە وەک درەختی ئاسایی دەکەونە ڕوو، دایکم هەست بەوە ناکات کە فێڵتان لێ کردووە پاش توانەوەی سەهۆڵبەندانەکە، درەختەکان دەکەون، دایکیشیم ئەم مەوزووعەی لەبیر دەچێتەوە.

ڕەعیەتەکان بەقسەی پوترسی سێهەمیان کرد، لە تووڕەیی دایکی پوترس ڕزگاریان بوو، پوترسیش بە پێنج سەد ڕۆبڵ لە مەرگ نەجاتی دان.

لە ژووری خۆراک خواردنەکەی پوترسی سێهەمی ئیمپراتۆرە شێتەکەی ڕوسیا نووسینێ بەم ناوەڕۆکە بەرچاو دەکەوت.

(مومکینە ئینسان پاش پەروەردە ببێتە ئاشپەز بەڵام کەبابچیەتی شتێکی خۆڕسکە) ئەم نووسینە، خودی پوترسی سێهەم لە ژوورەکەدا هەڵی نەواسیبوو بەڵکو پوترسی گەورەی باپیرەی یانی باوکی دایکی داینابوو، پوترسی گەورە، کەبابچیی بە شاعیر دانابوو، کە بەهرەی شیعر گوتنی هەیە ئەم بەهرەیەشی خۆڕسکە، ئینسان ناتوانێ بە پەروەردە و تەعلیم ببێت بە شاعیر، بەهرەی کەباب دروستکردنیش خۆڕسکە چ کەسێ ناتوانێ بە تەعلیم و تەربیەت کەباب دروست کات.

بەڵام ئیمپراتۆرە مەزنەکەی ڕوسیا، نەیتوانیبوو، پێشبینی ئەوە بکات، ئیمپراتۆرێکی شێتی وەکو پوترسی سێهەم لەسەر تەختی سەڵتەنەتی ڕوسیا دادەنیشێ و ئەم نووسینە بکاتە بیانوو، ئاشپەز و کەبابچییەکانی پێ بکوژێ.

ئەم ئیمپراتۆرە شێتە لە خۆراک خواردندا، پەیڕەوی بەرنامەیێکی سەیر و ترسێنەری دەکرد، یەکێ لە خۆراکەکانی سوپ بوو، ئەو سوپەیش پێیاندەگوت (ئەسترلە) ئەم ئەسترلەیە جۆرە ماسییێک بوو تەنها لە ڕووباری ڤۆڵگادا دەژیان نابێ ئەم ناوە لەگەڵ ماسی (ئەستەرژۆن)[1] تێکەڵ کەین.

سەرمای زستانی ڕوسیا ئەوەندە ساردە، هەندێ جار، بەردەکان شەق دەکات، ماسی (ئەسترلە)یان لە ڕووباری ڤۆڵگا دەگرت دەیانبردە سان پترزبۆرگی پایتەختی ڕوسیا، دەبا ئەو ماسییانە بەزیندوویەتی بگەنە پایتەخت، ئەو ماسییانە جگە لە ئاوی ڤۆڵگا نەیاندەتوانی لە چ ئاوێکی دیدا بژین... بۆیە سنووقێکی گەورەیان پڕ دەکرد لەئاوی ڤۆڵگا و لە سورتمەیان بار دەکرد، چەند سورتمەیێکی دیش لە هەمان ئەو ئاوەیان بار دەکرد و دەکەوتنە دووی ئەو سورتمەیەی ماسییەکانی تێدایە، بۆ ئەوەی هەر کاتێ ئاوی سورتمەی یەکەم ببا بە هەڵم، ئاوەکەیان بۆ تازە دەکردەوە.

ئاوی نێو سنوقەکەیش بۆیە دەبوو بە هەڵم، لە ژێر سنوقەکەدا ئاسنێکیان وا دانابوو، ئاگریان تیا دەکردەوە، چونکە ئەگەر ئاوەکەیان گەرم نەکردبا ئەوا سەرمای زستان، ئەو ئاوەی دەمەیاند و ماسییەکان دەمردن...

لەبەر ئەوەی سنووقی ماسییەکان گەورە بوو، چەند ئەسپێکیان بە سورتمەکەوە دەبەست، لە هەموو کاروانسەراکانی ئەسپەکانیان دەگۆڕی، تا ماسییەکان زووتر بگەنە پایتەخت و بیبەنە لای ئیمپراتۆر.

گەیاندنی ماسی ئەسترلە، لە ڕووباری ڤۆڵگاوە بۆ پایتەخت دە هەزار منات-ی[2] تێدەچوو، پاش ئەوەی ماسییەکان دەگەیشتنە پایتەخت دەدرانە ئاشپەزەکانی سەڵتەنەتی، ئیدی لەوە بەولاوە ئاشپەزەکان دەبا ئەو ماسییانە بۆ ئیمپراتۆری ڕوسیا لێنێن، بەم کارەشیان گەمەیان بە گیانی خۆیان دەکرد...

(١) ئەستەرژۆن: یانی ماسی گاڤیار.

(٢) منات، جۆرێکە لە پارەی وردە.





جۆری لێنانی ئەو ماسییانە ئاوهابوو، دەبا وەجاغێکی پڕ لە ئاگر ببەنە ژووری خۆراک خواردنەکەی ئیمپراتۆر، مەنجەڵێکی گەورەی ئاویان لەسەر ئاگرەکە دادەنا، تا بکوڵێت، دەبا ئاشپەزەکە لەبەر چاوی ئیمپراتۆر، ماسییە زیندووەکان لە سنووقەکە دەربێنێ و بیخاتە نێو مەنجەڵی ئاوە کوڵاوەکە.

ئەگەر ماسییە زیندووەکان لە دەستی ئاشپەزەکە بکەوتایەتە نێو ژوورەکە، ئەوا پوترسی سێهەم دەسبەجێ فەرمانی کوشتنی ئەو ئاشپەزەی دەردەکرد...

پاش ئەوەی ماسییە زیندووەکانیان دەخستە نێو ئاوە کوڵاوەکە دەبا بیست دەقیقە لە نێو ئەو ئاوەدا بکوڵێن، لەو ماوەیەدا سوپەکە ئامادە دەبوو، ئەوجا دەخرانە نێو قاپەوە، لەبەردەمی ئیمپراتۆر دایان دەنا، پوترسی سێهەم، بەکەوچکێ تامی سوپەکەی دەکرد، هەرکە تامەکەی پەسەند نە کردبا دەیگوت: ئەم ئاشپەزە شارەزا نییە دەبێ بیکوژن، دەسبەجێ ئەو ئاشپەزە بەدبەختەیان دەکوشت...

کە ئیمپراتۆر لەو سوپە تێر دەبوو، پاشماوەی سوپەکەی دەدایە دەورو بەرەکەی جارێکیان من لەو سوپەم خوارد، تامێکی ناخۆش و قێزەوەنی هەبوو، کەچی ئەو ڕۆژە پوترسی سێهەم ئەو سوپەی پەسەند کردبوو، گۆشتی ماسی ئەسترلە، ئەوەندە ناخۆش و چەورە دانیشتووانی دەوروبەری ڕووباری ڤۆڵگا ئەو ماسییە ناخۆن.

کەچی پوترسی سێهەم گەلێ حەزی لە گۆشتی ئەو ماسییانە بوو.

خۆراکێکیی دیی ئیمپراتۆرەکەمان گۆشتی ئاسکی پێدەشتەکانی سیبیریا بوو.

دەترسم باسی ئاسکەکانی سیبیریا بکەم، پاش ئەوەی بە زیندوویەتی ئاسکەکانیان دەگرت بە سورتمە دەیان گەیاندنە پایتەخت، چۆن ئەو ئاسکانەیان دەکردە کەباب، گەر باسی بکەم لەرزتان پیادێ و نەفرەت دەکەن، هەر تەنها ئەوەندە دەڵێم، ئەو حەیوانە بێ گوناهەیان بەزیندوویەتی دەکردە کەباب، ئەگەر ئیمپراتۆر لە تامەکەی ڕازی نەبا، یەکسەر کەبابچییەکەی دەکوشت، بەر لەوەی بیکوژێ جنێوی درشتی دەدایێ، دەستی بۆ نووسینەکەی پوترسی گەورە، درێژ دەکرد و دەیگوت: ئەگەر تۆ بە خۆڕسک شارەزای کەباب دروستکردن نیت، بۆچی کەباب دروست دەکەیت؟

ئیمپراتۆرەکەمان، خوێندنی تەواو نەکردبوو، لە جنێودا نابیغەیێک بوو بۆ خۆی، هیچ کەسێکم نەبینیبوو هەندەی پوترسی سێهەم جنێوی درشت و سەیر سەیری لە دەم بێتەدەر.

بیستوومە کە «نەیرون-ی» ئیمپراتۆری ڕۆما، بۆ ئەوەی دیمەنی ئاگرێکی گەورە ببینێ، فەرمانی دا شاری ڕۆما بسووتێنن...

ئیمپراتۆرەکەی ئێمەیش، بۆ ئەوەی کەیفخۆش بێت، بڕیاردەدا لە بەهاردا، پایتەختی ڕوسیا، ئاوی بەردەنە سەر، ئەگەر بەهارێکی دی لەسەر تەختی سەڵتەنەت مابا، ئەوا شاری سان بترزبۆرگ جگە لە کەلاوە، هیچ شتێکی دیی تیادا بەرچاو نە دەکەوت.

پوترسی گەورە، کە شاری سان بترزبۆرگی دورست کرد، ڕووباری « نەوا » کە بەنێو شارەکەدا تێدەپەڕی، بەربەستێکی بۆ دروست کرد مەبەستی ئیمپراتۆرە مەزنەکەی ڕوسیا لە دروستکردنی ئەم بەربەستە ئەوەبوو، لە هاویندا ئاوی ڕووبارەکە کەمی دەکرد، ئەو بەربەستە، ئاوی کۆ دەکردەوە، دەیانتوانی بەو ئاوە باغ و بێستانەکانی پایتەختی پێ ئاو بدەن...

جارێکیان پوترسی سێهەم ئەمری کرد، لە بەهاردا کە ئاوی ڕووبارەکە زۆر دەبێ، بەربەستەکە بگرن، تا ئاوی ڕووبارەکە بێتە ناو شارەوە و بچێتە نێو ماڵەکانەوە. خەڵکەکە ناچاربوون، دەسبەرداری ماڵەکانی خۆیان بن و ڕاکەن و خانووە بێکەڵکەکان وێران بوو...

ئەم ڕووداوە لە بەهاری ساڵی ١٧٦٢دا ڕووی دا، لە زستانی هەمان ساڵدا، پوترسی سێهەم کوژرا، تاقە کەسێ لە پایتەختدا پرسەی بۆنەگرت، ئەگەرچی هەموو دەیانزانی خانمەکەی من پوترسی سێهەمی کوشتووە چ کەسێ بۆ تۆڵەی خوێنی پوترسی سێهەم ڕانەپەڕی...

تەنانەت دەربار و ئەفسەرەکانی سوپای ڕوسیا، کە لە دەوروبەری پوترسی سێهەمدا بوون و سوودیان لێ وەردەگرت، جورئەتی ئەوەیان نەبوو، بۆ تۆڵەی خوێنی ئیمپراتۆر ڕاپەڕن، چونکە دەیانزانی گەر ئەمە بکەن ئەوا خەڵکەکە دەیان کوژن...

لەپیتەختی ڕوسیا، چ کەسێ نەبوو نەزانێ، کە خانمەکەم بکوژی سەرەکی پوترسی





سێهەمە، تا ئەو ڕۆژەی خانمەکەم لە ژیاندا بوو، چ کەسێ نەیویست لە خانمەکەم بپرسێتەوە، تەنانەت ڕوحانییەکانی ڕوسیا، کە هەموو کاتێ پشت و پەنای ئیمپراتۆرەکانی ڕوسیابوون، کەیفخۆش بوون بەوەی پوترسی سێهەم کوژراوە...

لە سەردەمی ژیانی پوترسی سێهەمدا، ڕۆژێ لە دەرباردا، شائیعەیێکی سەرسوڕهێنەر دەنگدانەوەی پەیداکرد، ئەویش ئەوە بوو ئیمپراتۆر ژنێکی وەک دۆست هەڵبژاردووە. هەموو دەیان ویست بزانن دۆستەکەی ئیمپراتۆر کێیە؟ بەڵام بەزوویی ئاشکرابوو، دۆستەکەی خانم «ڤرونێزوف-ە» ئێمە، هەموو دەمانزانی، پوترسی سێهەم پیاوێکی بێ توانایە، ناتوانێ، ناتوانێ وەکو کەسانی ئاسایی، کاری سێکسی بکات، تا ئەو کاتەیش لە ژنان بێزاربوو، نەفرەتی لێ دەکردن، هەر کە ژنانی دیبا، پشتی تێدەکردن و جنێوی دەدانێ، ئەمری دەردەکرد دووریان خەنەوە.

دەربارەکان سەرسام ببوون کە چ موعجیزەیێک ڕووی داوە، کە مردوو زیندوو بێتەوە، پیاوێک لە هەموو تەمەنیا «پیاو نەبووە» و لە پڕ هێزی پیاوەتی بۆ بگەڕێتەوە، خانمێکیش بکاتە مەعشووقەی خۆی! خانم «ڤرونێزوف» ژنێکی چل ساڵەی قەڵەوبوو، هێشتا جوانی سەردەمی گەنجییەتی پێوە دیاربوو، لەبەر ئەوەی مێردی نەبوو، گەلێ قسەو قسەڵۆکی بەدواوە بوو.

کاترینی دووهەم، لە ژن و مێردایەتی چەند ساڵەیدا نەیتوانیبوو، ساردییەکەی پوترسی سێهەم گەرم کاتەوە، منی نارده لای خانم « ڤرونێزوف» تالێی بپرسم چی کردووە، وا توانیویەتی پوترسی سێهەم کەمەنکێشی خۆی کات، چونکە ئیمپراتۆری ڕوسیا، تا ئەو ڕۆژە بایەخی بە هیچ ژنێک نەدەدا...

خانم « ڤرونتزوف» دەیزانی من خزمەتکارە تایبەتییەکەی مەلیکەی ڕوسیام دەیزانی هەرچییەکی لێ بژنەوم، بۆ مەلیکەی دەگێڕمەوە، دەبا گەلێ بە وریاییەوە قسەی لێ دەربێنم و درک بەوە نەکات کە تەحقیقی لەگەڵدا دەکەم ئەو خانمە، کە منی بینی، کەیفخۆشی خۆی دەربڕی و گوتی: فریدا خانم چی بووە وا هاتوویت بۆ لام؟

گوتم: هاتووم شتێکت لێ بپرسم!

گوتی: فەرموو بپرسە...

گوتم: چەندین ساڵە دەمەوێ، بۆ یەک جاریش بێ، سەرنجی ئیمپراتۆر بۆ لای خۆم

ڕاکێشم، بەڵام سەرنەکەوتووم.

تۆ چیت کردووە وا ئیمپراتۆرت کەمەنکێش کردووە و شەوان دێتە لات؟

ئەم خانمە قاقا پێکەنی و گوتی: ئایە عاشقی ئیمپراتۆریت؟

دەترسام، نەوەک ئەم ژنە، مەوزووعەکە بگەیێنێتە پوترسی سێهەم، گوتم:

ئیمپراتۆر نەیدەزانی کە من خۆشم دەوێ، چونکە هیچ کاتێ بەسەرزارەکی خۆشەویستییەکەی خۆمم دەرنەبڕیوە، ئەگەر تۆ ئەم مەوزووعە بۆ ئیمپراتۆر باسکەیت، حەتمەن بێ ئاگایی خۆی دەخاتە ڕوو...

ئەو خانمە گوتی: دەترسم بۆت باس کەم کە چۆن ئیمپراتۆرم کەمەنکێش کردووە

گوتم: بۆچی دەترسیت؟

گوتی: لەوە دەترسم ببیت بە ڕەقیبی من.

گوتم: من ژنێکی خزمەتکارم، ئێوە خانمێکی ئەسیلزادەن، ژنە خزمەتکارێ چۆن دەتوانێ ببێتە ڕەقیبی خانمێکی ئەسیلزادە.

گوتی: مومکینە سونگەکەیت بۆ باس کەم، بەڵام ئەم سونگەیە کاریگەر نییە مادامێ ناتەوێ ببیتە ڕەقیبی من بۆچی لە سەبەبەکەی دەپرسی؟

گوتم: لە ڕووی حەز بەزانین–ەوە دەمەوێ ئەم مەوزووعە کەشف بکەم تکا دەکەم پێم بڵێ چیتان کردووە؟

گوتی: گەلێ چاکە، پێتان دەڵێم... دەبێ لەگەڵ پوترسی سێهەمدا وەک مناڵ ڕەفتاری لەگەڵ بکەیت، بەجۆرێ نەوازشی بکەیت، وەک ئەوەی مناڵێ بێت و خەریکی شیرخواردنە...

کاتێ کە ئەم قسانەی « ڤرونتزوف–م» بۆ خانمەکەی خۆم گێڕایەوە، کاترین بەسەرسامییەوە سەیری کردم و گوتی: فریدا، لە سەرەتای شووکردنمدا مومکین بوو پەنا بۆ ئەم شتە ببەم، ئەوا چەند ساڵێ تێپەڕیوە، لێی بێزارم، مەحاڵە بتوانم بۆ ئەوەی خۆشەویستیی بە دەست بێنم، پەنا ببەمە بەر ئەم شتانە... سەرەتای شووکردنی خانمەکەی خۆمم بەچاکی لە بیرە، ئەو دەمە بەکاترینی دووهەمیان دەگوت، خانم سوفی و لە ئەڵمانیاوە هاتبوو بۆ ڕوسیا، ئەو دەمە مەلیکەی ڕوسیا «





ئەلیزابێت–ی» کچی دووهەمی پوترسی گەورە بوو ئەلیزابێت–ی مەلیکەی ڕوسیا، شووی نەکردبوو تا مناڵی ببێ، بۆیە پوترسی خوشکەزای خۆی کردە وەلیعەهد، بۆ ئەوەی زنجیرەی سەڵتەنەتی نەپسێ. پوترس پاش باوکی ببێتە میراتگری تاج و تەختی ڕوسیا...

ئەلیزابێت–ی مەلیکەی ڕوسیا، ویستی بۆ پوترسی خوشکەزای ژن بێنێ، تا مناڵیان زۆر بێت. جوانترین و ساغ و سەلیمترین شازادە خانمی ئەوروپا کاترین بوو، کاترینی بۆ هاوسەری خوشکەزاکەی خۆی هەڵبژارد.

پزیشکەکان گوتیان، کاترینی دووهەم ئەوەندە ساغ و سەلیمە دەتوانێ ساڵێ مناڵێکی ببێت...

ئێمە لە ئەڵمانیاوە، بەرەو ڕوسیا کەوتینە ڕێ، مەراسیمی هاوسەرگیرییەکە تەواوبوو شەوی بووکێنی نزیک بووەوە،

لە ڕوسیا عادەت وایە، شەوێ بەر لە شەوی بووکێنی سنوقێکی زێڕی جەواهیر ڕێژکراو، لەپشتی دەرگای بووک و زاوا دادەنێن، پاش ئەوەی کاری بووکێنی تەواو دەبێت، دەبێ بووکی سەڵتەنەتی لە سیسەمەکەی بێتە خوارێ و دەرگاکە بکاتەوە، ئەو شتەی کە « کچێنیی» دەسەلمێنێ بەدەستی خۆی بخاتە نێو سنوقەکەوە، تا بیبەن بۆ لای کەسوکاری بووک و زاوا ئەو شتەی لەلایەن بووکەوە دەخرێتە نیو سنووقەکەوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە بووکەکە تا ئەو شەوە کچ بووە...

ئەگەر لە پایتەختی ڕوسیا، بووکێکی سەڵتەنەتی، نەتوانێ ئەو بەڵگەیە بخاتە نێو سنوقەکەوە، ئەوا تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندایە سەرشۆڕ دەبێ...

تا سێ مانگ، دوو کەس، هەموو شەوێ تا بەیانی لە پشتی دەرگای ژووری نووستنەکەی پوترسی سێهەم و کاترینی دووهەمدا ئێشکیان دەگرت تا بووکە گەنجەکە دەرگاکە بکاتەوە، ئەو بەڵگەیە بە دەستی خۆی بخاتە نێو سنوقەکەوە، تا ئەو بەڵگەیە ببەن بۆ لای ئەلیزابێتی مەلیکەی ڕوسیا، پاشانیش بیبەن بۆ لای دایکی بووکەکە...

دایکی کاترینی دووهەم، لەگەڵ کچەکەیدا هاتبوو بۆ ڕوسیا، بەڵام هەرگیز ئەو دەرگایە نەکرایەوە، چونکە زاوا نەیدەتوانی ئەرکی مێردایەتی وەجێ بێنێ ئەمرۆ کە

ئەم یاداشتانە دەنووسم ساڵی ١٨٠١ زاینییە، لەوە ئاگادار بووم کە لویی شانزەهەمی پاشای فەرەنسا، لەو سەردەمەی کە وەلیعەهد بوو، ماری ئەنتوانێتی خواست، بۆ حەوت ساڵ نەیتوانی ئەرکی مێردایەتی خۆی وەجێ بێنێ.

لویی شانزەهەم نەقسی خۆڕسکیی نەبوو، پاش ئەوەی عەمەلیاتێکی بچووکی جەراحییان بۆ کرد، چاک بووەوە، بووە کەسێکی ئاسایی ئەرکی ژن و مێردایەتی جێبەجێ دەکرد، بووە خاوەنی چەند مناڵیش، بەڵام پوترسی سێهەم بە خۆڕسک بێ توانایە، ناتوانی ئەرکی ژن و مێردایەتی وەجێ بێنێ.

ئەلیزابێتی مەلیکەی ڕوسیا، پاش سێ مانگ چاوەڕوانی کاترینی بانگ کرد و لە سونگەی ئەم حاڵەتەی پرسی، کاترینی دووهەم گوتی: خاوەن شکۆ من چ گوناهێکم نییە، برازاکەتان بێ توانایە.

ئەلیزابێت پاش ئەوەی ئەم ڕوونکردنەوەی لە بووکی سەڵتەنەتی بیست تێگەیشت، بووکە گەنجەکەی چ گوناهێکی نییە و برازاکەی بێ توانایە...

دایکی بووکەکە، مەجبوور بوو بگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا، نەیدەتوانی چیدی سەبر کات تا زەوق زەدەیی پوترسی سێهەم لە نێو دەچێ- وایان بڵاو کردبووەوە کە بێ تواناییەکەی وەلیعەهدی ڕوسیا هی زەوق زەدەییە، بە تێپەڕینی ڕۆژگار ئەم بێ تواناییەی لە نێو دەچێت.

جارێکی دی، دایکی بووکە، مەجبوور بوو بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی قایلی کەن، شەوێ لە ژووری نوستنەکەی پۆترسی سێهەم و کاترین، کەڵەشێرێک سەردەبڕن خوێنی ئەو باڵندەیە، وەک بەڵگەی کچێنی کاترینی دووهەم، بخەنە نێو سنوقەکەوە، بووکەکە دەرگای کردەوە، ئەو پەڕۆ خوێناوییەی خستە نێو سنوقەکەوە، پاشان خزمەتکارەکان، سنوقەکەیان بردە لای مەلیکەی ڕوسیا، پاشانیش بردیان بۆلای دایکی بووکە. بەم شێوەیە مەراسیمی بووکێنی کاترینی دووهەم و مێردەکەی تەواو بوو، دایکی کاترین گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا...

لەوە بەولاوە، ژیانی بێزاری خانمەکەم دەستی پێ کرد، لەو سەردەمەدا پزیشکەکانی ڕوسیا، لەگەڵ ئەو پزیشکانەی کە لەدەرێی ڕوسیاوە هاتبوون، هەموو زانیارییەکی خۆیان خستەکار، تابتوانن پوترسی سێهەم چاک کەنەوە، کەچی





نەیانتوانی، عەقڵی چ کەسێکیش نەیدەبڕی ڕێگا چارەکەی خانم «فرونیزۆف» بەکاربێنی...

ژنانی خاوەن تەجرەبە، هەمیشە نەسیحەتی بووکەیان دەکرد، کە چی بکات تا مێردەکەی بخانە سەر مەیل، پیاوانی دنیا دیدەیش، زاوایان فێر دەکرد چۆن زاڵ بێ بەسەر ساردییەکەی خۆی...

ساڵ هات و ساڵ تێپەڕی، نە نەسیحەتی ژنانی خاوەن تەجرەبە کاریگەری هەبوو، نە پەندی پیاوانی دنیا دیدە، کەچی ژنێکی ئاسایی، بە بێ ئەوەی ئاگای لە زانستی پزیشکی بێت، پوترسی سێهەمی چارەسەر کرد، بەڵام ئەو شێوازەی خانم « ڤرونیزوف» لەگەڵ پوترسی سێهەمدا بەکاری هێنا، شێوازێ بوو، هەموو ژنێ نەیدەتوانی بە کاری بێنێ، لەمەیش بەولاوە، لە کاتێکدا ئەم چارەسەرە دۆزرایەوە، کاترینی دووهەم نەیدەتوانی بە هیچ نرخێ خۆی ڕازی کات و مێردەکەی کەمەنکێشی خۆی کات.

گوتمان ئەلیزابێتی مەلیکەی ڕوسیا بۆ ئەوە ژنی بۆ برازاکەی خۆی هێنا، تا کاترینی دووهەم مناڵی بۆ بزێنێ، پاش پوترسی سێهەم ئەو مناڵە ببێتە میراتگری تەخت و تاج، بەڵام خانمەکەی من مێردی ڕاستەقینەی نەبوو... مەلیکەی ڕوسیا مناڵی دەویست تابیکاتە وەلیعەهد... لەو کاتەدا کۆمیدیایێکی سەرسوڕهێنەر هاتە کایە، من خۆم لە سەرەتاوە تا کۆتایی شاهێدی ئەو کۆمیدیایە بووم:

ئەلیزابێتی مەلیکەی ڕوسیا، مێردی نەبوو، بەڵام نۆ مناڵی حەرامزادەی ببوو...

بۆیە شووی نەدەکرد، تا ئازاد بێت، لەبەر ئەوەی مێردی نەبوو، نەیدەتوانی یەکێ لە مناڵەکانی خۆی بکاتە میراتگری تەخت و تاج، بەپێی بۆچوونی خەڵکی ڕوسیا، ژنێ مێردی نەبێ مناڵیشی نابێت، بەڵام کاترینی دووهەم دەیتوانی مناڵی ببێت، چونکە مێردی هەبوو، تەنانەت ئەگەر مناڵیشی نەبا، دەیتوانی مناڵی کەسانی دی بە مناڵی خۆی قبوڵ کات، هەموویش ئەوەیان قبوڵ دەکرد کە ئەو مناڵە هی ئەوە، ئەویش بەو مەرجەی، فورمالیتەی مناڵبوون کە نیشانە بەرجەستەکەی بەرزبوونەوەی سکە، دەبا ئەمە ڕیعایەت بکرابا...

لەپڕ مەلیکە ئەلیزابێت سەیری کرد، خۆی سکی پڕە، وەک هەمیشە، کە سکی پڕ

دەبوو، لە مەحفەلەکانی دەربار دوور دەکەوتەوە، تابێگانەکان بەرزبوونەوەی سکی نەبینن، خانمەکەی منی بانگ کرد و پێی گوت: کاترینە جوانەکەی من ئەو کارەی دەبێ بیکەی ئەمەیە، لەبەر ئەوەی مێردەکەی تۆ ناتوانێ ببێتە خاوەنی مناڵ، پاش مانگێکی دی، هەموو ڕۆژێ شتێ بخەسەر سکت تا سکت بەرز بێتەوە، ئاگات لێبێ هەموو هەفتەیێک بەرزبوونەوەکەی سکت زیاد بکە، تا هەموو وابزانن کە تۆ سکت هەیە، تا مومکینە زیاتر خۆت نیشانی خەڵکەکە بدە، تا هەموویان بە چاوی خۆیان ببینن کە تۆ دووگیانی ، هەروەها منیش لە ڕێی مەئمورەکانی دەوڵەتەوە، لە ئێستاوە تا کاتی مناڵ بوونەکە ئەم هەواڵە دەگەیێنمە، دانیشتوانی هەموو ولایەتەکان، زەمینە بۆ ئەم کارە خۆش دەکەم، پاش ئەوەی کە، من مناڵەکەم بوو، یەکسەر بەتۆی دەسپێرم و تۆیش بە ڕەسمی دەبیتە دایکی مناڵەکە!

کاترینی دووهەم گوتی: خاوەن شکۆ، لەبەر ئەوەی بەڕاستی مناڵم نابێت، شیریشم نابێت، ئەم مناڵە لە برسا دەمرێ.

مەلیکەی ڕوسیا گوتی: چ شازادە خانمێکی گەورەت بینیوە خۆی شیر بدات بەمناڵەکەی ؟ دایەنێکت بۆ دەگرین، هەم شیری دەداتێ و هەم گەورەیشی دەکات...

پاش دوو سێ هەفتە، ئەم کۆمیدیایە، لە دەرباری ڕوسیادا، کەوتە نێو جێبەجێکردن، هەموو ڕۆژێ لە ژێر کراسەکەی خانمەکەمدا، شتێکی وەکو بوخچەم دادەنا، تاهەندێ سکی بەبەرزی بکەوێتە ڕوو- ترسی ئەوەم هەبوو بوخچەکە بکەوێتە خوارێ، وردە وردە شارەزاییم پەیداکرد، شتێکم دوورییە قەد بوخچەکە بە دوو شەیالەیش بەسەر شانەکانی خانمەکەی خۆمەوە هەڵمدەواسی، ئیدی ترسی کەوتنە خوارەوەی بوخچەکەمان نەما...

ئیشکالەکەیش لەوەدابوو، دەبا مانگ بە مانگ بوخچەی گەورەتر بدوورم، لە ژێر کراسەکەیدا هەڵیواسم.

مەلیکە ئەلیزابێت، چ کەسێکی نەدەبینی، بەڵام کاترینی دووهەم دەبا ڕۆژ بە ڕۆژ خۆی نیشانی خەڵکی بدابا، بەبیانووی جۆراوجۆر دەبا بچووبا بۆ بەشەکانی شار تا خەڵکی سکە بەرز بووەکەی بینن... ئەو شەوەی مەلیکەی ڕوسیا، دەبا، مناڵەکەی ببێ، دەنگی ناقوسی هەموو کلێساکانی ڕوسیا بەرز بووەوە، ڕوحانییەکان دۆعایان





دەخوێند، ئەویش نەک بۆ ئەوەی مەلیکەی ڕوسیا مناڵی ببێ، بەڵکو بۆ مناڵ بوونەکەی خانمەکەی من بوو، کە هەموو قەناعەتیان پەیدا کردبوو کە خانمەکەم دووگیانە...

هەندێ پاش خۆرهەڵاتن، مەلیکەی ڕوسیا کوڕێکی بوو، ئەو کوڕەیان دەسبەجێ هێنایە ماڵی خانمەکەم، بەپێی عادەتی دەرباری ڕوسیا، پاش پانزە ڕۆژ دەبا لە کلیسادا ناوێ لەو مناڵە بنێن مناڵەکەیان ناونا « پول- پتروڤیچ» یانی « پولی کوڕی پوترس».

هەر لە یەکەم ساتەوە، کە ئەو مناڵەیان هێنایە ماڵی خانمەکەم، کاترین گەلێ ڕقی لەو مناڵە بوو، مناڵەکە زۆر ناشیرین بوو، هەر کە گەورەتر دەبوو ناشیرینتر دەبوو، من وای بۆ دەچووم، باوکی ئەو کوڕە گەلێ ناشیرینە، بۆیە کوڕەکەی ئاوها کرێتە.

تەشریفاتی دەربار وای دەخواست، هەندێ جار، خانمەکەم و ئەو مناڵە حەرامزادەیەی سەپاندبوویانە سەری، لە مەراسیمی ڕەسمیدا ئامادە بێت و لەبەر چاوی خەڵکیدا ئەو مناڵە نەوازش بکات و ماچی کات، خانمەکەم بە بێزەوە ئەم کارە نابەجێییەی دەکرد...

ڕۆژێک پێی گوتم: فریدا، ئەوەندە ڕقم لەم مناڵەیە، دەترسم ڕۆژێ بە دەستەکانی خۆم بیکوژم.

دەمزانی کاترینی دووهەم گەلێ ڕقی لەم مناڵەیە، ئەو کاتەی دایەنەکەی لەوێ نەدەبوو مناڵەکەم دەبردە ژوورەکەی خۆم، پاش چەند مانگێ، مناڵەکە نەخۆش کەوتو مرد، خانمەکەم لە نارەحەتی نەجاتی بوو.

ئەلیزابێتی مەلیکەی ڕوسیا، ویستی بۆ جاری دووهەم، کۆمیدیاکە دووبارە کاتەوە بەڵام خانمەکەم، نەچووە ژێر بارەوە و گوتی: یەک جار بەسە!

پاشان مەلیکەی ڕوسیا، ویستی کاترینی دووهەم هەمان دەور ببینێ، کە پاشتر لە ماڵی خانمەکەی خۆمدا ئەو دەورەم بینی دۆستەکانی خۆی بەناوی ئەوەی عاشقی کاترینی دووهەمن بیانهێنێتە قەسری سەڵتەنەتی تا بەدناوی یەکە بۆ کاترینی دووهەم بگەڕێتەوە.

بەڵام کاترینی دووهەم هوشیارتربوو کە بەئاشکرا موخالەفەی بکات، چونکە

دەیزانی موخالەفەکردنی مەلیکەی ڕوسیا، لەسەری گران دەکەوێتەوە، مومکین بوو، ئەلیزابێت وا لە پوترسی سێهەمی خوشکەزاکەی خۆی بکات، تەڵاقی بدات و بۆ ئەڵمانیا بیگەڕێنێتەوە...

ئەلیزابێتی مەلیکەی ڕوسیا، لەوە بێ ئاگابوو. گەر دۆستەکانی خۆی لەگەڵ ژنێکی گەنج و جوانی بەژن زراڤی وەک خانمەکەم، بکاتە ئاشنایان چ خەتەرێکی گەورەی لە دواوەیە، ئەو کاتە هەرکە کاترین– یان ناسی ئەلیزابێت فەرامۆش دەکەن.

خانمەکەم، کە لەئەڵمانیاوە هاتە ڕوسیا، کچێکی چاو و گوێ بەستراوبوو، ئەوەی بووە مایەی ئەوەی لە ساڵانی دواییدا، بەتایبەتی وەک مەلیکەی ڕوسیا ئیستقلالیەتی هەبوو، زیادەڕەوی لە خوشگوزەرانی بکات، لە ئەلیزابێتی مەلیکەی ڕوسیاوە فێرببوو، ئەلیزابێتی کردبووە سەر مەشقی خۆی...

وەک گوتمان، ئەلیزابێتی مەلیکەی ڕوسیا، مێردی نەبوو، نەیشی دەتوانی بەبێ عاشق ژیان بگوزەرێنێ، هەموو ئەو کەسانەی لە قەسری سەڵتەنەتی بوون ئاگایان لە ڕەوشی ژیانی ئەم بوو.

ئەلیزابێت، بەپێی پێشبینی پزیشکە تایبەتییەکەی خۆی، تووشی نەخۆشی سەرەتان بوو، هەرکە تووشی ئەو نەخۆشییە بوو، خوێنڕێژی ژنانەی نەدەوەستا...

بۆ چارەسەرکردنی مەلیکەی ڕوسیا، چەند پزیشکێکی بەرجەستە، لە بەرتیانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیاوە هاتن، بەڵام نەیانتوانی ڕێ لە خوێنڕێژییەکەی بگرن...

ڕۆژی چوارەمی مانگی ژانویێ ساڵی ١٧٦٢، لە سان پوترزبرگدا بەفر دەباری مەلیکەی ڕوسیا، کاترینی دووهەم و مێردەکەی بانگ کرد، ئەوان لە تەنیشتی سیسەمەکەیدا لەسەر چۆک دانیشتن، مەلیکەی ڕوسیا، گوتی: ئەوا من دەمرم. کەچی هێشتا پوترسی سێهەم نەیتوانیوە ژنەکەی سکپڕ کات نازانم داهاتووی سەڵتەنەتی ئەم وڵاتە چی بەسەر دێت؟

پاشان بە کاترینی دووهەمی گوت: لەبەر ئەوەی پوترسی سێهەم ناتوانێت سکت پڕکات پاش مردنی من، بەهەر جۆرێ بووە سکی خۆت پڕکە! تا تەخت و تاجی روسیا بێ میراتگر نەمێنێتەوە!

ئەوجا بە پوترسی سێهەمی گوت: لەبەر ئەوەی تۆ پیاوێکی بێ توانایت پاش ئەوەی





ژنەکەت سکی پڕبوو، حەقی ئەوەت نییە ئیعتراز بکەی دەبێ ئەو مناڵە بە ڕەسمی بکەیتە مناڵی خۆت.

ڕۆژی پاشتر، دوو سەعات پاش نیوەڕۆ، هێشتا لە سان پوترزبۆرگدا هەر بەفر دەباری، ئەلیزابێت مرد.

پوترسی خوشکەزای ئەلیزابێت و مێردی خانمەکەی من بووە ئیمپراتۆری ڕوسیا–

لە سەعات چواری پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا، بەیاننامەیێکی ڕەسمی لە پایتەختدا بڵاوبووەوە کە پوترسی سێهەم بووە ئیمپراتۆر، هەر لە هەمان سەعاتدا سوارەکانی دەوڵەت ئەو بەیاننامەیەیان بۆ ولایەتەکان برد، تا سەرانسەری ڕوسیا بزانن پوترسی سێهەم بووەتە ئیمپراتۆری ڕوسیا...

جەنازەکەی ئەلیزابێتیان گواستەوە بۆ یەکێ لە تەلارەکانی قەسری سەڵتەنەتی، ئەفسەرەکانی گاردی ئیمپراتۆری، حەرەسی جەنازەکە بوون تا ئەو کاتەی بەڕەسمی بە خاکی دەسپێرن.

لە شەوی شەشەمی ژانوێ، خانمەکەم تا نیوەشەو، دوعای بۆ ڕوحی ئەلیزابێت دەخوێند، هەر لەو کاتەی کە خانمەکەم لە ژوورەکەی خۆیدا دوعای بۆ ئەلیزابێت دەکرد و جەنازەکەی ئەلیزابێتیش لە تەلارێکی قەسری سەڵتەنەتی دانرابوو، پوترسی سێهەم، لە ئەپارتمانەکەی خۆیدا دەعوەتێکی گەورەی کردبوو، بڕیاری دابوو، هەر پیاو و خانمێکی دەربار، ئەگەر لەو دەعوەتەدا حازر نەبێت ئەوا دوور دەخرێتەوە دەنێردرێ بۆ سیبیریا...

خانمان و پیاوانی دەربار، لە ترسی گیانی خۆیان، مەجبوور بوون بەشداری ئەو دەعوەتە بکەن، پوترسی سێهەم، ئەمری کردبوو هەموو شەراب بخۆنەوە، تا سەرگەرم نەببوون، خۆیان وا نیشان دەدا کە ئەمڕۆ مەلیکە مردووە و ئەمانیش لە پرسەدان، جەنازەکەی مەلیکەیش تا ئێستا بە خاک نەسپێردراوە، نابێت شادمان بن، بەڵام پاش ئەوەی شەرابەکە کاری خۆی بینی و هەموویان سەرگەرم بوون، پرسەیان لە بیرکرد و دەنگی پێکەنینیان بەرز بووەوە.

ئەوجا ئیمپراتۆرە تازەکە فەرمانی دا، لەگەڵ ئاهەنگی مۆسیقا دا سەما بکەن، گوتی: هەر کەسێ منی خۆش دەوێ دەبێ سەما بکات–

لەم جۆرە شوێنانەدا کەسانێ هەن، بۆ خۆشیرین کردن و تەمەلوق هەر شتێکیان پێ بگوترێ جێبەجێی دەکەین، بەم کارەیان خۆیان نزیک دەکەنەوە، چەند کەسێ لە گەنجەکانی ئەو مەجلیسە بە پەلە، دەستیان بە سەماکردن کرد، پیاوە بە تەمەنەکانی دەرباری ڕوسیا گوتیان: بەلای کەم فەرمان بدەن خزمەتکارەکان لەم تەلارە بچنە دەرێ.

ئیمپراتۆرە نوێیەکە، ئەمری کرد، خزمەتکارەکان تەلارەکە جێ بێڵن تا ئەو کاتەی بانگیان دەکەن. خزمەتکارەکان، تەلارەکەیان جێهێشت پوترسی سێهەمیش دەستی بەسەماکردن کرد.

ئەم پیاوە شێتە، ئومێدەوار بوو، بەکاری ئەحمەقانە بتوانێت زاڵ بێت بەسەر بێتواناییەکەی خۆی و هەست بکات کەسێکی ئاساییە... خووخدەی ئینسان جۆرێکە، ئەگەرچی ڕقی لە هەندێ شتە، بەڵام لە هەندێ کاری ئەحمەقانە لەززەت وەردەگرێ.

ئەو کەسانەی کە لە تەلارەکەدا، خەریکی نۆشین و خۆشگوزەرانی بوون لە بیریان کرد کە کێن و لە کوێدان و ئەو شەوەیش چ شەوێکە پوترسی سێهەم بۆ ئەوەی هانیان بدات، جارێکی دیش شەراب بنۆشن، خۆی شەڕابی دەنۆشی، ژنان و پیاوان ئەوەندەیان شەراب خواردەوە بێ هۆش کەوتن.

لەبەر ئەوەی ئەمر درابووە خزمەتکارەکان نەیێنە تەلارەکە، ئاگری سۆپەکان کزبوو و پاشانیش ئاگرەکان بوونە خۆڵەمیش، ئیدی سەرمای سەختی زستانی پایتەختی ڕوسیا، کاری لە خەوتووەکان کرد هەندێکیان لە خەو هەڵسان، بەمەستی لە تەلارەکە چوونە دەرێ، بە خزمەتکارەکانیان گوت، پۆشاکی گەرم ببەن، ئیمپراتۆر بگۆڕن و ببەنە ژووری نووستنەکەی... کاتێ خزمەتکارەکان چوونە ژوورێ، گەلێ هەوڵیان دا، نەیانتوانی ئیمپراتۆر بگۆڕن، چونکە زۆربەی بانگهێشت کراوەکان، لە خەوی بێ هۆشیدا بوون و بەئاسانی نە دەناسرانەوە(١)

(١) خوێنەری هێژا مومکینە تەسەور بکات، کارەکانی ئەم ئیمپراتۆرە شێتە ئەفسانەیە، لەکاتێکدا کە هەموو ڕووداوەکان لە مێژووە ڕەسمییەکانی فەڕەنسا و بەریتانیا و خودی ڕوسیادا تۆمارکراوە...





ڕۆژی پاشتر دەبا، جەنازەکەی ئەلیزابێت، لە قەسری سەڵتەنەتییەوە ببەن بۆ کلێسا، تا لەوێوە تەشریفاتی تەشییعی جەنازەکە فەراهەم دەکەن.

بەپێی تەشریفات، دەبا ئیمپراتۆری نوێ و مەلیکەی ڕوسیا، تا کلێسا جەنازەکە بەڕێ بخەن، بەڵام ئیمپراتۆر ئەوەندە مەست و بێ ئاگابوو، تا دوو سەعاتی پاش نیوەڕۆیش لە خەو هەڵنەسا، خانمەکەم ناچار بوو، بەتەنها تا کلێسا، جەنازەکە بەڕێخات... لە شەوانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم و دەهەم و شەوانی پاشتریش، هەمان بەرنامەی سەماو خواردنەوە، بە بەدترین شێوە کە تەسەور بکرێ دووبارە دەبووەوە...ڕۆژی نۆهەمی مانگی ژانوییان دەستنیشان کرد بۆ تەشییعکردنی جەنازەکە دەبا لە سەعات دەی بەیانی لە کلێساوە حەرەکەت بکەن تا جەنازەکە بەخاک بسپێرن.

لە سەعاتی دیاریکراودا پیاوانی دەوڵەت و پیاوانی عەسکەری پایتەخت و خانمەکان لەبەر ئەو سەرمایەی کە ڕۆدەچووە نێو ئێسقانەوە، بەرانبەر بە کلێساکە کۆببوونەوەو دەلەرزین، چاوەڕێی هاتنی ئیمپراتۆرو مەلیکەیان دەکرد تاجەنازەکە بەڕێخەن-

نیوسەعات، پاش سەعاتی دیاریکراو تێپەڕی، ئیمپراتۆر و هاوسەرەکەی نەهاتن پوترسی سێهەم گەلێ مەست بوو، خەوتبوو، خانمەکەیشم نەیدەتوانی لەو ڕۆژەدا بە تەنها بێت بۆ کلێسا... ئاگاداری کردنەوە، ئیمپراتۆر نەخۆشەو لە جێدا کەوتووە، بۆیە مەراسیمی بەڕێخستنی جەنازەکە دوا دەخرێ بۆ ڕۆژی پاشتر یانی ڕۆژی دەهەمی ژانوێ.

ڕۆژی پاشتر، لە سەعات دەی بەیانیدا، دیسانەوە ژنان و پیاوان بەرانبەر بەکلێسا کۆبوونەوە، ئەو ڕۆژە تا نیوەڕۆ چاوەڕێی هاتنی ئیمپراتۆریان دەکرد، بەڵام ئیمپراتۆر نەهات...

ئەوەبوو، ڕۆژی یانزەهەمی ژانۆی، جەنازەی ئەلیزابێتی مەلیکەی ڕوسیا، بەبێ ئامادەبوونی ئیمپراتۆر، خانمەکەی من تەشییعی جەنازەکەی کرد، لە کلێساوە حەرەکەتیان کرد، جەنازەکەیان بە خاک سپارد...

# کودەتایەک کاترینی دووهەمی کردە
# ئیمپراتۆری روسیا!

مێردی خانمەکەم، لە وڵاتی (پروس)دا گەورە ببوو، حەزی دەکرد هەموو شوێنێکی ڕوسیا وەکو (پروس) بێت.

تا ئەو کاتەی وەلیعەهد بوو، نەیدەتوانی مەبەستەکەی خۆی جێبەجێ بکات چونکە ئەلیزابێت–ی مەلیکەی ڕوسیا، نەیدەهێشت عادەت و ڕەسمی (پروس) بگاتە ڕوسیا.

وەک گوتمان ئەلیزابێتی مەلیکەی ڕوسیا لە ڕۆژی پێنجەمی ژانوێی ساڵی ١٧٦٢دا مرد. لەو ڕۆژەوە تا یەکەمی مانگی فۆڕییە، یانی لە ماوەی بیست و پێنج ڕۆژدا، سێ سەد قانونی نوێ بۆ ڕوسیا دانرا.

پوترسی سێیەم، ئەمری کردبوو، قانونەکانی ڕوسیا بگۆڕن، قانونێ دانێ مانەندی قانونەکانی (پروس) بێت، بەڵام خودی پوترسی سێیەم نەئاگای لە قانون بوو نەمەینۆشی و مەستی خەوتن بواری دەدا سەر لە قانونەکان دەرکات، ئەمری کردبوو تا یەکەمی مانگی فۆڕییە، دەبێ قانونەکانی ڕوسیا وەک قانونەکانی (پروس)ی لێ بێت. قانونگوزارانی ڕووس لە ترسی گیانی خۆیان هەند بەپەلە قانونی نوێیان دانا تا یەکی مانگی فۆڕییە، سێ سەد قانونیان دانا.

هەر ئەو کاتە ئاشکرا بوو نەک تەنها ئیمپراتۆری ڕوسیا نەخۆشی دەروونی هەیە بەڵکو میللەتی ڕوسیاش بەزوویی بەرەو شێت بوون دەچن، چونکە سێ سەد قانونی نوێ (قابیل بەجێبەجێ کردن نەبوون) لەگەڵ ژیانی ڕووسیەکان نەدەگونجا، ئەم قانونانە خەڵکی بەجۆرێ گێژ کردبوو هەموو وەکو شێتیان لێهاتبوو.

من پێشتر، باسی گەڕانەوەی یەکێ لە زیندانییە ناسراوەکانی سیبیریام کرد، کە چۆن خەڵکی بۆ دیدەنیی قەرەباڵغییان دروست کردبوو.

ئیمپراتۆری ڕوسیا پاش گەڕانەوەی هەندێ لە زیندانییەکانی سیبیریا کە زیندانیی دەوڵەتی بوون (یانی حەپسی سیاسی بوون) ئارەزووی ئەوەی پەیداکرد زیندانە جینایەکانی سیبیریاش ئازاد دەکات.

لە ڕوسیادا عادەت وابوو، تاوانبارە خەتەرناکەکان بۆ سیبیریا دوور خەنەوە تا





کۆمەڵ لە ئازاری ئەوانە بپارێزێ و زیانیان پێنەگەیەنێ. کاتێ کە تاوانباران لە سیبیریا ئازاد کران، بەر بوونە نێو شارەکانەوە. خەڵکی سان بترزبۆرگ پاش ئەم حاڵەتە ناچار بوون بۆ بەرگری لە خۆ چەک پەیداکەن. لە هەر کۆمیتەیەکی چەکدار دروست کرا، تا دز و بکوژانی لە کارەکانی خۆیان دەرپەڕێنن.

لە پایتەختی ڕوسیا و لە شاری مۆسکۆ دوو عەمباری گەورە هەبوو، ماڵ و سامانی حەپسە سیاسییەکان بەشێوەیەکی گشتی کەسانی بەرجەستە و دەوڵەمەند بوون پارە و موجەوهەرات و ئامانی زێڕ و زیوی گرانبەهایان هەبوو، کە پوترسی سێیەم حەپسەکانی سیبیریای ئازاد کرد، فەرمانی دەرکرد هەر زیندانێک لە سیبیریا گەڕاوەتەوە بچنە عەمبارەکان، ماڵی موسادەرەکراوەکانی خۆیان بناسنەوە و بیبەنەوە.

ئەم کارە بە هەڕەمەکی ئەنجام درا، سەرەنجام وای لێهات، ئەو زیندانییانەی لە سیبیریا گەڕاونەتەوە، هێرشیان کردە سەر عەنبارەکان، هەر چییەکی تێدابوو بردیان، خاوەن حەقەکە یانی خاوەنە ئەسڵییەکانیان لە سامانەکانی خۆیان مەحروم بوون.

دوو مانگ بەسەر سەڵتەنەتی پوترسی سێیەمدا تێپەڕی، بیری لەوە کردەوە پارە پەیداکات، سوودی لە فرت و فێڵەکانی سەردەمی وەلیعەهدییەکەی خۆی وەرگرت.

ڕۆژێ پاش ئەوەی لە خەو هەڵسا، مەستی بەری دابوو دەربارەکانی خۆی کۆکردەوە، پێیانی گوت پێویستیم بەپارەیە. چاکترین ڕێگاش بۆ پارەداربوون بەرتیل وەرگرتنە، بڕۆن کارەکان دوا مەخەن و بەرتیل وەرگرن، لە سەدا بیستی بەرتیلەکە بۆ خۆتان و باقیەکەی بۆ من.

دەربارەکانی سانبترز بۆرگ، ڕێی دادگاکانیان گرتەبەر، هەندێکیان بەرەو مۆسکۆ و شارە گەورەکانی ڕوسیا بەڕێکەوتن، هەر کەسێ لە دادگاکاندا کارێکی هەبوو، بەبەرتیل کارەکەی بۆ جێبەجێ بکەن.

پاش دوو مانگ لە سانبترز بۆرگ دا دەربارەکانی خۆی بانگ کرد و گوتی: ئەو لە سەدا بیستەی بەرتیلەکانتان وەرگرتووە بگەڕێننەوە بۆ من، دوو کەس ویستیان پارەکە نەگەڕێننەوە، بەئەمری ئیمپراتۆر درانە بەر شلاق، ئەوەندەیان لێدان تا

بوورانەوە، ئەوانی دییش لە ترسان بەشەکانی خۆیان گەڕاندەوە بۆ ئیمپراتۆر.

پوترسی سێیەم دوا فلسی لە بەرتیل خۆرە دەربارەکان وەرگرتەوە سەرچاوەی دەسهاتەکەی خۆشی وشک کرد، ئیدی لەوە بەو لاوە چ دەرباریێ بۆ ئیمپراتۆر بەرتیلی وەرنەگرت، چونکە دەیزانی بۆ خۆی هیچ سوودێکی تیا نییە.

گوتمان مێردی خانمەکەم لە پایتەختی ڕوسیاوە دەچوو بۆ هاوینەهەواری (روبشا) هەمیشە بەگالیسکە ئەو ڕێیەی دەبڕی.

ڕۆژێ پوترسی سێیەم حەزی کرد بەئەسپ بۆ هاوینەهەواری روبشا بچێت، لە ڕێدا گەیشتە ماڵی کەشیشێکی لادێیی، حەزی کرد دابەزێ و سەرێ لەو ماڵە بدات. پاش ئەوەی لە ماڵەکە دانیشت لە تاقێکی ماڵەکەدا، چاوی بە کتێبێ کەوت، لە کەشیشە لادێیەکەی پرسی: ئەم کتێبە چییە؟

کەشیشەکە گوتی: ئینجیلە و هەموو ڕۆژێ دەیخوێنمەوە.

ئیمپراتۆر گوتی: چ کاتێ ئەم ئینجیلە دەخوێنیتەوە؟

کەشیشەکە گوتی: هەموو ڕۆژێ، پاش ئەوەی لە خەو هەڵدەستم ئینجیل دەخوێنمەوە، ئەمە ڕەوشتی پەنجا ساڵەمە، تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامم، تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش ئینجیل خوێندنەوەم لە بیرنەکردووە. ئیمپزاتۆر، بەبیانوویەک کەشیشەکەی لەو ژوورە ناردە دەرێ و چەند پارچە ئەسکەناسێکی درشتی لە گیرفان دەرهێنا و لە نێو ئینجیلەکەدا داینا، ئەوجا سواری ئەسپەکەی خۆی بوو ڕۆیشت.

پاش مانگێ لەگالیسکە لە روبشا–وە گەڕایەوە، گوتی گالیسکەکە بەرامبەر بەماڵەکەی کەشیشەکە ڕاگرن، دابەزی و چووە ماڵەکە.

کەشیشەکە لە ماڵێکدا بوو، لەم هاتنە چاوەڕوان نەکراوەی ئیمپراتۆر سەرسام بوو، بەڵام هیچی نەگوت، ئیمپراتۆریش یەکڕاست بەرەو تاقەکە چوو، ئینجیلەکەی هەڵگرت لەبەر چاوی کەشیشەکەدا ئینجیلەکەی کردەوە، ئەسکەناسەکانی نیشان دا و گوتی: ویستم بۆتی بسەلمێنم کە تۆ درۆ دەکەی، هەموو ڕۆژێ ئینجیل ناخوێنیتەوە، لە ماوەی ئەم مانگەدا ئەگەر جارێ ئەم ئینجیلەت کردبایەتەوە، حەتمەن ئەو ئەسکەناسانەت دەبینی و دەتبرد، یا پێت دەگوتم. ئێستاش سزاکەت هەر ئەمەیە،





ئەو ئەسکەناسانەی بۆم دانابووی هەڵیاندەگرم و دەیانخەمە گیرفانی خۆمەوە.

پاش ئەم قسەیە، ئیمپراتۆر ئەو کەشیشەی جێهێشت و لە ماڵەکەی هاتە دەرێ و سواری گالیسکە بوو و ڕۆیشت. ئەم شتە سەیرانە، بەدەگمەن لە پوترسی سێیەم دەبینرا. گوتمان خانم فروزنتزوف، ژنێکی چڵ ساڵە بوو، چۆنیش خۆی کردە مەعشووقەی پوترسی سێهەم، بەچ شێوەیێکیش ئەو پیاوە بێ توانایەی کردبووە پیاوێکی بەتوانا.

پوترسی سێیەم، لە تەنیشتی ئەو ژنەدا، خۆی بەپیاو دەبینی، بەجۆرێ کەیفخۆش بوو، دەیویست پاداشتێکی شاهانە بداتە ئەو ژنە، یانی بیکاتە مەلیکەی ڕوسیا، خانمەکەم لە ڕێی (متروپولیت)ی سان بترزبۆرگ یانی سەرۆکی حەوزەی ڕوحانی پایتەخت، لەم مەوزووعە ئاگادار کرایەوە.

پوترسی سێیەم ڕەئیسی حەوزەی ڕوحانی سان بترزبۆرگی بانگ کرد، تا دەربارەی تەڵاقدانی خانمەکەم قسەی لەگەڵدا بکات، مترۆپۆلیت لە ئیمپراتۆری پرسی: بۆچی دەتەوێ تەڵاقی بدەی؟

ئیمپراتۆر گوتی: لەبەر ئەوەی مەلیکەی ڕوسیا ژن نییە، من ئەو ژنەم پەیداکردووە کە ببێتە هاوسەرم، دەمەوێ پاش ئەوەی مەلیکە تەڵاق بدەم بیکەمە مەلیکەی ڕوسیا.

مترۆپۆلیت گوتی: خاوەن شکۆ، چاکتر وایە لەم مەوزووعەدا چاکتر بیری لێ کەیتەوە، چونکە شەرع ڕێتان نادات، لە مەزهەبی ئێمەدا بۆ ژن تەڵاقدان دەبێ، خیانەتەکەی بسەلمێنی، تەسەوڕ ناکەم ژنێکی دی بتوانێ جێی مەلیکە بگرێتەوە، هەر ژنێکیش ببێتە جێنشینی مەلیکەی ڕوسیا، بەسووکی دەکەوێتە بەرچاوی خەڵکی.

لە ڕاستیدا کاترینی دووهەم ئەوەندە جوان و بە شکۆ بوو، چ ژنێکی دی نەیدەتوانی جێی بگرێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر خانم (ڤرونتزوف) جێی گرتبا، ئەوا لەبەر چاودا گەلێ بە چکۆڵەی دەکەوتە ڕوو.

لە مەزهەبی ئەرسەدۆکسدا، کە مەزهەبی ڕەسمی ڕوسیایە،، بۆ نەزۆکی ژن، ڕێ هەبوو تەڵاق بدرێ، بەڵام ئیمپراتۆری ڕوسیا نەیدەتوانی تۆمەتی نەزۆکی بخاتە پاڵی. مامانەکەی کاترینی دووهەم (ئەگەرچی ساختە بوو) بەڕەسمی میللەتی ڕوسیا و کلێسای ئاگادار کردەوە کە خانمەکەم توانای سکپڕبوونی هەیە.

ئیمپراتۆری ڕوسیا، ئەم نەسیحەتەی لە ڕەئیسی حەوزەی ڕوحانی سان بترزبۆرگ وەرنەگرت و گوتی: لە ماوەیەکی کەمدا، ڕەنگە دوو سێ ڕۆژی تر بیسەلمێنم کە ژنەکەم خیانەتم لێ دەکات.

ئایا ڕەئیسی حەوزەی ڕوحانی پایتەخت دەیزانی خانمەکەم چەندین دۆستی هەیە یا نەء، بە پەیامی ئەم مەوزووعەی گەیاندە خانمەکەم داوای لێ کرد ئاگای لە خۆی بێت.

گوناهی ڕەئیسی حەوزەی ڕوحانی پایتەخت لە ئەستۆ ناگرم، نالێم ئاگای لە ژوانەکانی خانمەکەم هەبوو، بەڵام وای بۆ دەچم خانمەکم لە لایەن هەموو کەسەوە خۆشەویست بووو ڕەئیسی حەوزەی ڕوحانیش هەر بۆ ئاگادار کردنەوە، ئەم پەیامەی بۆ ناردبوو، کاترینی دووهەم ناچار بوو زیاتر وریا بێت، عەزمیشی جەزم کرد پوترسی سێیەم لە نێو ببات.

گوتمان خانمەکم فەرماندەی فەخری فەوجی (پروپاجنسکی) بوو هەروەها گوتمان کاترینی دووهەم توانی ئورلوف بکاتە ئەفسەری فەخری ئەو فەوجە.

کاتێ پوترسی سێیەم ئیمپراتۆری ڕوسیا بڕیاری دا خانمەکەم تەڵاق بدات، کاترینی دووهەم گەلێ پێشتر بڕیاری دابوو مێردەکەی لەنێو ببات. بۆیە دەیویست هەرچی زووە بڕیارەکەی جێبەجێ کات.

لە مانگی ژوین-ی ساڵی ١٧٦٢دا، سەرهەنگی فەرماندەی فەوجی (پروپاجنسکی) دوو مانگ ئیجازەی وەرگرت، کاتێ خانمەکەم ئەم خەبەرەی بیست، وەک ئەوەی هەموو دنیایان پێدابێ ئاوها خەنی بوو.

ڕۆژی پاش ئیجازەکەی سەرهەنگ، خانمەکەم بەرەو فەوجی پروپاجنسکی کەوتە ڕێ و ئورلوف-ی لەگەڵ خۆیدا برد. ئەو ڕۆژە خانمەکەم ئەفسەرەکانی لە ساڵۆنە گەورەکەی فەوجەکەدا کۆکردەوە، ئەفسەرەکان یەکە یەکە دەستی کاترینی دووهەمیان ماچ کرد، پاشان گوتی: لە لای ئێوەدا شاراوە نییە کە هەمووتانم خۆشدەوێ، ڕێزی تایبەتیم بۆ یەک یەکتان هەیە، نیازم وایە هەمووتان بگەیەنمە پلەی بەرزتر، دڵنیاتان دەکەم ئێوە سی و دوو ئەفسەرن لە ئایندەدا دەبن بەپیاوە بەرجەستەکانی ڕوسیا، چاکترین پلە و پایەش وەردەگرن، تەنها چاوەڕێی شتێ





دەکەم ئەویش بەرامبەر بەمن وەفادار بن.

ئەفسەرەکان، سەیری جوانی خانمەکەی منیان کرد، زەردەخەنەکەیان دەبینی، گوتیان ئامادەین لە ڕێی ئێوەدا گیانی خۆمان بەختکەین.

کاترینی دووهەم، ئۆرلۆفی مەحبوبی خۆی نیشان دان و گوتی: لە سێ ڕۆژی داهاتوودا مولازم ئۆرلۆف، کە موڕافیقی منە، لە لایەن منەوە فەرمانێکتان پێ دەگەیەنێ، چاوەڕێ دەکەم فەرمانەکەم جێبەجێ بکەن دەزانم سێ کەستان پلەی موقەدەمی هەیە، حەوت کەسی دیتان نەقیبن، بیست و دوو کەسی دیتان مولازمە، بەپێی فەرمانە عەسکەریەکان، نابێت موقەدەم و نەقیب، بکەونە ژێر دەسەڵاتی مولازمێکەوە. بەڵام لە بیرتان نەچێت ئورلۆف بەناوی منەوە فەرمانتان دەداتێ، بۆیە ئێوە ئیتاعەتی من دەکەن نەک ئەو!

هەموو ئەفسەرەکانی ئەم فەوجە لە لای من ئازیزن، بۆیە ئورلوف-م هەڵبژاردووە، فەرمانەکانی منتان پێبگەیەنێ، لەبەر سەبەبێکە چەند ڕۆژی دیی ئێوە خۆتان پەی بەو سەبەبە دەبەن. هەر کاتێ ئۆرلۆف لە لایەن منەوە فەرمانی پێگەیاندن، بۆ مانۆڕ یا هەر کارێکی دیی فەوجەکە لە مەعەسکەر ببەنە دەرێ و ئیتاعەتی بکەن، هەر شتێکی پێ گوتن قبوڵی کەن، دڵنیابن فەرمانەکانی ئەو فەرمانی منە، ئۆرلۆف لە زمانی منەوە قسە دەکات.

پاش ئەم قسانە، ئەفسەرەکان لە ساڵۆنەکە چوونە دەرێ، فەوجی پرۆپاجنسکی بەئەفسەر و سەربازەکانەوە، هەزار و شەش سەد کەس بوون.

ڕۆژی دووهەم پاش ئەو ڕووداوە، پوترسی سێیەم پاش نیوەڕۆ لە خەو هەڵسا هەوەسی ئەوەی پەیدا کرد بچێت بۆ قەسری (ئورانین بۆرگ) کە یەکێ بوو لە قەسرە گەورەکانی سەڵتەنەتی پایتەخت و شەو لەوێدا، بمێنێتەوە. دەیانزانی پوترسی سێیەم لە وێدا خەریکی خواردنەوە و ڕابواردن دەبێت کەرەسەکانی ڕابواردنیان بۆ بردە قەسری (ئورانین بۆرگ) هەر لە عەسرەوە ئیمپراتۆری ڕوسیا و دەوروبەری، ڕۆژانی هاوینی وەکو شەوانی زستانی درێژە، لە هاویندا تا سەعات نۆ و نیو، دنیا هەر ڕۆشنە.

ئیمپراتۆر لە سەعات پێنجەوە گەیشتە ئەو قەسرە، ئورلوف هەر لە هەمان

سەعاتدا چووە مەعەسکەری فەوجی (پروپاجنسکی) و بەئەفسەرەکانی گوت: بەپێی فەرمانی مەلیکە، دەبێ دەسبەجێ فەوجەکە بەرەو (ئورانین بۆرگ) بکەوێتە ڕێ، سونگەی ئەم حەرەکەتیش، مانۆرە.

لە فەوجەکانی سوپای ڕوسیا، ئەفسەرەکان گەلێ وەفاداری ئیمپراتۆر بوون، ئۆرلۆف جورئەتی نەکرد، بە ئەفسەرەکان بڵێ دەچین پوترسی سێیەم دەستگیر دەکەین، پێی باش بوو هەرکە لە (ئورانین بۆرگ) نزیک بوونەوە ئەم مەوزووعەیان بۆ باس بکات.

لە نزیکی ئورانین بۆرگ، ئۆرلۆف ئەفسەرەکانی لە سەربازەکان جیاکردەوە پێیانی گوت: دەزانن شێتایەتییەکەی پوترسی سێیەم، گەیشتووەتە ڕادەیەک، کە چیدی تەحەمول نەکرێ، چ کەسێ متمانەی بەماڵ و گیانی خۆی نییە، هەر بۆیە مەلیکەی خاوەن شکۆ، بڕیاری داوە کۆتایی بەدەسەڵاتەکەی ئەو شێتە بێنێت، ئەڵبەتە هیچ کەسێ نیازی کوشتنی ئیمپراتۆری نییە، ئێمە تەنها دەیگرین، دەیبەینە یەکێ لە قەسرەکان، یا هاوینە هەوارەکان، بۆ ئەوەی تا دوا تەمەنی لەوێدا بژێت، هەموو کەرەسەیەکی خۆشی و ئیسراحەتی لە لایەن کاترینەوە بۆ دابین دەکرێ، بەکورتیەکەی، ئیدی ئەو نابێ بەئیمپراتۆری ڕوسیا، خاوەن شکۆ، کاترینی دووهەم، بەشێوەیەکی موستەقیل سەڵتەنەت دەکات، میللەتی ڕوسیاش خوویان بەسەڵتەنەتی ژنانەوە گرتووە.

ئەگەر چی ئەفسەرەکان دەیانزانی پوترسی سێیەم شێتە و لە هەمان کاتیشدا دەیانزانی کاترینی دووهەم بگاتە سەڵتەنەت، گەلێ سوودمەند دەبن، کەچی بەسەرسامییەوە سەیری یەکدییان کرد، ئۆرلۆف سەیری کرد، ئەفسەرەکان دوودڵن، سوور بوو لەسەر ئەوەی دوودڵیەکەیان نەهێڵێ و گوتی: بۆچی دەترسن و دوودڵن؟ ئێوە دەزانن ئێستا لە (ئورانین بۆرگ) دوو سەد سەرباز زیاتری تێدا نییە، ئێمە هەر کە گەیشتینە (ئورانین بۆرگ) گەمارۆی دەدەین و پەیوەندی لەگەڵ دەرێدا دەپسێنین، تا پوترسی سێیەم و حیمایەکانی نەتوانن لە دەرێ داوای کۆمەک بکەن. ئەگەر زانیمان حیمایەکانی پوترسی سێیەم بەرگری دەکەن، هێرشیان بۆ دەبەین ئێمە هەزار و شەش سەد کەسین و ئەوانیش دوو سەد کەسن، بەبێ شک سەردەکەوینە





سەریان، هەر کە هەواڵی سەڵتەنەت وەرگرتنی کاترینی دووهەم بڵاوبووەوە، هەموو خەڵک وەفاداری خۆیان بەرامبەر بەکاترینی دووهەم دەردەبڕن، ئەگەر ئێوە ئەمڕۆ فەرمانی مەلیکە جێبەجێ بکەن، لە ئایندەی نزیکدا هەمووتان دەبنە ئەفسەری بەرجەستە و پیاوانی بەدەسەڵاتی ڕوسیا.

ئەفسەرانی فەوجەکە، پاش هەندێ ڕاوێژ، پێشنیارەکەی ئورلوف-یان قبوڵ کرد و ئورانین بۆرگ-یان گەمارۆ دا.

ئۆرلۆف دوو دەمانچە و شمشێری لە کەمەر بەستبوو، ویستی بچێتە نێو قەسری ئورانین بۆرگ بەڵام حەرەسەکان ڕێیان لێ گرت، ئورلوف گوتی: بەئەفسەری بەرپرسی حەرەسەکان بڵێن تا ئێرە بێت. حەرەسەکە دەستی بەزەنگەوە نا، داوای سەربازێکی دیی کرد ئەو سەربازە ڕۆیشت و ئەفسەرەکەی هێنا، ئەفسەری گاردی ئیمپراتۆری، چەند جارێ ئورلوفی بینیبوو، ناسییەوە و بەئیحترامەوە لێی پرسی چ کارێکت هەیە؟

ئورلوف گوتی: بەڵێ دەبێ هەر ئێستا بگەمە لای ئیمپراتۆر.

ئەفسەرەکە گوتی: لەم کاتەدا نابێ ئیمپراتۆر ببینی چونکە کاتی ئیسراحەتیەتی!

ئەوجا بەئەسپایی و سەربازە حەرەسەکە نەژنەوێ گوتی: گریمان بینیتان ناتوانێ تێبگات کە تۆ چ دەڵێی، چونکە مەستە، ئەگەر هۆشیار با ئەوا هاتنی ئێوەم پێدەگەیاند، لەبەر ئەوەی مەستە، ناتوانم ئەمەتان بۆ بکەم سەبر کە، سبەینێ، دوو سەعات پاش نیوەڕۆ، ئیمپراتۆر دەبینی!

ئورلوف گوتی: دەتوانم، دۆستانە تکات لێ بکەم، بمبەی بۆ لای ئیمپراتۆر؟

ئەفسەرەکە گوتی: دەبێ ئەوە بزانیت وەزیفە لە سەرووی دۆستایەتییە، ناتوانم داخوازییەکەت جێبەجێ بکەم.

ئورلوف لەپڕ گەرووی ئەفسەرەکەی گرت، بەجۆرێ گوشی، گەردنی شکاند و کەوتە سەر زەوی و گیانی سپارد.

سەربازێ کە لە بەردەم دەرگاکە حەرەس بوو، هەر کە بینی هێرش کراوەتە سەر ئەفسەرەکە ویستی بەسەرە نیزە هێرش بکاتە سەر ئورلوف، بەڵام ئەو ئەفسەرانەی

لە دەرێی قـەسـرەکـە بـوون، تفـەنگەکـەیان لـێ وەرگـرت بەڵام نەیانتـوانـی ڕێی هـاوار کردنی لێ بگرن.

یەکێ لە ئەفسەرەکان بەپیاکێشانێ، دەنگی حەرەسەکەی خامۆش کرد، دەنگەکە دەنگدانەوەی پەیدا کرد، سەربازانی بەرگری چەکیان گرتە دەست.

لەو قەسرەدا فەرماندەی سەربازەکان ئەفسەرێ بوو ناوی (جالیکین) بوو، یەکێ لە ئەفسەرە جدییەکانی ڕوسیا بوو، پاش ئەوەی سەربازەکانی خۆی بۆ بەرگری ئامادە کرد، عەریفێکی نارد بزانێت مەسەلە چییە، بەڵام ئەو عەریفە فرسەتی نەبوو دوورکەوێتەوە، سەربازەکانی فەوجی پروپاجنسکی هێرشیان هێنا، ئۆرلوف بڕیاری دابوو بەپەلە داگیریانکات.

یەکێ لەو کەسانەی کە لە ساتەکانی یەکەمدا کوژرا، خودی (جالیکین) بوو، ئەگەر چی فەرماندەی سوپا بچووکەکەی گاردی ئیمراتۆر بوو، کەچی هەر کوژرا،

دوو مولازم و چەند عەریفێک بەردەوامییان بە بەرگرییان دا تا کوژران، ئەو کاتە سەربازەکان بەهۆی لەنێوچوونی فەرماندەکەیان سەریان لێ تێکچوو دەسبەرداری بەرگری بوون. ئۆرلوف و دوو ئەفسەری فەوجی پروپاجنسکی بەرەو ژوورەکەی ئیمراتۆر ڕایان کرد.

پوترسی سێیەم و دەوروبەرەکەی ئەوەندە مەست بوون، گوێیان لە هەراو هۆریاکەی دەرێ نەبوو.

ئۆرلوف، هەر کە چووە ژوورێ، دیمەنێکی شەرم ئاوەری بینی، سەیری کرد، چەند کەسێ لەو ژوورەدا نیوە ڕووتن، خانم ڤرونتزوف-ی مەعشووقەی پوترسی سێیەم، لە تەنیشتیا خەوتووە. ئۆرلوف و ئەو دوو ئەفسەرەی لەگەڵیدابوون، پاش بینینی ئەو دیمەنە ویستیان ژوورەکە جێبێڵن و فرسەت بدەنە ئیمپراتۆر و ئەوانی دی، هەندێ خۆ ڕێکخەن، بەڵام بۆیان دەرکەوت هەر کە ئەمانە لە ژوورەکە بچنە دەرێ، مومکینە ڕووداوێک ڕووبدات پوترسی سێیەم بتوانێ ڕابکات، یا ئەوانی دیی بیڕفێنن.

ئەو سێ ئەفسەرە، هەموو کەسانی نێو ژوورەکەیان بێدەنگ کرد، خۆیان پۆشاکیان کردە بەری ئیمپراتۆر و لە ژوورەکە هێنایانە دەرێ.

ئۆرلوف بایەخی بە خانم (ڤرنتزوف) نەدا نەهاتبوو ئەو بگرێ بەڵکو ئیشی





بەپتروسی سێیەم بوو.

کاتێ پوترسی سێیەمیان لە ژوورەکە هێنایە دەر، هێشتا دنیا ڕۆشن بوو وەک گوتمان ڕۆژانی هاوینی باکوری ڕوسیا گەلێ درێژە.

ئۆرلوف دەیزانی قەسری ئورانین بورگ بۆ چاودێری کردنی ئیمپراتۆر شوێنێکی چاک نییە، دەبێ بۆ شوێنێکی دیی بگوازنەوە، پوترسی سێیەمی خستە نێو گالیسکەیەکەوە، یەکێ لە براکانی گالیسکەکەی لێ دەخوڕی، خۆی و برایەکی دیشی لە نێو گالیسکەکەدا ئەملا و ئەو لای پوترسی سێیەمیان گرتبوو.

گالیسکەکە بەرەو هاوینەهەواری ڕوبشا کەوتە ڕێ، هەندێ لە ئەفسەران و سەربازانی فەوجی پروپاجنسکی بەدوای گالیسکەکەوە بوون.

ئەو دوو برایە لە نێو گالیسکەکەدا، دەمانچەیان بەدەستەوە بوو بەنیاز بوون ئەگەر کەسێ بیەوێ پوترسی سێیەم ڕزگارکات، ئەوا مێشکی بپرژێنن. پاش ئەوەی گەیشتنە، ڕوبشا ئۆرلوف یەکێ لە براکانی کە عاشقی خانمەکەی من بوو، بەنامەیەک لەگەڵ چەند ئەفسەر و سەربازی فەوجەکەدا، بەرەو سان بترزبۆرگی ناردن، لە نامەکەدا نووسرابوو: ئەومان دەسگیرکردووە ئێستا لە ڕوبشا-دا لەژێر چاودێری من و براکەمدایە، لێی دوورناکەوینەوە تا خەبەرێکی ئێوەمان پێ نەگات. ئۆرلوف، بۆ چاودێری کردنی ئیمپراتۆر، جگە لە خۆی و براکەی، متمانەی بە چ کەسێکی دیی نەبوو، چەند ئەفسەر و سەربازی فەوجەکەی لەگەڵ بوو کەچی هەر دەترسا ئیمپراتۆر هۆشی بێتەوە سەر خۆی تەماحیان بخاتە بەر، لە (ڕوبشا) بیڕفێنن.

براکەی ئۆرلوف و ئەو ئەفسەرانەی لەگەڵیدا بوون، دوو سەعات پاش نیوە شەو گەیشتنە پایتەخت، من خۆم براکەی ئۆرلوف-م بردە ژوورەکەی خانمەکەم و نامەی براکەی دایە دەستی کاترین.

هەر کە خانمەکەم، ئەو نامەیەی گەیشتە دەست، منی بانگ کرد و گوتی: فریدا، ئونیفۆری سەرهەنگییەکەم بۆ بێنە، زۆری نەماوە دنیا ڕۆشن بێت!

لە پایتەختی ڕوسیا، شەوانی هاوینی، بەپێچەوانەی ڕۆژەکانیەتی، ڕۆژەکانی کورتن، خانمەکەم بەپەلە، ئونیفۆرمە سەرهەنگییەکەی پۆشی، کە گەلێکی لێ دەهات

و جوانتری دەکرد، پاشان نامەیەکی بۆ ئۆرلوف نووسی دایە دەستی براکەی و گوتی: ئەمە بگەیەنە دەستی براکەت و پێی بڵێ بەپەلە با بەئیمپراتۆر ئیستقالە بنووسێ و بۆمی بنێرێ. ئاگات لێ بێ دەبێ لە ئیستقالەکە بنووسرێت: بەخواستەرخوازی دەسبەردانی سەڵتەنەت بووم هەموو ئەرکەکانی خۆم سپاردووەتە کاترینی دووهەمی مەلیکەی ڕوسیا، پاش ئەوەی نامەکەی دایە براکەی ئۆرلوف. بەرەو لای خۆی ڕایکێشاو نەوازشی کرد و گوتی: ئەمە یەکەم پاداشتی تۆ!

کە ئەو گەنجە نامەکەی مەلیکەی بۆ هاوینەهەواری (روبشا) برد، کاترینی دووهەم لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی فەوجەکەی خۆی، کە هاتبوونە پایتەخت بەرەو مەعەسکەر بەڕێکەوت.

ئەلکسی نامەکەی خانمەکەمی دایە دەست براکەی، ئەو دەمە ئیمپراتۆر خەوتبوو وەک گوتمان پوترسی سێیەم لەبەر مەستی نەیدەتوانی بەیانیان بەخەبەر بێتەوە هەتا سەعات دووی پاش نیوەڕۆ دەخەوت.

ئۆرلوف نامەکەی کاترینی وەرگرت، پوترسی سێیەمی لە خەو هەڵساند لەبەر ئەوەی پێویستی بەخەو بوو، ئۆرلوف هەرچییەکی گوت دەینووسی و ئیمزای کرد، تا لێگەڕێت بخەوێ.

ئەلیکس ئیستقالەکەی پوترسی سێیەمی لە هاوینەهەواری روبشا-وە هێنایە پایتەخت، لە سەعات نۆی بەیانیدا ئیستقالەکەی پوترسی سێیەم لە مەعەسکەرەکەی گاردی ئیمپراتۆریدا هەموو سەربازەکان بەڕیز وەستابوون ئەلکسی گەیشتە مەعەسکەرەکە و ئیستقالەکەی دایە دەستی خانمەکەم، داوای لە فەرماندەی مەعەسکەرەکە کرد، ئیستقالە نامەکە بۆ هەموو سەربازەکان بخوێنێتەوە، فەرماندەکە ئەم ئەمرەی جێبەجێ کرد، سەربازەکان دەستیان بەهوتاف کێشان کرد ، گوتیان بژی مەلیکە.

کاترینی دووهەم دەیزانی لە پایتەختی ڕوسیادا، دوو هێز هەیە دەبا لەگەڵیاندا ڕێککەوێ، دەنا نەیدەتوانی سەڵتەنەت بکات، هێزی یەکەم سوپا بوو، هێزی دووهەمیش کلێسا.

خانمەکەم فەرمانی دا، چەند ڕونووسێک لەبەر ئیستقالەکە بنووسنەوە، لە هەموو





مەعەسکەرەکاندا دەخوێنرایەوە، تا هەموو ئەفسەران و سەربازان بزانن لەمڕۆ بەدواوە، خانمەکەم ئیمپراتۆری ڕوسیایە.

لە نیوەڕۆدا، لەسەر خواستی کاترینی دووهەم، پێشەوای ڕوحانی پایتەخت لەگەڵ ئەسقەفەکەی سان بترزبۆرگ، لە کلێسای گەورەی شاردا کۆبوونەوە، تا مەڕاسیمی مەزهەبی بەجێ بێنن. خانمەکەم ئیستقالەکەی پوترسی سێیەم-ی نیشانی ڕوحانییەکان دا.

کاتێ مەتنی ئیستقالەکە، لە لایەن پێشەوای ڕوحانی پایتەخت لە کلێسادا خوێنرایەوە، وەک ئەوە وابوو بارێکی قورسی لەسەر شانی ڕوحانییەکان لابدەن ئاوها کەیفخۆش بوون، هەموویان ئەزیەتیان بەدەستی ئەو پیاوە شێتەوە بینیبوو.

یەکەم فەرمانی ڕەسمیی کاترینی دووهەم ئەوەبوو، هەموو وەقفەکانی کلێسای گەڕانەوە بۆ سەر وەزعە کۆنەکەی جارانیان.

مەئموررەکانی دەوڵەت ئیستقالەکەی ئیمپراتۆر و فەرمانەکەی کاترینی دووهەمیان بەپەلە گەیاندە ویلایەتەکان، لە هەموو شوێنێکدا ناقوسی کلێساکان لێدرا سەڵتەنەتی کاترینی دووهەمیان ڕاگەیاند.

ڕوحانییەکان لە هەموو شار و قەسەبجە و دێهاتەکاندا، تەنانەت لە شوێنە دوور دەستەکانی سیبیریاش، پاش ئەوەی لە فەرمانەکەی کاترینی دووهەم ئاگادار بوونەوە، بۆ شوکرانەی سەڵتەنەتی کاترینی دووهەم، مەڕاسیمی سەڵتەنەتیان بەجێ هێنا، خەڵکیان ئومێدەوار دەکرد کە سەردەمی بەختەوەری ڕوسیا، هاتووەتە گۆڕێ.

لە مۆسکۆ کە دووەم شاری گەورەی ڕوسیایە، ئەهەمیەتی لە پایتەخت زیاترە، چونکە ناوەندی ئەشراف و بازرگانە موعتەبەرەکان بوو، خەڵکەکە هەرکە ئاگادار بوونەوە کە کاترینی دووهەم سەڵتەنەتی گرتووەتە دەست، لە دوکان و ماڵەکان هاتنە دەرێ، لە شەقامەکاندا دەستیان بەسەما کرد، بەهۆی ئیستقالەکەی پوترسی سێیەم، موڵکەکانی سەڵتەنەتی بوونە موڵکی کاترینی دووهەم، خەزێنەی مەملەکەتیش، بووە هی خۆی، خانمەکەم دەیتوانی هەموو تەسەڕوفێ لە موڵک و خەزینەی دەوڵەتدا بکات، لە ڕاستیدا زیادە مەسرەفی خانمەکەم هەر لێرەوە دەستی پێ کرد، چەنێ پوترسی سێهەم بەخیل و چاو چنۆک بوو، خانمەکەم ئەوەندە

سەخاوەت و کەرەمی هەبوو.

ڕۆژی پاشتر خانمەکەم بەپۆشاکی سەرهەنگی فەوجی پروپاجنسکی تەفتیش کرد، ئەفسەرەکانی فەوجەکە، جگە لەوانەی لە هاوینەهەواری روبشا لەگەڵ ئورلوف دا، چاودێری ئیمپراتۆریان دەکرد، ئیستعڕازێکیان کرد، ئینجا سەرباز و ئەفسەرەکان سوێندی وەفادارییان بۆ کاترینی دووهەم خوارد.

پاش فەوجەکەی پروپاجنسکی، هەموو ئەو وەحدە عەسکەرییانەی لە پایتەختدا بوون سوێندی وەفادارییان بۆ کاترینی دووهەم خوارد.

کاترینی دووهەم لە ڕۆژی سێیەمی سەڵتەنەتی خۆیدا، بۆ هەموو سەربازەکانی فەوجی پروپاجنسکی بەخششی دابەش کرد، هەر سەربازە و دوو سەد ڕۆبڵی بەرکەوت، ئەو دوو سەد ڕۆبڵە، لەو سەردەمەدا پارەیەکی گەلێ زۆر بوو، بۆ ئەفسەرەکانی فەوجەکەش پلەیەکی تەرفیعی دانێ، هەندێکیان موڵکیان بەرکەوت، ئەو موڵکانە پینج سەد ڕەعیەتی تێدابوو، هەندێکی دییان موڵکی گەورەتریان بەرکەوت، کە هەر موڵکە و هەزار ڕەعیەتی تێدابوو،

لە ڕوسیا، بەرینی موڵک بەژمارەی ڕەعیەتەکانی حسێب دەکران، دەبا ڕەعیەتەکان بەروبوومی کشتوکاڵەکەیان بۆ خاوەن موڵکەکە با، ڕەعیەتەکان وەک زەوی و چوار پێ دەفرۆشران. یا دەبەخشران.

تەنها کەسێ، لە دەوروبەرەکەی کاترینی دووهەم، پاش ئەوەی سەڵتەنەتی بەدەست هێنا هیچی بەرنەکەوت من بووم، بەڵام خۆشەویستییەکەی بۆ من وای لێ کردبووم، تەماحی ماددیم نەبێت، هەرگیز کاترینی دووهەم حیسابی لەگەڵ نەدەکردم، هەر چییەکم ویستبا یا هەرچییەک لەو پارەیەی لەبەر دەستما بوو خەرجم کردبا، تەواوێ سەربەست بووم.

کاتێ خانمەکەم کارە بەپەلەکانی تەواو دەکرد، پێی دەگوتم: قۆناغی یەکەمی کارەکەمان بە سەرکەوتوویی گەیشتووەتە ئەنجام، بەڵام قۆناغی دووەم ماوەتەوە تا ئەو ڕۆژەی پوترسی سێیەم زیندوو بێت، مەترسی گەڕانەوەی لە گۆڕێدا دەبێت، ئاسوودە نابم تا ئەو کاتەی بەخاکی دەسپێرن.

ئورلوف بۆ یەک سات لە هاوینەهەواری روبشا دوور نەدەکەوتەوە، ئەلکسی دەهاتە





پایتەخت و نامەی ئورلوفی بۆ خانمەکەم دەهێنا و نامەشی دەبردەوە بۆ ئورلوف.

گوتمان، ئەلکسی دوو ساڵ منالتر بوو لە ئورلوف، پاش ئەوەی بووە دۆستی کاترینی دووهەم ئورلوف لەبەر چاوی کاترین کەوت، بەڵام لەبەر ئەوەی پێویستی پێ بوو، بەڕواڵەت خۆشەویستی بۆ دەنواند، تا ئورلوف مەئیوس نەبێت، تا مردنی پوترسی سێیەم (پاشان باسی دەکەین) ئیدی خانمەکەم پێویستی بەئۆلوف نەما، لە خۆی دوورخستەوە، بەڵام نەک لە ڕووی غەزەبەوە بەڵکو لە ڕێی مەئموریەتی سیاسییەوە ناردییە دانیمارک، ئورلوف ئەوەندەی موڵک لە کاترینی دووهەم وەرگرتبوو، مناڵەکانی ئەمڕۆ لە ڕوسیادا حیسابی ئەشرافی پلە یەکیان بۆ دەکرێ.

هەر کاتێ ئەلکسی لە هاوینەهەواری روبشا-وە دەهاتە پایتەخت خانمەکەم گەلێ حەزی لە چاوە خومارەکانی دەکرد، دەیبردە ژوورە تایبەتییەکەی خۆی، هەر کە ئەلکسی دەگەڕایەوە، خانمەکەم مستێ سکەی زێڕی دەخستە گیرفانەوە.

لەو نامانەی لە نێوان خانمەکەم و ئورلوف دا ئاڵوگۆڕ دەکران، دیاربوو ئورلوف بیری لە کوشتنی پوتروسی سێیەم دەکردەوە، بەڵام نەیدەزانی چۆن بیکوژێت.

خانمەکەم پێی چاک بوو، بەجۆرێ پوترسی سێیەم بکوژێت، وەک مردنێکی ئاسایی بکەوێتە ڕوو، بەسەرزارەکی پەیامی بۆ ئورلوف نارد، میکرۆبی سورێژەی دەرخوارد بدات، ئەویش بەهۆی ئەو کەسانەی ئاڵوودەیی سوورێژەیان هەیە، تا بەو نەخۆشییە موبتەلا بێت.

پزیشکەکانی ڕوسیا دەیانگوت، ئاڵوودەیی نەخۆشێکی سورێژە گرتوو، بچێتە گیانی کەسێکی ساغەوە، تووشی سورێژە دەبێت.

هەرچەند ئاڵوودەیی ئەو نەخۆشییەیان دەرخواردی پوترسی سێیەم دا، کەچی نەخۆش نەکەوت، پەنایان بردە بەر میکرۆبی ئاوڵە، ئەمەشیان سوودی نەبوو، نەخۆشییەکەی نەگرت، خانمەکەم نەیدەهێشت زەهری دەرخوارد بدەن، چونکە لە ڕوسیادا، ئیمپراتۆرێ ئەگەر چی ئیستقالەشی کردبێ و گەر بمرێ عادەت وابوو، دەبێ تەشریحی بکەن، جەرگ و دڵ و ڕیخۆڵەکانی دەرکەن، لە کڵێسەدا دایدەنێن، ئەگەر پوترسی سێیەم ژەهر خوارد کرابا، لە کاتی تەشریحدا دەردەکەوت سونگەی مردنەکەی چییە، ئیدی ڕیسواییەکی گەورە بۆ خانمەکەم دروست دەبوو.

ئورلوف لە هاوینەهەواری روبشا بەهۆی چاودێری دوور و درێژەوە ماندوو ببوو، هەستی دەکرد مەلیکەی ڕوسیا بەبیانووی چاودێری ئیمپراتۆر، لە خۆی دوورخستووەتەوە، تا لە پایتەختدا بەبێ ئەوەی کەسێ بێزار بکات، خەریکی ڕابواردنی خۆی بێت.

تا ئیمپراتۆری ڕوسیا لە پایتەخت و لە قەسری سەڵتەنەتی بوو، خانمەکەم بەوریاییەوە ڕەفتاری دەکرد، بەڵام پاش ئەوەی پوترسی سێیەم لە پایتەخت دوورخرایەوە، ئیدی خانمەکەم وریایی لە دەست دا، تەنها شتێ کە سڵی لێ دەکردەوە. ترسی گەڕانەوەی پوترسی سێهەم بوو.

خەڵکەکە دەیانبینی خانمەکەم، هەر دوو سێ ڕۆژ جارێک دەچێتە مەعەسکەرێکەوە، وایان بیر دەکردەوە خانمەکەم تازە سەڵتەنەتی بەدەست هێناوە، مەجبورە بۆ مسۆگەر کردنی خۆشەویستی ئەفسەرانی مەعەسکەرەکان ئەم کارە بکات، بەڵکو دەمزانی کاترینی دووهەم، ئەم مەبەستەی نەبوو بەڵکو دەیویست مولازمە گەنجەکانی سوپا ببینێت.

هەندێ جار خانمەکەم منی لەگەڵ خۆیدا بۆ مەعەسکەرەکان دەبرد، لەو ڕۆژانەدا پۆشاکی سەربازی نەدەپۆشی ئەمەش بۆ ئەوە بوو تا بتوانێ من لەگەڵ خۆیدا بۆ مەعەسکەرەکان ببات، ئەگەر پۆشاکی عەسکەری پۆشیبا. نەیدەتوانی بمبات بۆ مەعەسکەرەکان.

هەرکە دەچووینە مەعەسکەرێکەوە، جوانی خانمەکەم کاریگەری خۆی دەنواند و ئیدی دەمزانی، ئەفسەرو سەربازەکانی مەلیکەی ڕوسیایان خۆشدەوێ.

پاش ئەوەی ئەفسەرەکان. دەوروبەری مەلیکەیان دەگرت، هەر لە سەرنجی یەکەمەوە دەمزانی تەنها مولازمە گەنجەکان سەرنجی ئیمپراتۆریس ڕادەکێشن، چ جۆرە کەسێ بۆ دۆستایەتی خۆی هەڵدەبژێرێ، بەڵام تا دوا ڕۆژی ژیانم نەمتوانی تێبگەم کە چ تایپێکی زیاتر خۆشدەوێ، دەمزانی گەنجە نۆ باوەکانی دەوێ، نەمدەزانی کام چینی زیاتر مەبەستە. هەرکە ئەفسەرێکی گەنج سەرنجی ڕادەکێشا، یەکسەر بۆ قەسری سەڵتەنەتی نەقڵی دەکرد، بۆ ئەوەی لەبەر دەستیا بێت و هەرکاتێ بیەوێ بیبینێ و زۆر بەدوایا نەگەڕێت.





کاتێ ئەو گەنجەی هەڵدەبژارد ئیدی کاترینی دووهەم مەئموریەتی پێ دەسپاردم و گەنجەکە بکەمە ئاشنایی، ئەم مەئموریەتە قورس نەبوو، خۆشم حەزم لێ دەکرد، من بەو گەنجانەم نەدەگوت، خانمەکەم داوای چیتان لێ دەکات، ئەگەر هەندێ وریا بان لە مەبەستەکەی کاترینی دووهەم تێدەگەیشتن، چونکە بەئەفسەرێکی کارا ئیشی جددیان هەبێ ئەوا لە ڕێی ژنێکی خزمەتکارەوە بانگی ناکەن.

هەندێکیان وریا نەبوون لێیان دەپرسیم کاترین چ ئیشێکی بەمن هەیە!

من خۆم لە گێلی دەدا، دەترسام پێیان بڵێم کاترینی دووهەم چی لە ئێوە دەوێ! ئیدی لەبەر مناڵی و کەم تەجرەبەی نەچن بۆ لای کاترینی دووهەم، قسوورەکەش بکەوێتە ئەستۆی من. بەڵام ئەوەشم دەزانی هەر کە بچمە ژوورەکەی کاترین، لە هونەری دولبەری بێ مامەندەوە دەتوانی بێ تەجرەبەترین و وەحشیترین گەنجەکان ڕامکات!

تەسەوری ئەوە دەکەم لەم ڕۆژانەدا خانمەکەم هەندە سەرگەرمی ڕابواردنەکانی خۆی بوو، هەندێ جار لە بیری دەچووەوە کە پوتروسی سێیەم زیندووە و مومکینە لە هاوینە هەواری روبشا–وە بگەڕێتەوە بۆ پایتەخت و کاترین لەسەر سەڵتەنەت لابدات.

هەر لەو ڕۆژەوەی کە پوتروسی سێیەم گیرا، ئەپەرتمانەکەی پوتروسی خستە سەر ئەپەرتمانەکەی خۆی و ژووری نووستنەکەشی گواستەوە بۆ ئەو ئەپەرتمانە، لە ژووری نووستنەکەی ئیمپراتۆری ڕوسیا ڕایدەبوارد، ئەو ژوورە دوو دەرگای هەبوو، یەکێکیان بەسەر ژوورەکەی مندا دەکرایەوە، ئەویدییان بەسەر ڕاڕەوەکە.

ژوورەکەی منیش دوو دەرگای هەبوو، یەکێکیان بۆ سەر ڕاڕەوەکە و ئەوی دییان بۆ ژوورەکەی مەلیکە.

شەوێ پاش ئەوەی سەعاتێ لە نیوە شەو تێپەڕیبوو، لە دەرگای ژوورەکەم درا (ئەڵبەتە ئەو دەرگایەی بەسەر ڕاڕەوەکەدا دەکرایەوە) لە جێ هەڵسام و دەرگام کردەوە، سەیرم کرد ئەلکسییە و گوتی: لە لای براکەمەوە هاتووم، دەبێ هەر ئێستا مەلیکە ببینم، هەواڵێکی گرنگ هەیە دەبێ پێی بگەیەنم.

گوتم: مەلیکە خەوتووە.

ئەلکسی گوتی: هەر ئێستا بەخەبەری کەوە، چونکە ئەو هەواڵەی پێمە هەند گرنگە، دەبێ مەلیکە لە خەو هەڵسێنی.

من دەمزانی مەلیکە تەنها نییە، پێشبینی ئەوەم کردبوو هەر کاتێ کاترینی دووهەم بیەوێ، پێشوازی لە ئەلێکسی بکات میوانەکە دەنێرێتە ژوورەکەی من، تا ئەلیکسی نەیبینێ، بۆیە ئەلیکسیم بردە ژوورەکەی خۆمەوە، لە دەرگای ژووری نووستنەکەی مەلیکەم دا، کاترینی دووهەم گوتی: کێیە؟

من ناوی خۆمم گوت، مەلیکە گوتی: فریدا تۆیت؟ بۆ نایێیتە ژوورەوە؟ چوومە ژوورێ دەرگاکەم لە پشتی خۆمەوە بەست، نزیکی مەلیکە بوومەوە چپاندمە گوێیەکانی و گوتم: ئەلکسی لە لای براکەیەوە هاتووە دەیەوێ هەواڵێکی گرنگتان بداتێ. کاترینی دووهەم بەمیوانەکەی خۆی گوت. پەیکێکی عەسکەری لە روبشا-وە هاتووە دەبێ دەسبەجێ بیبینم. پێی گوتم، میوانەکەی ببەمە ژوورەکەی خۆم. لە دەرگایەکی دییەوە میوانەکەم بردە ژوورەکەی خۆم و لە دەرگای ڕاڕەوەکەوە، ئەلیکسم بردە ژوورەکەی کاترین.

ئەلکسی نیو سەعات زیاتر لە ژوورەکە نەمایەوە، بەپێی فەرمانی مەلیکە ژوورەکەی جێهێشت و ڕۆیشت، بۆ ڕۆژی پاشتر لە مەلیکەم بیست، کە ئەلکسی هەواڵی مردنی پوترسی سێیەمی بۆ هێنابوو.

پاشان لە ئەلکسی و خانمەکەی خۆمم بیست، ئەو شەوە وەکو شەوەکانی دیی، پوترسی سێیەم پاش شیڤ خواردن مەشروبێکی زۆر دەخواتەوە، ئورلوف ئەو شەوە لەگەڵ پوترسی سێیەمدا دانیشتبوو، پوترسی سێیەم مەست بوو، بە ئورلوف-ی گوت: بیستوومە کە تۆ پەیوەندیت لەگەڵ ژنەکەی مندا هەیە.

ئورلوف گوتی: کێ ئەم مەوزووعەی بۆ باس کردوویت؟

پوترسی سێیەم گوتی: ئەم مەوزووعە ژەنەڕاڵ (سولینکا)ی فەرماندەی گاردی ئیمپراتۆری بۆی باس کردووم.

ئورلوف گوتی: بۆ قسەکەی چ بەڵگەیەکی هەبوو؟

پوترسی سێیەم گوتی: سەربازەکانی ژەنەڕاڵ (سولینکا) حەرەسیاتی قەسرەکەیان دەگرت، دەیانبینی تۆ دەچیتە ئەپەرتمانەکەی کاترین. تەنانەت ئەوەشیان دەزانی،





کاتێ تۆ دەچوویت بۆ ئەپەرتمانی ژنم من لە خەودا بووبم.

ئورلوف گوتی: ژەنەڕاڵ سولینکا درۆ دەکات، یا درۆی بۆ گێڕاونەتەوە ئەگەر ئەو ژەنەڕاڵە ببینم، دەزانم چی پێ دەڵێم.

پوترسی سێیەم زیاتر مەست ببوو گوتی: جگە لە ژەنەڕاڵ سولینکا کەسانی دییش ئەم مەوزووعەیان بۆ باس کردووم، یەکێ لەوانە خانم ڤرونزوف-ە.

ئورلوف گوتی: خانم ڤرونتزوف چی پێ گوتیت؟

پوترسی سێیەم گوتی: ڤرونتزوف پێی گوتم ڕۆژ نییە تۆ نەچیتە لای کاترین!

تا ئەو ڕۆژە ئورلوف تەسەوڕی دەکرد، جگە لە من کە مەحرەمی خانمەکەی خۆمم، چ کەسێکی دیی، ئاگای لە پەیوەندی ئەو و کاترین نییە. لەوە غافڵ بوو کە دەرباری ڕوسیا، دەرگا و دیوارەکانی هەموو چاو و گوێن، هەموو شتێک دەبینن و هەموو شتێکیش دەژنەون، ئورلوف نەیدەویست بە پوترسی سێیەم بڵێ کە پەیوەندیم لەگەڵ کاتریندا هەیە، بۆیە گوتی: خانم فرونتزوف-یش درۆ دەکات.

پوترسی سێیەم گوتی: تۆ لە چ کاتێکەوە پەیوەندیت لەگەڵ ژنەکەی مندا هەیە؟

ئورلوف گوتی: من وەکو هەموو ئەو کەسانەی لە دەرباردان، مەلیکەم بینیوە لەمە زیاتر چ ئاشنایەتییەکم لەگەڵیا نییە.

پوترسی سێیەم پاش بیستنی ئەم قسەیە گوتی: هەی... درۆ دەکەی ئەو جنێوەی پوترسی سێیەم بە ئورلوفی دا، جنێوێکی تایبەتی زمانی ڕووسیە، تەرجەمە ناکرێتە سەر هیچ زمانێکی دیی، چونکە هیچ کەسێ جورئەت ناکات ئەو جنێوە تەرجەمە بکات، ئورلوف پاش بیستنی ئەم جنێوە سوور هەڵگەڕا، بەڵام زاڵ بوو بەسەر تووڕەبوونەکەی خۆیا، پوترسی سێیەم کە بینی، ئورلوف ئارامە و بێدەنگ، جنێوێکی دیی بەهەمان ئەندازەی تەحەمول نەکردەنی پێدا. ئیدی ئورلوف حەوسەڵەی لە دەست دا، لە پشتی مێزەکەوە هەڵسا و هێرشی بردە سەر پوترسی سێیەم. وەک گوتمان ئورلوف گەلێ بەهێز بوو، لە ڕوسیادا، چ گەنجێ هەندی ئەو بەهێز و بەژن بڵند و چوارشانە نەبوو، یا من نەمبینیبوو، لە ڕوسیادا پیاوانی بەهێز گەلێ زۆرن. کەشمەکەشەکەی ئەو دوو کەسە، زۆری نەکێشا، ئورلوف بەریدا و پوترسی سێیەم کەوتە سەر زەوی.

ترس زاڵ بوو بەسەر ئۆرلوفدا، نەک لەبەر ئەوەی پوترسی سێیەمی کوشتووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەیدەزانی چۆن شێوەی مردنەکەی بخاتە ڕوو و بڵێت بە چ نەخۆشییەکەوە مردووە، خانمەکەم دەیویست پوترسی سێیەم لەنێو چێت، بەو مەرجەی مردنەکەی وەک مردنێکی ئاسایی بکەوێتە ڕوو، نەک بڵێن کوژراوە.

ئۆرلوف، جێی دەست و پەنجەی بەگەردنی پوترسی سێیەمەوە مابوو، چاوەکانی ئەوەیان نیشان دەدا، کە کوژراوە، تەنانەت پزیشکێکی لادێیش بینیبای دەیزانی کوژراوە، چ جای پزیشکەکانی سان بترز بۆرگ.

پوترسی سێیەمی لە زەوی بەرز کردەوە، بردییە ژووری نووستنەکەی لەسەر نوێنەکەیدا ڕایخست.

لە (روبشادا) تەنها ژنێکی خزمەتکار پوترسی سێیەمی دەبینی، ئەویش لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆدا، ئاشپەزێکیش خۆراکی بۆ پوترسی سێیەم دروست دەکرد، بەڵام بۆی نەبوو بچێتە ژووری خۆراک خواردن، یا ژوورەکانی دی، حەرەسەکان خۆراکەکەیان لە ئاشپەزخانەکەوە بۆ دەهێنایە ژووری خۆراک خواردن، ئەم کارەش سەعاتی دیاریکراوی خۆی هەبوو.

بۆیە هیچ کەس نەیزانی لە ژووری خۆراک خواردن چ ڕووی داوە، تەنها ئۆرلوف و براکەی نەبێ، پاش ئەوەی پوترسی سێهەمی لەسەر نوێنەکەیدا ڕاخست، نامەیەکی نووسی دایە دەستی براکەی تا بیبات بۆ پایتەخت تەنانەت ئەگەر مەلیکە خەوتبێ دەبێ لە خەو هەڵیسێنن و ئەو نامەیەی نیشاندەن، ئەوەی نەدەتوانرا بنووسرێ، نەوەک نامەکە بکەوێتە دەستی خەڵکانی دیی، بەدەمی بەئەلکسی گوت. ئەلکسیش ڕێی گرتەبەر مەجبوور بوو کاترینی دووهەم لە خەو هەڵسێنێ، تا ڕاپۆرتی مەئموریەتەکەی خۆی پێ بگەیەنێ.

پاش ئەوەی ئەلکسی قەسری سەڵتەنەتی جێهێشت، کاترینی دووهەم ویستی پۆشاک بپۆشێ، من هەموو جارێ بۆ پۆشاک پۆشینەکەی یارمەتیم دەدا. مەلیکە ئەمری کرد فەرماندەی گاردی بۆ بنێرم و پێی گوتم: هەندێ سەرباز هەڵبژێرێت لەگەڵیا بچێت بۆ هاوینەهەواری روبشا، چونکە پوترسی سێیەم وەزعی باش نییە و پێویستی بەپزیشکە.





ئەوجا دکتۆر زورین–ی پزیشکی دەرباری بانگ کرد، دکتۆر زورین لەوکاتەدا خەوتبوو، چونکە لە وەرزی هاوین لە سان بترزبۆرگ کەسانی ئاسایی تا سەعات هەشتی بەیانی دەخەوتن، چ جای دەربارەکان.

دکتۆر زورین–یان لە خەو هەڵساند و هێنایانە لای مەلیکە و پێی گوت: بەداخەوەم، لەم کاتەدا لە خەو هەڵتدەسێنم، بەڵام هەواڵیان داوەمەتێ وەزعی ئیمپراتۆر باش نییە و پێویستی بەپزیشک هەیە. دکتۆر زورین وەک موتەئەسیرێ، سەری ڕاتەکاند و گوتی: کەسێ ئەوەندە مەشروب بخواتەوە، هەر کە لە خەو هەڵسێ دەبێتە نەخۆشێکی ڕاستەقینە. خانمەکەم گوتی: کاتی لە خەو هەڵسانی ئیمپراتۆری پێشوو، دوو سەعاتی پاش نیوەڕۆیە، هەرگیز بەیانیان لە خەو هەڵناسێت، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزعی باش نییە، ئەمڕۆ سەر لە بەیانی لە خەو هەڵساوە، ئیستا ئێمە بۆ هاوینەهەواری روبشا دەچین، نازانم فریا دەکەوین یا نەء.

دکتۆر لەم قسەیە سەرسام بوو، گوتی: خاوەن شکۆ مەبەستت لەم ترس دەربڕینە چییە؟

کاترینی دووهەم گوتی تۆ پزیشکی دەزانی زیادە ڕەوی لە مەشروب خواردنەوە سەنکوب(١) دروست دەکات، ئەگەر دڵیش نەکەوێتەوە کار، ئەوا دەمرێ.

کاترینی دووهەم گوتی: دەڵێن مەشروب خۆر دەمرێ، هەر کەسێ تووشی سەنکوب بێت، ئەوە نەخۆش نییە، بەڵکو مەشروب خۆرە.

دکتۆر گوتی: ئاه... ئایە ئیمپراتۆر تووشی سەنکوب بووە؟ کاترینی دووهەم، قسەی دکتۆرەکەی ڕاست کردەوە و گوتی: (ئیمپراتۆری پێشوو) تووشی سەنکوب بووە.

دکتۆر گوتی: ئەمڕۆ بەیانی ئەم خەبەرەتان پێگەیشتووە؟

کاترینی دووهەم گوتی: بەڵێ.

دکتۆر گوتی: خاوەن شکۆ چاکتروایە پەلە بکەین، زووتر خۆمان بگەیەنینە روبشا کاترینی دووهەم گوتی: منیش دێم بۆ ڕوبشا، چونکە مێردەکەی خۆمم گەلێ خۆشدەوێ، ناتوانم ئارام بگرم، دەبێ بچم لە وەزعی بپرسم.

(١) سەنکوب: حاڵەتی لەخۆچوونە، دڵ بۆ ماوەیەکی لەکار دەوەستێ.

مەلیکە کە لەگەڵ دکتۆر زورین لە قەسر چووە دەرێ، هەرکەسێکی دەبینی پێی دەگوت ئیمپراتۆری پێشوو تووشی سەنکوب بووە، ئەوانیش ئەم خەبەرەیان بڵاودەکردەوە، کاتێ دوکانەکانی پایتەخت کرانەوە، خەڵکی لە ماڵەکانیان هاتنە دەرێ، تەقریبەن هەموو دەیانزانی ئیمپراتۆری پێشوو لە روبشادا تووشی سەنکوب بووە، هەروەها دەیانگوت تووشی سەکتە بووە، مەلیکە لەگەڵ پزیشکی دەرباردا چوون چارەسەری بکەن.

کە مەلیکە گەیشتە هاوینەهەواری روبشا ئورلوف پێشوازی کرد، بەڵام ئەو گەنجە بەهێزە. ڕەنگ بەڕوخسارییەوە نەمابوو. مەلیکە بەبێ ئەوەی بهێڵێ دکتۆر زورین ئاگادار بێت، ئیشارەتێکی بۆ ئورلوف کرد و گوتی: ئێستاش لەگەڵ دکتۆر زورین هاتووم لە وەزعی بپرسم.

بەدەنگی بەرز ئەم قسانەی کرد ئەوانەی لەم دەوروبەرەدا بوون، کە هەموو ئەفسەر و سەرباز بوون، هەموویان گوێیان لێبوو، ئەوجا مەلیکە لەگەڵ ئورلوف و دکتۆر زورین چوونە نێو تەلارەکە، دکتۆرەکەی لە ژووری چاوەڕوانیدا دانا، لەگەڵ ئورلوفدا چوونە ژووری نووستنەکەی پوترسی سێیەم، ئورلوف ڕووپۆشێکی کێشابووە سەر پوترسی سێیەم، ئەو ڕووپۆشەی لادا جێی دەست و پەنجەکانی ئورلوف بەجوانی بەگەردنی پوترسی سێیەمەوە دیار بوو، ئەمانەی نیشانی مەلیکە دا و گوتی: چ بکەین؟

کاترین بەئورلوفی گوت: خاولییەکم بۆ بێنە!

ئورلوف خاولی هێنا، کاترین خاولییەکەی پێچایە گەردنی پوترسی سێیەم تا نیشانەی پەنجەکان بەرچاو نەکەون، بەئورلوفی گوت: بەدکتۆر بڵێ دوێنێ شەو سەرمای بوو، بۆ ئەوەی گەرم دابێ ئەم خاولیەی پێچایە گەردنی خۆی. پاشان ڕووپۆشەکەیان کێشایە سەر مردووەکە، لەگەڵ ئورلوفدا هاتنە دەرێ و بەدکتۆری گوت: بەداخەوە درەنگ گەیشتین سەنکوبەکە کاری خۆی کردووە، دکتۆرەکە، وەکو هەموو پزیشکەکان هەواڵی مردنی کەسێ نەیدەترساند کە بیستی پوترسی سێیەم مردووە، کەچی ئەمجارە بەترسەوە لە جێ هەڵساو لەگەڵ مەلیکەدا چوونە ژووری نووستنەکە. کاترینی دووهەم بەئیشارەت ئورلوفی تێگەیاند چیدی نەیێتە ژووری





نووستنەکە دەرگاکەی بەست دکتۆر زورین لە سیسەمەکەی پوترسی سێیەم نزیک بووەوە، ڕووپۆشەکەی لەسەر پوترسی سێیەم لادا، بەپێی عادەتی دکتۆرەکانی ئەو زەمانە لە پێشدا نەبزی گرت، سەیری کرد نەبزەکەی ناجووڵێتەوە، چاوە نیوەوازەکانی مردووەکە شاهێدی ئەوەیان دەدا هیچ ژیانێکیان تێدا نەماوە، لەگەڵ ئەمەشدا پێڵووەکانی هەردوو چاوی لادان گلێنەکانی فەحس کرد، پاشان لە جانتاکەی ئاوێنەیەکی بچووکی دەرهێنا بەرامبەر بەدەمی مردووەکە ڕایگرت، سەیری کرد هیچ هەڵمێ لە دەمی مردووەکە نایێتە دەر و ئاوێنەکە تەڵخ ناکات، جگە لە مانەش سارد و سڕی پوترسی سێیەم ئەوەی دەسەلماند کە مردووە. بەمەلیکەی گوت، خاوەن شکۆ بەپێی ئەوپەڕی داخەوە دەبێ بڵێم چ کارێکم لە دەست نایێت.

پوترسی سێیەم دەم و چاوی ڕەش داگەڕابوو هەندێ زمانی لە دەمییەوە هاتبووە دەر، ئەمانە بوونە مایەی سەرسوڕمانی دکتۆر زورین و گوتی: گەلێکم پێ سەیرە بۆچی ڕوخساری ئیمپراتۆر ڕەش هەڵگەڕاوە و زمانیشی هاتووەتە دەرێ. خاولییەکەش سەرنجی ڕاکێشا و گوتی: ئەم خاولییە لێکەمەوە.

کاترینی دووهەم گوتی: بۆچی دەتەوێ ئەم خاولییە لە ملی بکەیتەوە؟ مێردەکەم مردووە نابێ مردوو ئازار بدرێ.

کاترینی دووهەم کە ئەم قسانەی دەکرد، ڕاستەوڕاست سەیری چاوەکانی دکتۆر زورین–ی دەکرد، ئەم دکتۆرە ئەوەی پێویست بوو تێبگات تێگەیشت.

زمانحاڵی سەرنجەکانی کاترینی دووهەم بەو دکتۆرەی دەگوت، بۆچی دەتەوێ بپرسیت؟ چاک دەزانی پوترسی سێیەم کوژراوە، هەرچی ڕووی داوە ئەوا تێپەڕیوە، ئیدی پوترسی سێیەم وجودی نەما، ئەوەی کە قودرەت و سامانی هەیە منم، ئەگەر دەتەوێ پلەی خۆت لە دەرباری ڕوسیادا بپارێزی دەبێ ملکەچ بیت و بەپێی ئیرادەی من بجووڵێیتەوە!

دکتۆرەکە گوتی: خاوەن شکۆ ڕاست دەفەرمووی. نابێ مردوو ناڕەحەت بکرێ!

کاترینی دووهەم گوتی: ئێمە چ کارێکی دیمان نەما، هەر ئەوە نەبێت ئێوە وەفاتنامەکەی بنووسن، سونگەی مردنەکەشی بۆ زۆر نۆشینی مەشڕوب بگەڕێننەوە.

تا جەنازەکەی پوترسی سێیەم تەشریح نەکرا، کاترینی دووهەم دەترسا ڕازی

کوشتنەکەی پوترسی سێیەم ئاشکرا بێت.

بەپێی عـادەتی دەرباری ڕوسـیـا، دڵ و گـورچیلە و جگەر و ڕیخـۆڵەی پوترسی سێیەمیان دەرهێنا و لەنێو ئیسپرتۆدا دایاننا، بە یەکێ لە کلێسەکانیان سپارد.

لە کاتی تەشریح کردنەکەدا، دکتۆر زورین لەوێدا بوو، بەخانمەکەمی گوت: لە نێو گـەدەی ئیمـپراتۆردا، برینێک دیارە، لە داهاتوودا دەبووە سـەرەتانی گـەدە، ئەگـەر بەسەنکوب نەمردبا، ئەوا لە ئایندەدا بەسەرەتان دەمرد.

لەنێو گورچیلەکانیشا، چەند بەردێکیان دۆزییەوە، دکتۆرەکان سەرسام بوون چۆن بەم هەموو بەردانەی گورچیلەکانی ژیاوە.

پاش ئەوەی پوترسی سێیەمیان بەخاک سپارد، خانمەکەم پێی گوتم: فریدا ئەمڕۆ بۆ یەکەم جارە هەناسـەی ئاسوودەیی دەکێشم، ئیدی پیاوێکی شێت و زاڵم، بەناوی مێـردەوە لە سـەر سـەرم ناوەستێ، دەتوانم لەمـە بەو لاوە، بەئارەزووی خـۆم ژیان بگوزەرێنم، بەڵام بەو مـەرجـەی سـەرۆک وەزیران دانەنێم، چونکە زۆربەی سـەرۆک وەزیرەکان، زاڵمن، بەجۆرێ دەسـەڵات لە ئیمـپراتۆر دەسـەنێنەوە، دەیکەنە ئامـێر و ئیرادەشی لێ دەسێنن، هەر بۆیە (مـازارن)ی سـەرۆک وەزیرانی فـەرەنسـا، لە کاتی سـەرەمـەرگیدا لویی چواردەهەمی پاشای فەرەنسای بانگ کرد، کە ئەو دەمـە گـەنج بوو سـەری نایە بناگوێیەوە و پێی گوت: خاوەنشکۆ تەنها یەک نەسیـحەتت دەکەم، ئەویش ئەوەیە پاش مـەرگی من سـەرۆک وەزیران دامـەنێ، تا بتـوانی بەرەهـایی سەڵتەنەت بکەی، ئەم بەربەستە بۆ خۆت دامەنێ.

خـانمەکـەم، نەیدەویست، سـەرۆک وەزیران دابنێت، بەڵام لە دەرەقـەت نەهات، مـەجـبـوور بوو موافـەقـەت بکات تا سـەرۆک وەزیرانێ هـەڵبـژێرن، چونکە وجـودی سـەرۆک وەزیران ماهـیەتی حکوومـەتی موتڵـەقی ڕوسیایە، هیچ پاشا یا مـەلیکەیەک نەیدەتوانی بەبێ سەرۆک وەزیران بژێت، چۆن زستانی ساردی ڕوسیا هەمـوو ساڵێ تازە دەبێـتـەوە، سـەرەک وەزیرانی روسـیـایش لە سـەردەمی هەر پاشـایێک یا مـەلیکەیەک تازە دەبووەوە، تەنانەت ئیـمـپراتۆرێکی گـەورەی وەک پوترسی مـەزنی گـەورە، نەیدەتوانی دەسـبـەرداری سـەرۆک وەزیران بێت، چ جـای خـانمەکـەم کـە دەیویست هەمـوو کاتەکانی خۆی بۆ ڕابواردن تەرخان کات، کەچی مـەجبوور بوو







سـەرۆک وەزیرانی دابمەزرێنێ، تا کارەکانی مەملەکەت بەڕێوەبات.

ئەوکـەسـەی کـرایە سـەرۆک وەزیران پـوتمکین بوو بەر لە مـردنی پوترسی سـێیـەم وەکو گوتمان یەکێ بوو لە دۆستەکانی خانمەکەم.

پوتمکین بـەر لەوەی ببێتـە سـەرۆک وەزیران، هیچ ئامادەگـیـیەکی تایبـەتی نەبوو، تەنها ئەوە نەبێ کە توانیبووی لە سـەلیقە تایبەتییەکەی کاترین–ی دووهەم بگات، گەنجە جوانەکانی بۆ هەڵبژێرێت، هەمـوو تەرفیعاتەکانی پوتمکین لەم شارەزاییەوە سەرچاوەی گرتووە.

چۆن ئاشـپـەزە تایبـەتییـەکەی کـاترینی دووهەم دەیزانی مـەلیکە حـەز لە چ جۆرە خـۆراکێ دەکـات، ڕەوشـی چێشت لێنانـەکـەی وەک گـەورەترین نـهێنی لە خـەڵکی دەشـاردەوە، نەوەک ڕەقیـبێکی بۆ پەیدابێت و جێگەیەکی بگرێت، پوتمکینیش ئاوها بوو، زەوق و سـەلیقـەی خـانمەکەی منی بەهیـچ کەسێ نەدەگوت، توانیبووی پەی بە جـوانپـەرسـتـیـیـەکەی کـاترینی دووهەم ببـات، هێـشـتـا پوتمکین نـەببـوو بەسـەرۆک وەزیران، بـەڵام زوو زوو پلـەوپایـەی دەدرایێ، بە پێـــویســـتـــیـــشی دەزانی بۆ مـنی خزمـەتکاری تـایبـەتی مـەلیکە تەمـەلوق بکات، تا بمکاتە دۆسـتـی خـۆی نەک دوژمنی، خـۆی بەمـوحـتـاجی دۆسـتـایەتیم دەزانی، بۆیە بەئـازادی قسـەم لەگـەڵ دەکرد، ڕۆژێ پێمگوت: قوربان، تـەسەوڕ ناکەیت سەد ملیۆن کـەسی رووسی، چاویان بڕیوەتە ئێوە، سەریان لە هەندێ کارەکانت سوڕ دەمێنێ و لەبەر چاویان دەکەوی؟

پوتمکین گوتی: فریدا کام بەشی کارەکانم دەڵێی.

گوتم: مەوزووعی هەڵبژاردنی دۆستەکانی مەلیکە.

پوتمکین گوتی: سـەرنجی سـەد ملیـۆن کـەسی ڕوسـیـا، چکۆڵەترین قیـمـەتی لە لای مندا نییـە، هەروەها سەرنج و بۆچوونی ئەم سـەد ملیۆن کەسـە، بچووکترین کارێ لە ژیانـی من ناکـات. لەم وڵاتەدا تـەنهـا یەک کـەس کـار لە ژیانی مـن دەکـات، ئـەویش کـاترینی دووهەمی مـەلیکەی ڕوسیـایە، دەبێ ئەو ڕازی بکەم چونکە ئـەوە دەتوانێت، بەرزم کاتەوە، یا تەختی زەویم کات.

قسـەکەی پوتمکین–م سـەلماند، پاشـان سـەرئەنجام ڕووداوەکـان دەرکەوت ئەو پیـاوە لە حیسابـاتی ژیانی خـۆیدا بەهەڵە نەچووە، سـەدان کـەس لە پیاوە بەرجـەستـەکانی

ڕوسیا، هەروەها سەدان دۆستی کاترینی دووەم، لەبەرچاوی کاترین کەوتن و بە بیرچوونەوە سپێردران، بەڵام پوتمکین تا دوا ڕۆژی ژیانی پلەوپایە و نفوزی خۆی پاراست.

ئۆرلوف، وەک سەردارێکی سەرکەوتوو، لە هاوینەهەواری روبشا گەڕایەوە بەهۆی ئەو خزمەتە گەورەیەی کە بۆ مەلیکەی کردبوو، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد ببێتە کەسی دووەمی وڵات، ڕەنگە ئارەزووشی لەوە بووبێ جێی پوترسی سێیەم ئیمپراتۆری ڕوسیا بگرێتەوە، بەڵام خانمەکەم نەیدەویست کەڵەگا بۆ خۆی دروستکات، هەرکە پوترسی سێیەمیان بەخاک سپارد، هەستم کرد کاترینی دووهەم لە ئۆرلوف بێزارە و ئەزیەتی پێوە دەخوات.

هەر لەو کاتەدا خانمەکەم بیری کردەوە ئۆرلوف لە دەربار دوورخاتەوە.

خانمەکەم هەرگیز نەیدەویست دۆستەکانی خۆی بڕەنجێنێ، بیری لەوە دەکردەوە بەخۆشی لە دەربار دووری خاتەوە، تەسەوڕ دەکەم لە نێوان مەلیکە بەدەسەڵاتەکانی جیهاندا، وەک (کلیۆپاترا-ی) مەلیکەی میسر و (سەمیر ئەمیسی) مەلیکەی بابل و (ماری ئەنتوانێت-ی) مەلیکەی فەرەنسا، خانمەکەم تەنها مەلیکەیەکە عاشقەکانی خۆی نەکوشتووە، یا دەریان کات یا حەپسیان کات.

کاترینی دووهەم دۆستەکانی خۆی دەگەیاندە ئەوپەڕی بەختەوەری، ماڵ و سامانی دنیای پێ دەبەخشین و دەوڵەمەندی دەکردن.

بەر لەوەی خانمەکەم بەمەئموریەت ئۆرلوف بنێرێتە دانیمارک، پێی گوتم: فریدا وەعدم پێدا بوویت، پاش مردنی پوترسی سێیەم ئیجازە بدەم ئۆرلوف شەوێ لەگەڵ تۆ ڕابوێرێ ئیدی بۆ خۆت شەوێک هەڵبژێرە من سەرم دانەواندەوە. کاترینی دووهەم دەستی خستە ژێر چەناگەم و سەری بەرز کردمەوە و گوتی: فریدا، بیر لە چی دەکەیتەوە؟

گوتم: خانم بیر لەوە دەکەمەوە کە ڕەنگە بەمن ڕازی نەبێت!

کاترینی دووهەم گوتی: تۆ ژنێ نیت کەسێ لە تۆ بێزار بێت، ئایا حەز دەکەیت بەئۆرلوف بڵێم سبەی شەو بێتە لای تۆ؟

بێدەنگ بووم نەمدەتوانی بڵێم بەڵێ، چونکە ئەمەم گوتبا، دەبووە ڕوداوی





بەرامبەر بەکاترینی دووهەم، بێدەنگییەکەمی بەقایل بوون زانی و گوتی: سبەی شەو مەرەخەست دەکەم، تا کەرەسەی پێشوازی کردنی ئۆرلوف فەراهەم بکەیت لە سەعات دەی شەودا دێتە ژوورەکەت.

ئەو شەوە لە خۆشییا تا بەیانی نەخەوتم، چونکە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، کە ئۆرلوف بووە دۆستی کاترینی دووهەم، حەزم لە ئۆرلۆف کرد، ڕۆژی پاشتر دەقیقەکانم دەژمارد و چاوەڕێی سەعات دەی شەوم دەکرد، تا ئۆرلوف لە ژوورەکەی خۆمدا ببینم.

لە سەعات شەشی ئێوارەدا خانمەکەم مەرەخەسی کردم، هەندێ زاکوسکی-م[1] دروست کرد، دوو جۆر خۆراک و شەرابیشم ئامادە کرد، ئیدی بۆ پێشوازی ئەو گەنجە خۆم ڕازاندەوە، ئەگەر چی جوانی و شکۆی مەلیکەی ڕوسیام نەبوو دەمزانی ژنێکی خوێن شیرین و جوانییەکی مەقبولیشم هەیە.

لە سەعات دەدا لە دەرگای ژوورەکەمیان دا، ئۆرلوف هاتە ژوورێ و دەرگاکەی بەست و گوتی: فریدا چ ئیشێکت بە من هەیە؟

ڕیتمی قسەکەی لە ڕیتمی قسەی عاشق نەدەچوو، بەڕەسمی قسەی لەگەڵ کردم.

گوتم: قوربان فەرموو دانیشە.

لەبەر سەرما ئۆرلوف شنلێکی ئەستووری دابووە سەر شان، شنل و کڵاوەکەی لادان و دانیشت، تکام لێ کرد بچینە ژوورێکی بچووکی بەرامبەر بەژوورەکەم خۆراک بخۆین.

ئۆرلوف گوتی: فریدا سوپاست دەکەم شیڤم خواردووە.

گوتم: قوربان بۆ وەعد وانەبوو شیڤ نەخۆیت و بێیت بۆ ئێرە؟

ئۆرلوف بە سەرسامییەوە گوتی: چ کاتێ ئەم وەعدە دراوە، کە ئەمشەو شیڤ نەخۆم و بێم بۆ ئێرە؟

گوتم: بەپێی قسەی خاوەن شکۆی مەلیکە تەسەوڕی ئەوەم دەکرد، شیڤ نەخۆیت

(١) زاکوسکی: موقەبیلات، ڕووسەکان، بەر لە خواردن لەگەڵ هەندێ مەشروبدا دەیخۆن و شەهیە دەکاتەوە.

بێیت بۆ ئێرە، زاکوسکی و خۆراک و شەڕابم بۆ ئامادە کردوویت.

ئورلوف گوتی: سوپاست دەکەم شیڤم خواردووە حەزیشم لە خۆراک نییە دەتوانی شەرمم لێ نەکەیت و شیڤەکەی خۆت بخۆیت.

گوتم: ئایە مەلیکە دەربارەی من هیچ قسەیەکی بۆ نەکردوویت؟

ئورلوف گوتی: خاوەن شکۆ ئەمری پێ کردووم، ئەمشەو لە سەعات دەدا بێم بۆ ئێرە و خۆم بخەمە بەر دەستی ئێوە.

گوتم: ئایە خاوەن شکۆ، جگە لەم ئەمرە هیچی دیی پێ نەگوتوویت، کە هاتیتە ئێرە دەبێ چی بکەیت؟

ئورلوف گوتی: نەء... بەڵام خاوەن شکۆ، ئەمری پێ کردووم خۆم بخەمە بەر دەستی تۆ، هەرچییەکت دەوێ بۆتی دەکەم!

ئورلوف، هەند بێ خەم بوو، نەیدەتوانی هەست بکات بۆچی مەلیکەی ڕوسیا ناردوویەتە ژوورەکەم. مەلیکەش بۆ نەزاکەت پاراستن، پێی نەگوتبوو کە پاش ئەوەی دێتە ژوورەکەم، دەبێ چی بکات! ناچار بووم بەڕاشکاوی قسە بکەم، تەجرەبەم لەوە وەرگرتبوو کە غەمزە و نازی ژنانەم کار لە ئورلوف ناکات و وەک ژنە خزمەتکارێک سەیرم دەکات، تەنانەت جارێکیش پێی گوتم ناز و غەمزەت بێ سوودە!

کاتێ ئورلوف بۆی دەرکەوت، مەلیکەی ڕوسیا، بۆچی ناردوویەتە ژوورەکەم گوتی: تەسەوڕ ناکەیت بەهەڵەدا چوویت؟

گوتم: نەء... چونکە خودی خاوەنشکۆ، پێیگوتم، پاداشتێکت دەدەمێ پاداشتەکەش ئەوەیە، تۆ بنێریتە ژوورەکەم!

ئورلوف گوتی: ئاه... ئێستا تێدەگەم، کە مەلیکە ئەمری دامێ، بۆچی پێیدەکەنی من ملکەچی مەلیکەم، هەر ئەمرێ بکات جێبەجێی دەکەم، تەنانەت ئەگەر (بێگاری-ش) بێت.

(بێگاری) وشەیەکی عەسکەری ڕووسییە، بۆ کاری تۆبزی سەربازان بەکاردەهێنرێ، هەر کە ئەم وشەیەم لە ئورلوف بیست، هەر وەک ئەوە وابوو لە سەرمای ئەم زستانەدا بمخەنە نێو یەکێ لە حەوزە مەییوەکانی قەسری سەڵتەنەتی.

کیبریائم پێیدەگوتم، پاش بیستنی ئەو وشەیە ئورلوف دەرکەم. کەچی دڵم وای





نەدەگوت، پاش ماوەیەکی زۆری ئارەزووی خەفەکراو دڵم دەیگوت، نابێ فرسەت لە دەست بدەیت. کە بیریشم لەوە دەکردەوە، ئورلوف بەمەلیکە بڵێت، لە ژوورەکەی دەری کردووم، ئەوا کاترینی دووهەم دەڕەنجێ، کارەکەم بەکفری نیعمەت وەردەگرێ.

هەر ئەو شەوە بۆم دەرکەوت، عەشقی ئیجباری و بە ئەمر. لە هیجران گەلێ ناخۆشترە، ئینسان لە فیراقدا ئاه بۆ مەحبووبەکەی خۆی هەڵکێشێ گەلێ چاکترە لەوەی مەحبووبەکە، کاری (بێگاریت) لەگەڵدا بکات، بەتۆبزی و ناحەزی ئارەزووی ژن دامرکێنێتەوە... من بۆ هیچ ژنێ ئارەزووی شەوێکی وا ناکەم.

لە زستانی ساڵی ١٧٧١دا، ئێمە لە مۆسکۆ بووین، خەتەرێکی گەورە گەڤی لە دووەم پایتەختی ڕوسیا کرد... ئیستقلال خوازەکانی بیلوروسی[١] لە پڕ هێرشیان هێنایە سەر مۆسکۆ، بەنیاز بوون شارەکە داگیرکەن. گەمارۆدانی مۆسکۆ، لە لایەن ئیستقلالخوازەکانەوە، چاوەڕوان نەکراو بوو پوتمکین، ئەو دەمە وەزیر بوو، نەیتوانی هێزی ئیمدادی بنێرێت بۆ مۆسکۆ.

کاترینی دووهەم دەیزانی، ئیستقلالخوازەکانی ڕوسیای سپی لە لایەن وڵاتی پروس-ەوە دنە دەدرێن و پارە و چەکیان دەداتێ کاتێ مۆسکۆ مەرکەزییەتی لە دەست دا، ئیدی حیسابی پایتەختی ڕوسیای بۆ نەکرا، شوورە و سەنگەرەکانیان وێران کرد، کاتێکیش کە ئیستقلالخوازەکانی ڕوسیای سپی دەستیان بەهێرش کرد، شاری مۆسکۆ تەقریبەن بێ شوورە و سەنگەر بوو، پوتمکین ئەوەی نیشان دا کە نەک تەنها دڵی مەلیکەی ڕوسیا شاد دەکات، بەڵکو لە هەندێ کاری دیدا فەوقەلعادە، ڕاهێنەر و لێهاتوو بێت.

پوتمکین، لە دوو شەو و ڕۆژدا شوورە و سەنگەری بۆ مۆسکۆ دروست کرد و تەنها ئاوی بەکارهێنا.

پوتمکین داوای لە هەموو نەجارەکانی مۆسکۆ کرد قالبی گەورە دروست کەن خەڵکەکە، قالبە گەورەکانیان پڕ لە ئاو دەکرد، لەبەر ئەوەی هەوای مۆسکۆ گەلێ سارد بوو، ئاوی ناو قالبەکان دەبووە سەهۆڵ، پارچەی گەورەی سەهۆڵ، لە شێوەی موکەعەب دروست کران و دەخرانە سەر یەک، دیسانەوە بەئاویش ئەو قالبە گەورانە

(١) بیلوروسی: ڕوسیای سپی.

سواخ دەدران و ئاوەکەیش دەمەیی.

دانیشتوانی مۆسکۆ لە دوو شەو و ڕۆژدا شوورەی دەوری مۆسکۆیان تەواو کرد، کەسیش تەسەوڕی نەدەکرد، لەو ماوە کەمەدا بتوانن شوورەییێکی عەسکەری بۆ مۆسکۆ دروستبکەن.

ئازادی خوازەکانی بیلوڕوسی، تۆپیان هەبوو، گوللە تۆپەکان کاریان لە شوورە سەهۆڵبەندەکە نەدەکرد، ئەگەر شوێنێکی شوورەکەیشی وێران کردبا، ئەوا دەسبەجێ چاک دەکرایەوە.

لە ڕۆژانی دواییدا، لە مەسافەی دیاریکراودا، هەر لە تەنیشتی شوورەکە بورجی بەرز، هەر لە سەهۆڵ دروست کەن، تا تفەنگچییە ڕووسیەکان بیانکەنە سەنگەر و تەقە لە هێرشبەران بکەن.

ئەگەر پوتمکین ئەمەی نەکردبا، ئەوا حەتمەن، شاری مۆسکۆ لەو زستانەدا لە لایەن ئازادیخوازەکانی ڕوسیای–سپییەوە داگیردەکرا کاترینی دووهەمیش دەسگیر دەکرا و دەکوژرا. چونکە لە مۆسکۆدا دە هەزار سەربازی لێبوو، بەڵام هێرشبەران، ژمارەیان چل و پێنج هەزار بوو، ئەو دە هەزار سەربازە نەیاندەتوانی لە شارێکی بێ شوورە و *بێ سەنگەر، بەرگری و پایەداری بکەن.*

دوو مانگ شاری مۆسکۆ لە لایەن هێرشبەرانەوە گەمارۆ درا، ئەوانەی بەگرییان لە شارەکە دەکرد، پشت ئەستوور بوون بەشوورە و سەنگەرەکانیان، چەندین جار پاشەکشێیان بە هێرشبەران دەکرد، بەر لەوەی دنیا گەرم بێ و سەهۆڵەکانی شوورە و بورجەکان بتوێنەوە، هێزی ئیمداد گەیشتنە مۆسکۆ، هێرشبەرانیان تەفروتوونا کرد، شاری مۆسکۆیان لە گەمارۆ ڕزگارکرد.

شاکارێکی دیم، لە پوتمکین بینی، تەسەوڕ ناکەم چ کەسێ بتوانێ ئەوە دووبارە کاتەوە، ئەو دەمە پوتمکین سەرۆک وەزیران بوو، تەمەنی خانمەکەی منیش پەنجا ساڵ بوو.

کارەکەیشی بەم شێوەیە بوو، خانمەکەم، ئارەزووی ئەوە بوو بەدرێژایی ڕووباری ڤۆلگا، بەرەو جنوب سەفەرێ بکات، ئەم سەفەرەیشی بۆ گەشت و گوزار بوو.

پوتمکین، لە هەموو کاتێکدا ملکەچی ئەمرەکانی مەلیکەی ڕوسیا بوو، هەرگیز





وشەی نەء لە دەمییەوە بەرامبەر بەمەلیکە نەدەهاتە دەرێ، کەرەسەی سەفەری بۆ مەلیکە دابین کرد[1] دانیشتوانی هەردوو ڕۆخی ڕووباری ڤۆڵگا، فەقیرترین و بەدبەختترین لادێیەکانی ڕوسیا بوون، هەموو تەمەنیان بەبرسییەتی دەبردە سەر، مەجبوور بوون هەمیشە زەحمەتکێش و ڕەنجبەر بوون، دەسهاتی خۆیان و کچە جوانەکانیشیان (ئەگەر کچی جوانییان هەبا) پێشکەشی خاوەنەکانی خۆیانیان دەکرد، ئەگەرنا، خاوەنەکانیان لەژێر شلاقدا دەیانتاساندن.

یەکەم کاری چاکی ئەو دانیشتووانە، کۆڵکێشی بوو، دە یا بیست تەنانەت سەد کەسیان، بەگوریس کەشتییەکانیان دەبەستەوە، بەباریکە ڕێیەکی ڕووبارەکە، کەشتییەکانیان بەرەو کەناری ڕووبارەکە ڕادەکێشا، ئەگەر هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە ڕەنجیان دابا، ئەوا بیست کۆپکیان دەست دەکەوت، دەیانتوانی بەو بڕە پارەیە، دوو ژەم نانی ڕەش بخۆن.

پوتمکین، بەر لە سەفەرەکەی کاترینی دووهەم، بەجۆرێکی سەیر باسی خۆشگوزەرانی لادێکانی هەردوو ڕۆخی ڕووباری ڤۆڵگای بۆ کاترینی دووهەم کردبوو. دەیزانی ئەگەر کاترینی دووهەم، حەقیقەتی ژیان و هەژاری و بێچارەیی ئەو دانیشتووانە ببینێ، ئەوا دەکەوێتە بەر غەزەبی کاترینەوە.

خانمەکەم، ئاگای لە ژیانی دانیشتووانی ڕوسیا نەبوو، مەگەر لە ڕێی ڕاپۆرتەکانی پیاوانی دەوڵەت و بەتایبەتی پوتمکین–ی سەرەک وەزیرانی ڕوسیاوە. مەعلوماتی هەڵەیان پێدەدا، کاترینی دووهەم تا دوا ڕۆژی ژیانی، تەسەوڕی دەکرد، خەڵکی ڕوسیا بەختەوەرترین میللەتی دنیایە.

بەجۆرێ پوتمکین خانمەکەمی لە وەزعی ڕوسیا، بێ ئاگا کردبوو، گوێم لێبوو، ڕۆژێ بە سەفیری فەڕەنسای گوت: وەزعی ژیانی ڕەعیەتەکانم، لەگەڵ مندا جیاوازییان نییە، تەنها ئەوە نەبێ من، لە ماڵێکی گەورە و بەرینتردا دەژیم، لە نێو ئامانی زێڕ و زیوداخۆراک دەخۆم. هیچ جیاوازییێک لە نێوان خۆراکەکانمان نییە.

(١) لەم پاداشتە مێژووییەدا، باسی هەندێ لە کەرەسەی سەفەری مەلیکەی ڕوسیا کراوە یەکێ لەو کەرەسانەی گالیسکەیێک بوو سی و دوو ئەسپ ڕایدەکێشا، لێرەدا بەپێویستی نازانین باسی هەموو کەرەسەکان دووبارە بکەینەوە.

پوتمکین، بڕیاری دا، کاترینی دووهەم ئاگای لە ژیانە حەقیقییەکەی دانیشتوانی هەردوو ڕۆخی ڤۆڵگا نەبێ، ڕووکەشی هەردوو ڕۆخەکە و دانیشتووانەکەی بگۆڕێ.

بۆ نمایشکردنی ئەم کۆمیدیا و تراژیدیایە سەیرەی کە لە جیهاندا مانەندی نەبووە، دوو گروپ، لە ڕەعیەتەکانی ڕوسیای خەستە گەڕ چینێکیان کاری جۆراوجۆریان هەبوو وەک نەجاڕ و وێنەکێش و کرێکار و کوڵکێش، گروپەکەی دیش، هونەرمەند بوون، بەپێی نەخشە و ئەمری پوتمکین، هەزاران خانووی جوانی لادێیانەیان لە تەختە و مقەوا، بەڕەنگە جۆراوجۆرە بریقە بەخشەکان دروستکرد، خانووەکانیان لە هەردوو ڕۆخی ڕووبارەکەدا چەقاند، هەر هەموویان دەدرەوشانەوە.

بەرانبەر ئەو خانووانەش، هەندێ ژن و پیاو و منداڵ، بە پۆشاکی جوانی ڕەنگاوڕەنگ، چاوەڕێی هاتنی کاترینی دووهەمیان دەکرد.

هەر کە ئەو کەشتییەی کە خانمەکەمی تێدابوو، دەردەکەوت، ژن و پیاو و منالەکان، گۆرانییان دەگوت و سەمایان دەکرد و شادییان دەنواند دەنگی شادییەکەیان لەسەر ئاوەکەی ڤۆڵگادا، دەنگدانەوەی پەیدا دەکرد.

پوتمکین بۆ ئەوەی غافڵگیر نەبێت، ئەوەندەی دیکۆر دروست کردبوو مەنزڵ بەمەنزڵ، ئامادەبوون پێشوازی لە مەلیکە بکەن، هەرکە شەو دادەهات دەیان هەزار کەس، دیکۆرەکانیان تێکدەدا، بە بەلەم بەرەو خوارووی ڕووبارەکە دەیانبرد، لە هەردوو ڕۆخی ڕووبارەکەدا دەیانچەقاندەوە، ئیدی لەسەر ئەم کارە بەردەوام دەبوون.

کاترین لە هەر کاتێکدا سەیری ڕۆخەکانی ڕووباری ڤۆڵگای کردبا هەندێ ژنی لادێی، سوور و سپی و قەڵەو و پۆشاک پاک و تەمیزی ئەبینی، بەرانبەر ماڵە درەخشاوەکانی خۆیان، سەمایان دەکرد و شادییان دەردەبڕی، لە تەنیشتیانەوە، مانگای قەڵەو و بەرازی گەورە دەلەوەڕان.

لە هەموو ماوەی ئەم سەفەرەی کاترینی دووهەمدا چاوی بەهەژارێکی ڕەنگ زەردی لاوازی لادێیی نەکەوت، منیش ئاگام لەم ساختەکارییەی پوتمکین نەبوو، ئەم هەموو بەختەوەرییەی ئەو خەڵکەم دەبینی سەرسام دەبووم و بەخۆمم دەگوت: سەردەمی سەڵتەنەتی خانمەکەم و پوتمکینی سەرەک وەزیرانی، بەبێ دوودڵی سەردەمی بەختەوەری ڕوسیایە.





خانمەکەم، چ ڕۆژێ نەبوو شادی خۆی دەرنەبڕێ، سوپاسی خواوەندی دەکرد کە لە سەردەمی سەڵتەنەتەکەیدا، میللەتەکەی تا ئەو ئەندازەیە بەختەوەرن، پێیگوتم: فریدا، کە من مەلیکەی ئاوها میللەتێکی بەختەوەر و خۆشگوزەران بم، حەقی خۆمە منیش چێژ لە ژیانەکەی خۆم وەرگرم و ڕابوێرم.

هەر کە شەو دادەهات، هونەرمەندەکان دیکۆرەکانیان، بۆ خواری ڕووبارەکە دەگوازتەوە، ئەم کارە تا بەیانی بەردەوام دەبوو، هەر کە ڕۆژ هەڵدەهات و چاومان دەکردەوە، لە هەردوو ڕۆخی ڕووبارەکە، تا چاوبڕی دەکرد، خانووی جوان و پێدەشتی سەوز و جەنگەڵی چڕ بوون، لادێیە بەختەوەرەکانیش کە مەوکیبەکەی مەلیکەیان دەبینی تێدەپەڕی شادییان دەنواند.

ئەم نمایشە سەرسوڕهێنەرە. تا شەش مانگ بەردەوام بوو، گەلێ لە لادێییەکانیان ناچار کردبوو، بەتۆبزی کاربکەن و کرێیان نەدەنێ سێ سەد ملیۆن ڕۆبڵ خەرجی ئەو نمایشەبوو، ئەم خەرجییە ئەوەندە زۆر بوو، ئەگەر دابەشیان کردبایەتە سەر جوتیارە هەژارەکانی ڕوسیا، ئەوا هەموو ژیانیان چاک دەبوو، پۆشاکی موناسیبیان دەپۆشی ڕوخساریان سوور و سپی هەڵدەگەڕا، چ زەرورەت نەبوو ئەم سێ سەد ملیۆن ڕۆبڵە بۆ ئەم نمایشە سەرف بکرێ تا بەڕواڵەت، لادێیەکان وابخەنە ڕوو کە بەختەوەرن.

تەسەوڕ دەکەم پوتمکین پیاوێکی حیسابگر نییە، بەوردی ئەو سێ سەد ملیۆنەی سەرف نەکردبوو، دڵنیام «کرۆبۆتسکی-ی» یاریدەدەری و «ڤیدل پەتروڤیچ-ی» میعمار کە دیوارە سەهۆڵەکەی مۆسکۆی دروست کرد، لەو سەفەرەی کاترینی دووهەمدا پارەیێکی چاکیان دەسکەوتووە.

تا ئەو ڕۆژەی پوتمکین لە ژیاندا مابوو، کاترینی دووهەم نەیزانی ئەو سێ سەد ملیۆن رۆبڵە لە خەزێنەی دەوڵەت دەرهێنراوە بۆ ئەم نمایش و مقەوا بازی و جەنگەڵی ساختە و تەنانەت بۆ پەلەوەری ساختە سەرف کراوە، پاش ئەوەی پوتمکین مرد، ئەو ڕازە ئاشکرا بوو، ئا لەم نموونەیە تێدەگەین، پوتمکین-ی سەرەک وەزیرانی ڕوسیا، لە ماوە دوور و درێژەکەی سەرەک وەزیرانیدا چ سوودگەلێکی گەورەی وەدەست هێناوە.

ئەو پیاوە بەجۆرێ دەسەڵاتی بەسەر وەزعی مالیی وڵاتدا گرتبوو تەنانەت نەیهێشت مەلیکەی ڕوسیا بزانێت ئەو سێ سەد ملیۆن ڕۆبڵەی لە خەزینەی مەملەکەتەوە دەرهێناوە.

هەموو ئەو کەسانەی ئاگاداری کاروباری مالی بوون، مومکین بوو، ڕۆژێ مەلیکە لە وەزعی مالی مەملەکەت ئاگادارکەنەوە. ئەمانە هەمووی هەڵبژاردە و دەستنێژی سەرەک وەزیران بوون، بەرژەوەندییەکانیان ئەوەی دەخواست، وەزعی مالی وڵات لە مەلیکە بشارنەوە، تا بتوانن خۆشیان دزی بکەن. ئەوانە دەیانزانی ئەگەر مەلیکەی ڕوسیا ئاگای لە وەزعی مالی بێت، جگە لەوەی سوودە نامەشرووعەکەیان نامێنێ، بەتاوانی شەریکی لەگەڵ پوتمکین، لە وەزیفە دەردەکرێن و دەیانخەنە زیندانەوە، موحاکەمە دەکرێن و لە سێدارە دەدرێن، بەڵام چ کەسێ خودی پوتمکینی لە سێدارە نەدەدا، جگە لەوەی پوتمکین گەلێ دەوڵەمەند بوو، سەرەک وەزیرانی ڕوسیا–ش بوو، لە ڕوسیادا سەرەک وەزیرانی دز، لە سێدارە نەدەدرا، بەڵام ئەوانەی ژێر دەستی و شەریکە دزەکانی هەڵدەواسن و لەنێویان دەبردن، هەر بۆیە هیچ یەک لەو پێشکارە مالییانەی ڕوسیا، وەزعی مالی وڵاتیان بەکاترینی دووهەم نەدەگوت، ئەگەر پوتمکین بەر لە مەلیکەی ڕوسیا نەمردبا، ئەوا رازی سێ سەد ملیۆن ڕۆبڵەکە، هەرگیز لە لای کاترینی دووهەمدا ئاشکرا نەدەبوو.

تەسەوڕ دەکەم، ئەگەر لە ژیانی پوتمکیندا، نهێنی ئەو سێ سەد ملیۆن ڕۆبڵە بۆ کاترینی دووهەم ئاشکرابا، ئەوا سەرۆک وەزیران نەدەکەوتە بەر غەزەبەوە، چونکە پوتمکین، چ لە ڕووی نیشتیمانی و چ لە ڕووی عەسکەرییەوە، ئەوەندە خزمەتی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیای کردبوو، مومکین نەبوو، مەلیکەی ڕوسیا، قارەمانی جەنگە گەورەکانی، وەک پوتمکین سزا بدات.

لەو سەفەرەی کە بۆ جنووبی وڵات ڕۆیشتین، بەنێو ڕووباری ڤۆڵگادا تێدەپەڕین، ئەو دەمە خانمەکەم تەمەنی پەنجا ساڵ بوو، دۆستێکی هەژدە ساڵەی لەگەڵ دابوو، هەموو ڕۆژێ لەنێو کەشتییەکەدا، بەیەکەوە بوون و ژیانیان بەسەردەبرد... کە گەیشتینە شاری «بالاچوف» کە دەکەوتە ڕۆخی ڕووباری ڤۆڵگا. من هەمیشە لەگەڵ خانمەکەی خۆمدابووم، سەیرم کرد، ئەو گەنجە بەگریانەوە، لە ژوورەکەی کاترینی





دووهەمەوە، دێتە دەرێ. ئەو گەنجەم بردە ژوورەکەی خۆم تا ڕێبوارانی ڕاڕەوی کەشتییەکە بەگریانەوە نەیبینن، گوتم: چییە، ئەوە بۆچی دەگرێیت؟

گەنجەکە گوتی: مەلیکەی خاوەن شکۆ، بەمەئموریەت دەمنێرێ بۆ سان بترزبۆرگ!

گوتم: ئەم مەئموریەتە چییە وا تۆی خستۆتە گریانەوە؟

گەنجەکە بەگریانەوە گوتی: مەلیکە ڕایسپاردووم لە پایتەختدا، دۆسیەی یاریدەدەری هەرێمی «دونێز»ی بۆ بێنم! من بەمەلیکەم گوت، ئەمر بکە نامەیێک بۆ پایتەخت بنووسن، تا ئەو دۆسیەتان بۆ ڕەوانە بکەن، کەچی مەلیکە گوتی: ئەو دۆسیەیە گەلێ نهێنییە، نابێ چ کەسێ لەوە ئاگادار بێت، لەبەر ئەوەی گەلێ متمانەم بەتۆ هەیە، بۆیە تۆ دەنێرم و ئەو دۆسیەم بۆ بێنی!

دەمانزانی لەم حاڵەتانەدا ئیشەکە بەجۆرێکی دییە... ئەویش بەم شێوەیەیە، کاترینی دووهەم دۆستەکەی بۆ کارێ ڕەوانەی شوێنێ دەکات، بەنهێنیش ئەمرێ بۆ حوکمڕانی ئەو شوێنە دەنێرێ، کە ئیشی ئەو کەسەی ناردوویەتی دواخات و لە لای خۆیدا گلی داتەوە، ئیدی بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار، پەیوەندییەکەی کاترینی دووهەم و ئەو دۆستە نامێنێ.

پاش چەند هەفتەیێک، یا چەند مانگێ، ئەو دۆستە دەگەڕێتەوە، کەچی ڕێی نادەن بگاتە بەر دەرگای خانمەکەم. بەڵام ئەو دۆستە تووڕە و بێ ئومێد نابێت، چونکە کاترینی دووهەم، دەستی کەرەمی ئەوەندە والآیە، کۆمەکی دەکات و پارەی دەداتێ، تا دوا تەمەنی بەدەوڵەمەندی و ئاسوودەیی دەژێت.

من هەرگیز، بیر و بۆچوونی خۆمم بۆ دۆستەکانی کاترینی دووهەم نەدەگوت چونکە نەمدەتوانی متمانەیان پێبکەم، چونکە دەمزانی کاترینی دووهەم لە دولبەریدا ئەوەندە ئوستادە، دەتوانی بەمیهر و نەوازش، قفڵی دەمی نهێنی پارێزترین دۆستەکانی بکاتەوە، هەروەها ئەوەشم دەزانی، گەنجێ لە تەنیشتی ژنێکی وەک کاترینی دووهەم دانیشێ ناتوانێت نهێنی بپارێزێ، ئەوەی دەزانێ، ئەوەی بیستوویەتی هەمووی دەدرکێنێ.

هەر بۆیە بەو گەنجەم نەگوت: تۆ پیاوێکی هەژدە ساڵەی بۆچی غەم بۆ پەنجا ساڵە دەخۆیت؟ تۆ دەبێ شوکری خوا بکەیت کە لەبەر چاوی مەلیکەی ڕووسیا کەوتوویت،

تۆی بەرەڵلا کردووە، تۆ ئێستا دەتوانی بەو سامانەی پاشەکەوتت کردووە، هەر بەناوی حەقی بێدەنگی بوونت دیاری خواحافیزی لێ وەرگریت، بەئاسودەیی لەگەڵ کچێکی هاوتەمەنی خۆتا ژیان بەسەر بەریت، خونچەی گەنجییەتی خۆت لە تەنیشتی ژنێ کە سێ تەمەنی تۆی هەیە، سیس نەکەیت.

من ئەگەر ئەو دەرسەم بۆ یەکێ لە دۆستە گەنجەکانی خانمەکەم دابا، وەکو ئەوە وابوو فەرمانی کوشتنی خۆم بەدەستی خۆم دەرکەم، چونکە لە نەتیجەدا هەر دەگەیشتەوە دەمی کاترینی دووهەم. ئەوە بوو، بەو گەنجەم گوت کە دەگریا: دەبێ تۆ شانازی بەوەوە بکەیت ئاوها گرینگیت لە لایەن کاترنی دووهەمەوە پێدراوە. مەلیکەی ڕوسیا ئەوەندە متمانەی بەتۆ هەیە، لە نێوان ئەم هەموو پیاوە سیاسی و ئەفسەرە پلە بەرزانەدا، تۆی بۆ ئەم مەئموریەتە هەڵبژاردووە، سەفەرەکەیشت زۆری پێناچێ، لە چەند هەفتەیەکدا دەچیتە پایتەخت ، دەگەڕێیتەوە ئەوەی مەلیکە دەیەوێت، بۆی دەهێنیت، ئەو نزیکی و پایەت لە لای مەلیکەدا چەندین جار گەورەتر دەبێت.

دڵدانەوەکەم کاری لەو گەنجە نەکرد، چونکە لە ناخەوە هەستی دەکرد مەلیکە دەیەوێ لە خۆیی دوورخاتەوە.

ڕۆژی پاشتر کەشتییێکی دی، ئەو گەنجەی بەرەو باکوور، لە سەعات نۆی بەیانی هەمان ڕۆژدا، دۆستە تازەکەی مەلیکە، کە گەنجێکی باریک و سپی بوو، تەقریبەن تەمەنی هەژدە ساڵان دەبوو، هاتە ناو کەشتییەکە.

لە شاری (بالاچوف) بەمەلیکەیان ناساند، ئەو گەنجە ناوی (چالیا) بوو لە ڕۆژانی دواییدا، بۆ موحیبەتیش پێیدەگوت «چاچا».

بەر لەوەی چاچا ببێتە ئاشنای خانمەکەم... دەبا مەلیکە لە مەڕاسیمی تایبەتیدا، سەر لە کلێسا گەورەکەی شاری «بالاچوف» بدات ڕوحانییەکان بەسەر کاتەوە، هەروەها سەردانی دائیرە حکومییەکان بکات، پاشان پێشوازی لە نوێنەرانی خەڵک بکات.

تایفەیێکی قۆزاقەکان لە نزیکی شاری «بالاچوف» دەژیان لەگەڵ ئەتامان[١]ـەکەی

(١) ئەتامان: ڕەئیسی قەبیلە، ڕەئیسی عەشیرەت.





خۆیان هاتبوون مەلیکە ببینن، بڕیاریش وابوو مەلیکە تەفتیشی سوارەکانیان بکات، مەلیکە تەنها بۆ ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ «چاچا»دا پەیداکات، هەموو ئەم بەرنامانەی هەڵوەشاندەوە، سەرەک وەزیرانی ڕوسیا وای بڵاوکردەوە، مەلیکە نەخۆشە، پزیشکەکان پێیان گوتووە تا چاک دەبێتەوە، دەبێ ئیسراحەت بکەی. بۆیە ناتوانێ بەشداری ئەم مەراسیمانە بکات.

«چاچا» بەبێ ئەوەی تەجرەبەی هەبێ، دەیزانی چۆن دڵی خانمە پیرەکەی من بەدەست بێنێ، بەرانبەر بەخانمەکەم، خۆی بچووکتر دەکردەوە، سەری دەخستە سەر ڕانەکانی، بەزمانی منالان لەگەڵ خانمەکەمدا قسەی دەکرد، هەستی دایکایەتی لە ناخی هەموو ژنێکدا هەیە، ئەم هەستەی لە ناخی کاترینی دووهەمدا بێدار دەکرد.

کاترینی دووهەم کە باوەشی بەو گەنجە دەکرد، تەسەوری نەدەکرد، کە عاشقەکەی خۆی لە باوەش گرتووە، بەڵکو هەستی بەوە دەکرد مناڵەکەی خۆی لە باوەشدایە و دەیگوشی بەخۆیەوە، هەر بۆیە نەیدەتوانی «چاچا» لە خۆی دوورخاتەوە و هەڵسێ و کارە ڕەسمییەکان ڕاپەڕێنێ.

هەرجارەی کە دەچوومە ژووری خانمەکەم و دەمبینی «چاچا» وەکو مناڵ قسەی شیرین دەکات، خانمەکەیشم، لەززەتی لە قسەی منالانەی «چاچا» وەردەگرت و نەوازشی دەکرد.

تا هەفتەیێک بەرنامەکانی تەشریفاتی دواخست، ئێمە لە شاری «بالاچوف»دا ئیسراحەتمان دەکرد، چونکە خانمەکەم نەیدەتوانی خۆشەویستەکەی لە خۆی دوورخاتەوە، پاش ئەو هەفتەیە کاترینی دووهەم سەرەک وەزیرانی بانگ کرد و پێیگوت: «چاچا» کەی من قوتابخانەی عەسکەری تەواو نەکردووە، بۆیە ناتوانێ ببێتە ئەفسەر فەرمانی ئەفسەری فەخری بۆ بنووسە، بیهێنە تا ئیمزای کەم.

ئەو ڕۆژەی کە کاترینی دووەم ئورلوفی کردە ئەفسەری فەخری زەمینەیێکی دروست کرد کە بتوانێ دۆستەکانی خۆی، بێ وەی قوتابخانەی عەسکەری تەواکەن بیانکاتە ئەفسەری فەخری ئەگەرچی ئەسیڵزادە نەبوو لە ڕووی هێزی جەستەیی و بەژن بڵندی و چوار شانەییەوە، بێ هاوتا بوو، ئەفسەرەکانی ڕوسیا لە ئەشرافەکان

بوون، بەبێ تەواو کردنی قوتابخانەی عەسکەری نەدەبوونە ئەفسەر، دەستیان بەپرتە و بۆڵە کرد.

کە «چاچا»یان کردە ئەفسەری فەخری، خانمەکەم تەمەنی پەنجا ساڵ بوو ئەفسەرەکانی ڕوسیا ڕاهاتبوونە سەر ئەوەی ئەفسەری فەخری ببینن و سەرسام نەبن.

سەرەک وەزیران، فەرمانی ئەفسەری (چالیا)ی نووسی و مەلیکە، ئیمزای کرد، خەیاتەکان لە نیو ڕۆژدا، ئونیفۆرمی جوانی ئەفسەری بەپلەی مولازمیان بۆ دووری، چالیا ئونیفۆرمەکەی پۆشی. بەناوی موڕافیقی عەسکەری مەلیکە، لەگەڵیا چووە شار و بەشداری مەڕاسیمە ڕەسمییەکانی کرد.

ئەو ڕۆژەی کاترینی دووهەم چووە کڵێسا گەورەکەی شار ئەسقەفەکەی ئەو شارە پێدەچوو پیاوێکی سادە بێت چالیای بەناوی یەکێ لە خزمەکانی مەلیکە تەقدیس کرد، چونکە ئەو پیاوە ڕوحانییە تەسەوری نەدەکرد ئەم مێرد منداڵە مەحبوبی مەلیکەی پەنجا و پێنج ساڵە بێت[1] سەفەرەکەی ئێمە لە شاری بالاچۆف-ەوە، تا شاری «هشترخان» درێژەی کێشا، ئەم شارە دەکەوێتە کەناری دەریای خەزەر و دوو مانگ و نیومان پێچوو، لەم ماوەیەدا (چالیا) بووە ژەنەڕاڵی فەخری، هەمیشە ئورنیفۆرمی تەشریفاتی دەپۆشی، کەچی ئەفسەرە ڕاستەقینەکان ئورنیفۆرمی تەشریفاتیان لە شوێنی فەوقەلعادەی ڕەسمیدا دەپۆشی، میدالەکانیان دەخستە سەر سینگی خۆیان، دەنا لە ڕۆژە ئاساییەکاندا ئونیفۆرمێکی سادەیان دەپۆشی، کەچی (چالیا) هەموو ڕۆژێ. ئەو ئونیفۆرمە جوانە زەرکەفتەی لەبەردەکرد، هەموو ئەو میدالیانەی مەلیکە پێی دابوو دەیخستە سەر سینگی و حەمایلیشی دەبەست.

لەبەر ئەوەی ئاگام لە کارە تایبەتییەکانی کاترینی دووهەم بوو، دەمزانی هەندێ

(١) ئەمیش هەڵەیێکی گەلێ زەقە، فریدا دەڵێ کە ئەو سەفەرەمان کرد کاترینی دووهەم تەمەنی پەنجا ساڵ بوو، ئێمە لەو سەفەرەدا شەش مانگمان پێچوو، کەچی هێشتا لە سەفەرەکە نەگەڕاونەتەوە، لەم دێڕەدا تەمەنی کاترینی کردە پەنجا و پێنج ساڵ، ئەمە هەر هیچ نەبێ وردەکاری تیا نەکراوە خەتاکەیش دەگەڕێتەوە بۆ موتەرجیمی فارسی. دەنا خەتاکەی هی فریدای خاوەن یاداشتەکە با، دەبا موتەرجیمی فارسی، ژێرنووسێکی بۆ ئەم هەڵە زەقە کردبا.





جار چاڵیان بەدزییەوە خیانەت لە کاترینی دووهەم دەکات بۆ من ئیشکالێکی نەبوو، ئەم مەوزووعە بگەیێنمە مەلیکە، یا مەلیکە بۆ شوێنێ ببەم بەچاوی خۆی خیانەتی مەحبووبەکەی ببینێ، چونکە دەمزانی چالیا لە کوێدا لەگەڵ ژنانی دەربارادا ڕادەبوێرێ، بەڵام لەبەر سێ هۆ ئەم کارەم نەکرد:

یەکەمیان، خۆم ژنێکی بێ وەی بووم، لە هەموو ئەو ماوەیەی لە خزمەتی مەلیکەدا بووم، چ کەسێکم ئازار نەداوە، کە دوژمنایەتیشیان لەگەڵ دەکردم ناچار دەبووم بەرگری لە خۆم بکەم، تەنانەت بەرگرییەکەیشم ئازاری بەناحەزەکەم گەیاندبا، بێ خەم دەبووم.

دووهەمیش، چالیا، لەگەڵ مندا بە ڕاستگۆییەوە ڕەفتاری دەکرد، ڕەنگە لەوە حاڵی بووبێ، لەگەڵ خزمەتکارە تایبەتییەکەی مەلیکە، دەبێ دڵسۆز و پەیوەندی باشی هەبێت، منیش ئەوم خۆشدەویست، ئەڵبەتە نەک ئەو خۆشەویستییەی کە مەلیکەی ڕوسیا خۆشیدەویست.

سێهەمیش، دەمزانی خیانەتەکەی چالیا بەرانبەر بەکاترینی دووهەم. خانمەکانی دەربار ئیغوای دەکەن و ژنە ژنەکان ئەو گەنجەیان فریو دەدا و وازیان لێ نەدەهێنا، هەمیشە بۆسەیان بۆ دادەنا، تا پەیوەندی تایبەتی لەگەڵدا دروست بکەن.

چالیا کە گەیشتە پلەی ژەنەڕاڵ فەخری لەوە جوانتر دەکەوتە ڕوو کە بۆ یەکەم جار لە «بالاچوف-دا» بینیم.

هەندێ لەو باوەڕەدان، موعاشەڕەتی گەنجێ، لەگەڵ ژنێکی پیردا، دەبێتە هۆی ئەوەی گەنجەکە بەزوویی پیر بێت، من ئەم بۆچوونە بەدرۆ دەخەمەوە، خانمەکەم پیربوو، هەمیشە لەگەڵ پیاوانی گەنجدا ڕایدەبوارد ئەو گەنجانەی ئەو موعاشەڕەتەیان لەگەڵ دەکرد پیرنەبوون، کەچی بەپێچەوانەوە، پاش چەند مانگێ ئەو گەنجانە جوانتر دەبوون تەسەوریش نەکەن من بەم نووسینە پەرێزی خۆم پاک کەمەوە، چونکە منیش وەک خانمەکەم پیر ببووم. کاتێ کە لە ڕووباری ڤۆڵگاوە بەرەو باشوور دەچووین منیش گەنجییەتی ساڵانی یەکەمم، کە هاتمە خزمەتکردنی کاترینی دووهەم لە دەست دابوو.

«چالیا» کە بووە دۆستی خانمەکەم، جوانتر بوو، کاتێ کە ئونیفۆرمی عەسکەری

زەرکەفتی ژەنەراڵی دەپۆشی، خانمەکانی دەربار بەجۆرێ کەمەنکێشی دەبوون، نەیاندەتوانی دەسبەرداری بن، دەیانویست بەهەرجۆرێ بووە بیکەنە ئاشنای خۆیان.

چالیا بەهۆی کەم تەجرەبەیی خۆی و ئیغوای خانمەکانی دەربار، من بەبێ گوناهم دەزانی ، ویژدانم ڕێی نەدەدام خیانەتەکانی بگەیێنمە خانمەکەم بەڵام ڕۆژێ خانمەکەم شوێنەوارێکی بەسەر بازووی «چالیا»وە بینی، ئەوەی دەردەخست کە «چاچا» خیانەتی لێ کردووە.

کاترینی دووەم بانگی کردم، ئەو شوێنەوارەی بەسەر بازووی «چالیا»وە بوو نیشانی دام و گوتی: فریدا، سەیرکە، «چاچا» خیانەتم لێ دەکات و لەگەڵ ژنانی دیدا ڕادەبوێرێ، دیارە منی خۆش ناوێت!

«چاچا» نەیدەتوانی بەرگری لە خۆی بکات، نەیتوانی ئینکاری ئەو دەلیلە بکات کە خانمەکەم تەواوێ لەو دەلیلە دڵنیابوو.

«چاچا» چاری نەبوو، جگە لە پەشیمانی و داوای بەخشین نەبێ، بۆ ئەوەی کە خانمەکەم تەسەوڕ نەکات، کە بەحەز و ئیرادەی خۆی لەگەڵ ژنانی دیدا ڕادەبوێرێ، وای دەرخست کە کەمینیان بۆ داناوە، کە خۆی بینی کەوتووەتە نێو داوەوە، نەیتوانیوە خۆی ڕزگار بکات.

کاترینی دووەم گوتی: کام یەک لە ژنان کەمینی بۆ دانابووی؟

چالیا، ناوی یەکێ لە ژنە بەرجەستەکانی دەرباری هێنا...

ئەو ژنە تا ئێستا زیندووە، من لەم یاداشتانەمەدا ناوی ناهێنم، تەنها بەپیتی (گ) ناوی دەبەم، پێمولیە، ئەو ژنە بە مەبەستەوە ئەمەی کردووە تا چالیا لەبەرچاوی هەمووان بخات تەنها بۆ خۆی گلیداتەوە چونکە ئەو ژنە هۆشیارتر بوو لەوەی کە زانی، ئەو نیشانەیەی لەسەر جەستەی چالیادا جێی دەهێڵێ، بەرچاوی مەلیکە نەکەوێ و نەبێتە مایەی تووڕەبوونی کاترینی دووەم، بەڵام خانمەکەم لەو مەسئەلانەی پەیوەست بەعەشق بوون، سەختگیر نەبوو، بەپێچەوانەی هەندێ لە ژنە مەلیکەکانی ئەوروپا . ڕەقیبەکانی خۆی لەنێو نەدەبرد.

بیستبووم کە ئەلیزابێتی مەلیکەی ئینگلستان، کە دەیبیست عاشقەکەی لەگەڵ ژنی دیدا ڕادەبوێرێ، عاشقەکەی خۆی و ئەو ژنەی دەکوشت، بەڵام خانمەکەم، پاش





ئەوەی ئیعترافەکەی چالیای بیست، تەنها بەوە ئیکتفای کرد خانم (گ)ی لە دەربار دوورخستەوە، پاش ماوەیێکی دی ئەو خانمەی گەڕاندەوە بۆ دەربار.

ئەو ڕۆژە، پاش ئەوەی چالیا لە ژوورەکەی مەلیکە هاتەدەرێ، هاتە لای من بەتوندی پەشیمانی خۆی دەردەبڕی، منیش نەسیحەتیم کرد و گوتم: چیدی لەگەڵ خانمەکانی دەرباردا ڕامەبوێرە، ئەگەر ناچاریش بوویت موعاشەڕەت بکەی، پێیان بڵێ کارێ نەکەن بکەوێتە بەرچاوی مەلیکە.

دەمزانی چالیا هەندێ جار مەجبوور دەبێ لەگەڵ خانمەکانی دەرباردا ڕابوێرێ تەمەنی ئەو و خانمەکەم، گەلێ لێک دووربوون، ئەگەرچی خانمەکەم بەهۆی پیرییەوە، وەک شکست خواردوو نەدەکەوتە ڕوو، موحیبەت و نەوازشەکانی قەرەبووی تەمەنی دەکردەوە، بەڕاستی دۆستەکانی کاترینی دووەم خۆشیاندەویست، بەڵام خواستی سروشت ئەوەیە گەنجێکی حەڤدە هەژدە ساڵە لەگەڵ ژنێکی هاوتەمەنی خۆی بێت، ئەم هاوتەمەنەی خۆی پێ باشترە لە ژنێکی پیر، هیچ قانونێکیش ناتوانێ خواستی سروشتی لەنێو ببات.

چالیا، خەڵکی فەنلاند بوو، کە ویلایەتێکە لە باکوری ڕوسیا، پاش ئەوەی لە باشووری ڕوسیا گەڕاینەوە، گەیشتینە پایتەخت، ببووە زستان چالیا پێشنیازی کرد، بۆ ڕاوە ورچ بچنە ولایەتەکەی.

لە پایتەختی ڕوسیاوە بۆ فەنلەند، سواری سورتمە بووین، بەسەر بەفرا ڕایاندەکێشاین، بۆ یەکەم جار ورچە گەورەکانی فەنلەندام بینی.

سێ ورچی گەورەیان بینی، چالیا بۆ ئەوەی لەبەر چاوی مەلیکەدا، هونەرکارییەکانی خۆی بخاتەڕوو، بڕیاری دا خۆی یەکێ لە ورچەکان بکوژێ. لەو ویلایەتەدا، بەشمشێر و نیزە و تفەنگ ورچ ناکوژن. بەڵکو بەتێڵاوە دەچنە بەرانبەری ورچەکە و دەیکوژن، تا سوود لە پێستەکەی وەرگرن و ئەگەر بەشمشێر و تفەنگ و نیزە، ورچەکە بکوژن، ئەوا پێستەکەی کون دەبێ و دەدڕێ و قیمەتەکەی لە دەست دەدات، بۆیە بە تێڵا دەیکوژن تا پێستەکە کون نەبێ و نەدڕێ...

چالیا بەتێڵاوە چووە سەر یەکێ لەو سێ ورچە، ورچەکە بەپێوە وەستابوو، بەرزییەکەی دوو گەز دەبوو، بەیەکەم تێڵای چالیا ورچەکە لە پێ نەکەوت و ئەو

گەنجەی خستە سەر بەفرەکە و، بەنینۆکە درێژەکانی سک و سینگی دڕی. ڕاوچییەکان کە بینییان گیانی مەجبوبەکەی مەلیکە لە خەتەردایە، چوونە هانایەوە، بەشمشێر و نیزە، ورچەکەیان کوشت، بەڵام چالیا بە سەختی بریندار ببوو، بەپاڵتۆ پێچایانەوە خستیانە نێو سورتمەکەی مەلیکە، ڕێی پایتەختمان گرتەبەر...

مەلیکە، پزیشکی دەربار و چەند پزیشکێکی جەراحی پایتەختی ڕاسپارد مەحبووبەکەی چارەسەر بکەن، بەڵام تایەکەی هەند توند بوو، بۆ ساتێکیش بەری نەدەدا، پاش پانزە ڕۆژ، ئەو گەنجە مرد، لە کاتی گیانەڵادا، کاترینی دووهەم لەسەر سەری بوو، ئەگەرچی ئەو گەنجە جگە لە پێست و ئێسقان هیچی دیی پێوە نەمابوو، کە گیانی سپارد، مەلیکە ماچی کرد، بەدەستەکانی خۆی چاوی مەحبووبەکەی لە یەک نا و پۆشاکی پرسەی پۆشی. وەفاداری خانمەکەم، لە لای مندا، جێی ستایش بوو، چونکە ئەم هەستی وەفادارییە، لە لایەن کەسێکی وەک کاترینی دووهەم بۆ کوڕێکی گەنجی هەژدە ساڵە، شایستەی ستایشە.

# کودەتاکەی وەلیعەهدی ڕوسیا
# دژ بە کاترینی دووەم

ئەگەر بمەوێ دەربارەی یەک بەیەکی دۆستەکانی خانمەکەم بنووسم، ئەوا ئەم یاداشتەی من دەبێتە کتێبێکی گەورە و ئەستوور، تەنیا دەربارەی دوا مەحبووبی کاترینی دووەم دەنووسم و کۆتایی بەم یاداشتانە دەهێنم.

دواهەمین مەحبوبی مەلیکەی ڕوسیا، گەنجێکی حەڤدە ساڵە بوو، لە (قازان)دا خانمەکەم ئەو گەنجەی بینی و بووە جێی سەرنجی، ئەو گەنجەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ سان بترزبۆرگ.

لە بازاڕی (قازان)دا شاگردی سەوزە فرۆش بوو، هەر کە بووە جێی سەرنجی خانمەکەم پەروەردە کردنەکەی بەمن سپێردرا.

ئەو ڕۆژەی کە (پاڤلۆڤیچ)یان پێ سپاردم، هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو، ئەو کوڕە نیوە وەحشییە، بەم شێوەیە خانمەکەمی خۆش بوێت، پاش مردنی مەلیکەی ڕوسیا، نەتوانێ بەردەوامی بەژیانی خۆی بدات.

ڕەنگە بتوانم ئەوە بڵێم، سەرسوڕهێنەرترین یادەوەرییەکانم، لەو ماوە دوور و درێژەی لە دەرباری ڕوسیادا خزمەتم دەکرد و لە یادم مابێ ئەم بیرەوەرییەیە، پاڤلۆڤیچ-ی نیوە وەحشی لە ژێر دەستی مندا پەروەردە کرا، چووە نێو ژیانی خانمەکەم، ئەو دەمە گەنجێکی حەڤدە ساڵان بوو، کە خانمەکەم گیانی سپاردو ئەم گەنجە، تەمەنی نۆزدە ساڵان بوو.

لە ماوەی دوو ساڵدا، جگە لەوەی دایک و باوکی ئەو گەنجە، گەلێ سوودیان لە مەلیکەی ڕوسیا بینی، خودی ئەم گەنجەش چەندین موڵکی دەسکەوت، بووە خاوەنی سی و پێنج هەزار ڕەعیەت، ئەو ڕۆژەی کە خانمەکەم مرد، یەک ملیۆن ڕۆبڵی نەقدی هەبوو، ئەو کاتە گەنجێکی ئاوهای دەوڵەمەند، لە هەڕەتی گەنجییەتیدا، لەبەر غەم گیانی سپارد چونکە نەیدەتوانی بەبێ خانمەکەم بەردەوامی بەژیانی بدات.

تەلەسمی موحیبەتی کاترینی دووەم (خانمەکەم لە تەمەنی شەست و چوار ساڵیدا عاشقی ئەم گەنجە بوو) بەجۆرێ کاری لێ کردبوو، بەبێ کاترین مەحاڵ بوو بژێت،





ئەگەر بەچاوی خۆم نەمدیبا، خانمەکەم ئەو جۆرە موحیبەتەی لە دڵی ئەو گەنجەدا چاندبوو باوەڕم نەدەکرد، ژنێکی شەست و چوار ساڵە بتوانێت، بەخۆشەویستی خۆی ئەو گەنجە کۆتکات.

لە ساڵی ١٧٩٥دا، ئازاری گەدە، خانمەکەمی ناڕەحەت کردبوو، تا ئەو کاتە چ ئازارێ لە گەدەی مەلیکەی ڕوسیادا نەدەبینرا، جگە لەوەی چەند جارێ لە وەرزی زستانی ڕوسیادا سەرمای ببوو، وەک پێویستیش خۆی دانەپۆشیبوو، لەمە بەولاوە چ نەخۆشییەکم پێوە نەبینیبوو.

پزیشکەکانی ڕوسیا و دوو پزیشکی بەرجەستەی فەڕەنسی و نەمساوی هاتبوون بۆ ڕوسیا، دەستنیشانی نەخۆشی گەدەیان کردبوو، گوتبوویان دەبێ ئەم نەخۆشییە بەری لێ بگیرێ، جەختیان لەسەر ئەمە کردبوو کە خانمەکەم هەندێ خۆراک نەخوات و هەندێ خواردنەوەش نەنۆشێ، بەڵام خانمەکەم پارێزی نەدەکرد ئەویش نەک لەبەر ئەوەی زۆر خۆر و چڵێس بووبێ، بەڵکو پارێز لە لای ئەودا جۆرێ بوو لە کۆیلایەتی، وای دەزانی بۆ مەلیکەیەکی بە عەزەمەت و خاوەن دەسەڵاتی وەکو ئەو، هەر جۆرە سنوورێکی بۆ دابنرێت لە شان و شەوکەتی کەم دەکاتەوە.

لە سەرەتادا ئازارەکانی گەدەی مەلیکەی ڕوسیا کورت بوو، زوو چاک دەبووەوە، بەڵام پاشان، لەبەر ئەوەی پارێزی نەدەکرد، یا ڕەوتە ئاساییەکەی نەخۆشییەکە ئازارەکانی درێژەی دەکێشا و بۆ ماوەیەکی کەمیش نەدەما، لەگەڵ ئەمەشدا تا ساڵی ١٧٩٦، کە دوا ساڵی تەمەنی خانمەکەم بوو، ئازارەکەی هەند زۆر بوو تەحەمولی نەدەکرد. پاڤلۆڤیچ لەو ڕۆژانەی کە خانمەکەم نەخۆش بوو، جێی نەدەهێشت، لە شوێنە تایبەتییەکاندا، هەر بەناوی (دایکی بچووک-ەوە) بانگی دەکرد.

وێنەکانی خانمەکەم کە ئێستاش ماون، ئەوە دەردەخات کە کاترینی دووەم تا دوا ڕۆژی ژیانی ژنێکی دڵپەسەند بوو، ئەڵبەتە لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا، جوانی و شکۆی تەمەنی گەنجیی نەمابوو، بەڵام بەو شێوەیەی لێ نەهاتبوو مرۆ، قێزی لێ بکاتەوە، چاوەکانی وەک سەردەمی گەنجی هەمیشە درەوشاوە بوو بزە لەسەر لێوانی لانەدەچوو، لە دواساڵەکانی تەمەنیا، وەک سەردەمی گەنجیی لەززەتی لە ئاوازەکانی مۆسیقا وەردەگرت.

دەڵێن، کە ئینسان چووە نێو تەمەنەوە، قرچۆک دەبێت، چونکە هەر چەندێ گەنجییەتی لە دەست بدات زیاتر قەدری پارە دەزانێ بەڵام خانمەکەی من بەپێچەوانەوە بوو، هەر چەندە پیرتر دەبوو، کەریمتر و سەخیتر دەبوو، تا دوا ڕۆژی تەمەنی، دەیتوانی پێشوازی هونەردمەندان و ڕۆشنبیران بکات، قەت پشتگوێی نەدەخستن، بەتایبەتی ڕۆشنبیر و هونەرمەندە فەڕەنسییەکان کە لە لای خانمەکەمدا ڕێزی تایبەتییان هەبوو، هەرگیز نەمبینیوە، نووسەرێ، یا شاعیرێ، یا هونەرمەندێکی فەڕەنسی، خانمەکەم ببینێ و دیارییەکی شاهانەی بەر نەکەوتبێ.

تا شۆڕشی فەڕەنسا بەرپا نەبوو، هەموو ساڵێ خانمەکەم دەعوەتنامەی بۆ نووسەران و هونەرمەندان و ژەنیارانی فەڕەنسی دەنارد، تا سەردانی ڕوسیا بکەن و بۆ ماوەیەکیش لێرەدا بمێننەوە.

خانمەکەم بەپاڤلۆڤیچ-ی گوتبوو، تۆ بەجێ ناهێڵم، بەرامبەر بەم وەعدەی خۆی وەفادار بوو، هەستم کرد خانمەکەم شتێکی لەو گەنجەدا بەدی کردووە، ئەو شتە لەو گەنجانەدا نەبووە کە ژیانی لەگەڵ گوزەراندوون.

پاڤلۆڤیچ لەبەر سادەیی لەبەر دەستی مندا پەروەردە کرابوو، لە سەرەتادا بەرامبەر بەکاترینی دووەم بەرگری دەکرد، بەڵام پاش ئەوەی دەسبەرداری بەرگری بوو ئیدی لە ناخی دڵەوە مەلیکەی دەویست، لەبەر ئەوەی بە سادەیی و بەبێ شەرم هەستەکانی خۆی دەردەبڕی بۆیە مەلیکە گەلێ خۆشیدەویست.

ئەم گەنجە ئەوەندە سادە بوو، کە دۆستەکەی دیی مەلیکەی دەبینی غیرەیی لێ نەدەکرد، گەنجییەتی و بێ تەجرەبەییەکەی، ڕێی ئەوەیان لێ گرتبوو بیر لەوە بکاتەوە گەنجێکی دیی ببێتە دۆستی مەلیکە، ئەوا ئەم لەبەر چاوی کاترینی دووەم دەکەوێ و یەکێکی دیی جێیەکەی دەگرێتەوە.

ئەو دوو کەسە، بۆ ماوەیەکی کورت دۆستی مەلیکە بوون، هەردووکیان من تەعلیمم دان و پەروەردەم کردن، ئەم دووە خودی مەلیکە، هەڵیبژاردبوون، پێشبینی ئەوەم دەکرد، کە خانم ئەو دۆستە تازەیەی گرتووە بەتەواوی پاڤلۆڤیچ-ی لەبەر چاو دەکەوێ، چونکە کاترینی دووەم عادەتی بوو، هەر کە دۆستێکی تازەی هەڵدەبژارد، دۆستە کۆنەکەی لەبەر چاو دەکەوت و لە دەرباریش دووری دەخستەوە، بەڵام ئەم





جارەیان وانەبوو خانمەکەم پاڤلۆڤیچ-ی پاراست.

لەمە بەولاوە ئیدی چ گەنجێکی دیی نەبووە دۆستی مەلیکە، پاڤلۆڤیچ دۆست و هاودەمی بوو، تا دوا ڕۆژی ژیانی خانمەکەم هەر لە تەنیشتی دابوو.

لە دوا ساڵی تەمەنی خانمەکەمدا، ئازاری گەدەی زیادی کرد، بۆ ئەوەی ئەو ئازارە لە نێو ببەن، دەبا هەموو ڕۆژێ دوو جار بەئاوی گەرم گەدەی خانمەکەم بشۆن.

لەبەر ئەوەی من مەحرەمترین کەسی مەلیکە بووم، ئەو کارەم دەکرد، بەڵام پاڤلۆڤیچ لەسەر داخوازی خۆی جێی منی گرتەوە، وەک پەرستارێکی میهرەبان ئەو کارەی بۆ مەلیکە دەکرد.

خانمەکەم، لەبەر ئەوەی لە لایەن گەنجێکی خۆشەویستی خۆیەوە پەرستاری دەکرا نارەحەت نەبوو، پاش هەموو شۆردن و لە نێوچوونی ئازارەکە، موحیبەتی بۆ ئەو گەنجە دەردەبڕی. بەر لە پاڤلۆڤیچ گەنجانی دیی ببوونە دۆستی مەلیکە هەندێکیان لەبەر گەنجیی، سەرەڕۆییان دەکرد و مەلیکەیان جێدەهێشت، لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیاندا بۆ شکار دەچوون، بەڵام پاڤلۆڤیچ کە دەیبینی مەلیکە نەخۆشە، بەهیچ جۆرێک جێی نەدەهێشت، شەو و ڕۆژ لە قەسری سەڵتەنەتیدا بوو، تا بتوانێ ئاگای لە وەزع و حاڵی مەلیکە بێت.

خانمەکانی دەربار لە پاڤلۆڤیچ-یان دەپرسی، چ کاتێ ژن دێنێ، ئەو گەنجە دەیگوت هیچ کاتێ، چونکە ئەوەندە مەلیکەم خۆشدەوێ، ناتوانم لەگەڵ چ ژنێکی دیدا ژیان بەسەر بەرم.

کە پاڤلۆڤیچ بووە عاشقی ڕەسمی مەلیکەی ڕوسیا، دوو کەسی دیش لە ڕێی منەوە بوونە دۆستی مەلیکە، بەڵام من ئەوانەم هەڵنەبژاردبوو، چونکە چەند ساڵێک لەمەوبەر مەلیکە خۆی دۆستەکانی بۆ خۆی هەڵدەبژارد، من تەنیا ئەوانەم پەروەردە دەکرد، تا شایستەی دۆستایەتی مەلیکە بن.

لە ساڵی ١٧٩٤دا مەلیکەی ڕوسیا لە مۆسکۆ بوو، لە مۆسکۆدا گەڕەکێک هەبوو بەناوی گەڕەکی فەڕەنسییەکان، چونکە هەموو دانیشتوانی ئەو گەڕەکە فەڕەنسی بوون. ئەم گەڕەکە لە سەردەمی سەڵتەنەتی کاترینی دووەمدا دروست کرا، خانمەکەم فەڕەنسییەکانی خۆش دەویست، هانیانی دەدا بێن بۆ ڕوسیا و لەم وڵاتەدا نیشتەجێ

بن، ئەم گەڕەکە ئێستاش لە مۆسکۆدا ماوە، تەنانەت بەرینتریش بووە، چونکە جێنشینانی کاترینی دووەم وەک کاترین فەڕەنسییەکانیان خۆش دەویست.

لە گەڕەکی فەڕەنسییەکانی مۆسکۆ، سێ کتێبخانە هەبوو، هەر کاتێ کاترینی دووەم بچووبا بۆ مۆسکۆ، بە پۆشاکی ئاساییەوە سەردانی ئەو سێ کتێبخانەی دەکرد، چونکە زمانی فەڕەنسی دەزانی حەزی لە کتێبی فەڕەنسیش بوو.

لە هاوینی ساڵی ١٧٩٤دا خانمەکەم بەپۆشاکی ئاساییەوە چووە گەڕەکی فەڕەنسییەکان هەر کاتێ خانمەکەم بەم شێوەیە دەچووە دەرێ، هەندێ پۆلیسی خەفیە حیمایەیان دەکرد، بەڵام حیمایەکە بەجۆرێ بوو، خەڵکەکە نەیاندەتوانی مەلیکە بناسنەوە. چووە کتێبخانەیەکەوە سەیری کتێبە فەڕەنسییەکانی کرد.

شاگردی کتێبخانەکە گەنجێکی هەژدە ساڵ بوو، کە بینی خانمەکەم کتێبە گەورەکان بەزەحمەت لە ڕەفەکە دەردەهێنێ، لە مەلیکە نزیک بووەوە بەبێ ئەوەی بیناسێ بەئەدەب و ئیحترامەوە یارمەتیی دا.

خانمەکەم لە لەهجەی ئەو کەسە و ئەدەب و نەزاکەتەکەی زانی کە فەڕەنسییە چونکە هەموو فەڕەنسییەکان خاوەنی ئەدەب و نەزاکەت بوون، جگە لە ئەدەب و ئینسانییەتەکەی، ئەو گەنجە جوان بوو، جوانییەکەی کاری لە مەلیکەی ڕوسیا کرد.

خانمەکەم زمانی فەڕەنسی بەچاکی دەزانی، لەگەڵ ئەو گەنجەدا قسەی کرد، ویستی بزانێ خاوەن دوکانە یا شاگرد. گەنجە فەڕەنسییەکە بەناوی (میشیل بۆفور) خۆی بەخانمەکەم ناساند و گوتی، من شاگردم.

کاترینی دووەم، پاش ئەوەی پارەی کتێبەکانی دا. داوای لە (میشیل بۆفۆر) کرد عەسری ئەو ڕۆژە کتێبەکان بیات بۆ ماڵەکەی.

ئەو ئەدرەسەی مەلیکە دایە ئەو گەنجە قەسری کرملین بوو، یانی قەسرە گەورە و ناسراوەکەی مۆسکۆ، کە مەلیکە لەوێدا نیشتەجێ بوو.

(میشیل بۆفور) بەبیستنی ناوی کرملین سەرسام نەبوو، چونکە هەندێ جار خانمان و دەرباری مەلیکەی ڕوسیا، لەو قەسرەدا دەژیان و لەو کتێبخانەیەش کتێبیان دەکڕی.

عەسری ئەو ڕۆژە میشیل بەستەیەک کتێبی لە بن دەستدا بوو، لە قەسری





کرملیندا هاتە ماڵەکەی من، سەیرم کرد گەنجێکە هێشتا تەمەنی نەگەیشتووەتە هەژدە ساڵ، ڕەنگی چاو و مووەکانی خورمایی بوون.

مووە خورماییە لوولەکانی، هاتبووە سەر نێوچەوانە سپییەکەی، جوانتر خستبوویە ڕوو.

مەلیکەی ڕوسیا، پاش ئەوەی لە کتێبخانەکە گەڕایەوە، تێیگەیاندم کە حەزی لەو کوڕە فەڕەنسییە کردووە، ئەمری پێ کردم تەربیەتی بدەم و ئاگاشم لە پاڤلۆڤیچ بێت، کە میشیل-ی بینی غیرە نەکات.

میشیل هاتە ژوورێ بەستە کتێبەکانم لێ وەرگرت و لەسەر مێزەکە دامنا، لەبەر ئەوەی هاوین هەوا گەرم بوو، داوام لێ کرد دانیشێ پەرداغێ شەربەتی سارد بخواتەوە.

میشیل، بەزمانی فەڕەنسی گوتی: خانم تکا دەکەم ئیجازە بفەرموون مەرەخەسم کەن، چونکە لە دوکانی کتێبفرۆشییەکەدا چاوەڕوانم دەکەن.

کە ئەو گەنجە قسەی کرد، چاوم بڕیبووە دەمی، دەمی ئەوەندە بچووک و جوان بوو، سەرسام بووم چۆن لەو دەمە بچووکەوە دەنگ دێتە دەرێ. پێمگوت: لە دوکانی کتێبفرۆشییەکەدا کەی دەست لە کار هەڵدەگرن؟

گوتی: سەعات هەشت.

گوتم: پاش ئەوەی دەست لە کار هەڵدەگری بۆ کوێ دەچیت و چ دەکەی؟

ئەم گەنجە، لەم پرسیارەم. هەندێ سەرسام بوو، پاشان بە تەوازوعەوە گوتی: دەچمەوە بۆ لای دایکم. یانی دەچمەوە بۆ ماڵی خۆمان.

گوتم: لە هەموو سەعاتەکانی ڕۆژدا لەم کتێبفرۆشییە کاردەکەی؟

گوتی: بەڵێ.

گوتم: خاوەن کتێبخانەکە، چەنێ پارەت دەداتێ؟

دیار بوو میشیل لەم پرسیارانەی من بێ تاقەت بوو، گوتی: خانم مانگی پێنج ڕۆبڵ وەردەگرم.

گوتم: ئەگەر موافەقەت بکەیت، ببی بە مامۆستای زمانی فەڕەنسیم و ئەو زمانەم

فێرکەیت، دە بەرامبەری ئەو برە پارەیەت دەدەمێ، بەبێ ئەوەی مەجبوریش بیت هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارێ کار بکەیت.

میشیل چاوە ڕەنگ خورماییە سافەکەی بڕییە چاوەکانم و گوتی: خانم بەجددی ئەم قسەیە دەکەیت؟

گوتم: دڵنیابە بەجددی قسە دەکەم، ئامادەم مووچەی سێ مانگی پێشەکیت بدەمێ.

گوتی: بەڵام تۆ زمانی فەڕەنسی دەزانیت، پێویستیت بە وانەکانی ئەم زمانە نییە.

گوتم: وەک دەبیستیت لەهجەکەم وەک لەهجەی ڕووسی وایە، ناتوانم بەلەهجەی فەڕەنسی قسان بکەم، دەشزانی لە مۆسکۆدا مامۆستای زمانی فەڕەنسی زۆرن، بەڵان من حەزدەکەم تۆ دەرسم پێ بدەی، چونکە یەکەم فەڕەنسیت، دووەم گەنجێکی نەجیبیت، ئێستا پێم بڵێ ڕازیت سبەینێ بێیت بۆ ئێرە و ببیتە مامۆستای من.

گوتی: خانم ڕوخسەتم بدە، ئەم شەو لەم ڕووەوە لەگەڵ دایکمدا قسە دەکەم.

گوتم: بەدایکت بڵێ مووچەی مانگێکی مامۆستاییت، تەقریبەن یەکسانە بە مووچەی ساڵێکی کتێبفرۆشیت، مووچەی سێ مانگی پێشەکیت دەدەمێ، پاش ئەو سێ مانگە. ئەگەر لە نەجابەت و ئەخلاقت ڕازی بم ئەوا مووچەکەت دەکەمە دوو بەرامبەر، چونکە نەجابەت و ئەخلاق لە لای من گرینگترە!

گوتی: خانم چ کاتێ دەتوانم وەڵامەکەی دایکم بگەیەنمە ئێوە.

گوتم: سبەینێ چاوەڕێت دەکەم، بەیانییەکەی وەرە بۆ ئێرە، ئومێدەوارم دایکت قایل بێت.

میشیل، بەرامبەرم سەری دانەواند و گوتی: بە کەمالی شانازییەوە سبەینێ شەرەفیاب دەبم، وەڵامی دایکمت پێدەگەیەنم.

کە مەلیکەی ڕوسیا، تەربیەتدانی میشیلی بەمن سپاردبوو، ڕازی و کەیفخۆش بووم، چونکە میشیلی فەڕەنسی، لەگەڵ لادێییەکی ڕووسی وەک پاڤلۆڤیچ فەرقی هەبوو، ئەدەب و تەوازوعەکەی، ئەوەی نیشان دەدا، قابیل بەوەیە تەربیەت بدرێ.

خانمەکەم هەندێ جار، دۆستەکانی خۆی، لە میللەتانی دیی غەیرە ڕووسی هەڵدەبژارد.





ڕۆژی پاشتر، میشیل هات و گوتی: دایکم موافەقەتی کرد، ببمە مامۆستای ئێوە، بەڵام دەبێ چەند ڕۆژێ فرسەتم بدەیتێ تا کتێبفرۆشەکە، شاگردێکی دی پەیداکات.

گوتم: کاری کتێبفرۆشی وەک فەرماندەی مەیدانی جەنگ ئەهمیەتی نییە، کە دەبێ دەسبەجێ فەرماندەیەک دامەزرێنێ، خاوەن کتێبخانەکە دەتوانێ هەموو کاتێ شاگردێکی نوێ پەیداکات.

ئەوجا سەد و پەنجا ڕۆبڵ مووچەی سێ مانگم دایێ و گوتم: هەر لەم ڕۆوە دەست بەدەرس گوتنەوەی خۆت بکە، بەدایکت بڵێ، بچێتە لای کتێبفرۆشەکە و پێی بڵێت، ئیدی تۆ لەو دوکانەدا کار ناکەیت.

میشیل گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی تا بەدایکی بڵێت، بچێت بۆ لای کتێبفرۆشەکە پێی بڵێت ئیدی لەو دوکانەدا کار ناکات.

کە ئەو گەنجە گەڕابووەوە ماڵێ دیاربوو، ئەو پارەیەی لە منی وەرگرتبوو دابوویە دایکی.

میشیل بەسادەییەوە لێی پرسیم: ئێستا لە کوێوە دەست بەدەرسەکان بکەین؟

دەمزانی دەبێ متمانەی ئەو گەنجە سادەیە، بەلای خۆمدا ڕاکێشم، ڕیتمی ڕەسمیم نایە لاوە گوتم: میشیلی ئازیز، جگە لەم پۆشاکەی لە بەرتدایە پۆشاکی دیت هەیە یا نەء؟

گوتی: چەند دەست پۆشاکم هەیە، هەموویان لەمە کۆنترن بەڵام ئەم پرسیارەم بۆ لێ دەکەیت؟

گوتم: لەبەر ئەوەی تۆ تا ئەمڕۆ شاگردی کتێبفرۆشێ بوویت، بەڵام لەمڕۆ بەدواوە مامۆستای زمانی فەڕەنسی منیت، ئێرەش قەسری کرملینە، دەبێ پۆشاکی چاک لەبەرکەیت، هەر ئەمڕۆ فەرمان دەدەم پۆشاکت بۆ بدوورن.

پاش نیو سەعات، خەیاتی دەربار هات و ئەندازەی میشیل-ی گرت و پێمگوت چەند دەست پۆشاکێ لە قوماشی جۆراوجۆر بۆ مامۆستاکەم بدوورن خەیاتەکە گوتی: ئەمر دەفەرموون سبەینێ یەکەم قاتی بۆ دەهێنم، کاتێ لە ژوورەکە چووە دەرێ، سەرنجێکی ماناداری تێ گرتم، یانی من دەزانم ئەم گەنجە مامۆستای زمانی فەڕەنسی تۆ نییە!

میشیل، هێشتا منداڵ و لە ژیاندا، بێ تەجرەبە بوو، سەرسام نەبوو، بۆچی خەیاتم ڕاسپاردووە پۆشاکی بۆ بدوورن. دیسانەوە لێی پرسیم: کەی دەست بەخوێندن بکەین.

پێمگوت: سبەینێ!

ئەو گەنجە بۆ فراڤین خواردن گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و عەسر گەڕایەوە، دەمزانی دەبێ ڕایهێنم دەبێ شەوان لە کرملیندا بخەوێ، بەڵام شەوی یەکەم پێم نەگوت، شەوێ لە قەسردا بمێنێتەوە، چونکە دەمزانی نیگەران دەبێت، ئەوە بوو بەر لە خۆر ئاوابوون مەرەخەسم کرد، پێمگوت: سبەینێ وەرە پۆشاکە نوێیەکەت لەبەرکە، بەدایکیشت بڵێ گەر شەوان درەنگ چوویتەوە نیگەران نەبێت.

بڕیارم دابوو، ڕۆژی پاشتر دەست بەفێرکردنی ئەو گەنجە بکەم، دەشبا وریابم، چونکە فێرکردنی گەنجێکی هۆشیار و حەساس و تەربیەت دراوی وەک میشیل، جیاوازە لەگەڵ لادێییەکی پەروەردە نەکراوی وەک پاڤلۆڤیچ.

پاڤلۆڤیچ، لادێییەک بوو بۆ خۆی، هەر چییەکی پێ گوترابا بێ چەن و چۆن قبوڵی دەکرد، ئەگەر توانیبای جێبەجێی دەکرد، بەڵام لە هەندێ شتدا، لەبەر ئەوەی نیەتی پاک بوو، دەیویست فەرمانەکانم جێبەجێ بکات، کەچی لە حەقی نەدەهات، چونکە لێهاتوو نەبوو، بەڵام میشیل لە هەموو شتێ تێدەگەیشت، ئەگەر وریا نەبام ئەوا مومکین بوو بترسێ و ڕابکات.

سبەی کە میشیل هات دەستم بەتەحقیق کرد و پرسیم: میشیلی ئازیز ئەو ژنەی هاتە کتێبخانەکەوە و کتێبی لێ کڕیت، ژنێکی چاک بوو یا نەء؟

گوتی: بەڵێ خانم، بۆم دەرکەوت ژنێکی پایە بەرزە.

گوتم: خانمەکەی من پیرترە یا دایکی تۆ؟

گوتی: ئەو خانمە گەلێ لە دایکم پیرترە!

گوتم: تەمەنی دایکت چەندە؟

گوتی: سی و چوار ساڵ.

مەلیکە لەو دەمەدا، تەمەنی شەست و چوار ساڵ بوو، تەقریبەن دوو بەرامبەری





تەمەنی دایکی میشیل بوو، دەبا بەشێوەیەک ئەو گەنجە ڕامکەم، لە کاترینی دووەم نەترسێ.

ڕۆژی پاشتر خەیاتەکە، قاتێکی بۆ میشیل هێنا هەرکە میشیل هات قاتەکەم پێ لەبەر کرد و گوتم، کە گەڕایتەوە، قاتە کۆنەکەت لەگەڵ خۆتا ببەوە بۆ ماڵێ.

ئەوجا، بۆ دەرس خوێندن، لە پشتی مێزەکە دانیشتم. کتێبێکم بەرامبەر بەمیشیل ڕاگرت و پێمگوت، میشیلی ئازیز، من زمانی فەرەنسی دەزانم، بەڵام لەهجەکەم باش نییە، تۆ دەبێ زمانی فەرەنسیم بەلەهجەی فەرەنسی فێرکەیت، بۆیە بەرنامەکەمان ئاوها دەبێت، تۆ کتێب دەخوێنی و من گوێت لێ دەگرم، تا بتوانم لەهجەکان بەوشەی فەرەنسی بڵێمەوە.

کاتێ میشیل بەلەهجەی شیرینی فەرەنسی کتێبی دەخوێندەوە، من لە جیاتی ئەوەی گوێ بگرم، سەیری دەمە چکۆڵەکەیم دەکرد، دەمە چکۆڵە و جوانەکە بەربەست بوو، نەیدەهێشت هەستەکانم کۆبکەمەوە و گوێم لە دەنگی بێت.

خەریکی دەرس خوێندن بووین، مەلیکە هاتە ژوورێ، دەمزانی مەلیکە بۆ ئەوە هاتووەتە ماڵەکەم تا میشیل ببینێت.

میشیل، کە مەلیکەی بینی ناسییەوە کە هەمان ئەو خانمەیە کە هاتبووە کتێبفرۆشییەکە ، کتێبی کڕیبوو، بەڵام نەیزانی کە مەلیکەی ڕوسیایە. مەلیکە ڕایسپاردبووم، هەر کە هاتە ژوورێ بیناسێنم.

میشیل کە زانی مەلیکەیە، لە جێی هەڵسا و سەری دانەواندەوە. مەلیکە دەستی بۆ میشیل درێژ کرد، ئەو گەنجە فەرەنسییە بە نەزاکەتی ئەسیلزادەیەکی تەواو عەیار دەستی مەلیکەی ماچ کرد.

هەستم کرد، ئەدەب و نەزاکەتی ئەو گەنجە کارێکی چاکی لە مەلیکە کرد، بەرەو لای خۆی ڕایکێشا، نەوازشی گۆناکانی کرد.

کاتێ کە کاترینی دووەم خەریکی نەوازشی گۆناکانی بوو، من سەیری میشیلم دەکرد، تا بزانم نارەحەتی دەردەبڕێ یا نەء... میشیل بێزاری نەنواند، مەعلوم بوو ئەم کارەی مەلیکەی پێ ناخۆش نەبوو، گەنجێکی هۆشیار بوو دەیزانی نابێ ئەم خانمە لە خۆی بڕەنجێنێ.

کاترینی دووەم، هەندێ لەگەڵ من و میشیل دا قسەی کرد، لە دەرسەکانی ئێمەی دەپرسی، کاتێ کاترینی دووەم لە ژوورەکە چووە دەرێ،

میشیل گوتی: ئەم خانمە گەلێ بەموحیبەتە.

گوتم: میشیل لە نەوازشەکانی ڕازی بوویت؟

گوتی: دەکرێ کەسێ موحیبەت ببینێ و ڕازی نەبێت؟

گوتم: خۆشحاڵم ئاوها بەچاکی خۆرسکانە دەتبینم، لە موحیبەتی خەڵکان ڕازی دەبیت، دەتوانی زیاتر موحیبەتی ئەم خانمە بەلای خۆتا ڕاکێشی.

گوتی: بۆ ڕاکێشانی موحیبەتەکەی، دەبێ چ بکەم؟

گوتم: دەبێ خۆشتبوێت!

میشیل گوتی: ئامادەم خۆشیم بوێ.

گوتم: ئایە دەزانی، دەبێ چۆن خۆشتبوێ؟

گوتی: ئەم خانمەم وەکو دایکی خۆم خۆشبوێت.

کەسێ کە ئەم یاداشتانە دەخوێنێتەوە، هەست دەکات چۆن وەڵامی ئەم گەنجە فەرەنسییە ڕامدەچڵەکێنێ، وەک گوتم میشیل حەڤدە، هەژدە ساڵان بوو، تەسەوری دەکرد جگە لە موحیبەتی کوڕ بەرامبەر بەدایک چ موحیبەتێکی دیی لە گۆڕێدا نییە، هەر بۆیە گوتی ئەم خانمەم وەکو دایکی خۆم خۆشدەوێ، بەڵام دەبا من بەشێوەیەک تەربیەتی ئەو گەنجە بدەم، کە مەلیکەی ڕوسیای وەک پیاوێک چۆن ژنێکی خۆشدەوێ، ئاوها خۆشی بوێت.

گوتم: میشیل، تۆ جگە لە دایکت هیچ ژنێکی دیت خۆشویستووە؟

گوتی: نەء.

گوتم: ئایە هەست دەکەیت، جگە لە خۆشەویستی کوڕ و دایک، خۆشەویستییەکی دیی لە نێوان ژنان و پیاواندا هەبێت؟

گوتی: نەء خانم.

گوتم: حەیفە، لە دەمێکی وەک ئەو دەمە جوانەی تۆ، درۆ بێتە دەرێ.

گوتی: نەء... درۆ ناکەم.







گوتم: تەمەن و قەڵافەتت ئەوە نیشان دەدات کە گەیشتبیتە قۆناغی باڵق بوون، چۆن مومکین دەبێ گەنجێکی باڵق نەزانێ لە نێوان ژن و پیاودا خۆشەویستییەک هەیە، غەیری خۆشەویستی کوڕ و دایکە. بەو خۆشەویستییەش دەگوترێ عەشق.

میشیل سوور هەڵگەڕا. سەری داخست ئا لەو کاتەدا دڵم پێی دەسووتا دەمزانی دەبێ ئەو گەنجە بۆ عەشق ڕاهێنم، کەچی تەمەنی هی ئەمە نەبوو، ئەگەر بڕیار وابا، ئەو گەنجە بۆ ئاشنایەتی کچێکی هاو تەمەنی ڕاهێنم، ئەوا بە خۆشحاڵییەوە، ئەم کارەم لە ئەستۆ دەگرت، بەڵام تەعلیمدانی کوڕێکی هەژدە ساڵە بۆ ئەوەی ببێتە عاشقی ژنێکی شەست و چوار ساڵە، کارێکی قورس بوو، نارەحەتی دەکردم، جگە لە مانەش بەرامبەر بە میشیل هەستێکی سەیری دایکایەتیم هەبوو، وەک ئەوە وابوو کوڕە مێرد مناڵەکەی خۆم بکەمە ئاشنای پیرێژنێ... بەڵام من خزمەتکار بووم، چ چارێکم نەبوو، دەبا ئەمر جێبەجێ بکەم، لەبەر ئەوەی نیازی ڕیا کردنم نییە ئەوەی دەیڵێم حەقیقەتە، دەشبێ ئیعتراف بکەم، هەندێ جار مەلیکە ئەو مەئموریەتانەی پێ دەسپاردم، لەززەتم لێ وەردەگرت.

بۆیە گوتم: میشیلی ئازیز، ئامادەی لەگەڵ ئەم خانمەدا بەجۆرێکی دیی پەیوەندی لەگەڵدا دروست بکەی، یانی وەک عاشق ڕەفتاری لەگەڵدا بکەی؟

میشیل، جارێکی دیی سوور هەڵگەڕا و سەری داخست.

نەمدەویست، لەو ڕۆژەدا، ئەو گەنجە زیاتر ئەزیەت بدەم، کۆتاییم بەدەرس و تەعلیمی عەشقدا هێنا.

عەسر، کاترینی دووەم، بانگی کردم گوتی: من ئەو گەنجەم بەدڵ بوو بەڵام شتێکم تیا بینی، جوانییە ئاساییەکەی کەم کردبووەوە.

گوتم: ئەو شتەی بینیتان چییە؟

گوتی: پۆشاکە نوێیەکەیتی، ئەم پۆشاکەی تۆ پێت لەبەر کردووە، جوانییەکەی کەم کردووەتەوە.

گوتم: ئێوە فەرمانتان دامێ پۆشاکەکەی بگۆڕم، من لە خۆمەوە ئەم کارەم نەکردووە.

گوتی: بەڵێ فریدا... ئەم فەرمانەم پێ دایت، بەڵام ئەو کاتە نەمدەزانی میشیل

بەپۆشاکە کۆن و هەرزان قیمەتەکەی، زیاتر خۆشم دەوێ چونکە هەست دەکەم بەسروشتی دەکەوێتە ڕوو، کاتێ ئەو کوڕە پۆشاکی نوێ دەپۆشێ لەبەر چاومدا وەک ساختە دەکەوێتە ڕوو، ڕێک وەکو ئەوە وایە میوەیەک لە درەخت بکەیتەوە، لە نێو دەفری میوە خۆری جەواهیر ڕێژکراودا داینێیت، لەززەتی خواردنی میوە لەوە دایە، ئینسان بەدەستی خۆی لە درەختەکەی بکاتەوە، هەر لە ژێر درەختەکەشدا بیخاتە زاری.

ئەم میوەیە سروشتییە، کامی ئینسان دادەمرکێتەوە... بەڵام گەر لە قاپی جەواهیر ڕێژکراودا دانرێ، ئەوا شێوەی دەستکرد بەخۆیەوە دەگرێ... میشیلم لە دوکانی کتێبفرۆشییەکەدا بینی، کە شاگرد بوو، حەزم لێ کرد حەزیش دەکەم هەر بەو پۆشاکانەوە بیبینم، دەزانم حزووری هەمیشەیی لێرەدا، بەو پۆشاکە کۆنە، خەڵکانی دەربار ناڕەحەت دەکات و سەرسام دەبن، پێی بڵێ کە دێتە ئێرە پۆشاکی باش بپۆشێت، بەڵام کە هاتە لای من با پۆشاکە کۆنەکەی لەبەر کات.

ناتوانرێ سەرپێچی سەلیقەی خەڵکان بکرێ، چ جای سەلیقەی مەلیکەی ڕوسیا، کە سەد ملیۆن کەسی لە ژێر فەرماندەیی دایە. ئەمە بوو سەری ئیتاعەتم دانەواند و گوتم: هەر کاتێ ویستتان میشیل بێتە لاتان من بەپۆشاکە کۆنەکەی دەینێرمە لاتان.

پاشان مەلیکە دەربارەی تەربیەتدانی میشیل پرسیاری لێ کردم منیش گوتم: لەبەر ئەوەی ئەم گەنجە فەڕەنسییە، هەر بۆ خۆی خاوەنی ئەدەب و نەزاکەتە، نابێ من ئەدەب و نەزاکەتی خۆراک خواردنی فێرکەم. چونکە خۆی دەیزانێ، بەڵام لە ڕووی ڕاهێنانی بۆ عەشق، ئەمەیان هەندێ ئیشکالی تێدایە، چونکە ئەوەندە سادەیە، نازانێ خۆشەویستییەکی دیی هەیە، غەیری خۆشەویستی کوڕ و دایکە.

مەلیکە پێکەنی و گوتی: فریدا... تۆش وەکو ئەو سادەیت.

گوتم: خانم چۆن من سادەم؟

گوتی: ئەو گەنجانەی کە من حەزم لێیانە، گەر سادە و بێ ئاگا نەبن، منیان خۆش ناوێ، ئەو گەنجانەی بەر لە من لەگەڵ ژنانی دیدا ئاشنایەتییان هەبووبێ، ئەوا نابنە دۆستی من، چونکە دەتوانن پەی بەجیاوازی نێوان تەمەنی من و تەمەنی خۆیان ببەن، بەڵام گەنجانی وەک میشیل، بەر لە من چ ژنێکی دیی نەناسیوە، کە دەگاتە





من، ئەوا من دەبمە یەکەم ژنی ژیانی ئەو، ئەگەرچی نێوانی تەمەنیشمان زۆرە بەڵام لەبەر ئەوەی بێ تەجرەبەن، گەلێ سەرسام نابن، دووەمیش سروشت کۆمەکم دەکات و خۆشیدەوێم، تا ئێستا ڕووی نەداوە، گەنجێ لەگەڵما ئاشنا بێت و خۆشی نەوێم، منیش ئەوانم خۆشدەوێ، بەڵام کاتێکیش مەجبوور دەبم، لێیان دوورکەومەوە، ڕقم لێیان نابێتەوە.

خانمەکەم ڕاستی دەکرد، هەرگیز ڕووی نەدابوو، یەکێ لە دۆستەکانی خۆی دوورخاتەوە و پاشان دوژمنایەتییان بکات.

کاترینی دووەم پەیڕەوی سەلیقەی خۆی دەکرد، دۆستەکانی دەگۆڕی بەبێ ئەوەی هیچ بەدکارییەکیان لەگەڵدا بکات، چونکە دەیزانی ئەو گەنجانە، بێ تەجرەبەن و هیچ گوناهێکیان نییە، تا سزا بدرێن، ئەوانەی دەوڵەمەند دەکرد، تا هەمیشە بەئاسوودەیی بژین و یادەوەرییە خۆشەکانیان لە بیر بمێنێتەوە.

بەمیشیلم گوت، دایکت ئاگادارکەوە کە شەوان لە قەسری کرملیندا دەخەویت.

دایکی میشیل ژنێکی فەڕەنسیی بوو، هەستی دەکرد کە لە کرملیندا ئەو پێشوازییەی کە لە کوڕەکەی دەکرێ، پێشوازییەک نییە بۆ مامۆستایەکی زمانی فەڕەنسی بکرێت، تەحقیقی لەگەڵ میشیلدا کرد، میشیل بەدایکی گوت: بۆ ئەوە شەو لە قەسردا دەمخەوێنن، دەیانەوێ شەوان قسەم لەگەڵدا بکەن و فێری زمانی فەڕەنسی بن.

ئەو وەڵامەی میشیل بۆ دایکی دروستی هەستەکەمی خستە ڕوو، لە تەنیشتی ژوورەکەی خۆمدا ژوورێکم بۆ نوستنی میشیل جیاکردەوە، لە شەوی یەکەمدا ئەو گەنجە لەوێدا خەوت، ڕۆژی پاشتر کە مەلیکە زانیی میشیل لە ژوورەکەی تەنیشتی ژوورەکەی مندا نووستووە، خۆشحاڵ بوو، چونکە قەسری کرملین وەک قەسرەکانی پایتەخت ئازاد نەبوو، مەلیکە بەناوی ئەوەی سەرم لێ دەدات چووە ژوورەکەی میشیل-ەوە.

خانمەکەم پێی گوتم: ئەگەر لە نیوەشەودا بچمە ژوورەکەی میشیل، ئەوا دەترسێ دەبێ لە سەرەتای شەو، پاش ئەوەی دەیەوێ بخەوێت، دەچمە ژوورەکەی.

گوتم: ملکەچی ئەمری ئێوەم. ئەگەر ئیجازەم بدەیتێ دەڵێم، چاکتر وایە بەناوی

سوود وەرگرتن، لە دەرسەکانی، بچیتە ژوورەکەی، تا ئەندازەیەک زەمینەم خۆش کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو گەنجە تا ئەمڕۆ لەگەڵ هیچ ژنێکدا موعاشەرەتی نەکردووە، چاکتر وایە باشتر ئامادە بکرێت.

مەلیکەی ڕوسیا پاش پێشنیازەکەی من، بڕیاری دا هاتنەکەی بۆ ژووری میشیل دواخات، ڕۆژی پاشتر بەمیشیلم گوت: ئەو خانمەی کە لە کتێبخانەکەدا کتێبی لێ کڕیت، دەیەوێ بەشداری دەرسەکانمان بکات.

کاتێ کە من و میشیل خەریکی دەرس خوێندن بووین، مەلیکە هاتە ژوورێ، ئێمە بۆ ڕێزگرتنی هەڵساین. مەلیکە لە میشیل نزیک بووەوە بەزمانی فەرەنسی پێی گوت: چۆنیت؟

میشیل سەری دانەواندەوە گوتی: گەلێ چاکم سوپاسی لوتفتان دەکەم!

مەلیکە گوتی: قوتابیەکەت ئاگاداری کردوومەتەوە، کە مامۆستایەکی بەرجەستەی بۆیە ئەمڕۆ هاتووم سوود لە عیلم و فەزلت وەرگرم.

میشیل، سەری دانەواندەوە و گوتی: خانم ئێوە زمانی فەرەنسی بەرەوانی دەزانن پێویستیتان بەوە نییە، سوود لە من وەرگرن!

مەلیکە گوتی: من گەلێ پێویستیم بە تۆ هەیە!

من، مەلیکە و میشیلم جێهێشت، چوومە ژوورێکی تەنیشتەوە، مەلیکە دەیزانی لە ئەپەرتمانەکەی مندا جگە لە من کەسێکی دیی لێ نییە، بەشێوەیەکی ئاسایی قسەی لەگەڵ دەکرد، لە ژوورەکەی تەنیشتەوە گوێم لە دەنگیان بوو، مەلیکە گوتی: بۆ فێربوونی زمانی فەرەنسی پێویستیم بە کتێبی چاپکراو نییە، چاکترین کتێبیش بۆ من سوودی هەبێت، دەمە بچووک و جوانەکەی تۆیە.

میشیل گوتی: خانم ئێوە گەلێ بە مەرحەمەتن، گەلێ سوپاسی لوتفتان دەکەم، دیار بوو، کە ئەم ڕستەیەی درکاند، زەردەخەنەی دەهاتێ، چونکە مەلیکە پێی گوت: تۆ ناتوانی تێبگەی کاتێ زەردەخەنە دەنیشێتە سەر لێوەکانت، دەمە بچووکەکەت گەلێ جوان و دڵ فریو دەدات.

میشیل گوتی: خانم، ئێوە دەربارەی دەمی من موبالەغە دەکەن، من دەمی خۆم بەجوان نابینم.





مەلیکە گوتی: میشیل، هیچ کەسێ پەی بەجوانی خۆی نابات، منیش لە ڕابردوودا پەیم بەجوانی خۆم نەدەبرد، وەک چاو دەتوانێ جوانی کەسانی دیی ببینێ، ناتوانێ جوانییەکەی خۆی ببینێ.

لەو کاتەدا بۆ هۆش و نەزاکەتی ئەو گەنجە فەرەنسییە، کە زەوق و ئەدەب لە میللەتەکەی خۆی فێر ببوو، ئافەرینم لێ کرد، چونکە وەڵامی دایەوە و گوتی: خانم دڵنیات دەکەم، ئەمڕۆش ناتوانی پەی بەئەندازەی جوانی خۆت ببەی، من ئەمڕۆ کە ئێوە دەبینم، پێموایە ڕابردووتان ئیرەیی لە ئەمڕۆتان دەکات.

ئەو کوڕە گەنجە تەمەلوقێکی بۆ مەلیکە کرد، مەگەر هەر فەرەنسییەکان بتوانن ئەم جۆرە ڕستانە بهۆننەوە، میشیل بەو تەمەلوقە بەمەلیکەی گوت: ئەمڕۆ ئێوە لە جاران جوانترن. کام ژن هەیە پڕ بەدڵ بەم تەمەلوقە دڵخۆش نەبێت!

کاترینی دووەم گوتی: کاتێ قسان دەکەی، دەنگی تۆ لە گوێی مندا ئاوازی ئاسمانی هەیە، کە بزەش دەکەوێتە سەر لێوەکانت، دڵم لە خۆشیدا دەفڕێت.

ئەو گەنجە هەستی کرد، ئەو ژنە بەناو (تۆ)وە بانگ دەکات و قسەی لەگەڵ دەکات، کاترینی دووەم گوتی: ئێستا دەتوانم خۆم بەبەختەوەر بزانم، چونکە هەست دەکەم تەنازولت کردووە، وەکو خۆشەویستێ لەگەڵما قسان دەکەی.

چەند ساتێ بێدەنگی باڵی بەسەر وەزعەکەدا کێشا، پاشان گوێم لێبوو، مەلیکە بەڕیتمێکی ناسکەوە دەیگوت: چکۆڵە ئازیزەکەی من... چکۆڵە ئازیزەکەی من...

بەئەسپایی دەرگاکەم کردەوە، تا بتوانم نێو ژوورەکە ببینم، سەیرم کرد کاترینی دووەم بەدەست نەوازشی مووە لوولەکانی میشیل دەکات، وام لا دروست بوو، میشیل بەو وەزعە ڕازییە، ئەگەر ڕازی نەبا ئەم نەوازشەی ڕەت دەکردەوە.

ئیدی دەورەی پەروەردە و تەعلیمی من تەواو بوو، ئەوەی پێویست بوو بەئەنجامم گەیاندووە.

ماوەی سەعاتێ، مەلیکە لەو ژوورەدا، لە پشتی مێز و لە تەنیشتی ئوستادە گەنجەکەی دانیشتبوو، قسانی لەگەڵ دەکرد، دەربارەی دایک و باوک و برا و خوشکەکانی پرسیاری لێ دەکرد، میشیلیش بەئەدەب، بەڵام بەسادەیی وەڵامی دەدایەوە.

گومانم نەبوو، کە میشیل دەبێتە دەوڵەمەندەکانی ئەوروپا، پێشبینی ئەوەم دەکرد، بەپێی قاعیدە گشتییەکە، مەحبووبە کۆنەکەی لە دەرباری ڕوسیا دەردەکات، بەڵام ڕووداوەکانی پاشتر دەری خست کە پێشبینییەکەم ڕاست نەبوو، چونکە مەلیکە تا دوا ڕۆژ وەفادار بوو بەرامبەر بەپاڤلۆڤیچ-ی سەوزە فرۆشی بازاڕی (قازان).

پاش ئەو یەک سەعاتە مەلیکە بانگی کردم و گوتی: فریدا، دەبێ نیو سەعاتی دیی پێشوازی کەسانی دیی بکەم، بۆیە دەبێ بڕۆم، بەڵام ئەمشەو میشیل لەگەڵ مندا شیڤ دەخوات، ئەمشەو خۆم نەخۆش دەخەم، تا مەجبوور نەبم بچمە ساڵۆنی شیڤ خواردن و میشیلیش لێرەدا بێت، ئێمە سەعات یانزە شیف دەخۆین، ئەگەر میشیل نەیتوانی تا ئەو سەعاتە تەحەمولی برسیەتی بکات، لە سەعات حەوت و هەشتدا هەندێ خۆراکی بەرێ بەو مەرجەی شەهیەی شیڤ خواردنی لە نێو نەچێت.

میشیل گوتی: من سەعات حەوت و هەشت برسیم نابێ، بەئەو پەڕی شەوق و شانازییەوە چاوەڕێی سەعات یانزە دەکەم.

مەلیکە بەمنی گوت: تۆ خۆراکە ئاساییەکان ئامادەکە، لە میشیل بپرسە، ئەگەر حەز لە خۆراکی تایبەتی دەکات، بۆی ئامادەکە.

گوتم: خاوەن شکۆ ئەمر دەفەرموون.

بۆیە بەمەلیکەی ڕوسیام گوت خاوەن شکۆ، دەمزانی ئیدی بەنهێنی ڕاگرتنی کاری کاترینی دووەم زەرووری نییە، چونکە میشیل ڕام ببوو.

بەر لەوەی مەلیکە لە ژوورەکە بچێتە دەرێ پێی گوتم: فریدا، حەز دەکەم ئەمشەو میشیل بەو پۆشاکە ببینم، کە لە کتێبخانەکە لە بەریدا بوو. وەک گوتم سەعات یانزە شیڤ دەخۆین.

لە دەرگای ژوورەکە چووە دەرێ، دەمزانی بۆچی مەلیکە سەعات یانزەی هەڵبژاردووە، ئەگەرچی شەوانی هاوینی مۆسکۆ درێژترە، لە شەوانی سان بترزبۆرگ کاسبکار و جوتیاران تا درەنگی شەو هەر بەخەبەرن، جا چ جای دەربارەکانی قەسری کرملین و ئەشراڤەکان درەنگ دەخەوتن، مەلیکە مەبەستی بوو پاش خەوتنی ئەوان، بەئاسوودەییەوە لەگەڵ مەحبووبە تازەکەیدا بەسەر بەرێت!

میشیل، ئیشتهایەکی باشی هەبوو، تا سەعات یانزە تەحەمولی برسیەتی کرد، تا





لەگەڵ مەلیکەدا شیڤ بخوات، نەزاکەتە خۆڕسکەکەی فێری کردبوو لە کاتی شیڤ خواردندا، گەر ئیشتهایی نەبێت، ئەوا مەلیکە لێی دەڕەنجێ کاتریی دووەم کە گەنج بوو زۆرخۆر بوو، بەڵام کە پیربوو بەتایبەتی پاش نەخۆشییەکەی، ئیشتهای نەمابوو، لە خۆراک خواردنی کەسانی دیی، لەززەتی وەردەگرت، ئەم مەوزووعەم بۆ میشیل باس نەکرد، بەڵام ئەو گەنجە دەیزانی کە لەگەڵ مەلیکەدا شیڤ بخوات دەبێ بەئیشتهایەکی چاکەوە بخوات.

سەعات یانزەی شەو، کاترینی دووەم هاتە ئەپەرتمانەکەی من و چووە ژووری خۆراک خواردن و گوتی: میوانە چکۆڵەکەی من لە کوێدایە؟

میشیل لە ژوورێکی دیدا بوو، بانگم کرد میشیل پۆشاکە کۆنەکەی سەردەمی شاگردیی لەبەرکردبوو، هاتە ژووری خۆراک خواردنەوە سەری دانەواندەوە و چۆکی خستە سەر زەوی و دەستی مەلیکەی ماچ کرد. مەلیکە بەرزی کردەوە، لە ئامێزی گرت و گوتی: میشیل، تۆ بەم پۆشاکەوە دوو بەرانبەر بۆ من خۆشەویستتری!

میشیل گوتی: ئەگەر ئەم پۆشاکەم گیانی هەبا ئەوا سوپاسم دەکرد، چونکە بووەتە هۆی ئەوەی ببمە جێی سەرنجی خاوەن شکۆ.

خۆراکم بۆ ئەو دوو کەسە هێنا، سەیرم کرد مەلیکە بەدیقەتەوە سەرنجی دەدات کە میشیل لە هەموو خۆراکەکان دەخوات، مەلیکەش برسی بوو، بەبێ پارێز دەستی بەخواردن کرد.

پاش ئەوەی کە خۆراکیان خوارد، مەلیکە لە پشتی مێزەکە هەڵسا و دەستی میوانە بچووکەکەی خۆی گرت و گوتی: فریدا، دەبێ ئەمشەو ئێمە ژوورەکەت داگیرکەین و لێرەدا دەنووین، تۆش بڕۆ لە ژوورێکی دیدا ئیسراحەت بکە.

گوتم: خاوەن شکۆ ژوورەکەی من، وەکو خۆم هی ئێوەن.

مەلیکە گوتی: فریدا لە سەعات شەشی بەیانیدا، بەخەبەرم کەوە بەر لەوەی دانیشتوانی قەسرەکە بەخەبەر بنەوە، دەچمە ئەپەرتمانەکەی خۆم.

سەعاتی سەرمێزی لە تەنیشت خۆدا دانا، دەبا ئەمری مەلیکە لە سەعاتی دیاریکراودا جێبەجێ بکەم، ئێدی نەمدەتوانی بەئێسراحەت بخەوم، زوو زوو بەخەبەر دەبوومەوە ئەو شەوەیش بۆ دواجار بەخەبەر بوومەوە دنیا ڕۆشن ببووەوە سەیرم کرد

سەعات پێنجە و سەعاتێ ماوە مەلیکە بەخەبەر کەمەوە هەر لە هەمان کاتدا، دەنگی ئەو دووەم بیست، سەرسام بووم، ئەو دووە هێشتا نەخەوتبوون.

ئەو دووە تا سەعات شەشی بەیانی هەر بێدار بوون، لەو کاتەدا لە دەرگام دا چوومە ژوورێ و گوتم: خاوەن شکۆ، وەک فەرمووتان لەم سەعاتەدا دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئەپەرتمانەکەی خۆتان.

مەلیکە گوتی: میشیلی ئازیز، دڵم نایەت بەجێت بێڵم، بەڵام مەجبوورم بگەڕێمەوە بۆ ئەپەرتمانەکەی خۆم، چونکە سەعاتێکی دیی هەموو بەخەبەر دەبنەوە، کە لێرە دەرچم دەمبینن، خۆزیا ئەم سەفەرەی ئێمە زوو تەواو دەبوو، تا بگەڕێینەوە بۆ پایتەخت و لە قەسری (نەوا)دا بەئاسوودەیی بەسەر بەرین.

کاترینی دووەم بەهاریکاری من، پۆشاکەکانی پۆشی، خواحافیزی لە مەحبوبەکەی خۆی کرد، میشیل لەسەر زەوی دانیشتبوو، باوەشی بەپێیەکانی کاترینی دووەمدا کرد و گوتی: خاوەن شکۆ، ئەگەر شەوێکی دیی وەکو ئەمشەوم پێ عەتا نەفەرمیت، ئەوا لە حەسرەتا دەمرم!

مەلیکە گوتی: میشیلی ئازیز، دەزانم منت خۆشدەوێ، بەڵام لێرەدا سنووردارین، ناتوانین وەک دەمانەوێ ڕابوێرین، ناتوانم بچمە شوێنێکی دیی، مەجبوورم لە مۆسکۆ، دەبێ لە قەسری کرملین دابم، بەڵام کە گەڕاینەوە بۆ پایتەخت، ئازادیمان دەبێ، لە ڕۆخی ڕووباری (نەوا) هیچ کەس و هیچ شتێ بێزارمان ناکات، نازانم شەوی دادێ بەیەکەوە دەبین یا نەء؟ بەهیوام بەرنامەکانی ئەمرۆم بەشێوەیەک بێت، بتوانم شەوێ بەیەکەوە بین، ئەگەر نەمتوانی، شەوێ لەگەڵ تۆدا بم، تا عەسر لەڕێی فریداوە ئاگادارت دەکەمەوە.

پاش ئەوەی مەلیکە ڕۆیشت، چوومە لای میشیل و گوتم: تۆ لێهاتووترین شاگردی منیت، کە تا ئەمرۆ بینیبێتم. بەچاکی ئەرکەکانی خۆت بەئەنجام گەیاند.

میشیل پێکەنی و گوتی: خانم کاتێ بەجێهێنانی ئەرک لەززەت بەخش بێت، مرۆ بەجوانی بەئەنجامی دەگەیەنێت.

گوتم: شەوێ، ڕازی بوویت، مەلیکەی ڕوسیاتان خۆشدەوێ یا نەء؟

گوتی: بەڵێ، ڕازیم، خاوەن شکۆم خۆشویست، ئێستاش خۆشمدەوێ.





گوتم: خانمەکەی منت خۆشدەوێ یا کچێکی هاوتەمەنی خۆت؟

گوتی: تا ئێستا لەگەڵ چ کچێکی هاوتەمەنی خۆمدا ئاشنایەتیم پەیدا نەکردووە، نازانم خۆشمدەوێ یا نەء، بەڵام لەگەڵ مەلیکەی ڕوسیا ئاشنام، خۆشمدەوێت، خۆشحاڵم کە شەوێکی خۆشم لەگەڵیدا گوزەراندووە.

گوتم: میشیل، ئەم نیعمەتە بپارێزە، چونکە گەلێ سوودت پێ دەگەیەنێ بوونە دۆستی مەلیکە نیعمەتێکی گەورەیە، نابێ لەگەڵ هیچ شتێکی دیدا بگۆڕدرێتەوە... دەزانم ماندوویت پێویستیت بەئیسراحەت هەیە، ئەمە ژووری نووستنی منە، هەر لێرەدا بنووە لە نیوەڕۆدا بۆ فراڤین خواردن بەخەبەرت دەکەمەوە.، بۆیە دەبێ ئیسراحەت کەیت ڕەنگە ئەمشەو شەرەفی ئەوەت بەرکەوێ و لەگەڵ مەلیکەدا بەسەر ببەی.

میشیل گوتی: ئومێدەوارم پێشبینییەکەت بێتە دی.

بەجێم هێشت و چوومە دەرێ و لە دڵی خۆمدا گوتم پاڤلۆڤیچ، خۆت ئامادەکە، ئەمڕۆ لە دەربار دەردەکرێی، ئەگەر ئەم هەستەم دروست بێ، ئەوا مەلیکە بەر لە گەڕانەوەی، بۆ پایتەخت، لە دەربار دووری دەخاتەوە.

ئەو ڕۆژە مەلیکەی ڕوسیا، فرسەتی دەس نەکەوت، میشیل ببینێ، دوو جار لە ڕێی منەوە پەیامی بۆ نارد و گوتی: لە یادمدایت!

هەر ئەو ڕۆژە بەرنامەی مانەوەی لە مۆسکۆ ڕاگرت، کارە سیاسییە پەلەکانی کردە بیانوو، کە زووتر بگەینە پایتەخت و خۆی بگەیەنێتە قەسری (نەوا).

بە پاڤلۆڤیچ عاشقی ڕەسمی مەلیکە گوترا، بۆ کارێکی پێویست، دەبێ تا هەفتەیەکی دیی لە مۆسکۆ بمێنێتەوە، کاترینی دووەم دەیویست پاڤلۆڤیچ لە مۆسکۆ بمێنێتەوە، تا لە قەسری نەوا ئاسوودە بێت.

بەر لەوەی لە مۆسکۆوە بکەوینە ڕێ، مەلیکە بیست و پێنج هەزار ڕۆڵی ئەسکەناسی دامێ و گوتی: ئەمە بدە بەدایکی میشیل، هەر چۆنێکت پێ دەکرێ دڵنیای کە و خەمی کوڕەکەی نەخوات و پێی بڵێ، لە ئایندەیەکی نزیکدا بیست و پێنج هەزار ڕۆبڵی دیکەی دەست دەکەوێ.

نۆکەرێکم ناردە ماڵەکەی میشیل و مەوعیدێکم وەرگرت، سواری گالیسکە بووم، بەپارەکەوە چوومە ماڵی میشیل و بەدایکیم گوت: لە دەرسەکانی کوڕە گەنجەکەت گەڵی ڕازیم حەز دەکەم لەگەڵ خۆمدا بیبەم بۆ پایتەخت، هەندێ مووچەی پێشەکیم بۆ هێناویت.

بیستبووم باوکی میشیل چووبوو بۆ شاری (کوسک) لە وێدا خەریکی کارکردنە، زەروریش نەبوو ئیجازە لەو وەرگرم تا کوڕەکەی ببەم بۆ پایتەخت. کاتێ دایکی میشیل چاوی بە ئەسکەناسەکان کەوت، سەرسام بوو گوتی: ئایە کوڕەکەم مردووە؟

گوتم: خانم بۆ تەسەوری ئەوە دەکەیت کوڕەکەت مردبێت؟

گوتی: ئەم پارەیەی دەیدەی بە من لە خوێنی کوڕەکەم زیاترە!

گوتم: کوڕەکەت زیندووە، سبەی بەر لەوەی بکەوینە ڕێ دێتە ئێرە و خواحافیزیت لێ دەکات، ئەم پارەیەش دیاری قوتابییەکی حەقشناسییەتی بە بنەماڵەی ئوستادەکەی خۆی پێشکەش دەکات، دەتوانم وەعدت دەمێ، لە ئایندەدا، دیارییەکی دیی بەهەمان بڕە پارەوە وەردەگری.

دایکی میشیل دڵنیابوو کە کوڕەکەی زیندووە، موافەقەتی کرد لەگەڵمدا بێت بۆ پایتەخت، چونکە پارەکە هەند زۆر بوو نەیدەتوانی ڕەتی کاتەوە.

پاش ئەوەی لەو ماڵە گەڕامەوە، میشیلم بۆ خواحافیزی ناردە لای دایکی، خواحافیزی لە دایکی کرد، شتە زەرورییەکانی خۆی گواستەوە بۆ کرملین، ڕۆژی پاشتر بەرەو پایتەخت کەوتینە ڕێ.

مەلیکەی ڕوسیا، لە ڕێگادا فرسەتی دەس نەکەوت، مەحبوبەی خۆی وەلاخات، چونکە دەگەیشتینە هەر شوێنێک، چینەکانی خەڵکی دەهاتنە حزووری مەلیکە، لە هەر هەرێمێکدا مەلیکە ناچار بوو پێشوازی ڕوحانییەکان و ئەشراف و فەرمانبەرە پلە بەرزەکانی دەوڵەت بکات.

گەیشتینە پایتەخت تەشریفاتی گەڕانەوەی مەلیکە تەواو بوو، کاترینی دووەم بەرەو قەسری (نەوا) کەوتە ڕێ و پێی گوتم: میشیل لەگەڵ خۆمدا بۆ ئەو قەسرە بهێنم.

کاتێ کە گەیشتینە قەسری (نەوا) پاییز بوو.





هەر کاتێ کە دەچووینە قەسری نەوا هەستم دەکرد دەچینە نێو بەهەشت، ئەمجارەش وەک جارانی پێشوو، کە چووینە ئەوێ گەلێ خۆشحاڵ بووم، میشیلم ڕاسپاردبوو، پۆشاکە کۆنەکەی بپۆشێ، میشیل پێی گوتم: عەتر لە خۆم بدەم؟

گوتم: نەء... میشیلی ئازیز، گەرچی مەلیکە عەتر لە خۆی دەدات، حەز ناکات بۆنی عەتری دۆستانی بکات.

حەقیقەتیش هەر وابوو، مەلیکە لە دۆستەکانی خۆی تەنیا پاک و تەمیزی دەویست.

میشیل یەکەم جار لە مۆسکۆدا هاتە قەسری کرملین، خاوێن نەبوو سەیرم کرد پشتی دەستەکانی چڵکن، بەڵام بەزوویی فێری پاک و خاوێنیم کرد، خۆم لە حەمامدا، دەستەکانیم بەجوانی شۆرد، بۆ ئەوەی کە چووە لای مەلیکە خاوێن بێت هەر کە گەیشتینە پایتەخت، جارێکی دیی شۆردم، لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ لای مەلیکە و لە باوەشی گرت و بە منی گوت: فریدا ئەو ڕۆژەی لە مۆسکۆوە کەوتینە ڕێ هەمیشە بەخۆمم دەگوت: خۆش بەحاڵت و لەگەڵ میشیلدا و لێی جیانابنەوە بەڵام دڵنیام خۆشەویستەکەم داگیر ناکەیت.

ناچارم بڵێم هەندێ لە عاشقەکانی مەلیکەم خۆشدەویست، میشیلیش یەکێ بوو لەوانەی خۆشمدەویست، بەڵام وەزعی ژیانی من لە دەرباری ڕوسیا و خزمەتکاری تایبەتی مەلیکەش بووم، لە دوا ساڵەکانی تەمەنی کاترینی دووەمدا مورەبی چەند دۆستێکی بووم، جار جارە حەزم لە عاشقەکانی دەکرد، بەڵام جگە لە ئورلوف ئەویش بەئیجازەی مەلیکە لەگەڵ هیچ یەک لە عاشقەکانی مەلیکە پەیوەندی تایبەتیم نەبوو، چونکە دەمزانی ئەگەر جارێ بخزێم، ئەوا دەکەومە بەر غەزەبەوە، ئەگەر گیانیشم لە دەست نەدابا ئەوا ژیانە پڕ شکۆکەی دەربارم لە دەست دەدا.

دۆستەکانی مەلیکە هەموویان گەنج بوون، هیچ یەکیان تەمەنی نەدەگەیشتە بیست ساڵ، دەمزانی ئەو گەنجە بێ تەجرەبانە کە خۆیان لە تەنیشتی مەلیکەدا ببینن، مەحاڵە بتوانن جڵەوی زمانی خۆیان بگرن. نەوازشە سیحر ئامێزەکانی مەلیکە زمانیان دەکاتەوە، پەیوەندییەکانی خۆیان ئاشکرا دەکەن، هەر بۆیە هەوڵم دەدا تا پێمەدەکرێ خۆم دوور گرم، ڕەفتارەکانم لە گەڵیاندا لە سنووری ڕەسمی تەجاوز نەکات.

ئێمە دوو هەفتە لە قەسری نەوا بووین، لە هەموو ئەو ماوەیەیەدا میشیل لە لای کاترینی دووەم بوو، لە قەسری نەوا لە کۆشکەکەی مەلیکە ژیانی بەسەر دەبرد من شاهێدی ژیانە تایبەتییەکەی کاترینی دووەم و میشیل بووم، خۆشەویستی ئەو گەنجە، لە لای مەلیکە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبوو، بەجۆێ جێی بۆ خۆی لە دڵی مەلیکەدا کردبووەوە، خانمەکەم لەگەڵ خۆیدا بۆ گەردش و بینینی دیمەنی پایز، دەیبرد بۆ جەنگەڵ و چەند سەعاتێ بەیەکەوە گفتوگۆیان دەکرد.

ڕۆژێ چوومە ژوورەکەی مەلیکە سەیرم کرد کاترینی دووەم بەئەوپەڕی حەزەوە سەیری میشیل دەکات، لە زمانی خۆیەوە ژنەوتم، گوتی: میشیل حەز دەکەم هەموو سەعاتێ جارێک داوایەکی گەورەم لێ بکەیت، تا بتوانم خواستەکانت جێبەجێ بکەم.

میشیل گوتی: خاوەن شکۆ، تەنیا داخوازی من لە تۆ ئەوەیە، لە خۆتم دوورنەخەیتەوە!

مەلیکە، بەئاسپایی دەستی خستە سەر دەمی میشیل و گوتی: مەگەر پێم نەگوتی بەناوی (سوفی)یەوە بانگم بکە، ئەمرم پێ نەکردی لە بەکارهێنانی وشەی خاوەن شکۆ، خودداری بکە؟

میشیل. سەری بەلای منەوە وەرچەرخاند و گوتی: ئاخر، لە حزووری ئەماندا ناتوانم کە ......

مەلیکە گوتی: فریدا، مەحرەمی هەموو نهێنییەکانی منە و بێگانە نییە، تا لە حزووری ئەودا پێم بڵێی، خاوەن شکۆ، من بۆ تۆ، سوفیی-م، تۆش بۆ من میشیل-یت، یانی دڵچەسپترین گەنجەکانی دونیا، هەمیشە پێم بڵێ (تۆ) تا بزانم خۆشتدەوێم، منت دەوێ، نەک لەبەر ئەوەی مەلیکەی ڕوسیام!

میشیل لە خەڵوەتدا بەمەلیکەی ڕوسیای دەگوت: (سوفی) هەر بە(تۆ)یش بانگی دەکرد، بەڵام لە شوێنانی دیی یانی لە شوێنە گشتییەکان وەک کۆیلەیەکی ملکەچ ئیحترامی مەلیکەی دەگرت، هەروەها ڕێزیشی لە پاڤلۆڤیچ-ی عاشقی ڕەسمی مەلیکەی ڕوسیا دەگرت، ئەمەش ببووە مایەی سەرسامی ئەو کەسانەی کە دەیانبینی، چونکە هەردووکیان هاوتەمەن بوون، گەنجانی هاوتەمەنیش لە ئیحترامدا موبالەغە دەکەن.





میشیل دەیزانی بۆ ئەوەی لە دەرباری ڕوسیادا بە سەلامەتی ژیان بگوزەرێنێ، نابێ پاڤلۆڤیچ لە خۆی بڕەنجێنێ، هەرچەندەیش ڕێزی لێ بگرێ، ئەوا زیاتر چاکەی بەرامبەر بەخۆی کردووە.

کاتێ لە قەسری (نەوا) بووین، دیسانەوە نەخۆشییەکەی مەلیکە سەری هەڵدایەوە، پزیشکی دەربار بۆ چارەسەرکردنی مەلیکە لە سانپترز بۆرگەوە هاتن، میشیل هەمیشە لە لای مەلیکە بوو، بەئاسپایی پێیەکانی کاترینی دووەمی دەشێلا، خانمەکەم دەیگوت، دەستی تۆ شفا بەخشە، کاتێ پێیەکانم دەشێلی. ئازارەکانم کەم دەبنەوە.

میشیل چ ڕاست، یا درۆ، بۆ نەخۆشییەکەی مەلیکە خۆی بەموتەئەسیر دەنواند و دەیگوت: (سوفی) ئەگەر بزانم بەخۆبەخت کردنی من، تۆ چاک دەبیتەوە، هەر ئێستا خۆم دەکەمە فیدات، تا هەڵسی و بکەویتە ڕێ،

هەندێ جاریش دەیگوت، کاتێ تۆ بەنەخۆشی دەبینم ئەم باغ و قەسرە لە بەر چاومدا تاریکە، هەموو شتێکی بەتەڵخی دەبینم، نەخۆشییەکەی کاترینی دووەم وای کرد، زیاتر لە دوو هەفتە لە قەسری (نەوا)دا بمێنینەوە، لە هەفتەی چوارەمدا نەخۆشییەکەی سووک بووەوە و ئازاری نەما و هەڵسا، شانی دادەدایە سەر شانی دۆستەکەی و لە باغی (نەوا)دا پیاسەیان دەکرد،

لەبەر ئەوەی ماوەیەک، کاترینی دووەم لە باغی (نەوا)دا نەخۆش کەوتبوو، پاش ئەوەی چاک بووەوە، بڕیاری دا دوو هەفتەی دیی لەو قەسرەدا، بمێنێتەوە، تا قەرەبووی ماوەی نەخۆشییەکەی بکاتەوە و سوود لە کاتەکانی خۆی وەرگرێ!

وەزیرەکانی ڕوسیا، کە کاری گرینگ و پەلەیان هەبا، لە پایتەختەوە دەهاتنە قەسری (نەوا) دەیانخستە بەر دەستی کاترین و چاوەڕێی ئەمریان دەکرد.

هەر کاتێ پیاوە ڕەسمییەکان بهاتبان بۆ قەسری نەوا میشیل لەبەر چاو نەدەماچ کەسێ نەیدەبینی پاش ئەوەی ئەو پیاوانە دەگەڕانەوە، خۆی دەگەیاندە ژوورەکەی مەلیکە.

دوو هەفتە پاش ئەوەی لە نوێنی نەخۆشی هەڵسا، لە چاکترین کاتەکانی ژیانی بوو، بەجۆرێ میشیل جێی لە دڵی خانمەکەمدا کردبووەوە، بیرم لەوە دەکردەوە ئەم

گەنجە فەرەنسییە، نەک تەنیا پاڤلۆڤیچ لەبەر چاوی مەلیکە دەخات بەڵکو دەبێتە مەحبوبی هەمیشەیی و عاشقی دیش هەڵنابژێرێ، بەڵام قەزاو قەدەر بەشێوەیەکی دیی حوکمی کرد. ڕووداوەکەش بەم شێوەیەیە:

کاترینی دووەم کوڕێکی هەبوو، نەکوڕی خۆی بوو، نەکوڕی پوترسی سێهەمی مێردی بوو! مێژووی ڕەسمی ڕوسیا ئەو کوڕەی بەناوی پۆل-ەوە تۆمار کردبوو، کە کوڕی کاترینی دووەم و پوترسی سێیەمە، بەڵام من دەمزانی وانییە شێوەی سک پڕییە دەسکردەکەی خانمەکەی خۆمم لە بەشاکانی پێشووی ئەم یاداشتەدا باس کردووە، ئێستاش دووبارەی ناکەمەوە.

پاش کوژرانی پوترسی سێیەم، ئەم کوڕە منداڵ بوو، نەیدەتوانی سەڵتەنەت بکات، کاترینی دووەم لە جیاتی مێردەکەی کاروباری سەڵتەنەتی ڕوسیای گرتە دەست، ئەو کوڕە وردە وردە گەورە دەبوو، لەبەر ئەوەی مێژووی ڕەسمی ڕوسیا، بەکوڕی پوترسی سێیەم و کاترینی دووەمی دەزانی، دەبا پاش ئەوەی دەگاتە تەمەنی ڕوشد، ببێت بەئیمپراتۆری ڕوسیا، بەڵام کاترینی دووەم نەیدەویست بۆ سوودی (پۆل) دەسبەرداری دەسەڵات بێت، «پۆل» وەک گوتمان-کوڕی کاترینی دووەم و پوترسی سێیەم نەبوو، چونکە پوترسی سێیەم پیاوێکی ئاسایی نەبوو نەیدەتوانی منداڵی ببێت، ئەگەر (پۆل) کوڕی حەقیقی کاترینی دووەمیش با، خانمەکەم ڕازی نەدەبوو دەستبەرداری دەسەڵات بێت، قودرەت و سامانی سەڵتەنەتی ڕوسیا، بەجۆرێ خانمەکەمی مەفتون کردبوو، نەیدەهێشت (پۆل) لەسەر تەختی سەڵتەنەتدا دانیشێ، ڕۆژگاریش ئەمەی دەرخست کە خانمەکەم کارێکی چاکی کردووە[١]. خانمەکەم لە هەموو ماوەی سەڵتەنەتەکەیدا، جگە لە کوشتنی مێردەکەی چ کەسێکی دیی نەکوشتبوو، ماڵی چ کەسێکیشی حیجز نەکردبوو، لە دەورەی سەڵتەنەتەکەیدا، خاکی ڕوسیا دوو بەرابەر بەرین بووەوە.

ئەگەرچی لە سەردەمی خانمەکەمدا، فەرماندەکانی ڕوسیا، وەک پێشتر زوڵمیان

(١) پاش مردنی کاترینی دووەم، کە دەگوترا پۆل کوڕی کاترینە، بەناوی پۆلی یەکەمەوە بووە ئیمپراتۆری ڕوسیا، ئەمیش وەکو پوترسی سێیەم کاری شێتانەی دەکرد، لە خۆڕا خەڵکی دەکوشت، پاش پێنج ساڵ ئیمپراتۆری کوژرا.





دەکرد، بەڵام خانمەکەم مەلیکەیەکی زاڵم نەبوو، بەجۆرێ ڕوحی خاوێن بوو زوڵم کردن بەمێشکیا تێنەدەپەڕی،

خانمەکەم نەیدەویست، بۆ (پۆل) دەسبەرداری سەڵتەنەت بێ چونکە پۆل کوڕی ڕاستەقینەی نەبوو، لەبەر ئەوەی کاترینی دووەم ژنێکی خاوەن بەزەیی بوو، نەیدەویست پۆل بکوژێت.

ئەگەر چاڵە ڕەشەکانی قەڵای دەوڵەتی ڕوسیا، زمانیان هەبا، بەدرێژایی چەند سەدە هەزاران پیاو و شازادەی ڕووسی لە نێو ئەو چاڵە ڕەشانەدا گیانیان سپاردووە، بەبێ ئەوەی کەسێ گوێی لە ناڵەیان بووبێ.

ئەگەر خانمەکەم ژنێکی بێ ڕەحم با، تەنیا بەئیشارەتێک (پۆل)ی لە نێو دەبرد، یا دەیگوت لە نێو چاڵە ڕەشێکی قەڵاکانی دەوڵەتی زیندە بەچاڵی بکەن.

ئیدی چ کەسێکیش سۆراغی نەدەپرسی، بەڵام لەبەر بەزەییەکەی نەیویست ئەم گەنجە بکوژێ. گەرچی پێشوازی نەدەکرد، حەزی بەدیدەنی نەبوو، بەڵام (پۆل) لە ڕوسیادا بەجۆرێ دەژیا، دەتگوت شازادەیەکی ڕەسەنە و بەڕاستیش وەلیعەهدی ڕوسیایە.

ناونیشانی ڕەسمی (پۆل) وەلیعەهد بوو، بە شکۆیی وەلیعەهدێکی ڕاستەقینە دەژیا، کاتەکانیشی بۆ دوو شت سەرف دەکرد؛ یەکێکیان شکار ئەوی دییان قومار.

هاوسەرگیری لەگەڵ شازادەیەکی ڕوسیادا کرد، ئەم شازادەیە ناوی خانم (پالکین) بوو.

تا ژنی نەهێنابوو، (پۆل) لە ژیانەکەی خۆی ڕازی بوو، یا ناڕەزایی خۆی دەرنەدەبڕی، پاش ئەوەی ژنی هێنا، شازادە خانم (پالکین) لە بناگوێیدا هەندی وەسوەسە بۆ کرد و پێی گوت: سەڵتەنەتی ڕوسیا حەقی تۆیە دایکت حەقی نییە لە جیاتی تۆ سەڵتەنەت بکات! کاتێ کە تۆ منداڵ بووی دایکت لە بری تۆ سەڵتەنەتی دەکرد، دەشزانی دایکت ژنێکی عەیاشە و خەریکی ڕابواردنە، بۆ ئەوەی بتوانێ هەمیشە بەردەوامی بە ڕابواردنەکانی خۆی بدات، نایەوێ تۆ بچیتە سەر تەختی سەڵتەنەتی ڕوسیا، نابێ تۆ ئەمە قبوڵ کەیت و بچیتە ژێر باری دایکتەوە، ئەرکی تۆ ئەوەیە، حەقت لە دایکی خۆت وەرگری، دەبێ ئەوەش بزانی حەق دەبێ وەرگیرێ،

ئەگەر هەوڵ نەدەیت حەقەکەت بەدەس بێنی دایکت حەقەکەت ناداتێ!

(پۆل) گوتی: دەزانم دایکم دەسبەرداری سەڵتەنەت نابێت سەڵتەنەتی ڕوسیاشم ناداتێ، مەگەر بمرێ. شازادە خانم (پۆلکین) گوتی دایکت لەش ساغ و بەهێزە، دوور نییە تەمەنی بگاتە سەد ساڵ، تۆ دەبێ کارێ بکەی زووتر جێیەکەی بگری.

شازادە خانم پالکین هەندەی وەسوەسە بۆ کرد، دنەی مێردەکەی دەدا تا کاترینی دووەم بکوژێ.

لە هەموو ماوەی سەڵتەنەتی کاترینی دووەمدا ڕووی نەدابوو کەسێ مەبەستی کوشتنی کاترینی هەبێت، چونکە ئەوەندە میهرەبان و چاک و سنگ فراوان بوو چ کەسێ دوژمنایەتی لەگەڵ نەدەکرد، جا چ جای ئەوەی بیر لە کوشتنی بکاتەوە.

یەکێ لەو شتانەی کە دەبێتە مایەی کینە، ئەوەیە کە مەعشوق عاشقەکەی لە خۆی دوورخاتەوە، ئەو عاشقەش لەبەر نائومێدی مومکینە بیر لە کوشتن بکاتەوە، بەڵام خانمەکەم بەجۆرێ عاشقەکانی لە خۆی دوور دەخستەوە، ئەو عاشقانە دەبوونە فیدایی خانمەکەم، هەموویان ئامادەبوون لە پێناوی ئەو ژنەی کە لە خۆیی دوور خستووەتەوە، گیانی خۆی بەخت کات، چونکە خانمەکەم هەموو پلە و پایە و پارە و موڵکی پێ دابوو، بۆیە ئەوانە بیریان لە دوژمنایەتی کردنی خانمەکەم نەدەکردەوە، چ جای ئەوەی هەوڵی کوشتنی بدەن، بەڵام پۆل-ی بەڕواڵەت کوڕی خانمەکەم، بەدنەی ژنەکەی بڕیاری دا مەلیکەی ڕوسیا بکوژێت، کاتێکیش ئەم بڕیارەی دا، خانمەکەم دوو ساڵی لە ژیاندا مابوو.

پۆل بۆ ئەوەی مەبەستەکەی جێبەجێ بکات لەگەڵ کەشیشێکدا بەناوی فالن دەستی تێکەڵ کردبوو ئەم کەشیشە لە کلێسای شاری (تزارسکویێ سلو) پێشنوێژی دەکرد.

(فالن) نەیدەویست کاترینی دووەم بکوژێ، بەڵکو دەیویست لە سەڵتەنەت لای دات (پۆل) بخاتە سەر تەختی سەڵتەنەتەوە لەوە غافڵ بوو، ئەم دنەدانەی پۆل وای لە پۆل کردبوو، هەوڵی کوشتنی کاترینی دووەم بدات.

فالن لەبەر ئەوەی پیاوێکی ڕوحانی بوو، نەیدەتوانی تەحەمولی ئەوە بکات کە ژنێکی وەک کاترینی دووەم کە هەمیشە لەگەڵ ئەو گەنجانە ڕادەبوێرێ کە وەک







نەوەی خۆی وان، ئەم ژنە حوکمڕانی ڕوسیا بکات.

پۆل دەیزانی نفوز و دەسەڵاتی کاترینی دووەم هەند زۆرە، جگە لە کوشتن ناتوانن لەسەر تەختی سەڵتەنەتی ڕوسیای لابدەن.

پۆل بۆ ئەوەی بتوانی کاترین بکوژێت، لەگەڵ میشیلدا بووە ئاشنا .

میشیل، ئاگای لە وەزعی ڕوسیا نەبوو، نەیدەزانی کە پۆل کوڕی ڕاستەقینەی کاترین نییە، گەنجییەتییەکەشی ڕێی ئەوەی نەدەدا، درک بەوە بکات بۆچی پۆل دەیەوێت ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا بکات، ئەم ئاشنایەتییەش بەبێ سونگەی تایبەتی نییە، میشیل کە بینی پۆل بەرەو پیری دەچێت و دەیەوێت ببێتە ئاشنای، گەلێ بە خۆشحاڵییەوە ئەم دۆستایەتییەی قبوڵ کرد.

پاش ئەوەی ئێمە لە قەسری نەوا گەڕاینەوە بۆ پایتەخت ئاشنایەتی پۆل و میشیل دەستی پێ کرد، لە سەرەتادا پۆل دەیویست بزانێت میشیل تا چەند ڕادەیێک نفوزی لە لای کاترین دا هەیە، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە بوونە ئاشنای یەکدی، پۆل گوتبووی با ئەم ئاشنایەتییەیان نهێنی بێت.

ئەگەر کاترینی دووەم زانیبای پۆل ئاشنای عاشقەکەیەتی ئەوا دەڕەنجێ، بۆیە میشیل لەم ڕووەوە هیچی بەمەلیکە نەگوت، منیش ئاگام لەوە نەبوو میشیل و پۆل ئاشنایەتییان پەیداکردووە، ئەگەر ئاگادار بام نەمدەهێشت پۆل دۆستە گەنجەکەی خانمەکەم بکاتە داردەستی خۆی.

ئەگەر میشیل کەسێکی گەوج با، ئەوا لەم پەیوەندییەی ئاگاداری دەکردمەوە، بەڵام کەسێکی هۆشیار بوو، بۆیە ئاشنایەتییەکەی لەگەڵ پۆل-دا لە من شاردبووەوە، وای هەست دەکرد، ئەگەر بۆم باس کات، ئەوا من ئەم مەوزووعە بۆ خانمەکەی خۆم باس دەکەم. ئەو قسانەی لە نێوانی هەردووکیاندا کرابوون (پۆل) تێگەیشتبوو، کە میشیل لە لای کاتریندا نفوزی زۆری هەیە، هەرچییەک لە مەلیکە بخوازێت، دەسبەجێ بۆی جێبەجێ دەکات، خودی مەلیکە بە میشیل دەڵێت، داوای شت بکە و بۆتی جێبەجێ بکەم خۆشحاڵ دەبم، داخوازییەکانت بەئەنجام بگەیەنم.

پۆل کە زانی میشیل هەر داخوازییەک لە کاترین بکات، داخوازییەکەی قبوڵ دەکرێ گوتی: ڕەنگە ئێوە ئاگاتان لەوە بێت مەلیکە نایەوێ بمبینێ، منیش حەزدەکەم

دایکم ببینم. ئەگەر کارێ بکەیت ئەم دیدەنییەمان سەر بگرێ، من هەمیشە سوپاست دەکەم، لە ئایندەدا پاداشتی ئەم خزمەتەت دەدەمەوە.

یانی پۆل پاش دایکی بگاتە سەڵتەنەت، پاداشتی ئەم خزمەتەی لە یاد ناکات. ئەم ڕووداوانەی باسی دەکەم و شتگەلێکن لە تەحقیقدا کەشف بووە، گەر نا خۆ من ئاگام لە پەیوەندییەکەی میشیل و پۆل نەبووە، تا بتوانم پەی بەو ڕووداوانە ببەم.

پاش ئەوەی لە مۆسکۆوە گەڕاینەوە بۆ سان بترز بۆرگ، خانمەکەم بۆ ئەوەی هەستی ئیرەیی پاڤلۆڤیچ نەورووژێنێ، فەرمانی دا میشیل لە ئەپارتمانێکی بچووکی سێ ژووری و لە تەنیشتی ئەپەرتمانەکەی مندا نیشتەجێ بێت. ناونیشانە ڕەسمییەکەی میشیل مامۆستای زمانی فەرەنسی بوو، دەبا دەرس بڵێتەوە چ کەسێ سەرسام نەبوو کە بۆچی ئەو کوڕە گەنجە لە تەنیشتی ماڵەکەی مندا نیشتەجێ بووە. هەر کاتێ کاترینی دووەم ویستبای میشیل ببینێ، من دەمبردە ئەپارتمانەکەی کاترین. میشیل پۆشاکە کۆنەکەی خۆی بەمایەی بەختەوەری دەزانی، پێی گوتبووم ئەم پۆشاکە کۆنانە وەک خەزینەیەکی گرانقیمەت دەپارێزێ و ناهێڵێ لە نێو بچێت، چونکە هەر کاتێ مەلیکە لە ڕێی منەوە داوای میشیل-ی دەکرد، دەبا ئەم گەنجە ئەم پۆشاکانە بپۆشێ و بچێت بۆ لای مەلیکە- تا خانمەکەم بەویستی دڵی خۆی لەگەڵ مەحبوبەکەیدا ڕابوێرێ.

لە دەرباری کاترینی دووەمدا، جەژنی لەدایکبوونی مەسیح و پاشانیش جەژنی سەری ساڵ تەشریفاتی دوور و درێژ و ماندوو بەخشی هەیە، پاش ئەو تەشریفاتە خانمەکەم هەند ماندوو دەبوو، تاقەتی هیچ کارێکی جددی نەدەما. لە ساڵی ١٧٩٥دا تەشریفاتی جەژنی یەکەمی ساڵ تا ڕۆژی بیست و یەکەمی مانگی ژانوێی درێژەی کێشا، چونکە لەو وڵاتانەی کە لە سەردەمی سەڵتەنەتی کاترینی دووەمدا، بەشێ بوون لە ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا هەیئەتی نوێنەرانیان بۆ پایتەخت هاتبوون، کاترینی دووەمیش مەجبور بوو، بۆ ڕێز لێنانی هەر هەیئەیەکی نوێنەران، دەعوەتێکی شەویان بۆ بکات خۆشی لەسەر مێزەکەی خۆیدا شانازی ئەوەیان پێ ببەخشێ کە لەگەڵ مەلیکەی ڕوسیادا شیف بخۆن.

پاش شیف خواردن، شەونشینی دەستی پێدەکرد، تا نیوەی شەویش بەردەوام





دەبوو. ڕۆژی بیست و یەکەمی ژانوێ، دوا دەعوەتی شیف خواردن لەسەر شەرەفی هەیئەیەکی نوێنەران، کە دوو ڕۆژ پێشتر هاتبوونە پایتەخت دروست کرا، ڕۆژی پاشتر چوومە ژووری نووستنەکەی، پەردەی پەنجەرەکانم لادا، خانمەکەم چاوی کردەوە و گوتی: فریدا شوکر بۆ خوا، ئەمشەو بەشداری دەعوەتی شیف خواردن نیم و ئازادم میشیل لە سەعات هەشت و نیودا بهێنە بۆ لام تا لە گەڵمدا شیف بخوات لە سەعات هەشت و نیودا میشیلم برد بۆ لای کاترینی دووەم، میشیل پۆشاکە کۆنەکەی پۆشیبوو.

کاترین گوتی: فریدا، سێ چارەگە سەعاتی دیی شیف دەخۆین، تا ئەو کاتە من دەچم بۆ حەمام!

کاتێ خانمەکەم لەگەڵ میشیلدا شیفی دەخوارد، جگە لە من چ کەسێکی دیی خزمەتی نەدەکرد، چونکە چ کەسێکی دیی وەک من مەحرەمی نهێنییەکانی نەبوو، تەنانەت پوتمکین-ی سەرۆک وەزیرانی ڕوسیا، ئەوەندەی من مەحرەم نەبوو، چونکە ئەو بۆی نەبوو، بەبێ ئیجازە بێتە ژووری کاترینی دووەم، بەڵام من ئەو ڕێیەم لەبەر دەمدا واز بوو.

سەعات نۆ و چارەگ کاترین لە حەمام هاتە دەرێ، چووە ژووری خۆراک خواردن خۆراکم بۆیان برد، پاشانیش مەلیکە چووە ژووری نوستنەکەی.

عادەت وابوو، بەیانییان نەدەچوومە ژووری نوستنەکەی کاترین و لە خەو هەڵمنەدەساند بەڵکو چاوەڕێم دەکرد خۆی بانگم کات، چونکە دەمزانی کاترین تا بەرە بەیان ناخەوێت، بۆیە نەدەبوو لە سەعاتی دیاریکراودا بەخەبەری کەمەوە.

لە سەعات نۆی بەیانیدا، زەنگی خانمەکەم بەرز بووەوە، چوومە ژووری نوستنەکەی پەردەی ژوورەکانم لادا، تازە ڕۆژ هەڵاتبوو تیشکی ڕۆژ، ژوورەکەی ڕۆشن کردەوە[1].

سەیرم کرد خانمەکەم لەگەڵ میشیلدا خەریکی قسەکردنە، مەوزووعەکەشیان ئەوەیە، باسی سەفەرێ دەکەن، گوێم هەڵخست و زانیم نیازی سەفەری شاری (تزار

(١) دەبێ ئەوە بزانین لە ڕۆژی زستانی سانبترز بۆرگدا، تا سەعات هەشت و نیوی بەیانی دنیا تاریکە.

سکویی سلو)یان مەبەستە، ئەم شارە لە نزیکی پایتەختە، ئەو کاتەش کاتی سەفەر نەبوو بۆ ئەو شارە، چونکە ئەو شارە هاوینەهەوار بوو خەڵکی لە هاویندا بۆ ئەوێ دەچوون، نەک لەم وەرزەدا، کە هەموو شوێنێکی سان بترز بۆرگ مەیی بوو، جا چ جای ئەو شوێنە.

مەلیکە گوتی: میشیلی ئازیز، بۆ ئەوەی تۆ ڕازی بیت، هەرچییەکی بڵێیت دەیکەم، چاکە ئامادەم فەورەن بچین بۆ ئەو شارە، تا ئەو شارە لە ژێر بەفردا ببینی!

کە لە ژوورەکە چوومە دەرێ، سەفەری ئەو وەرزەیان تووشی سەرسوڕمانی کردم، میشیل گەنجێکی بێ هەوا و هەوەس بوو، ئەم خواستە لەوەوە دوور بوو، هێزی عەشق و جازبیەی گەنجی و جوانی میشیل، ببووە بەربەست لە ڕووی خانمەکەمدا، دەبا ئاگای لەم خواستە نائاگاییەی ئەم گەنجە با، کەچی من ئەمەم بەنائاسایی وەرگرت، بڕیارم دا هەمان ڕۆژ لە میشیل بپرسم بۆچی دەیانەوێ بچن بۆ ئەو شارە.

میشیل لە ژووری نوستنەکەی خانمەکەم چووە دەرێ، ڕووەو ئەپەرتمانەکەی خۆی ڕۆیشت. تا سەعات دوانزەی نیوەڕۆ هەر خەریکی خزمەتکاری بووم، فرسەتم دەس نەکەوت تەحقیق لەگەڵ میشیلدا بکەم.

هەموو ڕۆژێ لە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ. میشیل لەگەڵ مندا فراڤینی دەخوارد، ئەو ڕۆژە لە کاتی فراڤین خواردندا بەپێکەنینەوە لێم پرسی: میشیل چییە وا لەپڕ هەوەسی سەفەری ئەو شارەت لا دروست بووە؟

میشیل ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، تێکچوو، نەک تەنیا سەرسامی کردم، بەڵکو نیگەرانیش بووم، لەسەر کورسییەکە هەڵسام، نزیکی بوومەوە، هەندێ نەوازشی مووەکانی سەریم کرد و گوتم: میشیل-ی ئازیز، ناشێ لەو شارەدا عەشیقەیەکت هەبێ وا دەتەوێ بچیت بۆ ئەو شارە، ئەگەر وایە بۆچی مەلیکە لەگەڵ خۆت دەبەی؟

میشیل گوتی: نەء... خانم لەوێدا عەشیقەم نییە!

گوتم: ئەی بۆچی کە پێم گوتی، بۆچی بۆ ئەو شارە دەچیت سوور هەڵگەڕایت؟

میشیل سەری داخست، زیاتر نەوازشم کرد، چونکە دەمزانی ڕۆحی گەنج دەکەوێتە ژێر کاریگەری نەوازشەوە، ناکەوێتە ژێر کاریگەری خشوونەتەوە.





میشیل گوتی: حەقیقەت ئەوەیە وەعدم بە کەسێک داوە مەلیکە ببەم بۆ ئەو شارە.

ئێدی لە قسەکەی تێگەیشتم، ڕۆژی پاشتر خانمەکەم بەبێ حیمایە دەچێتە ئەو شارە، جگە لە ڕانەندی گالیسکەی سورتمە و میشیل چ کەسێکی دییان لەگەڵ نابێت.

گوتم: میشیل ئەو کەسەی وەعدت پێ داوە کێیە؟

گوتی: ناتوانم ناوەکەی بدرکێنم.

پاش ئەم قسەیە، نیگەرانییەکەم. بوو بە ترس، دەبا دەسبەجێ مەلیکە ئاگادار کەمەوە، ئەگەر ئاگاداری نەکەمەوە، مومکینە بەدبەختییەکی گەورە بێتە پێشێ... ئەمە بوو، چوومە لای مەلیکە و گوتم: خاوەن شکۆ، میشیل بەمنی گوت، وەعدی بە کەسێ داوە سبەینێ تۆ ببات بۆ ئەو شارە، لێم پرسی ئەو کەسە کێیە؟ ناوەکەی پێ نەگوتم ئێوە خۆتان دەتوانن ناوەکەی لێ بپرسن.

مەلیکە کە ئەم قسانەی لێ بیستم کەوتە بیرکردنەوە پاشان گوتی: ئەمڕۆ کارم زۆرە، ناتوانم تەحقیق لەگەڵ میشیلدا بکەم، شەوێ بینێرە بۆ لام تا بزانم وەعدی بە کێ داوە.

شەوێ میشیلم بە پۆشاکە کۆنەکەیەوە ناردە لای کاترین، پاش سەعاتێ بەمیهرەبانی خۆی توانی ئیعترافی پێ بکات، میشیل گوتبووی وەعدی بە شازادە پۆل-ی کوڕەکەی کاترین داوە، کە مەلیکە بۆ ئەو شارە ببات تا ئەو کوڕە مەلیکە ببینێ!

مەلیکە لێی پرسی بوو: ئەگەر پۆل دەیەوێ من ببینێ بۆچی داوا لە تۆ دەکات بەبێ حیمایە بچین بۆ ئەو شارە؟

ئەو کوڕە گەنجە نەیتوانی وەڵام بداتەوە، خانمەکەم دەیزانی پالکین-ی هاوسەری پۆل، ژنێکی فیتنە ئەنگێزە. خانمەکەم هەستی کرد دەیانەوێ بیکوژن. لەگەڵ ئەمەشدا ئیرادەی ئەوەندە بەهێز بوو، تا ڕۆژی پاشتر هیچ شتێکی نەکرد، دەیویست ئەوانەی مەبەستیانە بیکوژن لە شوێنی تاوانەکەدا دەسگیریان بکات.

ڕۆژی پاشترو خانمەکەم زوو لە خەو هەڵسا، میشیلی مەرەخەس کرد.

میشیل گەڕایەوە بۆ ئەپارتمانەکەی خۆی، تا بنوێت، پاش چەند دەقیقەیەک ئەفسەرێکی بەرپرسی حەرەسەکان چووە ژوورەکەی میشیل، پێی گوت: جلەکانی لەبەرکات تا لەگەڵ خۆیدا بیبات.

میشیل بە سەرسامییەوە گوتی: بۆ کوێم دەبەن؟

ئەفسەرەکە پێی گوت: بەئەمری مەلیکەی خاوەن شکۆ، تۆ تەوقیفیت!

میشیل ڕەنگی لە ڕوودا نەما و گوتی: بۆچی تەوقیفم دەکەی؟

ئەفسەرەکە گوتی: نازانم، تەنیا ئەمری خاوەن شکۆ جێبەجێ دەکەم.

میشیل، پەنای بۆ من هێنا، بەڵام نەمدەزانی چ کارێ بکەم، دوو سەربازی گاردی سوپای مەلیکە، لەبەر دەرگاکە وەستابوون، نەوەک میشیل ڕابکات. بەئەسپایی بە ئەفسەرەکەم گوت: ڕەفتاری باشی لەگەڵدا بکەن،

ئەفسەرەکە گوتی: خودی مەلیکەش ئەمری فەرمووە، ڕەفتاری چاکی لەگەڵدا بکەین.

ئیدی میشیلیان برد.

خانمەکەم پاش نیو سەعات بانگی کردم و گوتی: فریدا وەرە پێشەوە با ماچت کەم چونکە خزمەتێکی گەورەی منت کرد، ئەگەر پێتنەگوتبام میشیل وەعدی بە کەسێ داوە، کە بمبات بۆ ئەو شارە، ئەمڕۆ دەکوژرام. دڵنیام پۆل بە دنەی بالکین–ی ژنی نەخشەی کوشتنی منی داڕشتووە، منیش فەرمانم دا تەوقیفیان کەم.

دەرکەوت خانمەکەم بۆ ئەوەی ڕووداوەکەی لا ڕۆشن بێتەوە، سورتمەیەکی بێ حیمایەی ناردبووە ئەو شارە، تا پۆل مەبەستەکەی بەئەنجام بگەیەنێ، لە دوای ئەو سورتمەیە، چەند سورتمەیەکی پڕ لە سەربازی گاردی مەلیکەی تیادا بوو، تا پۆل و هەرکەسێکی لەگەڵدابێ دەسگیر بکەن، ژنەکەشی لە پایتەخت دەسگیرکەن. سەربازەکان ڕۆیشتن پۆل لەو ڕۆژەدا پۆشاکی غەیرە عەسکەری پۆشیبوو، (پۆل عادەتی وابوو پۆشاکی سەربازی دەپۆشی) تەوقیفیان کرد، سەرسام بوون کە بینییان ژنەکەی لەگەڵدا نییە.

کە پۆل تەوقیف کرا ئەگەر چی پۆشاکی سەربازی لەبەر دانەبوو، دوو دەمانچە و





چەقۆیەک و نامەیەکی فالن–ی کەشیشی پێ بوو، لەو نامەیەدا فالن پێشەکی و بەر لە مردنی کاترینی دووەم، پیرۆزبایی لە پۆل دەکات کە سەڵتەنەتی وە دەستهێناوە، ئەڵبەتە بەبێ ئەوەی ئیشارەتێ بۆ کوشتنی کاترینی دووەم بکات.

پۆل و ژنەکەی هەروەها فالن و میشیل خرانە ژێر تەحقیقەوە.

پۆل و ژنەکەی گوتیان مەبەستمان کوشتنی مەلیکەی ڕوسیا نەبووە، لێیان پرسی بۆچی دەمانچە و چەقۆت هەڵگرتبوو، لە وەڵامدا گوتبووی بەفر زەوی داپۆشیبوو، لە ترسی هێرشی گورگ و ورچ چەقۆ و دەمانچەی هەڵگرتووە.

پۆل ئیعترافی کرد، کە داوای لە میشیل کردبوو، مەلیکە بەتەنیا بهێنێت بۆ ئەو شارە، چونکە لەبەر چاوی حیمایەدا سۆزی دایک و فەرزەندی دەرنابڕدرێ، بۆیە داوای لە میشیل کردبوو، بەتەنیا دایکی بهێنێت تا ئەغیاران، خۆی و دایکی بێزار نەکەن.

لە فالن–یان پرسی، تۆ بۆچی پیرۆزبایی لەسەر تەخت نشینی سەڵتەنەتت لە پۆل کردبوو، لە کاتێکدا پاشا نییە و وەلیعەهدە؟

فالن گوتبووی: خەونم بینیبوو، لە خەونمدا ببووە پاشا بۆیە پیرۆزباییم لێ کرد!

میشیل لە دەربار دەرکرا، ناردیانەوە بۆ مۆسکۆ و بۆ لای دایکی، بەڵام لە ماڵ و سامانی دونیا دەوڵەمەند کرا.

لەو مێژووەی کە من خەریکی نووسینی ئەم لاپەڕانەم، میشیل لە ڕوسیادا دەژیا، ژنی هێنابوو خاوەنی منداڵیش بوو، وەک ئەشراڤێک دەژیا. بەر لەوەی میشیل لە دەربار دەرکرێ مەلیکە پێی گوتم: فریدا، ئەو کوڕە فەڕەنسییە ئەگەر گەوج با، ئەوا بەخۆمم دەگوت، نەیزانیوە کە دژ بەمن کودەتا دەکەن، بەڵام گەنجێکی هۆشیارە، کاتێ کە پۆل پێی گوتووە بەبێ حیمایە بچم بۆ ئەو شارە، دەیزانی ئەم ماستە موویەکی تێدایە لەگەڵ ئەمەشدا بە منی نەگوتبوو.

پۆل ئومێدەواری کردووە، پاش مردنی من و گەیشتنی بە سەڵتەنەت، پاداشتی خیانەتەکەی دەدات. بۆیە گومانم لێیەتی.

پاش ئەوەی پۆل دەستگیرکرا، دڵنیا بوو کە میشیل ئەم ڕازەی درکاندووە، پاش

مردنی کاترینی دووەم، پۆل بڕیاری دا میشیل تەمێ کات، بەڵام میشیل گەنجێکی پارەدار بوو، هەر کە کاترینی دووەم مرد و پۆل سەڵتەنەتی گرتە دەست، میشیل لە ڕوسیا ڕای کرد پاش پێنج ساڵ (پۆل کوژرا) میشیل گەڕایەوە بۆ ڕوسیا.

وەزیری عەدل و مودەعی عامی گشتی، ئەنجامی تەحقیقاتی موتەهەمینی خستە بەر دەستی خانمەکەم.

سزای میشیل، هەر ئەوەبوو لە دەربار دوورخرایەوە.

فالن-ی کەشیش، حوکم درا بۆ سیبیریا دوور دەخرێتەوە، ڕیشیان تاشی، مووی سەریان کورتکردەوە، سواری سورتمەیان کرد بەو زستانە بەرەو سیبیریایان نارد.

ئەو پیاوە بەدبەختە نەیتوانی تەحەمولی سەرمای زستانی ڕوسیا بکا تەحەمولی ئەو سەفەرە درێژەی نەکرد، بەر لەوەی بگاتە سیبیریا گیانی سپارد.

پالکینی هاوسەری پۆل لە ژێر زەمینێکی قەڵای (پترۆپڵ) حەپس کرا بەشێ لە سەردابەکەی ئەو قەڵایە کەوتبووە بەر ڕێڕەوی ڕووباری (نەوا) دەشزانین ڕووباری نەوا بە بترز بۆرگدا تێدەپەڕێ. خانمەکەم دەیتوانی ئەمر بکات ڕێڕەوی ڕووبارەکە بگۆڕنە نێو سەردابەکە ، ئەو ژنە بکوژێ. بەر لە کاترنی دووەم هەندێ مەحکووم لە بترزبۆرگدا بەو شێوەیە کوژران، بەڵام کاترینی دووەم بەڕەحم بوو، ئەمری خنکاندنی پالکینی دەرنەکرد و ئەو ژنە لە قەڵای (پترۆپڵ)دا حەپس بوو، تا ئەو کاتەی کاترینی دووەم مرد. پۆل-یش بەناوی پۆل-ی یەکەم گەیشتە سەڵتەنەت و ژنەکەی لە زیندان دەرهێنا، ئێستاش لە ڕوسیادا دەژێت.

پۆل-ی وەلیعەهدی ڕوسیاو ئەگەرچی ئیعتڕافی نەدەکرد، کە دەیەوێ مەلیکە بکوژێ بەڵام هەندێ دەلیل، وەک هەڵگرتنی چەک و نامەکەی فالن. بوونە سونگەی ئەوەی تەمێی بکەن بۆ فەنلاند دوورخرایەوە،

ئەگەر کەسێکی دیی لە جێی کاترینی دووەم دەسەڵاتداری ڕوسیا با ئەوا پۆل-ی ئیعدام دەکرد.

ئیمپراتۆر و شاژنە مەلیکە کۆنەکانی ڕوسیا، بەتۆمەتی گەلێ بچووکتر لە تۆمەتەکەی پۆل، تاوانبارانیان دەکوشت، بەڵام کاترینی دووەم بەزەیی بەپۆل دا هاتەوە، چاوپۆشی کرد لە کوشتنی.





وام تەسەوڕ دەکرد میشیل بۆ هەمیشە دڵی خانمەکەمی داگیر کردووە، لەبەر چاو کەوت و لە دەربار دوورخرایەوە.

دوورخستنەوەی کەسانی وەک میشیل، لە دەرباری ڕوسیا، یەکێ بوو لە ئیرادەکانی خانمەکەم، هەرگیز ڕووی نەدابوو، خانمەکەم مەحبوبەکەی خۆی لەبەر چاو کەوتبا ئاشتی کاتەوە. ژنانی دی، هەندێ جار بۆ شەش حەوت کەڕەت، لەگەڵ عاشقەکانی خۆیان عاجز دەبن و دەگەڕێنەوە بۆ لای. بەڵام مەلیکەی ڕوسیا هەر کەسێکی لەبەر چاو کەوتبا، ئیدی ئەو لەنێو چاو کەوتنە بۆ هەمیشە بەردەوام دەبوو. ئەگەر چی پوتمکین، کارێکی پێ درابوو، هەمیشە لە دەربار بوو بەڵام لەنێو دڵی کاترینی دووەمدا جێی نەمابوو.

بڕیارەکانی خانمەکەم لە عەشقدا، وەک بڕیارە سیاسییەکانی وابوون هەر کە قەراری دەدا، پاشگەز نەدەبووەوە.

# کوڕە لادێییەک پاش مردنی کاترینی دووەم خۆی کوشت

لە نزیکی شاری سان بترزبۆرگدا، بەندەرێک هەیە بەناوی (کرونشتادت) ئێمە جار جارێ دەچووین بۆ ئەو بەندەرە، پاش دوو مانگ بەسەر ئەو ڕووداوانەی باسم کرد، ڕۆژێ لەگەڵ خانمەکەمدا بەرەو ئەو بەندەرە چووین و حیمایەشمان لەگەڵدابوو.

لە کەناری ئەسکەلەی ئەو بەندەرە، کەشتییەکی بایەوان، بارەکەیان دادەگرت، کوڕێکی گەنج بارەکانی دادەگرت و گۆرانی دەوت، مەلیکەی ڕوسیا و حیمایەکانی کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو گۆرانییە.

ئەو گۆرانییەی ئەو گەنجە دەیچڕی یەکێ بوو لەو تەسنیفە موبتەزەلانە، کە دەریاوانەکانی بەندەری، (کرونشتادت) و بەندەرەکانی باکوری ڕوسیا، دەیانچڕی، بەڵام ئاوازە سافەکەی ئەو گەنجە، بەجۆرێ تەسنیفەکەی خستبووە ڕوو، ئێمە لەززەتمان لێ وەردەگرت، بەجوانی ڕوخساری ئەو کوڕە گەنجەمان نەدەبینی، بەڵام بەجوانی ئەو دەنگەمان دەبیست. لەپڕ ئەو کوڕە بەجۆرێ وەستا، ئێمە ڕوخساریمان بینی، کاترینی دووەم گوتی: وەی... چەند جوانە!

کاترینی دووەم وەک گوتمان لە دوا ساڵەکانی تەمەنیا، عاشقەکانی خۆی لە نێوان گەنجانی خەڵکە عەوامەکە هەڵدەبژارد، ئەو ڕۆژەش کە ڕوخساری ئەو گەنجەی بینی، پێیگوتم: فریدا، ئەم گەنجەم دەوێ، دەبێ تۆ بیکەیتە دۆستم.

گوتم: خاوەن شکۆ، ئێوە بگەڕێنەوە ئەمر بفەرموو، گالیسکەیەکی بێ حیمایە، لێرەدا بمێنێتەوە، تا فرسەتێ وەدەست دێنم و لەگەڵ ئەو گەنجەدا قسە دەکەم. دەمزانی پاش تەواو کردنی کارەکەیان لە کەشتییەکە دێتە دەرێ، چونکە دەریاوانان پاش هەموو سەفەرێ پێویستییان بەئیسراحەتە.

دەبا حەوسەڵەم هەبێ و چاوەڕێ بکەم، تا ئەو گەنجە لە کەشتییەکە دێتە دەرێ، واش کەوتبووە ڕوو، ئیشەکەیان درێژە دەکێشێ، لە ئەسکەلەکە دوور کەوتمەوە، ئەو گەنجەم دایە بەر مەدی نەزەر. کارەکەیان تەواو بوو (پوستینەکەی) کە پۆشاکی ئاسایی هەموو دەریاوانان بوو، لەبەر کرد و هاتە دەرێ، سەیرم کرد ڕاستەڕێی





گرتووە و دەبێ بەبەردەمی مندا تێپەڕێ، کە گەیشتە لام، وا کەوتە ڕوو، بەدووی ماڵێ، یا دوکانێکدا دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە. سەیری دەوروبەری کرد، بەو گەنجەم گوت: خەڵکی ئێرەیت؟

گەنجەکە گوتی: (فی– ئات– مادام)[١]

ئەم دوو کەلیمەیە کافی بوو، بۆ ئەوەی بزانم، ئەم گەنجە بێ تەربیەت نییە، چونکە ئەم دوو کەلیمەیە لە باکوری ڕوسیا و لە مۆسکۆدا، بەکاردەهێنرێ، لە شوێنەکانی دیا، هەند موتەداویل نین، خەڵکە عەوامەکەی ڕوس چ لە ناوەند، یا باشووری ڕوسیا. هەرگیز بە ژنێ ناڵێن (مەدام).

گەنجەکە پاش ئەوەی وەڵامی (نەخێری) دایەوە، پرسیی: ئایا بەدووی شوێنێکدا دەگەڕێیت؟

گوتم: بەڵێ، دەمویست بچم بۆ کەناری کەناڵی قو، بەڵام نازانم ئەو کەناڵە لە کوێدایە؟

کاتێ لە دەربەندی (کرونشتادت) ئەم پرسیارە لە ڕێبوارێک بکەیت وەکو ئەوە وایە کەسێ لە پاریسدا، لە ڕێبوارێ بپرسێ ڕووباری (سن) لە کوێدایە؟

ئەو گەنجە لە پرسیارەکەم سەرسام بوو، پاشان گوتی: منیش بۆ ئەوێ دەچم، وەرە لەگەڵ خۆمدا بتبەم.

لەگەڵ گەنجەکەدا کەوتمە ڕێ، بەدزییەوە سەیرم دەکرد، بەڵام ئەو ئاگای لە من نەبوو.

سەیرم کرد، ئەو شاگردە، دەریاوانە، ئەوەندە تەڕ و پاراوە، دەڵێی ڕوخساری، خونچە گوڵێکە و لە بەهاردا دەمی کردۆتەوە، بۆ ئەوەی سەری قسە دامەزرێنم جارێکی دی گوتم: وەکو ئەوە وایە ئێوە خەڵکی ئێرە نەبن!

گەنجەکە گوتی: نەء... خانم من خەڵکی لیتوانی–م.

گوتم: تۆ ئێرە بەچاکی دەناسی؟

گوتی: من زۆرجار بۆ ئێرە دێم. بۆیە ئاشنای وەزعی ئێرەم.

(١) فی– ئات– مادام: یانی نەء خانم.

گوتم: هەرجارەی کە دێیتە ئێرە، چەند ڕۆژی تیا دەمێنیتەوە؟

گوتی: دوو سێ ڕۆژ، هەر کە بارەکان خاڵی کران، دەکەوینە ڕێ و دەڕۆین.

گوتم: وەک دیارە دەسهاتی باشت هەیە؟

گوتی: بەڵێ خانم... دەسهاتەکەم لە مانگێکدا پانزە ڕۆبڵە.

گوتم: دایک و باوکت لە ژیاندان؟

گوتی: باوکم مردووە دایکم لە ژیاندایە.

گوتم: ئەڵبەتە دایکیشتان بەخێو دەکەن.

گوتی: بەڵێ، خانم.

گوتم: ناوت چییە؟

گوتی: سرگی رودنێ.

(سرگی) وەک زۆربەی گەنجانی هەرێمەکانی باکوری ڕوسیا، لەش ساغ و بەقەڵافەت بوو، کاتێ ئینسان ئەوی دەبینی درەختە سنەوبەری جەنگەڵەکانی فەنلادای لا بەرجەستە دەبوو، کە لە نەمامییەوە گەشە دەکات و بەرز دەبێتەوە و هەرگیز گەش و پاراوی خۆی لە دەست نادات.

گوتم: سرگی، چەند ساڵە دەریاوانی؟

گوتی: سێ ساڵە لە دەریادا کار دەکەم.

گوتم: حەز دەکەی لە وشکاییدا کار بکەی؟

وەستا، بە سەرسامییەوە سەیری کردم، سوودم لەم وەستان و سەرسامییەی وەرگرت بەجوانی سەیرم کرد، چاوەکانی (سرگی) درشت و شین بوون، ئەوەندە ساف بوون، ئینسان کە ئەو چاوە پاک و مەعسومانەی دەبینی، دەشڵەژا، مووی زەرد و لوول بوو، کە قژە زەردەکەی دەکەوتە سەر ناوچەوانی، وەک فریشتە دەکەوتە ڕوو، لەبەر ئەوەی دەستەکانی لە گیرفان نابوون، نەمدەبینی دەستەکانی چۆنن، پاش چەند ساتێ گوتی: بۆ لە وشکاییدا کارم دەس دەکەوێ؟

گوتم: بۆ چ خێرتە، وا لە وشکاییدا کارت دەس نەکەوێ.

گوتی: جگە لە دەریاوانی، چ کارێکی دیم لە دەست نایێت، باوکیشم دەریاوان بوو





منیش بوومە دەریاوان.

گوتم: ئەم قسەیە، دەبێ پیاوێکی حەفتا ساڵ بیکات نەک گەنجێکی وەکو تۆ، کە تەمەنت لە حەڤدە ساڵ زیاتر نییە، تۆ لەبەر ئەوەی گەنجیت، دەتوانی کاری نوێ بەدەست بێنی و سەرکەوی؟

گوتی: دەتوانم چ کارێ بکەم؟

گوتم: دەتوانیت لە لای مندا خزمەت بکەی، من پەروەردەت دەکەم و کاری چاکت پێ دەسپێرم.

گوتی: ڕاست دەکەی؟

گوتم: من هی درۆ نیم، ئامادەم هەر ئێستا بتخەمە نێو کارەوە.

لەبەر ئەوەی هێشتا دەستەکانی سرگیم نەبینیبوو، ترسی ئەوەم هەبوو دەستەکانی ببێتە مایەی بێزاری کاترینی دووەم. سرگی دەریاوان بوو دەریاوانەکانیش دەستی بچووک و ناسکیان نییە، خانمەکەم گەلێ حەزی لە دەستی بچووک بوو.

سرگی گوتی: خانم ئەگەر دڵنیابم لە لای تۆ کار دەکەم ئەوا دەگەڕێمەوە بۆ لیتوانی[1] دایکم ئاگادار کەمەوە و گرێبەستەکە لەگەڵ خاوەن کارەکەدا هەڵوەشێنمەوە و پاشان لەگەڵ ئێوەدا کار بکەم.

گوتم: سرگی تۆ گوتت، دەریاوانیت؟

گوتی: بەڵێ.

گوتم: ئەگەر دەریاوان بیت، دەستەکانتم نیشان دەدەیت.

ئەو گەنجە بێ ئەوەی لە قسەکانم سەرسام بێت دەستەکانی لە گیرفان دەرهێنا، گەلێ خۆشحاڵ بووم کە بینیم، دەستەکانی بچووکن و هەندێ قەڵەون.

چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد دەستەکانی گەنجێکی دەریاوان ئاوها بەبچووکی ببینم

(١) لیتوانی، یا لیتوانیا، دەکەوێتە ڕۆخی دەریای بالتیک، یەکێ بوو لە ویلایەتەکانی ڕوسیا، پاشان بووە بەشێ لە یەکێتی سۆفیەتی جاران، پاشان لە ساڵی ١٩٩٠، لەگەڵ لیتوانی و ئیستوانی ، وڵاتانی دیی دەریای بالتیک لە یەکێتی سۆفیەت جیابوونەوە (کۆمارەکانی دیی کە پانزە کۆمار بوون) ئیستقلالی خۆیان وەرگرت.

دەستم بەناو دەستیا هێنا، هەندێ زبر بوون، ئەم زبرییەش لە ئەنجامی کاری سەختەوە دروست بووە، پاش چەند هەفتەیەک و دوورکەوتنەوە لە کاری سەخت ئەو زبرییە نامێنێت. ئەو گەنجە نەیدەزانی زبری یا ناسکی دەست جۆری کاری پیاوان دەخاتە ڕوو.

گوتی: بۆچی ختوکەی نێو لەپم دەدەی؟

گوتم: دەمویست بزانم دەریاوانی یا نەء؟ چونکە کاری دەریاوانی قورسە و شوێنەواریش لەسەر دەست جێدەهێڵێ.

پاشان کەوتینە ڕێ و پاش چەند ساتێکی دیی، گوتی: خانم ئێرە ئەو کەناڵەیە کە دەتپرسی. بڵێ ئێستا بۆ کوێ دەچیت؟

گوتم: مەبەستم بوو تەنیا ئەو کەناڵە ببینم، چ مەبەستێکی دیم نەبوو.

ئەو گەنجە هەندێ بێدەنگ بوو، پێدەچوو، چاوەڕێی دوا بڕیاری من بێت، منیش پێمگوت: سرگی، ئامادەی هەر لە ئێستاوە کارم بۆ بکەیت؟

گوتی: بەڵێ... بەڵام دەبێ بگەڕێمەوە بۆ لای خاوەن کارەکەم، تا پێی بڵێم چیدی کارت بۆ ناکەم.

گوتم: خاوەن کارەکەت لە لیتوانیدایە؟

گوتی: بەڵێ.

گوتم: نامەیەکی بۆ بنووسە، ئاگاداری کەوە، کە چیدی کاری بۆ ناکەیت پۆست-یش هەر بۆ ئەم کارانە دامەزراوە.

ئەم گەنجە، سەری لە گوتەکەم سوڕما، وەک ئەوەی نەزانێ ئینسان بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکانی دەتوانێ سوود لەو پۆست-ە وەرگرێ و

گوتی: دەترسم خاوەن کارەکەم لە لای دایکم شکاتم لێ بکات و بڵێت بەپێچەوانەی گرێبەستەکە ڕەفتار دەکات.

گوتم: خاوەن کارەکەت، مانگی پانزە ڕۆبڵت دەداتێ، وانییە؟

گوتی: بەڵێ وایە.

گوتم: مووچەی ساڵێکت کە دەکاتە سەد و هەشتا ڕۆبڵ، ئەم بڕە پارەیە بۆ خاوەن





کارەکەت دەنێرم، تا لای دایکت شکاتت لێ نەکات کە گوایە خیلافە وەعدیت.

ئەم قسەیەی پێ خۆش بوو.

گوتی: لێگەڕێ با بچم خواحافیزی لە هاوڕێکانم بکەم، هەرچییەکیشم لەوێیە بیهێنم.

گوتم: چیت لەوێدایە؟

گوتی: جووتێ پێڵاو و دوو دەست پۆشاک.

گوتم: چاوپۆشییان لێ بکە، من پۆشاک و کەوشت بۆ دەکڕم، هەر لێرەدا کەسانێ ڕادەسپێرم بچن خواحافیزی لە هاوکارانت بکەن.

ئەو گالیسکەیەی چاوەڕێی دەکردم، لە دوورەوە تاقیبی ئێمەی دەکرد، پاش ئەوەی قسەکانم لەگەڵ سرگی تەواو بوو، ئیشارەتم کرد، گالیسکەکە نزیک بێتەوە. کە بە سرگیم گوت فەرموو سواربە، هەستم کرد دەترسێ، سەیری ئەسپ و گالیسکەچییەکەی دەکرد، جورئەتی نەدەکرد سوار بێ، دەستم گرت تا سوار بێت گالیسکەکە کەوتە ڕێ، گەیشتینە نزیک ئەسکەلەکە، بەگالیسکەچییەکەم گوت، بچێت بۆ نێو کەشتییەکە، خواحافیزی لە هاوکارەکانی سرگی بکات.

سرگی بە سەرسوڕمانەوە سەیری گالیسکەکەی دەکرد، نەیدەتوانی تێبگات کە،چ موعجیزەیەک ڕووی داوە وا لە پڕ سواری ئەم گالیسکەیە بووە، وەکو ئەوە وابوو بەرەو دنیایەکی دی هەنگاو بنێت.

ڕێی سان بترزبۆرگمان گرتە بەر، سرگیم بردە ماڵەکەی خۆم ئەم دەریاوانە، هەرگیز خۆی لە قەسرێکی ئاوهادا نەبینیبوو، بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەوروبەری دەکردو کە پێمگوت جلەکانت داکەنە، بچۆ بۆ حەمام، دەستی بەگریان کرد. گریانی ئەو گەنجە گەلێ غەم بەخش بوو، پێمگوت: بۆچی دەگریت؟

گوتی: بۆ ئەوە دەگریم تۆ دەتەوێت بمکوژیت.

گوتم: گەوجە، دەمەوێ تۆ خاوێن کەمەوە، ئەگەر ویستبام بتکوژم بۆچی تۆم دەهێنا بۆ ماڵەکەی خۆم؟

پاش ئەوەی سرگی چووە حەمامەوە، خزمەتکارێکم بانگ کرد و گوتم ئەم پۆشاکانە

بکوڵێنە، ئەمەم بۆ ئەوە کرد نەوەک پۆشاکەکانی ئاڵوودە بووبێ، چونکە مەجبوورم ئەم پۆشاکە بپارێزم، چونکە مەلیکەی ڕوسیا بەو پۆشاکەوە بینیویەتی، دەبێ هەر بەو پۆشاکەوە بیبەم بۆ لای.

بەر لەوەی سرگی بچێتە حەمام، فەرمانم دابوو چەند دەست پۆشاک و قەمیسی بۆ بدوورن.

پاش ئەوەی ئەم گەنجە سادەیە لە حەمام هاتە دەرێ و یارمەتیم دا تا پۆشاکەکانی بپۆشێ، چونکە نەیدەزانی ئەو پۆشاکە نوێیانەی بۆیان هێنابوو، چۆنی لەبەرکات.

سرگی لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکرد، منیش بەدیقەتەوە سەرنجم دەدا، تا بزانم ئەم پۆشاکە نوێیانەی پێ باشە یا نەء، کەچی ئەو گەنجە لە بری ئەوەی کەیفخۆش بێت، دەترسا، وەکو ئەوە وابوو خۆی گوم کردبێ چەپ و ڕاستی لەیەک نەدەکردەوە.

مەلیکە بانگی کردم و پێیگوتم: وەزعی میوانەکەمان چۆنە؟

گوتم: خاوەن شکۆ ئێستا سرگی خۆی ون کردووە، ماوەیەک فرسەتی بدەرێ تا خۆی دەبینێتەوە، تەسەوڕ دەکەم بۆ تەربیەتدانی ئەم کوڕە، تووشی ئیشکال دەبم مەلیکە پێکەنی و گوتی: فریدا، لەبەر ئەوەی سرگی خەڵکی باکوورە، ڕەنگە خوێن سارد بێت.

گوتم: بەڵێ خاوەن شکۆ، ڕەعیەتەکانت کە لە باشووردا دەژێن، خوێنگەرمتر و میهرەبانترن. ئەوەم لا دروست ببوو، لە نێوان گەنجە عاشقەکانی مەلیکەی ڕوسیا، ئەوانەی کە لە باکوری ڕوسیادا لە دایک بوون، خوێنساردن، ئەو کەسانەی کە لە باشووردا لە دایک بوون و لەوێ نەشونمایان کردووە، زووتر تەربیەت وەردەگرن و ڕەمزەکانی ژیان فێر دەبن. سرگیش لە باکوری ڕوسیا لە دایک ببوو، دەریاوانیش بوو، خوێنساردی دەریاوانەکانی باکوری ڕوسیا، شاراوە نییە، لە مانەش بەو لاوە تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو، بڕیارم دا بەنەرمی و میهرەبانی ڕامی کەم.

سرگی، بچووکترین شت کاری تێدەکرد دەستی بەگریان دەکرد، وامدەزانی لە ترسا دەگرییێت، بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت دڵی گەلێ ناسکە، بچووکترین شت دەیگرییێنێت، ئیدی نەدەبا کارێ بکەم دڵگیر بێت،

سرگی، نەک تەنیا تا ئەو کاتە ئاشنایەتی لەگەڵ هیچ ژنێکدا نەبوو، بەڵکو وەک





زۆربەی گەنجەکانی باکوری ڕوسیا تا تەمەنیان نەگاتە بیست ساڵ و ناتوانن جوانییەکانی ژن دەستنیشان کەن کاتێ لە سرگیم پرسی منداڵ چۆن دێتە وجودەوە، هەمان ئەو وەڵامەی دایەوە کە دایکان چۆن وەڵامی منداڵە بچووکەکانی خۆیان دەدەنەوە و پێیگوتم: لە قوڕ دێتە وجودەوە.

ئەگەر سرگی لە گەشتێکی بازرگانی میللەتانی دیی ئەورووپا کاری کردبا، ئەوا لە ماوەی مانگێ یا هەفتەیەک شتگەلێکی دەبیست، چاو و گوێی دەکرانەوە، بەڵام ئەو دەریاوانانەی کە سرگی لە گەڵیاندا کاری دەکرد، وەکو سرگی دەریاوانی باکوری ڕوسیا بوون و هەموو پیاوانی موئەدەب بوون، هەر بۆیە ئەو گەنجە حەڤدە ساڵەیە نەیدەزانی ژن چۆن سکی پڕ دەبێ و چۆنیش منداڵی دەبێ،

هێشتا فێری ئەلف و بێی موعاشەڕەت نەبووبوو، هەموو ڕۆژێ کاترینی دووەم داوای لێدەکردم بیکەمە ئاشنای سرگی.

ئەو گەنجە، ئەوەندە سادە بوو، تەنانەت مانۆڕی ناڕاستەوخۆ کاری لێ نەدەکرد، کچێکی خزمەتکاری گەنج لەبەر دەستمدا کاری دەکرد، پێمگوت کارێک بکە سرگی کەمەنکێشی خۆت بکەی، ڕەنگە سرگی لەگەڵ کچێکی هاوتەمەنی خۆیدا بورووژێت، ئەو ساردییەی گەرم داگەڕێ.

سرگی لەگەڵ ئەو کچە گەنجەدا قسەی دەکرد، تەنانەت پێشدەکەنی، بەڵام هەرکە بەرەو عەشق دەچوون، بەجۆرێ بێ ئاگایی خۆی دەنواند، ئەو کچە گەنجەی ئازار دەدا ئەم گەنجە، ڕێک وەکو کارەکتەرە کۆمیدییەکە (مولیر) بوو، پاش ئەوەی ژنی هێنا و چوونە ژووری نوستنەوە، بە بووکەکەی گوت، با وازی تاک و جووت بکەین!

سرگی–یش، لەگەڵ ئەو کچە گەنجەدا، دەربارەی هەموو شتێ قسەیان دەکرد، تەنها ئەوە نەبێ کە کچەکە حەزی لێیەتی پاش پێنج ڕۆژ، لە کاتی فراڤین خواردندا، خانمەکەم هاتە ژوورێ، بۆ ئەوەی سرگی ڕام کەم، شەو و ڕۆژ بەیەکەوە خۆراکمان دەخوارد، لە تەنیشتی خۆمدا دامدەنا، سرگی دۆستایەتی لەگەڵ مندا پەیداکردبوو، ملکەچی ئەمرەکانم دەبوو، بەڵام هەرکە دەمویست دەربارەی عەشق دەرسی دادەم، پێی بڵێم کە دەگاتە ژنێ دەبێ چۆنی لەگەڵدا ڕەفتار بکات، ئەم گەنجە لەپڕ هەستەکانی پەرت دەبوون، نەیدەتوانی حاڵی ببێت.

خانمەکەم گوتی، ڕەنگە ئەم خوێنساردییە لە ڕادەبەدەرەی ساختە بێت دەیەوێ بەم سادەیییەی خۆی، زیاتر ئازیزترکات!

بڕیار وابوو، ڕۆژێ سرگی لە کاتی فراڤین خواردندا، خانمەکەم بێت و بیبینێ و قسەی لەگەڵدا بکات. تا ئەو ڕۆژە خانمەکەم بەجوانی سرگی نەبینیبوو، لە ڕووی جوانییەوە بەیەکێ لە گوڵەکانی بەهار دەچوو، لە مێرگوزارێکدا ڕوابێ، دەستی هیچ باغەوانێکیش پەروەردەی نەکردبێ، ئەوەندە جوان بوو ئینسان بەبینینی تێر نەدەبوو.

ئەم گەنجە، هەموو تەمەنی خۆی لە دەریاکانی باکوری ئەوروپادا گوزەراندبوو ڕەنگێکی شەفەفافی هەبوو، چاوە شینەکانی ئەوەندە ساف و درەوشاوە بوون، ئینسان نەیدەتوانی بۆ ماوەیەک سەیری بکات و بەبێ ئەوەی بورووژێ.

پاش هاتنە ژوورەوەی کاترینی دووەم، لەبەری هەڵسام، سرگی بەبێ ئەوەی خانمەکەم بناسێت لەبەری هەڵسا.

کاترینی دووەم بە سرگی گوت: دانیشە.

پاشان لە منی پرسی: ئەم میوانە گەنجەی تۆ کێیە؟

گوتم: تکام لە سرگی کردووە بێتە ئێرە، هاریکاری کارەکانم بکات!

کاترینی دووەم نەوازشی گۆناکانی سرگی کرد و گوتی: من دەناسیت؟

سرگی گوتی: نەء خانم بەڵام هەست دەکەم لە فریدا خانم بەرجەستەتر و گەورەتری.

مەلیکەی ڕوسیا گوتی: من حەز دەکەم شەوان، کەسێک کتێبم بۆ بخوێنێتەوە ئایە دەتوانی شەوان بێیت بۆ ماڵەکەم و کتێبم بۆ بخوێنیت؟

سرگی گوتی: خانم ئەگەر خوێندەواریم هەبا، سەرچاو بەڵام خوێندەواریم نییە.

خانمەکەم گوتی: فریدا گوێت لێیە چ دەڵێ؟

گوتم: بەڵێ خانم.

پاشان بەزمانی فەرەنسی پێیگوتم: فریدا ئەمە یەکەم جارە حەز لە کوڕێکی گەنجی نەخوێنەوار بکەم، تەسەوڕ دەکەم شتێکم دەست کەوتووە تا ئێستا لەبەر دەستمدا نەبووە.





ویستم بڵێم لە وڵاتێکی وەکو ڕوسیا، وەدەستهێنانی گەنجێکی نەخوێنەوار، ڕووداوێکی ئیستسنائی نییە، بەڵام زمانی خۆمم گرت نەوەک خانمەکەم لە خۆم بڕەنجێنم.

کاترینی دووەم کەمەنکێشی شتێ بوو، لە دەوروبەری خۆیدا نەیدەبینی، دەوروبەرەکەی گەنجی خوێنەواری زۆر لێبوو، بەڵام گەنجی جوانی نەخوێنەوار لە دەوروبەرەکەیدا نەبوو، بۆیە کاترنی دووەم بەجۆرێکی سەیر شەیدای سرگی بوو، پێیگوت: ئەگەر خوێنەوار بایت ئەوەندەی ئێستا خۆشم دەوێیت ئەوەندە خۆشم نەدەویستی لەگەڵ ئەوەی کە خوێندەواریت نییە، وەرە بۆ ماڵەکەم، ئەگەر تۆ ناتوانی کتێبم بۆ بخوێنی، ئەوا من کتێبت بۆ دەخوێنمەوە.

سرگی بەسادەیی گوتی: ئێوە کێن و ماڵەکەتان لە کوێدایە؟

کاترینی دووەم گوتی: من مەلیکەی ڕوسیام ئەم قەسرەش ماڵەکەی منە، فریداش تۆ دەهێنێت بۆ ماڵەکەم.

کاتێ سرگی ئەم قسانەی لەم ژنە پیرە مەلیکەی ڕوسیا بیست گوتی: ئاه... تۆ (دایکی بچووکیت)؟

مەلیکە گوتی: بەڵێ سرگی چکۆڵەکەم من (دایکە بچووکەکەی تۆم) ئایا ئامادەی منت خۆش بوێت؟

سرگی گوتی: بەڵێ خانم.

مەلیکە گوتی: ئەمشەو لەگەڵ فریدا دێیت بۆ ماڵەکەم؟

گوتی: بەئەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دێم.

مەلیکە گوتی: بەڵام من حەز دەکەم بەهەمان ئەو پۆشاکەوە بێیت کە لە بەندەری کرونشتارت پۆشیبووت.

گوتم: خاوەن شکۆ بەهەمان پۆشاکەوە دێتە خزمەتت!

کاترینی دووەم کاتێ لە ژوورەکە چووە دەرێ گوتی: سرگی ئەو شەو سەعات نۆ چاوەڕێت دەکەم بەیەکەوە شیڤ دەخۆین.

مەلیکە ڕۆیشت، سرگی گوتی: فریدا خانم تەسەورم نەدەکرد، (دایکی بچووک)

ئەوەندە بەموحیبەت بێت، خۆشحاڵم ئەمشەو دەچمە ماڵەکەی.

لە ماوەی پێنج ڕۆژدا نەمتوانیبوو، ئەم گەنجە ڕامکەم، بەڵام کاترینی دووەم لە پێنج دەقیقەدا ڕامی کرد و پێیگوت: کە دەچیتە ماڵەکەی مەلیکە، ئاگاداربە لە کاتی خۆراک خواردندا پارووەکانت گەورە نەبن و گۆناکانت بپەنمێ، چونکە (دایکی بچووک) لەو گەنجانە بێزار دەبێ کە پارووی گەورە دەگرن و گۆناکانیان دەپەنمێ، هەروەها ئاگاشت لەوە بێت، لە کاتی خۆراک خواردندا پەنجە نەکەی بەدەمتا.

سرگی گوتی: ئەم کارانە ناکەم.

گوتم: ئەگەر (دایکی بچووک) نەوازشی کردی، خۆت بەشادمانی بخە ڕوو، تا زیاتر لێت ڕازی بێت.

سرگی گوتی: بەڕاستی لە نەوازشەکانی (دایکی بچووک) لەززەت وەردەگرم، مەلیکەی ئێمە گەلێ میهرەبانە تەسەورم نەدەکرد خاوەنی مەلیکەیێکی ئاوها میهرەبان بین. دەمزانی کاریگەرییە چاکەکەی کاترینی دووەم لە جەزابیەتی خۆیەوە بوو، نەک پلەی مەلیکەی ڕوسیا، بەلوتف و موحیبەتی کاترینی دووەم ڕام بوو.

ئەم گەنجە بەجۆرێ لەگەڵ مەلیکەدا ئولفەتی پەیدا کرد، کاتێ کە خانمەکەم بۆ پیاسەی دەبرد، بەدەستی خۆی خۆراکی بۆ دادەنا، ئەمیش گۆرانی دەچڕی.

ئەگەرچی سرگی لە سەرەتادا گەلێک سەرنجی خانمەکەمی ڕاکێشابوو، لەبەر ئەوەی لە مناڵییەوە جوان تەربیەت نەدرابوو نەیتوانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ببێتە مەحبوبی کاترینی دووەم کاتێ کە سرگی-م لەگەڵ میشیل و پاڤلۆڤیچ بەراورد دەکرد، سەبر و تەحەمولەکەی کاترینی دووەم سەرسامی دەکردم، کە چۆن دەتوانێ ڕێ بە گەنجێکی نیوە وەحشی و بێ تەربیەتی وەک سرگی بدات، بچێتە نێو ژیانییەوە.

دەمزانی پایەداری موحیبەت، پەیوەستە بە تەربیەت و نەزاکەتەوە.

فیترەتی ئینسانی، ئەوە دەخوازێت، پاش دامرکانەوەی غەریزە، ئەگەر هەستی ناسک و تەربیەت و نەزاکەت لە گۆڕێ نەبێ، ئەوا بێزاری سەر هەڵدەدات، بەتایبەتی ئەگەر عاشقەکە ژنێکی وەک مەلیکەی ڕوسیا بێت.





خانمێکی وەک کاترینی دووەم عادەتی وابوو عاشقەکانی خۆی تەربیەت بدات و بەنەزاکەتەوە بیانبینێ، بۆیە نەیتوانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تەحەمولی سرگی بکات، فەرمانی دا بینێرنەوە بۆ لیتوانی و بچێتەوە بۆ لای دایکی.

سرگی سێ مانگ مەحبوبی خانمەکەم بوو، پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆ لیتوانی خاوەنی یەک ملیۆن ڕۆبڵی نەقد و موجەوهەرات و زەوی بوو، ئێستاش زیندووە، بە بەختەوەری ژیان دەگوزەرێنێ.

پاش ئەوەی مەلیکە ئەم گەنجەی لە خۆی دوورخستەوە، گەڕایەوە بۆ لای دوا مەحبوبەکەی، یانی پاڤلۆڤیچ.

گوتم: نیکۆلا پاڤلۆڤیچ، لە شاری (قازان)دا سەوزە فرۆشێکی دەستگێڕ بوو، مەلیکە لەوێدا پاڤلۆڤیچی بینی لەوێ حەزی لێ کرد.

کاتێ پاڤلۆڤیچ، وەک مەحبوبی مەلیکە، هاتە قەسری سەڵتەنەتی، تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو کە خۆی کوشت (پاش مردنی خانمەکەم) تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو.

ئەو گەنجە نۆزدە ساڵەیە لەبەر عەشقی پیرەژنێکی تەمەن شەست و شەش ساڵە، کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە، مەلیکە لە دوو ساڵی دوا تەمەنیا جەفای بەرامبەر دەنواند، میشیلی فەڕەنسی و سرگی دەریاوانی هێنایە نێو ژیانی خۆیەوە.

پاڤلۆڤیچ هەمیشە بەخانمەکەمی دەگوت (مامۆشکا)[1] بۆ ئەم عەشقە سەرسوڕهێنەرەی پاڤلۆڤیچ بەرامبەر بەخانمەکەم هیچ ڕوونکردنەوەیەکم نییە، جگە لەوەی ئەو کوڕە کاترینی دووەمی وەکو دایکی خۆی خۆشدەویست، پاش ئەوەی دایکی لە دەست دا، نەیتوانی بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات، ئەگەر ئەم ڕوونکردنەوەیەم قبوڵ نەکرێ، ناچارم بڵێم پاڤلۆڤیچ، خانمەکەمی وەک خوداوەندێک دەپەرست کە سەیری کرد گیانی سپاردووە، بەجۆرێ نائومێد بوو، ژیانی لە لادا ڕەش بوو، نەیتوانی بەردەوامی بداتێ.

ساڵی ١٧٩٦دا، وەزعی خانمەکەم خراپتر بوو، چەند پزیشکێکی فەڕەنسی و

(١) مامۆشکا: یانی دایکی بچووک.

نەمساوی هاتن بۆ ڕوسیا، تا کاترینی دووەم چارەسەر بکەن، ئەگەرچی خانمەکەمیان ئومێدەوار دەکرد کە چارەسەر دەکرێ. بەڵام هەستم دەکرد نەخۆشییەکەی قابیلی عیلاج نییە.

پزیشکە تایبەتییەکەی. دەرباری ڕوسیا، بەڕەئیسی ڕوحانی پایتەختی گوت، داوا لە مەلیکە بکات وەلیعەهد لە تاراوگەکەی (فەنلاند) بگەڕێنێتەوە. چونکە حزووری وەلیعەهد لە پایتەختدا، ڕەنگە زەرووری بێت.

وەلیعەهد بەتاوانی کودەتا دژ بە مەلیکە بۆ (فەنلاند) دوور خرابووەوە (ئەگەرچی دانی بەوە دانەنابوو ، پێشتریش باس مکرد) پاش ڕاسپاردەکەی ڕەئیسی ڕوحانی پایتەخت، مەلیکە فەرمانی دا وەلیعەهد بگەڕێتەوە.

پاش ئەوەی وەلیعەهد لە (فەنلاند) گەڕایەوە، دەربارەکان دەوروبەریان گرت، هەر کەسەو بەڕیتمێکی بێ پێشینە ماستاوی بۆ دەکرد، چونکە دەیزانی ئیمپراتۆری ئایندەی ڕوسیایە.

(پول) هێشتا دەسەڵاتی نەبوو، (پالکین–ی) هاوسەری لە زیندان ئازادکات.

پاڤلۆڤیچ، ژووری خانمەکەمی جێ نەدەهێشت، مەگەر ئەو کاتانەی پزیشکەکان هاتبان.

ئەو دەرمانەی پزیشکەکان ڕێیان دابوو، خانمەکەم بەکاری بێنێ، جۆرەکانی تەخدیر بوون، چونکە دەیانزانی چارەسەر ناکرێت، تەنیا دەبا کارێک بکەن کە ئازاری نەبێت.

پزیشکی دەرباری ڕوسیا، پەیوەندی چاکی لەگەڵ مندا هەبوو، گوتی: دەبێ ئێوە بیر لە خۆتان بکەنەوە، چونکە خانمەکەت چارەسەر ناکرێت!

دەمزانی، ئەگەر خانمەکەم بمرێت، ناتوانم لە ڕوسیادا بژیم، نزیکی من لەگەڵ خانمەکەمدا لە ئاستێ بوو، پول دەبووە ئیمپراتۆر ئیعدامی دەکردم، یا لە یەکێ لە قەڵاکانی دەوڵەتی، بە قەولی ڕووسەکان (کازمات) حەپسی دەکردم، بۆیە لە فەڕەنسادا خانوویەکم کڕی، تا پاش مردنی خانمەکەم، بۆ ئەوێ بچم، لە مەترسی دەسەڵاتدارە نوێیەکانی ڕوسیا ڕزگارم بێت.

وردە وردە، لە قەسری سەڵتەنەتی، ئەوجا لە پایتەخت، پاشتر لە مۆسکۆ دووەم





پایتەختی ڕوسیا، خەڵکی زانییان کاترینی دووەم موبتەلای نەخۆشی سەرەتان بووە، بۆ چارەسەریشی چ ڕێیەک نییە، کاتێ ئیمپراتۆرێ، یا مەلیکەیەک تووشی نەخۆشییەکی قورس دەبن، کەسانێکی زۆر وەک پزیشک خۆیان دەناسێنن، داوای ئەوە دەکەن کە دەتوانن چارەسەری نەخۆشەکە بکەن.

هەندێ لەوانە ساختەچی و قۆڵبڕ بوون، دەیانویست سوودی ماددیان دەسکەوێ، هەندێکی دییان نییەتیان پاک بوو، تەسەوڕی ئەوەیان دەکرد کە دەتوانن نەخۆشەکە چاک کەنەوە.

پزیشکەکان، ڕێیان دا، دەرمانەکان دەرخواردی مەلیکە بدرێ، بەو مەرجەی زەهر نەبن و ببێتە مایەی مەرگی، هەموو ئەو دەرمانانەی پزیشکە خۆبەخشەکان بەکاریان دەهێنا، لە گیا دروست کرابوون، با لە بیرمان نەچێ پیرەمێردێکی لادێی ڕاچێتەیەکی هاورد و گوتی: بە مە نەخۆشی سەرەتان چارەسەر دەکرێت، ڕاچێتەکە دوو دەرمانی تیا نووسرابوو یەکێکیان، (برنگ کابولی) دووەمیشیان ڕیشەی درەختی هەنار بوو، دەبا ئەمانە ورد بکرێن، هەردووکیان بەیەکەوە بکوڵێنن و شیلەکەی دەرخواردی نەخۆشەکە بدرێ. لە باشووری ڕوسیادا، درەختی هەنار هەیە بەڵام (برنگ کابولی) لە ڕوسیادا نییە، بەهۆی پەیکە تیژڕەوەکان، چوونە قەفقاز و تورکستان و ئێران تەنانەت ئەگەر خواستی بچن بۆ کابول تا ئەم گیایە بەدەست بێنن. لە ئێراندا ئەو گیایەیان بەدەست هێنا، بردیانە پایتەختی ڕوسیا، بەپێی ڕاچێتەکەی پیرەمێردە لادێیەکە ئەم دەرمانەیان بەکارهێنا، بەڵام چ ئەنجامێکی چاکی نەبەخشی.

لە سەرەتای مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٧٩٦دا، وەزعی خانمەکەم بەتەواوی تێکچوو، لە ڕۆژی دەیەمی هەمان مانگ بەولاوە، هەموو دەیانزانی خانمەکەم دەمرێت.

سەرۆک ڕوحانییەکانی سان بترزبۆرگ لەگەڵ پێنج کەشیشی دیدا، ڕۆژی سێ جار دەهاتنە ژوورەکەی خانمەکەم و دۆعایان بۆ دەخوێند.

ڕۆژێ کاترینی دووەم پێی گوتم: فریدا، ئیدی تۆ لێرەدا مەمێنەوە، بچۆ بۆ ئەڵمانیا یا فەڕەنسا.

دەستم بەگریان کرد، خانمەکەم بەدڵ و گیانەوە خۆشی دەویستم، لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەودا گەورە ببووم، هەر لەگەڵ ئەودا لە ئەڵمانیاوە هاتم بۆ ڕوسیا، بەشداری هەموو غەم و شادییەکانیم کردبوو، ئاگام لە هەموو نهێنییەکانی ژیانی بوو، دەمزانی کاترینی دووەم دووربینترین و سەختیترین مەلیکەی جیهانە، بەر لەو کەسێکی وەک کاترینی دووەم پەیدا نەبووە، تەسەوڕیش ناکەم لە ئەوروپادا مەلیکەیەک بێتە وجودەوە بەئەندازەی ئەو جوان و بە شکۆ بێت.

بۆ وەسفی دڵپاکییەکەی خانمەکەم، ئەوەندە بەسە، تەمەنێ مژولی عەیش و کامەرانی بوو، بەبێ ئەوەی دڵی تاقە کەسێ لە خۆی بڕەنجێنێ، تەنانەت چ عاشقێکی مەحرووم و مەئیووس نەکرد، لە ماوەی سەڵتەنەتەکەیدا، یەک حوکمێکی زاڵمانەی دەرنەکرد و کەسێکی ئازار نەدا، وڵاتی ڕوسیا ئەوەندە بەرین و عەزەمەتی پەیدا کرد، بووە گەورەترین ئیمپراتۆریەتی جیهان، هەزاران ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و پەیکەر ساز و ژەنیار و فەیلەسووف، لە ژێر حیمایەی ئەودا بوونە خاوەنی ماڵ و سامان و شوهرەت.

کاترینی دووەم سەرچاوەی ئومێد و هێزی جەستەیی و ڕوحیم بوو، پاش ئەوە بوومە کەسێ جەستە و ڕۆحی لە دەست دابێت.

لە شەوی ٢٢ بیست و دووی سێپتەمبەری ساڵی ١٧٩٦دا ژنێ کە گەورەترین و جوانترین مەلیکەی ئەوروپا بوو گیانی سپارد هەر کە ئەم هەواڵە بەڕەسمی بڵاو بووەوە (پول) کوڕە بەڕواڵەتەکەی کاترینی دووەم لە جێی ئەودا بووە ئیمپراتۆری ڕوسیا.

# دەرەوە و ناوەوەی ژنان و شۆڕشی فەڕەنسا

(ئۆگست بایی) مێـژوونووسی هاوچەرخی فەرەنسی و ئەندامی فـەرهـەنگستـانی فـەرەنسا دەڵێت: "چالاکی ئێمـە لەژیاندا وەک مـاسکێ وایە لە ڕوخـساری خـۆمان ناوە، ناسنامـەی ئێـمـە ئاشکرا ناکـات، ئەگـەر دەتەوێ بەدروسـتی، پیـاوێ یا ژنێ بناسیت، سەیری ژیانە تایبەتییەکەی بکە، بەتایبەتی ژیانی عاتفی و عاشقانەی"

لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا، گەنجێکی ڕۆژنامـەنووس لەپاریسدا دەژیا ناوی (کامی دمـولن)[1] بوو، ڕۆژنامـەیێکی بڵاو دەکردەوە بەناوی (شـۆڕشی فـەرەنسـا و برابان) ئەم گەنجە، گەلێ کاریگەری بەسەر شـۆڕشە گەورەکەی فەرەنساوە هەبوو، پاش شـۆڕش بووە ئەندامی پەرلەمـان، هەر لە بەیانییـەوە تائێـوارێ وتاری بۆ ڕۆژنامەکەی خۆی دەنووسی، ئەو وتارانەیش خوێنیان لێ دەتکا..

زمانی پێنووسـەکەی ئەم گـەنجە ڕۆژنامـەنووسـە، جگە لەخوێن و ئاگر، باسی چ شـتێکی دیی نەدەکرد، هەرکـەسێ وتارەکـانی خـوێندبایەوە، وای تەسـەوور دەکرد (مەریخە) خۆراکی، تەنها خوێنی گەرمی کوژراوانە، جگە لە کوشـتن چ کارێکی دیی نییـە، هەرکە شـەو دادەهات (کامی دمـولن) دەگەڕایەوە بۆ مـاڵەکـەی، لەنێو جـێدا دەستی بەگریان دەکرد، لەسەریەک و بێ بڕانەوە ناوی (لوسیل)ی دەهێنا.

لەرۆژدا، کاری ڕۆژنامەنووسی، دەمامکێکی خستبووە سەر ڕوخساری ئەو گەنجە، خـەڵکی بە خوای جـەنگ و قـارەمانی ئینسـانکوژ ناویان دەبرد، بەڵام لە شـەودا ئەو دەمامکە، لە ڕوخساری هەڵدەدرایەوە، حەقیقەتەکەی ئاشکرا دەبوو، هەرکەسێ ئەوی دیبـا، سـەیری دەکرد بەرانبـەر بەقودرەتی عەشق، کە لە ڕاسـتیدا هێزی خۆرسکی

(١) ئەم ناوە لە زمـانی فـەڕەنسـیدا بە (کـامـیل دس مـولن) دەنووسرێ و بە (کـامی دمـولن) دەخـوێندرێتـەوە. ئەگـەر خـوێنەران بیانـەوێ بگەڕێنەوە سـەر سـەرچاوە مـێـژوویـیـەکـان، ئەوا بەئاسانی ئەم ناوە پەیدا دەکەن.





ئینسانە، دەیبینی، وەک مناڵێکی شیرەخۆرە، بێ توانایە.

(کامی دمولن) گەنجێکی قەڵەو بوو، لووتێکی درێژی چەماوەی هەبوو، دوو شـتی جوانیشی هەبوو، یەکەمیان دەمی و دووهەمیان چاوە درشتەکانی، عاشقی کچێ بوو بەناوی (لوسیل) یانزە ساڵ لەخۆی بچووکتر بوو..

کامی دمولن لەساڵی ١٧٦٠ لەدایک ببوو، لوسیل لەساڵی ١٧٧١ لەدایک ببوو، ئەو مێژووەی ئێمە قسەی لێ دەکەین لوسیل کچێکی نۆزدە ساڵە بوو بەژنی مامناوەندی، ئاوازی لەهجـەکەی گەلێ دڵچەسپ و دەمی بچووک، بەڵام ئەو کچە جوانە، بەدوای عەشقێکدا دەگەڕا لەدەرێی ژیانی کۆمەڵایەتی و ژن و مێردایەتی بێت.

لوسیل گەلێ کامی خۆشدەویست، بەڵام دەیویست، بەخەیاڵی عەشقی ئەو گەنجە ژیان بگوزەرێنی، نەک لەگەڵ خودی گەنجەکە..

دوو کـتێـبی گـەورە، بەخـەتی خـودی لوسـیل، وەک دیکۆمـێنتـێکی مـێـژوویی لە کتێبخانەی میللی پاریس پارێزراون، ئەوە دەخـەنە ڕوو، لوسیل شـەو و ڕۆژ، بیری لە (کـامی) کـردووەتەوە، هەرکـاتێ ئەو ڕۆژنـامـەنووسە گـەنجە، بیـانوویێکی وەدەست دەهێنا، دەچووە مـاڵی باوکی لـوسیل، ئەو کچە هیچ بایەخێکی بەعاشقەکەی خۆی نەدەدا، ئیـدی کـامی دمـولن، شـەو تا بەیانـی لەنوێندا فـرمـێـسکی دەڕشت و ناوی لوسیل-ی دەهێنایە سەر زمان..

هەرکە کامی دمولن، لە ماڵەکەی لوسیل دەهاتە دەرێ، ئەو کچە گەنجە بەڕاکردن دەچووە ژوورەکەی خۆی و دەرگای دەبەست، لەپشتی مێزە چکۆڵەکەی دادەنیشت و قەڵەمی دەگرتە دەست و دەینووسی: "کامی ئازیز ئەمرۆ کە تۆم بینی لەبەر خۆشی و شـەوق و مـوحـیبـەت سـەرتاپا لەرز دایگرتم، من نازانم لەنێـو چاوەکـانی تۆدا چ کاریگەرییێک هەیە، کە سەیرم دەکەیت لەرز دامدەگرێت..

کـامی ئازیز تەسـەوور ناکـەم، بەر لەمن هیچ ژنێک، بەو ئەندازەیەی کـە من حـەزم لێتە، حـەزی لەپیاوێ بووبێت، خۆزیا تیشکی هەتاو دەبووم، تا بتوانم، بێ ئەوەی تۆ هەست بکەیت، ماچت بکەم، خۆزیا هەوا دەبووم، تا بەبێ ئەوەی هەست بکەیت، تۆم لەباوەش گرتبا، ئایە لەژیانی مندا مومکینە، ڕۆژێ یا شەوێ بێت و بتوانم لەباوەشت گرم؟

کاتێ کە لەبەرچاو نیت، جورئەت بەخۆم دەدەم و دەڵێم، هەرکە هاتی پێتدەڵێم خۆشم دەوێی، بەڵام کە دێیت، توانای قسەکردنم نامێنی، ناتوانم پێت بڵێم خۆشم دەوێی، من تەسەور دەکەم عەشقی حەقیقی ئەو عەشقەیە کە زمانی تیا نەکەوێتە کار، چونکە کاتێ وشە بێتە نێوانەوە، عاشق لێوی بۆ قسان بکاتەوە، جوانی و کەمەنکێشی و ناسکی عەشق لەنێودەچی، عەشق تەنها زمانێکی هەیە، ئەویش نیگایە، بەبۆچوونی من هەرکە عاشق بەزمانی غەیری نیگا لەگەڵ مەعشوقەکەیدا قسان بکات ئەوا کفر دەکات.

وەک دەبینین، نووسینەکانی لوسیل (کلاسیکین) هەمان ئەو ناوەرۆکانەیە کە بەر لەلوسیل، عاشقە کۆنەکان بەکاریان هێناوە، بەڵام بۆ ڕاستگۆیی لوسیل چ دوودڵییێک لەگۆڕێدا نییە.

ڕۆژنامەنووسە گەنجەکەی خۆشدەویست لە باغچەکەی ماڵەکەی خۆیاندا حەرفی (کاف)ی کە یەکەم حەرفی ناوی (کامی)یە، لەناوقەدی درەختێکدا هەڵکەندبوو، هەرکاتێ ماڵەکەی چۆڵبا، دەچووە نێو باغەکەوە، ناوقەدی درەختەکەی دەگرتەباوەش و ماچی دەکرد، ئەو شتانەی کە نەیدەتوانی بەکامیی بڵێت بەدرەختەکەی دەگوت.

کامی دمولن، وای تەسەور دەکرد ئەو کچە خۆشی ناوێت، ئەو کچە گەنجەیش چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە عاشقەکەی بتوانێ لە پشتی دەمامکی بایەخ نەدانەکەیدا، پەی بە هەستە سەرشێتەکانی ببات و بزانێت کە خۆشی دەوێت..

ئەگەر ڕۆژێ دایکی لوسیل لەغیابی کچەکەیدا نەچووبایەتە ژووری ئەو کچە، چاوی بەیادەوەری کچەکەی نەکەوتبا، مومکین بوو عەشقی لوسیل و کامی هەرگیز نەگەیشتبا بەهاوسەرگیری.

بەڵام ئەو ڕۆژە دایکەکە چووە ژووری کچەکەی یادداشتەکانی بەرچاوکەوت و خوێندییەوە، زانی کچەکەی کامی خۆشدەوێ..

کاتێ کچەکەی گەڕایەوە دایکەکە گوتی: تۆ ئامادەی ببیتە ژنی کامی دمولن؟

ئەو گەنجە تا بناگوێی سوور بووەوەو دەستی بەگریان کرد، هەر لەهەمان ڕۆژدا ئەو کچە دایکی تێگەیاند کە کامی دمولن–ی خۆشدەوێ..

ئەو گەنجە ڕۆژنامەنووسە، لەبەر نائومێدی بڕیاری دا خۆی بکوژێت..





کامی دمولن ئەو ڕۆژە وتارێکی بۆ ڕۆژنامەکەی خۆی نووسی، کە ڕۆژی پاشتر لە ڕۆژنامەی (شۆرشی فەرەنساو برابان)دا بەناونیشانی (دەبێ هەموو ببینە ئاتیلا) بڵاوبووەوە.

ناوەرۆکی وتارەکەی ئەمە بوو کە دەبێ هەموو فەرەنسییەکان وەکو ئاتیلا بازووی کوشتنی لێ هەڵماڵن، ئەوەندە خوێن بڕێژن، لەبری ئاوی ڕووباری (سن) کە بەپاریسدا تێدەپەڕی، ڕووباری خوێن بەپایتەختی فەرەنسا تێپەڕێ..

پاش ئەوەی وتارەکەی نووسی و بۆ چاپخانەی نارد، ڕێی ماڵی گرتەبەرو سەیری کرد، شەوێکی درێژ چاوەڕێی دەکات و دەبێت بەگریان ئەو شەوە بگوزەرێنی، لەپڕ بەخۆی گوت: ئەم ژیانە کە بەردەوام ئەشکەنجەم دەدات، هی ئەوە نییە تیایدا بژیم، چاکتر وایە هەرچی زووە کۆتایی بەم ژیانە بهێنم و ئازارم کورتتر دەبێ..

لەو دەمەدا چەکی خۆکوشتن دەرمانێکی نوێ بوو بەناوی (ئەسیدفینک) ئەو کەسانەی بیانویستبا خۆبکوژن لەو دەرمانەیان دەخوارد.

کامی دمولن، لە دەرمانخانەیەکدا هەندێ لەو دەرمانەی کڕی و بردیە ماڵێ و خواردی و لەسەر قەرەوێڵەکەیدا ڕاکشا، تا گیان بسپێری، بەڵام نەمرد، دووچاری دەردەسک بوو و ناڵەی بەرز بووەوە، یەکێ لە هاوسێکان ناڵەکەی بیست، چووە ژوورەکەیەوە زانیی زەهری (ئەسیدفینک)ی خواردووە، بردی بۆ نەخۆشخانەی (ئوتیل دیۆ) _ ماڵی خوا– کە ئێستایش لەپاریسدا هەر ماوەتەوە، لە نەخۆشخانەدا گەدەیان شۆرد، ماوەی سێ ڕۆژ کامی لەو نەخۆشخانەیەدا لەنێوان ژیان و مەرگدا بوو، چارەسەرەکەی هەفتەیێکی کێشا تا لە (ئوتیل دیۆ) هاتەدەرێ، هاوڕێکانی بڕیاریان دا بەبۆنەی سەلامەتی و دەرچوونی لە نەخۆشخانەی (ئوتیل دیۆ) ئاهەنگێ سازکەن.

با ئەوە لەبیرنەکەین، هاوڕێکانی کامی، لەبەر ئەوە ئاهەنگیان سازنەدا، کە لەو زەهرخواردنە ڕزگاری بووە، بەڵکو لەبەرئەوە بوو، بەزیندوویی لە نەخۆشخانەی (ئوتیل دیۆ) هاتووەتە دەرێ، چونکە ئەو نەخۆشخانەیە ئەوەندە پیس و خەتەرناک بوو، هەرکە نەخۆشێ بچوایەتە ئەوێ، نەدەهاتە دەرێ، مەگەر بۆ گۆڕستان چووبا، ئەگەر کەسێ بەزیندوویەتی لەو نەخۆشخانەیە هاتبایەتە دەر وەک (لازار)ی مردووی

ناسراو کە بەهۆی حەزرەتی عیساوە زیندوو کرایەوە، دووبارە (تەعمیدیان) کردەوە، یانی دووبارە ناویان نا. خەڵکیش ناوی تازەیان لەو نەخۆشانە دەنا کە لە نەخۆشخانەی (ئوتیل دیۆ) دەهاتنە دەرێ.

ئەو ئاهەنگەیان لە مەیخانەی قەرەجەکاندا سازدا.. لەو مەیخانەیەدا چەند ژنێکی گەنجی قەرەج خزمەتیان دەکرد، ئەو ژنانە تەنها خۆراک و خواردنەوەیان بەموشتەریەکان نەدەدا، بەڵکو بەختیشیان بۆ دەگرتنەوە، پێشبینی ئایندەشیان بۆ دەکردن..

کاتێ کە کامی دمولن و هاوڕێکانی، کە ژمارەیان شەست کەس بوون، لە هۆڵە بەرینەکەی ئەو مەیخانەیەدا، چوار چوار و پێنج پێنج لەسەر مێزەکاندا خەریکی خواردن و خواردنەوە بوون، هەندێکیش سەرخۆش ببوون، یەکێ لە هاوڕێکانی کامی دمولن بەناوی (رۆبسپێر)ەوە یەکێ لە ژنە قەرەجەکانی بانگ کرد پاش هەندێ گاڵتەکردن، گوتی: دەتوانی سەیری بەختم کەیت؟

ژنە قەرەجە جوانەکە سەرنجێکی ڕوبسپێر–ی دا و دوو هەنگاو کشایە دواوە..

رۆبسپێر گوتی: بۆچی کشایتەوە؟

(مارا)ش بانگهێشت کرابوو، پیشەی ڕۆژنامەنووس بوو، بە ڕۆبسپێر–ی گوت: لە تۆ ترسا، چونکە ناشیرینی.

پاشان بە ژنە قەرەجەکەی گوت: وەرە سەیری بەختی من بکە..

ژنەکە لێی نزیک بووەوە، سەیرێکی کرد، دیسانەوە دوو هەنگاو بەرەو پاش کشایەوە..

(پسیون) گەنجێکی شیک و جوان بوو، پێکەنی، گوتی: (مارا) تۆیش وەکو ڕۆبسپێر ناشیرینی، بەڵام من دڵنیام ئەو کچە شۆخە، من پەسەند دەکات.. کچەی لەخۆی نزیک کردەوە، تا سەیری بەختی بکات، هەندێ سەرنجی دا و دیسانەوە دوو هەنگاو بەرەو پاش کشایەوە..

یەک بەیەکی بانگهێشتکراوەکان، ئەم حاڵەتەیان تاقی کردەوە، ئەو ژنە قەرەجە لە هەرکامیان نزیک دەبووەوە، بەترسەوە دوو هەنگاو بەرەو پاش دەکشایەوە..





ئامادەبووان، ئەو ژنەیان ناچارکرد، سونگەی کشانەوەکەی باس کات..

ژنەکە گوتی: من ڕقم لە هیچ یەکێکی ئێوە نییە، بەڵام کاتێ لێتان نزیک دەبمەوە تا بەختتان بخوێنمەوە، دەبینم هیچتان سەرتان بەملەوە نییە!

پێشبینی سەرسوڕهێنەری ئەو ژنە قەرەجە، یەکێکە لە شتە عەجیبەکانی ڕۆژگار، وەک گوتبووی ئاوهای لێهات، هەموو ئەو شەست کەسەی لە مەیخانەکەدا بوون بەخودی کامی دمولن–ەوە بە گیوتین (مەقسەلە) سەریان لە لەش جیاکردنەوە.

لە نێوان ئەو شەست کەسەی (مەیخانەی قەرەجەکان) یەکێکیان ناوی (ژان پول مارا) بوو.

(مارا) زانای فیزیا و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (دۆستی میللەت) بوو، تووشی نەخۆشی (ئەگزیماو خوراندن) بوو، (مارا) تەنانەت لە پەرلەماندا ڕەئی بۆ ئەوە دا لویی شانزەهەم ئیعدام بکرێ، خۆی دەخوراند..

ناوەرۆکی وتارەکانی لە ڕۆژنامەی دۆستی میللەت، تەنها لە تەوەرێکدا دەسووڕایەوە، ئەویش (کوشتار بوو یانی سەرەکان بخرێنە ژێر گیوتین) دروشمی ڕۆژنامەی (دۆستی میللەت) هەموو ڕۆژێ ئەم ڕستانەی دووبارە دەکردەوە:

"بەر لە سێ مانگ، بەلێکردنەوەی هەزار سەر لەلەش، گوایە فەرەنسا چاک دەبێتەوە، سێ مانگی دی دە هەزار سەر لە لەش جیاکرێتەوە فەرەنسا چاک نابێتەوە، تەنها ڕێی ڕزگاری ئەم میللەتە ئەوەیە سوود لە گیوتین وەرگرێت!"

(مارا) لە پەرلەمانی فەرەنسا، بەهەردوو دەست خۆی دەخوراند، لە هەمان کاتیشدا قسەی دەکرد، قسەکانیشی چ جیاوازییێکی نەبوو لەگەڵ وتارەکانیا، ئەو ڕۆژانەی پەرلەمان کۆبوونەوەی نەدەبوو، دەچووە لابراتۆرەکەی خۆی، بەلێکۆڵینەوەی زانستی خەریک دەبوو، لە ئێوارەدا دەچووە ڕۆژنامەی (دۆستی میللەت) سەروتاری دەنووسی، شەوانیش لەگەڵ هاوڕێکانی خۆیدا کاتی بەسەردەبرد..

گەلێ زۆرخۆر بوو، لە خواردن تێری نەدەخوارد، هەندێ جار لە مەیخانەو ڕستۆرانەکاندا، بەتەنها خۆراکی دە کەسی دەخوارد، هەرکە لەرستورانەکە دەچووە دەرێ، دەیگوت، برسیمە، دەچووە دوکانێکی خۆراک فرۆشی، هەندێ نان و کاڵباسی دەخوارد.

لەو دەمەدا لە پاریس بۆ پاراستنی شۆڕشی فەرەنسا (پاسەوانی میللی) دروست ببوو، ژەنەراڵ (لافایت) ڕەئیسی ئەو گاردە بوو..

(مارا) لە ڕۆژنامەی (دۆستی میللەت) نووسیبووی: "یەکەم مەرجی چاکسازی ئەوەیە سەری ژەنەراڵ لافایت بخرێتە ژێر گیوتین-ەوە"

لەرۆژی پاشتردا، ژەنەراڵ (لافایت) سێ سەد پاسەوانی میللی نارده ئیدارەی ڕۆژنامەو چاپخانەی (دۆستی میللەت) تا (مارا) دەستگیر بکەن، پاسەوانەکان گەمارۆی ئیدارەی ڕۆژنامەو چاپخانەکەیان دا، تا (مارا) ڕانەکات..

لە چاپخانەی دۆستی میللەت وەکو هەموو چاپخانەکانی ئەو سەردەمە، هەندێ لە ژنان لە بەشی تەسحیفدا کاریان دەکرد، یەکێ لە کرێکارەکانی چاپخانە گوتی، (مارا) با جلی ژنان لەبەرکات، لەگەڵ ژناندا خەریکی تەسحیف بێت، (مارا) ئەمەی کرد، پاسەوانەکانی میللی، هاتنە بەشی تەسحیفەوە، (مارا)یان نەناسی، مارا بەهەمان پۆشاکی ژنانەوە لە چاپخانەکە هاتە دەرێ، لە نێوان پاسەوانانەوە کە گەمارۆی چاپخانەکەیان دابوو، تێپەڕی، خۆی گەیاندە ماڵی یەکێ لە دۆستەکانی خۆی.

هەر ئەو ڕۆژەی کە (مارا) بەپۆشاکی ژنانەوە لە چاپخانەکە ڕایکرد، لە ڕۆژنامەیێکدا هەواڵێ بڵاو بووەوە کە شەوی پێشتر لە قەسرەکانی هەرێمی (مارلی)ی دەوروبەری پاریس، هەندێ موجەوهەرات دزراوە لە نێوان ئەو موجەوهەراتانەدا سینەبەندێکی تێدایە، بە دوو سەدو پەنجا ئەڵماس ڕازاوەتەوە، دوو ئەڵماسیش هەندەی هێلکە کۆتر دەبن لەنێو ئەو ئەڵماسانەیە.

عەسری هەمان ڕۆژ (مارا) لە ماڵی دۆستەکەی خۆی، وتارێکی بۆ ڕۆژنامەی (دۆستی میللەت) نووسی، ڕۆژی پاشتر بڵاو بووەوە..

لەو وتارەدا نووسیبووی: "من پێشنیاز دەکەم پەرلەمان قانونێ دەرکات، بەدووی ئەو دزانەدا نەگەڕێت و سزایان نەدات، ئەوەی بەدزی بردوویانە، وەک پاداشت بدرێ بەخۆیان، خاوەن موجەوهەراتەکەش ژنێکە دەسبەجێ بە جەلاد بسپێردرێت تا سەری لە لەشی جیاکاتەوە، چونکە لەم کاتەدا فەرەنسا پارەی نییە مووچەی سەربازەکانی بدات.. کەسێ خاوەنی ئەم موجەوهەراتانە بێت، خائینی نیشتمانە".





(مارا) ئەوەی نەدەزانی کە خاوەنی موجەوهەراتەکان (خانم دوباری) ناسراوە، کە پێشتر مەعشوقەی لویی پانزەهەم بوو، پاش مردنی لویی پانزەهەم لە قەسرەکەی خۆی، لەناوچەی (مارلی) گۆشەنشینەو چ کەسێ ناوی نابیستێت..

خانم (دوباری) ژنێکی گەلێ دەوڵەمەند بوو، هێشتایش شوێنەواری جوانی سەردەمی گەنجییەتیی بە ڕوخسارەوە دیار بوو.

ئەو ژنە دوو لە دۆستانی خۆی ڕاسپارد (مارا)ی بۆ بکوژن و سەد هەزار فرەنکیش پاداشت وەرگرن.

(مارا) بەنووکی قەڵەمەکەی، ئەوەندە دڵی خەڵکی بریندار کردبوو، دوژمنێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کردبوو، ئەگەر بکوژەکانی خانم (دوباری) بیانکوشتبا، ئەوا چ کەسێ بۆ ئەوە نەدەچوو، دەستی خانم (دوباری) لەم کوشتنەدا هەیە، چونکە ژەنەراڵ (لافایت-)یشی بەدووەوە بوو، دەیویست بیکوژێ.

دۆستەکانی (مارا) نەیاندەتوانی، زمانی خۆیان بگرن، ڕووداوەکانی نێوانی خۆیان و (مارا)یان، لەلای خەڵکانی دی باس دەکرد، ئەم قسانە، هەستی بەدواداچوونی ژنانی دیی بزواند، ئەوانیش دەیانویست بزانن (مارا) تایبەتمەندییەکانی چین؟

یەکێ لەو ژنانەی بەدووی (مارا) دەگەڕا، کچێکی قەیرە بوو بەناوی (سیمون ئورار) ئەو دەمە تەمەنی سی و هەشت ساڵ بوو.

(سیمون ئورار) لە کارخانەیێکی سەعاتسازی، دەوروبەری پاریسدا، ئیشی دەکرد، عاشقێکی بەناوی (ماکە)وە هەبوو، هەفتەی جارێک بەناوی ئەوەی گوایە مامی سیمونە دەچووە ماڵەکەی. ئەو ڕۆژەی کە (سیمون ئورار) بیستی کە مارا ئەندامەکانی لەشی تایبەتمەندییان هەیە! بووە خوێنەری ڕۆژنامەی (دۆستی میللەت) هەموو ڕۆژێ ئەو ڕۆژنامەیەی دەکڕی، نەک بۆئەوەی ئاگای لە بۆچوونە شۆڕشگێڕییەکانی بێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بۆی دەرکەوێت، تایبەتمەندییەکانی لەشی مارا لەو ڕۆژنامەیە ڕەنگ دەداتەوە یا نە؟

ڕۆژێ لە ڕۆژنامەدا خوێندییەوە، کە ڕۆژی پێشتر هەندێ لە پاسەوانانی میللی، چووبوون مارا تەوقیف بکەن، بەڵام نەیانتوانی و مارا ڕایکرد، بەڵام هەر بەردەوامە لەسەر وتارنووسین و بۆ ڕۆژنامەکانی دەنێرێ.

ئەزقـەزا، (مـاکـە)ی عـاشـقی (سـیـمـون) لە چاپـخـانەدا کـاری دەکـرد، لەبەرئەوەی کرێکارێکی کۆنی چاپخـانە بوو، هـەمـوو کرێکارانی دەناسی (سـیـمـون ئۆرار) داوای لەدۆستەکەی خـۆی کرد، بزانێ (مارا) لەکوێدایە، لە چ جێیـەکەوە وتارەکانی خۆی بۆ چاپخانەی (دۆستی میللەت) دەنێرێ؟

بۆ (ماکە) کـە هـەموو کرێکارانی دەناسی، بۆ ئاشکراکردنی ئەم مەوووزعـە کێشەی نەبوو، بەزوویی بۆی دەرکـەوت (مـارا) پەنای بردووەتە بەر مـاڵی (کـەشـیـشـێ) لەوێوە وتارەکانی دەنێرێ.

ئەو پیـاوە شـۆڕشگێڕە، کـە ئـینکاری خـواو مـەزهـەبی دەکـرد، کـە خـۆی لە خـەتەردا بینی، پەنای بردە بەر پیاوێکی خوا، کەشیشی کلێساش پێشوازی لێ کرد.

خانم (سیمۆن ئۆرار) داوای لە (ماکە) کرد، بچێتە ماڵی ئەو کەشیشە داوا لە مارا بکات بێتە ماڵەکەی (سیمون) چونکە ماڵی کەشیشەکە بۆ ئەو خەتەرناکە.

(مـاکـە) نەیتـوانی بـزانێ، مـەبەسـتی سـیـمـۆن لە دەعـوەتکـردنی (مـارا)دا چییـە، وا دەیەوێ بیـهێنێـتە مـاڵەکەی خۆی، (مـاکە) دەیبینی، هـەموو ڕۆژێ (سـیـمون) ڕۆژنامەی (دۆستی میللەت) دەخـوێنێتەوە، تەسـەوری ئەوەی دەکرد لە موریدانی سـیاسـی (مارا) بێت، دەیەوێ لە مـاڵەکـەی خـۆیدا پـەنای بدات، لەوە غـافل بـوو مـەعـشـوقـەکـەی مـەبەسـتێکی دیی هەبوو (مـاکە) چووە مـاڵەکەی کـەشیش تا (مـارا) بگوازێتـەوە بۆ مـاڵەکەی (سیـمۆن) و ترسـاندی گوتـی: ئەم جێیـەت ئاشـکرا بووە، لەم نزیکانە دێن و دەسـتگیـرت دەکـەن، بـەڵام هیـچ کـەسـێ گـومـان لەوە نـاکـات کـە تـۆ لەمـاڵی ژنێکی کرێکاری سەعاتسازی بیت..

(مـارا) ترسـا، بەپۆشـاکی ژنانە لە مـاڵی کـەشـیشـەکە هاتە دەرێ، لەگـەڵ (مـاکە) بەرەو ماڵەکەی (سیمون) چوون..

(سیمۆن) داوای لە (مـاکە)ی دۆستی خۆی کرد، تا ئەوکاتەی (مـارا) لەلای سیمۆنە نەیێتە ئەو ماڵەو شەوی تیا بەسەرنەبات، چونکە دەبێتە مایەی بەدگومانی (مارا).

هـەموو بەیـانییێک (سیمون ئۆرار) دەچووە کـارخانەی سەعـاتسازی و کـاری دەکرد، لە ئێوارەدابە کـەیفـخـۆشـییـەوە دەگـەڕایەوە بۆ مـاڵێ تا بتـوانێ شـەو لەگـەڵ (مـارا)دا بەسەرببات.





هـەر یەکەم شـەو، سیمۆن پەیی بە (تایبـەتمەندی لەشی مارا برد!) گەلـێ کەیفخۆش بوو کە ئارەزووەکەی وەدی هات و توانیی (مارا) لەنزیکەوە بناسێ!

رۆژێ (ماکـە) لە چاپخانـە خـەریکی کارکردن بوو، گوێی لێبوو کرێکاران دەربارەی (مـارا) قـسـان دەکـەن، (مـاکـە) گـوێـی هـەڵخـست تا بـزانێ چ دەڵێن، قـسـەکـانیـان دەربارەی وەزعی ئەندامـە تایبـەتییـەکەی لەشـی (مـارا) بوو، دەیانگوت هـەرکـە ژنان ئەمە دەبیستن، شیفتەی دەبن و دەیانەوێ لە نزیکەوە (مارا) بناسن.

(مـاکە) هـەسـتی کرد، پەیوەندی سیمۆنی مـەعشـوقـەی لەگەڵ (مـارا)دا، ئەوەیە ئەم ژنە، بۆچوونە شـۆڕشـگێڕانەکەی ئەو پیـاوە شـۆڕشگێڕەی قـەبوڵـە، بەڵام کە بیـستی کـرێکـارانی چاپخــانە، باسی شــتـێکی دی دەکـەن، کـەوتـە گـومـانەوە، کــە ئەو ژنە، مـەبەسـتی بۆچوونـە شـۆڕشگێـڕانەکـەی (مـارا)ی لا گـرنگ نییـە، شـتـێکی دییـە کـەمـەنکێشی کـردووە، هـەر بۆیە ناهـێڵێ تا (مـارا) لە مـاڵەکـەیدا بێ، ئەم بۆ ئەو مـاڵە بچێت.

ئەو ڕۆژە تا ئێواری (ماکە) لە چاپخانەکەدا بیری لەو وەزعە دەکردەوە، بڕیاری دا هـەمـان شـەو بچێـتـە مـاڵەکـەی (سـیـمـون ئۆرار) و پێی بڵـێت دەبێ (مـارا) لـەو مـاڵە دەرکـەیت، یا ئەمیش وەکو جـاران حـەقی ئەوەی هـەبێ بێتـە مـاڵەکەی (سـیـمـون) و ئاگاداری ڕەفتاری (مارا) بێت..

هـەرکـە (مـاکـە) چووە ئەو مـاڵە، لەگـەڵ سـیـمـۆندا بـووە شـەڕو مـەرافـەیان (مـارا) بەرگـری لە (سـیـمـون) کـرد، لەگـەڵ (مـاکـە)دا بووە شـەڕیان و کراسـەکـەی دڕاندو دەمـوچاوی بریندار کرد.. (مـاکە) هاواری کـردو خـۆی گەیانده بارەگای (پاسـەوانی میللی) داوای کرد، بێن (مارا) دەستگیر بکەن..

هـەرکـە (مـاکـە) لە دەرگـاوە چووە دەرێ، ترس (مـارا)ی داگـرت، هـەندێ پارەی لە سیمۆن وەرگرت، هـەر ئەو شەوە لەو ماڵە ڕایکرد.

(مـارا) لـە شـاری پاریسـدا سـەرگـەردان بـوو، نەیدەزانی بـۆ کـوێ بچـێت، ئەوەی هاتەوە بیر ژنێ بەناوی (لوبس پین) لە کۆندا دۆستی باوکی بووە، پاش مردنی باوکی ئەو ژنەی چەنـد جارێ بینیـبوو، لە قـەسرێکدا دەژیا بەنـاوی (فـوتز) دە فـەرسـەخ لە پاریسـەوە دوور بوو، ئەگـەر خۆی بگەیـێنێتـە ئەو قـەسـرە، ڕەنگە ئەو ژنە پەنای بدات،

تا خەتەریاتی لەسەر لادەچێ..

ئەگەر ڕۆژ با، (مارا) دەیتوانی سواری گالیسکەی عمومی بێت و خۆی بگەیێنێتە قەسری (فوتز) بەڵام لەو شەوەدا گالیسکە دەست نەدەکەوت، ناچاربوو بە پیادە ڕێی ئەو قەسرە بگرێتەبەر.. پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی گەیشتە ئەوێ..

خانم (لوبس پین) پێش شۆڕشی فەرەنسا ناونیشانی (مارکیز)ی هەبوو، بەهۆی شۆڕشەوە ئەو ناونیشانەی لەدەست دا، بەتەنها لەو قەسرەدا ژیانی دەگوزەراند، هەندێ خزمەتکار و نۆکەریشی هەبوو، دەیانپاراست، ئەگەرچی خانم لوبس پین، بەبینینی مارای سەرو ڕوخسار تۆزاوی سەرسام بوو، پاش ئەوەی کە ناسییەوە، بە موحیبەتەوە پێشوازی لێ کرد، دەستە جلێکی مێردە مەرحومەکەی دایێ تا خۆی بگۆڕێت..

(مارا) زۆر ماندوو بوو، پاش خۆشتن و خۆگۆڕین، لەو ژوورەدا نووست کە بۆیان تەرخان کردبوو، کاتی شیڤ خواردن وەئاگایان هێنایەوە، بۆ ژووری خۆراک خۆری ڕانمایان کرد..

خانم لوبس پین، لەکاتی شیڤ خواردندا، گەلێ خۆشەویستی بۆ (مارا) نواند، پاش خۆراک خواردن، پێیگوت: بەدیدەنیتان گەلێ خۆشحاڵم، تا ئەوکاتەی مەیلت لێبێ، دەتوانی لێرەدا بمێنیتەوە، بەڵام مەوزووعێک هەیە، دەبی بۆتی باس کەم. شەوان گەر گوێتان لە هەراوهوریا بوو نەترسن..

(مارا) گوتی: ئەو دەنگە چییە؟

خانم لوبس پین گوتی: ئەوە دەنگی تارماییە!

کابرای شۆڕشگێڕ بە سەرسوڕمانەوە پرسیی: بۆ تارمایی وجودی خارجیی هەیە؟

خانمی خانەخوێ گوتی: نەک هەر تەنها وجودی خارجیی هەیە، بەڵکو دەشناڵێنێت..

(مارا) گوتی: بیستوومە لە هەندێ قەسرە کۆنەکاندا تارمایی هەیە، بەڵام باوەڕم نەدەکرد، ئێستایش باوەڕناکەم، چونکە من باحیسێکی فیزیائیم، بە بۆچوونی من، ئەو شتە وجودی کە قابیلی لە مس بێت و بتوانی بیبینێ..





خانمی خانەخوێ گوتی: ئەزقەزا، یەکێ لەو قەسرە کۆنانەی تارماییان هەیە، هەمان ئەم قەسرەیە، بەر لە دوو سەد ساڵ ئەم قەسرە، هی پیاوێکی ئەشرافی فەرەنسا بوو بەناوی (مارکی دوبلسی)، کچێکی گەنجی جوانی هەبوو یەکێ لە گەنجە (شەوالێ)[1]کان هاوسێی مارکی دوبلسی بوو، داخوازی ئەو کچەی کرد، بەڵام باوکەکە ئامادە نەبوو کچەکەی خۆی بدات بەو شەوالێیە..

ئەو گەنجە، هەر لە بەیانی تا ئێوارە بەدەوری ئەو قەسرەدا دەسووڕایەوە، تا خۆشەویستەکەی خۆی ببینێ، کەچی هەر نەیدەبینی، بڕیاری دا بەشەو بچێتە ئەو قەسرەوە، لەوێشەوە بچێتە ژووری کچە گەنجەکە، تا عەشقی خۆی بۆ ئەو کچە بدرکێنێ..

بەڵام مارکی دوبلسی، لە سەردەمی گەنجییەتی خۆیدا، لە پەنجەرەوە چووبووە ژووری مەحبوبەکەی، بۆیە لەو قەسرەدا پاسەوانی دانا، ئەگەر ئەو گەنجە بێتە ژوورێ، بەگوللە، یا بەشمشێر و نیزە بیکوژن.

شەوێک ئەو گەنجە عاشقە، دێتە نێو قەسرەکە، بێ ئەوەی بتوانێ بچێتە ژووری مەحبوبەکەی گوللەی بەردەکەوێ، دەسبەجێ گیان دەسپێرێ. لەوەبەولاوە، هەرچەند شەو جارێک، لە نیوەشەودا، یا هەندێ پاش نیوەشەو، تارماییێکی سپی پۆش لەو قەسرەدا دەردەکەوت، بەناڵەوە بە ڕاڕەوەکاندا تێدەپەڕی، بەڵام ئێمە هەند گرنگی پێ نادەین، چونکە دەزانین کاری بە چ کەسێکەوە نییە، بێ ئازارە، دوو سەدو پەنجا ساڵە تارمایی ئەو گەنجە عاشقە، خۆی دەگەیێنێتە ئەم قەسرە، بەڵام هاتنەکەی ڕێکوپێک نییە، هەندێ جار چەند ساڵێ تێدەپەڕێ، چ کەسێ نایبینی، پاشان لەپڕ لە شەودا پەیدادەبێ، دەنگی ناڵەی لە ڕاڕەوەکانی قەسرەکەدا دەبیسترێ..

(مارا) گوتی: لەم دواییانەدا، بینیوتانە، لە ڕاڕەوەکانی قەسرەکەدا، گوێتان لە دەنگی بووە؟

خانم لوبس پین گوتی: بەڵێ، سێ مانگ لەمەوبەر هەفتەی دوو جار ناڵەی تارماییەکە بە ڕاڕەوەکاندا دەبیسترا، وەکو گوتمان، ئێرە خانەی ئومێدی ئەوە،

(١) شەوالێ: (فارس) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (شوالێی) ئەو کەسانە بوون، دەچوونە هانای لێقەوماوان و غەدر لێکراوان. (فارس) یانی (سوار).

تارماییێکی بێ ئازارە.. چ کەسێ گوێ ناداتە ناڵەکانی، ئومێدەوارم گەر ئێوە شەوێک بەرێککەوت لە ڕاڕەوەکاندا بینیتان یا گوێتان لە ناڵەی بوو، نەترسن.

(مارا) وەعدی دا نە لە تارماییەکە بترسێ، نە لە ناڵەکەی.

لە شەوی دووەمی نیشتەجێبوونی (مارا) لەو قەسرەدا، لە ڕاڕەوی قەسرەکەدا دەنگێکی بیست، وەک ئەوەی وابوو کەسێ بەڕاڕەوەکەدا تێپەڕێ، ئاوها بوو، لە هەمان کاتیشدا دەنگی ناڵەش دەبیسترا.

(مارا) بەئاسپایی دەرگای ژوورەکەی خۆی کردەوە، تریفەی مانگ، ناڕاستەوخۆ ڕاڕەوەکەی ڕۆشن کردبووەوە، سەیری کرد تارماییێکی سپی دوور دەکەوێتەوە، (مارا) بەپێی پەتی و بێدەنگ لە ژوورەکەی هاتە دەرێ، کەوتە دووی تارماییەکەوە تا بزانێت ئەو ڕوحە بێ ئومێدە، دوو سەدو پەنجا ساڵە قەسری (فوتز) جێ ناهێڵێ چۆنە..

ئیدی تارماییەکە نەیدەناڵاند، بەهەنگاوی ڕێک ڕێیەکەی دەبڕی تا گەیشتە ژووری نوستنەکەی (لوبس پین) بەبێ ئەوەی لەدەرگا بدات چووە ژوورێ..

کە ئەو تارماییە دێتە قەسرەکەوە، دەچێتە ژوورەکەی خانم لوبس پین، (مارا) سەرسام بوو کە بینی تارماییەکە چووە ژوورەکەی خانم لوبس پین، بەخۆی گوت، ڕەنگە ئەو تارماییە ئەو ژنە بکوژێت..

تارماییەکە، کە چووە ژوورەکەی خانم لوبس پین، دەرگاکەی پێوەدا، (مارا) گوێی خستە سەر کونی کلیلی دەرگاکە، تا بزانێ چ ڕوودەدات؟ ئایە دەنگی پرخەپرخی خنکاندنەکەی لوبس پین دەبیستێ..؟ بەڵام سەرسام بوو کە بیستی، خانمی خانەخوێکەی، لەگەڵ ئەو تارماییەدا قسان دەکات..

(مارا) بەجۆرێ لە قسەکردنی ئەو دووانە سەرسام بوو، دەرگاکەی کردەوە و چووە ژوورێ، لەبەر تریفەی مانگەکەدا بینی تارمایی کفنپۆشەکە، خۆی خستووەتە سەر قەرەوێڵەکە و لە تەنیشتی لوبس پین دا ڕاکشاوە، بەزوویی بۆی دەرکەوت، ئەو تارماییە، باغەوانێکی گەنجە و لە باغەکەی لوبس پین دا کاردەکات.

لوبس پین، لە هاتنی تارماییەکە نەترسابوو، بەڵام لە هاتنی (مارا) ترسا.. بەڵام دەیزانی (مارا) لە پاریس ڕایکردووە، بووەتە پەناهەندەی قەسرەکەی، نەیدەتوانی





لوبس پین ڕسوا کات، چونکە دەیزانی، ئەگەر خاوەن ماڵەکە ڕسوا کات، دەبێ لەوێ بڕوات و ئەو پەناگا ئەمینەی لەدەست چێت.

(مارا)، خانم لوبس پین-ی بەتەمەنی جێهێشت، گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، بەرلەوەی بنوێ، بڕیاری دا، ڕۆژی پاشتر لەم ڕووەوە لەگەڵ خانم لوبس پین-دا قسە بکات..

ڕۆژی پاشتر لەکاتی فراڤین خواردندا (مارا) ئەم مەوزووعەی لەگەڵ خانم لوبس پین دا کردەوە، خانمی خانەخوێ پێکەنی و گوتی: بەو شێوەیەی بۆم باس کردی، ئەو گەنجەی عاشقی کچی مارکی دوبلسی بوو، بەڕاستی بەر لە دوو سەدەو نیودا، لە یەکێ لەم ڕاڕەوانەی ئەم قەسرەدا کوژرا، ئەم کچەیش پاش چەند مانگێ شووی کرد، مارکی دوبلسی، کە ژنەکەی مردوو بوو، ژنێکی گەنج و جوانی هێنایە ئەو قەسرە..

لەو دەمەدا، باغەوانێکی گەنج لەم قەسرەدا کاری دەکرد، خانمە تازەکەی مارکی دوبلسی، ئەو گەنجەی پەسەند کردبوو، بۆئەوەی بتوانێ شەوان کە هەموو خەوتوون، ئەو گەنجە لەڕاڕەوەکانەوە تێپەڕێنێ و بیهێنێتە ژوورەکەی خۆیەوە، وای بڵاو کردبووەوە کە تارمایی ئەو شەوالێیە گەنجە کە لە ڕاڕەوەکانی قەسرەکەدا کوژرابوو، هەندێ شەو دێتە نێو ئەو قەسرە، لەو شوێنەی کە کوژرابوو تێدەپەڕێ.

ئەو دەمە خەڵکەکە خەرافەپەرست بوون، مارکی دوبلسی-یش پیاوی ئەو زەمانە بوو، ئەو شایعەیەی قبوڵ کردو چەند جارێکیش تێپەڕینی ئەو تارماییە کفنپۆشەی بەراڕەوەکانی قەسرەکەدا بینیبوو، بەڵام لەبەرئەوەی دڵنیابوو، ئەو تارماییە سپییە ڕوحی ئەو گەنجە کوژراوەیە، ئازاری چ کەسێکیش نادات.. وردە وردە خاوەن قەسرو خزمەتکارەکان، بینینی ئەو تارماییەیان لا بووە عادەت، هەندێ جار تارمایی سپییان لە نیوەشەودا، لە ڕاڕەوەکانی قەسرەکەدا دەبینی، سەرسام نەدەبوون، ژنە گەنجەکەی مارکی دوبلسی، هەندێ شەو بەم فرتوفێڵە، ئەو باغەوانە گەنجەی - کە ڕووپۆشێکی سپیی دەدایە سەر خۆی - دەبردە ژوورەکەی خۆی..

ئەو باغەوانە، پاش ئەوەی پیر بوو، ڕازی تارماییە سپییەکەی بەکوڕە گەنجەکەی خۆی گوت، لەوە بەولاوە، کوڕە گەنجەکە بووە تارمایی، دەچووە ژووری خانمە گەنجەکەی قەسری (فوتز). ئەم ڕازە دوو سەدو پەنجا ساڵە هەندێ جار بەردەوام و

هەندێ جار نابەردەوام سوودی لێ وەردەگیرا، تا گەیشتە ئێمە، منیش ئەمڕۆ لە وجودی تارماییێک کە دوو سەدەو نیوە لەم قەسرەدایە، سوود وەردەگرم!

گوتمان، جگە لە سەربازەکانی ژەنەراڵ لافایت، دوو بکوژی دیش کە خانم (دوباری) بەکرێی گرتبوون بەدووی (مارا)دا بکەون، پاشانیش (ماکە)ی کرێکاری چاپخانە، بەهۆی ئەوەی کە بەسەر سیمۆنی مەعشوقیا گرتبووی، دەیویست تۆڵە لە (مارا) بکاتەوە.. ئیدی (مارا) نەیدەتوانی لە قەسری (فوتز) بێتە دەرێ..

بەڵام ڕووداوێ ڕوویدا وەک تەوەفان و بوومەلەرزە، قابیلی پێشبینی نەبوو، هیچ کەس بیری لەوە نەدەکردەوە ئەو ڕووداوە ڕوویدات، تەنانەت خودی (مارا)یش پێشبینی ئەو ڕووداوەی نەدەکرد..

ئەو ڕوداوە (مارا)ی لەدوو خەتەر نەجات دا، یەکێکیان، خەتەری ژەنەراڵ (لافایت) و بکوژە کرێگرتەکانی خانم (دوباری) و دوژمنایەتییەکەی (ماکە).. خەتەرەکەی دیش خانم (لوبس پین-ی) خانەخوێیەکەی بوو..

ئەو ڕووداوەی کە گوتمان چاوەڕوان نەکراو بوو، ڕاکردنی لویی شانزەهەم بوو.. لویی شانزەهەم نەیدەویست لە فەرەنسا ڕاکات، چونکە خۆی لە نێوان میللەتەکەی خۆیدا بەخەتەر نەدەبینی، خەڵکی ئەو پاشا گەنجە پڕخۆرەیان خۆشدەویست، ڕەشە خەڵکەکە کەسانی پڕخۆریان خۆشدەویست، ئەگەر ئەو زۆرخۆرەیش دەسەڵاتدار بێت، ئەوا هەست دەکەن ئەو دەسەڵاتدارە زۆرخۆرە حەز دەکات میللەتەکەیشی وەکو ئەم زۆرخۆر بن.

لویی شانزەهەم، سەرباری زۆرخۆری، پیاوێکی خواناس و عەفیف بوو، لە سەرەتای گەنجییەتیی تا ڕۆژی مردنی جگە لەژنەکەی خۆی لەگەڵ چ ژنێکی دیدا جووت نەبووبوو، ئەمە حەقیقەتێکی مێژووییە، چونکە ژیانی پاشاکانی فەرەنسا ئەوەندە عەلەنی بوو، وردە شتەکانی ژیانیان دەکەوتە بەرچاوی خەڵکی، ئینجا چ بگات بەوەی لەگەڵ ژنێکدا ڕابوێرێ یا مەعشوقە پەیداکات.. پاشاکانی فەرەنسا نەیاندەتوانی بۆ خۆخاڵیکردن بچنە شوێنێکی خەڵوەتەوە لەبەرچاودا ون بن. لەبەرئەوەی قەسری (ڤەرسای) قەسری پاشاکانی فەرەنسا تەوالێتی نەبوو لەکاتی پێویستدا کەسێ بەپلەی (کورسیدار) شتێکی وەکو کورسیی لەبەرچاوی





دەربارەکاندا دادەناو دەیبردە ژووری لویی شانزەهەم، ئیدی دەربارەکان تێدەگەیشتن کە پاشا پێویستە بۆ ماوەیێک تەنها بێت. بەڵام هەرگیز ڕووی نەداوە دەربارەکانی فەرەنسا ببینن ژنێ دەچێتە ژوورەکەی لویی شانزەهەم، یا لویی شانزەهەم چاوبازی لەگەڵ ژنێکدا کردبێ.. لویی چواردەهەم و لویی پانزەهەم دەیان مەعشوقەیان هەبوو، بەڵام لویی شانزەهەم هەرگیز لەگەڵ ژنێکی بێگانەدا جووت نەبووە، بۆیە هەر بەبێ دوودڵی دەتوانین بڵێین، داوێنپاکترین پاشای فەرەنسا بوو..

خەڵکی بەخۆڕسکی حەزی لە داوێنپاکییە، کە دەبینن فەرماندارەکەیان داوێن پاکەو چاونابڕێتە ناموسی ئیدی خەڵکی، بەڕێزەوە سەیری دەکەن، هەست بەئاسوودەیی و ئارامی دەکەن..

فەرەنسییەکان دەیانزانی لویی شانزەهەم خواپەرستە، بەڵام نەفرەتیان لە ماری ئەنتوانێت-ی ژنی دەکرد، چونکە لە دوا ساڵەکاندا ژنێکی هەوەسباز بوو.

(ماری ئەنتوانێت) نەمساوی بوو، ڕقی لە فەرەنسییەکان بوو، دەیشیزانی لەنێوانی خەڵکیدا خۆشەویست نییە، مێردەکەی ناچارکرد لە فەرەنسا ڕاکەن و بچن بۆ نەمسا، تا لەوێدا بەکۆمەکی پاشای نەمسا، هێز ئامادەکەن و هێرش بکەنە سەر فەرەنساو شۆڕشگێڕەکان لەناوببەن.

ئەگەر لویی شانزەهەم بەرانبەر بە (ماری ئەنتوانێت) لاوازی نیشان نەداباو بەرگری کردباو لە فەرەنسا ڕاینەکردبا، مێژووی فەرەنسا لە نەتیجەدا لە مێژووی ئەورووپادا بەجۆرێکی دی دەنووسرا، بەڵام لویی شانزەهەم نەیتوانی بەرانبەر هاوسەرەکەی بەرگری بکات، ڕازی بوو لەگەڵ ژنەکەی و منداڵەکانیا لە فەرەنسا ڕابکەن و بچن بۆ نەمسای وڵاتی (ماری ئەنتوانێت).

لویی شانزەهەم گوتی: چاکتر وایە، جیاجیا لە فەرەنسا بچنە دەرێ، (ماری ئەنتوانێت) بە تەنهاو منداڵەکانیشی بدەنە دەست یەکێ لە خزمەتکارە باوەڕپێکراوەکان، تا لە فەرەنسا دەریانکەنە دەرێ..

لویی شانزەهەم دەیگوت، ئەگەر ئێمە بەجیا بڕۆین، کەسێ ئێمە ناناسێتەوە بەتایبەت پۆشاکەکانمان بگۆڕین.. بەڵام ماری ئەنتوانێت پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بەیەکەوە بڕۆن..

ژن و مێردو مناڵەکان و ژنە خزمەتکارێ سواری گالیسکەیێک بوون بە شەو ڕێیان گرتەبەر، لە کاروانسەراکاندا ئەسپەکانی گالیسکەکەیان دەگۆڕی، ئەو شەوە کەسێ بنەماڵەی سەڵتەنەتی، نەناسی، ڕۆژی پاشتریش لە چەند کاروانسەرایەکدا ئەسپەکانیان گۆڕی، کەسیش نەیانیناسییەوە..

شەوی دووهەم گەیشتنە قەسەبچەیێک بەناوی (وارن) کاتێ لەو قەسەبچەیەدا، خەریکی گۆڕینی ئەسپەکان بوون، کەسێک لە پەنجەرەی گالیسکەکەوە نزیک بووەوە تا بزانێ موسافیرەکان کێن، هەر لە سەرنجی یەکەمدا لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێتی ناسی، دەسبەجێ ئاگاداری گاردی پاسەوانی میللی قەسەبچەکەی کرد، فەرمانداری گاردەکە نەیهێشت لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت بەردەوامی بە سەفەرەکەیان بدەن و لە گالیسکەکە دایگرتنە خوارێ، لە نهۆمی دووهەمی دوکانێکی بەقاڵیدا ژوورێک هەبوو، لویی شانزەهەم و ژن و مناڵەکانیان بردە ئەوێ تا شەوێ لەوێدا بخەون، مەرکەزی ولایەتیش ئاگادارکرایەوە، کە چارەنووسیان چی بێت..

(ماری ئەنتوانێت) لەو ڕۆژەوەی کە لە نەمساو لە قەسری سەڵتەنەتیدا لەدایک ببوو، تا ئەو ڕۆژە هەمیشە لە قەسرەکانی سەڵتەنەتیدا دەنووست، کە ئەو شازادە خانمە باو و باپیرانی حەوت سەدە پێشتر لە نەمساو ئەڵمانیادا سەڵتەنەتیان کردبوو، چووە نێو ژووری بەقاڵەکە سەرسام بوو، تەسەوری ئەوەی نەدەکرد، لەو دنیایەی کە ئەو سەڵتەنەتی تیادەکات شوێنێکی وەکو ئەوێ هەبێ، ڕشتەی سیرو پیاز بەدیوارەکانەوە ئاوێزان بوون، لوولەکانی کالباس-یش لە بنمیچەوە هاتبوونە خوارێ، دەبەی پڕ لە خەیاری شۆرو زەیتونی شۆرو پەنیرو فەردەی پڕ لە لۆبیاو نیسک و نۆک لەو ناوەدا کەڵەکە کرابوون..

ماری ئەنتوانێت دەیزانی، بەقاڵ دەبێ فەردە لۆبیاو نیسک و نۆکی هەبێ، لە هەمان کاتدا نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بکات، کەسێ بتوانی لەنێو دەبەو فەردەدا بخەوێ.. ئەو شازادە خانمە، هەمیشە لە سەڵتەنەتدا بووە، لە وەزعی ژیانی فەرەنسییەکان بێ ئاگابوو، پێی وابوو لادێییەکانیش ژووری نوستنیان هەیە، ئەو شەوە وەزعی ماری ئەنتوانێت لە وەزعی کەسێ دەچوو کە لە مەریخەوە هاتبێتە خوارێ، بۆ یەکەم جار وەزعی ژیانی خەڵکی گۆی زەمین ببینێ.. کچی پاشای





نەمساو مەلیکەی فەرەنسا، بە سەرسامییەوە لە ژنی بەقاڵەکەی پرسی: ئایە ئێوە هەر لێرەدا دەخەون؟

ژنەکە گوتی: بەڵێ خانم!

ماری ئەنتوانێت گوتی: ڕەغبەتی ئەوەت هەیە، لە شوێنێکی ئاوها بخەویت؟

ژنەکە گوتی: بەڵێ جا بۆچی ڕەغبەتم نەبێ؟

ماری ئەنتوانێت گوتی: ئاخر بۆنی ئەم سیرو پیازو دەبەی خەیاری شۆرو زەیتونی شۆرو پەنیرو کالباسە هەراسانت ناکات؟

ژنی بەقاڵەکە گوتی: بۆ من و مێردەکەم و مناڵەکانم، جێی بێزاری نییە، مەگەر ئێوە، خەیاری شۆرو زەیتون و سیرو پیازتان نەخواردووە؟

ماری ئەنتوانێت، سیرو پیازی خواردبوو، بەڵام نەیدەزانی شکڵە ئەسڵییەکەی سیرو پیاز چۆنن، ئەو سیرو پیازی نەبینیبوو، مەگەر لە مەتبەخ و لەنێو قاپی زێڕی سەڵتەنەتی و لە ژووری خۆراکدا، بینیونی..

هەربۆیە ئێمە نابێ سەرسام بین، کاتێ میللەت لەبەر برسیەتی هێرشیان بردە سەر قەسری (ڤەرسای) گوتیان: نانمان دەوێ (ئەم ڕووداوە بەر لە فیرارکردنی بنەماڵەی سەڵتەنەتی فەرەنسا ڕووی دا).

مەلیکەی فەرەنسا بە سەرسامییەوە گوتی: "بەم خەڵکە بێ عەقڵە بڵێن، ئەگەر نانیان نییە بیخۆن، با پسکیت بخۆن"

ماری ئەنتوانێت، ئەوەندە لە ژیانی ئاسایی دوور بوو، تێنەدەگەیشت کە ئارد بۆ نانی ئاسایی چنگ نەکەوێ، بۆ پسکیتیش دەس ناکەوێ!

بەهەرحاڵ لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت و مناڵەکانی، لە قەسەبچەی (وارن–هوە) بەرەو پاریس گەڕاندیانەوە.. لەبەرئەوەی (مارا)ی ڕۆژنامەنووسی ناسراو، دژ بە لویی شانزەهەم و بەتایبەتی ماری ئەنتوانێت بوو، پاش فیرارکردنیان و دەستگیربوونیان، میللەتی فەرەنسا بۆی دەرکەوت ئەوەی (مارا) دژ بەوانی دەنووسی ڕاست بووە، (مارا) وەک پاڵەوانێکی میللی فەرەنسا لەقەڵەم دەدرا، (لافایت) جورئەتی نەدەکرد تەوقیفی کات، (خانم) دوبارێ-یش، بەپیاوکوژەکانی خۆی گوت،

چاوپۆشی لە کوشتنی (مارا) بکەن.

(مارا) توانی لە قەسری (فوتز) کە خانەخوێیەکەی نەیدەویست دەسبەرداری بێت! خۆی نەجات دا و گەڕایەوە بۆ پاریس..

یەکێ لە دۆستەکانی ماری ئەنتوانێت ناوی (فرسن) بوو لە شازادەکانی پلە دووی سویدی بوو، دەیزانی پاشای فەرەنساو مەلیکە، دەبێ بەگالیسکە لەو وڵاتە ڕاکەن و بچنە برۆکسل (کە ئەمڕۆ پایتەختی بەلژیکە) چاوەڕێی ئەو هەواڵە بوو کە ئەوان لە فەرەنساوە دەرچن، بە ترس و سامەوە بیستی، کە پاشای فەرەنساو ژنەکەی لەقەسەبچەی (وارن) ناسراونەتەوەو گیراون، پۆلیسیش گەڕاندوویانیەتەوە بۆ پاریس پاش ئەوەی ماری ئەنتوانێت گەڕاندەوە بۆ پاریس، نامەیێکی بۆ دۆستەکەی خۆی نووسی و ناردییە بروکسل.

هێشتا لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت، بەو شێوە سەختە لەژێر چاودێریدا نەبوون، کە نەتوانن نامە بنووسن، ئەوانەیان کە گەڕاندەوە بۆ پاریس لە قەسری (تویلری)دا نیشتەجێیان کردن، دەوروبەری ئەو قەسرە شەو و ڕۆژ لەلایەن پاسەوانانی گاردی میللییەوە پاسەوانی دەکرا، بەڵام خزمەتکارەکان دەیانتوانی لە قەسرەکە بێنە دەرێ، بۆیە ماری ئەنتوانێت توانیی لەڕێی یەکێ لە خزمەتکارەکانەوە، نامەیێک بنێرێتە دەرێی قەسر، پاشان بۆ (فرسن-ی) بنێرن..

هەندێ لە نووسەرەکانی فەرەنسا، بەتایبەتی ئەلکساندەر دۆما-ی گەورە، هەوڵی داوە لە کتێبەکانی خۆیدا، پەرێزی ماری ئەنتوانێت پاکەوەکات و تەبریئەی بکات، وا بیخاتە ڕوو کە ژنێکی وەفادار بووە بەرانبەر بەمێردەکەی، بەڵام بەڵگە نووسراوەکان هی ئەوە نین، نووسینەکانی ئەلکساندەر سەربگرێ.. یەکێ لەو بەڵگانە نامەیێکی ماری ئەنتوانێتە پاش ئەوەی لە (وارن) گەڕاندیانەوە، بەختی خودی ماری ئەنتوانێت نووسراوە بۆ (فرسن)ی نووسیوە ئێستایش لە کتێبخانەی میللی پاریسدا، وەک بەشێکی بەڵگەی مێژوویی فەرەنسا پارێزراوە، هەموو دوودڵییێک ناهێڵێ کە ماری ئەنتوانێت، هەند پابەندی هاوسەرەکەی نەبووە، ناوەرۆکی ئەو نامەیەش بەم شێوەیەیە:

"فرسن-ی ئازیز، قەزاوقەدەر نەیخواست، ئێمە ڕزگار بین، ئێمەیان گەڕاندەوە







بۆ پاریس، ئێستایش لە پاریسەوە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، بۆ من نیگەران مەبە، چونکە هیچ مەترسییەک هەڕەشەم لێ ناکات، تەنها من و مێردەکەم لەژێر چاودێریداین، من ئەوەندە بیر لە تۆ دەکەمەوە، ئەوەندە بیر لەخۆم و منداڵەکانم ناکەمەوە، چونکە ناتوانم، ئەو شەو و ڕۆژانەی لە کەناری تۆدا بووم فەرامۆشیان کەم، تۆ مەحبوبترین پیاوانی جیهانی منیت!

فرسن-ی ئازیز، لە هاتنت بۆ فەرەنسا، خودداری بکە، چونکە هەموو دەزانن، نەخشەی فیرارکردنی ئێمە، بەدەستی تۆ فەراهەم بووە، ئەگەر هەنگاو بنێیتە نێو خاکی فەرەنساوە دەکوژرێیت.. نامەم بۆ مەنووسە، چونکە هەموو ئەو نامانەی بەناونیشانی من ناردووتن، هەمووی لەلایەن مەئمورەکانی سانسۆری حکومەتی شۆڕشگێڕەوە کراونەتەوەو خوێندوویانەتەوە، ئەوەی نەیانویستووە بگاتە دەستی من نەیانگەیاندووە. جارێکی دی دەربارەی وەزعی خۆم ئاگادارت دەکەمەوە..

کەسێ کە هەرگیز تۆ لەبیر ناکات"

ئەم نامەیە ئیمزای پێوە نییە، بەڵام خەتەکەی خەتی مەلیکەی فەرەنسایە لەدروستی خەتەکەیش هیچ گومانێک نییە، (فرسن) کە ئەم نامەیەی گەیشتە دەست، چووە لای (پیت)-ی سەرۆک وەزیرانی ئینگلستان داوای لێ کرد ڕێی فیرار بۆ پاشاو مەلیکەی فەرەنسا فەراهەم بکات، بەڵام وەڵامێکی ئەوتۆی دەست نەکەوت، چونکە دەوڵەتی ئینگلستان دەیبینی شۆڕشی فەرەنسا ئەو وڵاتەی لاوازکردووە، ئەگەر شۆڕش لەنێوبچێت فەرەنسا بەهێز دەبێتەوەو دەبێتە ڕەقیبە گەورەکەی ئینگلستان..

(فرسن) بۆ نەجاتدانی مەحبوبەکەی خۆی چووە لای پاشای نەمسا، برای ماری ئەنتوانێت، ئەویش وەڵامێکی ئەوتۆی نەدایەوە، چونکە براکەی ماری ئەنتوانێت وەک سەرۆک وەزیرانی ئینگلستان، گەلێ دڵخۆش بوو کە وڵاتی فەرەنسا لاواز بووە، هەروەها بێزی لە ژیانە تایبەتییەکەی ماری ئەنتوانێتی خوشکی دەکردەوە..

دەبێ باوەڕ بەوە بهێنین کە (فرسن) تا دوارۆژی ژیانی خۆی وەفادار بوو بەرانبەر ماری ئەنتوانێت، تەنانەت کە مەلیکەی فەرەنسا تەوقیف کرا، لە زینداندا

جوانییەکەی لەدەست دا، (فرسن) دەستی لە وەفادارییەکەی خۆی نەکێشایەوە، دەیشیویست ماری ئەنتوانێت لە زیندان بڕفێنی، بەڵام بەشێوەیێک چاودێری ئەو زیندانە دەکرا فرسن موەفەق نەبوو لەوەی ماری ئەنتوانێت بڕفێنێ.

ئەوکاتە نەخشەی ئەوەی کێشا، کە ماری ئەنتوانێت لە زیندانەوە بۆ مەیدانی ئیعدامی ببەن، ئەوکاتە بیرفێنی، بەڵام حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا، چەند ڕۆژ پێش ئەو کارەی پێشبینی کردبوو کە ڕەنگە لایەنگرانی ماری ئەنتوانێت، هێرش بەرن و بیرفێنن، ئەوەندە سەربازی چەکداری لەنێوان زیندان و مەیدانی ئیعدامدا دانابوو، فرسن نائومێد بوو، بە مەحاڵی زانی بتوانێ ماری ئەنتوانێت لە مەرگ نەجاتدات..

چەند ڕۆژ بەر لە مەرگی ماری ئەنتوانێت، (فرسن) یەکێ لە پیاوەکانی خۆی ناردە لای (سامسون)ی جەلادی فەرەنسای سەردەمی شۆڕش، ئامادەیی خۆی دەربڕی سەد هەزار لیور (لیرەی فەرەنسی)ی بداتێ بەو مەرجەی خۆی و شاگردەکەی خۆیان نەخۆش خەن، لە ماڵێ دەرنەچنە دەرێ، چونکە جگە لەو دوو کەسە، چ جەلادێکی دی لە فەرەنسادا نەبوو، مومکین بوو کوشتنی ماری ئەنتوانێت هەندێ دواکەوێت..

شەوێ، سامسون، بەنێردراوەکەی (فرسن-ی) گوت: من ڕقم لە پارە نییە، بەڵام نەخۆشییە لەپڕی پڕەکەی من و شاگردەکەم گومان دروست دەکات و دەکەوینە بەر لێپرسینەوەو فەحسی دکتۆرەکان، کە بزانن درۆ دەکەین، خۆمان ئیعدام دەکەن.. وا فەرزکەین ئێمە هەردووکمان نەخۆش کەوتووین، کەسانی دی ڕادەسپێرن ماری ئەنتوانێت بکوژن، چونکە جەلادەکانی ئەمڕۆ وەک جەلادەکانی پێشوو نین، شمشێرو تەور بەکاربێنن، ئەمڕۆ مەحکومەکان بە گیوتین دەکوژرێن، هەموو کەسێ دەتوانێ پەتی گیوتنەکە ڕاکێشێ، تا ساتورەکەی بێتە خوارێ و سەر لە لەشەکە جیاکاتەوە ئەگەر ئێمە بەڕاستیش نەخۆش کەوین، گەر کەسیشیان دەس نەکەوێ خودی دادوەر گوریسی گیوتینەکە ڕادەتەکێنێ و ساتورەکە دێتە خوارێ و ماری ئەنتوانێت ئیعدام دەکرێ.

بەجۆرێ حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنساو شۆڕشگێڕان لە ماری ئەنتوانێت تووڕە ببوون ئەگەر سامسون و شاگردەکەیشی، خۆیان نەخۆش خستبا، تا ئیعدام





کردنەکەی مەلیکەی فەرەنسا دواکەوێت، هەردووکیان بەتاوانی هاوکاری لەگەڵ دوژمن ئیعدام دەکران.

***

کاتێ (مارا) لە قەسری (فوتز) چووە دەرێ و خۆی گەیاندە پاریس، سەیری کرد شەوقی ئازادیخوازی خەڵکی بەجۆرێ هەڵچووە، نەبێتەوە.

گەنجێکی پڕ شۆری دانیشتووی باشووری فەرەنسا بەناوی (روژە دولیل) سروودێکی هۆنیبووەوە بەئاهەنگی تایبەت لە شەقامەکان دەگوترا خەڵکیش دووبارەیان دەکردەوە. هەرکە میللەتی فەرەنسا، ئەو سروودەیان دەبیست، بەرەو مەکتەبی سەربازگیری ڕایاندەکرد، ناوی خۆیان دەنووسی، تا چەکیان دەسکەوێ و بەرەو مەیدانی جەنگ برۆن.

مەکتەبی سەربازگیری، لە شەقامەکاندا لەنێو خێوەتەکاندا کرابوونەوە، بەرانبەر بەخێوەتەکە، هەر چارەکە سەعاتەو جارێک تەپڵیان لێدەدا داوایان لە خەڵکی دەکرد بچنە جەنگی دوژمنانی نیشتمان، بەخۆبەخش دەچوونە ڕیزی سوپاو بەرەو مەیدانی جەنگ دەڕۆیشتن.

(مارا) بەهەر شەقامێکدا تێدەپەڕی، هەموو خەڵکی دەیانناسییەوەو هاواریان دەکرد (بژی مارا ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی دۆستی میللەت) (بژی خزمەتکاری وڵات و سەربازە دلێرەکەی).

هەر لەو ڕۆژانەدا، پەرلەمان هەڵبژێردرایەوە، لەبەرئەوەی (مارا) لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا دژ بە ماری ئەنتوانێت و لویی شانزەهەم بوو، وەک ئەندام پەرلەمان هەڵبژێردرا.

یەکەم قسەی (مارا) لە پەرلەمانی فەرەنسا، دەربارەی لویی شانزەهەم و بەتایبەتی ماری ئەنتوانێتی ژنی بوو.

(مارا) لە قسەکانیدا گوتی: ئەم زەعیفە نەمساوییە هەمیشە لەگەڵ دوژمنانی فەرەنسا خەریکی کودەتایە دژ بە وڵاتەکەی ئێمە و دەیەوێ وڵاتەکەمان تەسلیم بە ئەجنەبی بکات، مێردە بێ ئیرادەکەیشی ئاگای لە هەموو خیانەتەکانی هەیە، لە وەدیهێنانی ئەو نەخشانە شەریکیەتێ.. ئەگەر دەتانەوێ فەرەنسا لە خەتەر نەجاتی

بێت، بەر لەهەموو کارێ دەبێ سەری ماری ئەنتوانێت و لویی شانزەهەم بەگیوتین لەلەشیان جیاکرێنەوە.

تا ئەوکاتە چ کەسێ جورئەتی ئەوەی نەکردبوو، لەپەرلەمانی فەرەنسادا ئاوها بەراشکاوی تۆمەتی خیانەت بخاتە پاڵ ماری ئەنتوانێت و لویی شانزەهەم و داوای لەنێوچوونیان بکات. ئەو رەخنانەی لەپەرلەماندا لە ماری ئەنتوانێت و لویی شانزەهەم دەگیرا، تا ئەودەمە هەر بەتەلمیحی بوو، ئەندامانی پەرلەمان دەترسان بەئاشکرا رەخنە لە لویی شانزەهەم و ژنەکەی بگرن، بەڵام (مارا) ئەم موحافیزکارییەی خستە ژێر پێوە، گوتی دەبێ ئەو دوو کەسە بکوژرێن..

روبسپێریش بۆ ئەندام پەرلەمانی هەڵبژێردرابوو، پاش قسەکانی (مارا) هەڵساو گوتی: هاووڵاتیەکەی ئێمە ئەمرۆ لێرەدا شتێکی هێنایە سەر زمان هەموو ئێمە بیرمان لەوە دەکردەوە، بەڵام نەماندەویست بیهێنینە سەر زمان دەبێ ئەوە بگوترێ هاووڵاتیە دلێرەکەی ئێمە ئەوەندە ئازابوو، دەبێ ئەوە بڵێین، دوو پیاوە نەک یەک پیاو..

هاووڵاتی (سیمۆن ئورار) (لەودەمەدا بەژنانیشیان دەگوت هاووڵاتی) ئەو رۆژە دەیزانی (مارا) لەپەرلەماندا قسەی گرنگ دەکات، لەپەرلەمان و لەشوێنی تەماشاچییەکان ئامادەببوو.. کە دوا رستەی رۆبسپێر–ی بیست دەستی بەچەپڵەرێزان کرد، خەڵکەکەی دیش چەپڵەیان لێدا..

(سیمۆن) دەیزانی مانای دوا رستەی رۆبسپێر چییە، هەندێ لەدۆستەکانی (مارا)یش کە دەیانزانی ئەو پیاوە لەلەشیدا چ ئەندامێکی تایبەتی هەیە، زەردەیان هاتێ!!

(مارا) پاش ئەوەی بووە ئەندامی پەرلەمان، ئیدی ئەهەمیەتی بە (سیمۆن) نەدەدا، جگەلەوەی بووە رۆخسارێکی گەورەی میللی، کچانی جوانی شۆرشگێریش بۆ دۆستایەتی (مارا) رکەبەرییان لەگەڵ یەکدی دەکرد، ئیدی چ فرسەتێ بۆ (سیمۆن) نەمابوو، تا خۆی بگەیێنێتە (مارا).

(مارا) لەو رۆژانەدا بەلای کەمەوە رۆژی پەنجا دەعوەتنامەی بۆ دەهات، تا فراڤین، یا شیڤ بخوات..





(ژول رومن) نووسەر و مێژوونووسی فەرەنسی دەڵێ:

"ماوەی مەحبوبیەتی مارا شەش مانگ درێژەی کێشا، لەو ماوەیەدا نۆ هەزار دەعوەتنامەی پێ گەیشت، ئەگەر هەر رۆژەو بۆ دەعوەتێک بچووبا، دەبا بیست و حەوت ساڵی وەختی، بۆ ئەو دەعوەتانە سەرف کات"

لەنێوان ئەو کەسانەی کە (مارا) دەعوتی شیڤ خواردنیی قبوڵ کرد ژنێ بوو بەناوی خانم (ژانلی) لەو دەمەدا ژنێکی گەنجی خوێنشیرین بوو، بەبێ ئەوەی زۆریش جوان بێت.. ئەم ژنە بەر لە شۆرشی فەرەنسا عەشیقەی (دۆک دورلیان) بوو، کە شازادەیێکی بەرجەستەی فەرەنسا بوو، هەرکە شۆرش دەستی پێکرد، ئەو شازادەیە جێهێشت بووە هاونشینی شۆرشگێران، ئەمە هەمان ئەو ژنەیە کە لە رۆژی چواردەی ژوئیەی ساڵی ١٨٧٩ دا لەگەڵ هەندێ ژنانی (هال) یانی فرۆشیارانی بازاری دانەوێڵە فرۆشی پاریس، بینایەی (ئەنوالید) –کە ئێستاش لە پاریسدایە– کەوتە بەر هێرشی ئەم ژنانە، دەستیان بەسەر تۆپێکدا گرت، بەرەو قەڵای (باستیل) بەرێکەوتن و ئەو قەڵایەیان دایە بەر تۆپ..

ئێمە نامانەوێ لێرەدا رووداوی قەڵای باستیل باس کەین، چونکە ئەم رووداوە سەدان جار باس کراوە، هەموو دەزانن لەو رۆژەدا دانیشتوانی پاریس و ژنانیان هێرشیان کردە سەر قەڵای باستیل.. ئەو قەڵایە وەک مەزهەری ئیستبداد کەوتبووە بەرچاو.. ئەو قەڵایەیان داگیرکرد، حەوت زیندانی لەو قەڵایەدا زیندان بوون ئازاد کران.. پاشان تا چەند رۆژێکیش خەریکی وێرانکردنی قەڵاکە بوون، تا ئەو قەڵا ترسێنەرە لەنێو بەن.

دەربارەی قەڵای باستیل گەلێ موبالەغە کراوەو نووسراوە، لەکاتێکدا کە زیندانییەکانی قەڵای باستیل وەک ئەوە وابوون لە ئوتێلێکی دەرەجە یەکدا ژیان بگوزەرێنن، هەندێ لەو زیندانییانە، ئاشپەزو نۆکەرو تەنانەت عەشیقەکانیشیان دەبردە ئەو قەڵایە..

قەڵای باستیل، ئەگەر لەگەڵ زیندانەکانی ئەمرۆی پاریسدا بەراوردی بکەین، ئەوا ئەو قەڵایە وەک ئوتێلێکی دەرەجە یەک وابوو..

(ژانلی) ئەم خانمە نیشتمانپەرستە، لە سەرەتادا تێکەڵی شازادەکان بوو، پاشان

تێکەڵی شۆڕشگێڕان بوو.

(پیێر ژوردن)ی مێژوونووسی فەرەنسی لە کتێبێکدا بەناونیشانی (عەشق لە سەردەمی تیرۆردا) نووسیویەتی:

"کەرەسەی ڕەزامەندی گەلێ لە پیاوانی شۆڕشگێڕی فەرەنسای فەراهەم دەکرد، کاتێ کە عەشیقەی دوک دوولیان بوو، ئەم شازادەیە وەزیری دەریا بوو..

با بەنەگوتراوی نەمێنێتەوە، ئەم وەزیری دەریای فەرەنسایە، دەبا ئیدارەی هێزی دەریای کردبا، لە هەموو تەمەنیا یەک جار پێی ناوەتە نێو بەلەمێ تا بەرەو کەشتییەکی جەنگیی ببات کە لە بەندەری (برست) لە ڕۆخەکانی فەرەنسا لەنگەری دادابوو، بەڵام ئەوەندە لە دەریا ترسا، بەرلەوەی سەوڵ لێدەرانی بەلەمەکە بکەونە کار، لە بەلەمەکە هاتە خوارێ، ئیدی تا لە ژیاندا ما، پێی نەنایە هیچ بەلەم و کەشتییەک..

خانم (ژانلی) تا ئەو ڕۆژەی پێویستی مادیی بە شازادە (دۆک دورسیان) بوو، تەرکی نەکرد، بەڵام پاش ئەوەی شۆڕش بەرپابوو، قودرەت و سامانی ئەو شازادە فەرەنسییە لەنێوچوو، خانم (ژانلی) عاشقە ناتوانەکەی تەرک کرد، چونکە زانیی ئیدی ناتوانێ سوودی ماددی لێ وەرگری، خۆی تێکەڵی شۆڕشگێڕان کرد، بووە یەکێ لە ژنە بەرجەستەکانی شۆڕش، شۆرەتیشی گەیشتە گوێی (مارا).

خانم (ژانلی) وەک ژنانی فەرەنسا لەڕووی فزولییەتەوە ئاشنای (مارا) بوو، بەڵام پاش ئەوەی (مارا)ی ناسی، ئیدی نەیتوانی دەسبەرداری بێت، (مارا)یش پەیوەستی ئەو ژنە بوو، چونکە (ژانلی) ژنێکی گومناو نەبوو، تەنها وەک عاشقێ خۆی بە (مارا) بناسێنێت، بەڵکو لە ژنە ناسراو و بەرجەستەکانی شۆڕشی فەرەنسا بوو..

شەوی یەکەم (مارا) چووە ماڵەکەی (ژانلی) لەوێدا شیڤی خوارد، بەجۆرێ فریفتەی ئەو ژنە بوو، وەعدی دایێ کە هەموو شەوێ بێتە لای، (مارا) بۆ سێ شەو وەفاداری ئەم وەعدە بوو، لە شەوی چوارەمدا نەیتوانی وەفاداری وەعدەکەی بێ، چونکە (مارا) لە پاریسدا ئەوەندە مەحبوب بوو ئەوەندەش دەعوەتنامەی پێ دەگەیشت نەیدەتوانی بەدۆستێ ئیکتفا بکات.

(ژانلی) سەیری کرد پاریسییەکان ناهێڵن (مارا) تەنها بۆخۆی بێت، بڕیاری دا





بیڕفێنێ و بۆ خۆی بهێڵێتەوە..

(ژانلی) لە دەرێی پاریسدا ڤیلایەکی هەبوو، بەپارەی (دۆک دورسیان) ئەو ڤیلایەی کڕیبوو، بڕیاری دا (مارا) بڕفێنێ و لەو ڤیللایە داینێ و نەهێڵێ بچێتە دەرێ..

لەو دەمەدا کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لە (دوای نیوەڕۆوە دەستی پێ دەکرد، هەندێ لە کۆبوونەوەکان تا نیوەی شەو درێژەی دەکێشا.

شەوێک (ژانلی) لەگەڵ چەند ژنێکی فرۆشیار لە شەقامێک و لە گالیسکەیەکدا بۆسەیان بۆ نایەوە، تا (مارا) لە پەرلەمان بێتە دەرێ و بیڕفێنن.

هەموو دەزانن ژنانی فرۆشیاری (هال)ی پاریس بەتایبەتی ژنە قەسابەکان گەلێ بەهێزن، کە لەشی گایەک دەخەنە سەر شان، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیی دەبەن.. بۆ ئەو ژنانە ڕفاندنی کەسێکی وەکو (مارا) چ ئیشکالێکی تێدا نەبوو..

کاتێ (مارا) لە پەرلەمان هاتە دەرێ و بە شەقامە تاریکەکاندا دەڕۆیشت، ئەو گالیسکەیەش کەوتە ڕێ، کە (ژانلی) و چەند ژنێکی دیی تێدابوو، لە شوێنێکی چۆڵدا دوو کەس لە گالیسکەکە هاتنە خوارێ و بەرەوڕووی (مارا) چوون. (مارا) وایزانی ئەم ژنانە لەو قەحپانەن کە بەشەو و لە شەقامەکاندا بە دوای موشتەریدا دەگەڕێن، ویستی پێیان بڵێ، ئێوە بەهەڵەدا چوون و من موشتەری نیم، بەڵام یەکێ لە ژنەکان بە چاپووکی پارچە پەڕۆیێکی خستە سەر دەمی (مارا) ئەوی دیش (مارا)ی دایە کۆڵ و بەرەو گالیسکەکەی برد.

(مارا) لە نێو گالیسکەکەدا لەقەفرتێی دەکرد، ویستی دەمی خۆی بکاتەوەو هاوار بکات، بەڵام یەکێ لە ژنەکان کە قەساب بوو، چەقۆیێکی لە گیرفان دەرهێناو خستیە سەر ملی (مارا) و پێیگوت: ئەی ئەندامی پەرلەمان، ئەگەر ئارام نەبی، ئیدی پەرلەمان نابینێ..

پاش هەندێ ڕێکردن، ترسەکەی (مارا) کەم بووەوە، توانی (ژانلی) لەنێو گالیسکەکەدا ببینێ..

(ژانلی) وەعدی لێ وەرگرت، هاوار نەکات، گوتی: دەمی بکەنەوە.

(مارا) گوتی: بەئەمری تۆ منیان ڕفاندووە؟

( ژانلی) گوتی: ئەمانە لە دۆستەکانی منن، من تکام لێ کردن ئەمشەو کۆمەکم بکەن، تا تۆ بگەیێنمە ماڵێ..

(مارا) گوتی: ئایە دەمبەیتە ماڵەکەی خۆت؟

(ژانلی) گوتی: نەک بۆ ئەو ماڵەی سێ شەو بۆی هاتی، بەڵکو بۆ ماڵێکی تر.. ژنانی نێو گالیسکەکە، لەم قسانە سەرسام نەدەبوون، مەعلوم بوو کە مەحرەمی سرڕەکانی (ژانلی-ن).

کە گەیشتنە ڤیەللاکە، ژنەکان ویستیان دەمی (مارا) ببەستن، تا لەگالیسکەکە دایبەزێنن و بیبەن بۆ ڤیەللاکە، بەڵام (مارا) وەعدی دابوو بە(ژانلی) کە هاوار نەکات، ژنەکان دەسبەرداری دەم بەستنەکەی بوون کە (مارا) لە گالیسکەکە هاتە خوارێ، بەوردی سەیری عەرەبانچییەکەی کرد، بینی گەنجە، (ژانلی) گوتی: دۆستی ئازیز، ئەم عەرەبانچییەی کە دەیبینی، پیاو نییە و ژنە، ئەویش لە بازاڕی دانەوێڵەفرۆشی پاریسدا کاردەکات، تکام لێ کرد پۆشاکی پیاوانە بپۆشێ و گالیسکەکە باژوێ.

(مارا) زانیی سونگەی ئەم ڕفاندنەی عەشقە نەک کینەی سیاسی، بۆیە بەتەواوی ترسی نەما، بەهەنگاوی مەحکەم بەرەو ڤیەللاکەی خانم (ژانلی) چوو، ژنەکان لە (ژانلی)یان پرسی: ئیدی چ کارێکتان بەئێمە هەیە یا نەء؟

(ژانلی) سوپاسی کردن و بەخشیشی دانێ، پاش ئەوەی ژنەکان ڕۆیشتن (ژانلی) (مارا)ی بۆ شەوچرە دەعوەت کرد.(١)

(مارا) چەند سەعاتێکی شەوی لە پەرلەماندا بەسەربردبوو، گەلێ برسیی بوو گەلێ بەئیشتهاوە خۆراکی خوارد و خەوت..

ڕۆژی پاشتر، ئەو ژنە نەیهێشت (مارا) لەو ماڵە بچێتە دەرێ، هەندێ لە ڕۆژ تێپەڕی، یەکێ لە ژنە فرۆشیارەکان، بە گالیسکەیەکەوە گەیشتە ڤیەللاکەی (ژانلی) هەرچی پێویستی ئاشپەزخانە بوو، خستیە نێو مەتبەخەکەوە..

شەوی پاشتریش (ژانلی) نەیهێشت (مارا) لەو ماڵە بچێتە دەرێ، ڕۆژی دووهەم

(١) شەوچرە، خۆراکێکی ساردە، فەڕەنسییەکان لە سەعات دە یان یانزدەی شەودا بەر لە خەوتن دەیخۆن بەزمانی فەڕەنسیش پێیدەگوترێ (سوپە).





(مارا) ویستی بچێتە دەرێ (ژانلی) بە دەمانچە هەڕەشەی لێ کرد..

(مارا) ویستی لەو ژنە بگەیێنێت ئێستا لە ڕۆژنامەی (دۆستی میللەت) و هەروەها لە پەرلەماندا، لەبەر دیارنەبوونەکەی دەشڵەژێن، بەبێ شک هەندێ کەس بەدوایدا دەگەڕێن، ئەم ڕوونکردنەوەیە هیچ کاریگەریێکی لای (ژانلی) جێ نەهێشت..

دیارنەمانی (مارا) لە پاریسدا ئاشووبی نایەوە، پێیان وابوو لویی شانزەهەم بەتایبەتی ماری ئەنتوانێت، لەبەر نووسینە هێرشبەرەکانی (مارا) بەهۆی لایەنگرانی خۆیان (مارا)یان لەنێوبردووە.

بە شێوەیێک گومانەکە لەسەر لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت بوو، پەرلەمان سێ کەسی هەڵبژارد، تا بچنە لای لویی شانزەهەم و داوای ڕوونکردنەوەی لێ بکەن.. بەڵام بەرلەوەی نمایندەکان بچنە لای لویی شانزەهەم، (ژانلی) پاش هەفتەیێک (مارا)ی بەردا و گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆێ..

کارە سەیرەکانی (ژانلی) لێرەدا کۆتایی پێ نایێت، شۆڕشی فەرەنسا فرسەتێکی دیی خستە بەردەستی، تا ئەوە نیشان بدات کە یەکێ لە ژنە دەگمەنەکانی فەرەنسایە، بەڵکو هەموو ئەورووپایە.. لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا، ژن و پیاو گەلێک هاتنە مەیدانەوە، ڕەنگە دنیا مانەندی ئەوان بەخۆیەوە نەبینێ، یەکێ لەوانە ڕۆبسپێر بوو دەیگوت: کۆمەڵگای بەشەری دەبێ بە (تەقوا) بەڕێوەبچێت، هەرکەسێ سنووری تەقوا ببەزێنێ دەبێ بکوژرێ..

ڕۆبسپێر بۆ هەموو تاوانەکان، یەک سزای هەبوو، ئەویش ئیعدام بوو، دەیگوت ئەگەر بەقاڵێ تەرازووەکەی لاسەنگ بێت، شیرفرۆشێ ئاو تێکەڵ بەشیرەکەی بکات، قەحپەیێک لە شەقامەکاندا بەدووی موشتەری بگەڕێت، ئەندامێکی پەرلەمان دژ بە بەرژەوەندی میللەت قسان بکات، ئەمانە سنووری تەقوایان بەزاندووە دەبێ بکوژرێن!

ڕۆبسپێر بەپێی گوفتارەکانی ڕەفتاری دەکرد، هەرکەسێ سەر بە هەر چینێک با، دەسنیشانی تاوانەکەی کرابا، دەیسپاردە جەلاد، بە گیوتین، سەریان لە لەش جیادەکردەوە..

یەکێکی دیی پیاوەکانی شۆڕشی فەرەنسا (دانتون) بوو، کۆمیتەیێکی دروست کردبوو بەناوی (نەجاتی عمومی) هەر ئەو کۆمیتەیە لەژێر چاودێری (دانتون)دا

دادگای شۆڕشگێڕی هێنابووە کایە..

هەر دادگایێکی شۆڕشگێڕی سێ حاکمی هەبوو، زۆربەی حاکمەکانی دادگای شۆڕشگێڕی بچووکترین زانیارییان لە عیلمی حقوقدا نەبوو.. ئەو دەمە زیندانەکانی پاریس پڕببوون لە ژن و پیاوانی ئەشرافی فەرەنسا، کە نەیانتوانیبوو ڕابکەن و خۆیان بگەیێننە دەرێی سنووری فەرەنسا هەندێ لەوانە، لەبەر خۆشەویستی نیشتمان یا لەبەر ئەملاکەکانیان نەیانتوانیبوو خۆ دەرباز بکەن، هەندێکی دیشیان لەبەر پیری کە پێیان وابوو، حکومەتی شۆڕشگێڕی چاوی تەماح نابڕێتە ماڵ و موڵکیان، تا بگات بەوەی بیانکوژێ.

حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا بڕیاری دا هەموو ئەشرافەکان لەنێوببات، دەستگیری کردن و لەزیندانی نان..

قەتڵ و عامی ئەشرافەکانی فەرەنسا لەگەڵ هیچ پێوەرێکی قانونیدا یەکدیگیر نەدەبوون، دژ بە بەیاننامەی حقوقی ئینسان بوو کە لە پەرلەمانی فەرەنسا سەلمێنرابوو.. دادگاکانی شۆڕشگێڕی، نەیدەتوانی ئەشرافەکانی فەرەنسا، مانەندی تاوانبارەکانی دی، لە دادگایێکی عەلەنیدا موحاکەمەیان بکات و حوکمیان بەسەرا بدات.

(دانتۆن) بڕیاری دا دادگاکانی شۆڕشگێڕی لە زیندانەکاندا سازدرێ، هەر لەوێشدا مەحکومەکان بکوژرێن.

ئەگەرچی هەواڵی دروستبوونی دادگای شۆڕشگێڕی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو نەدەبووەوە، بەڵام خەڵکەکە بە شائیعە دەیانزانی، بۆ نموونە ڕۆژی پاشتر لە زیندانی (کونسیرژری) دادگای شۆڕشگێڕی بۆ موحاکەمەکردنی ئەشرافەکان سازدەدرێ.. هەندێ خۆبەخش داوایان دەکرد بین بە جەلاد.. ئەوانەی داوایان دەکرد بەخۆبەخش بین بە جەلاد، پێکێ شەرابیان نەدەدانێ، کەچی ژمارەی خۆبەخشەکان بۆ جەلادی لە پێویستییەکانی دادگا زیاتر بوون!

لەنێوان ئەشرافەکاندا، کە لە زیندانەکانی پاریسدا بوون، هەندێ ژنیش بەرچاو دەکەوتن، بەڵام زۆربەی جەلادە خۆبەخشەکان نەفرەتیان لە ژن کوشتن دەکرد، ئەم کارەیان بەپیاوەتی نەدەزانی، هێشتا چینی عەوامی فەرەنسییەکان ئەوەندە بێ ڕەحم





نەبوون بەچەقۆ و شمشێر ژنان پارچەپارچە بکەن، بەڵام لە ساڵی ١٧٩٤ دا ئەم کارەیان کرد..

دادگای شۆڕشگێڕی بۆ کوشتنی ژنانی ئەشرافی فەرەنسا، دووچاری کێشەیێک ببوو، جەلادە خۆبەخشەکان دەیانگوت، ئێمە ژنان ناکوژین..

هەر لەم کاتەدا خانم (ژانلی) هاتە مەیدانەوە، داوای کرد خۆبەخشانە ببێتە جەلادو ژنە ئەشرافەکانی فەرەنسا بکوژێت..

ئەو ژنەی لە ڕۆژی چواردەهەمی ژوئیەی ساڵی ١٧٨٩ بەتۆپ هێرشی کردە سەر قەڵای باستیل، وەکو کەوڵکەر، بەروانکێکی بەست، بازووی لێ هەڵماڵی، چەقۆیێکی گەورەی گرتە دەست، هەسانێکی قەسابی لە کەمەر بەست.

(ژانلی) هەمیشە لە ژووری تەنیشتی ژووری دادگا دەوەستاو چاوەڕێی دەکرد ژنێ لە ژووری دادگاوە بنێرنە ژوورەکەی، هەرکە ژنی مەحکوم پێی دەنایە ژوورەکەوە (ژانلی) بەچەقۆ هێرشی دەکردە سەری، ناڵەی جەرگبڕەی ئەو ژنە بەرز دەبووەوە، لە ژوورەکەی تەنیشتیدا دەنگی دەدایەوە..

(ژانلی) ئەوەندە چەقۆی پیادەکێشا تا دەیکوشت، ئەگەر ژنە مەحکومەکە بەرگری نەکردبا، بەچەقۆ وەشاندنی یەکەم لە پێی دەخست ئەوجا (ژانلی) سەری دەبڕی، ئەگەر ژنە مەحکومەکە بەرگری کردبا بەچەقۆ ئەوەندەی پیادەکێشا تا دەیکوشت..

خانم (ژانلی) گرنگی نەدەدا بە پیرو گەنج و جوان و ناشیرین، کە بۆ کوشتن پێیان دەسپارد، هەموویانی بە یەکسانی دەکوشت..

هەموو ڕۆژێ ژووری ئەو خانمە جەلادە، کە لەوێدا ئەرکی میللی خۆی بەئەنجام دەگەیاند (شانازی دەکرد، کە خزمەتی میللەتی فەرەنسا دەکات) دەبووە شوێنی کەوڵکردنی ترسێنەر، کەسانێ کە بۆ یەکەم جار دیمەنی ئەو ژوورەیان دەبینی لەرز دایدەگرتن..

ئەوەندە خوێن لەو ژوورەدا ڕژابوو، کە خانم (ژانلی) هەنگاوی هەڵدەهێنا، چەکمەکانی تا پاژنە لە خوێندا نوقم دەبوون، ئەملاوئەولای ژوورەکە، سەری بڕاو بەرچاو دەکەوت، قژی شێواوی ئاڵوودەی خوێن لەو ناوە کەوتبوون.

ئینسان سەرسام دەبوو کە ئەو ژنە جوان و گەنجەی دەبینی، کە هەر لە بەرەبەیانەوە تا سەعات سێی پاش نیوەڕۆ، سکی ژنانی گەنج و پیری دەدڕی و سەری دەبڕی و سینەی کون دەکرد، چۆن دەیتوانی پاش ئەوەی دەگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی، خەوی لێبکەوێ..

لە دادگایێکی ئاساییدا، تۆمەتبار دەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات یا موحامییەکەی بەئاسوودەیی بەرگریی لێ بکات، بەڵام لە دادگای شۆڕشگێڕیدا، ڕێ نەدەدرا بەئەشرافەکانی فەرەنسا بەرگری لەخۆیان بکەن، جۆری کارکردنی ئەو دادگایە، کە دەهاتە نێو زیندانەوە بەم شێوەیە بوو:

ئەو ژوورەی بۆ دادگا دادەنرا، دوو ژووری دیی بەتەنیشتەوە بوو، ژوورێکیان بۆ ئیعدام کردنی (نێر) و ژوورەکەی دیش بۆ ئیعدام کردنی (مێ) بوو، تۆمەتباریان لەزیندان دەردەهێنا دەیانخستە نێو ئەو ژوورەوە.

لە ژووری دادگای شۆڕشگێڕی، سێ حاکمی تێدابوو، یەکێکیان سەرۆک و دوانەکەی دیش ڕاوێژکاری بوون.. ئەو سێ حاکمە لە عیلمی حقوق بێ ئاگا بوون. بەحاکم بوون لە دادگای شۆڕشگێڕی، هیچ مەرجێکی نەبوو تەنها خوێنەوار با و نووسینی زانیبا، بەس بوو..

حاکمەکانی دادگای شۆڕشگێڕی بەپێچەوانەی جەلادەکانەوە، مووچەیان وەردەگرت.

سەرۆکی دادگا، لەو کەسەی دەپرسی کە دەهاتە ژوورەکە: ناوت چییە؟ ئەو ناوی خۆی دەگوت و پاشان لە کاری دەپرسی..

ئەشرافەکانی فەرەنسا، مەلاک، یا ئەفسەری سوپا، یا ئەفسەری هێزی دەریایی، یا کاری سیاسی (وەک وەزیر و سەفیر) چ کارێکی دییان نەبوو، چونکە کارەکانی دی، لە خوارووی شان و شەوکەتی خۆیان دەزانی.

حاکمی دادگاکە، بەبێ ئەوەی پرسیارێکی دی لە تۆمەتبار بکات، لەگەڵ دوو ڕاوێژکارەکەیدا ڕاوێژی دەکرد، ئەوانیش دەیانگوت (بەڵێ) یانی تۆمەتبار ئیعدام بکرێ!

ڕەئیسی دادگا ئەمری بە حەرەسەکە دەکرد ئەگەر تۆمەتبارەکە پیاو با، دەیبردە





ژووری کوشتنی پیاوان، ئەگەر ژن با دەیبردە ژووری کوشتنی ژنانەوە.

هەرکە مەحکومەکە دەچووە ژووری تەنیشتی ژووری دادگاوە، جەلادە خۆبەخشەکان، لەو ژوورەدا چاوەڕێیان دەکرد، هێرشیان دەبردە سەر مەحکومەکە بە چەند چەقۆ وەشاندنێ، هاواری مەحکومەکەیان دەبڕی و بۆ هەمیشە بێدەنگیان دەکرد.

کاتێ کە دادگایێک بەم پەلەیە کاربکات، مەعلومە کاری تۆمەتباران بە چ دەگات (ئۆگست بایی) مێژوونووسی هاوچەرخی فەرەنسی دەڵێت: دادگای شۆڕشگێڕی، بەلای کەمەوە لە هەر سەعاتێکدا دە کەسی لە ئەشرافەکان موحاکەمە دەکردو حوکمی دەدان، واتە موحاکەمەکردنی هەر تۆمەتبارێ شەش دەقیقە زیاتر کاتی نەدەویست..

تەنها ئەشرافبوون کافی بوو بۆ ئەوەی حوکمی کوشتنی بەسەرا بدرێ، خانم (ژانلی) ماوەیێک بێ رەقیب بوو، چ ژنێکی دی بەخۆبەخشی داوای جەلادی نەدەکرد، ئەم خانمە جەلادە، ڕۆژی پێنج تا دە ژنی لە ئەشرافەکانی فەرەنسای سک دەدڕی و سەردەبڕی. ڕۆژێ ژمارەی ژنانی مەحکوم زیاد بوو، ئەو ڕۆژە نۆزدە ژنی کوشت.

یەکێ لەو ژنە ئەشرافانەی بەدەستی (ژانلی) لە زینداندا کوژرا، (ئەندرێ دوتاورنی) بوو، ئەم ژنە نەدیمەی ماری ئەنتوانێت بوو، بەڕووکەش ئەوی دابوو بە (کونت دوشارنی)ی دۆستە خۆشەویستەکەی خۆی، کردبووی بەمێردی، تا خۆشەویستەکەی مەلیکە، بتوانێ ژنەکەی خۆی ببینی، دەچووە ماڵەکەی ماری ئەنتوانێت–ەوە.

ماری ئەنتوانێت، حوکمی کردبوو کە (ئەندرێ) و (کۆنت دوشارنی) بەهیچ جۆرێک کاری ژن و مێردایەتی نەکەن.

دەتوانرێ (ئەندرێ دوتاورنی) بەهەموو مانایێک بە بێ گوناه و مەزڵوم و بە شەهیدی مێژووی فەرەنسا لە قەڵەم بدرێ، چونکە لە دەربارەکەی ماری ئەنتوانێت دا بە بەدبەختی و مەحروومی ژیانی دەگوزەراند، ئەگەرچی مێردەکەی خۆی (کۆنت دوشارنی)ی خۆشدەویست، تەنها بۆ جارێکیش نەیتوانی وەکو ژن ومێرد لەگەڵیا ڕەفتار بکات.. پاش شۆڕشی فەرەنسا، بەتۆمەتی ئەوەی ئەشرافە دەستگیر کرا و

خرایە زیندانەوە..

(ئەندرێ) دوو ناوی خەتەرناکی هەبوو، یەکەمیان (تاورنی) ناوی بنەماڵەی باوکی بوو، دووهەمیان (شارنی) ناوی بنەماڵەی مێردەکەی بوو، ئەم دوو ناوە لەو سەردەمەدا، بەقێزەوەنترین دوو ناوی ئەو وڵاتە دەژمێردران، چونکە هەموو دەیانزانی (شارنی) مەحبوبی مەلیکەی فەرەنسایە، واش بڵاو بووەوە کە (تاورنی) باوکی (ئەندرێ) لەو کەسانە بوو کە لەسەردەمی ژیانی لویی شانزەهەمی پاشای فەرەنسا، لە خزمەتی ئەو پاشایەدا بووە..

سەرۆکی دادگای شۆڕشگێڕی، هەرکە ناوی باوک و ناوی مێردی (ئەندرێ)ی بیست، ئیدی بێ ئەوەی پرسیاری دیی لێ بکات، ئەو ژنە بەدبەخت و بێ نەوایەی بەئیعدام حوکم دا، بەرەو ژوورەکەی (ژانلی) نارد کە لەوێدا چاوەڕێی مەحکومەکانی دەکرد..

کاتێ (ئەندرێ) چووە ژوورەکەوە، سەیری کرد ژوورەکە پڕی خوێنە، لەملاوئەولای ژوورەکەدا لاشەی بێ سەر کەوتوون ژنێکی گەنجی هەندێ جوان وەک قەسابەکان بەروانکی بەستووە، چەقۆی بەدەستە، (ئەندرێ) لەبەر ترس لەخۆچوو، (ژانلی) چەقۆکەی لە گەرووی ئەو ژنە نزیک کردەوە، شارەگەکەی بڕی، ئەو ژنە بەدبەختە هاوار لە دەمییەوە دەرنەچوو، پاش ئەوەی خوێنی لەشی تەواو بوو (ژانلی) سەری لە لەش جیاکردەوە.

کوشتاری بێرەحمانەی ئەشرافی فەرەنسا، لە زیندانەکاندا، ئەگەرچی بەدەست دادگای شۆڕشگێڕی بوو، بەڵام بزوێنەرەکەی (مارا) و ڕۆژنامەکەی بوو.. (مارا) هەموو ڕۆژێ لە رۆژنامەی (دۆستی میللەت) خەڵکی بۆ خوێنڕشتن هان دەدا، کە ڕۆژنامەکە بڵاو دەبووەوە، خوێنی خەڵکەکە زیاتر دەهاتە جۆش.

(مارا) بۆئەوەی خوێنەرەکانی خۆی لەدەست نەدات، مەجبوور بوو هەر ڕۆژەو بەئاوازێ وتارەکانی لەرۆژی پێشتر توندتربێ، زیاتر تووڕەیی میللەت ببزوێنێ.

پاش ئەوەی (مارا) لە ڤیەلاکەی (ژانلی) ئازاد بوو، گەڕایەوە بۆ ڕۆژنامەکەی وتاری ئاگرینی تێدا بڵاو دەکردەوە.

هێشتا لە زیندانەکاندا قەتڵ و عامی ئەشرافەکان دەستی پێ نەکردبوو بەڵام





زەمینەیان بۆ خۆش کردبوو، (دانتۆن) کۆمیتەی (نەجاتی عمومی) دامەزراندبوو، تاکە تاکە ئەشرافە فەرەنسییەکانیان دەکوشت، بەڵام ڕۆژێ، (مارا) لە رۆژنامەی (دۆستی میللەت) دا، وتارێکی نووسی، تیایدا گوتبووی:

تا یەک کەس لە ئەشرافەکانی فەرەنسا، لەو وڵاتەدا زیندوو بن، میللەتی فەرەنسا ئاسایش بەخۆیەوە نابینی، میللەتی فەرەنسا، کاتێ نەجاتی دەبێ کە چینی بەناو ئەشراف و ئەسڵزادە، تا دواکەسیان لەنێو ببات، تا نەتوانن تا چەند ساڵێ، یا نیو سەدەیەک سەر بەرز کەنەوە..

(مارا) نووسیبووی:

باوەڕمەکەن، ئەم مارە (یانی ئەشرافەکان) هێزی نییە، بەڵکو، سەرمای زستان سڕی کردووە، هەرکە بوو بە بەهار و دنیا گەرم داهات، سەر بەرز دەکاتەوە، کەڵبەکانی لەگیانی میللەت گیر دەکات، لەو رۆژەی کە مێژووی فەرەنسا نووسراوە، چینی ئەشرافەکان چ کارێکیان نەبووە، جگە لە شکارو جەنگ لە سەردەمی ئاشتیدا، بۆ شکار دەچوون، لە سەردەمی جەنگدا لادێیە فەرەنسییەکانیان دەکردە سەرباز بۆ تەماحی خۆیان دەیانناردنە مەیدانی جەنگ و بەکوشتیان دەدان، ئەگەر لە جەنگدا سەرکەوتبان سامانەکانیان زیادی دەکرد، ولایەتەکانی دوژمنیان بۆ خۆیان داگیر دەکرد، ئەگەر شکشستیان هێنابا، تاوانی شکستەکەیان دەخستە ئەستۆی میللەتی فەرەنسا.. ئەی میللەتی فەرەنسا، بزانە دەبێ نەسلی ئەشرافەکان بەجۆرێ لەنێوببرێ، تەنانەت ژن و مێردێکی ئەو چینە بەزیندوویی نەمێنێتەوە وەکو مانەوەی جووتی (مۆرانە)ی نێرومێ وان، یەک جووت (مۆرانە)ی نێرومێ، دنیا پڕدەکەن لە (مۆرانە).

لەکاتێکدا (مارا) ئەم وتارانەی لە رۆژنامەی (دۆستی میللەت)دا بڵاو دەکردەوە، وڵاتی نەمسا ئامادە نەبوو بۆ نەجاتدانی ماری ئەنتوانێت لەگەڵ فەرەنسادا ئیعلانی جەنگ بکات (لەهەمان کاتدا، ماری ئەنتوانێت خوشکی ئیمپراتۆری نەمسا بوو) بۆ دەستبەسەراگرتنی ولایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا، بەبێ ئیعلانی جەنگ هێزەکانی نەمسا، چوونە نێو خاکی فەرەنسا.

ئەگەر هێزەکانی ئەڵمانیا، یا بەریتانیا بچوونایەتە نێو خاکی فەرەنسا، هیچ

کەسێ تەسەوری ئەوەی نەدەکرد، کە ئەو هێزانە بەفیتی ماری ئەنتوانێت هاتوونەتە نێو خاکی فەرەنساوە، بەڵام لەبەرئەوەی هێزەکانی دەوڵەتی نەمسان چوونەتە نێو خاکی فەرەنسا، لەپاریس و هەرێمەکانی دیی ئەو وڵاتەدا هەموو دەیانگوت ئەم لەشکرکێشییە بە فیتی ماری ئەنتوانێتە وا ئیمپراتۆری نەمسا هێرشی هێناوەتە سەر فەرەنسا..

لەو رۆژانەدا وەکو پێشتر باسمان کرد، لە هەموو شەقامەکانی پاریس و شارە گەورەکانی فەرەنسا مەکتەبی سەربازگیری کرابوونەوە، هەر لەهەمان ئەو رۆژانەشدا (رۆژە دولیل) گەنجێکی دانیشتووی جنوبی فەرەنسا بوو، لەگەڵ هەندێ سەربازی خۆبەخشی جنوبی ئەو وڵاتە، هاتبوونە پاریس، ئەوانە بەیەکەوە لە شەقامەکانی پاریسدا دەسووڕانەوە، سروودی میللی فەرەنسی (مارسییز)یان دەگوت، کە (رۆژە دولیل) ئەو سروودەی هۆنیبووەوە.

وەک دەزانین ئەو سرووده حەوت بەندە، (رۆژە دولیل) و هاورێکانی بەرەو قەسری (تویلری) دەڕۆیشتن کە ماری ئەنتوانێت و لویی شانزەهەمی لێ بوو، ئا لەوێدا بەندی شەشەمی ئەو سروودەیان دەگوت، ئەو بەندەیش مرۆ دەوروژێنێ.

ئا لەو بەندەدا باس لە سەربازە بێگانەکان دەکات کە بە فەرمانی پاشا تەماحکارەکانی ئەوروپا، هێرش دەهێننە سەر فەرەنسا، ژن و پیاوە فەرەنسییەکان دەکەن بەغولام و کەنیزو ئازادی ئەو میللەتە لەنێو دەبەن وەکو ڕابردوو حکومەتی ئیستبدادی بەرقەرار دەکەن. ئەو سرووده لەم بەندەدا بەهێرشبەران دەڵێ: سەربازەکانی فەرەنسا، ڕیز لە دوای ڕیز لە مەیدانەکانی جەنگدا دەکەون زەمین بەخوێنی خۆیان ڕەنگین دەکەن، هیچ کاتێکیش خۆبەختییان ناگاتە کۆتایی، مەگەر ئەو ڕۆژە پۆخڵی سەربازانی دوژمن، لە خاکی فەرەنسادا نەمێنێتەوە، تا ئەو ڕۆژەیش دایکە فەرەنسییەکان، نەوەی نوێ لە باوەشی خۆیاندا پەروەردە دەکەن، گەورەیان دەکەن، تا بۆ مەیدانی جەنگیان بنێرن لەوێدا و لە ڕێی نیشتماندا خۆیان بەخت کەن..

کاتێ لویی شانزەهەم، ئەم سروودەی بە ئاوازی تایبەتەوە ژنەوت، دەستی بەگریان کرد، ماری ئەنتوانێت بە سەرسامییەوە لێی پرسی: خاوەن شکۆ بۆچی دەگریت؟





لویی شانزەهەم گوتی: تۆیش ئەگەر وەکو من فەرەنسی بای، بەبیستنی ئەم شیعرە دەگریایت.

ماری ئەنتوانێت گوتی: خۆشبەختانە، من فەرەنسی نیم..

ئەو کاتە کە سەربازە خۆبەخشە فەرنسییەکان کە لەگەڵ (رۆژە دولیل) بوون لە بەرانبەر قەسری (تویلری) تێدەپەڕین، ئەگەر لەو کاتەدا لویی شانزەهەم بهاتایەتە سەر باڵکۆنەکە و خۆی نیشانی ئەو سەربازانە دابا و بیگوتبا (بژی فەرەنسا) ئەوا مێژووی فەرەنسا بەجۆرێکی دی دەنووسرا و سەری لویی شانزەهەمیش نەدەپەڕێنرا..

بەڵام لویی شانزەهەم ئیرادەی نەبوو، نەیدەتوانی بەزوویی بڕیاربدات لە هەموو کارەکاندا دەبا ماری ئەنتوانێت ئاگادار با و دەستی تێوەردات، ئەو ڕۆژە بۆ یەکەم جار سروودێ، کە پاشان بووە سروودی میللی فەرەنساو تا ئەمڕۆیش هەر ماوە، لە شەقامەکانی پاریسدا دەنگی دەدایەوە.

ڕۆژی پاشتر، ڕۆژنامەی (دۆستی میللەت) هەمان سروودی لەلایێکی لاپەڕەی یەکەمدا چاپ کردو لەلایەکەی دیش وتارێکی ئاگرینی (مارا)ی چاپ کردبوو کە ئەم ناونیشانەی هەبوو:

"کە بۆ مەیدانی جەنگ دەچیت، ئایە ناتەوێ لە پشتی سەری خۆت دڵنیابیت؟"

ناوەرۆکی وتارەکەوی (مارا) ئەمە بوو کە:

(دە هەزار ئەسیڵزادەی خائین لە فەرەنسادان، دوژمنی میللەت و ئازادین و دۆستی ئیستیبدادن، هێزێکیشن دەیانەوێ حکومەتی ئیستبدادی بگەڕێننەوە.. ئێوە ئەی سەربازانی خۆبەخش، کە بۆ مەیدانی جەنگ دەچن، دەبێ پێشتر دوژمنی ناوخۆ کە خەتەرناکترە لە دوژمنانی دەرێ، چونکە لە نێو خۆماندا جێیان هەیە، دەبێ هەموو ئەمانە لەنێوبرێن، تا دڵنیابین لە پشتی سەری خۆمان).

ڕۆژنامەکانی پاریس، نەدەچوونە سەربازخانەکانەوە، ئەگەر ئەو ڕۆژنامانە بچوونایەتە سەربازخانەکان، ئەوا سەربازەکان لەژێر کاریگەری ئەو وتارە هێرشیان دەبردە سەر لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت و ئەسیڵزادەکانی نێو زیندانەکانەوەو هەموویان دەکوشتن.. لەگەڵ ئەمەشدا گومان لەوەدا نییە کە وتارەکەی ئەو ڕۆژەی

(مارا) بووە هۆی قەتڵ و عامی ئەشرافەکانی فەرەنسا..

ئەو پیاوانەی ناوەندی شۆڕشگێڕی فەرەنسایان تەشکیل دەکرد، وایان دانابوو لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت و ئەشرافەکانی فەرەنسا بەزیندوویەتی بهێڵنەوە، تا وەک بارمتەیێک بەکاریان بهێنن و موحاکەمەکردنەکانیان دواخەن. بەڵام وتارەکەی (مارا) بەجۆرێ فەرەنسییەکانی هێنابووە جۆش، ئیدی ئەو پیاوانە دەسەڵاتیان نەما..

ئەو خەڵکە سەرسامی ئەوە بوون، چۆن تا ئەو ڕۆژە، ئەو حەقیقەتەیان نەزانیوە، کاتێ ئینسان لەگەڵ دوژمنێکی دەرێدا دەجەنگێ، دەبێ بەرلەوەی بچێتە مەیدانی جەنگ، هەموو هاوکارەکانی دوژمنی دەرێ کە لە ناوەوەی مەملەکەتدان لەنێوببات، تا ئەوانە نەتوانن بۆ سوودی دوژمنی دەرێ لەنێو وڵاتدا کودەتا بکەن، چەقۆ بکێشنە پشتی میللەت. بەهەرحاڵ وتارەکەی ئەو ڕۆژەی (مارا) کە لە ستوونێ زیاتری ڕۆژنامەی (دۆستی میللەتی) نەگرتبوو، بووە هۆی ئەوەی نزیکەی شەش هەزار پیاو و ژنی ئەسیلزادەی فەرەنسیی لەنێوبرد.

# ژنه خوێنڕێژەکان

لەپاریسدا زیندانێک هەبوو بەناوی (ئابی) لەو زیندانەدا خەڵکێکی زۆری ئەشرافی فەرەنسی و مەحکومینی جینایی (وەک دزان و گیرفان بڕان و بکوژان)ی تیا زیندانی بوون، لەنێو ئەو زیندانییانەدا پیرەمێردێکی حەفتاو دوو ساڵەی تیا بوو بەناوی (مارکی دوسومبری) پێویست بەوە ناکات بڵێین لە ئەشرافەکان بوو چونکە (مارکی) نیشانەی ئەسیلزادەیی ئەوە..

(مارکی دوسومبری) فەرماندەی (ئەنوالید) بوو ئەنوالید تەنها بینایەیێکی گەورە نەبوو، چاکتر وایە بگوترێ قەڵایێک بوو، سەربازە کەمئەندامەکانی جەنگ لەوێدا چاودێری دەکران، ئەمڕۆیش (ئەنوالید) لە پاریسدا ماوە.

ئەو رۆژەی کە خەڵکی دەیانویست قەڵای باستیل داگیرکەن، پێویستییان بە تۆپ هەبوو، بڕیاریان دا سوود لەو تۆپانە وەرگرن کە لە قەڵای (ئەنوالید) دایە بەڵام (مارکی دوسومبری)ی فەرماندەی قەڵاکە، بەرگری کرد هاواری کرد (بژی پاشا) و (نەمر بێ ئاڵای فەرەنسا).

لەو ڕۆژانەدا چ کەسێ کاری بەو پیرەمێردە نەبوو، پاشان لەبیریان کرد تا دەوڵەتی نەمسا بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر فەرەنسا، –وەک گوتمان– بە فیتی (مارا) ئەشرافە فەرەنسییەکانیان لە زینداندا قەتڵ و عام کرد، تا ئەو ڕۆژەیش (مارکی دوسومبروی) بە ئازادی دەژیا، بەڵام پاشان ئەم پیرەمێردەیان تەوقیف کرد و خستیانە زیندانەوە.. ئەو پیرەمێردە کچێکی هەژدە ساڵەی هەبوو بەناوی (ژان دوسومبروی) کە بینیی باوکیان زیندانی کردووە، داوای کرد ئەمیش لەگەڵ باوکیا زیندانی بکەن، تا بتوانێ لە زینداندا خزمەتی بکات.

(دانتون) بەرپرسی دادگای شۆڕشگێڕی بوو، موافەقەتی لەسەر خواستی کچەکە کرد ئەمیش نەک لەبەرئەوەی لە زینداندا خزمەتی بکات، بەڵکو پێشبینی ئەوەی دەکرد دادگا لە نەتیجەدا کچەکەیش دەگرێ.

ڕۆژێ دادگای شۆڕشگێڕی لە زیندانی (ئابیدا) دامەزرا تا ئەشرافەکان بکوژێ





(ژانلی)یش، وەجێهێنانی ئەرکەکەی لەوێدابوو، تا سەعات یانزە دوو ژنی کوشتبوو، جەلادە پیاوەکانیش لە ژوورەکەی خۆیاندا چەند مەحکومێکیان کوشتبوو.

لە سەعات یانزەدا (مارکی دوسومبروی) بە مووە سپییەکانی و پشتی چەماوەوە، کە خۆی دابووە سەر شانی کچەکەی، هێنرایە ژووری دادگاوە، دیمەنی ئەو کچ و باوکە، لەنێو دادگاییێکدا، جگە لە حوکمی مەرگ چ حوکمێکی دیی نییە، ئەوەندە سەرنج ڕاکێش بوو، (ژانلی) هەندێ دەرگاکەی خۆی کردەوە و سەیری دادگاکەی کرد، ئەو کچە گەنجە کە بەروانک و دەست و پلی خوێناوی ژانلی بینی لەرز دایگرت و سەیری نێو ژوورەکەی کرد کە پڕە لە خوێن و ژنێکی سەربڕاویشی بینی، بەرلەوەی سەرۆکی دادگا قسە بکات و لە ناوی موتەهەم بپرسێت، ئەو کچە گەنجە دەستی بەگریان کرد و گوتی: ڕەحمتان هەبێ.. ڕەحمێ بەو باوکە بێچارەیەی من بکەن..

سەرۆکی دادگا لە پیرەمێردەکەی پرسی: ناوت چییە؟

پیرەمێردەکە خۆی ناساند..

سەرۆکی دادگا گوتی: تۆ بەوە موتەهەمی، دژ بەئیرادەی میللەت ڕەفتارت کردووە کاتێ بۆ وێرانکردنی قەڵای باستیل داوای تۆپیان لێ کردی، تۆ لە تەسلیمکردنی تۆپەکانا خودداریت دەکرد!

(سومبروی) گوتی: ئەرکی من ئەوە بوو تۆپەکان بپارێزم، نەمدەتوانی بەبێ بڕیاری تایبەتی شا، تۆپەکان تەسلیمی خەڵکانی دی بکەم، ئەگەر ئێوەیش پیاوێکی عەسکەری بان، مومکین نەبوو، ئەو تۆپانەی پێیان سپاردوویت تەسلیمی خەڵکانی دیی بکەیت..

ڕەئیسی دادگا ئیدی پرسیاری لە (سومبروی) نەکرد، چونکە ڕەئیسی دادگاو حاکمەکان خۆیان ئەزیەت نەدەدا، پرسیار لە موتەهەم بکەن.

(ژان دوسومبروی) فرمێسکی دەڕشت و دەیگوت: ڕەحم کەن، ڕەحم بە باوکە پیرو بێچارەکەم بکەن.

ئەو ژوورەی کە جەلادە پیاوەکانی تیادابوو، گریانەکەی ئەو کچە سەرنجی ڕاکێشان، ئەمانیش دەرگاکەی خۆیان کردەوە تا بەجوانی ئەو کچە ببینن، ڕەئیسی دادگا بێ ئەوەی گوێ بداتە گریانەکەی ئەو کچە گەنجە، لەگەڵ دوو حاکمەکەی دیدا

خەریکی گفتوگۆ بوو تا حوکمی ئیعدامی پیرەمێردەکە دەرکەن.. جەلادە لەش خوێناوییەکان هاتنە ژووری دادگاوە، هەروەها (ژانلی)ش هاتە ژوورێ..

یەکێ لە جەلادەکان بە کچە گەنجەکەی گوت: حەزدەکەیت باوکت لە مەرگ ڕزگارکەیت؟

کچە گەنجەکە بەگریانەوە گوتی: بەڵێ.. بەڵێ.. باوکە پیرەکەی من نەکوژن.. لەهەموو شوێنێکی دنیادا ڕێز لە کەسانی بەتەمەن دەگرن..

ئەو جەلادە ناوی (فاکن) بوو بە (ژانلی) گوت: ئەو پەرداغەی لەسەر مێزی ڕەئیسی دادگایە هەڵیگرە پڕی کە لەخوێن و بیهێنە..

(ژانلی) بەدەست و پلی خوێناوییەوە، پەرداغەکەی هەڵگرت و چووە ژوورەکەی خۆی، بەڵام لە ژوورەکەیدا خوێنی دوو ژنی کوژراو مەیی بوون، نەیتوانی پەرداغەکە پڕ لەخوێنی شل بکات، بەڵام ئەو ژوورەی پیاوانیان تیا دەکوشت، بایی پێویست خوێنی شلی تیا بوو، (ژانلی) پەرداغەکەی پڕکرد لەخوێن و چووە ژووری دادگاوە..

(فاکن) پەرداغەکەی لە (ژانلی) وەرگرت بە کچە گەنجەکەی گوت: ئەگەر دەتەوێ باوکت بەزیندوویەتی بمێنێتەوە، ئەم پەرداغە کە پڕە لە خوێنی ئەشراف و دوژمنانی میللەتی فەرەنسا بخۆرەوە!

ئەو کچە سەرنجێکی (فاکن)و حاکمەکانی دا، پاشان سەیرێکی ژانلی و باوکە پیرەکەی خۆی کرد، بۆ قبوڵ کردنی ئەو پێشنیارە دوودڵ بوو..

ژانلی بەپەنجە ئیشارەتی بۆ هەردوو ژوورەکە کرد، کە لاشەکانی تێدا کەوتبوو، گوتی: ئەگەر خوێنی دوژمنانی میللەت نەخۆیتەوە، ئەوا باوکت دەکوژرێ، لاشەکەیشی لە تەنیشتی ئەو جەنازانەدا فڕێدەدرێ.

ئەو کەسانەی لە ژوورەکەدا بوون بینییان، ئەو کچە گەنجە پەرداغە پڕ خوێنەکەی لەدەستی (فاکن) وەرگرت، قوم قوم خوێنەکەی خواردەوە، پاشان پەرداغە خاڵییەکەی دایە دەستی (فاکن).. (فاکن) و جەلادەکانی دیی نێو ژوورەکە هاواریان کرد: بژی هاوولاتی (سومبروی خۆشەویستی میللەت) پاشان دادگای شۆڕشگێڕی حوکمی بەرائەتی بۆ (مارکی دوسومبروی) دەرکرد.

ئەم ڕووداوە نموونەیەکە بۆ ڕەئی دادگاکانی شۆڕشگێڕی ئەو سەردەمە، کە





ئەوەندە سست بوون، جەلادێکی خۆبەخشی وەکو (فاکن) دەیتوانی لە مەسئەلەیێکی پەیوەست بەژیان و مەرگی کەسێکەوە، ڕەئی دادگا بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، جگە لەوەی ئەم ڕووداوە نموونەی فیداکاریی کچێکە بۆ باوکی خۆی، ئەگەرچی ئەو کچە ئەسیلزادە بوو بەپێی ڕەوشی ئەسیلزادەیی پەروەردە کرابوو، خوێنی ئەسیلزادەو ئەشرافەکانی خواردەوە، تا باوکی لە مەرگ ڕزگارکات.

لەو سەردەمەدا دادگاکانی شۆڕشگێڕی چ کەسێکیان تەبرئە نەدەکرد، تەنها ئەگەر دڵنیابان لە ڕووی سەهووەوە گیراوە، یانی مەئمورەکان بەهەڵە کەسێکیان لە عەوامی خەڵکەکە لەجیاتی نەجیبزادەیێک گرتووە.. هەرکەسێ لە چینی ئەشراف با حوکمی مەرگیان بەسەرا دەدا، تەنانەت دژ بە شۆڕشگێڕان و ئازادی میللەتی فەرەنساش نەبا هەر لەنێویان دەبرد..

(مارا) وای لە زەینی میللەتی فەرەنسا کردبوو، کە دوو هەزار ساڵە، ئەشرافەکان خوێنی میللەت دەڕێژن و چ کەسێکیش لێیان ناپرسێتەوە، لێگەڕێن با میللەتی فەرەنسایش خوێنی ئەشرافەکان بڕێژێت بەیەکجاری نەوەیان نەهێڵێ.

لە فەرەنسا چ کەسێ لە ئەشرافەکان نەمایەوە، جگە لە مناڵان، هەرکەسێ نەجیبزادە با دەکوژرا، نەجیبزادەکان، ئەوانە بوون کە پلەو پایەو سامانیان هەبوو، هەندێکیان توانیبوویان لەو قەتڵ وعامە خۆیان ڕزگار بکەن و بچنە ولاتانی دی.

هەندێکیان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ناپلیۆندا گەڕانەوە، هەندێکی دییان لە سەردەمی سەڵتەنەتی لویی هەژدەهەم (کە پاش ناپلیۆن بووە پاشای فەرەنسا) گەڕانەوە. لویی هەژدەهەم قانونێکی دەرکرد، دەبێ میللەتی فەرەنسا قەرەبووی زیانەکانی نەجیبزادەکان بداتەوە، موڵکە داگیرکراوەکانشیان بۆ بگەڕێننەوە.. تا ئەو ڕۆژەی لویی هەژدەهەم لە ژیاندا مابوو (نەجیبزادە موهاجیرەکان) یانی ئەوانەی لە فەرەنساوە ڕایانکردبوو و گیانی خۆیان دەرباز کردبوو و گەڕابوونەوە، لە خەزێنەی مەملەکەت مووچەیان بۆ بڕابووەوە.

بەهەرحاڵ دادگاکانی شۆڕشگێڕی هیچ یەک لە ئەشرافەکانیان تەبرئە نەدەکرد، ڕەحمیان بە پیرێژنان و پیرەمێردان نەدەکرد.. تەبرئە بوونی (مارکی دوسومبروی) یەکێکە لە ڕووداوە بەرجەستەو سەرسوڕهێنەرەکانی دادگاکان لە هەمان کاتیشدا

کارێکی مناڵانەی شۆڕشی فەرەنسایە.

جەلادە خۆبەخشەکان، پاش ئەوەی (مارکی دوسومبروی) لەزیندان ئازادکرا، بایەخیان نەدایێ، بەڵام کچە گەنجەکەیان خستە سەر شان بە شەقامەکاندا دەیانسووڕاندەوە و هاواریان دەکرد: بژی هاووڵاتی (سومبروی خۆشەویستی میللەت و دوژمنی ئەشرافەکان).

ڕێبواران وایاندەزانی ئەو کچە تەبریئە بووە، بەڵام ڕۆژی پاشتر (مارا) لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا نووسیبووی:

"ژان دوسومبروی بەنۆشینی خوێنی دوژمنانی میللەت قەرەبووی تاوانەکانی باوکی کردەوە، بۆیە دادگا باوکی ئازاد کرد.."

(مارکی دوسومبروی) ئەگەرچی لەزیندان ئازاد ببوو، بەڵام ئەو ستەمە لە زینداندا بینیبووی، بەجۆرێ ڕایتەکاندبوو، پاش مانگێ کۆچی دوایی دەکات.. کچە گەنجەکەیشی پاش مردنی باوکی بێ سەرپەرشت مایەوە، پاش ئەوەی وەزعەکە هەندێ ئارام بووەوە بەکۆمەکی خێرخوازەکان چووە دەرێی فەرەنسا.

ژنان و پیاوانی سەرسوڕهێنەری سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا، ئەوەندە زۆرن ئەگەر مێژوونووسێ بیەوێ ناویان تۆمارکات دەبێ گەلێ لاپەڕە ڕەش کاتەوە، یەکێ لە پیاوە سەرسوڕهێنەرەکانی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا پیاوێک بوو بەناوی (باراس) یەکێکی دیش هەبوو ساختەچی و شەللاتی بەناوی (گاگلیوسترو) هەریەک لەم دوو کەسە ناوی خۆیان لە مێژووی شۆڕشی فەرەنسادا جێهێشت..

(باراس) پیاوێکی نەجیبزادە بوو لەقەبی (ڤیکۆنت)ی هەبوو، بەڵام چ کەسێ ئاگای لە ئەسل و نەسەبی (گاگلیوسترو) نەبوو، تەنانەت نەیاندەزانی سەر بە چ میللەتێکە، چونکە زمانی فەرەنسی وەکو فەرەنسییەکان دەزانی، زمانی ئیتالی وەک ئیتالییەکان و زمانی ئەڵمانی وەک ئەڵمانییەکان دەزانی..

لە سەرەتادا ژیانی (باراس) ژیانێکی پڕ لە سەرکێشی بوو، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە هەژدە ساڵان چووە هیندستان، لەوێدا تووشی نەخۆشی تاعون بوو، بەڵام بەزیندوویەتی مایەوە، پاشان چوو بۆ ڤێتنامی جنوبی، کە پێشتر ئەو وڵاتە ناوی هیندو چین بوو، باراس لەو دەمەدا لە سوپای فەرەنسا ڕوتبەی مولازمی هەبوو





لە هیندو چیندا دیسان تووشی نەخۆشی تاعونی غودەیی بوو، ئەمجارەشیان نەمرد، بەڵام ساڵێ پاشتر فێری تلیاک کێشان بوو.. بەرپرسەکانی ویستیان عادەتی تلیاک کێشانەکەی پێ تەرک کەن، بەڵام نەیانتوانی، خودی (باراس) پێشنیازی ئەوەی کرد، بەکەشتی بیبەنە دوورگەیێکی بچووک، کە هیچ کەسێکی تیادا نەبی، هەندێ ئاو و ئازووقەی بۆ دانێن و بەجێی بهێڵن، پاش پانزە ڕۆژی دی بگەڕێنەوە، بزانن زیندووە یا مردووە! ئەگەر مردبێ، جەنازەکەی لە هەمان دوورگەدا بنێژن، بەڵام ئەگەر زیندووبێ ئەوا عادەتی تلیاک کێشانی تەرک کردووە.

بۆئەوەی وەسوەسەی تلیاک جارێکی دی موبتەلای نەکات، هیندوچین-ی جێهێشت و گەڕایەوە بۆ هیندستان.

ئەودەمە بەریتانییەکان دەیانویست فەرەنسییەکان لە هیندستان دەرکەن و خۆیان ببنە کوێخای هیند..

لە فەرەنسادا هیچ کەسێ سەرنجی ئەهەمیەتی ئابووری و عەسکەری هیندستانی نەدەدا کە بۆ فەرەنسا چ بایەخێکی هەیە، لویی شانزەهەمی پاشای فەرەنسایش موافەقەتی نەدەکرد سوپایێکی بەهێزو سوپایێکی دەریاییش لە فەرەساوە بنێرێ بۆ هیندستان، نەهێڵێ ئینگلیزەکان بەئاسانی فەرەنسییەکان لەو وڵاتە وەدەرنێن..

پاش ئەوەی (باراس) گەڕایەوە بۆ هیندستان، فەرماندەی سوپای فەرەنسا لە هیندستان ناردی بۆ شاری (الله ئاباد) لەو شارەدا (باراس)ی گەنج بۆ یەکەم جار عاشق بوو، بەڵام نەک عاشقی کچێ، بەڵکو عاشقی هەزاران کچی گەنج.

باراس لە یادەوەریەکانی خۆیدا نووسیویەتی:

"بەیانیان کە لەماڵ دەهاتمە دەرێ، چاوم بە کچێکی گەنج دەکەوت، دڵم دەکەوتە ترپە، چونکە نیگای چاوە ڕەشەکانی، بۆ من لە هەموو شتێ لەززەت بەخشتر بوو، پاش دە هەنگاوی دی کچێکی دیم دەبینی چاو ڕەشترو گیرەندەتر بوو، هەرکە سەرنجی دەدام ئەژنۆکانم سست دەبوون، هەندێ جاریش پاڵم دەدایە دیوارەوە، پاش سەعاتێ بەرێیەکانی (الله ئاباد)دا دەسووڕامەوە سەیرم دەکرد عاشقی زیاتر لەسەد کچی گەنج بووم.. وا تەسەور دەکەم عەشقی ئەفلاتونی بەم جۆرە عەشقەی من دەگوترێ..

پاش ئەوەی سوپای فەرەنسا لە هیندستاندا شکستی هێنا، حکومەتی فەرەنسا ناچاربوو ئەو وڵاتە جێبێڵێ، (باراس) بەناچاری دەسبەرداری ژنە چاوڕەشەکانی هیندستان بوو، ڕێی فەرەنسای گرتەبەر.. لەو دەمەدا هەرکەسێ ویستبای لە هیندستانەوە بچێت بۆ ئەوروپای غەربی، دەبا، بە کەشتی بەدەوری ئەفریقادا بسووڕێتەوە، بەڵام (باراس) وای بەچاک زانی بچێت بۆ میسرو لەوێوە بگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا.

هەرکە گەیشتە میسر، لە شاری ئەسکەندەریە بووە ئاشنای پیاوێک کە ڕەنگە لە مێژووی جیهاندا لەو پیاوە ساختەچیتر نەبووبی، و نەشیەتە وجودەوە، ئەو پیاوە ناوی (گلیوسترو) بوو، بەڵام پێشتر دەیان ناوی تری هەبووە، لە هەریەک لە وڵاتانی ئەوروپادا ناوێکی هەبووە، ناسراوترین ناوی خوازراوی (گلیوسترو) ناوی (ژوزف بالسامو) و (کۆنت دوسن ژرمن) بوو..

(گلیوسترو) ئیدعای ئەوەی دەکرد، لە سەرەتای خەلیقەتەوە زیندووە، کاتێ ئەهرامەکانی میسریان دروست دەکرد، ئەم لەوێ بووە کاتێ قەیسەری ڕۆمیان لە مەجلیسی سەنای ئەو وڵاتەدا کوشت (یانی پێش دوو هەزار ساڵ) لەوێدا بووە، ئاگای لە ڕووداوی کوشتنەکە بووە، کاتێ حەزرەتی مەسیحیان لەخاچ دا ئەم لەنێو تەماشاچییەکان بووە زیاتر لە دە شەوێ لە مەجلیسی کیلۆباترای مەلیکەی میسری بەسەربردووە، یەکێک بووە لە نەدیمەکانی خەلیفە هارون ئەلرەشید لە بەغدا.

ئەمڕۆ چ کەسێ باوەڕ بەم قسانە ناکات، بەڵام لە ساڵەکانی کۆتایی نیوەی سەدەی هەژدەهەمدا، هەندێ لە خەڵکەکە باوەڕیان بەم قسانە دەکرد و گلیوسترو-یش بۆئەوەی خەڵکەکە وا لێبکات باوەڕ بەقسەکانی بکەن، دوو شتی هەبوو، یەکەمیان سامانێکی زۆری بوو، لە ڕێی ساختەچیەتییەوە بەدەستی هێنابوو، دووهەمیشیان (مانیەتیزم)[1] بوو.

ئەم پیاوە دەیتوانی هەندێ لە ژنان و پیاوان بە سەرنج بیانخەوێنی، لەکاتی خەواندنی موگناتیسیدا پرسیاری لێ دەکردن و ئەوانیش وەڵامی ڕاستیان دەدایەوە، خەڵکی هێشتا ئاگایان لە مانیەتیزم نەبوو، تەسەوری ئەوەیان دەکرد گلیوسترو

(١) مانیەتیزم: خەواندنی موگناتیسی.





موعجیزە ئەنوێنی، لەوە غافڵ بوون کە لە وجودی هەموو کەسێکدا هێزی مانیەتیزم هەیە، ئەگەر پەروەردە بکرێ بەهێزتر دەبێ، سوودوەرگرتن لە مانیەتیزم وای لەو پیاوە ساختەچی و شەللاتیە کرد بچێتە دەرباری سوڵتانەکانی ئەو سەردەمە، وەک دەرباری پاشای فەرەنساو پاشای ئینگلتەرەو پاشای نەمسا، چارەنووسی کۆتایی ماری ئەنتوانێتی لەنێو تەنەکەیێک ئاودا نیشانی خودی ماری ئەنتوانێت- دا، دیمەنی گیوتن-ەکەی بینی کە چۆن سەری لە لەش جیادەکاتەوە، ماری ئەنتوانێت کە ئەمەی بینی هاواری کرد و کەوت و لەخۆچوو.

گلیوسترو پیاوێکی ماسۆنی بوو، لەو ڕێکخراوەدا ئەندامی (لۆژی شەرقی گەورە) بوو، ئەو دەمە لەو ڕێکخراوەدا بە لقێکی گەورەیان دەگوت (لۆژ) و بەسەرۆکی لۆژ- یان دەگوت (میعمار) چونکە ئەندامەکانی پێشووی ماسۆنییەکان هەموو (بەننا)و (میعمار) بوون.

گلیوسترو، بەر لە شۆڕشی فەرەنسا، هەرکەسێکی بەهرەمەندو نارازیی بینیبا دەیبردە نێو ڕێکخراوی ماسۆنییەکان، زۆربەی نووسەران و شاعیران و کەسانی چاکسازیخوازو نارازی لە ڕێکخراوی ماسۆنییەکاندا ئەندام بوون، هەربۆیە هەندێ لە مێژوونووسان باوەڕیان وایە، ماسۆنییەکان شۆڕشی فەرەنسایان هێنایە کایە.

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە دەڵێن، ڕێکخراوی ماسۆنییەکان لەژێر کاریگەری نفوزی ئینگلستان بوو، لە ڕێی ئەو ڕێکخراوەوە شۆڕشی فەرەنسای هێنایە کایە، تا ڕژێمی سەڵتەنەتی، لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا زامنی گەورەیی فەرەنسا بوو، لەنێوی ببات، لە ئەوروپاشدا ڕەقیب بۆ خۆی نەهێڵێ..

بەهەرحاڵ ناتوانین ئینکاری ئەوە بکەین، هەندێ لە پیاوە بەرجەستەکانی شۆڕشی فەرەنسا، لەوانەش (باراس) ئەندامی ڕێکخراوی ماسۆنی بوون..

یەکێ لەو خاڵانەی سەرسامی بەخشە، ئەوەیە کە گلیوسترو (میعماری لۆژی شەرقی گەورە) لە نەتیجەدا دەیتوانی دەسەڵات بەسەر شۆڕشی فەرەنسا بگرێ، کەچی بۆخۆی هیچی نەویست، کەسانی ساختەچی و شەللاتی هەر کارێ کە دەیکەن بۆ سوودی مادی و پلەو پایەیە، بەڵام گلیوسترۆ لە شۆڕشی فەرەنسادا چ سوودێکی ماددی نەکردو هیچ پلەیێکیشی نەویست لەکاتێکدا لەڕێکخراوی ماسۆنیدا مەسئولی

گەلێ لەبەر جەستەترین پیاوانی شۆڕش بوو..

پاش ئەوەی شۆڕشی فەرەنسا کۆتایی پێهات، ژنەکەی گلیوسترۆ مرد، ئەو پیاوە بەدۆست و ئاشنایانی خۆی گوت: من ون دەبم پاش سەدە و نیوێک سەر هەڵدەدەمەوە.. پاش ئەوەی ون بوو، هیچ کەسێ نەیزانی چی بەسەرهاتووە، لەکوێدا مردووەو جەنازەکەیشی نەبینرا.

بەجۆرێ ون بوونی (میعماری لۆژی شەرقی گەورە) سەرسوڕهێنەرە، هەندێ جار ئینسان بیردەکاتەوە، کە ئەو پیاوە نەمردبێ، ئێستایش لەژیاندا بێت.. ئەو پلەیەی لەنێو ڕێکخراوی ماسۆنیدا هەیبوو، گەلێ گەورەترو بەرجەستەتر بوو لە پلەی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسای ئەو سەردەمە.

ئەوەش لەبیرناکەین کاتێ هیتلەر لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا، هەندێ کەس لەو باوەڕەدابوون کە گلیوسترۆ زیندووەو دەیانگوت هیتلەر هەمان گلیوسترۆیە کە وەعدی دابوو پاش سەدەو نیوێک سەر هەڵدەداتەوە.. هیتلەر دوژمنی سەرسەختی ماسۆنییەکان بوو، ئینسان تەعەجوب دەکات کە دەبینێ هەندێ کەس ئەوەندە سادەن نەیاندەتوانی تێبگەن کە گلیوسترۆ نابێتە دوژمنی ماسۆنییەکان.

لۆژی ماسۆنی شەرقی گەورە، لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا دوو لقی هەبوو، یەکێکیان هی پیاو بوو، ئەوی دییان هی ژن بوو، هەندێ لە ژنە ڕووناکبیرەکانی ئەو سەردەمە ئەندامی ڕێکخراوی ماسۆنی بوون، ئەگەرچی ئەو دوو لقە بەڕواڵەت لەیەک جیابوون بەڵام ژنان و پیاوانی ماسۆنی لەو شوێنەدا یەکدییان دەبینی.

خانم (ڕۆلان) لە سەرەتای شۆڕشی فەرەنسا، یەکێ لە ژنە بەرجەستەکانی ئەو سەردەمە بوو، ئەگەرچی لەڕووی ڕەوشتەوە هەند تەواو نەبوو، بەڵام توانیی ناوی خۆی لە مێژووی شۆڕشی فەرەنسادا جێبێڵێ..

ئێمە نامانەوێ پەرێزی (خانم ڕۆلان) پاک کەینەوە، بەڵام دەبێ بڵێین لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا مەسئەلەیێک نەبوو بەناوی ئەخلاق، چونکە گەلێ ژنی بەدڕەوشت لە ڕووی شۆڕشگێڕییەوە شوهرەتیان پەیداکرد... (خانم ڕۆلان) ژنی پیاوێ بوو بەناوی (ڕۆلان) و پۆستی وەزارەتی وەرگرت (ئەڵبەتە بەکۆمەکی ژنە شۆڕشگێڕەکەی!)





(خانم ڕۆلان) ساڵۆنی ئەدەبی هەبوو، نووسەریش بوو، لە سەرەتای مانگی ژوین–ی ساڵی ١٧٩٢دا نامەیێکی کراوەی بۆ لویی شانزەهەم نووسی، داوای لێ کردبوو، دەبێ شۆڕشی فەرەنسا بەربلاوتر بێت..

عەسری هەمان ڕۆژ مێردەکەی خانم ڕۆلانیان لە وەزارەت دەرکرد، ئەم ژنە بەمێردەکەی گوت، بچێت بۆ پەرلەمان نامەکە لەوێدا بۆ نوێنەرانی میللەت بخوێنێتەوە، (ڕۆلان) گوتی دەترسم ئەو نامەیە لە پەرلەماندا بخوێنمەوە.

(خانم ڕۆلان) گوتی: ئەگەر تۆ دەترسی ئەوا من دەچم بۆ پەرلەمان و نامەکە دەخوێنمەوە.

(ڕۆلان) لە ترسی ژنەکەی چووە پەرلەمان و نامەکەی خوێندەوە.

لەو دەمەدا هەموو (سیتواین–ێ)[1] دەیتوانی بچێتە پەرلەمان، پاش ئەوەی ڕوخسەتی لە سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرت، ئەوەی بیویستبا دەیگوت یا دەیخوێندەوە.. ئەو نامەیە کاریگەری خۆی لە پەرلەماندا نواند، ڕۆژی پاشتر دەقی نامەکە لە ڕۆژنامە ئاگرینەکەی (دۆستی میللەت) بڵاو بووەوە..

(ڕۆلان) لە وەزارەتدا پیاوێکی گومناو بوو، پاش خوێندنەوەی ئەو نامەیە بووە پیاوێکی بەرجەستەو ناودار.. لەو ڕۆژەوە تا ڕۆژی بیستەمی مانگی ژوین–ی ساڵی ١٧٩٢ (خانم ڕۆلان) دۆست و ئاشناکانی خۆی کۆدەکردەوە بەتایبەتی گەنجێ بەناوی (بۆزۆ) هانی دەدان لە شەقامەکانی پاریسدا ڕێپێوان بکەن بۆ سوودی مێردەکەی هوتاف بدەن.

(بۆزۆ) گەنجێکی گەلێ حەساس بوو، زوو دەکەوتە ژێر کاریگەری ڕوداوەکانەوە گەلێ خانم ڕۆلان–ی خۆشدەویست، بەڵام خانم ڕۆلان ئەم دۆستەی خۆی بە شێت دەزانی، ئەم گەنجە حەساسە بەقەڵافەت و خوێنگەرم بوو، موداراتی دەکرد، بۆ مەبەستە سیاسییەکانی خۆی سوودی لێ وەردەگرت.

ڕۆژی بیستەمی مانگی ژوین–ی ساڵی ١٧٩٢ خانم ڕۆلان و هەزاران ژنی چەکدار بەشمشێر و نیزەو تفەنگ و دەمانچەوە، کەوتنە ڕێ، لەنێو ئەو ژنانەدا پیاوێک نەدەبینرا، هەندێ ژنی بەرجەستەی شۆڕشگێڕی وەک خانم ڕۆلان و خانم ژانلی

(١) سیتواین: هاوڵاتی.

(جەلادی خۆبەخش) پێشیان کەوتبوون، دژ بەلویی شانزەهەم و بۆ سوودی ڕۆلان هوتافیان دەکێشا..

قسەی ئەم ژنانە ئەوەبوو، مادامێ لویی شانزەهەم، ڕۆلان-ی لەوەزارەت لاداوە، دەبێ بچن قەسری (تویلری) وێران کەن و لویی شانزەهەمیش بکوژن..

پۆشاکی ژنەکان، جیاوازبوون، هەر ژنەو جۆرە ڕەنگێکی پۆشیبوو، هەندێ ژن دوا مۆدێلی خەیاتەکانی پاریسیان لەبەرکردبوو،[1] هەندێکی دییان مۆدێلی سەردەمی لویی پانزەهەمی پۆشیبوو، لەگەڵ ئەم تیکەڵ و پێکەڵەشدا، وا دەکەوتنەڕوو کە ئونیفۆرم-یان پۆشیبێ، چونکە هەر هەموویان بێرییەی سووری شۆڕشگێڕانی فەرەنسایان لەسەر بوو.[2]

خەڵکی، هەرکە بێرییە سوورەکانی لەسەر ژنان دەبینی، سەرنجی جیاوازی پۆشاکەکانی نەدەدا، هەرکە لە قەسری (تویلری) نزیک دەبوونەوە ژمارەکەیان زیادی دەکرد، تفەنگ و نیزەو شمشێرەکانیان ڕادەتەکان و هاواریان دەکرد: دەبێ بڕۆین لویی شانزەهەم و ئەو زەعیفە نەمساوییە بە سزای خۆیان بگەیێنین! خەمی ئەم ژنانە جگە لە ئینسان کوشتن، چ خەمێکی دییان نەبوو.. پیرەمێردان و پیرێژنان لە شەقامەکانی پاریسدا، دیمەنی ئەم ژنە چەکدارانەیان دەبینی، کە بەرەو قەسری (تویلری) دەڕۆن، بەترسەوە سەیری دەوروبەری خۆیان و ئاسمانیان دەکرد، تا بزانن زەمین و ئاسمان لەجێی خۆیاندان یا وێران بوون، ژنان گەیشتنە قەسری (تویلری).

حەرەسەکانی قەسر، بەپێی ئەمری فەرماندەکەیان، دەرگاکانیان داخست، لەپشت پەیژە ئاسنینەکانەوە، تفەنگەکانی خۆیان ڕووەو ژنان درێژ کردەوە ئەو ژنانەی تفەنگیان پێبوو، دەسڕێژیان لە حەسەرەکانی قەسرەکە کرد، هەندێکیان لێ کوشتن و هەندێکیشیان بریندار کرد، فەرماندەی حەرەسەکان کە بینی ژنان، هەندێ لە حەرەسەکانیان کوشتووە، فەرمانی دەسڕێژی بە حەرەسەکان دا، هەندێ لە ژنان گوللەیان بەرکەوت، ژنانی دی کە ژمارەیان لە بیست هەزار زیاتر بوو هێرشیان کردە

(١) پاریس، بەماوەیەکی زۆر لە شۆڕشی فەڕەنسا، لە سەردەمی لویسی چوارەم مەرکەزی مۆدێلی وڵاتی فەڕەنسا، تەنانەت هەموو ئەوروپا بوو.

(٢) ناوی ئەو بێرییە (ڤیرژی) بوو.







سەر قەسرەکە، لەماوەیێکی کەمدا هەموو حەرەسەکانیان سەرنگون کردو چوونە نێو قەسرەکە، هەندێ سەربازی نێو قەسرەکە دەستڕێژیان کرد، هەندێ ژن بەرکەوتن، ژنانی مەیدانی دانەوێڵەفرۆشان هەر سەربازێکیان دەگرت وەک بەرد هەڵیاندەدان، کە دەکەوتن ئێسقانەکانیان دەشکایە سەریەک یا سەربازەکانیان بەجۆرێ دەکێشایە قەد دیوارەکانەوە مێشکیان دەپژا. کە ئەفسەرێک بکەوتبایەتە دەستی ژنانەوە ئەوەندە شمشێرو نیزەی بەردەکەوت، پارچەپارچە دەکرا!

هەموو ئەفسەرو سەربازەکانی گاردی پارێزگاری قەسری (تویلری) بەدەستی ژنان کوژران، خانم (ژانلی) گوێچکەی ئەفسەرێکی کوژراوی بڕی، بەسنجاق لەسەر بێرییەکەی خۆی چەسپاند، ژنانی دیش لاسایی ژانلی-یان کرد، گوێ و لووتی کوژراوانیان دەبڕی و لە بێرییەکانیان دەچەسپاند.. ژمارەی کوژراوەکان ئەوەندە نەبوون، تا هەموو ژنان گوێ و لووتیان ببڕن، ژنانی دی پەنجەی کوژراوەکانیان دەبڕی و دەیانچەسپاندە بێرییەکانیان.. هەموو ئەوانەی بەرگرییان دەکرد، کوژران و پارچەپارچە کران، بەڕانمایی خانم ڕۆلان چوونە ساڵۆنە گەورەکەی قەسرەکەوە تا لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت پەیداکەن..

لە هەمان سەعاتدا، کە ژنان لەنێو قەسری (تویلری) خەریکی کوشتار بوون ئەفسەرێکی گەنج، گەلێ گەنج هەر بەمێرد منداڵ دەچوو، لە دەرێی قەسرەکەدا دیمەنی ئەم خوێنڕێژییەی دەبینی، ژنێکی بەتەمەنیش لە تەنیشتی وەستابوو خۆی دابووە سەر بازووی ئەفسەرە گەنجەکە..

ئەفسەرە گەنجەکە گوتی: لێرەدا چەند تۆپێکم هەبا، لە ماوەی چارەکە سەعاتێکدا هەموو ئەم ژنانەم نابود دەکرد..

لەئۆنیفۆرمی ئەو ئەفسەرە گەنجە، مەعلوم بوو کە ئەفسەری تۆپخانەیە ژنە بەتەمەنەکە گوتی: ڕۆڵە گیان، هەرگیز نابێت پیاو لەگەڵ ژناندا بجەنگێت.. ئەو ئەفسەرە گەنجە ناوی (ناپلیۆن پۆناپارت) بوو، گوتی: دایکە ئەمانە ژن نین، جانەوەری دڕندەن، زەرووریە ئەمانە وەک دڕندە بکوژرێن!

ئەو ژنە بەتەمەنە دایکی (ناپلیۆن پۆناپارت) بوو، ناوی (لتی سیا) بوو، ئەودەمە لە دوورگەی کورس-ەوە بۆ یەکەم جار هاتبووە فەرەنسا، تا کوڕەکەی ببینێ، پاشان

ئەو کوڕە بەناوی (ناپلیۆنی یەکەم) بووە ئیمپراتۆری فەرەنسا، هەموو براکانی خۆی لەسەر تەختی سەڵتەنەتی وڵاتانی ئەوروپادا دانا، خوشکەکانی بوونە هاوسەری پاشاکانی ئەوروپا.. هەموو مناڵانی (لیتی سیا) بوونە پاشاو مەلیکە.. ئەو ژنە دەیگوت: "من تەنها کەسێکم دارکاری حەوت پاشاو مەلیکەی ئەوروپام کردووە".

مەبەستی ئەوەبوو بەمناڵی دارکاری مناڵەکانی خۆی کردووە.

لەنێو قەسری (تویلری) دا ژنانی خوێنڕێژ دەرگایێکیان کردەوە، چاویان بەدیمەنێکی بەزەیی ئاوەر کەوت، لەو ژوورەدا، پیاوێکی کورتەباڵا، هەندێ قەڵەو، لووت زل ژن و مناڵەکانی لەدەوری خۆیدا کۆکردووەتەوەو باوەشی پیاکردوون.. دیمەنەکە هەند کاریگەر بوو، خانم ڕۆلان و ژنانی دی وەستان، هەستی دایکایەتی لە ناخی هەموو ژنێکدا هەیە، لای ئەمانیش ئەو هەستە بێدار بوو.

خۆشبەختانە لەم کاتەدا خانم ژانلی-ی جەلادی ناسراو لەوێ نەبوو، گەرنا ئەو خانەوادەیە لەنێودەچوون.. خانم ڕۆلان و ژنانی دیی نێو ژوورەکە، چەند ساتێ سەیری یەکدییان کرد، زمانحاڵیشیان دەیگوت: چ بکەین؟

ماری ئەنتوانێت، لەبەر ترس ڕەنگ لەڕوویدا نەمابوو، مناڵەکانی لەرزیان لێ نیشتبوو بەڵام ورەی لویی شانزەهەم لەمان باشتر بوو، ژنێ بەلویی شانزەهەمی گوت: هاوار بکە و بڵێ (بژی میللەت). لویی شانزەهەم دەسبەجێ هاواری کرد (بژی میللەتی فەرەنسا) ژنێک بێرییە سوورەکەی خۆی نزیکی لویی شانزەهەم کردەوەو گوتی: ئەگەر دەتەوێ بەزیندوویەتی بمێنیتەوە، ئەم بێرییە لەسەرنێ!

لویی شانزەهەم، بەبێ دەربڕینی هیچ بێزارییەک ئەو بێرییەی لەو ژنە وەرگرت و خستیە سەری.. ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە لایەنگری شۆڕشی فەرەنسایە لە حەقیقەتیشدا لویی شانزەهەم لەناخدا دژی شۆڕشی فەرەنسا نەبوو، پیاوێکی بێوەی و داوێن پاک بوو، ئاسایشی میللەتی فەرەنسای دەویست، ئەگەر ماری ئەنتوانێتی هاوسەری نەبا، ڕەنگە تا ئەمڕۆیش نەوەکانی حوکمی فەرەنسایان کردبا، بەڵام ماری ئەنتوانێت نەیدەهێشت مێردەکەی لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا بسازێ لەگەڵ ئەمەشدا لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا، تا ئەو ڕۆژەی لویی شانزەهەم لەژیاندا بوو پشتی میللەتی دەگرت، لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا بێ کێشە بوو..





ژنێکی دی، شمشێری بەدەستەوەبوو، بێرییەکەی خۆی لەسەر لادا، نزیکی ماری ئەنتوانێت بووەوەو گوتی: ئەگەر ئەم نەمساوییەش بیەوێ بە زیندوویەتی بمێنێتەوە، دەبێ بەدەستی خۆی ئەم بێرییە لەسەرنێت..

ڕەنگ لەڕووی ماری ئەنتوانێت پەڕی، لەبەر تووڕەیی و بێزاری دەلەرزییەوە، ماری ئەنتوانێت لە قسەکانی ئەو ژنە موتەئەسیر بوو، وشەی (ئەم نەمساوییە) وەک موئەنەس هێنایە سەر زمان، ئەمەیش جنێوە.

ژنە شۆڕشگێڕەکە، سەیری کرد، ماری ئەنتوانێت تێکچووە، هاواری کرد: ئەی نەمساوی، ئەم بێرییە دەخەیتە سەر سەرت یا نەء، ئەگەر نایخەیتە سەرت ئەوا بۆ مەرگ ئامادەبە!

ئەو ژنانەی لەو ژوورەدا بوون، شمشێرو نیزەکانی خۆیان ڕادەتەکان، بەتووڕەییەوە سەیری ماری ئەنتوانێتیان دەکرد، ئەوانە نەک تەنها ئەو ژنەیان بەدوژمنی میللەتی فەرەنسا دەزانی، بەڵکو حەسوودییان بە جوانییەکەی دەبرد، ئەو دەمە ماری ئەنتوانێت جوان بوو، تەنانەت لە سەردەمی کچێنی جوانتر بوو، هەندێک قەڵەو ببوو، ئەم قەڵەوییە، جوانییەکەی زیاتر کردبوو، هێشتا مەلیکەی فەرەنسا لە قەسری (تویلری) ئەو پۆشاکانەی دەپۆشی شایستەی مەقام و سامانی بوو، ژنانی شۆڕشگێڕیش حەسوودییان پێدەبرد، دەزانین لەنێو ژناندا هێزی ئیرەیی بەهێزترە لە دوژمنایەتی سیاسی..

ماری ئەنتوانێت زانیی، ئەگەر ئەو بێرییە لەدەستی ئەو ژنە وەرنەگرێ و لەسەری نەنێ، بێ شک بەدەستی ئەو ژنانە دەکوژرێ و پارچەپارچە دەکرێ، دەستی درێژکرد و بێرییەکەی وەرگرت، بەڵام بەتوندی دەلەرزییەوە چونکە دەستی بەر گوێچکەیێکی براو کەوت، لەسەر بێرییەکەدا چەسپێنرابوو، ئیدی لە ترسی گیانی خۆی، بێرییەکەی نایە سەر ئەگەر خانم ڕۆلان نەهاتبایەتە قسە، ئەوا ژنانی شۆڕشگێڕ بەزوویی دەسبەرداری ماری ئەنتوانێت نەدەبوون، بەڵام خانم ڕۆلان گوتی:

"ئێمە بۆ ئەوە هاتبووین، داوا لە پاشای فەرەنسا بکەین، کارێکی نادروستی کردووە، ئەو کارە چاک کاتەوە..

لویی شانزەهەم پرسیی: ئەو کارە نادروستە چییە؟!

خانم ڕۆلان گوتی: ئێوە ڕۆلان–ی مێردی منتان لە وەزارەت لاداوە ئەمە لەکاتێکدا کە چ گوناهێکی نییە، ئەگەر نووسینی نامەیێکی کراوە بۆ ئێوە، تاوان بێت، ئەوە من ئەو تاوانەم کردووە، نەک مێردەکەم، ئێوە لە بری ئەوەی سزای من بدەن سزای مێردەکەمتان داوەو لە وەزارەت دەرتانکردووە.

لویی شانزەهەم گوتی: خانم مێردەکەی ئێوە دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی خۆی..

خانم ڕۆلان گەیشتە مەبەستی خۆی، بە ژنەکانی گوت، ئیدی چ کارێکی دیمان نییە چاکتر وایە بگەڕێینەوە.. ژنان لە ژوورەکەی لویی شانزەهەم هاتنە دەرێ و بەراڕەوەکانی قەسری (تویلری) دا دەڕۆیشتن، هەر ژوورێکیان دیبا، دەرگاکەیان دەکردەوە تا بزانن کەسێکی تێدایە یا نەء کاتێ دەرگای ژوورێکیان کردەوە چاویان کەوت بە ژنێکی گەنج و جوان، تەنانەت خانم ڕۆلان لە جوانی ئەو ژنە سەرسام بوو، لێی پرسی: هاووڵاتی تۆ کێیت؟

ئەو ژنە وەڵامی دایەوە: من شازادە ئەلیزابێت–م

خانم ڕۆلان ناوی ژنەکەی بیست، زانیی خوشکی لویی شانزەهەمە بەڵام ژنانی دی نەیانناسییەوە، یەکێ لە ژنەکان گوتی: هاووڵاتی ئەمڕۆ چ کەسێ ناتوانێ وەکو شازادە خۆی بخاتەڕوو تۆیش وەکو ئێمە (هاوڵاتیت) ئایە خزمایەتیت لەگەڵ لویی کاپێدا هەیە؟

لویی کاپێ، ناوێ بوو شۆڕشگێڕانی فەرەنسا لە لویی شانزەهەمیان نابوو لەبەرئەوەی باپیری پاشاکانی فەرەنسا لە بنەماڵەی (بوربۆن) بوون و ناوی کاپێ بوو، بە لویی شانزەهەمیان دەگوت لویی کاپە..

شازادە خانم ئەلیزابێت، لە بنەماڵەی سەڵتەنەتی فەرەنسا فریشتەیێک بوو بۆخۆی هیچ کەس نەیدەتوانی تانەیێکی پێوە بلکێنێ، ناخی ئەو شازادە خانمە وەکو ڕوخساری درەوشەدار بوو، لە بەزەیی و لەسەرەخۆبووندا، لەنێو شازادە خانمەکانی فەرەنسادا، مانەندی نەبوو، وەکو لویی شانزەهەمی برای، لە سەرلەبەری تەمەنیا بەتەقواو خواناسی ژیانی بەسەر دەبرد، خەڵکێکی زۆریش عاشقی ببوون، بەڵام بایەخی بە چ کەسێکیان نەدەدا..

یەکێ لەوانەی عاشقی شازادە خانم ئەلیزابێت بوو، گەنجێک بوو بەناوی (شەوالێ





دۆ مۆن مۆرانسی) لە نەوەی (مۆنمۆرانسی) گەورە بوو کە یەکێ بوو لە ئەشرافە بەرجەستەکانی فەرەنسا، ناوی لە مێژووی پاشا یەکەمەکانی (بۆربۆن)دا ناسراوە..

(دۆمۆن مۆرانسی) لە تەمەنی بیست ساڵیدا، عاشقی شازادە خانم ئەلیزابێت بوو، سوودی لە هەموو فرسەتێ وەردەگرت، خۆی لێ نزیک دەکردەوە.. هەرکە لێی نزیک دەبووەوە، چاوی تێ دەبڕی جارجاریش ئاهی قووڵی دەکێشا.. ئاهەکانی ئەو پیاوە گەنجە چ کارێکی لەو خانمە نەدەکرد.

(دۆمۆن مۆرانسی) کە زانیی نیگا درێژەکانی و ئاهە ئاگرینەکانی، چ کارێ لە دڵە ساردەکەی ئەو خانمە ناکات، بڕیاری دا بەدەم عەشقەکەی خۆی بدرکێنێ.. ڕۆژێ شازادە خانم لە پارکی ڤەرسای دا پیاسەی دەکرد، دۆمۆن مۆرانسی، خۆی گەیاندێ، هەردوو چۆکی نایە سەر زەوی، هەردوو دەستی جووت کرد و گوتی: خاوەن شکۆ ڕەحمم پێبکە!

شازادە خانم وەستا و گوتی: چ شتێکت بەسەرهاتووە وا داوا دەکەیت ڕەحمت پێبکەم؟

(مۆن مۆرانسی) گوتی: خاوەن شکۆ، تیری عەشقی تۆ بەر دڵم کەوتووە، برینی دڵی من چاک نابێتەوە، مەگەر بەعەشقی خۆت ئومێدەوارم کەیت.

شازادە خانم گوتی: من شووناکەم.

مۆن مۆرانسی گوتی: خاوەن شکۆ، ئەگەر نائومێدم کەیت، ئەوا دەمرم..

ئەلیزابێت گوتی:من تۆم ئومێدەوار نەکردبوو، تا لە نائومێدییا بمریت، چاکتر وایە لەم ڕووەوە چ قسانێک نەکەیت دەنا بە براکەم دەڵێم کە تۆ سنووری نەزاکەتت بەزاندووە.

پاش ئەم قسەیە شازادە خانم ئەلیزابێت، ڕێی گرتە بەرو ڕۆیشت.. مۆن مۆرانسی بەرەو ماڵەکەی خۆی گەڕایەوە، نامەیێکی نووسی تیایدا گوتبووی، لەبەرئەوەی عاشقی شازادەخانم ئەلیزابێت–ی خوشکی پاشای فەرەنسایە.. ئەو شازادەیە عەشقەکەی ئەمی قبول نەکردووە، بەجۆرێ نائومێد بووە ناتوانێ بەردەوامی بە ژیان بدات..

ئیدی ئەو گەنجە بەدەمانچە، مێشکی خۆی دەپژێنێ..

شازادە خانم ئەلیزابێت تا سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا، دەستی بەڕووی هەموو عاشقەکانی خۆیەوە نا، چەند لە وەلیعەهدەکانی وڵاتانی دەرێ، داخوازییان کرد، بەڵام ئامادە نەبوو شوو بە هیچ یەکیان بکات.. بەهەمان ئەو ئەندازەیە کە ماری ئەنتوانێت لەنێو فەرەنسییەکاندا بەدناو بوو، باسی عەشقبازییەکانی لە مەجلیس و مەحافیلەکانی فەرەنسادا دەکرا، ئەوەندەش بەجوانی باسی داوێن پاکی ئەو شازادە خانمە دەکرا، تەنانەت ناوی (شازادە خانمی پاکیزە)یان لێنابوو.

هەموو خۆشگوزەرانییەکی شازادە خانم ئەلیزابێت، پەروەردەکردنی ئاژەڵ بوو کە ماری ئەنتوانێتی براژنی لە گوندێک لە ناوچەی (تریانون-ی بچووک) لە کۆتایی باغی قەرسای دا دروستی کردبوو، لەوێدا منداڵە بێ سەرپەرشتەکانی دەبینی، خۆراکی دەرخوارد دەدان و ڕایدەسپارد پۆشاکیان بۆ بکڕن..

لەو ڕۆژەدا کە ژنە خوێنڕێژەکانی پاریس زانییان ئەو ژنە جوانە شازادە خانم ئەلیزابێت-ە، بێدەنگ بوون، هەموویان دەیانزانی خوشکەکەی لویی شانزەهەم فرشتەیێکی بێگەردە، یەکێ لەژنەکان هاواری کرد: (بژی هاووڵاتی ئەلیزابێت)..

ژنانی دیش ئەم گوتەیەیان دووبارە کردەوە..

یەکێ لە ژنەکان گوتی: هاووڵاتی، تۆ ژنێکی چاکی بۆ نایێیت لەنێوان ئێمەدا ژیان بەسەربەری؟

شازادە خانم گوتی: من برازاکانم خۆشدەوێ، ناتوانم لێیان جیابمەوە، هەریەک لەئێوە گەر منداڵ یا برازای هەبێ، تێدەگات من چ دەڵێم..

ژنان لە ژوورەکەی چوونە دەرێ، پاش چەند دەقیقەیێکیش قەسری (تویلری) یان جێهێشت چونکە پێیان گوتووبوون گاردی میللی بەفەرماندەیی لافایت دێت و دەستگیریان دەکات..

شازادە خانم ئەلیزابێت، ئەوەندە برازاکانی خۆشدەویست، لە عاقیبەتدا سەری لە پێناویاندا دانا، شۆڕشی فەرەنسا، تەڕ و وشکی بەیەکەوە دەسووتاند بە گیوتین سەری ئەو فریشتە بێ پەڕو باڵەیان لە لەشی جیا کردەوە..





یەکێ لە تایبەتمەندییە ڕوحییەکانی خەڵکی سەردەمی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا ئەوە بوو کە لە هەموو سەردەمەکان زیاتر خەریکی عەشقبازی بوون، ژمارەی خۆکوژەکانی عاشق و مەعشوقی ئەو سەردەمە، ئەوەندە زۆرە، ئەگەر بمانەوێ هەموو ڕووداوەکانییان باس کەین، ئەوا ئەم یادەوەرییانەمان دەبێ بە شەرحی عاشقە نائومێدو خۆکوژەکان.

هەموو مێژوونووسەکان ڕێکن لەسەرئەوەی، کە وەزعی کۆمەڵایەتی خەڵکی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا لەو ڕادەیەدا بوو کە هەندێ لە خەڵکی مەرگیان بەنزیک دەبینی، دەیانویست زیاترین سوود لە تەمەنی خۆیان وەرگرن، تا پێیان دەکرێ ڕابوێرن.. ئێمە لەم یاداشتانەدا ناوی (شارلوت کوردێ) دەهێنین.. ئەم ژنە لە تەمەنی بیست ساڵیدا گەیشتبووە دواپلەی جوانی هەر کاتێ بە شەقامەکاندا تێپەڕیبا، پیاوان ڕوویان وەردەگێڕا، تا دوا مەودای بینین سەیریان دەکرد و هەندێکیشیان ئاهیان هەڵدەکێشا. شارلوت کوردێ خەڵکی شاری (کان)ی ڕۆژئاوای فەرەنسایە، لەوێدا لە ژنێکی بیست کە لە پاریسەوە هاتبووە ئەو شارە، کە (مارا)ی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (دۆستی میللەت) یەکێکە لە پیاوە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان، ئەم باسە ختوکەی هەستی بەدواچوونی ئەو ژنەی دا..

شارلوت کوردێ وەکو هەندێ لە ژنە گەنجەکانی ئەو سەردەمە، شۆڕشگێڕ بوو، ڕۆژنامەکانی دەخوێندەوە، لە ڕۆژنامەی (دۆستی میللەت) وتارەکانی (مارا)ی دەخوێندەوە کە هەمیشە خوێن و ئاگری لێ دەبارین، لای شارلوتیش پەسەند بوون، نەیدەزانی ژنان (مارا) دەپەرستن، پاش ئەوەی کە بیستی، ئەو پیاوە یەکێ لە عەجایبەکانی ڕۆژگارە، بڕیاری دا ڕێی پاریس بگرێتە بەر تا خۆی بکاتە دۆستی (مارا).

پاریس بۆ شارلوت کوردێ، شارێکی بێگانە نەبوو، هەموو شوێنێکی دەزانی یەکەم ڕۆژ کە گەیشتە پاریس، چووە سۆراغی ماڵەکەی (مارا).

ژنان زۆر دەهاتنە لای (مارا) ژنانی نە لە ماڵەکەی خۆی دەبینی، نە لە ئۆفیسی ڕۆژنامەکەدا، بەڵام نۆکەرەکەی خۆی ڕاسپاردبوو، هەرکە ژنێکی زۆر جوان هات یەکسەر بیکە ژوورێ.

کە شارلوت کوردێ لەزەنگی دا و نۆکەرەکە دەرگای لێ کردەوە، چاوی بەجوانی ئەو ژنە کەوت، سەرسام بوو، نەیتوانی چ شتێ بڵێ، شارلوت کوردێ گوتی: هاوڵاتی[١] (مارا) لێرەدایە.

نۆکەرەکە ناوی ئەو و ژنە گەنجەی پرسی، بردییە ژووری چاوەڕوانی و داینیشاند، خۆیشی چووە ژوورەکەی (مارا) گوتی: ژنێکی گەنج هاتووە دەیەوێ بتانبینێ، تائێستا ژنێ بەم جوانییە نەهاتووە بۆ دیدارتان!

(مارا) گوتی: ناوی چییە؟

نۆکەرەکەی گوتی: شارلوت کوردێ.

(مارا) گوتی: پێتگوتووە من خەریکی نووسینم؟

نۆکەرەکەی گوتی: نەء.. بەڵام ئێستا پێیدەڵێم.

(مارا) گوتی: تێیگەیێنە، عادەتی من وایە لەنێو بانیۆدا دەنووسم!

هەموو دۆستەکانی (مارا) دەیانزانی کە ئەو پیاوە خووی بەوەوە گرتووە، لەنێو بانیۆی حەمامدا دەنووسێ (ئەڵبەتە لەدوو ساڵی ئەخیری تەمەنیا) لە وەرزی هاویندا، نۆکەرەکەی (مارا) بانیۆی حەمامەکەی تا نیوە ئاوی تێدەکرد، مێزێکی چکۆڵەیشی لەنێو بانیۆکە دادەنا، بەرزی مێزەکە هەندێ دەکەوتە سەر ئاوەکەوە، (مارا) خۆی ڕووت دەکردەوە بە مایۆیەکەوە دەچووە نێو بانیۆکەوەو دادەنیشت، بەم شێوەیە وتارە ئاگرینەکانی (مارا) لەنێو ئاودا دەنووسرا..

لە وەرزی زستانیشدا (مارا) لەنێو بانیۆی حەمامەکەدا دادەنیشت، بەڵام ئاوی تێنەدەکرد، خۆیشی ڕووت نەدەکردەوە، لەکاتی نووسیندا بێگانەکان بهاتبانە ماڵەکەی (مارا)وە، نۆکەرەکەی مەسئەلەی دانیشتنی مارای لەنێو بانیۆی حەمامدا تێدەگەیاندن، گەر مارایان بەم شێوەیە بینی سەرسام نەبن وا تەسەوریش نەکەن ئەم پیاوە شۆڕشگێڕە شێتە!

نۆکەرەکەی بە شارلوت کوردێی گوت (مارا) لەنێو بانیۆی حەمامدا خەریکی

(١) پاش شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا، خەڵکی هەموو لەقەب و ناونیشانیان وەلانابوو، لە کاتی گفتوگۆدا، لە بری (کاکە) یا (خانم) بەیەکدییان دەگوت: هاوڵاتی.





نووسینە، بەڵام خۆی پێچاوەتەوەو موافەقەتی کردووە بتانبینێ..

هەرکە مارا ئەو ژنە گەنج و جوانەی بینی، بەنۆکەرەکەی گوت، ئیدی چ کەسێ نابینم، با چ کەسێکیش نەیێتە ژوورێ.. بۆئەوەی ڕێی فزوولیەتی نۆکەرەکەیش بگرێ، کونی کلیلی دەرگاکەی لەدیوی ناوەوە بە پارچەیێک گرت تا نۆکەرەکەی نەتوانێ لەو کونەوە دیوی ناوەوەی ژوورەکە ببینێ..

یەکەم دیدەنی شارلوت و مارا لەو ژوورەدا دوو سەعات درێژەی کێشا، ئەمڕۆ مێژوونووسان لە ئەنجامی ئەو دیدارە دوودڵن، هەندێکیان دەڵێن شارلوت کوردێ، عەشقی ئەفلاتونی دەویست، چۆن چووبووە ئەو ژوورەوە ئاوهایش هاتەدەرێ، ئەمانە کەسانێکن، شارلوت کوردێ لە ڕووی عەشقی لەشەوە بەبێگەردی دەزانن وەک ڤیکتۆر هۆگۆ دەڵێ:

"ئەو کچە لە هەموو تەمەنی گەنجییەتیدا خونچەیێک بوو نەپشکووت"

هەندێکی دی دەڵێن ڕەنگە شارلوت کوردێ کە چووە ژوورەکەی (مارا)وە خونچەیێک بووبێ، بەڵام کە هاتە دەرێ ئیدی خونچە نەبوو، هەربۆیە کینەی لەدڵ گرت و بڕیاری دا (مارا) بکوژێ.

مێژووی ڕەسمی فەرەنسا دەڵێت: شارلوت کوردێ بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی نیشتمانپەرستانی شاری (کان) (مارا)ی کوشتووە..

لە ڕاستیدا وتارەکانی مارا بووە هۆی ئەوەی هەندێ لە نیشتمانپەرستانی شاری (کان) تەوقیف بکرێن، هەندێکیشیان بە گیوتین ئیعدام کران..

خودی شارلوت کوردێیش لە دادگادا گوتی، مارا بووە سەبەبی ئەوەی هەندێ لە نیشتمانپەرستانی شاری (کان) زیندانی بکرێن، هەندێکیشیان بکوژرێن بۆیە بڕیاری دابوو مارا بکوژێ..

دادگا ئەم ڕوونکردنەوەی وەرگرت، بەڵام ئەوانەی خاوەنی عەقڵی سەلیم بوون باوەڕیان نەدەکرد، چونکە شارلوت کوردێ، چوار جار چووەتە ماڵەکەی (مارا) هەرجارەو دوو سەعات یا زیاتر لەوێدا ماوەتەوە، هەموو جارێکیش (مارا) نەیهێشتووە چ کەسێ بێتە ژوورێ..

ئەگەر ئەو ژنە گەنجە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە با، نەدەبا چوار جار بچێتە ماڵەکەی (مارا) ئەوکاتەی لە (کان-ەوە) کەوتەڕێ بەو ژنە دۆستەی خۆی نەگوت، دەچێ تۆڵە بسەنێتەوە، بەڵکو باسی ئەوەی کردبوو، کە دەڕوات بۆ پاریس، بزانێت ئەو پیاوەی ئەم وتارە ئاگرینانە دەنووسێ چ جۆرە پیاوێکە!

بەو شێوەیەی لە مێژوودا نوسراوە شارلوت کوردێ بەتاوانی کوشتنی مارا حوکمی ئیعدامی بەسەردرا.

لێرەدا دەمانەوێ باسی فیداکاری یەکێ لە عاشقەکانی شارلوت کوردێ بکەین، کە پیاوێک بوو بەناوی (ئادام لۆکس)ە ئەوەیش نیشان بدەین، لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا، چۆن عاشق لە ڕێی مەعشوقەکەیدا گیانی خۆی بەخت دەکرد.

(ئادام لۆکس) عاشقی بێ ئارامی (شارلوت کوردێ) بوو، هەرچەندە دەیویست بەدیداری ئەو ژنە گەنجە جوانە شاد بێت، شارلوت نەیدەهێشت و دەیگوت: ئەگەر منت خۆشدەوێ دەبێ عەشقەکەمان عەشقی ئەفلاتوونی بێت.. چونکە عەشقی ئەفلاتوونی عەشقی ڕاستەقینەیە.

ئەو ژنە گەنجە، کە ئادام لۆکس عاشقی بوو تەمەنی بیست و چوار ساڵ بوو، دەیگوت: عەشقی ڕاستەقینە عەشقی ئایدیالییە، نەک عەشقی جەستە. لە عەشقی ئایدیالیدا، عاشق و مەعشوق هەمیشە تینووی بەیەکدی گەیشتنن، بۆیە هەرگیز لە یەکدی تێرنابن، کەچی عەشقی جەستە، کە بەیەک دەگەن پاش ماوەیێک ئاگری ئەو عەشقە بەتەواوی دادەمرکێتەوە.

(ئادام لۆکس) ماوەی سێ ساڵ عەشقی ئەفلاتوونی لەگەڵ شارلوت کوردێ دا گوزەراند، بەئومێدی ئەوەبوو کە دڵی شارلوت نەرم بێ و موافەقەت بکات تا گیانی بەگیانیتر بن، تا لە ڕۆژنامەدا خوێندییەوە، شارلوت کوردێ، بەتاوانی کوشتنی (مارا) زیندانی کراوە.

ئەو دەمە (ئادام لۆکس) تەمەنی بیست و حەوت ساڵ بوو، هاتە پاریس هەرچەندە هەوڵی دا شارلوت کوردێ لە زینداندا ببینی، هەوڵەکانی بێ سوود بوو، تا ئەو ڕۆژەی شارلوت کوردێیان برد بۆ موحاکەمە، ئادام لۆکس خۆی گەیاندە دادگا.. کاتێ شارلوتیان بردە دادگا، ئادام لۆکس چاوی پێکەوت، سوجدەی بۆ برد و گوتی "تۆ





پاکترین و جوانترین فریشتەیێکی کە خوا خەڵقی کردبێ".

لەو سەردەمەدا ناوهێنانی (خوا) مەمنوع بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ڕەئیسی دادگاو حاکمەکان نەهاتبوون، چ کەسێ گوێی بەم قسەیەی ئادام لۆکس نەدا..

پاش ئەوەی ڕەئیسی دادگاو حاکمەکان هاتن، موحاکەمەی شارلوت دەستی پێ کرد، ڕەئیسی دادگا لەو ژنەی پرسی: بۆچی مارا-ی نیشتمانپەرست و ئازادیخواهی فەرەنسات کوشتووە؟

شارلوت کوردێ گوتی: لەبەرئەوەی (مارا) پیاوێکی ناجوامێرو گوناهبار بوو (ئادام لۆکس) لەنێوان تەماشاچییەکانەوە هاواری کرد: ئەی شارلوت کوردێ، تۆ بەکوشتنی مارا میللەتی فەرەنسات نەجات داوە زیاتر لە (ژاندارک) حەقت بەسەر میللەتی فەرەنساوە هەیە.

ڕەئیسی دادگا ئەمری کرد ئەو تەماشاچییە لەهۆڵی دادگا دەرکەنەدەرێ، ئاگاداربن نەگەڕێتەوە.. ئادام لۆکس-یان لە هۆڵەکە کردە دەرێ تا کۆتایی دادگاکردنەکە _ کە حوکمی ئیعدامی دا بەسەر شارلوت- ئەو پیاوە عاشقە لە دەرێی هۆڵی دادگا بوو.

پاش دادگاکردنەکە، شارلوتیان بە گالیسکە گەیاندەوە بۆ زیندان، ئادام لۆکس دوای گالیسکەکە کەوت، شەو تا بەیانی لە پشتی زیندانەکەدا خەوت، ڕۆژی پاشتر، شارلوت کوردێیان برد بۆ مەیدانی ئیعدام.

حەرەسەکان نەیاندەهێشت چ کەسێ لە گیوتین نزیک بێتەوە، شارلوت کوردێیان لەبەردەم گیوتیندا ڕاخست و سەریان لە لەشی جیاکردەوە، شاگردی جەلادەکە بۆ خۆشیرین کردن، گیسووەکانی شارلوت کوردێی گرت سەرە بڕاوەکەی بەرز کردەوەو نیشانی خەڵکەکەی دا و گوتی: "ئەمەیە سزای ئەو کەسەی کە (مارا)-ی خۆشەویستی میللەتی کوشتووە"

چەند زللەیێکیشی کێشا بە روخساری شارلوت، ئیدی ئادام لۆکس نەیتوانی خۆی بگری، ئەگەرچی دەوروبەری گیوتین-ەکە بەحەرەس گەمارۆ درابوو، بە قەڵەمبازێ ڕیزی تێکدان، لە ناردوانەکانەوە چووە سەری، شاگردی جەلادەکە هێشتا سەرە بڕاوەکەی بەدەستەوە بوو، هێرشی بۆ برد، خۆی و شاگردی جەلادەکە، و

سەرەبڕاوەکەش لای گیوتین-ەکەوە، کەوتنە خوارێ.

ئادام لۆکس هیچی بەسەرنەهات، بەڵام شاگردی جەلادەکە بەجۆرێ ئازاری گەیی، تەختی زەوی ببوو نەیدەتوانی هەڵسێ، لەوکاتەدا، ئەوانەی ئەم ڕووداوەیان بینی، سەیریان کرد ئادام لۆکس هەڵساو سەرە بڕاوەکەی لە ئەرز هەڵگرت و ماچی کرد، ویستی بە سەرە بڕاوەکەوە ڕابکات بەڵام حەرەسەکان نەیانهێشت، یەکێکی دیی لە شاگردەکانی جەلادەکە لە ئادام لۆکس نزیک بووەوە و سەرەکەی لێ وەرگرت، بەپێی ئیشارەتی نوێنەری دادگا _کە لەوێدا بوو- ئادام لۆکسیان گرت و بردیان بۆ زیندان.. حاکمێ بەناوی (فوکیتەن ڤیل) کە یەکێک بوو لە پیاوە ناسراوەکانی شۆڕشی فەرەنسا قەراری تەوقیفکردنی ئادام لۆکسی ئیمزا نەکرد، (فوکیتەن ڤیل) ڕۆژی دەیان کەسی بەتۆمەتی گوایە دژ بەشۆڕش دەنارده پای گیوتین.

حەقیقەتیش ئەمەبوو، بەپێی عادەتی کۆنی فەرەنسا، حاکمەکان هەمیشە چاوپۆشییان لە عاشقەکان دەکرد، ئەمڕۆیش لە دادگاکانی فەرەنسادا عاشقێ لە ڕێی عەشقدا کەسێ بکوژێ، ئیعدام ناکرێ.

(فوکەتن ڤی) دەیزانی ئادام لۆکس عاشقی شارلوت کوردێ بوو، بۆیە چاوپۆشی لێ کرد، نەیشیویست بخرێتە زیندانەوە.

پاش بیست و چوار سەعات لە تەوقیفکردنی ئادام لۆکس، دەرگایان بۆ کردەوەو پێیان گوت: ئازادیت، بۆ هەر شوێنێ ئارەزوو دەکەی دەتوانی بڕۆیت..

ئادام لۆکس نەیدەویست لە زیندان بێتە دەرێ و دەیگوت: دەمەوێ بۆ مەیدانی ئیعدامم ببەن، تا منیش بگەم بەخۆشەویستەکەم، بەڵام لە زینداندا دەریان کردە دەرێ..

پێشتر ئەوەمان گوت، لەو سەردەمەدا ئازادیخوازان و نیشتمانپەرستان دەیانتوانی بچنە پەرلەمانەوە، لەوێدا قسان بکەن (ئەگەر ئەندامی پەرلەمانیش نەبن) هەرکەسێ ویستبای لە پەرلەماندا قسان بکات ڕوخسەتی لە ڕەئیسی پەرلەمان وەردەگرت، ناوەرۆکی قسەکەی بە رەئیس دەگوت و چاوەڕێی نۆرە دەبوو..

ئادام لۆکس داخوازییێکی بۆ ڕەئیسی پەرلەمان نووسی، داوای کردبوو دەربارەی مارا قسان بکات و ستایشی ئەو پیاوە بکات.





رەئیسی پەرلەمان ئیجازەی دایێ، کاغەزێکی لە گیرفان دەرهێنا، دەستی بەخوێندنەوە کرد گوتی: لەو ڕۆژەوەی کە سەری شارلوت کوردێ بە گیوتین بڕدراوە، من ئەم مەکینەی ئیعدامە بە موقەدەسترین شتی ئەم جیهانە دەزانم، چ ئارەزوویێکم نییە، جگەلەوەی سەرم بەهۆی ئەم مەکینەیەوە، لە لەشم جیای کەنەوە.. من تکا لە جەلادو شاگردەکان دەکەم، پاش ئەوەی سەرم لە لەشم جیابووەوە، تا دەتوانن زللە بە روخسارما بکێشن، تا خەڵکی شادکەن.. من بەئێوە _ئەی نوێنەرانی میللەت- وەعد دەدەم، لەو حاڵەتەدا، نەک شکاتم نییە، بەڵکو خۆم بە بەختەوەرترین پیاوی دنیا دەزانم، چونکە دەبمە شەریکی چارەنووسی شارلۆت کوردێی خۆشەویست و ئازیزم..

کاتێ ئەندامانی پەرلەمان سەیریان کرد، چ باسێکی (مارا) ناکات و هەر ستایشی شارلۆت کوردێ دەکات، دەنگی ناڕەزایی بەرز بووەوە، یەکێ لە ئەندامەکان گوتی: ئەم پیاوە شایستەی ئەوەیە، لە حەسانەی قانون مەحرووم بێت..

ئەم قسەیە لەو کاتەدا لەگەڵ حوکمی ئیعدامدا چ فەرقێکی نەبوو، چونکە گەر پەرلەمان دەستنیشانی پیاوێ یا ژنێک بکات کە لە حەسانەی قانون مەحروومە، دەیانخستە زیندانەوە، پاش چەند ڕۆژێ بۆ مەیدانی ئیعدامیان دەبرد.

خۆشبەختانە، ئەندام پەرلەمانێ ئادام لۆکسی لە مەرگ نەجات دا و گوتی: هاووڵاتیان مەگەر نابینن ئەم پیاوە شێتە، شێتیش هیچی لەسەر نییە.

بۆ ماوەی سێ مانگ ئادام لۆکس هەوڵی ئەوەی دەدا، ڕێیەک بدۆزێتەوە تا بیبەنە مەیدانی ئیعدامەوە، بەڵام لە هەموو شوێنێکدا بەخوێنساردی و چاوپۆشییەوە ڕووبەڕووی دەبوونەوە، چونکە بە شێتیان دەزانی، تا (ئادام لۆکس) نامەیێکی بۆ (فوکیتەن ڤیل) نووسی، تیایدا گوتبووی، بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی خۆشەویستەکەی بڕیاری داوە سێ کەس بکوژێ یەکێ لەو سێ کەسەیش (فوکیتەن ڤیل)ە، دوو ڕۆژی تر، هەرسێکیان دەکوژرێن.

ئەمجارەیان (فوکیتەن ڤیل) ئامادە نەبوو کارئاسانی بۆ بکات، لە گیانی خۆی دەترسا، بڕیاری دا ئادام لۆکس تەوقیف بکەن و بیخەنە زیندانەوە. ئادام لۆکس پەلەی بوو زوو موحاکەمەی بکەن و بینێرنە مەیدانی ئیعدام..

لە ڕۆژی موحاکەمەدا ڕەئیسی دادگا لێی پرسی: ئایە تۆ بڕیارت دابوو، هەندێ لە

خزمەتکارانی وڵات بکوژی، یەکێ لەوانەش (فوکیتەن ڤیل)ە؟

ئادام لۆکس بەبێ بیرکردنەوە ئیعترافی کرد، کە بڕیاری داوە ئەوانە بکوژێ هەروەها چەند کەسێکی ناسراویش بکوژێ، چونکە ئەمانە هەموویان خائین بۆ مردن باشن.

ئادام لۆکس، لە ترسی ئەوەی نەوەک تەبریئەی کەن جنێوی بە پیاوە بەرجەستەکانی شۆڕشی فەرەنسا دا، تەنانەت بە رەئیسی دادگاش، هەموویانی بە خائین و کرێگرتەی ئەجنەبی لەقەڵەم دا، ڕەئیسی دادگا لێی پرسی: بۆ بەرگری لەخۆکردن دەتەوێ شتێ بڵێیت؟

ئادام لۆکس گوتی: نەء.. بەڵام یەک داخوازیم لە دادگا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە حوکم درام، بۆ زیندانم نەگەڕێننەوە، دەستبەجێ بۆ مەیدانی ئیعدامم ببەن..

ئەم داخوازییەی قبول کرا، وەعدیان دایێ، گەڕانەوە بۆ زیندان و لە زیندان دەرچوونی هەر دوو سەعاتی پێدەچێ، بۆیان ڕوون کردەوە، گەڕانەوەی بۆ زیندان تەنها لەبەرئەوەیە ناوەکەی بکوژێننەوە..

کاتێ ئادام لۆکس-یان بۆ مەیدانی ئیعدام برد، بەدەنگی بەرز سروودی میللی فەرەنسی دەگوت، هەرکە گەیشتە شوێنی ئیعدامکردن جەلادو شاگردەکانی لە باوەش گرت و ماچی کردن، تەنانەت ئەو شاگردەیشی ماچ کرد، کە زللەی لە روخساری شارلوت کوردێ دابوو خۆی بەرەو گیوتین چوو، بەدەنگی بەرز گوتی: شارلوت کوردێی ئازیز، ئەوا بۆ دیداری تۆ دێم!

سەریان لە لەشی جیاکردەوە، خوێنی شادەمارەکەی فەوارەی کرد، مێژووی جیهان کەمتر کەسانی وەک ئادام لۆکس-مان نیشان دەدات کە هەموو شتێکی بەخت کرد لەپێناوی مەعشوقەکەی، ئەو مەعشوقەیەی کە ناچاری کردبوو بەعەشقی ئەفلاتوونی ئیکتفا بکات.

# بەرتیل بۆ ئازادکردن و فیرارکردنی لویی شانزەهەم و هاوسەرەکەی

لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، کچە گەنجەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لەنێو خێزاندا ژیانیان دەگوزەراند، کێشەی خۆراک و پۆشاکیان نەبوو، تەنها بیریان لە شتێ دەکردەوە، ئەویش عەشق و شووکردن بوو، شەو و ڕۆژ بیریان لەوە دەکردەوە گەنجێکی جوان بێت عەشقی خۆی بخاتەڕوو، تا بەختەوەریان بکات.. لەهەمان ئەم کاتەشدا لە هەرێمی (مورتانی) فەرەنسا دوو خوشکی گەنج هەبوون، کێشەی خۆراک و پۆشاکیان نەبوو، بیریان لە عەشق و شووکردن نەدەکردەوە، ئارەزووی ئەوەیان هەبوو بچنە مەیدانی جەنگ، وەک جەنگاوەر ڕەفتار بکەن..

ئەم دوو کچە، یەکێکیان ناوی (فلی ستیێ) بوو، بیست و دوو ساڵی تەمەن هەبوو، ئەوی دییان ناوی (تیوفیل) و حەڤدە ساڵان بوو، باوکی ئەم دوو کچە، جوتیارێکی دەوڵەمەندی هەرێمی (مورتانی) بوو، بەڵام لە ئەشرافەکان نەبوو (لامارتین) و (ڤیکتۆر هۆگۆ) لە بەرهەمەکانی خۆیاندا ناوی ئەم دوو کچەیان هێناوە، لەپاڵ ناوی باوکیاندا وشەی (دو)یان نووسیوە، تا ئەوە بخەنەڕوو کە باوکیان نەجیبزادە بووە..

وشەی (دو) بەرانبەر بەناوی بنەماڵە، لەزمانی فەرەنسیدا، نیشانەی نەجیبزادەییە، بەڵام ئەو دوو نووسەرە بەهەڵەدا چوون، چونکە ئەگەر باوکی ئەو دوو کچە لەئەشرافەکان با، ئەوا هاوکاری شۆڕشی فەرەنسای نەدەکرد، چونکە ئەشرافە فەرەنسییەکان _ئەڵبەتە جگە لە چەند کەسێ- دوژمنی شۆڕشگێڕان بوون و هاوکارییان نەدەکرد.

ئەو سەردەمەی کچە گەنجەکانی فەرەنسا بیریان لە عەشق و شووکردن دەکردەوە (فلی ستیێ) خوشکە گەورە بیری لە تیرئەندازی بە تیروکەمان دەکردەوە، تیوفیل- یش مەشقی لەسەر تیرئەندازی بەدەمانچە و شمشێربازی دەکرد، پاش ئەوەی چاک فێربوون، بڕیاریان دا بچنە شاری (ڤالانسین) و پەیوەندی بە (گاردی میللییەوە) بکەن تا بیاننێرن بۆ مەیدانی جەنگ.

ئەم دوو خوشکە بەبێ ئاگاداری باوکیان پۆشاکی پیاوانەیان پۆشی و هەندێ





پارەیان هەڵگرت و بەرەو شاری (ڤالانسین) کەوتنەڕێ..

لەو دەمەدا وڵاتی نەمسا هێرشی کردبووە سەر فەرەنسا، گاردی میللی شاری ڤالانسین، خەڵکی ئامادە دەکرد و بۆ مەیدانی جەنگی دەناردن. ئەو دوو خوشکە کە هاتنە شار، ناشارەزا بوون، نەیاندەزانی ئۆفیسی گاردی میللی لەکوێدایە، لە بەرانبەری (بارێکەوە) تێپەڕین، چاویان بە سەربازێکی گاردی میللی کەوت، لە بارەکە خەریکی خواردنەوە بوو، پێیان وابوو چاکترین کەسێ کە ئۆفیسی گاردی میللییان نیشان بدات ئەم سەربازەیە.. تکایان لێ کرد ئۆفیسەکەیان نیشان بدات.

سەربازەکە لێی پرسین: بۆچی دەچن بۆ ئۆفیسی گاردی میللی؟

ئەم دوو خوشکەی کە پۆشاکی پیاوانەیان پۆشیبوو، گوتیان: دەچین ناوی خۆمان تۆمار دەکەین تا ببینە سەربازی گاردی میللی.

سەربازەکە پێیگوتن: پیرۆزە.. پیرۆزە..

داوای لێ کردن سەرو پێکێ شەراب بخۆنەوە.. ئەم دوو خوشکە بادەنۆش نەبوون، نەیانویست یا نەیانتوانی ئەم دەعوەتە ڕەت کەنەوە، چونکە وا تێگەیشتبوون یەکێ لە نیشانەکانی پیاوەتی (بەتایبەتی ئەو پیاوە فەرەنسییانەی دەیانویست ببن بە سەرباز) ئەوەیە کە دەعوەتی خواردنەوەی شەراب قبول بکەن..

مەیفرۆش دوو جام شەرابی بۆ ئەو دوو خوشکە هێنا.. بۆ یەکەم جار شەرابیان نۆشی، هێشتا نیوەی جامەکانیان نەخواردبووەوە سەرگەرم بوون، بێ ئیرادە پێدەکەنین، لە کاتی پێکەنینیدا سینەیان لەژێر پۆشاکی پیاوانەوە دەلەرینەوە، سەربازەکە بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکردن، سەرسامی لەرینەوەی سینەیان بوو، چونکە، هیچ پیاوێکی نەدیبوو سینگی ئاوها بێ، سەربازەکە بۆئەوەی دڵنیابێت دەستی بۆبردن..

ئەم دوو خوشکە کە بینییان سەربازەکە دەستیان بۆدەبات بەرگرییان کرد، مەیفرۆشەکەیش هەستی کرد ئەو دوو گەنجە پیاو نین کەوتە گومانەوە.. لەودەمەدا نەمساوییەکان لە فەرەنسادا جاسوسیان هەبوون سەربازو مەیفرۆشەکە وای بۆچوون ئەم دوو ژنە کە پۆشاکی پیاوانەیان پۆشیوە، جاسوسی سوپای نەمسان، ئەو دوو خوشکەیان تەسلیم بەگاردی میللی کردو خرانە نێو زیندانەوە.

(فلی ستیێ) و (تیوفیل) مەجبور بوون حەقیقەتەکە بەرەئیسی گاردی میللی شاری (ڤالانسین) بڵێن.. باوکیان ناوی (فونیک) بوو ئیعترافی ئەوەیان کرد، بەبێ ئاگاداری باوکیان پۆشاکی پیاوانەیان پۆشیوە، هاتوونە بۆ شاری ڤالانسین تا ببن بە سەرباز.. کە ناسنامەکەیان ئاشکرا بوو ئاگاداری (فونیک)یان کردەوە، هاتە شاری ڤالانسین و کچەکانی بردەوە.

ئەگەرچی ئەو دوو خوشکە گرفتاری ئەو ڕووداوە ناجۆرە ببوون، بەڵام دەسبەرداری ئارەزووەکانی خۆیان نەبوون، دەیانویست ببنە سەرباز و بچن بۆ مەیدانی جەنگ.

کاتێ سوپای نەمسا لە خاکی فەرەنسادا بەرەوپێش دەچوو (کنوانسیۆن)[1] داوای لە جوتیارانی فەرەنسا کرد، دەستەی پارتیزان دروست کەن، هێرش بکەنە سەر سوپای نەمسا.

(فونیک) لایەنگری شۆڕشی فەرەنسا بوو، دەیویست ئەو دوژمنانەی هاتوونەتە نێو خاکی فەرەنساوە وەدەریان نێت، هانی جوتیارانی دا دەسبەرداری بێڵ و داس بن، دەستەی پارتیزانی دروست کەن، سەربازە نەمساوییەکان دەرکەن.

(فۆنیک) بەر لەوەی لەگەڵ جوتیاراندا بچێت بۆ جەنگ، بەهەردوو کچەکەی گوت، لەماڵ نەچنە دەرێ، تا لە جەنگ دەگەڕێتەوە، بەڵام هەمان ڕۆژ، هەردوو کچەکە پۆشاکی پیاوانەیان پۆشی و تفەنگیان گرتە دەست و ڕێیان گرتەبەر..

ئەو دووە جارجار بەتەنها، جارجاریش بەکۆمەکی کەسانی دی، لە جەگەڵەکاندا کەمینیان دادەنا، سەربازە نەمساوییەکانیان دەگرت و دەکوشت، جارجاریش بەکۆمەکی ئەو جوتیارانەی لەدەستەی پارتیزانەکانی باوکیان بوون هێرشیان دەکردە سەر سەربازەکانی نەمسا، ئەم دوو خوشکە شەوان لە جەنگەڵ دەخەوتن، بەرۆژیش دەچوونە گوندەکانی دەوروبەر، ئازووقەو خۆراکیان دەکڕی و دەگەڕانەوە بۆ جەنگەڵ، کاتی ئەوەیان نەبوو خۆیان بشۆن، ڕوخساریان تەپ و تۆزاوی بوو، هەتاویش ڕەشی کردبوونەوە، هەرکەسێ لە جەنگەڵدا ئەو دوو کەسەی دیبا وایدەزانی دوو پیاوی گەنجن، هەرکە بۆ کڕینی خۆراک بۆ گوندەکانی دەوروبەر دەچوون کچە لادێییەکان مریشکی برژاو و نانی تازە یا هێلکەیان دەدانێ، کەیفخۆشیش دەبوون کە دەتوانن

(١) کنوانسیۆن: مەجلیسی میللی فەڕەنسا. پەرلەمان.





هاریکاری سەربازانی نیشتمان بکەن..

رۆژێ (فلی ستیێ) و (تیوفل) گەیشتنە جەنگەڵی ناوچەیێک کە لەوێدا جەنگ لەنێوانی سەربازانی نەمساو دەستەیێک لە پارتیزانەکان ڕووی دابوو، ئەم دوو خوشکە بەترس و سەرسامییەوە سەیریان کرد (فونیک–ی) باوکیان و سێ جوتیاری تر بە ئەسیری گیراون، سەربازە نەمساوییەکان داویانەتە پێش خۆیان.. ئەم دوو خوشکە دەیانزانی، ئەگەر پارتیزانێ بە ئەسیری بکەونە بەردەستی سەربازەکانی نەمسا، لە بارەگای فەرماندەیی نەمساوییەکان بێ چەن و چوون تیرباران دەکرێن.

(فلی ستیێ) بە خوشکەکەی گوت، ئەگەر ئێمە هەردووکمان تەقە بکەین تفەنگەکانمان خاڵی دەبی، تۆ تفەنگەکان پڕکەو بیدە بە من تا تەقەیان لێ بکەم، (فلی ستیێ) لە سەرەتادا مەشقی لەسەر تیروکەمان کردبوو بەجۆرێ شارەزاو لێهاتوو بوو، فیشەکی بەخەسار نەدەدا.. (فلی ستیێ) دەستی بە تەقە کردو تیوفیل–یش بەپەلە تفەنگەکانی بۆ پڕدەکرد.. (فلی ستیێ) دوانزە گوللەی تەقاند، بەهەر گوللەیێک سەربازێکی نەمساوی دەکوشت، باوکی و سێ پارتیزانەکەی تری لە مەرگ ڕزگارکرد.

سەربازە نەمساوییەکان دەستی ئەو چوار کەسەیان لەپشتەوە بەستبوو پاش ئەوەی سەربازەکان کوژران هەردوو خوشک بەرەو ئەسیرەکان ڕایانکرد تا دەستیان بکەنەوە، سەربازە نەمساوییەکان بەجۆرێ دەستی ئەو چوار کەسەیان بە مەحکەمی بەستبووەوە، ئەو دوو کچە نەیانتوانی گوریسەکان بکەنەوە، ناچاربوون بەچەقۆ گوریسەکان ببڕن..

(فونیک) و سێ پارتیزانەکەی دی لەخۆشییا فرمێسکیان دەڕشت، (فونیک) کچەکانی نەناسییەوە، کاتێ گوریسەکانیان بڕی پارتیزانەکان وایاندەزانی ئەو دوو کەسە گەنجە پیاون، باوەشیان پیاکردن و ماچیان کردن.. کاتێ (فونیک) ویستی ئەو دووانە ماچ کات، دوو کچەکە لە ترسا ڕایانکرد، نەوەک باوکیان پێیان بزانێ و تووڕەبێ و سزایان بدات کە بۆچی ماڵەکەیان چۆڵ کردووەو هاتوونەتە نێو جەنگەڵەکانی پارتیزانەکانەوە.

دەستەکانی پارتیزانەکان، لەژێر فەرماندەیی ژەنەراڵێکی فەرەنسی بوون کە ناوی

(بورنۆی) بوو، (فونیک) چووە لای ژەنەراڵ، بەدرێژی باسی ئەوەی بۆ کرد، کە چۆن دوو پارتیزانی گەنج دوانزە سەربازی نەمساوییان کوشت، ئەم و سێ پارتیزانی دییان لە ئەسارەت و مەرگی حەتمی ڕزگارکردووە..

ژەنەراڵ (بورنۆی) ویستی ئەو دوو پارتیزانە ببینێ، بەڵام (فونیک) گوتی: ئەوانە هەند جوامێر بوون، نەیانویست خۆیان بناسێنن و ڕۆیشتن.. (فونیک) پاش ئەوەی لە ئەسیری ئازاد بوو گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی، سەرسام بوو، کچە گەنجەکانی خۆی نەبینی، لەگەڵ چەند جوتیارێکدا بۆ دۆزینەوەیان کەوتنەڕێ.. لە گوندێکی نزیکی شاری (ڤالانسین) ئەو دوو کچە خەریکی کڕینی خۆراک بوون، ئەمانە ئەو دوو کەسەیان ناسییەوە کە نەجاتی دابوون، دیسانەوە کچەکانی خۆی نەناسییەوە..

(فونیک) بڕیاری دا نەهێڵێ ئەو دوو پارتیزانە جوامێرە ڕاکەن، بەهەرجۆرێ بێ بیانناسێ و سوپاسیان بکات، ناویشیان بداتە ژەنەراڵ (بورنۆی).. گەمارۆی هەردوو کچەیان دا، کە ناسرانەوە فونیک دەستی بەگریان کرد، ئامێزی بۆکردنەوەو ماچی کردن و بەژەنەراڵ بورنۆی گوت، ئەوانەی دوانزە سەربازی نەمساوییان کوشت و ئەم و سێ پارتیزانی دییان ڕزگارکرد، هەردوو کچەکەین.

ژەنەراڵ بورنۆی دەسبەجێ ئازایەتی ئەو دوو کچەی گەیاندە کنوانسیون.. پەرلەمانیش بڕیاری دا هەریەک لەو دوو خوشکە پێنج هەزار فرەنکیان وەک پاداشت بدرێتێ، ئەسپ و چەکیشیان بدرێتێ لەقەبیان ببێ بە (کچە قارەمانی نیشتمان).

کاتێ ناوی ئەو دوو کچە لە ڕۆژنامەکانی فەرەنسادا بڵاو بووەوە، خەڵکی زانییان ئەو دوو کچە لەقەبی قارەمانی وڵاتیان هەیە، دەچوونە داخوازییان، لە هەفتەیەکدا سەدان کەس دەچوونە داخوازییان.. بەڵام ئەو دوو کچە جەنگاوەرە نەیاندەویست شوو بکەن، ئارەزوویان ئەوەبوو بەردەوامی بە جەنگ بدەن، تا لەخاکی وڵاتەکەیاندا سەربازێکی بێگانە نەهێڵن..

سەردارێکی فەرەنسی بەناوی ژەنەراڵ (دوموریێ) لە یەکێ لە جەبهەکانی جەنگدا دژ بە نەمساوییەکان دەجەنگی، ڕاپۆرتێکی بۆ وەزارەتی دیفاعی میللی فەرەنسا نووسی، پێشنیازی کردبوو (فلی ستیێ) و (تیوفیل) نەقڵ بکەن بۆ جەبهەکەی ئەم، تا شانازی بەوە بکات شان بەشانی ئەو دوو کچە لەڕێی نیشتماندا بجەنگی، چونکە





ئەو دوو کچە لەقەبی (قارەمانی وڵاتیان) هەیە ئازایەتی خۆیانیان سەلماندووە کە دەتوانن لە مەیدانی جەنگدا بجەنگێن.. وەزارەتی دیفاعی میللی بۆ ژەنەراڵ (دوموریێ-ی) نووسی، ئەگەر ئەو دوو کچە ڕازین نەقڵ بکرێن بۆ جەبهە، ئەوا وەزارەت لاریی نییە..

ژەنەراڵ دوموریێ بەنامە داوای لەو دوو خوشکە کرد، ئایە ڕازین نەقڵ بن بۆ جەبهەکەی یا نەء.. ئەو دووە ڕازی بوون، تا ئەوکاتە حیسابی پارتیزانییان بۆ دەکرا، ئیدی بوونە سەربازی ڕەسمی سوپا.

ژەنەراڵ (دوموریێ) هەرکە ئەو دوو کچەی بینی کەوتە ژێر کاریگەری ڕەفتارە سادەکەیان. جوانی و پاکیزەیی و میهریشیان کاریان لە دڵی کرد، عاشقی هەردووکیان بوو..

لە ئۆردوگادا بۆ ئەو دوو خوشکە، خێوەتێکیان دوورتر لە خێوەتەکانی دی، بەڵام نزیک لە خێوەتەکەی ژەنەراڵ (دوموریێ) بۆ دانان، هەرکاتێ جەنگ لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیێکی دی دەگوازرایەوە، سەربازەکان خێوەتی ئەو دوو کچەیان بۆ ناوچە تازەکە دەگواستەوە.

(فلی ستیێ)و (تیوفیل) لە هەموو کارەکان، کە سەربازەکان ئەنجامیان دەدا، عەفوو کرابوون، سەربازەکانی دی بەخۆشحاڵییەوە ئیشی ئەمانیان دەکرد، ئەگەرچی ئەو دوو خوشکە لە ئۆردوگا و مەیدانی جەنگدا، چ پلەیەکیان نەبوو تەنها دوو سەربازی ئاسایی بوون، ئەمر درابووە سەربازەکانی دی هەموو شتەکانیان بۆ وەئەنجام بگەیێنن.

ژەنەراڵ (دوموریێ) هەردوو خوشکەکەی خۆشدەویست، دەترسا عەشقی خۆی بدرکێنێ، چونکە نەیدەتوانی پێشبینی کاردانەوەیان بکات، دەیزانی کە ژنێ تفەنگ لە شان نێ و شمشێر لە کەمەر ببەستێ، لە مەیدانی جەنگدا سەربازانی دوژمن بکوژێ، نابێ بەو چاوەوە سەیر کرێت کە ژنێکی ئاساییە، بەڵکو دەبێ وەکو پیاو سەیربکرێت، ژنێکی ئاوها پێشنیازی عەشقی پیاوێ قبوڵ ناکات، مەگەر خۆی ئەو پیاوەی بوێت.. ژەنەراڵ (دوموریێ) وەکو خەڵکی دیش ژنەوتبووی کە ئەو دوو کچە لە عەشق ڕادەکەن، جگە لە جەنگاوەری و جەنگ چ ئامانجێکی دییان نییە.

ژەنەراڵ (دومـــوریێ) وەکـــو زۆربـــەی ژەنەراڵەکـــانی ســـەردەمی شـــۆڕشـــی گـــەورەی فەرەنسا گەنج و جوان بوو، بەڵام هەرچەندی زیاتر خۆی لـێ نزیک دەکردنەوە کەمتر دەکەوتە بەر سەرنجیان، ئەو دوو کچە بەو چاوەوە سەیری ئەو پیاوەیان دەکرد، کە ئەفسەرێکی فەرماندەی مەیدانی جەنگە، ئەمرەکانی کە پەیوەست بوون بەجەنگ بەواجبیان دەزانی و جێبەجێیان دەکرد، بەڵام ئامادە نەبوون وەڵامی نیگا درێژەکانی بدەنەوە.

ژەنەراڵ دومـــوریێ سـوودی لە هەمـوو فرسـەتێ وەردەگـرت، تا خـۆی بگەیێنێـتـە خێوەتی ئەو دوو کچە، کە ئەفسەرو سەربازەکان دەیانبینی فەرماندەکەیان وەکو نەوجەوانێ بەترس و دوودڵییەوە دەچێتە خێوەتی ئەو دوو کچە، ڕوویان وەردەگێڕا، پێکەنینی مەسخەرەیان دەهێنایە سەر لێوان.

هەرکە ژەنەراڵ (دوموریێ) دەچووە خێوەتی ئەو دوو کچەوە، یەکێ لە کچەکان لە دوو لاوە دامێنی خێوەتەکەی بەرز دەکردەوە، تا هەموو ئەفسەرو سەربازەکانی ئەو دەوروبەرە ناوەوەی خێـوەتەکـە ببـینن.. هەمـوو جـار ژەنەراڵ (دومـوریێ) دەیگوت، ئەوەندە لەمن بێزارن تەنانەت ناتانەوێ بۆ چەند ساتێ لەنێو خێوەتەکەی خۆتاندا بمبینن..

(فلی ستیێ) دەیگوت، جەنابی ژەنەراڵ هاتنی ئێوە بۆ ئێرە هەند گەورەو شانازی بەخشە، دەمانەوێ هەموویان ئێمە ببینن و ئێرەییمان پێ ببەن.

ژەنەراڵ دومـــوریێ، دەیزانـی، هەمـــوو ئەفـــســـەر و ســـەربازەکـــان، لە هەردوو لای خێوەتەکەوە دەیبینن، چەند ساتێ وەستا و چەند کەلیمەیێکیشی گوت، ناچاربوو بگەڕێتەوە، چیدی نەبێتە مایەی پێکەنینی ئەفسەرو سەربازەکان کە چاویان بڕیبووە خێوەتی ئەو دوو خوشکە..

ئەگەر ژەنەراڵ (دوموریێ) لە جێیەکی دیدا ئەو دوو خوشکەی دیبا ڕەنگە ئەوەندە پابەندیان نەبوایە، بەڵام لە مەیدانی جەنگدا ژن نییە، ئەو دوو خوشکە گەنج و جوانە بۆ ئەو ژەنەراڵە فەرەنسییە، وەکو ئاوێکی سازگار بوون، لە هاویندا و لە بیابانێکی چۆڵدا بۆ ڕێبوارێکی تینوو.. هەرکە ڕووبەڕووی بەرگری ئەو کچانە دەبووەوە، ئاگری عەشقی بلێسەدارتر دەبوو.. ئەم ژەنەراڵە بەجۆرێ عەشقی ئەو دوو کچە کاری تێ





کردبوو، بڕیاری دا لە نیوەشەودا بچێتە نێو خێوەتەکەیان.

ژەنەراڵ دوموریێ، هەرکە دڵنیابوو، ئەفسەرو سەربازەکان خەوتوون، لە خێوەتەکەی خۆی هاتەدەرێ، بەرەو خێوەتەکەی ئەو دوو خوشکە چوو..

لە شەواندا دامێنی خێوەتەکەیان لە دیوی ناوەوە دەبەست، تا چ کەسێ نەچێتە ژووریێ.. ژەنەراڵ دوموریێ نەیتوانی دامێنی خێوەتەکە بکاتەوە، بەچەقۆ بڕیی و چووە ژووریێ.. وای دانابوو ئەگەر ئەو دوو کچە بە سەرسامییەوە لەخەو ڕاپەڕن، ناچار دەبێ تکایان لێ بکات دەنگ بەرز نەکەنەوە، کەسانی نێو خێوەتەکانی دەوروبەر لە خەو هەڵنەسێنن.. کە چووە ژووریێ کەسێ لە خەو ڕانەپەڕی، لەبەر تاریکی چاوەکانی بە جوانی نەیاندەبینی، لە ناوەوە هەندێ دامێنی خێوەتەکەی بەرز کردەوە، تریفەی مانگ نێو خێوەتەکەی هەندێ ڕۆشن کردەوە، سەیری کرد، جگە لەو دوو کچە کەسێکی دیش لەوێدا خەوتووە، هەناسەیان بۆنی شەرابی لێ دێ، لە گۆشەی خێوەتەکەدا هەندێ پاشماوەی خۆراک و چەند بتڵێ شەرابی بینی، نەشئەی شەراب خەوەکەیانی قورس کردبوو..

ژەنەراڵ دوموریێ، چەمایەوە سەیری نووستووانی کرد، پیاوێکی گەنجی بینی لە گۆشەیێکی خێوەتەکەی ئەو دوو خوشکەدا نووستووە، لەبەر مەستی ئاگای لەخۆی نەماوە، کە چاک دیقەتی دایێ، سەیری کرد مورافیقەکەی خۆیەتی.. ئەو ژەنەراڵە لە ئاست ئەو دوو کچەدا پەیاپەی شکستی دەخوارد کەچی مورافیقەکەی توانیویەتی خۆشەویستی ئەو دوو کچە بەرەو خۆی ڕاکێشێ، گەلێ تووڕە بوو، ویستی لە خەو هەڵیانسێنێ و سزایان بدات، پاشان بە خۆی گوت، چاکتر وایە لە خێوەتەکە بچێتە دەرێ، هەندێ ئەفسەر لە خەو هەڵسێنێ، تا ببینن ئەو دوو خوشکەو مورافیقەکەی ئەوەندەیان شەراب خواردووەتەوە ئاگایان لەخۆیان نەماوەو خەوتوون، بەڵام هیچ یەک لەم کارانەی بەموناسیبی شانوشەوکەتی خۆی نەزانی، چونکە دەیزانی هەریەک لەم کارانە بکات، هەموو دەڵێن ئیرەیی بە مورافیقەکەی خۆی دەبات، لەبەر حەسودیش ئەو دوو خوشکە لە نیوەشەودا ڕسوا دەکات..

تەنها بەوە ئیکتفای کرد کۆتی مورافیقەکەی ئۆنیفۆرمی سەربازی ئەو دوو خەوتووە، لە جێی تایبەتیدا دانرابوون هەموویانی خستە سەریەک و تێکەڵی کردن،

تا بەیانی بەخەبەر هاتنەوە بزانن شەوێ کەسێ هاتووەتە نێو خێوەتەکەیان.

ڕۆژی پاشتر سەربازەکانی نەمساوی هێرشیان نەکرد، مورافیقەکەی ژەنەراڵ دوموریێ تا سەعات حەوتی بەیانی لەنێو خێوەتەکەی ئەو دوو کچەدا بوو.. هەرکە لە خێوەتەکە هاتە دەرێ یەکسەر ڕووبەڕووی ژەنەراڵ دوموریێ بووەوەو پێیگوت: جەنابی نەقیب بەیانیت باش، بەم بەیانییە چیت دەکرد لە خێوەتی ئەو دوو کچە (قارەمانەی نیشتمان)؟

نەقیب (مونێ)ی مورافیقی ژەنەراڵ (دوموریێ) هەند شڵەژا و تێکچوو گوتی: چووبووم ڕاپۆرتی ڕۆژانەیان بدەمێ!

ژەنەراڵ (دوموریێ) گوتی: تۆ ئەفسەریت و پلەی نەقیب–ت هەیە ئەوانە سەربازن.. سەرباز دەبێ ڕاپۆرت ببات بۆ ئەفسەر، نەک ئەفسەر ڕاپۆرتیان بداتێ!

نەقیب (مونێ) گوتی: جەنابی ژەنەراڵ، مەبەستم لە راپۆرت ئەوە بوو ئەو دوو کچە (قارەمانەی وڵات) ئاگادارکەمەوە، دوژمن ئەمڕۆ دەستی بە هێرشکردن نەکردووە.

ژەنەراڵ گوتی: ئەگەر من لەجیاتی تۆ بام عوزرێکی دیم هەڵدەبژارد و دەمگوت ئەو دوو کچە خۆیان منیان بۆ خێوەتەکەیان بانگ کردووە تا لە ڕێی منەوە بە فەرماندەی سوپا بڵێن، هەر ئەمڕۆ لە خزمەتی سەربازی عەفوو کرێن، چونکە زۆر ماندوون و پێویستییان بەئیسراحەت هەیە.

پاش ئەم قسەیە ژەنەراڵ دوموریێ دوورکەوتەوە، نەقیب (مونێ) بە شەرمەزارییەوە ڕێی خێوەتەکەی خۆی گرتە بەرو دڵنیابوو کە ژەنەراڵ دوموریێ، لە شەوی ڕابردوو هاتووەتە خێوەتەکەی ئەو دوو خوشکە، نەقیب (مونێ) کارێکی عاقڵانەی کرد، ئەگەر بەرگری بکات تووشی کێشەی گەورە دەبێت، ئەو کارە عاقڵانەیشی ئەوە بوو داوای مەرەخەسیی لە ژەنەراڵ دوموریێ کرد، بەکورتییەکەی ساحەکەی بۆ چۆڵ کرد، ژەنەراڵ دوموریێ پەیی بە مەبەستی مەرەخەسخوازییەکە بردو مانگێ ئیجازەی دایێ.. لەوە بەولاوە زۆربەی کاتەکان ژەنەراڵ (موریێ) دەچووە خێوەتەکەی ئەو دوو خوشکە، هەموو ئەفسەرەکان دەیانزانی فەرماندەکەیان لەخێوەتەکەی خۆی نییە، لە خێوەتی ئەو دوو کچەدایە.. لەبەرئەوەی هەندێ کاروباری عەسکەری هی ئەوە نییە دواخرێت، هەموو سەعاتێ دەبێ فەرماندەی لێ ئاگادار کەنەوەو بڕیاری لێ وەرگرن،





بۆیە ئەفسەرەکان ناچار دەبوون لە پشتی خێوەتی ئەو دوو کچە فەرماندە ببینن و ئەمری لێ وەرگرن..

پێویست بەدرێژدادڕی ناکات، ئەو جۆرە وەزعە بۆ سوپایێک لە مەیدانی جەنگدا بێت، دەوام ناکات، هەندێ لە ئەفسەرەکان یا لە رووی خێرەومەندی یا لەڕووی ئیرەییەیوە، ڕاپۆرتیان بۆ وەزارەتی دیفاع نووسی.. وەزارەتی دیفاعیش، ئەو دوو کچەی لە مەیدانی جەنگەوە گەڕانەوە، لەکاری سەربازیش عەفووی کردن.. ئیدی ئەو دوو کچە ژیانی ئاساییان گرتە بەرو شوویان کرد..

وەزارەتی دیفاع قەدەغەی کردبوو کە ژنان خزمەتی سەربازی بکەن، ئەو دوو خوشکەیان لە مەیدانی جەنگەوە گەڕاندەوە.. هەندێ لە ژنان پۆشاکی پیاوانیان دەپۆشی بەخۆبەخش دەچوونە مەیدانی جەنگەوە، ئەفسەرەکان بەم حاڵەتەیان نەدەزانی، یا دەیانزانی و چاوپۆشییان لێ دەکرد.

ئەو وەزعە نەک تەنها لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا، بەردەوام بوو، بەڵکو لە سەردەمی سەڵتەنەتی ناپلیۆنی یەکەم، مانەندی ئەو ژنانە دەکەوتنە بەرچاو، هەندێ لە ژنانی فەرەنسی، پۆشاکی پیاوانیان دەپۆشی لە سوپاکەی ناپلیۆندا خزمەتیان دەکرد، بەبێ ئەوەی کەسێ بزانێ کە ئەوانە ژنن، ئەوانەی کە دەیانزانی بێدەنگ دەبوون، مەشهورترینیان ژنێ بوو بەناوی (ماری سۆلدا)[١] ماوەی حەوت ساڵ بەپۆشاکی پیاوانە لە سوپاکەی ناپلیۆنی یەکەمدا خزمەتی دەکرد، لە ساڵی حەوتەمدا بەدزییەوە شوو بە یەکێ لە دۆستەکانی خۆی دەکات، پاشان سکی پڕدەبێ و ڕازەکەی ئاشکرابوو.

***

گوتمان لەو دەعوەتەی کە بۆ (کامی دمولن) کرا، شەست کەس بەشداربوون، ژنە قەرەجەکە لە روبسپێر نزیک بووەوە، لەپڕ لێی دوورکەوتەوە، (مارا) بەپێکەنینەوە بە رۆبسپێری گوت: لەبەرئەوەی ناشیرینی، ئەم ژنە لە تۆ ترسا!

لە راستیدا ڕۆبسپێر پیاوێکی ناشیرین بوو، بۆ یەکەم جار هەرکەسێ بینیبای لێی بێزار دەبوو، بەڵام پاش یەکدیناسین، دەردەکەوت ئەم پیاوە قیمەتێکی هەیە.. خەڵکی

(١) ماری سۆلدا: ماری سەرباز.

فەرەنسا ناویان لە ڕۆبسپێر نابوو (فەساد ناپەزیر)[1] دەیانگوت، چۆن خوێ ناگەنێ، مەحاڵە ئەم پیاوەش فاسد بێ..

ئەم بۆچوونەی فەرەنسییەکان بۆ (فەساد ناپەزیر) لە رووی داراییەوە ڕاست بوو، لە هەموو ئەو ماوەیەی کە ڕۆبسپێر سەرپەرشتی کۆمیتەی (نەجاتی عومومی) دەکرد، یەک فلس بەرتیلی وەرنەگرت لە خوێنی هیچ تاوان خراوەپاڵێک (گوناهبار یا بێ گوناه) خۆش نەدەبوو.

ڕۆبسپێر، کە دەیبینی، هاوڕێکانی لەلایەن ژنانەوە بایەخیان پێ دەدرێ چ ژنێکیش بایەخ بەم نادات گەلێ ئازاری دەچێشت.. ڕۆبسپێر کە نەیدەتوانی سەرنجی ژنان بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ، نەیشی دەویست هیچ پیاوێک ببێتە جێی سەرنجی ژنان، هەر بۆیە لەم ڕووەوە مەرامەکەی لە کەلیمەیەکدا خستەڕوو، ئەو کەلیمەیەش (تەقوا) بوو..

ئەو دەیگوت، وڵاتی فەرەنسا دەبێ بە (تەقوا) ئیدارە بدرێ، دەبێ هەموو کەس (تەقوا-یان) هەبێ.. لە ڕاستیدا ئەم کەلیمەیە هی ڕۆبسپێر نییە، بەڵکو بەر لەو نووسەری ناسراوی فەرەنسا (مونتسکیو) لە کتێبی (ڕۆحی یاساکاندا) دایهێنابوو و دەیگوت: (مەحاڵە میللەتێ بتوانێ ببێتە خاوەنی ڕژێمی دیموکراسی و پەرلەمانی، ئەگەر (تەقوا)ی نەبێ ئەڵبەتە مەبەستی ئەو پیاوە (تەقوا)ی سیاسی بوو.. بەڵام ڕوبسپێر بە مانا گشتیی و فراوانەکانی سەیری تەقوا-ی دەکرد، یانی (تەقوا) لە پۆشاک و کاروباری کۆمەڵاتی و کەسایەتی، هەروەها پاراستنی داوێن پاکی..

بەڵام ئەم پیاوە کە هەمیشە دەمی لە (تەقوا) وەردەدا، دەیویست بەهێزی ساتوری گیوتین ژن و پیاوی فەرەنسی ببنە خاوەن (تەقوا)، بەڵام هەمیشە مەحرووم بوو، کاتێ کە کچێکی جوانی دەبینی ئارامی لەبەر دەبڕا..

لە سەرەتادا ڕۆبسپێر موحامی بوو، لەو دەمەدا هەرکە کچێکی جوانی دیبا چارەی نەدەبوو، جگە لەوەی لەگەڵ مەحروومییەتدا بسازێ، بەڵام کاتێ کە بووە سەرپەرشتی کۆمیتەی (نەجاتی عمومی) و دەسەڵاتی گرتە دەست، بڕیاری دا گرێی حیرمان بە خوێنڕشتن بکاتەوە..

(١) فەساد ناپەزیر: قبوڵی فەساد ناکات.





لەو سەردەمەدا گەر ژنێ سەرنجی ڕۆبسپێری ڕاکێشابا، ئامادەبا بۆ سەعاتێ لەگەڵیا ڕاببواردبا، ئەوا ئەو ژنە بەزیندوویەتی دەمایەوە، گەرنا دەبا سەری بخەنە ژێر ساتوری گیوتین.

گەلێ لە ژنان و پیاوان بەئەمری ڕۆبسپێر، بەرەو مەرگ چوون، چ گوناهێکیان نەبوو، جگەلەوەی دەیانتوانی وەک ژن و پیاوێکی ئاسایی بەرخورداری عەشق بن..

ڕۆبسپێر نەیدەویست وەک پیاوێکی ئاسایی بەرخورداری عەشق بێت، ئەو دوژمنی هەموو ژن و پیاوێکی ئاسایی و نائاسایی جیهان بوو، لە بری ئەمە، گەلێ منالانی خۆشدەویست، دەیزانی لە منالاندا غەریزەی جنسی نییە، یانی ئەو غەریزەیە هێشتا بێدار نەبووە..

ئەگەر لەو سەردەمەدا ژنێ سەرنجی ڕۆبسپێری ڕاکێشابا، ئەگەر ئەو ژنە توانیبای بڵێ (نەء) ئەوە وەکو ئەوە وابوو ئەو ژنە گەمە بە سەری خۆی بکات.. ژنانی شۆڕشگێڕیش تا مەچەکیان لەنێو خوێندا بوو، پیاوانیان دەکوشت، لووت و گوێیان دەبڕی، سک و سینەی پیاوانیان هەڵدەتڵیشاند، دڵیان دەردەکرد و دەیانگوشی و خوێنەکەیان خاڵی دەکرد.. ئەو ژنانە هەنگاویان بەرەو کاری ئیداری نا، بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەورووپا، ژنان لە پشتی مێزدا دادەنیشتن دەبوونە بەرپرسی ئیداری یا موحاسیب.

یەکێ لەم ژنانە، ژنێکی گەنج بوو بەناوی (ئادل) لە (باشگایێکی _ نادیێکی) شۆڕشگێڕی بەرپرسی ئیداری نادییەکە بوو، هەموو ئەندامانی نادییەکە، کەموزۆر دۆستی (ئادل) بوون، ئارەزوویان دەکرد (ئادل) ببێتە خۆشەویستیان، بەڵام (ئادل) بایەخی پێ نەدەدان، بەبێ ئەوەی مەرامەکانی ڕۆبسپێر لە (تەقوا) دا پەیڕەوبکات، ئەوانەی لەخۆی دووردەگرت، دەبێ ئەم حەقیقەتەش بدرکێنین، ژنانی شۆڕشگێڕی فەرەنسا هەند پابەندی ئەخلاق نەبوون، هەندێکیان فریوخواردووی ئارەزووەکانی خۆیان بوون..

(ئادل) لەبەرئەوە پیاوانی لە خۆی دوور دەخستەوە، خۆشەویستێکی هەبوو، هەردووکیان عاشقی یەکدی بوون.

ئەندامانی نادییەکە خۆشەویستەکەیان نەدەناسی، چونکە (ئادل) دەیزانی ئەگەر

ئەندامانی نادییەکە بزانن دڵدارێکی هەیە، دڵسارد دەبن و ئومێدیان دەبێتە یەئس، ئیدی دیاری بچووکی نادەنێ، لەمەش بەولاوە مومکین بوو کارەکەی لەدەست بدات.. (ئادل) لەو نادییەدا بەرووکەش دەفتەردار بوو، بەڵام لە ماناددا بەڕێوەبەری نادییەکە بوو، بودجەی ئەندامانی لەژێردەست بوو.

هەر ئەندامێکی نادییەکە مانگی چل فەرەنکیان وەردەگرت، ئەو پارانە لە سنوقەکەی ئادل دا کۆدەکرایەوە، هەرچی پێویستییێکانی نادی هەبا خۆی دەیکڕی، دڵی هەر شتێکی ویستبا بۆی سەرف دەکرد، چ کەسێ بۆی نەبوو حیساباتی بخاتە ژێر چاودێرییەوە، چونکە هەموو ئەندامەکانی نادییەکە (ئادل)یان خۆشدەویست، هیچ عاشقێکیش حیسابی مەعشووقەکەی ناخاتە ژێر چاودێرییەوە، مەگەر ئاگری عەشقەکەیان سارد بوویێت و حیسابەکەی دەخاتە ژێر چاودێرییەوە، بۆیە لە خۆشەویستەکەی خۆی مەمنوع کردبوو کە بەهیچ جۆرێ نەیێتە نادییەکەوە، ئەگەر لە دەوروبەری نادیەکەشدا ئادل و خۆشەویستەکەی یەکدییان بینی، نابێ ئاشنایەتییەکەیان بخەنە ڕوو.

ڕۆژێ لە نادییەکەدا گوتیان ئەمشەو ڕۆبسپێری سەرپەرشتی کۆمیتەی نەجاتی عومومی دێتە نادییەکە.

ئادل وەسفی ڕۆبسپێری بیستبوو، بەڵام نەیبینیبوو، ئاگایشی لەوە هەبوو کە پیاوێکی دەسەڵاتدارەو بەتوانا.. بڕیاری دا هەرکە ڕۆبسپێر هاتە نادییەکە، بە زەردەخەنەو چەند کەلیمەیێکی ناسک، وەک ئەندامانی نادییەکە، ئەمیش بکاتە لایەنگرو پارێزەرەکانی خۆیشی زیادکات..

ئەو شەوەی ڕۆبسپێر هاتە نادییەکە، ئادل تا نزیکی دەرگاکە بەرەوپیری چوو، بە زەردەخەنە و خۆشەویستی ساختەوە گوتی: ئەی پیاوی (فەساد ناپەزیر) بەخێربێیت بۆ نادییەکەی ئێمە!

ڕۆبسپێر ڕێزی لە ئادل گرت، کە زانیی بەرپرسی ئیدارەی نادییەکەیە بە کەیفخۆشییەوە گوتی: من نەمدەزانی ئەم نادییە بەرپرسێکی ئیداری وەک تۆ جوانی هەیە، دەنا هەموو شەوێ دەهاتم!

ئەو نادییە ناوی (کوردلیێ) بوو.. کوردلیێ فرقەیێکی مەزهەبی بوون پاش ئەوەی





کە شۆڕشی فەرەنسا دەستی پێ کرد، ئەو سەومەعەیەیان داخست، مەگەر خوابزانێ ژنە ڕاهیبەکانی بۆ کوێ چوون و چییان بەسەرهات.

لە ساڵی ١٧٩٠ (دانتون) و (مارا) و(کامی دمولن) بڕیاریان دا لەجێی ئەو سەومەعەیە نادییێک دروست کەن تا ببێتە ناوەندی کۆبوونەوەکانی دۆستان و بارەگایێکی شۆرشگێڕانیش بێت.. هەموو شەوێ دۆستانی شۆڕشگێڕ لەو نادییەدا کۆدەبوونەوە، گفتوگۆیان دەربارەی مەسائیلی سیاسی دەکرد و هەندێ جار نەخشەی لەنێوبردنی چەند گوناهکارو بێ گوناهانیان لەوێدا دەکێشا..

شەوی دووەم ڕوبسپێر هاتە نادی کوردلیێ، وەکو شەوی پێشتر، لەلایەن (ئادل)ەوە پێشوازی لێ کرا، ڕوبسپێر پێیگوت: هاووڵاتی، ئەوە بزانە، من تەنها لەبەر ئێوە دێم بۆ ئێرە!

شەوی سێهەم کە ڕۆبسپێر هاتە نادییەکە، بۆ ماوەیێک ئادل–ی لەسەر مێزەکەی دانیشاندو گوتی: هاوڵاتی.. ئارەزوو دەکەم ئەمشەو بێیتەماڵەکەی من، تا ئەمشەو بەیەکەوە بەسەرببەین! (ئادل) کە ئەم دەعوەتە ڕاشکاوەی بیست، گوتی: داوای لێبوردن دەکەم بۆ ئەم دەعوەتەت، چونکە من دەزگیرانم هەیە، دۆستەکەی (ئادل) ناوی (هرودوسیشل) بوو، بەرەسمی دەزگیرانی نەبوو، بەڵام (ئادل) ویستی بەم وەڵامەی ڕۆبسپێر نائومێد بکات و ئیدی بیر لەم نەکاتەوە..

ڕۆبسپێر کە ئەم وەڵامەی ژنەوت، دەستی لەنێو دەستی ئادل دا بوو، لەبەر کینەو توڕەیی دەلەرزییەوە، ئادل هەستی بەم لەرزینەوەی ڕۆبسپێر کرد.. ئەو گرێیەی لە ناخی ڕۆبسپێردا بوو، وەکو عەمبارێکی بارووت وابوو، هەر تەنها بڵێسەیێک دەیتەقاندەوە، هەرکە وەڵامەکەی ئادل–ی بیست بڕیاری دا، ئەو ژنەو دەزگیرانەکەی لەنێوببات..

ڕۆبسپێر دەستی ئادل–ی بەردا، بەبێ ئەوەی بچێتە هۆڵی نادییەکە، گەڕایەوە، دوو کەسی ڕاسپارد تاقیبی ئادل بکەن و دەزگیرانەکەیشی بناسن و بزانن لەکوێدا دادەنیشێ.

عادەتی ئادل وابوو شەونا شەوێک، کە لەنادییەکە دەردەچێت، بچێ دۆستەکەی خۆی ببینی، کەسانێ کە ئەو شەوە تاقیبی ئادل–یان دەکرد، نەیانتوانی دۆستەکەی

ئادل بدۆزنەوە، چونکە ئەوشەوە شەوی یەکدی بینینیان نەبوو، بەڵام شەوی پاشتر توانییان دەزگیرانەکەی بناسن، تەنانەت ناو و جێ نیشتەجێبوونیشیان زانی.

(فەساد ناپەزیر) کە دەزگیرانەکەی ئادل-ی ناسی، بریاری دا ئەو دووانە تەوقیف بکات، لەو سەردەمەدا لەنێوبردنی بێ گوناهان ئەوەندە ئاسان بوو بەنامەیێکی موزەوەر کەسێکیان ئیعدام دەکرد.. کافی بوو نامەیێک لەلایەن کەسێکی موهاجیر (هەرکەسێ با) بۆ ژنێ یا پیاوێ نووسرابا، فرێدرابایە نێو ماڵی ئەو ژنە یا ئەو پیاوە، ئیدی ئیعدام دەکرا.

(موهاجیرین) لەو کەسانە پێکهاتبوون کە ئەشراف و ئەسیلزادە فەرەنسییەکان بوون، پاش شۆڕشی فەرەنسا، هیجرەتیان کردبوو تا گیانی خۆیان دەربازکەن، ئەوان لە سەرەتای هیجرەتیاندا مومکین بوو بۆ دۆستانی فەرەنسایان نامە بنووسن، بەڵام پاشان زانییان نووسینی ئەو نامانە دەبێتە هۆی لەناوچوونی دۆستانیان، بەتەجرەبە فێرببوون ئیدی نامە بۆ دۆست و ئاشنایانی خۆیان نەنووسن.. بەڵام ڕۆبسپێر نامەیێکی تەزویر دەکرد بەناونیشانی یەکێ لە موهاجیرەکان بۆ فلانەکەسی نووسیوە دەیخستە ماڵەکەی و پاش چەند دەقیقەیێک ئەو بێگوناهە دەگیرا، هەرچەندە ئینکاری ئاشنایەتی لەگەڵ نووسەری نامەکە دەکرد، فائیدەی نەدەبوو، حوکمی ئیعدامی بەسەر دەدراو سەری لە لەش جیادەکرایەوە.

نەتیجەی ئەم زوڵم و زۆرە، میللەتی فەرەنسا قوربانی لە ژمارنەهاتووی دابوو، بۆ ئازادی و یەکسانی، ناچاربوو حکومەتێکی دیکتاتۆری خۆپەسەندو لووتبەرزی وەک ناپلیۆن پۆناپارت لەباوەش بگرێ، چونکە دەیانزانی ئەم حکوومەتە ئەگەرچی دیکتاتۆرییە، بەڵام لە مەترسی نامە موزەوەرەکان و تۆمەتی بێ سەروبەر کە هەڕەشەی لە گیان و ماڵیان دەکرد، ڕزگاریان دەبێ.

ئەو نامەیەی ڕۆبسپێر تەزویری کرد تا بخرێتە ماڵەکەی ئادل-ەوە بەناوی (دوپرۆڤنس)ی برای لویی شانزەهەمەوە گوایە نووسراوە ئەو دەمە براکەی لویی، لە دەرێی فەرەنسادا دەژیا..

لەو نامەیەدا کە ناوەرۆکەکەی ئەحمەقانە بوو، براکەی لویی شانزەهەم بەئادل دەڵێ، لەبەرئەوەی ئێوە لە نادی کوردلیێ کاردەکەن دەتوانن زەهر بخەنە نێو خۆراکی





ئەندامانی نادییەکە، تا هەندێکیان بەزەهرخواردوویی بکوژرێت، لە بری ئەم کارەیشی سەد هەزار لویی زێڕ وەک پاداشت وەردەگریت.

ڕۆبسپێر ئەوەندە باوەڕی بەدەسەڵاتی خۆی هەبوو، خۆی ئەزیەت نەدەدا، ئەو نامە موزەوەرە وا لێ بکات، خاوەنی عەقڵی سەلیم قبوڵی بکات.. نامەیێکی دیش تەزویر کرابوو بخرێتە ماڵەکەی دەزگیرانی ئادل گوایە بەناوی (دارتوا) برایێکی دیی لویی شانزەهەم بوو..

(دارتوا) لەو دەمەدا لە دەرێی فەرەنسا خەریکی پێکهێنانی سوپایێکی خۆبەخشی فەرەنسییەکان بوو، کە زۆربەیان نەجیبزادە بوون، لەو نامە موزەوەرەدا (دارتوا) بەعاشقەکەی ئادل دەڵێ، هەرچی زووە، لە فەرەنسا بێتە دەرێ، خۆی بەو سوپایە بگەیێنێت پلەی نەقیب-ی دەدرێتێ و دەکرێ بە فەرماندەی فەوجێکی سوپای سەربازانی خۆبەخش.

ئەو سوپایەی کە (دارتوا)ی برای لویی شانزەهەم دەیویست دروستی کات و هێرش بکاتە سەر فەرەنسا، هەرگیز نەهاتە وجوودەوە، بەڵام ئەو ناوە، بۆ ڕۆبسپێر داردەستێکی چاک بوو لەهەرکەسێ بێزار با بەو تۆمەتەوە لەنێوی دەبرد.

ئەو رۆژەی ئادل خرایە زیندانەوە، دۆستەکەیشیان گرت و ڕەوانەی زیندانیان کرد.. لە سەردەمی حکومەتی پێشووی ئیستبدادا، کەمتەرخەمانیان بە ئەشکەنجەی سەخت دەکردە کەمئەندام، شۆڕشی فەرەنسا کەمئەندامکردنی مەمنوع کردبوو..

هەموو دەزانین گیوتین بۆ ئەوە داهێنرابوو، ئیعدامکردنی مەحکومەکان بە شمشێرو گوریس لەنێوببات، بەڕاستی گیوتین، بۆ مەحکومین بە ئیعدام کارێکی باش بوو، چونکە نەیدەهێشت زیاتر لەنیو سانیە ئازار بچێژن، هەرکە سەر لە لەش جیادەبووەوە ئازاریشی نەدەما.. بەڵام ڕۆبسپێر کە لە پیاوەکانی شۆڕش بوو، دەبا یاساکانی شۆڕش جێبەجی بکات ئەمری دا دەزگیرانەکەی (ئادل) لە زینداندا بکەنە کەمئەندام.. پاش ئەوەی ڕۆبسپێر دڵنیابوو برینەکانی دەزگیرانەکەی (ئادل) چاک بوونەتەوە، نەخشەیێکی شەیتانی داهێنا.. نەخشەکەیشی ئەوەبوو، عاشق و مەعشووق لە ژوورێکدا دانێن، خۆیشی لە پشتی دەرگای ژوورەکەدا گوێ هەڵخات و بزانی ئەو دووانە چ دەڵێن، پێیوابوو ئەگەر ئەو دووە لەژوورێکدا بن ڕازەکان

دەبیستێت، نهێنییە سیاسی و غەیری ساسییەکانیان لێ دەبیستێ و هاوکارەکانیشیان دەناسێ، بەڵام مەبەستە سەرەکییەکەی (فەساد ناپەزیر) ئەوەبوو بزانێ ئەو دووانە دەزگیرانی یەکدین یا تەنها هاوڕێن، هەروەها عاشقەکە باسی ئەوە دەکات کە لە زینداندا کەمئەندام کراوە یا ئەم کەمئەندامبوونەی بە پەنهانی دەهێڵێتەوە.

ئادل-یان لە زیندانی ژنان کە ناوی (کون سیرژری) بوو دەرهێناو بردیانە ئەو زیندانەی کە دەزگیرانەکەی لێ بوو، شوێنێکی خەڵوەتیان بۆ دانان، ڕۆبسپێریش لە پشتی دەرگادا گوێی گرت تا بژنەوێ ئەو دووە چ دەڵێن.. بەڵام لەوساتەی کە دەزگیرانەکەی ئادل-یان بردە ئەو ژوورە، تا ئەوساتەی پێش ئەوەی دەریانکەن جگە لە گریان هیچ کارێکی نەدەکرد و هیچی نەدەگوت..

هەرچەندە ئادل لێی دەپرسی بۆچی دەگریت، دەزگیرانەکەی هیچ وەڵامێکی نەدەدایەوە، تا بەناچاری گوتی، بۆ ئەوە دەگریم لە من بەدبەختتر لەو جودا نییە..

ئادل گوتی: ئەگەر لە مەرگ دەترسی، ئەوە بزانە منیش وەک تۆم هەرچی بەسەر تۆدا بێت بەسەر منیشدا دێت، بەڵام من وەک دەبینی بێ دەربەستم وەکو تۆم لێ نەهاتووە.

دەزگیرانەکەی گوتی: گریانی من بۆ ئەوە نییە کە لە مەرگ بترسم، گریانەکەی من بۆ شتێکی دییە..

ئادل هەند ئیسراری کرد تا دەزگیرانەکەی حەقیقەتی پێ بڵێ.. بەناچاری گوتی: کەمئەندامیان کردووم، ئەگەر لە زیندانیش دەرچم، بۆ تۆ نابم بە مێردی ڕاستەقینە!

ئادل باوەڕی نەدەکرد ئەمە ڕووی دابێ، کاتێ بۆی دەرکەوت ئەم پیاوە بەدبەختە ڕاست دەکات و کەمئەندامیان کردووە پێیگوت: دەتوانی شکات بکەی، بەدبەختەکە پێیگوت: ئەگەر بیانزانیبا دەتوانم شکات بکەم ئاوهایان لێ نەدەکردم.

لێرەدا دەبێ، باسێکی (دانتون) بکەین، چونکە (دانتون) یەکێ بوو لەو سێ پیاوە شۆڕشگێڕەی نادی کوردلیێ-یان ئیفتتاح کرد، هەر خودی (دانتون) بنیاتنەری ئەو نادییە بوو..

(دانتون) پیاوێکی بەرجەستەی شۆڕشی فەرەنسا بوو، خەتیبێکی لێهاتوو بوو،





هەند بێ هاوتا بوو، ڕەنگە پاش ئەم لە فەرەنسادا کەسێکی مانەندی خۆی پەیدا نەبێ، کەسێ بوو لە ڕووی ڕەوشتەوە لاڕێ گرتوو بوو، هەر ئەم عەیبەیش لەنێوی برد، لاڕێ گرتنی پیاوێکی سیاسی نابێتە مایەی ئەوەی لەنێوی ببات، بەڵام سەرئەنجامێکی ئەوتۆ دەهێنێتە کایەوە، مومکینە ئەو نەتیجانە، ئەو پیاوە سیاسییە لەنێوببات.

ئەگەر لە سەردەمێکی دیدا، ئەو پیاوە عەیبی ڕەوشتی هەبا، نەدەبووە مایەی ڕسوایی.. فەسادی ئەخلاقی لە سەردەمی لویی پانزەهەمدا بەجۆرێ ئەشرافەکانی فاسد کردبوو، کە هەندێ لەو عەیبە گەورانە ببووە بەشێ لە کارە چاکەکان، ئەشرافەکانی ئەو سەردەمەی لویی پانزەهەم تەسەوریان دەکرد هەرکەسێ ئەو عەیبانەی نەبی، چ پیاوێ یا ژن، ئەوا پیاوی سەردەم نین، بەڵام شۆڕشی فەرەنسا، ڕووبارە خوێنی ڕشت، هەزاران ئەشرافی ئیعدام کرد، ئینحرافی ئەخلاقی لەنێوبرد.

عەشقی ئاسایی لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسیدا ئازاد بوو، بەڵام زەوقی میللەتی فەرەنسا نەیدەتوانی قبوڵی ئینحرافی ئەخلاقی بکات، لە سەردەمێکی ئاوهادا دەبا (دانتون) ئەم عەیبەی بشارێتەوە، دەبا گەلێ بەوریاییەوە، خەریکی کارەکەی بێت، ئەم وریاییەش خەرجی دەویست، هەوڵی دەدا، ئەو کەسانەی لە خەڵوەتدا موعاشەرەیان لەگەڵ دەکات نەیناسنەوە، چونکە دەیزانی، گەر بناسرێتەوە کە پیاوێکی سیاسی بەرجەستەی فەرەنسایە، ئیبتیزاز (شانتاژ) دەکرێ ژیانەکەی (دانتون) ناچاری کردبوو پارە زۆر سەرف بکات و هەمیشەیش پێویستی بەپارە بوو، ئەو مووچەیەی وەری دەگرت، بەشی خەرجییەکانی نەدەکرد.

تا ئینسان لە نزیکەوە لەگەڵ پیاوە ناسراو و بەرجەستەکاندا ڕەفتار نەکات، ئاگای لە ژیانە تایبەتییەکانیان نەبی، ناتوانێ تێبگات ئەمانە چەندێ زەبوونن، چۆن تەمەنی خۆیان بە بەدبەختی بەسەردەبەن.. خەڵکی (دانتۆن)-یان، بە بەختەوەرترین پیاوی جیهان دەزانی، کەچی ئەو پیاوە بەدبەخترین پیاوانی فەرەنسا بوو، ڕۆژێ (دانتۆن) لە ئۆفیسەکەیدا، خەریکی خوێندنەوەی ئەو نامانە بوو کە پێی گەیشتبوون، چاوی بەنامەیێک کەوت، ئەمە ناوەرۆکەکەی بوو:

"هاووڵاتی (دانتون) دەعوەت دەکەین، بۆ گفتوگۆی تایبەت کە پەیوەستە بەلایەنی

حەیاتەوە، سەعات سێی پاش نیوەڕۆی سبەینێ، لە چوارڕێی (بولونی) ئامادەبێت و یەکدی ببینین، لەبەرئەوە ئەو شوێنە هەڵبژێردراوە تا هاووڵاتی دانتون بزانێ نیازی خراپمان نییە.."

چوار ڕێی (بولونی) لەو دەمەدا، یەکێ بوو لەو چوار ڕێیانەی کە هەمیشە قەرەباڵغ بوو گالیسکەو پیادەڕەوی زۆر لێ بوو، ئەمڕۆ ئەو چوار ڕێیە نەماوە بووەتە بەشێ لە جەنگەڵی (بولونی) و جێی سەیرانی دانیشتوانی پایتەختی فەرەنسایە..

(دانتۆن) ئەم نامەیەی خوێندەوە لەرزی لێ نیشت، تەسەوری ئەوەی دەکرد، یەکێ لەوانەی موعاشەرەی کردوون، ناسیویانەتەوە کە پلەوپایەی بەرزی هەیەو بڕیاریان داوە شانتاژی کەن.. (دانتون) دڵنیابوو کە ڕەشەکوژی ناکەن، چونکە ئەگەر بیانویستبا ئیغتیالی بکەن، چوار ڕێی (بولونی) و سەعات سێی ڕۆژی ڕۆشنیان بۆ ئەو دیدارە هەڵنەدەبژارد.

لە سەرەتادا بیری لەوە کردەوە کە نەچێت بۆ ئەو شوێنە، بەڵام لەوە ترسا نەچێت بۆ ئەو دیدارە، ئەو کەسەی بڕیاری داوە شانتاژی بکات هەنگاوی دی هەڵهێنێ.. ڕۆژی پاشتر بەگالیسکەی کرێ، خۆی گەیاندە چوار ڕێی (بولونی) پاش ئەوەی چەند دەقیقەیێک چاوەڕێی کرد گالیسکەیێکی کرێ گەیشت و ژنێکی لێ دابەزێ.. ئەو ژنە بەبێ دوودڵی لە دانتۆن نزیک بووەوەو مەعلوم بوو کە دانتۆن دەناسێ.

دانتۆن کە سەیری کرد ژنێک بەرەو ڕووی دێت، گەلێ کەیفخۆش بوو چونکە ئەو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد نووسەری نامەکە پیاوێک بێت و هەڕەشەی لێ بکات، ژنەکە گەیشتە دانتۆن و گوتی: هاووڵاتی ڕۆژباش! گەلێکم پێخۆشە دەعوەتەکەمت قبوڵ کردووەو هاتوویت بۆ ئێرە.

دانتۆن گوتی: چت لە من دەوێ، بۆچی ویستووتە بێم بۆ ئێرە؟

ژنەکە گوتی: ڕازی دەبی بچینە نێو ئەو جەنگەڵەوە، لەژێر سێبەری درەختەکانیا دانیشین و هەندێ قسان بکەین؟

دانتون گوتی: بەڵێ..

هەردووکیان بەرەو جەنگەڵی (بولونی) چوون و دانیشتن، ژنەکە سەیری کرد کەس لەو ناوەدا نییە گفتوگۆکانیان بژنەوێ گوتی: هاووڵاتی، من هاتووم پێشنیازێکت بۆ





بکەم گەلێ لە سوودی ئێوەدایەو لە دەستکورتی ڕزگارتان دەکات.

دانتۆن گوتی: من دەستکورت نیم.

ژنەکە گوتی: چۆن؟ تۆ دەستکورتی، ئەگەر پێشنیازەکەم قبوڵ بکەیت، ئیدی بۆ هەمیشە لە بێ پارەیی ڕزگارت دەبی، چونکە ئەو پارەیەی من دەتدەمێ پارەیێکی گەلێ زۆرە. دانتۆن گوتی: تۆ هاتوویت من بکڕیت؟

ژنەکە گوتی: من هاتووم تا یارمەتییەکانی تۆ، بۆ کارێکی خێرخواهانە ڕاکێشم.

دانتۆن گوتی: ئەو کارە چییە؟

ژنەکە گوتی: بۆ ئەنجامگەیاندنی ئەو کارە خێرخواهانە، من پێنج ملیۆن فرەنکت دەدەمێ، قیستی یەکەمی دەسبەجێیە، پاش دەسبەکاربوونت باقیەکەیت دەدرێتێ..

دانتۆن کە ژمارەی پارەکەی بیست، کەوتە گومانەوە، بیری بۆ ئەوە چوو، لەلایەن دوژمنەکانیەوە ئەم ژنە ڕاسپێردراوە، داوی بۆ بتەنن و بیخەنە نێویەوە، ژمارەی پێنج ملیۆن فرەنک ئەوەندە زۆر بوو، دانتۆن تەسەوری ئەوەی نەدەکرد ئەم قسەیە ڕاست بێت، چونکە لە فەرەنسادا چ کەسێکی نەدەناسی ئامادەبێ بۆ کارێ پێنج ملیۆن فرەنک سەرف بکات بۆیە گوتی: هاووڵاتی، من کارم هەیە، نامەوێ کاتی خۆم بەفیڕۆ بدەم..

هەڵسا ویستی بڕوات، ژنەکە دەستی گرت و گوتی: تکایە دانیشەو بژنەوە.

دانتۆن دانیشت و ژنەکە گوتی: دەزانم بۆچی ویستت بڕۆیت، تەسەوری ئەوەت دەکرد کە من درۆ دەکەم، چونکە تا ئەمڕۆ نەتبیستووە، کەسێ بۆ ئەنجامگەیاندنی کارێ، پێنج ملیۆن فرەنک بە دیاری وەرگری، بەڵام ئەوە بزانە پێشنیازەکەی من جدییە، ئەگەر ئێوە ئەو کارە بەئەنجام بگەیێنن. پێنج ملیۆن فرەنک وەردەگرن..

دانتۆن گوتی: ئەو کارە چییە؟

ژنەکە گوتی: لە مەرگ ڕزگارکردنی لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت!

جارێکی دیش دانتۆن گومانی لەو ژنە کرد، تەسەوری ئەوەی کرد داوی بۆ دادەنێن و بەڵگەی لێ وەردەگرن، بەو دەسیسەو بەڵگەیە لەناوی ببەن، بۆیە گوتی: من کێم تا بتوانم لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت لە مەرگ نەجات دەم!؟

ژنەکە گوتی: ئەگەر بتەوێ دەتوانیت نەهێڵیت موحاکەمە بکرێن، تەنانەت دەتوانی لە فەرەنسایش بیاننێریتە دەرێ..

دانتۆن، سەیرێکی دەوروبەری کرد، نەوەک کەسێ گوێی لە قسەکانیان بێت و گوتی: ئەگەر من لویی شانزەهەم و ماری ئەتوانێت لەمەرگ نەجاتدەم، ئەو بڕە پارەیە لە کێ وەرگرم؟

ژنەکە گوتی: لە من وەری دەگری..

دانتۆن گوتی: ئایە ئەم پارەیە لە گیرفانی خۆت دەمدەیتێ؟

ژنەکە گوتی: نەء.. من واستەم، نیوەی ئەم پارەیە لەلایەن پاشای ئیسپانیا و نیوەکەی دیشی لەلایەن پاشای نەمساوە دەدرێ..

هێشتا دانتۆن تەسەوری نەدەکرد، پێشنیازی ژنەکە جددی بێت، بێ مەیلی دەنواند.

ژنەکە گوتی: بۆئەوەی بزانیت پێشنیازەکەی من جددییە من ئامادەم دەیەکی ئەو بڕە پارەیەت وەک بیعانە، بدەمێ.

دانتۆن بە سەرسامییەوە گوتی: تۆ ئامادەیت پێنج سەد هەزار فرەنکم بدەیتێ؟

ژنەکە گوتی: بەڵێ

دانتۆن گوتی: تۆ کێیت، کە دەتوانی وا ئەم پارە زۆرەت هەبێ؟

ژنەکە گوتی: من (دوسش دورلیان-م)

بنەماڵەی سەڵتەنەتی لە لقە بچووکەکەی بنەماڵەی (بۆربۆن-ە) یانی بنەماڵەی سەڵتەنەتی فەرەنسا، کە لە سەرانسەری فەرەنسا و ئەوروپادا ناسراون.

(دانتۆن) کە زانیی ئەو ژنە لە شازادە خانمە گەورەکانی بنەماڵەی سەڵتەنەتە، گوتی: خانم ئێوە بەرانبەر بە چ بەڵگەیێک ئەم پارەیەم دەدەنێ؟

ژنەکە گوتی: بەرانبەر بە کاغەزێکی سادەو ئاسایی و ئیمزایێک.

دانتۆن گوتی: چاوەڕێی ئەوە دەکەیت لە کاغەزێکدا بنووسم ئەو پارەیەم وەرگرت و ئیمزام کرد؟

ژنەکە گوتی: من ناچارم، دەبی ئەو کاغەزەم لە دەست بێ، تا پاشاکانی نەمسا و ئیسپانیا بزانن کە من پێنج سەد هەزار فرەنکم بە تۆ داوە..





دانتۆن گوتی: ئایە تۆ ئامادەیت کاغەزێ وەرگری تیایدا نەنووسرابێ ئەو پارەیە بۆچی وەرگیراوە؟

ژنەکە گوتی: بەڵێ

دانتۆن گوتی: ئامادەی ئەو کاغەزە وەرگریت، ناوی تۆی تێدا نەنووسرابێت؟

ژنەکە گوتی: بەڵێ، کافییە بە خەتی خۆت بنووسی بڕی پێنج سەد هەزار فرەنکم وەرگرت، تاریخ و ئیمزای خۆتی لەسەر دانێی.

دانتۆن، هەندێ بێدەنگ بوو و پاشان گوتی: ڕازیت هەندێ بیری لێ کەمەوە؟

ژنەکە گوتی: بەڵێ

دانتۆن گوتی: من سبەینێ، لە هەمان سەعات و لە هەمان جێدا وەڵامت دەدەمەوە.

ئەمە بۆ جاری دووهەمە پێشنیازی بۆ دەکەن بەرتیل وەرگرێ تا لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت نەجات بدات، جاری یەکەم لە ڕێی (میرابۆ) وە بوو، کە پێش شۆڕش دانتۆن موحامی میرابۆ بوو لەدادگایێکی باڵادا تەبرئەی کرد.

لەو کاتەدا کە بۆ جاری دووهەم پێشنیازی بەرتیل وەرگرتن بۆ دانتۆن دەکەن (میرابۆ) لە ژیاندا نەمابوو، لەخۆڕا نییە کە بڵێن پاش مردنی (میرابۆ) گومان لە (دانتۆن) دەکرا، تەسەوری ئەوەیان دەکرد دانتۆن میرابۆی زەهرخوارد کردبی، بەڵام دانتۆن لەم مەسئەلەیەدا بێ گوناه بوو، چونکە بەدەردی (ساتی ڕیازیس)(١) مرد.

ئەو ڕۆژەی کە (میرابۆ) مرد، سەدان کەس لە بەرانبەر ماڵەکەیدا شیوەنیان دەکرد و دەیانگوت باوکی میللەت و هەڵکەوتووی میللەتیان کوشت، چ کەسیش بۆ ئەوە نەدەچوو کە میرابۆ قوربانی ئەو دەردە بێ دەرمانەی خۆی بوو.

شەرحی چۆنیەتی مردنی (میرابۆ) لەلایەن خانم (ڕۆلان-ی ئازادیخوازو ناسراو، کە سەری بە گیوتین لە لەشی جیا کرایەوە، بە خەتی خۆی نووسیویەتی و ئێستایش لە کتێبخانەی میللی پاریسدایە، جگە لە خانم (ڕۆلان) چەند مێژوونووسی دیی فەرەنسی، سوودیان لە نووسینەکەی خانم ڕۆلان وەرگرتووە، هەر هەمووشیان ئەوە دەڵێن، میرابۆ قوربانی زیادەڕەوی ڕابواردن بوو.. لەلایەن پەرلەمانەوە کۆمسیۆنێ

(١) ساتی ڕیازیس: زیادەڕەوی لە خۆشگوزەرانی. زیادەڕەوی لە ڕابواردنی سێکسی.

دانرا بۆ تەحقیقکردن لە چۆنیەتی مەرگی (میرابۆ).

ئەو کۆمسیۆنە تەحقیقی لەگەڵ هەندێ لە دۆستان و ئاشنایانی میرابۆ کرد لەوانە (دانتۆن) کە دەیانگوت، میرابۆی زەهرخوارد کردووە، هەروەها دوو ڕاقیسەی ئۆپرا کە شەوی پێشتر میوانی بوون، ئەو دوو ڕاقیسەیە ئیعترافی ئەوەیان کرد میرابۆ دەعوەتی کردوون و ئەمانیش چوون بۆ ماڵەکەی، بەرەبەیانی ڕۆژی پاشتر ئەوان بینییان میرابۆ لەپێ کەوتووە، لە ماڵەکەی چوونە دەرێ، تەسەوریان نەدەکرد مردبێ..

پزیشک مەرگی میرابۆی بۆ ئەو بەرنامانەی ژیانە تایبەتییەکەی گەڕاندەوە، بەتایبەتی لە دوا سەعاتەکانی تەمەنیا، مەرگی میرابۆ بووە کایەی سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا چونکە میرابۆ لەگەڵ لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت ڕێککەوتبوو، شۆڕشی فەرەنسا لەنێوببەن، هەر لەهەمان کاتیشدا پێشنیازی بۆ دانتۆن کردبوو، بەرتیل وەرگرێ، هاریکاری لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت بکات، دژ بە شۆڕشگێڕان بکەونە گەڕ، ئەو دەمە دانتۆن پێشنیازەکەی میرابۆی قبوڵ نەکرد، چونکە ئەو پارەیەی کە دەیانویست بیدەنێ کەم بوو، دانتۆن نەیدەویست بەو پارە کەمە، خیانەت لە شۆڕشی فەرەنسا بکات..

دانتۆن دەیزانی ئەگەر دژ بە شۆڕشگێڕانی فەرەنسا بووەستێ، ئەوا شۆڕشی فەرەنسا لەنێودەچوو، هەموو سوودە مادییەکانیش بۆ میرابۆ دەگەڕایەوە، دانتۆن جگە لەو بەرتیلەی دەیاندایێ هیچی دیی بەرنەدەکەوت..

دانتۆن دەیویست ڕاستەوڕاست لەگەڵ لویی شانزەهەمدا لەسەر خەتدا بێ، نەک تەنها میرابۆ، چ کەسێکیش نەیبینێ، ئەمریش لە میرابۆ وەرگرێ، پاشانیش کە شۆڕشی فەرەنسا لەنێوچوو هەموو سوودە مادییەکان بگەڕێتەوە بۆ میرابۆ.

ئەگەر ئەو شەوەی وا لەگەڵ دوو ڕاقیسەی ئۆپرادا، ڕاینەبواردباو نەمردبا میرابۆ بڕیاری دابوو، خیانەت لە شۆڕشگێڕانی فەرەنسا بکات، ڕەنگە خیانەتەکەی ببایەتە هۆی لەنێوچوونی شۆڕشی فەرەنسا، حکومەتی پێشوویش بهاتایەتە سەر کار، ئەو دوو ڕاقیسەیە نەیانزانی چ خزمەتێکی گەورەیان بەشۆڕشی فەرەنسا کردووە، ڕەنگە لە شکستی حەتمی نەجاتیان دابێ..





دانتۆن ئەو شەوە تا نیوەشەو بیری دەکردەوە، بڕیاری دا ئەو وەسڵە نەنووسێ چونکە دەیزانی گەر وەسڵی بداتێ، تەنانەت ئەگەر بابەتەکەیشی تێدا نەبێ هەر خەتەرناکەو ئەوە ئیسپات دەکات کە بەرتیلی وەرگرتووە..

بە چ مەعلومە شازادە خانم دوشس دورلیان نایەوێ بە پێنج سەد هەزار فرەنک لەنێوی ببات.. شازادە خانمێکی وەک دوسش دورلیان، بەرانبەر کەسێکی شۆڕشگێڕی وەکو ئەم نابێ جێی متمانە بێ.

پیاوێکی وەکو لویی شانزەهەم دەتوانێ پێنج سەد هەزار فرەنک بۆ لەنێوبردنی کەسێکی وەک دانتۆن سەرف بکات، بۆیە دەبێ دگانی تەماحکاری هەڵکێشرێ، چاوپۆشیش لەو پێنج سەد هەزار فرەنکە بکرێ.. ئەم پیاوە هەرچەندێ بیری دەکردەوە، ئەگەر لە قستی یەکەمی ئەم بەرتیلە چاوپۆشی بکات، بیری لە دەسهاتەکانی خۆی دەکردەوە، ئەگەر ئەو پێنج سەد هەزار فرەنکە بەدەست بێنێ ئەوا دەتوانی دە پانزە خانووی تر لە پاریسدا بەکرێ بگری، هەموو شەوێ لە یەکێ لەو خانووانەدا، بەردەوامی بە خۆشگوزەرانییەکانی بدات..

دانتۆن، ئەو شەوەو ڕۆژی دواتریش، تا ئەوکاتەی چووە چوار ڕێی (بولونی) وەکو ئەو پەلەوەرە وابوو دانەکەی دەبینێ و داوەکەی نەدەبینی، لەگەڵ ئەمەشدا بەخۆی دەگوت، ڕەنگە داویش لەگۆڕێدا بێت..

ڕۆژی پاشتر لە سەعاتی دیاریکراودا دانتۆن چوو بۆ چوار ڕێی (بولونی) خانم دوسش دورلیانی لەوێدا بینی، ئەو ژنە لێی پرسی: چ بڕیارێکت دا؟

دانتۆن گوتی: خانم من ئامادە نیم وەسڵت بدەمێ، تەنانەت تێشیدا نەنووسم کە پێنج سەد هەزار فرەنکم لە بابەتی چییەوە وەرگرتووە..

دوسش دورلیان گوتی: ئایە ئامادەیت وەسڵ بدەیت بە (بلوم وهوس)ی سەراف؟

(بلوم وهوس) سەڕاف و بەئیستلاحی ئەمڕۆ (بانک) و مەرکەزەکەیشی لە پاریسدا بوو، لە ولایەتەکانی فەرەنسایشدا لقی هەبوو، باپیرانی (بلوم وهوس) لە سەردەمی هنری چوارەم-ی زنجیرەی سەلاتینی بۆربۆن-ەوە سەڕاف و موجەوهەرات فرۆشن، لەو دەمەدا جگە لە سەڕافی خاوەنی گەورەترین کۆگای جەواهیر فرۆشی ئەورووپا بوون.

دانتـۆن گـوتی: پێنـج سـەد هـەزار فـرەنک وەک قـست بـە من دەدرێ، منیش دەبێ وەسڵ بەوان بدەم؟

خـانم دوسـش دورلیـان گـوتـی: بەڵێ ئەگـەر تۆ ڕاسـتـەوڕاست مـوراجـەعـەی ئەو سەرافخانەیە بکەیت، پێویست ناکات وەسڵ بەمن بدەیت، بەڵام دەبێ لە سجلـەکاندا ئیمزا بکەیت، دەزانی ئەوانە سەرافن بەبێ ئیمزا پارە بە کەس نادەن..

دانتۆن گوتی: ئیمزاکردن لە سجلی ئەو سەرافانە خەتەرترە لەوەی کە من وەسڵت بدەمێ، چونکە ئەو وەسڵەی من دەیدەمە تۆ وەسڵێکی ڕەسمی نییە، بەڵام ئیمزاکردن لە سجلی سەڕافەکان شێوەی ڕەسمی وەردەگرێت.. خانم ئەگەر ئێوە ژنێکی ئاسایی بان حەقی ئەوەم دەدایتێ وەسڵم لێوەرگری، تا ئەوکەسانە دڵنیابن کە پارەکەیان داویتێ، بەڵام ئێوە شازادە خانمێکی بەرجەستەن، قسەی ئێوە بۆ ئەو کەسانەی پارەکەیان بۆ ناردویت کافییە.

شازادە خانم گوتی: دانتۆن ئێمە بۆ ئەنجامدانی کارێک پێنج ملیۆن فرەنک دەدەین بەتۆ، قستی یەکەمیشت دەدەینێ، بەبێ ئەوەی هەنگاوێکت نابێ، ئایە بۆ ئەم کارە نابێ زامنێکمان هەبێت؟ نە تۆ منداڵێ و نە من، هەردووکمان تێدەگەین، دەبێ چ بڵێین، ئەگەر تۆ لەجێی من بایت ویستبات بەرتیل بدەیتە کەسێ، قستی یەکەمیشی پێشەکی بدەیتێ ئایە دەتتوانی تەنها بەقەول پشت ببەستی؟ ئەگەر تۆ پێنج سەد هەزار فرەنک لەئێمە وەرگرێ و هیچیش نەکەیت، ئێمە دەتوانین چیت لەگەڵدا بکەین؟

دانتـۆن ئەوەی سـەلماند، ئەگـەر ئەو پارەیە لە خـانم دوسش دورلیـان وەرگـرێ و هیـچیش نەکـات، ئەو ژنە چی پێدەکری، ناشتوانێ بیسەلمێنێ کە پارەی داوەتە دانتۆن.

شازادە خانم گوتی: لەبەرئەوەی دەمزانی ئەمڕۆ لێرەدا یەکدی دەبینین کتێبێکی دەسنوسی بنەماڵەکەمانم بۆ هێناوی.

دانتۆن گوتی: خانم ئەمە چ کتێبێکە؟

خـانم دوسش دورلیـان گـوتی: کـتـێـبی (ژیاننامـەی سیلڤـیـا)یە کـە بەقـەڵەمی (ماریوڤ)ە و بەخەتی خۆیشی نووسیویەتی.

دانتۆن لەنێو نووسەرە فەرەنسی و بیانییەکاندا تەنها حەزی لە نووسینەکانی





(ماریۆڤ)ـی نووسەری ناسراوی فەرەنسا بوو بەر لە دانتۆن کۆچی دوایی کردووە، کتێبی (ژیاننامەی سیلڤیا) ئەو ژنەی کە نووسەرەکە خۆشی دەویست، لە هەموو کتێبەکان زیاتر لەلای دانتۆن خۆشەویست بوو.. سیلڤیا ژنێکی گەلێ جوان بوو، ڕوخساری لە فریشتە دەچوو، ئێستا چەند وێنەیێکی ئەو ژنە لەبەردەستدایە، ڕێک بە پەری دەچێ، بەڵام (ماریوڤ) بەشێوەیێکی دی باسی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەم ژنە دەکات، بەشێوەیێک دەبێ بڵێین ڕوودارو بەجورئەت نووسیویەتی. دانتۆن بە سەرسامییەوە گوتی: خانم، چۆن زانیت من حەزم لە ژیاننامەی (سیلڤیا)یە؟

دوسشس دورلیان گوتی: کاتێ ئینسان بیەوێ لەگەڵ کەسێکدا ئاشنایەتی پەیدابکات دەگەڕێ بزانێ زەوق و سەلیقەی چییە..

بەڵام حەقیقەت ئەمەیە، لایەنگرانی لویی شانزەهەم ئاگایان لە خاڵە لاوازەکانی دانتۆن هەبوو، دەیانزانی ئەو پیاوە بەدڕەوشتە، هەربۆیە هەمیشە پێویستی بەپارە هەیە، دەستهاتەکانی بایی خەرجییەکەی نەبوو..

ئەگەرچی دانتۆن، بە وریاییەوە ڕەفتاری دەکرد تا ئابڕووی نەتکێ، توانیبووی ژیانە تایبەتییەکەی خۆی لەبەرچاوی ئەو کەسانەی کە وردترین شت دەبینن بشارێتەوە.. هەندێ کەس کە شەوەکان شەریکی هەوەسبازییەکانی دانتۆن بوون، ناسیبوویانەوە، بۆ شانازیکردن یاوەکو حیکایەتی ڕوداوەکانی شەومانەوەی بۆ خەڵک دەگێڕایەوە.. ئەورۆژەی دانتۆن سەری لەژێر گیوتین لە دەستدا زۆربەی دۆستە سیاسییەکانی ئەو پیاوە ئاگایان لەو خاڵە لاوازەی ڕەوشتی هەبوو.. ئەگەرچی دانتۆن (ژیاننامەی سیلڤیا)ی خوێندبووەوە، بەڵام گەلێ دڵی بەم کتێبە دەسنووسە خۆشبوو..

دوسش دۆرلیان گوتی: ئایە وەسڵم دەدەیتێ یا نەء؟

دانتۆن گوتی: من محامیم، مومکینە بنووسم، پێنج سەد هەزار فرەنکم وەرگرتوە وەک حەقی موحامات.

دوسش دورلیان گوتی: ئەگەر وابێ، دەبێ ناوی موەکیلەکەیشت تیا بنووسرێ..

سەرئەنجام دانتۆن فۆرمۆلی یەکەمی قبوڵ کرد، خانم دوسش دۆرلیان دەبێ پێنج سەد هەزار فرەنک بێنێ و وەسڵێک بەم ناوەرۆکە وەرگری:

"پێنج سەد هەزار فرەنک گەیشت"

ئەم وەسڵەیش دەبێ تاریخەکەیشی تیا بنووسرێ.

دوسش دورلیان ویستی پارەکە بەشێوەی (ئەسکەناس) بهێنێتە هەمان شوێن و بیدات بەدانتۆن.. بەڵام دانتۆن ترسا لەوەی نەوەک چەند کەسێک لەو شوێنەدا هێرشی بکەنە سەری و پارەکەی لێ وەرگرن، بۆیە ناونیشانی یەکێ لەو ماڵانەی دایێ بەکرێی گرتبوو، تا خانم دوسش دۆرلیان پارەکە بۆ ئەوێ بێنێت.

ڕۆژی پاشتر، لە سەعاتی دیاریکراودا، خانم دوسش لە زەنگی دەرگای دا، خودی دانتۆن دەرگاکەی بۆ کردەوە، ژنەکە چووە ژوورێ، بەرلەوەی دانتۆن دەرگاکە داخات، چاوی بە دوو پیاو کەوت، لەسەر شەقامەکەدا وەستاون..

دانتۆن گوتی: ئەو کەسانەی لە دەرێ وەستاون لە پیاوەکانی تۆن؟

دۆشس گوتی: بەڵێ

دانتۆن گوتی: مەگەر وامان دانەنا کە تۆ بەتەنها بێیت؟

دوسش گوتی: ئەوەتا دەبینی بەتەنها هاتوومەتە ژوورێ.

دانتۆن گوتی: ئەی ئەو دوو کەسەت بۆچی لەگەڵ خۆدا هێناوە؟

دۆشس گوتی: جەنابی دانتۆن، من ژنم، تۆ ئەگەر پارەکەت لێ وەرگرتم و نەتویست وەسڵم بدەیتێ، من ناتوانم چ شتێ بکەم، ئەم دوو کەسەم هێناوە، بۆئەوەیە ئەگەر تۆ پارەکەت لێ سەندم و وەسڵت نەدامێ، ئەوا وەسڵت لێ وەرگرن یا پارەکەت لێ وەرگرنەوە..

دانتۆن لە دڵدا ئەم قسەیەی سەلماند.. بە خەتی خۆی وەسڵی نووسی و تاریخیشی تیا نووسی و ئیمزای کردو دایە دەستی دۆشس دورلیان، هەر لەو ڕۆژەوە دارمانی ئەو پیاوە شۆڕشگێڕە دەستی پێکرد، ئیدی ئەو پیاوە تا ئەوڕۆژەی لەپێی دەخەن خەریکی ڕابواردن بوو، ئەو پارە زۆرە وای لێ کردبوو جلەوی هەوەسەکانی خۆی شل کردبوو، هەندێ ڕۆژیش نەدەچووە پەرلەمان چونکە مەستی شەو بەری نەدابوو.. ئەو ڕۆژانەی کە دەچووە پەرلەمان سەرکەوتنی وەدەست دەهێنا لەوەی موحاکەمەکەی لویی شانزەهەم بەبیانووی ئەوەی زیاتر تەحقیقی تیا بکرێ دوابخات.





دانتۆن پێشنیازی ئەوەی کرد موحاکەمەکەی لویی شانزەهەم دواخرێ، دۆستە سیاسییەکانی لە پەرلەمان پشتگیری ئەم پێشنیازەیان کرد، بەڵام پێیان سەیر بوو، چونکە چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد دانتۆن پێشنیاز بکات و کۆسپ بخاتە بەردەمی موحاکەمەکردنی لویی شانزەهەم.

نەجیبزادە فەرەنسییەکان لە وڵاتی فەرەنسا بە پەنهانی یا بەبێدەنگی ژیانیان دەگوزەراند، بەهۆی دۆستەکانی خۆیان و کەشیشەکان ئاگایان لە پیاوانی شۆڕشگێڕی فەرەنسا بوو، زانییان ڕۆبسپێر (هردوسیشل)ی کەمئەندام کردووە، ئەکەر (هردوسیشل) بمێنێ تاوانەکەی ڕۆبسپێر ئاشکرا دەکات کە زیندانیی لەژێر ئەشکەنجەدا کەمئەندام کردووە.

(هردوسیشل) کوڕە مامێکی هەبوو بەناوی (ژاک دوسیشل) لەو دەمەدا هەژدە ساڵان بوو، گەنجێکی جوانی بەژن زراڤ بوو، هەرکە شۆڕش دەستی پێکرد (ژاک دوسیشل) وەک زۆربەی گەنجەکان کە مانەندیان لە هەموو سەردەمێکی شۆڕشدا هەیە (چونکە گەنجەکان زووتر کەمەندکێشی شتە تازەکان دەبن) خۆی لە شۆڕشگێڕانی فەرەنسی نزیک کردەوە، بەر لە کوڕە مامەکەی (هردوسیشل) مەشهور بوو.

(ژاک دوسیشل) کە دروشمی شۆڕشگێڕانی فەرەنسای دەهێنایە سەر زمان کە ئەم سێ وشەیە بوون (ئازادی، یەکسانی، برایەتی).

لەخۆشییا چاوەکانی دەگەشانەوە، چونکە وای تەسەور دەکرد ئەوەی شۆڕشگێڕان بە زمان دەیڵێن یا لەسەر کاغەز دەینووسن دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردن، لەنێوان خەڵکانی وڵاتدا یەکسانی بەتەواوی بەرقەرار دەبێ.. ئەم گەنجە کەمەندکێشی شۆڕشگێڕان ببوو، بەرەو ڕۆژنامەکەی (مارا) چوو، بۆئەوەی نەیناسنەوە کە لە ئەشرافەکانە، بڕیاری دا ناوەکەی خۆی بگۆڕێ.

وشەی (دو)ی کە دەکەوتە نێوان (ژاک) و (سیشل) حەزف کرد، چونکە وشەی (دو) لە زمانی فەرەنسیدا نیشانەی ئەشرافەکانە، پاش ئەمە سەیری کرد ناوی (سیشل) دەناسرێتەوە، چاکتر وایە حەرفی (لام) حەزف بکات و ببێ بە (سیش).

وشەی سیشل لە زمانی فەرەنسیدا بەمانای (وشک) دێت، بەڵام کەلیمەکە

موئەنەسە، بە ژنان و بەو کەلیمانە دەگوترێ لە کاتی نەحوسسەرفی زمانی فەرەنسیدا کەلیمەکە دەبێتە موئەنەس، ئەوەبوو حەرفی (شین)ی پاش (سین)ی کردە (کاف) و بووە (ژاک سیک) یانی (ژاک–ی وشک) ئەمجارەیان کەلیمەکە موزەکەرە.

ئەو گەنجە ماوەیێک لە ئیدارەی ڕۆژنامەکەی (مارا)دا کاری ئیداری دەکرد، لەبەر خوێندنەوەی ڕۆژنامەو تێکەڵبوون لەگەڵ (مارا)و پیاوانی دیی شۆڕشگێڕ، کە دەهاتنە ئیدارەی ڕۆژنامەکە، زەوق و ئاگاداری سیاسی پەیداکرد، بڕیاری دا وەک پەیامنێر لە ڕۆژنامەیەکدا کار بکات، لەئیدارەی ڕۆژنامەکەی (مارا) چووەدەرێ بەرەو ئیدارەی ڕۆژنامەی (ناسیۆن)[1] کەوتەڕێ وەک پەیامنێرێ لە پەرلەماندا دەستی بە کار کرد.

هەموو ڕۆژێ (ژاک سیک) دەچووە پەرلەمان، گوێی لە قسەکانی ئەندامانی دەگرت، پوختەی قسەکانیانی دەنووسییەوە، دەیبرد بۆ ئیدارەی ڕۆژنامە، ڕۆژی پاشتر چاپ دەبوو و دەگەیشتە دەستی خوێنەران.

(دانتۆن) ئەو گەنجەی لە پەرلەماندا بینی، حەزی کرد دۆستایەتی لەگەڵدا پەیداکات، ئەوەیشی زانی ئەو گەنجە پەیامنێرە لە ڕۆژنامەی ناسیۆن، ڕۆژێ (دانتۆن) ڕۆژنامەیێکی ناسیۆن–ی بەدەستەوە بوو، چووە پەرلەمان، ڕووی کردە ئەو شوێنەی کە تەماشاچییەکانی تیا دادەنیشت..

(دانتۆن) خۆی گەیاندە (ژاک سیک) ئەو ڕۆژنامەیەی کە بەدەستەوە بوو، پیشانی دا و گوتی: هاووڵاتی بەبۆنەی ئەوەی کە قسەکانی منت بەپوختی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو کردووەتەوە، سوپاست دەکەم، (ژاک سیک) هەڵسا و گوتی: هاووڵاتی، شانازی دەکەم وڵاتپەرستێکی وەکو ئێوە لە کارەکانی من ڕازییە.

(دانتۆن) دەستی بۆ ئەو پەیامنێرە برد، (ژاک سیک) بە غرووورەوە دەستی گرت و گوشیی.. کات و جێیەکە هی ئەوە نەبوو دانتۆن بتوانێ لە وەزیاتر لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسەدا قسان بکات.

پاش ڕۆیشتنی دانتۆن پەیامنێری ڕۆژنامەکانی پاریس بەگاڵتەوە پێیانگوت: ژاک، خۆشوەقت بە، ئەستێرەی بەختت هەڵاتووە، کەسێکی وەکو دانتۆن هاتە ئێرەو سوپاسی کردی، بەڵام ئەوەش بزانە سوپاسەکەی ئەو تەنها بۆ ئەوە نییە کە بەپوخت

(١) ناسیۆن: یانی میللەت.





قسەکانیت لە ڕۆژنامەدا چاپ کردووە!

ژاک سیک، بەپێچەوانەی هاوئیشەکانی، هێشتا لەژیانە تایبەتییەکەی ئەندامانی پەرلەمان ئاگادار نەبوو، بۆیە گوتی: مەبەستی دانتۆن چییە؟

یەکێ لە پەیامنێرەکان گوتی: مەبەستەکەی دیی دانتۆن ئەوەبوو لەنزیکەوە بتبینێ و قسانت لەگەڵ بکات، من وای بۆدەچم سوپاسگوزاری کارەکەتی بۆ ئەوە کردووە لەگەڵتا ئاشنابێت.

لە ڕۆژەکانی دیدا، دانتۆن سوودی لە فرسەت وەرگرت، دەچووە ئەو شوێنەی پەیامنێری ڕۆژنامەکانی لێ بوو، لەگەڵ ژاک سیک دا قسەی دەکرد.

ڕۆژێ دانتۆن چۆنیەتی دەرچوونی لە پەرلەمان وا ڕێکخست کە بتوانێ لە دەرێدا ژاک سیک ببینێ، پێیگوت: گەلێ مەیلم بەوەیە لەگەڵ ئێوەدا ببم بەدۆست، ئایە ئەمشەو دەتوانی بێیتە ماڵەکەم و دەعوتی من بیت.

ژاک سیک بەسادەییەوە گوتی: نەء، هاووڵاتی، چونکە من گەلێ غەمبارم!

دانتۆن سەری لەو قسەیە سوڕماو گوتی: بۆچی گەنجێکی جوانی وەک ئێوە، لە هەڕەتی گەنجێتیدا غەمبار بێت؟

لەبەرئەوەی تازە پارەی لە خانم دوسش دورلیان وەرگرتبوو، گوتی: ئەگەر خەمەکەتان لەبەر دەستکورتییە، پێویستتان بەپارە هەیە، هەرچەندێکت بوێ من دەیخەمە بەردەستت.

ژاک گوتی: هاووڵاتی، من سوپاسی لوتفتان دەکەم (گورستاف فۆری) بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی میللەت بایی پێویست مووچەم دەداتێ، خەمی من بۆ ئەوەیە کوڕە مامم تەوقیف کراوە.

دانتۆن گوتی: کێ کوڕە مامەکەتی تەوقیف کردووە؟

ژاک سیک گوتی: ئەڵبەتە ڕۆبسپێر..

دانتۆن گوتی: ناوی چییە؟

ژاک گوتی: ناوی (هردوسیشل)ە.

دانتۆن ئاگای لەم باسە هەبوو، وەک گوتمان لە دامەزرێنەرانی یانەی کوردلیێ

بوو، ئادل خـانمی مـوحـاسـیـبی ئەو یانەیەی دەناسی، دەیزانی تـەوقـیف کـراوە، ئاگـایشی لەوەبوو (هردوسـیـشـل)یش زیندانـی کـراوە، بـەلاّم نەیدەزانی پـەیامنێـرە گەنجەکەی ڕۆژنامەی میللەت، کوڕە مامیەتی..

ئەوجا گوتی: ئەگەر ئێوە کوڕە مامی (هردوسیشل)ن بۆچی ناوت ژاک سیک-ە؟

ژاک گوتی: ناوی بنەماڵەکەم (سیشل)ە بۆئەوەی بتوانم لە ڕۆژنامەکاندا کاربکەم، ناوی خۆمم گۆڕیوە، باوەڕت هەبێ بەناوی (دوسیشل) ناتوانرێ لە ڕۆژنامەکاندا کار بکرێ.

دانتۆن ئەم قسـەیەی سـەلماند و گوتی: بۆیە دەعـوەتەکـەم قـبـوڵ نـاکـەن، کـوڕە مامەکەتان تەوقیف کراوە؟

ژاک گوتی: بەڵێ..

دانتۆن هەندێ بیری کردەوەو گوتی: لە رابوردوودا لەگەڵ ڕۆبسپێر دۆست بووین، بەلاّم ماوەیێکە، نێوانمان هەند باش نییە، من ناتوانم بۆ ئازادکردنی کوڕە مامەکەت هیچ شـتێ بکەم، چونکە ڕۆبسـپێر دەناسم کـەللەڕەقە، ئەگـەر من تەداخـولێکی تیا بکەم، ئەوا بۆ کـوڕە مـامـەکەتـان باش نابێت، بـەلاّم ژەنەراڵ (لافـاریت) فـەرمـاندەی گاردی میللییە و دۆستی منە، لەگەڵ ڕۆبسپێریشدا دۆستە، ڕەنگە ئەو بتوانێ ڕێیەک بۆ ئازادکردنی کوڕە مامەکەتان بدۆزێتەوە.. ئێوە ژەنەراڵ (لافاریت) دەناسن؟

ژاک گـوتی: کـێ هـەیە ژەنەراڵ (لافـاریت) نەناسێ، بـەلاّم من ئاشنایـەتیم لەگـەڵیـا نییە.

دانتۆن پێکەنی و گـوتـی: سـروشت بەهرەی بـەئێـوە داوە، هەمـوو دەرگـاکـانی بۆ کردوونـەتەوە، کاتێ سـروشت کـەسێ جـوان دەکـات، کـاریگـەرترین ڕاسـپـاردەی پـێ دەسـپـێرێ تا هـەموو دەرگـاکـان بەڕوویدا بکرێنـەوە.. ئەم قسـانە چ کـارێکی لە ژاک نەکرد..

دانتۆن گوتی: ئەمشـەو دەعوەتی منیت، لە مـاڵەکەمدا زیاتر دەربارەی چارەیێک بۆ ئازادکردنی کوڕە مامەکەت قسان دەکەین..

دانتۆن ناونیـشانی یەکـێ لە ماڵەکانی خـۆی دایە ژاک و گـوتی: سـەعـات نۆی شـەو چاوەڕێتم.





بەجۆرێ ژاک بۆ ئەم دەعوەتە دڵخۆش بوو، کە گەڕایەوە بۆ ئیدارەی ڕۆژنامـەکەی ڕوخساری لە شادییا دەگەشایەوە.

هەمـوو ڕۆژێ ژاک سیک، پاش گەڕانەوەی لە پەرلەمـان، نووسـینەکەی خـۆی دەدایە (گـوسـتـاڤ فـۆری)-ی بەڕێوەبەری ڕۆژنامـەی مـیللـەت، تا ئاگای لەوەزعی ئەو ڕۆژەی پەرلەمـان بێت، پاشـان دەنێردرا بۆ چاپخـانە، ئەو ڕۆژە چووە ژوورەکەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامـەی میللەت، کاغـەزەکـانی خستـە بەردەستی (گوسـتاڤ فـۆری)، ئەو پێیگوت: ژاک ئەمڕۆ ئێوە گەلـێ دڵخۆشن، ئایە شتێکی خۆشیبەخش هاتووەتە ڕێتان؟

ژاک سـیک گـوتـی: بەڵێ هاولاّتی.. ئـەمـڕۆ دانتـۆن وەعـدی دامـێ، هەوڵدات بۆ ئازادکردنی کوڕە مامەکەم، ئەمشەویش دەعوەتی کردووم بچم بۆ ماڵەکەی.

(گۆسـتـاڤ فـۆری) بێدەنگ بوو و هـەندێ بیری کـردەوە، ژاک کـە بینی نارەحـەتە، گوتی: هـاووڵاتی، دیارە لەم خەبەرە ناڕازیت..

(گـوسـتـاڤ فـۆری) گـوتی: ژاک، من دەربارەی دانـتـۆن و عـادەتەکـانی زۆر شـتم بیـستووە، تۆیش کـوڕێکی گـەنجی، ئەگەر مـەوزووعـەکە بەردانـی کوڕە مـامـەکەتی تیـا نـەبوایـێ، من بەئـاشکرا پـێم دەگـــوتی، چاوپۆشی لەو دەعـــوەتـەی دانتـــۆن بکە! لەبەرئەوەی وەعدی داوە کوڕە مامەکەت ئازادکات، تۆیش ناچاری دەعوەتەکەی قبوڵ کـەیت و بچـیتـە مـاڵـەکەی.. پـاش ئەوەی کـە ڕۆیشـتی، ئەگـەر مـیـوانی دیی لـێ بوو بووەسـتـە، شیڤ بخـۆ، بەلاّم ئەگەر دەعـوەتەکە تەنهـا بۆ تۆ بوو، کـەسی دی لەوێدا نەبوو، لەپڕ نەخـۆشـیێک بدۆزەوە وەک دڵ ئـێشـان یا دگان ئێشـان بکە بە بیـانوو و لە ماڵەکەی وەرە دەرێ..

ژاک سیک، وەعدی دا بەپێی ڕانماییـیەکانی بەڕێوەبەری ڕۆژنـامەکە ڕەفتـار بکات، ژاک سیک لە سەعات نۆدا بەپێی ناونیشـانەکە چووە ماڵەکەی دانتۆن.. خـودی دانتۆن دەرگای بۆ کردەوە، هەرکە چووە ژوورەوە بۆی دەرکەوت تاقە کەسی بانگهێشـتکراو نییـە، بەڵکو لە ژوورەکەدا میـوانێکی دیش هەیە، ئەگەر ژاک سیک، هەندێ تەجرەبەی هەبا تێدەگەیشت میـوانەکەی دی میـوانێکی ئاسـایی نییـە، بەلاّم ئەوانەی دڵی پاک و ڕوحی بێگەردیان هـەیەو هێشتا ئالوودەیییـەکانی ژیان دڵیانی ڕەش نەکردووە، هـەموو کەسێ وەکو خۆیان بەبێ گەردی دەبینن.

ژاک سیک سەیری کرد میوانەکەی دانتۆن کورێکی گەلێ گەنجە، بیری بۆ ئەوە چوو ڕەنگە یەکێ لە خزمەکانی دانتۆن بێت وەک برازا یا خوشکەزا..

دانتۆن داوای لەهەردوو میوانەکە کرد بچنە ژووری خۆراک خواردن، مێزەکە ئامادەبوو، بەڵام چ خزمەتکارێ لەو ماڵەدا نەبوو، خودی دانتۆن هەڵدەستاو دەچووە مەتبەخەوەو خۆراکی ئامادەی دەهێناو لەسەر مێزەکەدا دایدەنا، میوانە گەنجەکەی دانتۆن، ئەم ڕەفتارەی دانتۆن-ی پێ سەیر نەبوو.. بەڵام ژاک سیک، گەنجێکی ئەشرافزادە بوو، بە ڕێکی پەروەردە کرابوو، نەیدەتوانی ئەوە قبوڵ بکات، ئەم دوو میوانە لەپشتی مێز دانیشن، کەسێکی بەتەمەن و خاوەن شەخسییەتی وەک دانتۆن، خزمەتیان بکات، بۆیە داوای کرد، خزمەتکردنی مێزەکە لە ئەستۆ گرێ، بەڵام دانتۆن پێیگوت: ئێوە میوانی منن، منیش خانەخوێ.. خانەخوێ هەرکەسێ بێت دەبێ خزمەتی میوانەکانی خۆی بکات.

ئیدی هەرچی پێویست بوو دانتۆن هێنایە سەر مێزەکە، جگە لە خۆراک دوو جۆر شەرابیشی لەسەر مێزەکە دانا.

دانتۆن پیاوێکی زۆرخۆر بوو، زۆرخۆرەکان پێیانوایە هەموو کەسێ وەکو خۆیان زۆرخۆرن، ئەو خۆراکەی دانتۆن هێنابووی بەشی حەوت هەشت کەسی دەکرد.

(ژاک سیک) بەپێچەوانەی دانتۆن کەمی دەخوارد، شەرابیشی نەدەخواردەوە، مەگەر لە موناسەباتدا، ئەویش کەم.

دانتۆن و میوانەکەی دی بەئیشتها خۆراکیان دەخوارد، ژاک سیک لە بنەماڵەکەی خۆیەوە فێر ببوو کە چۆن خۆراک بخوات، پێی سەیر بوو، میوانەکەی دی پارووی گەورەی دەنایە دەمییەوە هەردوو گوپەکانی دەپەنمین.

دایکی ژاک سیک هەر لەمناڵییەوە فێری کردبوو، پارووی بچووک بخاتە دەمییەوە، لای ڕاست یا لای چەپی گوپەکانی نەپەنمێن چونکە لە کاتی خۆراک خواردندا، پارووی گەورە گەلێ ناشیرینە، بەڵام میوانەکەی دانتۆن پاروەکانی گەورە بوون، پاش هەموو پارووییەکیش قومێ شەرابی دەخواردەوە، بەزوویی مەستی پێوە دەرکەوت.

کاتێ دانتۆن و میوانە گەنجەکەی مەست بوون، ئیرادەیان بەسەر قسەکانی





خۆیانەوە نەما، قسەی ئەوتۆی ناشیرین لە دەمی دانتۆنەوە دەهاتە دەرێ، ژاک سیک لە شەرمانا تا بناگوێی سوور هەڵدەگەڕا تەسەوری ئەوەی نەدەکرد ئەم جۆرە قسانە لە دەمی بەرەڵلاترین کەسی شەقامەکانی پاریسەوە بێتە دەرێ. نەخوازەلا لە دەمی پیاوێکی وەک دانتۆن ئەم قسە بێ سەروبەرانە دەهاتە دەرێ..

ژاک سیک بە سەرسامی و ترسەوە، ئەو قسانەی دەبیست، دیمەنێکی دەبینی تەسەوری نەدەکرد ئەو جۆرە دیمەنە وجودی هەبێ، ژاک سیک لەبەر ترس و بێزاری نەیدەتوانی لە جێیەکەی خۆی هەڵسێت و بڕوات، وەکو ئەوە وابوو کە بەکورسیەکەوە داکوترابێ، پاشان تێگەیشت هەموو ئەم شتانەی دەیکەن نمایشەو مەبەستیان ئەوەیە ژاک سیک-یش بەشداری ئەم گاڵتە شەرم ئاوەرەیان بکات، کە درکی بەم مەوزووعە کرد، زانیی نابێ بۆ ساتێکیش بێ لەو ماڵەدا بمێنێتەوە، هەڵساو بێ خواحافیزی ڕێی گرتەبەر..

دانتۆن هەڵساو بەردەمی گرت و گوتی: بۆ کوێ دەچیت؟

(ژاک سیک) گوتی: هاووڵاتی، لەمە زیاتر ناتوانم گاڵتە شەرمئاوەرەکانتان بژنەوم و دیمەنە نەنگینەکانتان ببینم.

دانتۆن گوتی: مەگەر تۆ ناتەوێ (هردوسیشل-ی) کوڕە مامتان لە زیندان ئازاد بێت؟

(ژاک سیک) گوتی: من تۆم بە پیاوێکی شەریف دەزانی، تەسەوریشم دەکرد بەڕاستی نمایندەی میللەتیت، کە ئاشنایەتیم لەگەڵ تۆدا پەیداکرد هەستم بەشانازی دەکرد، بەڵام ئەمشەو بۆم دەرکەوت، نیشتمانپەرستی و ئازادیخوازی و خوتبەکانت، ماسکێکەو لەڕووت ناوە تا ڕووە ڕاستەقینەکەت داپۆشێ و ڕوخسارێکی ترت بخاتەڕوو، من ئەمشەو تێگەیشتم حەقیقەتی تۆ ئەمەیە کە ئەمشەو دەیبینم، ئەم مەوزووعەش بۆ من تەجرەبەیەکی گەورە بوو کە چیدی فریوی ڕووکەشی پیاوانی سیاسی نەخۆم.

دانتۆن گوتی: ژاک سیک تۆ بەهەڵەدا چوویت، نیشتمانپەرستی و ئازادیخوازی من حەقیقییە.

ژاک گوتی: نەء، هاوولاتی، تۆ درۆ دەکەیت، کەسێ ئەوەندە فاسید بێ ناتوانێ نیشتمانپەرست و ئازادیخواز بێت.

(کونت دونویی) لە یادەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی:

"دوور نییە دانتۆن لەو کاتەدا قسەی ژاک–ی سەلماندبێ، چونکە ئەو پارەیەی کە وەکو بەرتیل لە لویی شانزەهەم و لە رێی خانم دوسش دورلیان–ەوە، وەری گرتبوو لە گیرفانیدا بوو"

دانتۆن دەستی کردە گیرفانی سەفتەیێک ئەسکەناسی دەرهێناو گوتی: ژاک ئەمە پێنج هەزار فرەنکە یانی سەد بەرابەری مووچەی مانگانەتە کە لەرۆژنامەی میللەت وەری دەگری، من سبەینێ پێنج هەزار فرەنکی دیت دەدەمێ، تۆ سبەینێ بەپارەیەکەوە کە دووسەد بەرابەری مووچەکەتە، لەم ماڵە دەچیتە دەرێ!

ژاک گوتی: بەدبەخت! من پێویستم بە پارەی تۆ نییە، من قەحپە نیم تا بتوانی بە پارە بمکڕی.

دانتۆن زانیی ناتوانێت بەپارە ئەو گەنجە ملکەچی مەیلەکانی خۆی بکات.. ئەوجا ویستی بەزۆر و بەکۆمەکی میوانەکەی دی نەهێڵێ لە ماڵەکەی بچێتە دەرێ..

ئەو شەوە دوو شت ببووە هۆی ئەوەی دانتۆن نەهێڵێ ژاک لە ماڵەکەی بچێتە دەرێ، یەکەمیان حەزی بەدۆستایەتیی بوو، دووهەمیان دەیزانی پەیامنێری رۆژنامەیە، ئەوەی بیستوویەتی و بینیویەتی، لە رۆژنامەدا بلاوی کاتەوە، رسواییێکی ئەوتۆی بۆ دروست دەکات چ چارێکی نییە جگەلەوەی فەرەنسا جێبێڵێ یاخۆکوژی بکات، ئەمە بوو دەرگاکە لەلایەن دانتۆن و میوانەکەی گیرابوو، ژاک–یش لەلایەکی دییەوە، لەگەڵیاندا دەستەویەخە بوو.

ئێمە هێشتا ناوی میوانی دووهەمی دانتۆنمان نەهێناوە، دەبێ ناوی بهێنین، چونکە یەکێ لە گەورەترین ژنانی شۆرشی فەرەنسا لە یادەوەرییەکانی خۆیدا، کە ئەمرۆ هەیەو دەتوانرێ موراجەعە بکرێ ناوی ئەو پیاوەی هێناوەو چۆنیەتی ئاشنابوونی خۆی لەگەڵ ئەو پیاوەدا درکاندووە..

یادەوەرییەکانی خانم (رۆلان) ژنە شۆڕشگێڕی فەرەنسا، شەرحی حاڵە، دەتوانرێ بگوترێ کە بەڕاستگۆیی نووسراوە، خانم ڕۆلان لەو ئاتۆبیوگرافییەدا، هەرچییەکی





بەسەرهاتووە، بێ پەردە باسی کردووە، هەندێ ڕووداوی بەجۆرێ باس کردووە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ باسیان بکەین دەبێ بەپەردە بیانپۆشین، دەزانین خانم ڕۆلان–ی ئازادیخوازو شۆڕشگێڕی فەرەنسا کچی (گراڤەر)(١) سازێکە، باوکی خانم ڕۆلان ناوی (فلی پون) بوو لە پاریسدا کارگەی گراڤەرسازی هەبوو، چەند شاگردێکی گەنج تەمەنیان لە دوانزە ساڵە تا شانزە ساڵە لەو کارگەیەدا کاریان دەکرد، خانم (رۆلان) لە منداڵیدا ناوی (ماری ژان) بوو، بەبێ دوودڵی ئەو ژنە لە سەردەمی منداڵیدا ئیعجوبەی ڕۆژگاری خۆی بوو، کە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا لەگەڵ دایک و باوکیا، لە یەک شەمەیەکدا دەچنە کلێسا..

عادەت وایە باوەڕداران کە دەچنە کلێسا کتێبی دۆعا دەگرنە دەست و دەیخوێننەوە، ئەم کچە لە کلێسادا کتێبێکی بەدەستەوە بوو، دەیخوێندەوە دایک و باوکی پێیانوابوو کتێبی دوعایە، لە پڕ کتێبەکە لە دەستی (ماری ژان) بەردەبێتەوە، باوکی دانەوییەوە کتێبەکەی هەڵگرت و دایە دەستی کچەکەی، سەرسام بوو کە بینیی کتێبی دۆعا نییە، سەیری ناونیشانی کتێبەکەی کرد نووسرابوو (ژیاننامەی پیاوانی مەزن) هی (پۆلۆتارک–ی) مێژوونووسی ناسراوە..

هاوتەمەنانی ئەو کچە بە (ویلکان)(٢) گەمەیان دەکرد، کەچی خانم (رۆلان–ی) ئایندە کتێبگەلێکی دەخوێندەوە پیاوانی تەمەن سی ساڵەی بێزار دەکرد، نەخوازەلا کچۆڵەیێکی نۆ ساڵە..

(ماری ژان) تا تەمەنی دە ساڵی ئەم کتێبانەی خوێندبووەوە: تەورات و ئینجیل، نامەی فێرکردن و پەروەردەی کچان، نووسینی (فنلن)ی نووسەری ناسراو، مێژووی جەنگەکانی سزاری ڕۆم، بەقەڵەمی خودی قەیسەر، مێژووی تورکیاو سەلاتینی ئالی عوسمان، مێژووی جەنگەکانی ناوخۆی ڕۆم، بەقەڵەمی (ئاپین)ی مێژوونووسی ناسراو و دە کتێبی دی وەک دەڵێن هەموو کتێبی سەنگین.

(فلی پون–ی) گراڤەر ساز کە دەیبینی کچەکەی لە بری ئەوەی گەمە بە ویلکان بکات، خەریکی خوێندنەوەی کتێبە، خەمی دەخواردو دەیگوت: دەترسم ئەم کچەم

(١) گراڤەر: ئەو ئامێرەیە شت چاپدەکاتە سەر تەختە و تەنەکە و مس.

(٢) ویلکان: بووکی منالان: بووکە شووشە.

نەخۆشکەوێت و لەدەستمان بچێت، چونکە تەمەنی ئەوە دەخوازێ گەمە بکات، نەک بەشەو و ڕۆژ کتێب بخوێنێتەوە، هاوسەرەکەی دەیگوت: ئێمە دەبێ دڵۆخش بین کە (ماری ژان) خەریکی خوێندنەوەی کتێبە، ئێمە شتێکی ئەوتۆمان نییە بیدەینێ تا شوو بە پیاوێکی موحتەرەم بکات، بەڵام لەبەرئەوەی کتێب دەخوێنێتەوە، عەقڵ و هۆشی پەروەردە دەکات ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت لە ئایندەدا بتوانێت شوو بەپیاوێکی سەنگین و موحتەرەم بکات.

کرێکارانی کارگەی (فلی پون) تەقریبەن هەموو منداڵ بوون کەسێکیان لەنێودا نەبوو تەمەنی لە پانزە ساڵی تێپەڕیبێ، هەر بۆیە ماری ژان زەوقی وێنەکێشانی گرافەرسازییەکەیشی هەبوو.. دەچووە کارگەی باوکی لەگەڵ شاگردەکاندا قسانی دەکرد.

خانم ڕۆلان لە یادەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی:

"لەنێو شاگردەکانی باوکمدا گەنجێ هەبوو ناوی (سول) بوو تەمەنی پانزە ساڵان بوو، ڕۆژێک کارگەکە چۆڵ بوو، باوکم لەوێ نەبوو، تەنها (سول) لەوێدا کاری دەکرد، من بۆئەوەی قەڵەمە تایبەتییەکانی گرافەر بەدەست بێنم، چوومە کارگەکەوە، لە (سول)م پرسی، قەڵەمەکانت لەکوێدا داناوە؟

کوڕە گەنجەکە گوتی: مادمۆزێل قەڵەمەکان لێرەدایە منیش بۆ ئەوەی قەڵەمەکان وەدەست بێنم نزیک بوومەوە.

کرێکارە گەنجەکە دەستی گرتم بۆ ژێر مێزەکەی بردم منیش لەترسا هاوارم کرد.. ئەو کوڕە گەنجە لە هاوارەکەی من ترساو گوتی: مادمۆزیل بۆچی هاوارت کرد؟ خۆ من ئەزیەتی تۆم نەداوەو ناڕەحەتم نەکردوویت؟ باوەڕت هەبێ مەبەستم ناڕەحەت کردنی تۆ نەبووە..

گوتم: (سول) تۆ منت نارەحەت کرد، چونکە منت ترساند.

(سول) گوتی: مادمۆزیل ترسەکەی تۆ لەجێی خۆیدا نەبوو، خەڵکانی دی ناترسن..

گوتم: (سول) ئێستا باوکم لەماڵێدا نییە، بەڵام دایکم لەماڵێدایە، ئەم مەوزووعە بەدایکم دەڵێم.





(سول) گوتی: نەء مادمۆزیل، ئەم مەوزووعە بۆ دایکت باس مەکە، تۆ کچێکی هۆشیاری دەبێ بزانیت هەندێ شت هەیە نابێ بەخەڵکانی دی بگوترێت.

لەو ڕۆژە بەدواوە، ئیدی جورئەتی ئەوەم نەدەکرد، کە ئەو کوڕە لە کارگەدا بەتەنها با بچمە نیو کارگەکەوە..

نزیکەی مانگێ بەسەر ئەم ڕووداوە تێپەڕیبوو، مەوزوعەکەم لە بیرکردبوو، ماڵەکەی ئێمەو کارگەکە لەو کاتەدا لە کەناری ڕووباری (سن) لە شوێنێک بوو، پێیدەگوترا (ئۆرلۆژ) لە کۆندا چەند دوکانێکی سەعات فرۆشی و چاکردنەوەی سەعاتی لێ بوو، هەربۆیە ناویان لێنابوو (ئۆرلۆژ)[1].. کە ئێمە لەو گەڕەکەدا نیشتەجێ بووین دوکانی سەعات فرۆشی لێ نەمابوو، لەگەڵ ئەمەشدا هەر ناوی (ڕۆخی سەعات) بوو.

ڕۆژێ باوکم لەماڵێدا نەبوو، دایکم لە مەتبەخ خۆراکی دروست دەکرد، دەنگی مۆسیقای عەسکەریم بیست، سەیرم کرد دەستەیەک سەرباز لە کەناری ڕووباری (سن) یانی بەرانبەر ماڵەکەی ئێمە، تێدەپەڕن، بۆئەوەی بتوانم سەربازەکان ببینم، دەبا بچمە کارگەکەوە، تا لە پەنجەرەکەیەوە سەیری دەرێ بکەم.

لەو ڕۆژەدا لە کارگەکە جگە لە (سول) کەسی دیی تیانەبوو، بەکارگەکەدا تێپەڕیم و بەرەو پەنجەرەکە ڕامکرد، سەرم لە پەنجەرەکە هێنایە دەری، داچەمیمەوە تا چاکتر ببینم، لەو کاتەدا هەستم کرد کەسێکم لە پشتە، بەبێ ئەوەی ڕوو وەرچەرخێنم زانیم (سول-ە) دوو جۆر هەست ڕووی تێ کردم، یەکەمیان ترس و دووهەمیان حەز بەزانین بوو، ئەو ڕۆژە (سول) دیاربوو لە تەجرەبەی مانگێ لەمەوبەر، عیبرەتی وەرگرتبوو، منی نەترساند، لە تەنیشتی منەوە وەستا، سەیری سەربازەکانی دەکرد، بەڵام جارجارە ڕووی وەردەگێڕاو سەیری منی دەکرد، بەجۆرێ لە هاتنی (سول) شڵەژابووم چ چێژێکم لە مۆسیقاو تێپەڕینی سەربازەکان وەرنەدەگرت، پاش ئەوەی سەربازەکان تێپەڕین، ڕووم وەرچەرخاند و گوتم: (سول) ئەم کارانەی دەیکەیت، کاری چاک نین.

(١) ئورلۆژ: لە زمانی فەرەنسیدا مانای سەعادەتە و لە وشەی (هورلوزیون)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە کە مانای جارچییە. لە یۆنانی کۆندا کەسێک کاری ئەوە بوو، خەڵکی لە کاتەکان ئاگادارکاتەوە.

(سـول) گـوتی: مـادمـۆزیل، من چ کـارێکی ئەوتۆم نەکـردووە، جگەلەوەی خۆشەویستی خۆمم بۆ دەربڕیویت، تۆیش کچێکی منداڵ نیت کە نەزانیت موحیبەت چییە..

نەمتوانی وەڵامی (سول) بدەمەوە، چونکە دەنگی پێی باوکمم بیست، (سول)یش هەمان دەنگی بیست و لێم دوورکەوتەوە.

باوکم منی بینی لێی پرسیم: (ماری ژان) لێرەدا چ دەکەیت؟

گوتم: دەنگی مۆسیقام بیست، هاتم سەیری تێپەڕینی سەربازەکان بکەم..

دوو هەفتە پاش ئەو ڕۆژە، باوکم (سول-ی) لە کارگەکە دەرکرد..

(سول) چووە کارگەیێکی دی، لەوێشدا لەبەر بەدڕەوشتی دەریانکرد، پاش ئەوە، ئەو گەنجە وەک ئەوە موبتەلا بێ بە وەبا، خەڵکانی دیشی تووشی وەبا دەکرد، دەچووە هەر شوێنێ دەستی بە بەدڕەوشتی دەکردو بەدڕەوشتیشی دەگواستەوە بۆ نێو کچان و کوڕان.. براکەی لە خۆی منداڵتر بوو، ئەویش لەمەوە فێری بەدڕەوشتی ببوو، ئەو گەنجەی لە ماڵەکەی دانتۆندا میوان بوو برای (سول) و ناوی (ئەلفرید سول) بوو.. ئەو شەوە (دانتۆن) و (ئەلفرێد سول) لەگەڵ (ژاک سیک-دا) یەخەگیر بوون و نەیاندەهێشت ژاک سیک لەو ماڵە بێ تەدەرێ، بەڵام (ژاک سیک) دوو سیفەتی هەبوو، یەکەمیان ئەوان مەست بوون، ئەم هۆشیار، دووهەمیان هەموو ئەشرافەکان، هونەری شمشێربازییان دەزانی، ماسولکەکانیان بەهێزبوو..

ئەو شەوە ژاک سیک شمشێری پێنەبوو، بەڵام ماسولکەکانی بەهێزو نەرم بوون، توانیی لەدەستی ئەو دوو کەسە ڕزگاری بێ و ڕابکات و یەکڕاست چووە ماڵێ و لەوێشەوە چووە ئیدارەی ڕۆژنامەی میللەت هەموو ڕووداوەکەی بۆ (گۆستاڤ فۆرێ) باسکرد.

(گۆستاڤ فۆری) پاش ئەوەی لە ڕووداوەکە ئاگادار بووەوە بیری لەوە کردەوە بەرلەوەی هیچ بڕیارێ بدات لەگەڵ (لاڤوازێ)ی دۆستی ڕاوێژبکات، (لاڤوازێ)یش ئەندامی پەرلەمان بوو، بەڵام ئەندامی ئیحتیات بوو..

لە مێژووی ئەوروپاو جیهاندا ئەوەندەی (دانتۆن)و (ڕۆبسپێر) و (مارا) و (کامی دمولن) و (میرابو) ناویان هەیەو ناسراون، (لاڤوازێ) کە یەکێ بوو لە پیاوەکانی





شۆڕشی فەرەنسا، ناسراو نییە..

کاتێ سەری (لاڤوازێ-یان) بە گیوتین لە لەشی جیاکردەوە، تەمەنی پەنجاو یەک ساڵ بوو، کە بەرەو گیوتین-یان برد وەکو (ئەپۆلۆن-ی) خوای جوانی بوو، (لاڤوازێ) تا دوارۆژی ژیانی جوانی سەردەمی هەژدە ساڵەی خۆی پاراستبوو تەنانەت کچە ڕاهیبەکان، کە دەیانبینی کەمەنکێشی جوانییەکەی دەبوون و دەشڵەژان.

هەر ژن و پیاوێک لە رادەبەدەر جوان بوو، ناتوانێ فریای کارە جدییەکانی ژیان بکەوێ، چونکە عاشقەکانیان وەک پەروانە بەدەوری مۆمدا دەسووڕێنەوەو هەمیشە ستایشی جوانییەکەی دەکەن و نیازمەندی دەبن و مەستی بادەی غرووری دەکەن، لە کارە جدییەکان دووری دەخەنەوە، تا ئەو ڕۆژەی جوانە کاتەکانی سەرفی بیستنی ستایشی ئەم و ئەو دەبێ، بەڵام (لاڤوازێ) کە هەزارەها عاشقی هەبوو، بەلای کەمەوە ڕۆژێ نامەیێکی عاشقانەی دەگەیشتە دەست، لەگەڵ ئەمەشدا دەسبەرداری کارە جدییەکان نەدەبوو، ئەو کارانەشی کاری عەمەلی بوون..

ئەو داهێنانەی ئەم پیاوە لە بواری زانستیدا دایهێناون، وەک جوانییەکەی خەڵکی سەرسام دەکرد، هێزی مێشکی ئەو پیاوە هێزێکی سەرسوڕهێنەر بوو، ئێستایش زانایان سەرسامی داهێنەرە زانستییەکانی ئەون تا دنیا مابێ ناوی ئەو پیاوە لە مێژووی زانستی جیهاندا دەدرەوشێتەوە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ لێرەدا باسی داهێنانە زانستییەکانی بکەین، ئەوا ئەم یادداشتانەمان دەبێ بە (ئینسکلۆپیدیا-یێکی) گەورەی زانستی تا ڕۆژێ لە دنیادا ناوی (مەتر)و (سانتیمەتر) بهێنرێ ناوی (لاڤوازێ) فەرامۆش ناکرێت.

(لاڤوازێ) لەوە گەیشت کە ئەو هەوایەی هەڵیدەمژین، لە چەند گاز-یێکی تێکەڵ پێکهاتووەو دوو گاز-یان سەرەکین کە ئۆزۆت و ئوکسژین-ن وشەی (ئۆکسژین) ئەو دایهێنا، دەیگوت، هەر تەنێ لەگەڵ ئوکسژیندا تەرکیب نەبێ ناسووتێ، کە دەڵێین، لۆکە سووتا، یانی لەگەڵ ئوکسژیندا تەرکیب بووە، هەر ئەو پیاوە موختەسەری ناوی عەناسرەکانی دانا، هەر عونسرێکی بە حەرفێ یا دوو حەرف دەستنیشان کرد بۆ نموونە ناوی ئۆکسژین (O) و ناوی هایدرۆجین (H) لە نەتیجەدا فەرمولی کیمیاوی هێنایە وجودەوە..

هەر ئەو پیاوە بوو کرا بە سەرۆکی کێش و ئەندازە بە قەولی فەرەنسییەکان (کمسیون سیستم مەتریک) پێشنیازی کرد (لیتر) بکاتە یەکەی مقیاسی شلەمەنی و (گرام) یەکەی مقیاسی کێش، هەر هەزار گرام بە (کیلۆگرام) ناسرا، ئەم پێشنیازانە پشت ئەستووری دەلائیلی زانستین، شەرح کردنیان لە حەوسەڵەی ئەم یاداشتانە بەدەرە.

زۆربەی زانایان و شاعیرانی پێشووی ئەوروپا ناشیرین بوون، وەکو لویی پانزەهەمی پاشای فەرەنسا گوتوویەتی: شەرتی هۆشمەندی و شیعرگوتن ناشیرینییە..

سونگەی ئەم قسەیەش ئەوەیە، جوانەکان مەحوی جوانی خۆیانن و کەمەندکێشی تەمەلوقی دەوروبەرن، فرسەتی ئەوەیان نییە خەریکی عیلم و ئەدەب بن، ڕەنگە بتوانین بڵێین (لاڤوازێ) تا سەدەی نۆزدەهەم جوانترین دانشمەندی ئەوروپا بوو، جوانییەکەی خۆی تادوارۆژی تەمەنی پاراست، هەندێ لە دۆستەکانی (لاڤوازێ) هەر لە بەیانی تا ئێوارە لەسەر ئەو شەقامە دەوەستان کە ماڵەکەی لێ بوو، بەڵکو لەکاتی دەرچوونیا یا گەڕانەوەیدا (لاڤوازێ) ببینن.. ڕۆژێ لاڤوازێ لە بارەگای کۆمیسیونی کێش و ئەندازە هاتەدەرێ، لە شەقامەکەدا کچێکی گەنج خۆی خستە سەر پێیەکانی و باوەشی بە ئەژنۆکانیدا کرد، بەناڵەکردنەوە گوتی: ئەنتوان یا بمکوژە یا عەشقم قبوڵ بکە!

(ئەنتوان لۆزان دو لاڤوازێ) نەجیبزادە بوو، لە شاری پاریس لە دایک ببوو، ئەگەر (مەندەل)[1] لە سەردەمی ئەودا ژیابا، دەیگوت: جوانییە فەوقەلعادەکەی لاڤوازێ قانونەکەی من دەسەلمێنێ و ئەوە نیشان دەدات کە سیفاتەکانی باپیران دوو تا سێ نەوە مەنگ دەبێ لەپڕ لە نەوەی چوارەمدا سەر هەڵدەداتەوە، چونکە نە باوکی لاڤوازێ جوان بوو نە دایکی، بەڵام بەبێ دوودڵی لەنێو باپیرانی لاڤوازێدا، جووتێکیان گەلێ جوان بوون پاش چەند نەوەیێک جوانییەکەیان گەیشتووەتە لاڤوازێ ..

لاڤوازێ ئەوەی بیست، پەیوەندیێک لە نێوانی لویی شانزەهەم و دانتۆندا هەیە،

(١) مەندەل: کەشیشێکی نەمساوی بوو، لە سەدەی نۆزدەهەمدا، قانوونی وراثەی دانا.





تەنانەت ئەوەشی دەزانی پەیوەندییەکە لە ڕێی شازادە خانم دوسش دورلیانەوە دروست بووە، بەڵام ئەوەی نەدەزانی قستی یەکەمی بەرتیلەکەی وەرگرتووە یا نەء، بەڵام هەستی دەکرد دواخستنی موحاکەمەکەی لویی شانزەهەم پەیوەندی بەو یەکدیبینینەی دوسش دورلیان و دانتۆن–ەوە هەیە.

(گۆستاڤ فۆرێ) بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی میللەت ئەهلی قەڵەم بوو دەیتوانی پەی بەقیمەتی پیاوانی دانشمەند ببات، ڕێزی زۆری بۆ هەبوو، ئەم دانشمەندە فەرەنسییە ڕێزی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی میللەتی دەگرت، گۆستاڤ فۆرێ چووە ماڵەکەی لاڤوازێ، ئەو ڕووداوەی لە ماڵەکەی دانتۆندا ڕووی دابوو، بەوردی بۆ لاڤوازێی گێڕایەوە.

(لاڤوازێ) گوتی ماوەیەکە دەبینم، هەرکە دانتۆنم پێدەگات سەرنجێکی نائاساییم تێ دەگرێ، لە سەرەتادا ئەم سەرنجە نائاساییە دەیشڵەژاندم، وام تەسەور دەکرد لە ڕووی سیاسییەوە دەرحەقم بەگومانە، پاشان هەستم کرد سەرنجەکانی لە گومانەوە نییە، سونگەی دیی هەیە. نەمدەتوانی پەی بە سونگەی سەرنجەکانی ببەم، بەڵام ئێستا، ئێوە ڕووداوەکەتان بۆ باس کردم، لە سونگەکەی حاڵی دەبم، بڕوام وایە شایستەی ئەوە نییە، ببێتە نوێنەری میللەت لە مەجلیسی شورای میللی فەرەنسا.

(گوستاڤ فۆری) گوتی: پاش ئەوەی (ژاک سیک) ئەم ڕووداوەی بۆ گێڕامەوە بیرم لەوە کردەوە لە ڕۆژنامەدا بڵاوی کەمەوە، بەڵام بیرم کردەوە، بەرلەوەی ئەم کارە بکەم، ڕاوێژی لەگەڵ ئێوەدا بکەم، چونکە دانتۆن پیاوێکی بەهێزە، دۆستانی سیاسیی نایەڵن لەپێ کەوێ، بیریشم لە ئابڕووی ژاک سیک و بنەماڵەکەی کردەوە، دەمویست کارەکە نەگاتە ئەوەی ئابڕوویان بتکێ.

لاڤوازێ گوتی: ئەگەر ئەم ڕووداوە لە ڕۆژنامەدا بڵاو کەیتەوە، ئەوا دانتۆن دەعوات لەسەر قەید دەکات، تۆ ناتوانی ئەو ئیهانەیەی بەرانبەر ژاک سیک کردوویەتی ئیسپاتی بکەیت لە کاتی ڕووداوەکەدا جگە لەو گەنجە فاسیدو مونحەریفە، کەسێکی دیی لێ نەبووە، ئەو دژ بەدانتۆن شاهێدی نادات، دانتۆنیش ئینکاری ئەو تۆمەتە دەکات، چونکە پیاوێکی بەهێزەو لەنێوت دەبات.. کە دەتەوێ دار بەڕوویێکی تەمەن سەد ساڵە بخەیت، نابێ بەقەڵەمبڕ هێرشی بکەیتە سەر ئەگەرچی قەڵەمبڕەکەی تۆ

هەندێ برینداری دەکات، بەڵام نایخات.. بۆ خستنی داربەڕوویێکی تەمەن سەد ساڵە دەبێ تەور بەکار بهێنرێن ئەو تۆمەتەی تۆ بۆ دانتۆن هەمان قەڵەمبڕەو هەندێ برینداری دەکات، بەڵام نابێتە هۆی لەنێوچوونی.. گۆستاڤ فۆرێ گوتی: ئایە ڕێیەک هەیە بتوانێ بەیەک لێدان دانتۆن لەنێوببات؟ لاڤوازێ گوتی: پێموایە دەتوانین ئەو ڕێیە پەیدابکەین، چونکە بیستوومە شازادە خانم دوسش دۆرلیان پەیوەندی لەگەڵدا پەیدا کردووە، یەکدی بینینیان چەند بارە بووەتەوە.. وەک دەزانین دانتۆن دوژمنی سەرسەختی لویی شانزەهەم بوو، پاش ئەو یەکدی بینینانە پێشنیازی کردووە موحاکەمەکەی لویی دواخرێت بۆ پاراستنی ڕووکەشی گوتوویەتی، دەبێ دەربارەی لویی شانزەهەم تەحقیقی زیاتر بکرێ، تا بزانین نەخشەکانی چی بوون..

هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان، بڕوایان وایە، تا ئەو ڕۆژەی لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت زیندووبن، میللەتی فەرەنسا ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ، چونکە وڵاتانی دی، بەتایبەتی نەمسا، هەمیشە هێرشی هێناوە تەسەر وڵاتی فەرەنسا تا لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت لە چنگی فەرەنسییەکان دەربازکەن، ئێوە بۆ ماوەیێک سەبرم لێ بکەن، تا تەحقیق لە سونگەی یەکدی بینینی دانتۆن و شازادە خانم دۆشس دۆرلیان بکەم، ڕەنگە پاش ئەو تەحقیقکردنە بتوانم پێت بڵێم ئەو ڕێیە بۆ لەنێوبردنی دانتۆن پەیدابووە یا نەء!

# ژنێکی شۆڕشگێڕ و موغامیر
# لەنێو جەرگەی ڕووداوەکاندا

ئێمە بۆ نیشاندانی وەزعی ئەو ڕۆژانەی کۆمەڵگای فەرەنسی، باسی ئەو ڕووداوەمان کرد کە بووە مایەی ڕسوایی دانتۆن و پاشماوەی شتەکانی دیش، بەناچاری دەبێ لێرەدا باسی ژنێکی شۆڕشگێڕ بکەین کە ناوی (ترڤانی دومریکۆر)ە، ئەم ژنە وەکو خانم ڕۆلان و خانم ژانلی، ناوی لە مێژووی شۆڕشی فەرەنسادا ماوەتەوە، هەرگیز ئەو ناوە ناسڕێتەوە، چونکە ئەو کارانەی ئەو کردوویەتی ئەوەندە عەجیبە، هی ئەوە نییە ناوی لەنێوچێت..

مێژوو، ناوی کەسان بەدوو جۆر تۆمار دەکات. یەکەمیان بەچاکی و دووەمیان بە بەدناوی. ناوی (ترڤانی دومریکۆر) ئەوەندە بە بەدی تۆمار بووە، هەرگیز لە مێژوودا کوێرنابێتەوە.

لە سەرەتای شۆڕشی فەرەنسادا (ترڤانی دومریکۆر) ژنێکی گەنج و جوان بوو، پاش ئەوەی بووە عەشیقەی چەند پیاوێکی شۆڕشگێڕ، عاشقی (لاڤوازێ) بوو، پاش ئەوەی چەند نامەیێکی عاشقانەی بۆ نووسی، (لاڤوازێ) ئەوەندە نامەی عاشقانەی پێدەگەیشت، نامەکانی خانم مریکۆر چ کاریگەرییێکی تایبەتی لا جێ نەهێشت.

خانم مریکۆر چەند جارێ لەسەر ڕێگای لاڤوازێدا دەوەستا بەنیگا ئاشکراکانی عەشقی خۆی بۆ ئەو دانیشمەندە دەردەبڕی، بەڵام لاڤوازێ ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، سێ شت سونگەی ئاوڕ لێ نەدانەکەی لاڤوازێ بوو.. یەکەمیان لاڤوازێ لە بنەماڵەیێک لەدایک ببوو، لە شوێنێکدا گەورە ببوو ژمارەی ژنە جوانەکانی کەم نەبوون تا بینینی ژنێکی گەنج و جوان کاری تێ بکات..

باوکی لاڤوازێ کاری (فرمێ ـ ژەنەراڵ) بوو، لەلایەن پاشای فەرەنساوە ڕاسپێردرابوو باجی ولایەتێ کۆبکاتەوەو بیخاتە سنوقی پاشا.. پاش مردنی باوکی لاڤوازێ ئەم کارە (پاش وەزارەت بەدەستهاترین وەزیفەی دەوڵەتی فەرەنسا بوو) درایە لاڤوازێ، هەرچەنێکی ویستبا سەرفی دەکرد، لەبەرئەوەی پارەدارو جوان و نەجیبزادە بوو، ژنانی گەنج و جوان لە دەوروبەریا کۆدەبوونەوە، سونگەی دووەم کە






ڕێگر بوو لەوەی ئاوڕ لە ژنان بداتەوە ئەوەبوو کە لاڤوازێ خەریکی کاری زانستی و لێکۆڵینەوەی عیلمی بوو کە بواری نەدەدا بەشێ لە کاتەکانی خۆی بۆ ئەو ژنانە تەرخان بکات. سونگەی سێهەمیش، ئەوەندە عەشیقەی هەبوو نەیدەتوانی فریای هەموویان بکەوێ..

(مریکۆر) بڕیاری دا، هەرچۆنێ بێت پەیوەندی لەگەڵ لاڤوازێدا دروست کات چونکە سەیری کرد، نیگا درێژەکانی، ئاه و ناڵەو نامەکانی کار لەدڵی لاڤوازێ ناکات، بڕیاری دا بچێتە ماڵەکەی و لەژووری خەوەکەیدا بۆسەی بۆ دابنێ، خانم مریکۆر بیستبووی کە ژنێ خوشکەزای لاڤوازێیە، بۆ دیداری خاڵەکەی لە یەکێ لەولایەتەکانەوە دێت بۆ پاریس، لاڤوازێ لە نهۆمی دووەمی بینایێک (کە ئێستایش لە پاریسدا ماوە) دەژیا. ژنە دەرگاوانەکەی بینایەکە دەیزانی خوشکەزاکەی دێت بۆ پاریس.

ڕۆژێ بەر لەگەڕانەوەی لاڤوازێ بۆ ماڵەکەی گالیسکەیێکی کرێ بەرانبەر بینایەکە وەستا، خانم مریکۆر لە گالیسکەکە هاتە خوارێ وەک خوشکەزای لاڤوازێ خۆی بە ژنە دەرگاوانەکە ناساند، هەرکەسێ لە بری ژنە دەرگاوانەکە با مریکۆری بە خوشکەزای لاڤوازێ دەزانی..

خانم مریکۆر، بۆئەوەی ڕێ بەهیچ گومانێک نەدات جانتاییێکیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، بەکۆمەکی ژنە دەرگاوانەکە دەرگای ماڵەکەی لاڤوازێ-ی کردەوەو جانتاکەی بردە ژوورێ، ژنە دەرگاوانەکە پێیگوت هەرچییەکت دەوێ پێم بڵێ تا بۆتانی دابین بکەم، خانم مریکۆر گوتی پێویستم بەهیچ شتێ نییە، تەنها دەمەوێ هەندێ بنووم..

مریکۆر چووە ژووری نوستنەکەی لاڤوازێ، لەسەر قەرەوێڵەکەدا ڕاکشا، لاڤوازێ کە گەڕایەوە بۆ ماڵێ ژنە دەرگاوانەکە مژدەی دایێ کە خوشکەزاکەی هاتووە، لەبەرئەوەی ماندووی ڕێیە ئێستا نوستووە.. لاڤوازێ هاتە ماڵەوە یەکسەر بەرەو ژووری نوستنەکەی چوو، کە دەرگاکەی کردەوە لە بری خوشکەزاکەی ژنێکی دیی بینی، لەوەپاش، بەقەولی (ئامیل بومان)ی مێژوونووسی فەرەنسی: تەبیعەت زاڵ بوو بەسەر ئیرادەی لاڤوازێ!

ئەم خانمە گەنجە، لەو ڕۆژەدا کە ژنانی پاریس هێرشیان کردە سەر قەسری تویلری تا ماری ئەنتوانێت و لویی شانزەهەم بکوژن، یەکێ لە سەردەستەکانی ژنان بوو، خانم مریکۆری لە جەللادیدا نەوەی (ژانلی) بوو، بەڵام پاش ئەوەی لە مامۆستاکەی لێهاتووتر بوو، نادیێکی بۆ ژنانی خوێنڕێژی شۆڕشگێڕان دروست کرد، لە هەموو ڕووداوە گەورەکانی شۆڕشی فەرەنسا ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەشداری کردووە.. هەمان خانم مریکۆرە کە ویستیان (بایی-ی) بەرپرسی شارەوانی پاریس بە گیوتین لەنێوی ببەن، لێی پرسی: (بایی) ئەوە دەلەرزیتەوە؟

(بایی) گوتی: بەڵێ هاووڵاتی، بەڵام من لە سەرما دەلەرزم!

هەمان خانم مریکۆر کە کاتێ (بواسی دانگلاس)-ی پیاوی ناسراوی شۆڕشی فەرەنسا، سەرۆکی پەرلەمان بوو، لەگەڵ ژنانی نادییەکەو هەندێ پیاواندا، هێرشیان کردە سەر پەرلەمان، یەکێ لە ئەندامانی پەرلەمان بەناوی (فرو) ئیعترازی گرت و گوتی بۆچی ژنان هاتوونەتە جێی نوێنەرانی میللەت؟

خانم مریکۆر، ئیشارەتی دایە ژنێکی ئەندامی نادییەکە، دەمانچەیێکی لە کەمەر بەستبوو پێیگوت: مێشکی ئەو پیاوە بپژێنە!

ئەو ژنە دمانچەی هەڵکێشاو تەقەی لە (فرو) کرد و تەختی زەویی کرد، خانم مریکۆر لەبەرچاوی هەموو نوێنەرانی میللەت و تەماشاچییەکان بە چەقۆ سەری (فرو-ی) لە لەشی جیاکردەوە، نیزەیێکی لە ژنێک وەرگرت، سەرەکەی چەقاندە سەر نیزەکە بەرەو جێیەکەی (بواسی دانگلاس) چوو سەرە بڕاوەکەی نیشان دا و گوتی: "ئەمە دەبێتە سزای تۆ، ئەگەر دوژمنایەتی میللەتی فەرەنسا بکەیت)

(بواسی دانگلاس) وەک ڕێزلێنان شەپقەکەی لەسەر خۆی داگرت و بەسەرە بڕاوەکەی گوت: ئەی شەهیدی ڕێی میللەت من بۆ مەرگی تۆ موتەئەسیفم، دروودت بۆ دەنێرم!

ئەو کاتە (بواسی دانگلاس) بەرانبەر ژن و پیاوە خوێنڕێژەکان، گەمەی بە گیانی خۆی دەکرد، بەڵام ئازایەتییەکەی بەجۆرێ بوو کاری لەدڵان کرد، خانم مریکۆر ئەو نیزەیەی سەرەبڕاوەکەی پێوەبوو، دایە دەستی پیاوێک و گوتی: ئەم پیاوە بێ باکە شایستەی ئەوەیە سەرۆکی پەرلەمان بێت! (دیلاکروا)-ی وێنەکێشی فەرەنسی، دیمەنی ئەو ڕۆژەی پەرلەمانی لە تابلۆیەکدا دروست کرد، دلێریی (بواسی دانگلاس)ی بۆ نەوەی ئایندە بەرجەستەکرد.





ئەگەر ئەو ڕۆژە (بواسی دانگلاس) ئەو دلێرییەی نەنواندبا ڕەنگە هەموو یا هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان بەدەستی ئەو ژن و پیاوە بکوژانە بکوژراباو..

(بواسی) پیاوێکی شۆڕشگێڕ بوو، کە حکومەتی سەڵتەنەتی بوربون هاتنەوە سەر حوکم، لویی هەژدەهەم، بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئەو پیاوەی دەکردو کردییە (سیناتۆر) تا ڕۆژێ ئەو پیاوە لەژیاندا بوو، خەڵکی ئیحترامیان دەگرت، ئەمڕۆیش ئێمە وەکو دلێرێک یادی دەکەینەوە.

یەکێکی دیی دۆستەکانی خانم (دومریکۆر) (تالیران) بوو، ئێمە لەم یاداشتانەدا ناویمان هێناوەو گوتمان دۆستی خانم (ڕۆلان) بوو، ناوی بنەماڵەکەی (تالیران)-یش (تالیران پریگور)ە، بۆ ئاسانی هەر بە تالیران ناوی دەبەین.

(شارل موریس دو تالیران) ناونیشانی شازادەی هەبوو، دە ناونیشانی دیشی هەیە، ناوهێنانیان دەبێتە مایەی بێزاری خوێنەر..

تالیران یەکێ بوو لە هوشیارترین و جوانترین دبلۆماسییەکانی ئەوروپا لە هەندێ بنەماڵەی ئەشرافەکانی فەرەنسی و ئیتالی عادەت وابوو، ئەگەر دوو کوڕیان هەبا یەکێکیان دەنارد ببێتە ئەفسەرو ئەوی دیشیان دەناردە خزمەتی کڵێسا، هەربۆیە گەلێ لە ئەسقەف و کاردینالەکانی ڕابردوو، شازادە یا ئەشراف بوون، هەر پۆشاکی ڕوحانیەتیان داکەندبا پۆشاکی ئەشرافەکانیان لەبەردەکرد، شمشێریشیان لە کەمەر دەبەست، وەک کاردینال دو ڕیشیلیۆ (وەزیری لویی سیانزەهەمی پاشای فەرەنسا)..

دایک و باوکی تالیران، براکەیان ناردە خزمەتی ئەفسەری و تالیرانیش بۆ کڵێسا، پاش تەواوکردنی خوێندن پۆشاکی ڕوحانیەتی پۆشی، بەزوویش پێشکەوت، لە هەرێمی (ئۆتۆن) بووە یاریدەدەری ئەسقەف، ئەوەندە گەنجێکی جوان بوو، کاتێ لە کلیسەدا وەعزی دەدا، هەموو گوێگرانی مەحوی جوانی خۆی دەکرد، یەک کەلیمە لە وەعزەکەی تێنەدەگەیشتن.

(موریس دریفوس) مێژوونووسی فەرەنسی لە کتێبی (ژنە مەزنەکانی شۆڕشی فەرەنسا) نووسیویەتی: تالیران پیاوێکی هۆشیار بوو بەکلیلی جوانیی دەرگاکانی

سەرکەوتنی بۆ دەکرایەوە).

هەمان مێژوونووس دەڵێ ژن و پیاوی ناشیرین دەبێ ماوەیێک کۆشش بکەن تا هۆش و لیاقەتی خۆیان بسەلمێنن، بەڵام ژن و پیاوی جوان پێویستییان بەو کۆششە نییە، چونکە هەرکە خەڵکی چاویان پێبکەوێ هەموو سیفەتی چاکیان تیا کۆدەکنەوە، تالیران لەو بەختەوەرانە بوو بە پاسپۆرتی جوانییەوە هاتە نێو جیهان، لە هەر دەرگایێکی دەدا، لەڕوویدا دەکرایەوە، ئەگەرچی لە ئەشرافەکان و شازادە بوو، لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا بەئەندامی مەجلیسی موئەسیسان هەڵبژێردراو چووە نێو پیاوانی شۆڕشگێڕەوە)

ژیاننامەی سیاسی تالیران(١) لە سەردەمی ناپلیۆنی یەکەمدا وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بوو، لەوە ناسراوترە کە پێویست بە باس کرێت، ئەم پیاوە جوان و هۆشیارە، بەپۆشاکی ڕوحانیەت، بەشداری شۆڕشی فەرەنسای کرد کە کلیساو ڕوحانییەکان دژ بەم شۆڕشە بوون، چونکە لەگەڵ مەزهەبدا یەکدیگیر نەبوون، ئەم کەشیشە فرسەتخوازە، بەهۆشیارییەوە زەمینەسازی کرد، تا پەرلەمان قانونێکی دەرکرد بەناوی (کەشیشەکانی قانونی) خۆیشی بووە یەکەم کەشیشی قانونی فەرەنسا.

کە هەستی کرد شۆڕش بەردەوامی نابێت پۆشاکی (روحانییەتی قانونی) لەخۆی دوورخستەوەو بووە دیپلۆمات و وەزیری دەرەوەی ناپلیۆنی یەکەم، خیانەتی لە ناپلیۆن و ئەوانی دیش کرد.

تالیران لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا، کەشیشی قانونی بوو، ئاشنایەتی لەگەڵ خانم دومریکۆر پەیداکرد، کاتێ کە دومریکۆر، تالیرانی بینی حەزی لێ کرد،

(١) تالیران، نموونەی خائینێکی تەواو عەیاری کلاسیکە، بەئینسانترین و جوانترین حوکمێ لەسەر تالیران درابێ (ئاگادمیسین تارلێ) لە چاکترین کتێبیدا حوکمی لەسەر داوە، تارلێ نووسیویەتی: (ئەم پیاوە بۆ پارە و نیعمەتەکانی سەر زەوی، هەموو ئەو کەسانەی ئەم لە خزمەتیاندا سوودمەند بووە یەک لە دوای یەک فرۆشتوویانی و خیانەتی لێ کردوون. تەنها کەسێ کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی نەیفرۆشتووە دایکی خۆی بووە، ئەویش لەبەر ئەوەی بووە موشتەری نەبووە).





چونکە ئەم کەشیشە قانونییە بەئەندازەی لاڤوازێ ئیرادەی نییە، ئەم خۆی پێ ناگیرێ، بۆیە بەزوویی پەیوەندی دۆستانە لەنێوان تالیران و دومریکۆر پەیدابوو، بەبێ ئەوەی دۆستایەتی خۆی لەگەڵ لاڤوازێ بپچڕێنێت..

خانم دومریکۆر لە یەک کاتدا هەم دۆستی لاڤوازێ بوو هەم دۆستی تالیران دۆستایەتی دومریکۆرو تالیران بووە هۆی لەنێوچوونی دانتۆن..

لاڤوازێ بە مریکۆر–ی گوت: ئاگادارم لەنێوان لویی شانزەهەم و دانتۆن–دا پەیوەندییێک هەیە، پەیوەندییەکەیش لە ڕێی خانم دوسش دورلیانەوەیە، بەڵام نازانی دەربارەی چ شتێ گفتوگۆیان کردووە!

مریکۆر گوتی: ڕەنگە ئەو گفتوگۆیەیان دەربارەی دواخستنی موحاکەمەکەی لویی شانزەهەم بووە.

لاڤوازێ گوتی: ئەمە گریمانەیەکەو دەلیلمان لەدەستدا نییە ئەوە نیشاندات لەبەر ئەو گفتوگۆیەیان موحاکەمەی لویی شانزەهەم دواکەوتووە، تەنها خانم دوسش دورلیان دەتوانێ ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەم باسە، ئەویش دەستمان نایگاتێ تا داوای ڕوونکردنەوەی لێ بکەین.

مریکۆر گوتی: پێم وایە ڕێگایەکم هەیە تا داوای ڕوونکردنەوە لە خانم دوسش دورلیان بکەین، بەڵام هێشتا نازانم ئەو ڕێگایە کاریگەر دەبێ یا نەء..

لاڤوازێ گوتی: ئەو ڕێگایە چییە؟

مریکۆر گوتی: ڕێگەکەی من ئەوەیە، کەسێ ڕەنگە بتوانێ لەگەڵ خانم دوسش دورلیان قسان بکات، دەربارەی دانتۆن داوای ڕوونکردنەوەی لێ بکات..

مریکۆر کە ئەم قسانەی دەکرد تالیرانی لەبەر چاو گرتبوو.. مریکۆر دەیزانی خۆی ناتوانێت لە دوسش دورلیان نزیک بێتەوە، ئەو شازادە خانمە نەفرەت لە ژنێکی شۆڕشگێڕی وەک ئەم دەکات، بەڵام تالیران لە ئەشرافە و شازادەیە و کەشیش، کەشیشێک دەتوانێ لەگەڵ خانمێکی نەجیبزادەی وەک دۆسش دۆرلیان نزیک بێتەوە.

خانم دوسش دۆرلیان لەوکاتە ژنێکی بەتەمەن بوو، نەک لەو تەمەنەی شوعلەی موحیبەت لە وجودیا خامۆش بوبێەوە.

دەربارەی سەردەمی گەنجایەتی شازادە خانم دوسش دۆرلیان قسە زۆر هەبوو، دەیانگوت ئەو ژنە لە قۆناغی گەنجییەتیدا گەلێ دۆستی جۆراوجۆری هەبووە، مریکۆر پێشبینی ئەوەی دەکرد، جوانی و شکۆی تالیران کار لەو ژنە بە تەمەنە دەکات، تالیران دەتوانێ ئەوە بزانێت چ قسانێکی لەگەڵ دانتۆن دا کردووە.

مریکۆر هەرکە تالیرانی بینی ئەم باسەی لەگەڵدا کرد و گوتی: تەسەور دەکەم شازادە خانم دوسش دورلیان لەگەڵ دانتۆندا دەربارەی دواخستنی موحاکەمەکەی لویی شانزەهەم گفتوگۆی کردووە..

پاشان داوای لە تالیران کرد، بچێـە لای ئەو شازادە خانمە و لە دڵیدا جێ بۆ خۆی بکاتەوە..

تالیران گوتی: چ ڕێیەکم نییە ئاشنایەتی لەگەڵ دوسش دورلیران پەیدا بکەم.

مریکۆر گوتی: پیاوێکی ڕوحانی هەموو کاتێ دەتوانێ، موراجەعەی خانمە نەجیبزادەکان بکات، بەبیانووی داواکردنی کۆمەک بۆ هەژاران لەم ڕێگایەوە دەتوانێ ئاشنایان بێت.

لەو سەردەمەدا موئەسەساتی خەیری نەبوو، تەنها کەشیشەکان دەیانتوانی یارمەتی هەژاران بدەن، خۆیشیان بۆ ئەم کۆمەکە سامانیان نەبوو، لە ئەشراف و بەتایبەتی لەو خانمە دەوڵەمەندانە پارەیان وەردەگرت و دەیاندایە هەژاران، بەڵام تالیران لە نەجیبزادە بوو، پێیوابوو کۆمەک خواستن بۆ هەژاران لە شان و شەوکەتی کەم دەکاتەوە، بە خانم مریکۆر–ی گوت: ئەم کارە هی کەشیشەکانی گوند و قەسەبچەکانە، پیاوێکی وەکو من نابێ بۆ هەژاران داوای سەدەقە بکات، بەتایبەتیش لە شازادە خانمێکی وەک دوسش دورلیان!

مریکۆر هەند پێی داگرت، تا وای لە تالیران کرد بچێـە لای شازادە خانم دوسش دورلیان..

تالیران هەندی مەبەست نەبوو پەیوەندی دانتۆن و موحاکەمەکەی لویی شازدەهەم دوا دەکەوێ یا نەء.. لەم مەسئەلەیەدا سوودی تایبەتی پێ نەگەیشت و زەرەریشی نەدەکرد، بەڵام بۆئەوەی خانم مریکۆر ئاسوودە بکات موافەقەتی کرد دوسش دورلیان ببینی، داوای یەکدی بینینی لە دوسش دورلیان کرد.





خانم دوسش دورلیان بەم داخوازییەی تالیران سەرسام بوو، ئەگەرچی پیاوێکی ڕوحانی بوو، بەڵام لە کەشیشە شۆڕشگێڕەکان بوو، هەر بەهۆی شازادەیی ئەو پیاوە، ئەو داخوازییەی قبوڵ کرد..

شازادە خانم تا ئەو کاتە تالیرانی نەبینیبوو، بەڵام لەڕووی ناوبانگی بنەماڵەکەیەوە دەیناسی، ئەو دەمە هەموو شازادە خانمەکان هەموو ئەشراف و نەجیبزادە فەرەنسییەکانیان دەناسی ئەگەرچی یەکدیشیان نەبینیبێ.

تالیران بە پۆشاکی ڕوحانیەتەوە چووە ماڵەکەی دوسش دۆرلیان کاتێ ئەو ژنە بەتەمەنە تالیرانی بینی، گەلێ بە سەرسامییەوە گوتی: ئەی باوکی ڕوحانی من تەسەوری ئەوەم نەدەکرد تۆ هەند گەنج بیت!

تالیران نزیکی بووەوە، دەستی گرت و ماچی کرد، شازادە خانم پێکەنی و گوتی: دەبێ ئێمە دەستی ڕوحانییەکان ماچ کەین، نەک ئەوان دەستی ئێمە ماچ کەن.

تالیران گوتی: خانم، کاتێ پیاوێکی ڕوحانی ڕووبەڕووی خانمێکی وەک دوسش دورلیان بێتەوە، دەبێ ئەو دەستی ئەم خانمە ماچ کات.

تالیران باسی مەوزووعی کۆمەککردنی بۆ هەژاران نەکرد، وای خستە ڕوو چەندین ساڵە ئارەزووی دیداری ئەمی هەیە، گەلێ کەیفخۆش و بەختەوەرە کە بەئارەزووەکەی خۆی گەیشتووە، توانیویەتی شازادە خانم دوسش دۆرلیانی مەزن ببینێ.

پاش چارەکە سەعاتێ لە گفتوگۆ، تالیران خۆی وەکو مەفتوونی دوسش دورلیان خستەڕوو، ئەو دەمە ئەو خانمە بێوەژنێکی ئازاد بوو، پاش ئەوەی بیستی تالیران مەفتونیەتی گەلێ دڵخۆش بوو.

دوسش دورلیان گوتی: باوکی ڕوحانی ئازیز، تۆ تەنها بۆ ئەوە هاتوویتە لای من، تا پێم بڵێی تۆم خۆشدەوێ؟

تالیران گوتی: بەڵێ خانم!

دوسش گوتی: ئایە دەزانی لەنێوانی من و تۆدا چەندساڵی تەمەن جیاوازی هەیە؟

تالیران دەستی گرتی و ماچی کرد و گوتی: خانم کە دوو دڵ لە یەکدی نزیک

دەبنەوە ئیدی جیاوازی تەمەن لەنێودەچێ.

(موریس دریفوس)ی مێژوونووسی فەرەنسی دەڵێ: ئەو رۆژە تالیران بەپێویستی نەزانی باس لە مەوزووعە ئەسڵییەکە بکات، تەنها ستایشی دوسش دورلیانی دەکرد، کاتێ کە ویستی بڕوات، دوسش وەعدی لێ وەرگرت کە دوو ڕۆژی تر بێتە دیدەنیی..

پاش دوو ڕۆژ لە سەعاتی دیاریکراودا تالیران بۆ دیدەنی دوسش دورلیان چوو، بۆ وەدەستهێنانی مەبەستەکەی وەک دڵداری خۆی خستەڕوو..

بنەماڵەی دورلیان وەک پێشتر لە بنەماڵە بەرجەستەکانی فەرەنسا بوو ئەمڕۆیش ئەو بنەماڵە گەورەو ناسراوە، لەو وڵاتەدان، ئێمە نامانەوێ شتێ بڵێین، پێچەوانەی ئابڕووی ئەو بنەماڵە مەزنە بێت..

(لامارتین) نووسەری ناسراوی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا (مێژووی حیزبی ژیروند) باسی دیداری تالیران و خانم دوسش دورلیان دەکات، بەڵام ئەمیش پەردەپۆشی کردووەو گوتوویەتی: تالیران لەخانم دوسش دورلیانی بیست کە دانتۆن قستی یەکەمی بەرتیلەکەی کە دەبا لە لویی شانزەهەم وەرگری، ئەو قسەی وەرگرتبوو.

تالیران، کە ئەم ڕازەی لا ئاشکرا بوو، پەیوەندییەکەی خۆی لەگەڵ دوسش دورلیان نەپچڕی، بەڵام دوودڵ بوو لەوەی ئەم ڕازە لەلای خانم مریکۆردا باس کات یا نەء، چونکە مەسئەلەی بەرتیل وەرگرتنەکەی دانتۆن، ڕازێکی سیاسی گەورە بوو، هەرکەسێ ئاگای لەم ڕازە هەبا دەیتوانی دانتۆن لەنێوببات (بەو مەرجەی توانیبای ئەو بەرتیل وەرگرتنەی ئیسپات بکات).

هەرکە خانم مریکۆر تالیرانی دەبینی بەئیسرارەوە داوای لێ دەکرد، ئەو زانیارییانەی لە خانم دوسش دورلیانەوە وەدەستی هێناوە، پێی بڵێت.. تالیران نەیدەتوانی لەمەڕ سووربوونی ئەو ژنە گەنجە بەرگری بکات، ئەوەی دەیزانی پێیگوت.

خانم مریکۆر گوتی: ئێستا دەزانم بۆچی دانتۆن پێشنیازی کرد موحاکەمەکەی لویی شانزەهەم دواخرێ، کەوتە بیرکردنەوە..

تالیران گوتی: بۆ بیر دەکەیتەوە؟

مریکۆر گوتی: کاتێ پیاوێکی وەکو دانتۆن نەتوانێ بەرانبەر بە پارە بەرگری بکات





و بەرتیل وەرگرێ، ئایە ناتوانین ئەوە بڵێین سەرانی حیزبی (ژیروند) ئەمانیش بەرتیلیان وەرگرتووە؟

تالیران گوتی: سەرانی حیزبی (ژیروند) پیاوانی پاکن، ئەگەر دانتۆن عەیبی ئەخلاقی نەدەبوو، ئەویش پیاوێکی پاکە، ئەوەی کە ناچاری کردووە بەرتیل وەرگرێ، ئەوەیە کە عەیبی ئەخلاقی هەیە..

مریکۆر گوتی: دەربارەی سەرانی حیزبی (ژیروند) تۆ تەحقیق لە خانم دوسش دورلیان بکەو بپرسە، ئەوانیش بەرتیلیان وەرگرتووە یا نەء؟

(ژیروند) ناوی یەکێکە لە ولایەتەکانی فەرەنسا، لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا بووە ناوی حیزبێک، بە قەولی خەڵکانی ئەمڕۆ حیزبی دەستەڕاستی پەرلەمان، ئەندامانی حیزبی (ژیروند) لە دەستەڕاستی پەرلەماندا دادەنیشتن، ئیدی ناوی ڕاستڕەوەکانیان لێ نرا.

ئەندامانی حیزبی (مونتانیاز)[1] لەلای دەستەچەپی پەرلەماندا دادەنیشتن، بەم نوێنەرانەیان دەگوت چەپڕەو، لە نێوانی ئەم دوو حیزبەدا دەستەیێکی دی دادەنیشتن، پێیان دەگوترا نوێنەرانی دەشتی.[2]

نوێنەرانی حیزبی (ژیروند) لایەنگرییان لە لویی شانزەهەم دەکرد، نەیاندەویست ئەو پیاوە موحاکەمە بکرێت و مەحکومی کەن، بەپێچەوانەوە حیزبی کوێستانی داوایان دەکرد لویی شانزەهەم موحاکەمە بکرێ و ئیعدام بکرێ..

نوێنەرانی حیزبی (پلن)[3] میانڕەو بوون، نە لایەنگری ئەوەبوون لویی شانزەهەم موحاکەمە بکرێ و نە سەڵتەنەتخوازیش بوون، هەرکەسێ بیەوێ بەوردی زانیاری لەم مەسئەلەیەدا وەدەست بێنێت چاکە بگەڕێتەوە بۆ کتێبی (مێژووی حیزبی ژیروند) لامارتینی نووسەری ناسراوی فەرەنسی نووسیویەتی.

خانم مریکۆر وای بیر دەکردەوە، کەسێکی وەک دانتۆن بەرتیلی وەرگرتووەو سەرانی حیزبی (ژیروند)یش لایەنگری لە دواخستنی موحاکەمەکەی لویی شانزەهەم

(١) مونتانیاز: کوێستانی، چیانشین، کێوی.

(٢) دەشتی: دەشت، پێدەشت.

(٣) پلن: دەشتی، دەشت.

دەکەن، دەبێ سەرانی ئەو حیزبەش بەرتیلیان وەرگرتبێ.

مریکۆر، دەیویست وا لە تالیرانی دۆستی خۆی بکات، لە رێی دوسش دورلیانەوە بزانێ سەرانی (حیزبی ژیروند) بەرتیلیان وەرگرتووە یا نەء، هەروەها خۆیشی سوودی لە هوشیاری و جوانییەکەی خۆی وەرگرت، لە سەرانی حیزبی ژیروند نزیک بووەوە، تا تەحقیقیان لێ بکات..

یەکەم کەسێ لە سەرانی حیزبی ژیروند کەوتە نێو داوی مریکۆر (پسیۆن) بوو، ئەمیش یەکێ بوو لە پیاوە شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسا.

(لامارتین) دەڵێ: ئێمە سەرسام دەبین کە پیاوێکی وەک (پسیۆن) کە لە سەرانی حیزبی دەستەڕاست (ژیروند) بوو، چۆن کەمەنکێشی خانمێکی وەک مریکۆر بوو، کە توندڕەوتر بوو لە سەرانی حیزبی دەستەچەپ.

وەڵامی ئەم پرسیارە، دوو شتە: یەکەمیان جوانی و گەشاوەیی خانم مریکۆر و دووەم بکوژییەکەی.

(پسیۆن) چەند کەمەنکێشی جوانی ئەو ژنە بوو ئەوەندەش مەفتوونی خوێنمژییەکەی بوو، پسیۆن بەرلەوەی بمرێ گوتی: یەکەم جار مریکور بەچاوی کڕیارەوە سەرنجی دام، سەراپای من لەبەر لەززەت لەرز دایگرت، ئەو بایەخەی بە منی دا بەگەورەترین دیاری سروشتم زانی کە کردوویەتیە نسیبی من..

دەمویست پەیوەندی گیانی بەگیانی لەگەڵ ئەو ژنەدا دروست کەم تا بزانم خۆشەویستی ژنێ کە بەدەستی خۆی خەڵکانی دی وەک پەلەوەر سەردەبڕێ، چ لەززەتێکی هەیە!

پێشبینی و هەستم دەکرد، جوانترین ژنانی فەرەنسا لە ئاست مریکۆر وەک خۆراکێکی بێ تام وان و خوێیان تیا نییە.. ئەو کاتەی خانم مریکۆر بەنیگایێکی درێژەوە سەرنجی دام، پاشانیش دوو جار برژانگەکانی لەیەک دا، جوانی برژانگە چەماوەکانی خۆی نیشان دام، لە سینەمدا ئاگری عەشقی ئەو ژنە بەرز بوەوە، یەکەم ئارەزووی من ئەوە بوو دۆستایەتیی لەگەڵ پەیدا بکەم.

جورئەتم نەدەکرد لە مریکۆر نزیک بمەوە، تاپێی بڵێم نیگا گەرمەکانی چی لە دڵی من کردووە، ئەو نزیکی من بووەو گوتی: هاووڵاتی، چۆنن؟ بەدەنگێکی لەرزیووەوە





گوتم: هاووڵاتی، تائێستا حاڵم باش بوو، بەڵام کە تۆم بینی وەزعم شڵەژا.

خانم مریکۆر نیگایێکی دیی بەهەمان گەرمی نیگای یەکەمی تێ گرتم و گوتی: بۆچی شڵەژایت؟

گوتم: هەر تەنها دەتوانم ئەوە بڵێم، لە تەمەنی خۆمدا لە بینینی هیچ ژنێ وەکو بینینی تۆ نەیشڵەژاندووم..

خانم مریکۆر پێکەنی و بەگاڵتەوە گوتی: لە من ترسایت؟

گوتم: هاوڵاتی.. فریشتەیێکی ئاسمانی ترس دروست ناکات، تەنانەت ئەگەر مەلیکی ئەشکەنجەیش بێت.

مریکۆر گوتی: هاوڵاتی.. باوەڕ بە فریشتە هێنان، خرافاتی پێشینانە، لەم سەردەمەدا کە سەردەمی زانست و شۆڕشە نابێت باوەڕت بەوە هەبێ کە فریشتەی ئاسمانی هەیە.

گوتم: من باوەڕم بە فریشتەی ئاسمانی نییە، بەڵام باوەڕم بە فریشتەی زەمینی هەیە و ئەویش تۆیت.

مریکۆر گوتی: ئایە مەیلی ئەوەت هەیە مەلیکی ئەشکەنجە دەعوەت کەیت کە جامێ شەرابت لەگەڵدا بخواتەوە.

گوتم: لەجیاتی جامێ شەراب ئامادەم خوێنی دڵی خۆمت پێشکەش کەم بەو مەرجەی بزانم لەلای ئێوەدا پەسەندم.

مریکۆر گوتی: من ئێستا ناتوانم پێت بڵێم لەلای من پەسەندی یا نەء تۆ ئەوەت لەسەرە خۆت پەسەند بکەیت!!

گوتم: من بەدڵ و گیانەوە هەوڵ دەدەم لەلای ئێوە پەسەند بم، بەڵام ئێوە حەزدەکەن لەکوێ لەگەڵ مندا جامێ شەراب بنۆشن؟

مریکۆر گوتی: یا لە ماڵەکەی تۆ یا لە ماڵەکەی من!

من بێدەنگ بووم، ئەو پرسیاری کرد: بۆچی بێدەنگ بوویت؟

گوتم: نە من دەتوانم بێم بۆ ماڵەکەی تۆ، نە ئێوەیش دەبێ بێنە ماڵەکەی من، چونکە هەموو کەسێ تۆ دەناسێ و دەزانێ خانمێکی توندڕەویت، هاتنی تۆ بۆ

ماڵەکەی من کە نمایندەی حیزبی ژیروند-م یا هاتنی من بۆ ماڵەکەی تۆ بۆ من جوان نابێت..

مریکۆر گوتی: ئەوەندە ترسنۆکیت، ئەی بۆ گوتت ئامادەم خوێنی دڵم لەجیاتی شەراب بە تۆ پێشکەش کەم؟

گوتم: گەلێ چاکە، من دێم بۆ ماڵەکەی تۆ، لە چ سەعاتێکدا دەبێ بێم بۆ ماڵەکەتان؟

مریکۆر گوتی: هەر ئەمشەو و سەعات دە.

پاش ئەوەی (پسیۆن) لە خانم مریکۆر جیابووەوە، وەکو خۆی نووسیویەتی پراوپڕی خۆشحاڵی بووم.. گەیشتە (باربارۆ) کە ئەویش لە سەرانی حیزبی ژیروند بوو.

(پسیۆن) لە یادەوەرییەکانی خۆیدا لەم ڕووەوە دەڵێ: باربارۆ نمایندەی باشوور بوو لێی پرسیم: گەلێ بەخۆشحاڵییەوە دەتبینم، بۆ کوێ دەچیت؟

گوتم: دەچم خۆم ئامادە دەکەم بۆ دیداری بوونەوەرێکی ئازیز.

(باربارۆ) گوتی: ئەم بوونەوەرە ئازیزە پیاوە یا ژنە؟

نەمتوانی درۆ بکەم، گوتم: ژنە

(باربارۆ) گوتی: ژنێکی گەنج و جوانە؟

گوتم: بەڵێ گەنجەو گەلێ جوانە.

(باربارۆ) گوتی: دەکرێ ناوەکەی بزانم؟

گوتم: نەء، دۆستی ئازیز، ناوی ئەو ژنە لە نهێنییەکانە.

باربارۆ گوتی: ئایە لە دۆستە سیاسییەکانی ئێمەیە؟

گوتم: نەء.

باربارۆ گوتی: مۆفەقیەتت بۆ دەخوازم، موفەقیەت لە عەشقدا یانی شکست هێنان..

(خواحافیزیم لە باربارۆ کرد، پاش پەنجا هەنگاوێ گەیشتمە (گوادێ) ئەویش ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی حیزبی ژیروند بوو.. زانیم کە باربارۆ و گوادێ و





دۆستان و هاوکارانی سیاسی من، لە دەعوەتێکدا بوون یەک پاش ئەوی دی دێنە دەرێ، گوادێ بازووی گرتم و پرسی: تۆ لەکوێ بوویت، ئێمە تۆمان نەبینی، ئێستا بۆ کوێ دەچیت؟

گوتم: ئێستا من بۆ ماڵێ دەچم.

گوادێ گوتی: دەکرێ ئەمشەو بتبینین؟

گوتم: بۆ ئەمشەو ڕووداوێ ڕوودەدات؟

گوادێ گوتی: ئەمشەو هەموو نمایندەکانی حیزبەکەمان لە نادییەکدا کۆدەبینەوە بەیاننامەیەک دەربارەی ئازادی لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت ئیمزا دەکەن.

پرسیم، دەبێ لە چ سەعاتێکدا لەوێ ئامادەبن؟

گوادێ گوتی: سەعات دە و نیوی شەو.

سەعات دەی شەو دەعوەتی خانم مریکۆر بووم، بۆیە نەمدەتوانی لە سەعات دە و نیودا لە نادی[١] ئامادەبم، ئەمە بوو بە گوادێم گوت، من ناتوانم لە سەعات دە و نیودا لە نادیدا ئامادەبم.

گوادێ گوتی: بۆیە سەعات دە و نیویان داناوە، چونکە لەم سەعاتەدا چ کەسێ کاری نییە، هەموو کارەکانی خۆیانیان ئەنجامداوە..

گوتم: بەداخەوە، دەبێ بڵێم من لە سەعات دە و نیوی ئەمشەودا کارم هەیەو ناتوانم بێم بۆ نادی، بەڵام سبەینێ بەیاننامەکە ئیمزا دەکەم.

گوادێ پێکەنی و گوتی: پسیۆن من دەتوانم هەست بەوە بکەم کە کارەکەی تۆ چ نەوعێکە، کە دەستە ناسکەکان، گەمارۆت دەدەن، هەر بەرت دەدەن لە سەعات یانزەدا خۆت بگەیێنە نادی، چونکە لەم شەوەدا ئامادەبوونی ئێوە زەروورییە.

گوتم: من ئێستاکێ باربارۆم بینی، دەربارەی کۆبوونەوەکەی ئەمشەو لەنادیدا هیچ شتێکی بە من نەگوت.

(٣) لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسا، ئەندامانی هەر حیزبێ ناوەندی حیزبیان هەبوو، بەئیستلاحی ئەمڕۆ مەکتەبی سیاسی حیزب، ئەو دەمە پێیاندەگوت یانە (نادی) وەک نادی حیزبی ژیروند و نادی حیزبی مونتانیاز.

گوادێ گوتی: ئەڵبەتە باربارۆ تەسەوری ئەوەی کردووە کە تۆ زانیوتە ئەمشەو لەنادیدا کۆبوونەوە هەیە، بەزەروریی نەزانیوە بیرت خاتەوە.

(پسیۆن) لە (گوادێ) جیابووەوە، بەرەو ماڵەکەی خۆی ڕۆیشت، نەیتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە نمایندەکانی حیزبی ژیروند لە پەرلەمانی فەرەنسادا کە ئەمشەو لە نادیدا کۆبوونەوەیان هەیە، فەرمانی کوشتنی خۆیان ئیمزا دەکەن، چونکە یەکێ لەو بەڵگانەی ڕوبسپێر خستیەڕوو، بۆئەوەی لە دادگادا لەنێویان ببات، هەمان ئەو بەیاننامەیە بوو کە ئەو شەوە لە نادیدا حیزبی ژیروند بۆ پشتگیری لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت ئیمزایان کردبوو باربارۆ و گوادێ و ئەوانی دی، بە گیوتین، گیانیان لەدەست دا.

(پسیۆن) لە یادەوەرییەکانیدا نووسیویەتی:

"هەرکە چوومە ماڵێ، تەراشم کرد و خۆم گۆڕی، هەندێ عەترم لە خۆ دا، دەبێ لە تەنیشتی ژنێکی دڵپەسەندی وەک خانم مریکۆر بۆنم خۆشبێ، هێشتا سەعاتێ مابوو ببێت بە سەعات دە، بەڵام سات بە سات سەیری سەعاتم دەکرد، کە سەعات بووە دە، لە ماڵێ چوومە دەرێ سواری گالیسکەیێکی کرێ بووم، بەرەو ماڵەکەی مریکۆر کەوتینەڕێ.

نەمدەویست بەرانبەر ماڵەکەی مریکۆر دابەزم، لە سەرەتای شەقامەکەدا دابەزیم، کە بەرەو ماڵەکەی ئەو ژنە دەبوومەوە گەلێ سوپاسی بەختی خۆمم دەکرد کە ڕێی دڵی ژنێکی وەکو مریکۆری بۆ کردوومەتەوە، نزیکی ماڵەکە بوومەوە، دڵم بەتوندی کەوتە تەپەتەپ، دەترسام نەوەک ڕووداوێ ڕوویدات و لە دیداری ئەو ژنە مەحرووم بم، لە نزیکی ماڵەکەیدا، هەنگاوەکانم خاو کردەوە، یەخەی شنلەکەم بەرزکردەوە، هەندێ شەپقەکەم هێنایە خوارێ بۆ ئەوەی ڕوخسارم بە جوانی دەرنەکەوێ..

هەرکە لە زەنگم دا، دەرگای ماڵەکە کرایەوە، تەسەورم کرد خودی خانم مریکۆر-ە دەرگای کردووەتەوە، بەڵام دەرکەوت ژنە دەرگاوانەکەیە، لێی پرسیم، تۆیت بۆ دیداری هاووڵاتی مریکۆر هاتوویت؟

گوتم: بەڵێ.

ئەو ژنە گوتی: ماڵەکەی هاووڵاتی مریکۆر لە نهۆمی دووهەمدایە.





بێ ئەوەی هیچ بایەخێکم بداتێ، یا بیەوێ بمناسێ چووە ژوورەکەی خۆی و دەرگای بەست.. ئەمە لەکاتێکدا ژنانی دەرگاوانی بینایەکانی پاریس لە چەقاوەسووترین کەسانن، هەرکە کەسێ بچێتە ماڵێ، دەسبەرداری نابن تا چاک نەیناسن.. دیارە خانم مریکۆر ئەو ژنە دەرگاوانەی بەجۆرێ پەروەردە کردووە، نابێ ئەو کەسانەی دێنە لای خانم مریکۆر، زۆری لەگەڵ بلێن. چوومە نهۆمی دووەم لە دەرگای خانم مریکۆرم دا، ئەو دەرگاکەی کردەوەو گوتی: بەخێربێیت، پاشان منی بردە ژوورێ.

گوتم: هاووڵاتی، پیرۆزباییت لێ دەکەم ماڵێکی جوانت هەیە..

خانم مریکۆر گوتی: وشەی هاووڵاتی تایبەتە بە شوێنە ڕەسمییەکان، ئەگەر دەتەوێ لەگەڵ مندا دۆست بیت، بەناوی بچووکی خۆم (ترڤانی) بانگم کە..

گوتم: (ترڤانی) ئیجازەم دەدەیتێ دەستەکانت ماچ کەم؟

خانم مریکۆر دەستەکانی دامێ، دەمزانی ئەو دەستانەی ئالوودەی خوێنی هەندێ پیاوان بووە، بەڵام بەجۆرێ کەمەنکێشی ئەو ژنە ببووم خوێنی دەستەکانیم نەدەبینی، بۆ چەند ساتێ سەیری ئەو دەستانەم کرد.. تا خۆی دەستەکانی کێشایەوەو گوتی: ئێمەی ژنانی شۆڕشگێڕ خزمەتکارمان نییە، هەموو کارەکانی ماڵ خۆمان دەیکەین، خۆراکێک کە تایبەتە بەمشەو خۆم لێمناوە، خۆیشم شەرابم لە بازاڕ کڕیوە، بفەرموو با بچینە ژووری خۆراکەوە..

گوتم: ترڤانی ئازیز سادەییەکەت جوانی و مەحبوبیەتی ئێوە زیاتر دەکات، من ئەمشەو خۆم بە بەختەوەرترین پیاوانی دنیا دەزانم چونکە دەتوانم لەگەڵ ژنێکی وەکو ئێوەدا بەسەربەرم.

خانم مریکۆر پێکەنی و گوتی: ئایە دەتەوێ ئەوە بڵێیت کە منت خۆشدەوێ؟

گوتم: بەڵێ تریڤانی ئازیز

خانم مریکۆر گوتی: درۆ دەکەیت!

گوتم: ئەگەر تۆم خۆش نەویستبا، ئایە مومکین بوو، بێمە ماڵەکەی ئێوە، ئەوەی منی بۆ ماڵەکەی تۆ ڕاکێشاوە عەشقە.

خانم مریکۆر گوتی: ئەوەی تۆی بۆ ماڵەکەی من ڕاکێشاوە، حەز بە زانینە، ئێوە حەزدەکەن بزانن ژنێکی شۆڕشگێڕ چۆنە، ئایە ڕەفتاری وەک ژنەکانی دییە، یا جیاوازیی هەیە؟

گوتم: سوێندت بۆ دەخۆم، خۆشمەدەوێیت، کاتێ ئەمشەو بەرەو ماڵەکەی ئێوە دەهاتم دڵم بەتوندی لێی دەدا.

خانم مریکۆر گوتی: ئەگەر منت خۆشدەوێ، ئەبێ بزانی عاشق نابێ نهێنییەکانی خۆی لە مەعشوقەکەی خۆی بشارێتەوە.

گوتم: من نهێنییەکانی خۆم لە تۆ ناشارمەوە!

گوتی: ئەگەر نهێنییەکانت لە من ناشاریتەوە، بڵێ بزانم لویی شانزەهەم چی پێ داون وا ئەمشەو لە نادیدا بەیاننامەیێک دەردەکەن داوای ئازادی بۆ خۆی و ژنەکەی دەکەن؟

بەبێ ئیرادە گوتم: ئا.. ئێوە ئاگاداری ئەم مەوزووعەن؟

بە پێکەنینەوە گوتی: هەموو ئاگایان لەم باسەیە، تەنها ئەو برە پارەیەی وەرتان گرتووە، لە نهێنییەکانە.

گوتم: بۆئەوەی لایەنگری لویی شانزەهەم بکەین، چ کەسێ پارەی نەداوینێ.

مریکۆر گوتی: ئەی حیزبی ژیروند بەناوی دژایەتیکردنی حکومەتی ئیستبدادی بۆربۆن-ەوە، نەهاتوونەتە سەر کار، چ بووە وا لایەنگری لویی شانزەهەم و ئەشرافە کۆنەکانن، خۆ لەوان کەللەڕەقترن؟

گوتم: من دژ بە ڕژێمی ئیستبدادی حکومەتی فەرەنسا بووم، بەڵام چ دوژمنایەتییێکم لەگەڵ خودی لویی شانزەهەمدا نییە، من دژ بە ڕۆحی حکومەتی فەرەنسا بووم، کەچی ئەمڕۆ دەبینین، ڕۆحی حکومەتی فەرەنسا چووەتە نێو جەستەی خەڵکانێکی دییەوە، بۆ پلەوپایەو فریودانی ڕەشە خەڵکەکە دەیانەوێ لویی شانزەهەم ئیعدام بکەن، ئەمەیش لەکاتێکدایە کە ڕەوشی حکومەتەکەیان باشتر نییە لە حکومەتی ئیستبدادی لویی شانزەهەم.

خانم مریکۆر گوتی: بە چ دەلیلێ ڕەوشی حکومەتەکەی ئەمان بەدترە لە ڕەوشی حکومەتەکەی لویی شانزەهەم؟





گوتم: لویی شانزەهەم لە ماوەی سەڵتەنەتەکەی خۆیدا چ کەسێکی نەکوشت، بەڵام (روبسپێر) و (دانتۆن) و (کامی دومولن) ڕۆژی پەنجا کەس دەکوژن، ئەگەر بچیت بۆ مەیدانی ئیعدام، دەبینی لەوێدا خەندەقیان لێداوە، تا خوێنی کوژراوان بخەنە نێو خەندەقەکەوە، ئەو خوێنەی کە هەمیشە لەوێدا بەرچاو دەکەوێ، لە قەسابخانەدا ئەوەندە خوێن نییە.

خانم مریکۆر گوتی: دەبێ بەم جۆرە بێ، بەڕێیەکی دی ناتوانرێ ڕیشەی فەساد لە زەمین هەڵکەندرێ.. ئەڵبەتە پەندێک هەیە و دەیزانی کە (تا هێلکە نەشکێن، هێلکەوڕۆن دروست نابێ)

گوتم: ئەم خوێنڕێژییە بۆ ڕیشەکێشانی فەساد نییە، بەڵکو بۆ ناشتنی درەختێکی فاسیدە.

خانم مریکۆر گوتی: لە بری ئەو، ئازادی و یەکسانیمان داوەتێ!

گوتم: ئەو ئازادییەی ئێوە داوتانەتە خەڵکی وەکو ئازادی مەڕێک وایە کە بەپێی خۆی بەرەو قەسابخانە دەڕوات، تەسەور دەکات ئازادیی هەیە، ئەو یەکسانییەی ئێوە داوتانەتە میللەتی فەرەنسا، یەکسانییە بەرانبەر بە بەدبەختی و فەسادو ڕۆژڕەشی، ئێمە حکومەتی سیلسیلەی بۆربۆن-مان بۆ ئەوە سەرنگون نەکرد کە کەسێکی وەکو ڕۆبسپێر دەسەڵات بگرێتە دەست، هەزار جار موستەبیدترە لە لویی چواردەهەم و لە لویی پانزەهەم، نەک تەنها ئازادی، بەلکو ڕۆحی خەڵکیشیان دەرهێناوە.

مریکۆر گوتی: ئازادی لە چ کەسێ وەرنەگیراوە، چاکترین دەلیلیش بۆ ئەم ئازادییە ئەوەیە کە ئەمشەو هاوڕێ سیاسییەکانی ئێوە لە نادی ژیروند کۆبوونەتەوە بۆ لایەنگریکردن لە لویی شانزەهەم بەیاننامەیێک ئیمزا دەکەن.. ئەگەر لویی شانزەهەم یا لویی پانزەهەم دەسەڵاتداربان، ئێوە دەتانتوانی بە شێوەیێکی ئاشکراو بەئاگاداری هەموو خەڵکی، تەنانەت خودی پاشای فەرەنسا-یش لە نادیێکدا کۆببنەوە، بەیاننامەیێک ئیمزا بکەن، داوای ئازادی بۆ دوژمنی خوێنینی لویی شانزەهەم یا لویی پانزەهەم بکەن؟ ئەڵبەتە نەء، بۆیە ئەوە بسەلمێنە کە ئەمڕۆ لە فەرەنسادا ئازادی بەرقەرارە، ئەم ئازادییەش لە رابردوودا نەبووە، ئەم ئازادییە بەری شۆڕشی ئێمەیە. ئەو کەسانەی دەشکوژرێن دوژمنانی ئازادی و یەکسانین و

لایەنگرانی ئسوڵی ئەشرافە کۆنەکانن.

گوتم: ئەوانەی لە زینداندا بەدەستی خەڵک بەتایبەتی بەدەستی خانمەکان دەکوژرێن ئەی ئەوانە چۆن؟

گوتی: ئەوانیش دوژمنانی ئازادی و یەکسانی بوون، ئەگەرنا بۆچی دەیانخستنە زیندانەوە؟

گوتم: من ئەم قسانەی تۆم قبوڵ نییە، چونکە ئاگادارم بەلای کەمەوە نیوەی ئەو کەسانەی دادگای شۆڕشگێڕی حوکمی ئیعدامی لەسەر داون بێگوناه بوون، تەنانەت بە ئاستەمیش دژی ئازادی و یەکسانی میللەتی فەرەنسا نەبوون، ئەو کەسانەی حوکمی ئیعدامیان لەسەر درا دادگایی کران، بەڵام لە دادگای شۆڕشگێڕیدا، تەنانەت پێیان نەگوتن تۆمەتەکانیان چییە، بۆیە من لەم ڕووەوە، لایەنگری لویی شانزەهەم دەکەم، چونکە بەلای کەمەوە خەڵکی بێگوناهی نەدەکوشت..

خانم مریکۆر گوتی: شۆڕشی فەرەنسا، کەسان دەکوژێ، ئەویش ئەو کەسانەی دژی شۆڕشن، یا کەسانێ گومانی ئەوەیان لێ دەکری دژی شۆڕش بن..

بەڵام لویی شانزەهەم و باپیرانی ئەویش میللەتی فەرەنسایان دەکوشت، ئایە ئێوە نمایندەی پەرلەمانی فەرەنسان، بڕواتان بەوە نییە کە سیستەمی حکومەتی سیلسیلەی بۆربۆن چ ئامانجێکی نەبوو جگە لەوەی میللەتی فەرەنسا بۆ هەمیشە بکاتە کۆیلە، بۆ ئەبەدیش بەرژەوەندییەکانی ئەشرافەکان بپارێزێ.

گوتم: باوەڕم بەمە هەیە، من و هاوڕێکانم دژ بەم خوێنڕێژییەین، مەحاڵە بتوانرێ میللەتێ لە ڕێی قەسابخانەوە بەختەوەر بکرێت..

ئەوەی کە ئەم قەسابخانەیەی هێناوەتە کایەوە، فریودانی ڕەشە خەڵکەکەیە تا دەسەڵاتی حکومەتەکەی ڕوبسپێرو دانتۆن و کامی دومولن و هاوکارەکانی بپارێزێ..

ڕۆژنامەنووسێکی شۆڕشگێڕ بەناوی (مارا) گوتی: چارەسەری هەموو دەردیسەرییەکانی فەرەنسا گیوتین-ە، میللەتیش لە لووتبەرزی و زوڵمی ئەشرافەکان بێزار بوو، ئەم گوتەیەیان قبوڵ کرد، ڕوبسپێرو دانتۆن و کامی دومولن و ئەوانی دی، بۆئەوەی گرێ ڕۆحییەکانی خۆیان بکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا خەڵکی ڕازی کەن، هەزار کەسیان ناردە ژێر گیوتین، ئێستایش هەر دەیاننێرن، ئەمڕۆ خەڵکی





تێگەیشتوون کە ڕزگاربوونیان لە کوشتاردا نییە، لەم قەسابخانە بێ کۆتاییە بێزارن، هەرکەسێ بەرەبەیان لە خەو هەڵدەستی، دەست بەگەردنی خۆیا ئەهێنێ، پێی سەیرە چۆن تائێستایش سەری بە لەشیەوەیەتی، چونکە چ کەسێ نییە چاوەڕێی مەرگ نەکات، لەم وڵاتەدا ناوی سامسونی جەلاد لە ژاندارک ناسراوترە، هەندێ خەڵک دیاری بۆ دەنێرن، بۆئەوەی کە ڕۆژێ بکەونە بەردەستییەوە بەجۆرێ ئیعدامیان کات ئازاریان پێ نەگەیێنێ، ئەوەندە سادەن پێیان وایە لە حەرەکە میکانییەکەی گیوتین، سامسۆن دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێ.

ئێستا بۆ ڕیفۆرم هیچ هەنگاوێک هەڵنەهێنراوە، بەجددیش هیچ کارێک نەکراوە، تەنها خەڵک ناردن بۆ مەیدانی ئیعدام نەبێ، هیچ شتێکی تر نەکراوە، من و هاوڕێ سیاسییەکانم دەمانەوێ ئەم قەسابخانە و خوێنڕێژییە لەنێوببەین، حکومەتێکی دی بخەینە سەرکار، تا بۆ بەژەوەندی میللەت کار بکات، چۆن لە رابوردوودا دوژمنی شەخسی لویی شانزەهەم نەبووین، ئەمڕۆیش لەگەڵ شەخسی ڕوبسپێرو دانتۆن دوژمن نین، بەڵکو دوژمنایەتی ڕەوشی حکومەتەکەیان دەکەین، هەربۆیە لایەنگری لە لویی شانزەهەم دەکەین، ئەو لە ئاستی کەسانی وەک ڕۆبسپێر بە بێگوناه دەزانین.

خانم میکۆر گوتی: بەسە.. دەربارەی حکومەتی فەرەنسا زۆرمان قسەکرد، ئێستا چاکتر وایە دەربارەی عەشق قسان بکەین، ئەوەی هەیە لە سیاسەت باشترە، چونکە ڕاست و چەپی نییە، ژنێکی شۆڕشگێڕی چەپڕەوی وەکو من دەتوانێ لەگەڵ پیاوێکی ڕاستڕەوی وەکو تۆ قسان بکات..

لەو کاتەدا خۆراک ئامادە ببوو، خانم مریکۆر پێیگوتم، بچمە ژوورەکەی، پاش ئەوەی چووینە ژوورە تایبەتییەکەی پێیگوتم: تۆ لێرەدابە تا من دەگەڕێمەوە، هەرکە ڕۆیشت من بەخۆمم گوت: چووە چەقۆ یا نیزەکەی خۆی بێنێ.

کە گەڕایەوە ئەوانەی پێ نەبوو، پێیگوتم: من لەززەتم لە راستگۆیت وەرگرت کە لە سیاسەت دەدوایت، پسیۆن ئێستا ئەوەم نیشان دە، ئایە لە عەشقدا ڕاستگۆیت یا نەء..گوتم: خانم مومکینە ئینسان لە سیاسەتدا دووڕووبێ و درۆ بکات، بەڵام ناتوانێ لە عەشقدا درۆ بکات.. گوتی: عەشقیش درۆ قبوڵ دەکات، دەتوانرێ وەکو عاشق خۆ بخرێتە ڕوو بەبێ ئەوەی عەشقی ڕاستەقینە لە گۆڕێدا بێ..

بەژن و چاوە بەڵەکەکانی مریکۆر نەک تەنها پسیۆن–ی خستە داوەوە، بەڵکو ئەم ژنە شۆڕشگێڕە ئاگرینە توانیی (سۆیوروف)ی ناسراویش بخاتە داوی خۆیەوە.

ژنەراڵ (سۆیوروف) لە مێژووی ڕوسیاو ئەوروپادا ناسراوترە لەوەی پێویستی بە ناسین بێت، ئەو سەردارە مەزنەی ڕوسیای قەیسەری لە بیست جەنگدا سەرکەوتنی وەدەست هێنا، مەزنی عەسکەریی لە رادەیەکدا بوو کە کۆمەنیستێکی توندڕەوی وەکو ستالین، لە دواجەنگی جیهانیدا، گەورەترین میدالیای عەسکەری سۆڤیەتی بەناوی (میدالیای سۆیوروف–ەوە) دانا، (سۆیوروف) لە سەردەمی گەنجیدا لەگەڵ کاترین–ی دووهەمی مەلیکەی ڕوسیا، ئاشنا نەبوو، چونکە ژیانی لە مەیدانی جەنگدا بەسەردەبرد، لە سەدا نەوەتی ولایەتەکان لە سەردەمی سەڵتەنەتی کاترینی دووهەمدا خرایە سەر ڕوسیاو لە جەنگدا بەدەستی (سۆیوروف) داگیرکران، پاش بەسەربردنی تەمەنێ لە مەیدانی جەنگدا، ڕێی کەوتە لای کاترین، ئەو دەمە گەنج نەبوو، مەلیکەی گەنج پەسەندی ڕوسیا حەزی لە پیاوە گەنجەکان بوو.

(سوێوروف) کە چووە ژوورەکەی مەلیکەی ڕوسیا، چاوی بە گەنجێ کەوت، تەقریبەن مێردمناڵ بوو، لە تەنیشتی مەلیکەدا دانیشتبوو، وەک کوڕی ماڵ ڕەفتاری دەکرد، ئەو ژنەراڵە بەرجەستەیە دەیزانی، ئەو مێردمناڵە کوڕی کاترینی دووەم نییە، بەڵکو مەعشوقی ئەوە، چ بایەخێکی نەدایێ، بەجۆرێ وەستا پشتی لەو گەنجە بوو.

کاترین هەستی کرد بەچاوی حەقارەتەوە سەیری مەحبووبەکەی دەکرێ، گوتی: ژنەراڵ، دەمەوێ مورافیقەکەی خۆمت پێ بناسێنم!

ژنەراڵ، پیاوێکی ڕاشکاو و ڕاستگۆ بوو، بە کاترینی گوت: خاوەن شکۆ من حەزناکەم دۆستی گەنجانێ.. .. بم!

ئەو وشەیەی ژنەراڵە مەزنەکەی ڕوسیا هێنایە سەر زمان، ئەوەندە ڕەکیک بوو، ناتوانین بینووسین. کاترین ئەم قسەیەی بیست سوور هەڵگەڕاو گوتی: ژنەراڵ، لەم ژوورە بچۆ دەرێ، بچۆ بۆ نێو مۆڵکەکانی خۆت، سوپاسیشم بکە مۆڵکەکانت حیجز ناکەم..

ژنەراڵ پاژنەی چەکمەکانی دایە قەد یەک لەحاڵەتی ئیستعدادا وەستا، پاشان وەرچەرخاو لە ژوورەکە هاتە دەرێ.





ماوەی چەند ساڵێ ئەو ژنەراڵە کەوتە بەر غەزەبی کاترین و لەنێو مۆڵکەکانیا ژیانی بەسەردەبرد، هەر کەسێکیش دەربارەی ئەو ژنەراڵە قسەیێکی کردبا دەکەوتە بەر غەزەبەوە.. تا ئەوکاتەی ڤۆلتێر نووسەری ناسراوی فەرەنسی بەبێ مەبەست فریای ئەو ژنەراڵە کەوت، کتێبێکی دەربارەی دلێری و سەرکەوتنەکانی ئەو ژنەراڵە نووسی و بڵاوی کردەوە.. کاترینی دووهەم حەزی لە کتێب و ئەدەبی فەرەنسی بوو، کە ئەو کتێبەی خوێندەوە بڕیاری دا لە بری غەزەب، موحیبەت بەرانبەر بەو ژنەراڵە بنوێنێ، دەیزانی ئەو ژنەراڵە گەلێ ڕەنجاوە، بە نامە نابێت، دوو ژنەراڵی ناردە نێو مۆڵکەکانی سۆیوروف تا لەگەڵ خۆیاندا بیهێننە پایتەخت، کاتێ ئەو ژنەراڵە کەوتە ڕێ، زستان بوو، لە ڕۆژێکی سارددا گەیشتنە نێو مۆڵکەکانی سۆیوروف، ئەمری مەلیکەیان دایێ ژنەراڵ سویوروف، دەسبەجێ ئۆنیفۆرمی عەسکەری پۆشی، بەبێ ئەوەی پاڵتۆ لەبەرکات سواری سورتمە(١) بوو کە ئەو دوو ژنەراڵە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان..

ژنەراڵ سویوروف لە سوپای ڕوسیادا ژنەراڵی دەرەجە یەک بوو، وەک ژنەراڵە پێنج ئەستێرەکانی ئەمڕۆی ئەمریکا، ئەو دوو ژنەراڵەی هاتبوون بۆ لای سۆیوروف، لە ژنەراڵەکانی دەرەجە چوارەم بوون، بەپێی پرنسیپی وردی سوپای ڕوسیا، هیچ ئەفسەرێکی دەرەجە نزم نەیدەتوانی بەرانبەر بە ئەفسەرێکی دەرەجە بەرز پاڵتۆ بپۆشێ، مەگەر ئەفسەرە دەرەجە بەرزەکە پاڵتۆی پۆشیبێ، ئەمە بوو ئەو دوو ژنەراڵەی ناچارکرد پاڵتۆکانیان داکەنن، بەبێ پاڵتۆ لەو سەرمای زستانەی باکوری ڕوسیا ژنەراڵ سویوروف یان گەیاندە پایتەخت..

کاترینی دووەم بۆ دڵدانەوەی ژنەراڵی بەرجەستەی ڕوسیا ئەمری کردبوو هەرکە ژنەراڵ سوریورف هاتە ژوورەوە چەند پیاوێکی لەشکری و دەوڵەتی لە تەلارەکاندا ئامادە بن..

ژنەراڵ سویوروف بەبێ پاڵتۆ بەرەو تەلارەکە، کەوتە ڕێ..

لەو سەردەمەو پاشتریش تا سەردەمی شۆڕشی ڕوسیا، ئەشرافە ڕوسییەکان لە هەموو شتێکدا لاسایی فەرەنسییەکانیان دەکردەوە. ژوورەکانیان بە فۆرمیکای

(١) سورتمە: جۆرە عەرەبانەیەکە بەسەر بەفرا دەخزێ.

سەوز یا سوور یا زەرد، دەڕازاندەوە وەک ئاوێنە ژوورەکان دەدرەوشانەوە.

ژەنەراڵ سویوروف کە چووە تەلارەکەوە، پێی ڕاستی بەئاسپایی خستە سەر فۆرمیکای تەلارەکەوە، وەک کەسێ بەسەر دەریاچەیێکی مەییودا بڕوات و ترسی ئەوەی هەبێ بەفرەکەی ژێر پێی بشکێ ئاوها لەسەرەخۆ پێی چەپیشی خستە سەر فۆرمیکاکەوە، بەدەستی ئەنقەست خۆی خزاندو کەوت، ئیدی هەڵنەسایەوە.

لەسەر دەست و پێ وەک منداڵی پێ نەگرتوو کەوتە ڕێکردن و خۆی گەیاندە تەختەکەی کاترینی دووەم و لەوێدا هەڵسا.. ئەو دەمە کاترینی دووەم ژنێکی بەتەمەن بوو، دوا ساڵەکانی تەمەنی خۆی بەسەردەبرد، گوتی: جەنابی ژەنەراڵ سویوروف ئەمە چ جۆر ڕێڕۆیشتنێکە؟

ژەنەراڵ سویوروف گوتی: خاوەن شکۆ، ئێمەی سەرباز عادەتمان وایە زەمینی سەختی مەیدانی جەنگ لە ژێر پێیەکانمان هەستیان پێبکەین ناتوانین لەم جۆرە هۆڵە ڕازاوانەدا کە لە ئاوێنە لووسترن، ڕێ بکەین، ناچاربووم لێرەدا گاگۆڵکێ بکەم..

کاترینی دووهەم ئەو سەردارە دلێرەی بۆ ئەوە بانگ کردبوو، تا بیخاتە ژێر موحیبەتی خۆیەوە، پاش ئەم ڕووداوە چاوپۆشی لەو موحیبەتە کرد، پاش هەندێ ئەحواڵپرسین گوتی: بۆ ئەوە داوام کردوویت بەشداری شورای جەنگی ئێمە بکەیت.

ژەنەراڵ سویوروف گوتی: خاوەن شکۆ، شورای جەنگی کەی دادەمەزرێت؟

کاترینی دووەم گوتی: لەبەرئەوەی چ کارێکمان نییە هەر ئێستا شورای جەنگی دادەمەزرێنین.

بەئەمری مەلیکە پیاوە دەوڵەتییەکان لە تەلارەکە چوو نەدەرێ، پیاوانی لەشکری کە دەبا بەشداری شورای جەنگی بکەن، مانەوە، ئەو دەمە نێوانی ڕوسیا و نەمسا تێکچووبوو، مەلیکەی ڕوسیا دەیویست لەگەڵ نەمسادا بجەنگێت، کۆبوونەوەی شورای جەنگی دەستی پێکرد تا دەربارەی لەشکرکێشی ڕاوێژ بکەن.

ئەو پیاوە لەشکرییانەی ئامادەی کۆبوونەوەکە ببوون، بۆچوونی خۆیان خستەڕوو، ژەنەراڵ سویوروف ورتەی لە دەم نەهاتە دەر، لەپڕ وەک ئەوەی کورسییەکەی دەرزی ئاژن کرابێ، هەڵسا و چەند جارێ هەڵبەزو دابەزی کرد!





کاترینی دووەم گوتی: جەنابی ژەنەراڵ چیت بەسەرهاتووە؟

ژەنەراڵ گوتی: لە ترۆپکی چیاوە بازدەدەم.

مەلیکە ئەم قسەیەی بە نەبیستراو وەرگرت، بەردەوامی بەڕاوێژی جەنگی دا لەپڕ، جارێکی دی ژەنەراڵ سویوروف گوتی: ڕۆچووم، ڕۆچووم!

کاترینی دووەم گوتی: جەنابی ژەنەراڵ دەڵێی مێشکت تێکچووە؟

ژەنەراڵ گوتی: نەء، خانم، بەڵام ئەم ڕاوێژکارە.. .. نەی ئێوە (جنێوێکی سووکی هێنایە سەر زمان، لە ڕوسیا لەنێوان هەندێ لە چینەکاندا بەکاردەهێنرا، بەڵام ئێمە ناتوانین لێرەدا بینووسین) مەیدانی جەنگیان تەنها لەسەر نەخشە بینیوە، دەیانەوێ تۆپخانە بەترۆپکی چیاکانا تێپەڕێنن، سەیرم کرد جگە لە هەڵبەزو دابەز بەسەر کێوەکاندا، ناتوانرێت، ئەوانە تێپەڕێنن، ئێستاش دەیانەوێ سوپاو تۆپخانە بەسەر گۆلاوەکاندا تێپەڕێنن، بۆیە هەستم کرد ڕۆدەچم.

کاترینی دووەم گوتی: جەنابی ژەنەراڵ من هەست دەکەم تۆ چاک نابیتەوە، چاکتر وایە لە وڵاتەکەی من دووركەویتەوە.

ژەنەراڵ سویوروف گوتی: ملکەچی ئەمرەکانی ئێوەم، هەر شوێنێ ئێوە بیڵێن من بۆی دەچم.

کاترینی دووەم گوتی: گەر هەندێ ئێوەم خۆشویستبا پێمدەگوتی بڕۆ بۆ جەهەنەم، بەڵام لەبەرئەوەی ئێوەم خۆش ناوی، دەڵێم بڕۆ بۆ فەرەنسا.

ژەنەراڵ سویوروف لەحاڵەتی ئیستعداد وەستا وەرچەرخاو لە ژوورەکە چووە دەرێ.. پاسپۆرتێکیان بەناوی (ڤلادمیریکوف) بۆ دەرکرد لە پترسبۆرگەوە بەرەو فەرەنسا کەوتەڕێ.

کاترینی دووهەم بە تەسەوری خۆی ژەنەراڵ سویوروف-ی بۆ شوێنێ ناردووە خراپترە لە جەهەنەم نەیزانی بەرەو توندڕەوترین ژنی شۆڕشگێڕی فەرەنسای ناردووە.

لەو سەردەمەدا، هەموو وڵاتە گەورەکانی ئەوروپا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسادا پچڕیبوو، تەنها ڕوسیا پەیوەندی سیاسیی لەگەڵ فەرەنسادا هەبوو (پاشتر ئەم پەیوەندییەش نەما).

ئەو رۆژەی ژەنەراڵ سویوروف بەناوی موستەعارەوە گەیشتە پاریس سەفیری ڕوسیا لە فەرەنسا، دەیزانی ئەو کێیە، ئاگای لەوە بوو کە بەر غەزەبی مەلیکەی ڕوسیا کەوتووەو دووری خستووەتەوە، بەڵام ئەو سەفیرە کە ناوی (ئالکسی تریکین) بوو، پیاوێکی وردەکار و دووربین بوو، دەیزانی لە سیاسەتدا دەبێ وەک یاریچی شەترەنج ڕەفتار بکرێ، حەرەکەی هەموو داشەکانی بدرێتە بەر سەرنج، بەتایبەتی چ کەسێ لەخۆی نەڕەنجێنی، چونکە ئەو کەسەی ئەمڕۆ غەزەبی لێ گیراوەو دەرکراوە، ڕەنگە دوو ساڵی دی گەورەترین پلەی دەسکەوێ، ئەگەر ئەو کەسە ئەزیەت درابێ ئەوا بەسەختی تۆڵەی خۆی دەکاتەوە.

سەفیری ڕوسیا دەیزانی کە ژەنەراڵ سویوروف گەورەترو سەربەرزترە لەوەی کە بۆماوەیێکی دوورودرێژ بەر غەزەب بکەوێ و دەرکرێ.

کاترینی دووەم بە تەمەنە، واش بڵاو بووەتەوە تووشی نەخۆشییێک بووە عیلاج ناکرێ و دەمرێ، ئەگەر ژەنەراڵ سویوروف لە سەردەمی ژیانی کاترینی دووهەمدا کاری پێ نەسپێردرێت، ئەوا پاش مردنی مەلیکەی ڕوسیا بەبێ شک یەکێ لە پلە گەورەکانی وڵات وەردەگرێ.

سەفیری ڕوسیا بێ ئەوەی کارێ بکات سویوروف بزانێ کە لەلای ئەم ناسراوە بەگەرمی پێشوازی لێوەکرد، سوودی لە هەموو فرسەتێ وەردەگرت دەعوەتی بکات، ئەگەر ڕۆژێکیش کاترینی دووهەم زانیی سەفیرەکەی لە فەرەنسادا بەرانبەر بە ژەنەراڵ سویوروف موحیبەت دەنوێنی، ئەو کاتە سەفیر دەیتوانی بڵێ ئاگام لە ناسنامە ئەسڵییەکەی نییە، بەناوی ڤلادیمیر یکوف–وە، بە منیان ناساندووە، ئەرکی سەفیریش ئەوەیە هاووڵاتییەکانی خۆی، لە وڵاتی بێگانەدا بەجوانی پێشوازی و ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات. پەیوەندییە سیاسییەکانی دەوڵەتی ڕوسیا لەگەڵ دەوڵەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا بۆ ئەوە مابووەوە، تا ئەو ڕۆژە دەوڵەتی ڕوسیا، دژ بە فەرەنسا ڕەفتاری نەکردبوو (پاشان دەوڵەتی ڕوسیا ڕەوشی خۆی گۆڕی و کەوتە جەنگەوە لەگەڵ فەرەنسا).

کاترینی دووەم، سەختگیر بوو بەرانبەر بەپیاوانی شۆڕشگێڕی فەرەنساو گەلێ ڕقی لێیان بوو، لەبەرئەوەی زمان و ئەدەب و شیعری فەرەنسی خۆشدەویست ڕازی





نەبوو، پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ فەرەنسادا بپچڕێنێ.

سەفیری ڕوسیا هەوڵی دەدا ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕی فەرەنسا دەعوەت بکات، خۆراک و خواردنەوەی ڕوسییان دەرخوارد بدات، ئەگەرچی شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسا دژ بە ڕژێمی ئەو حکومەتە بوون کە سەفیری ڕوسیا نمایندەیان دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا دەعوەتی سەفیری ڕوسیایان قبوڵ دەکرد..

خانم مریکۆر بەرجەستەتر بوو لەوەی سەرنجی سەفیر ڕانەکێشێ و دەعوەتی نەکات.

ژەنەراڵ سوریوروف هەرکە هاتە فەرەنسا ناوی خانم مریکۆری بیست، یەکەم جار لە دەعوەتێکی سەفیری ڕوسیادا ئەو خانمەی بینی و مەفتونی بوو، تکای لە سەفیر کرد بەناوی فلادیمیریکوف–ی موڵکداری ڕوسیا، بەو ژنەی بناسێنێت.

سەفیریش دەسبەجێ بەیەکدی ناساندن، ئەو دووە لە قسەکردندا پێویستییان بە موتەرجیم نەبوو، چونکە لە ڕوسیا هەموو ئەشراف و ئەفسەرەکانی سوپای ڕوسیا زمانی فەرەنسییان دەزانی.. هێشتا چەند کەلیمەیێک قسانیان نەکردبوو، خانم مریکۆر گوتی: جەنابی یکوف تۆ قەت لە موڵکدار ناچیت!

سویوروف پێکەنی و گوتی: ئەی لە چی دەچم؟

خانم مریکۆر گوتی: لە ڕووی قەلافەتەوە لە ئەفسەرێکی سوپا دەچیت!

سویوروف، دیسانەوە پێکەنی، بەڵام بەخۆداهاتەوە کە شتێک نەڵێت، ناسنامەکەی ئاشکرابێت.. مریکۆر خانمێکی هۆشیار بوو، دەربارەی سیاسەت هیچ قسەیێکی نەکرد، نەوەک ئەو موڵکدارە ڕووسە نارەحەت بێت، باسی ژنانی ڕوسی کرد و پرسیی: ئایە ژنانی ڕوسیا جوانترن یا ژنانی فەرەنسا؟

ژەنەراڵ گوتی: ژنانی ڕوسیا سپیترن لە ژنانی فەرەنسی، بەڵام جازبیەتی ژنانی فەرەنسی زیاترە.

مریکۆر گوتی: جەنابی یکوف ڕاستە دەڵێن لە ڕوسیادا موڵکداری وای تیایە بەرینی موڵکەکەیان بە ئەندازەی وڵاتی فەرەنسایە؟

سویوروف گوتی: ئەم قسەیە موبالەغەیە، بەڵام موڵکداری تیایە بەرینی موڵکەکانی زیاترە لە دەیەکی وڵاتی فەرەنسا.

مریکۆر بە پێکەنیەوە گوتی: دەبێ تۆ یەکێ لەوانە بیت!

سویوروف گوتی: بەداخەوە، من وەکو ئەوان نیم، لە موڵکەکانی مندا تەنها بیست هەزار ڕەعیەت کاردەکات.. لە روسیادا موڵکداری ئەوتۆ هەیە ژمارەی ڕەعیەتەکانی زیاترە لە دوو سەد هەزار کەس، موڵکدارێکیان حەوت ملیۆن و سێ سەد هەزار ڕەعیەتی هەیە.

مریکۆر گوتی: ناوی چییە؟

سویوروف گوتی: ئیجازەم بدەرێ با ناوەکەی نەهێنم (سویوروف مەبەستی کاترینی دووهەم بوو، ئەگەرچی بەشێکی بەرینی موڵکەکانی خۆی بەخشیبووە دۆستەکانی، هێشتا حەوت ملیۆن جوتیار لە موڵکەکانیدا کاریان دەکرد).

سویوروف هەرچەندە زیاتر لەگەڵ ئەو گەنج و جوانەدا قسەی دەکرد زیاتر کەمەنکێشی جوانی و هۆشیاری و دڵڕوبایی دەبوو، لە ئاکامدا گوتی: خانم دەتوانم ئومێدەوار بم، بەر موحیبەتی ئێوە بکەوم؟

مریکۆر گوتی: جا بۆ نەء، دەتوانی ئومێدەوار بیت.

ژەنەراڵ سویوروف گوتی: من پیرم و تۆیش گەنج.

خانم مریکۆر گوتی: ئەگەر لە زۆربەی ژنە گەنجەکان بپرسیت، پیر پەسەند دەکەن یا گەنج، وەڵامت دەدەنەوە کە پیاوی بە تەمەن ئەڵبەتە نەک پیرەمێردێکی بە تەمەن کە نەتوانێ ژنێکی گەنج کەمەنکێش بکات، سەبەبەکەیش ئەمەیە کە ژن متمانەی بە دڵی پیاوێکی بە تەمەن زیاترە لە دڵی گەنجێک، لەبەرئەوەی متمانەی پێیەتی دەزانێ ئەو پیاوە بەتەمەنە، پیاوێکی هەوەسباز نییە.

ئەو شەوە ژەنەراڵ سویوروف توانی ئەدرەسی ئەو ژنە گەنجە وەرگرێ، ڕۆژی پاشتر لە ڕێی نێردراوێکی جانتایێک موجەوهەراتی بۆ خانم مریکۆر نارد. ئەو ژنە تا ئەو ڕۆژە لەچ کەسێ موجەوهەراتی وەرنەگرتبوو، هەرکە شۆڕشی فەرەنسا دەستی پێ کرد، کۆگای جەواهیر فرۆشەکانی پاریسیان داخست، بەڵام دوکانی زەڕەنگرەکان دانەخران.

خانم مریکۆر، کە ئەو جانتا موجەوهەراتەی پێ گەیشت، گەلێ سەرسام بوو، بەرانبەر بە نێردراوەکەی سویوروف جانتاکەی کردەوە، ملوانکەیێکی ئەڵماسی تیا





بوو، پاش ئەوەی بۆ ماوەیێک سەیری ئەو ملوانەکەیەی کرد، لە نۆکەرەکەی پرسی: نرخی ئەم ملوانکەیە چەندە؟

نۆکەرەکە بە چاکی زمانی فەرەنسیی نەدەزانی، تەنها چەند کەلیمەیێک فێرببوو، نەیتوانی بەجوانی وەڵام بداتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا خانم مریکۆر زانیی ئەو گەردن بەندە لە روسیادا بایی بیست هەزار ڕۆبڵە، یانی زیاتر لە بیست هەزار فرەنک-ی فەرەنسی:

پاش ئەوەی خانم مریکۆر بایی پێویست سەیری گەردن بەندەکەی کرد، خستییە نێو جانتاکە، بەخەتە تایبەتە درشتەکەی ئەم چەند کەلیمەیەی بۆ ڤلادیمیریکوف: نووسی

"دڵی ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە، دەتوانرێ گاڵتەی پێ بکرێ، بەڵام ناتوانرێ ئەو دڵانە بکڕدرێن"

ئەم نامەیەی خستە نێو. زەرفەوە، دایە دەستی نۆکەرەکە و پێی گوت:

"بیبە بۆ ئاغاکەت"

ئەم کارەو کارەکانی دیی خانم مریکۆر دەینواند، ئەگەرچی خوێنخۆرو هەوەسباز بوو، بەڵام بێ شک یەکێ بوو لە سیفاتە باشەکانی، بەتایبەتی ژنێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە بوو.

کاتێ ژەنەراڵی روسی ئەم نامەیەی پێ گەیشت، نامەیێکی بۆ نووسی:

"من مەبەستم کڕینی ئێوە نەبوو، بەڵکو دەمویست لە ڕێی دیارییێکی دۆستانەوە عەشقی خۆمتان پێشکەش بکەم، من ئەگەر تۆم خۆش نەویستبا، پاش ئەوەی دیارییەکەی منت ڕەت کردەوە، دەبا لێتان ڕەنجابام، بەڵام لەبەرئەوەی ئێوەم خۆشدەوێ، لە تووڕەبوونەکەتان ناڕەنجێم، تکا دەکەم بۆ دیدەنیتان کاتێکم بۆ دیاری بکەن"

ئەگەر خانم مریکۆر گەردن بەندە ئەڵماسەکەی ئەو ژەنەراڵە ڕوسییەی قبوڵ کردبا، ئاگری عەشقی ئەو سەرداره ناوداره نەدەگەشایەوە، بەڵام کە دیارییەکەی ڕەت کردەوە، ژەنەراڵ سوریوروف زانیی گەیشتن بەو ژنە خوێنخۆرە ئاسان نییە، بەپێی بنەماکانی سایکۆلۆژیایش ئاگری عەشقی بڵێسەدارتر کرد.

خانم مریکۆر پاش ئەوەی نامەکەی ژەنەراڵی خوێندەوە، نامەیێکی بەم ناوەرۆکە بۆ نووسی:

"جەنابی ڤلادیمریکوف، بەداخەوە بەهۆی نەخۆشییەوە ناتوانم خواستەکەتان بۆ یەکدی بینین قبوڵ بکەم، پاش ئەوەی کە چاک بوومەوە مومکینە کاتێ بۆ یەکدی بینین دەستنیشان کەم"

گوتمان خانم مریکۆر فریشتەی تەقوا نەبوو، بەڵام وەک لەشفرۆشیش حسێبی بۆ نەدەکرا، لە سەردەمێکدا دەژیا ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕ شانازییان بەنەداری خۆیان دەکرد، پیاوێکی وەک دانتۆن کە بەرتیلی وەردەگرت، لەنێو ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕدا کەسێکی ئیستسنائی بوو، ئەوانی دی نەیاندەویست سامان کۆکەنەوە، دەلیلیش بۆ بێدەربەستییان بەرانبەر بەماڵی دنیا، هیچ یەک لە ژن و پیاوە ناودارەکانی شۆڕشی فەرەنسا کە سەریان لە لەش جیاکرایەوە (جگە لە لاڤوازێ) میراتییان نەدەگەیشتە دوو هەزار فرەنک، هەندێکیشیان نەدەگەیشتە هەزارو پێنج سەد فرەنک، ئەمە لەکاتێکدا گەر عەتارێکی چکۆڵەی فەرەنسی لە پاریسدا بمردبا، سەد تا پێنج سەد هەزار فرەنکی بەمیراتی بۆ منداڵەکانی خۆی جێدەهێشت.

ئێمەی مێژوونووس نامانەوێ کەسێ پۆخڵ کەین یا پاکیان کەینەوە، ئێمە عەیبە ئەخلاقی و ڕۆحی ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕی فەرەنسامان خستەڕوو، دەبێ چاکەکانیشیان باس کەین.

یەکێ لە شتە چاکەکانی پیاوان و ژنانی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا دەژیان و ناویان لە مێژوودا تۆمار بووە، ئەوە بوو بایەخیان بە ماڵی دنیا نەدەداو بەرتیلیان وەرنەدەگرت، لە کاتێکدا کە هەندێ لەوانە وەک ڕوبسپێرو کامی دومولن و خانم مریکۆر دەیانتوانی سوود لە دەسەڵات و پلەی خۆیان وەرگرن و سامانێکی زۆر وەدەست بێنن، ڕەنگە هۆی بایەخنەدانی ئەمان بە مەسائیلی ماددی ئەوە بووبێت کە تەسەوریان دەکرد جیهان دەبێتە بەهەشتێکی مەوعود، لەنێو باغەکانیا هەر میوەیێکت بوێ دەستت دەیگاتێ، ئیدی چ پێویست ناکات، ئینسان خەریکی کۆکردنەوەی پارە بێت، تا ئایندەی دابین بکات..

بەهەرحاڵ کاتێ ژەنەراڵ سویوروف وەڵامی نامەکەی خانم مریکۆری وەرگرت،





بڕیاری دا بەهەر جۆر بێ ئەو ژنە ببینێت، وەک قوتابیێکی گەنج بۆ بینینی خۆشەویستەکەی لە سەرەڕێدا دەوەستێ، ژەنەراڵ سویوروف-یش لەسەرە ڕێی خانم مریکۆردا دەوەستا، دەیزانی گەر کەسێ بیەوێ خۆشەویستەکەی خۆی ببینێ، وەکو کەسێک وایە لەمەیدانی جەنگدا شەڕ بکات و خۆ ڕاگرێ.

ژەنەراڵ لە پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەوە نزیک بە ماڵەکەی مریکۆر پیاسەی کرد، کە شەو داهات لە پیاسەکردن ماندوو بوو، لە کەناری شەقامەکەدا دانیشت، بەئومێدی ئەوەی مریکۆر لە ماڵەکەی بێتە دەرێ و بۆ میوانی بچێت، ئەوەی نەدەزانی لە ماڵەکەی مریکۆردا میوانداری هەیە، خەڵکانی دی دەچوون بۆ لای، مریکۆر لە ماڵ ناچێتە دەرێ، تا بەیانی لەو شەقامەدا بێدار بوو، پیاسەی دەکرد، هەرکە ماندوو دەبوو دادەنیشت، نۆکەرەکەی لە ماڵەوە شیڤی بۆ دەهێنا. ژەنەراڵ سویوروف لەموڵکەکانیدا بیست هەزار ڕەعیەت کاریان بۆ دەکرد، وەکو کەسانی دەربەدەر لە شەقامدا شیڤی خوارد، کە ڕۆژیش هەڵهات ژەنەراڵ لەشەقامەکەدا بوو، نزیکی نیوەڕۆ مریکۆر بێرییەکی سووری لە سەر بوو، لە ماڵ هاتە دەرێ، ژەنەراڵ خۆی گەیاندە ئەو ژنە گەنجەو شەبقەکەی لادا و گوتی: خانم لەبەرئەوەی دیارییەکەی منت قبوڵ نەکرد، ناتوانم پێت بڵێم هەرچی داراییێکم هەیە قبوڵی کە و من لە خۆت مەڕەنجێنە، بەڵام دەتوانم بڵێم گیانی من قبوڵ بکە، لە دۆستی خۆت بەرخوردارم کە.

خانم مریکۆر گوتی: جەنابی یکوف، دەبێ ئێوە ئەوە بزانن (گیان) لەم ڕۆژانەدا ئەوەندە قیمەتی نییە.

ژەنەراڵ گوتی: مومکینە گیانی هاووڵاتیانی ئێوە قیمەتی نەبێت، بەڵام گیانی ڕوسییێک قیمەتی هەیە.

مریکۆر گوتی: گیانی جەنابی ڤلادیمیریکوف-یش زۆر بە قیمەت نییە!

ژەنەراڵ گوتی: ئایە ئێوە عەشقی من ڕەت دەکەنەوە، ئامادە نیت بەقبوڵ کردنی ئەم عەشقەم بمگەیێننە پۆپەی بەختەوەری؟

مریکۆر گوتی: ڕەفتارەکەی دوێنێ بەیانیت منی بێزارکرد، لەنێوانی من و تۆشدا چ پەیوەندیێک نییە.

پاش ئەم قسەیە مریکۆر کەوتە ڕێ و لەو پیاوە دوورکەوتەوە.

ژەنەراڵ گوتی: خانم بۆ ساتێ بوەستە، ئێوە گیانی ڤلادیمیریکوف–تان قبول نەکردو گوتتان قیمەتی نییە، بەڵام ئەگەر ژەنەراڵ سویوروف گیانی خۆی فیدای ئێوە بکات، جارێکی دیش هەر قبوڵی ناکەن؟

مریکۆر زۆر ناوی ژەنەراڵ سویوروف–ی بیستبوو، لە رۆژنامەکانیشدا ناوی خوێندبووەوە، دەیزانی بەرجەستەترین سەرداری ڕوسییە، وەک قارەمانی ئەفسانە کۆنەکان باس دەکرێت.

مریکۆر گوتی: بۆچی ناوی ژەنەراڵ سویوروف دەهێنی؟

ژەنەراڵ گوتی: لەبەرئەوەی من ژەنەراڵ سویوروفم، ئەو پیاوەم کە لە بیست جەنگی گەورەدا، بیست سەردار و سوڵتانی ئەوروپام هێناوەتە سەر چۆک، ئێستایش بەرانبەر بە تۆ ئەژنۆم ناوەتە سەر زەوییەوە، داوات لێ دەکەم عەشقم قبول بکەیت..

ژەنەراڵ سویوروف لە شەقامەکەدا بەرانبەر بە رێبواران کە بە سەرسامییەوە سەیریان دەکرد، بەرانبەر بەو خانمە چۆکی ناوەتە سەر زەوی.

کە مریکۆر زانیی ئەو پیاوە ژەنەراڵە ئەفسانەییەکەی ڕوسیایە، بۆچوونی خۆی گۆڕی، چونکە، دەربڕینی عەشقێ لەلایەن سەردارێکی مەزنی ئاوهاوە، نەوازشی هەستی ژنایەتیی کرد و بزواندی، ئەگەر ڤلادیمیریکوف بیگوتبا، هەرچی موڵکم لە روسیادایە بە تۆی دەبەخشم بەو مەرجەی شەوێک لە ماڵەکەی تۆدا بەسەربەرین، ئەو ژنە ئەمەی قبوڵ نەدەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی ناسنامە ڕاستییەکەی ئەو پیاوەی بۆ دەرکەوت، پەیی بە شەخسیەت و پلەی ئەو پیاوە برد، لە یەک ساتدا بۆچوونەکانی گۆڕا، چونکە پلە و شەخسیەت و سەنگی کۆمەڵایەتی پیاوێک، تەنانەت لەبەر چاوی ژنێکی شۆڕشگێڕی وەکو مریکۆردا وەک شتێکی گرانبەها دەکەوێتەڕوو.

مریکۆر گوتی: هەڵسە، چونکە خەڵکەکە بە سەرسامییەوە سەیرمان دەکەن.

سویوروف هەڵسا، لەگەڵ مریکۆردا کەوتنە ڕێ، ئەو ڕێبوارانەی بۆ سەیرکردنی ئەو ژن و پیاوە وەستابوون، ئەوانیش ڕێی خۆیان گرتەبەر.

هەندێ ڕێیان بڕی، خانم مریکۆر گوتی: من بە چ بزانم کە تۆ ڕاست دەکەیت ژەنەراڵ سویوروف–یت.؟





سویوروف لەسەر سینگی خۆیەوە میدالیایێکی هێنایە دەر کە بەزنجیرێکی باریکی زێڕین، بە گەردنییەوە هەڵواسرابوو، لەو میدالیایەدا وێنەی ژەنەراڵ سویوروف بەئونیفۆرمی عەسکەری و بە ڕوتبەی ژەنەراڵی دەبینرا..

ئەگەرچی لە دیداری یەکەمدا مریکۆر بە سویوروفی گوتبوو، تۆ لە ئەفسەر دەچیت، بەڵام هێشتا گومانەکەی نەڕەویبووەوە و گوتی: ئەم وێنەیە، ئێوە بە پۆشاکی ژەنەراڵی نیشان دەدات، بەڵام ڕەنگە ئێوە ژەنەراڵ سویوروف نەبن!

سویوروف گوتی: ئەگەر ئێوە بێن بۆ ماڵەکەی من دەیان بەڵگەو نامەت نیشان دەدەم کە ئەوە دەسەلمێنی، من ژەنەراڵ سویوروف بم، لەم نامانەش گەڕێ، ئێوە دەتوانن لە (کۆنت ئەلکسی تریکین)ی سەفیری ڕوسیا کە لێرەدایە بپرسن و دڵنیابن کە من سویوروفم..

مریکۆر گوتی: ئاخر چۆن پیاوێکی وەک ژەنەراڵ سویوروف ئاوها بەم گوماناوییە لە فەرەنسادا دەژێت؟

ئەوەی کە پێویست بوو و توانیی لە شەقامەکەدا بۆی ڕوون کاتەوە کردی، ڕووداوی بەر غەزەب کەوتنەکەی بۆ مریکۆر باس کردو گوتی مەلیکەی ڕوسیا بۆ فەرەنسای دوور خستووەتەوە و بە باشی زانیوە بە ناوی موستەعارەوە لە فەرەنسا ژیان بگوزەرێنێ.

***

# دەستەیەک لە ژنان

# پەرلەمانیان هێنایە لەرز

پانزە ڕۆژ بەسەر بەهاری عەشقی ژەنەراڵ سویوروف و خانم مریکۆر تێپەڕی، لەپڕ (فیلیپ ئێگالیتێ)[١] هاتە نێوانەوە.

بۆ یەکەم جارە لەم یاداشتانەدا ناوی (فیلیپ ئێگالیتێ) دەهێنین، بەرلەوەی ناوی فامیلی (ئێگالیتێ) هەڵبژێرێ ناوی (خاوەن شکۆ شازادە فیلیپ دورلیان) بوو.

لەمێژووی دوورودرێژی سیلسیلەی سەڵتەنەتی فەرەنسا، چوار بنەماڵە لە تیرەی سەلاتین بوون بەناوی (ئورلیان)، ئێمە چ کارێکمان بە سێ تیرەی یەکەم نییە، چونکە بەدەرن لە باسەکەی ئێمە، چوارەمین بنەماڵەی ئورلیان، لە سەردەمی سەڵتەنەتی لویی چواردەهەمی پاشای فەرەنساوە دەست پێ دەکات، بنەماڵەی (فیلیپ دورلیان)ی برای لویی چواردەهەم کە لەقەبی (کابرا) بوو، پێشتر بە تەفسیلی باسمان کردووە و گوتمان پیاوێکی بەڕەوشت نەبوو..

پاش (کابرا) کوڕە گەورەکانی بنەماڵەی (ئورلیان) بنیاتنەری ئەم بنەماڵەیەن، ناوی (فیلیپ)یان بۆ خۆیان هەڵبژارد، هەندێ لەوانە ناوی لویی-یان دەخستە پێش ناوەکانی خۆیان، تا هاتە سەر (فیلیپ ئیگالیتێ)..

ناوی (فیلیپ) ئەوەندە دووبارە ببووەوە، نە خەڵک ناوی ژۆزف-یان دەهێنایە سەر زمان، خودی شازادە فیلیپ-یش حەزی بە ناوی ژۆزف نەدەکرد.

ئەمڕۆ کە ئەم یاداشتانە بڵاو دەکەینەوە، ئێستایش بنەماڵەی ئورلیان لە فەرەنسادان، ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە کەسانی موحتەرەمن، بەڵام لە رابوردوودا، یانی لە سەردەمی لویی چواردەهەم تا سەردەمی لویی شانزەهەم بەم جۆرە نەبوون، پیاوانی بنەماڵەی ئورلیان لە ڕووی ئەخلاقەوە مونحەریف و کەسانی نائاسایی بوون.

شازادە فیلیپ دورلیان لە سەردەمی لویی شانزەهەمدا دەژیا، پاش ئەوەی ناوی

(١) لە فارسییەکەدا (فیلیپ مساوات) نووسراوە، مساوات-ی عەرەبی دەکاتە یەکسانی کوردی، نەمسویت ناوی (فیلیب یەکسانی) تەرجەمە بکەم، بەڵکو وشە فەرەنسییەکەم (ئێگالێتێ) بەکارهێنا-موکری.





(ئێگالیتێ)ی لکانە ناوەکەی خۆیەوە (بەبێ ئەوەی نارەحەت بێ لەلایەنە پێکەنین ئاوەرەکەی ئەم ناوە).

بە بەختی (طالعی) مەریخ هاتە دنیاوە.

یانی بە بەختی خوێنڕێژێ.. (بەهۆی ڕەنگی ئەرخەوانی هەسارەی مەریخ)[١] ئەمڕۆیش میللەتی فەرەنسا باوەڕیان بە بەخت هەیە،[٢] دەبێ لەو سەردەمەدا چەنێ باوەڕیان بە بەخت هەبووبێ.

کاتێ تەمەنی فیلیپ گەیشتە شەش مانگان ژنە قەرەجێکیان هێنایە ماڵێ بۆئەوەی فاڵ بۆ ئەو منداڵە بگرێتەوەو پێشبینی داهاتووی بۆ بکات، ئەو ژنە قەرەجە سەیری نێو لەپی هەردوو دەستی ئەو منداڵەی کرد، پێڵووی چاوەکانی بەرز کردەوەو گوتی: ئەم کوڕە لە ئایندەدا دەبێتە قابیل، هابیلی برای خۆی دەکوژێ،[٣] ئاکامی غەیبگۆیی ئەو ژنە قەرەجە ئەوەبوو بەبێ ئەوەی حەقەکەی بدەنێ لە ماڵەکە کردیانە دەرێ.

بنەماڵەی ئورلیان ئەودەمە لە شارێکی چکۆڵەی نێو جەنگەڵدا دەژیان، شارەکە ناوی (ڤیلی کوترت) بوو، ئەمڕۆیش وەکو ئەودەمە جەنگەڵی هەیە، لە زستاندا بەفر بەسەر درەختەکانەوە دەنیشی، پەلەوەرە برسییەکان هەڵدەفڕنە پشتی پەنجەرەی ماڵەکانەوە، بەدەنووک ئەوەندە لە شووشەی پەنجەرەکان دەدەن، تا خاوەن ماڵەکان پەنجەرەکانیان دەکردەوە، هەندێ دان یا پارچە نانیان بۆ دادەنان وردیان دەکرد..

(١) مەریخ لە ئوستورەکانی ڕۆمادا ناوی (مارس)ە، خوای جەنگە و کوڕی (ژوپیتر)ی خوای خوایەکانە (ژنون) بەبڕوای ڕۆمییەکان، مارس باوکی (رومولوس)ە کە دامەزرێنەری شاری کۆنی ڕۆمایە، بەر لە ڕۆمییەکان. مەریخ لە ئوستورەکانی یۆناندا ناوی (ئارس) بوو وەک خوای جەنگی حیسابی بۆ دەکرا، یۆنانییەکان پێیانوابوو کوڕی خوای خوایەکانی (ئولوف-ە) هەر بۆیە لەقەبی خوێنڕێژیان داوە بە ڤیلیپ ئورلیان چونکە ئوستورەی شەڕ ئەنگێزی و ئەڵبەتە خوێنڕێژی مارس-ی خوای جەنگ کاریگەری خۆی هەبووە.

(٢) موئەسەسەی گالوپی ئەمریکی تایبەتمەندی وەرگرتووە بۆ (ئامار) لە ساڵی ١٩٦٠ ڕایگەیاند، لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا، هەر پێنج هەزار کەس کەشیشێکی هەیە، هەر پێنج سەد و چواردە کەس پزیشکێکی هەیە، بەڵام هەر سەد و بیست کەس یەک فاڵچی و جادووگەریان هەیە.

(٣) قابیل و هابیل دوو کوڕی ئادەم بوون، قابیل هابیلی برای خۆی کوشت.

ئەمما فیلیپ، پەنجەرەکەی دەکردەوە، پەلەوەرە چکۆڵەکانی دەگرت سەری دەقرتاندن، پاش ئەوەی کە هەندێ گەورە بوو، لە زستاندا لەسەرە ڕێگای لادێیەکان تەڵەی گورگ و ڕێوی دادەنا، هەرکە پێی یەکێ لە لادێییەکانیانی بکەوتایەتە سەر، تەڵەکە دەتەقی، پیاوێ یا ژنێکی لادێیی بەدبەختی بە سەختی بریندار دەکرد، جارێکیان پاژنەی لادێییەکی بەجۆرێ شکاند، بەناچاری پێیان بڕییەوە..

پاش ئەوەی فیلیپ باڵق بوو، هەندێ ڕەفتاری ئەوتۆی دەنواند وەک ئەوەی دووچاری نەخۆشییەکی (کابرا–ی) باپیرەی هاتبێ، ئەوانەی فیلیپ–یان پەروەردە دەکرد، بەزوویی سەرنجی ئەو ڕەفتارەی فیلیپ یان دا، بۆئەوەی چاکی کەنەوە، دەبا تەنها لەگەڵ کچاندا ڕەفتار بکات.. وای لێهات کاتەکانی خۆی لەگەڵ کچاندا بەسەردەبرد.

یەکێ لەو دەرسانەی مامۆستاکان بە شازادە فەرەنسییەکانیان دەگوت پەروەردەی ئەندامەکانی لەش بوو لەکۆندا بەزمانی فەرەنسی بەم دەرسەیان دەگوت (ئەستاتیکا) مامۆستاکان فێریان دەکردن کە چۆن پۆشاک بپۆشن و خۆ بڕازێننەوەو چاک خۆراک بخۆن چاکیش بەڕێوە بڕۆن.

هەر شازادەیێکی فەرەنسی و تەنانەت ئەشرافەکانی ئەو سەردەمە ڕێورۆیشتنیان وەک قارەمانەکانی (ئولومپیاد) وابوو، ڕاست دەوەستان، سەریان بەرز دەکردەوە، ئەوجا هەنگاویان دەنا، لەسەر مێزی خۆراکدا ڕاست دادەنیشتن، بەڵام فیلیپ دەرسی مامۆستاکانی خۆی وەرنەدەگرت، ڕاست نەدەوەستا، لەکاتی ڕۆیشتنا سەری دادەخست و خۆی کۆم دەکردەوە، لە کاتی خۆراک خواردندا، هەردوو ئانیشکی دەخستە سەر مێزەکە، ئەوەندەش دەچەمایەوە لووتی دەچووە نێو قاپەکانەوە، مامۆستاکانی هەرگیز نەیانتوانی ئەم شازادە گەنجە چاک کەنەوەو ڕایهێنن، تا دوارۆژی ژیانی وەکو قەمبوور دەڕۆیشت.. وەکو باوباپیرانی زۆرخۆر بوو، ئەو ڕۆژانەی دەست بەتاڵ دەبوو لە سەعات دووەوە تا سەعات شەش خۆراکی دەخوارد، لە رۆژانی دیدا، خواردنێکی زۆری جۆراوجۆریان بۆ دەخستە نێو گالیسکەکەی، یا لەپشتی ئەسپەکەیدا دایان دەنا، فیلیپ لەنێو گالیسکە یا لەسەر ئەسپدا خۆراکی دەخوارد.





کە تەمەنی گەیشتە بیست ساڵ (گاگلیۆ سترۆ)ی فاڵچی ناسراوی ئەوروپا سەیری بەختی ئەو گەنجەی کرد، خودداری کرد و باسی نەکرد، لێیان پرسی: ئایە لە بەختی ئەو شازادەیە هیچ شتێکی خەتەرناکت بینی وا چ قسەیێک ناکەیت؟

گاگلیۆ سترۆ گوتی: تا دڵنیام نەکەنەوە ناتوانم باسی بکەم..

وەعدیان دایێ کە دڵنیابێت چ کەسێ ئازاری نادات، بەڵام گاگلیۆ سترۆ وتی ئەم وعدەم بۆ بنووسن. کە لە کاغەزێکدا بۆیان نووسی و دایانە دەستی دیسانەوە جورئەتی نەکرد ئاکامی فاڵگیرییەکەی باس کات لەبەرئەوەی شازادە فیلیپ دورلیان لە شازادە بەرجەستەکانی فەرەنسا بوو. دەیتوانی ئازادی بکات یا بیکوژێت.

گاگلیۆ سترۆ ئەوەی بۆ دەرکەوت، ئەگەر خودداری بکات و باسی نەکات خەتەرترە، بۆیە گوتی: بەختی خاوەن شکۆ ئەوە نیشان دەدات، لە یەک کاتدا قابیل–ە و هابیلیشە.

هەرچەندێ ویستیان گاگلیۆ سترۆ زیاتر ڕوونکردنەوەیان بداتێ، گوتی: جگە لەم قسەیە چ شتێکی دیم نییە ئیزافەی بکەم!

لە بیست و پێنج ساڵی بەملاوە، خەریکی پارە کۆکردنەوە بوو، نزیکی (ڤیلەر گوترت)ی زادگای موڵکێک هەبوو، لە کۆندا هی (دوسش دوشوروز) بوو، پاش مردنی ئەم خانمە لویی چواردەهەم ئەو موڵکەی کڕی، بووە بەشێ لە موڵکەکانی سەڵتەنەتی فەرەنسا بەمیراتیش بۆ لویی شانزەهەم مایەوە.. فیلیپ دۆرلیان چاوەڕێی ئەوەی دەکرد لویی شانزەهەم ئەو موڵکەی بەخۆڕایی بداتێ، لویی شانزەهەم دەیزانی فیلیپ دورلیان گەنجێکی دەوڵەمەندە، نەیویست ئەو موڵکەی بداتێ..

ئەگەر لویی شانزەهەم ئەو موڵکەی پێ بدابا، ئەوا لایەنگری شۆڕشگێڕانی نەدەکرد، بۆ پێشکەوتنی شۆڕشیش پارەی سەرف نەدەکرد، ڕەنگە شۆڕشی فەرەنسا بەوشێوەیە نەبا وا هەموومان لە مێژوودا دەیخوێنینەوە ئەو دیکۆمێنتانەی لە کتێبخانەی میللی پاریسدایە، ئەوە دەخاتە ڕوو کە ڕۆژی چواردەهەمی مانگی ژوئیی ساڵی ١٧٨٩ شۆڕشگێڕانی فەرەنسا قەڵای باستیلیان گرت، یارمەتییێک لە نێوان هەندێ دەستەی شۆڕشگێڕانەوە دابەش دەکرا، لە فیلیپ دورلیان وەرگیرابوو..

فیلیپ دورلیان پیاوێ نەبوو تەنها بۆ پێشکەوتنی شۆڕش پارەی سەرف دەکرد،

بەڵکو بەر لە دارمانی قەڵای باستیل و پاش ئەو دارمانەش پارەی سەرف دەکرد، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد شۆڕشگێرانی فەرەنسا لەجیاتی لویی شانزەهەم، بۆ سەڵتەنەتی فەرەنسا هەڵیدەبژێرن تا دوارۆژی ژیانی ئەم ئومێدەی لەدەست نەدا.

ژنە فاڵچییەکەو گاگلیۆسترۆ پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە شازادە فیلیپ دورلیان دەبێت بە قابیل، هەر وایشی لێهات، کاتێ لە پەرلەمانی فەرەنسا، بۆ حوکمدانی لویی شانزەهەم ڕەئیان وەرگرت، یەکەم کەس بوو، ڕەئی دا دەبێ لویی شانزەهەم ئیعدام بکرێت..

لەبەر خاتری پارچەیێک زەوی فەتوای دا لویی شانزەهەمی کوڕە مامی ئیعدام بکرێ..

فیلیپ بۆئەوەی بگاتە سەڵتەنەتی فەرەنسا ناوی بنەماڵەکەی خۆی گۆڕی و ئیگالیتێ–ی هەڵبژارد..

سێ وشە دروشمی شۆڕشگێڕان بوو (ئازادی و یەکسانی –ئیگالیتی– و برایەتی)..

هەڵبژاردنی ئەو ناوە، وەک ناوی بنەماڵە وەک ئەوە وایە لەم سەردەمەدا وشەی (دیموکراسی) بۆ ناوی بنەماڵە هەڵبژێردرێت، ئەگەرچی هەموو گاڵتەیان پێدەکردو پێدەکەنین، کەچی خۆی پێنەدەکەنی، فیلیپ ئیگالیتێ گەلێ شارەزا بوو لەفریودانی خەڵکە عەوامەکە، وەک ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا، هەر لەیەکەم ڕۆژا بەلای چەپدا چوو لە نزیکی ڕوبسپێر و ماراو کامی دومولن و پیاوە شۆڕشگێڕە توندڕەوەکانی دیی فەرەنسا دادەنیشت.

چەند ساتێ پاش دانیشتنەکەی لە پەرلەماندا سەیری کرد لەلای ڕاستەوە (لوژاندەر)ی خوێنڕێژ دانیشتووە، هەرکە ئەو پیاوەی بینی بەبێ ئیرادە خۆی بەرەو پاش کێشایەوە.

لوژاندەر گوتی: لێم دەترسی؟

فیلیپ بەدەنگی بەرز گوتی: من گەلێ خۆشحاڵم، چونکە تەسەورم نەدەکرد ڕۆژێ ئەم شانازی و بەختەوەرییەم بەنسیب بێت وەک ئەندامێکی پەرلەمان لە تەنیشت نیشتمانپەرستێکی وەک لوژاندەر دابنیشم.. هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەم





قسەیەیان بیست چەپڵەیان بۆ (فیلیپ ئیگالیتێ) لێدا!

گاگلیۆسترۆ پێشبینی کردبوو کە فیلیپ دەبێتە هابیل–یش، ئەم پێشبینییە بووە حەقیقەت، چونکە فیلیپ ئیگالیتێ نەک نەگەیشتە سەڵتەنەتی فەرەنسا، بەڵکو گیوتین سەری پەڕاند. بەکورتی ئەوە شەرح دەکەین کە ئەم پیاوە چۆن لەسەر ڕێی ژەنەراڵ سویوروفی ڕوسی وەستا..

خانم مریکۆر لەیەک کاتدا دۆستی ژەنەراڵ سویوروفی ڕوسی بوو، و تالیران–یشی لەدەست نەدەدا، سویوروف لەبەر پلەو ناوبانگی، تالیرانیش لەبەر گەنجی و قۆزییەکەی، سوودی سیاسیشی لێ وەردەگرت، هەروەها لەڕێی تالیرانەوە زانیی دانتۆن لە لویی شانزەهەم بەرتیلی وەرگرتووە. لەو دەمەشدا خانم مریکۆر غافڵ نەبوو لە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی، ڕۆژێ بڕیاری دا لەگەڵ هەندێ لە ژنان هێرش بکاتە سەر پەرلەمان و گوشاریان بخاتە سەر تا لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت موحاکەمە بکرێن و حوکمی ئیعدامیان بەسەردا بدرێ.

لەبەرئەوەی هەندێ لە خەڵکی دەچوونە نێو پەرلەمانەوەو کۆبونەوەکانیان تێکدەدا پەرلەمان قانونێکی دەرکرد کە هاووڵاتیان نەتوانن بەکۆمەڵ بچنە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، دەبا نوێنەر هەڵبژێرن و بینێرنە هۆڵی کۆبوونەوە، پاش ڕوخسەت وەرگرتن قسە بکات.

یەکێ لە ماددە بێ ئەهەمیەتەکانی ئەو قانونە ئەمە بوو (دەستەی هاووڵاتیان) بۆیان نییە بە چەکەوە بچنە تەلاری پەرلەمانەوە.

ئەو ڕۆژەی خانم مریکۆر لەگەڵ دەستەیێک لە ژنانی پایتەختی فەرەنسا بەرەو پەرلەمان چوون، هەندێ لەو ژنانە تفەنگ یا دەمانچەیان پێبوو، هەندێکی دیشیان شمشێرو نیزەو لە شەقامەکاندا هوتافیان دەکێشاو دەیانگوت: ئێمە دەمانەوێ موحاکەمە و ئیعدامی لویی کاپێ (یانی لویی شانزەهەم) و ئەم زەعیفە خائینە نەمساوییە بکرێ..

ئێمە لێرەدا کەلیمەی زەعیفە بەکاردەهێنین، دەنا خانم مریکۆرو ژنانی پایتەخت کەلیمەیێکی سووک و بازاڕییان بەکاردەهێنا، ئێمە ناتوانین ئەو کەلیمەیە بنووسین.

خانمە فرۆشیارەکانی بازاڕە گەورەکەی دانەوێڵەفرۆشی پاریس بەتایبەتی ژنە

قەسابەکانی ئەو بازاڕە، بەشەقامەکاندا تێدەپەڕین پیاوەکانی شەقامەکان بەبینینی ئەم ژنانە لەرزیان لێ دەنیشت چونکە دەیانزانی چەنێ بە هێز و سەرەڕۆن..

ئەم ژنانە گەیشتنە پەرلەمان، پاسەوانەکانی پەرلەمان لەو سەربازانە بوون کە پێیاندەگوترا (گاردی جەمهوری) ژەنەراڵ لافایت فەرماندەی ئەو گاردە بوو بەردەمی ژنانیان گرت و پێیان گوتن: بەپێی قانونی تازە نابێ بچنە نێو پەرلەمانەوە.

مریکۆر گوتی: کێ ئەم قانونەی دەرکردووە؟

ئەفسەرێکی گەنج ئەودەمە فەرماندەی گاردی پەرلەمان بوو، گوتی: ئەم قانونە تازەیە لەلایەن نوێنەرانی مەجلیسی شورای میللییەوە دانراوە. خانم مریکۆر بە ژنە چەکدارەکانی گوت: گوێتان لێیە چ دەڵێن؟ کەسانێ بەناوی نوێنەری میللییەوە لەم پەرلەمانەدا کۆبوونەتەوە بەرتیلیان لە (لویی کاپێ) وەرگرتووە تا موحاکەمەی نەکەن، قانونیان داناوە ناهێڵن میللەت بێن بۆ پەرلەمان، یانی ئەو شوێنەی کە ماڵی میللەتە!

ژنان هاواریان کرد (بڕووخێ ئەو نمایندە خائینانەی بەرتیل وەردەگرن) یەکێ لەو ژنانە بە دەمانچە تەقەی لە ئەفسەرە گەنجەکە کرد، ئەو بەدبەختەی کوشت، سەربازەکانی گاردی پەرلەمان بە سەرەنێزە هێرشیان کردە سەر ژنان.. ئەو ژنانەی دەمانچەو تفەنگیان پێبوو دەستیان بە تەقە کرد، ژنە قەسابەکان وەک شێری مێی تووڕە هێرشیان دەکردە سەر سەربازەکان وەک پشیلە بەرزکەنەوە، سەربازەکانیان بەرز دەکردەوەو تووڕیان هەڵدەدان، هەرکە دەکەوتنە سەر زەوی، بەلای کەمەوە یەکێ لە ئێسقانەکانی دەست و پێیان دەشکا و نەیاندەتوانی هەڵسنەوە، ئەو چەند سەربازەی ڕێگر بوون لەنێو چوون، ژنان چوونە نێو پەرلەمانەوە بەهاوارو هەراوە تفەنگ و شمشێرو نیزەکانیان ڕادەتەکان.

دانتۆن لە دەرگا چکۆڵەکەی پشتەوەی پەرلەمانەوە بۆی دەرچوو، ژنان هاواریان دەکرد: دانتۆن بکوژن.. دانتۆنی بەرتیل خۆری خائین پارچە پارچە کەن!

ئەندامانی پەرلەمان، جێی تایبەتییان هەبوو، هەرکەسێ بچوایەتە هۆڵی پەرلەمانەوە لە سەرنجی یەکەمدا دەیزانی، ئەو ئەندام پەرلەمانەی مەبەستییێتی لە هۆڵەکەیە یا نەء..

مریکۆر سەیری کرد جێیەکەی دانتۆن خاڵییە، هاواری کرد: دانتۆنی خیانەتکار





لەکوێیە تا پارچەپارچەی کەین؟

ئاگر لە چاوانی ژنانی چەکدارەوە دەباری، جارێکی دی خانم مریکۆر هاواری کرد: دانتۆن لەکوێدایە.. بۆ دیار نییە؟

روبسپێر گوتی: لێرەدا بوو، چەند دەقیقەیێک لەمەوبەر دانتۆنم بینی، دیارە بۆ کارێکی پێویست چووەتە دەرێ.

خانم مریکۆر گوتی: دانتۆن هاووڵاتی ئێمە نییە، خیانەتکارێکەو بەرتیلی لە لویی کاپێ وەرگرتووە، هەربۆیە هەوڵدەدات موحاکەمەکەی لویی کاپێ دواخات، دەبێ ئێمە ئەم تاوانبارە بەرتیل خۆرە خائینە بە جەللاد بسپێرین!

کامی دومولن گوتی: هاووڵاتی دانتۆن نیشتمانپەرستێکی شەریفە، نابێ تۆ وەک تاوانبارو بەرتیل خۆر ناوی بێنی.

مریکۆر گوتی: ئاشکرا دەبێ تۆیش وەکو ئەوی، بەشێکی ئەو بەرتیلەی لە لویی کاپێ وەرگرتووە گەیشتووتە تۆ.

کامی دومولن گوتی: هاوڵاتی.. ئایە تۆ دەتوانی بیسەلمێنی کە دانتۆن لە لویی کاپێ بەرتیلی وەرگرتووە؟

مریکۆر گوتی: بەڵێ دەتوانم بیسەلمێنم، ئەو کەسەی بەرتیلەکەی لویی کاپێی داوەتە دانتۆن زیندووە من ئاگادارم وەسڵیشی لە دانتۆن وەرگرتووە ئەگەر پەرلەمان دەسبەجێ ئەو دوو کەسە دەسگیرکات، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەن، بەرتیل وەرگرتنەکەی لەسەر دەسەپێ!

تالیران بەجۆرێ جێی خۆی لەدڵی شازادە خانم ئۆرلیان کردبووەوە، نەک تەنها بە تالیرانی گوتبوو لەلایەن لویی شانزەهەمەوە بەرتیلی داوەتە دانتۆن، بەڵکو ئەوەشی گوتبوو کە وەسڵیشی لێ وەرگرتووە.

قسەکانی مریکۆر هەند خەتەرناک بوو، سەرۆکی پەرلەمان داوای لەو ژنە کرد بێتە لای مایکرۆفۆنەوە، ئەم تۆمەتە ڕوون کاتەوە.

مریکۆر بە دەنگێکی ساف، بێ ئەوەی چکۆڵەترین هەڵە بکات دەربارەی بەرتیل وەرگرتنەکەی دانتۆن قسەی کرد، ئەندامانی پەرلەمانی تێگەیاند لە ڕێی دوسش

دۆرلیــان–ەوە بەرتیل دراوەتە دانتــۆن، ئەگــەر لێکۆڵینەوە لەگــەڵ ئەو ژنەدا بکرێ، خیانەتەکەی دانتۆن ئاشکرا دەبێ.

کاتێ کە مریکۆر قسەی دەکرد فیلیپ ئیگالیتێ چاوی لەسەر ئەو ژنە لانەدەدا، ئەندامانی پەرلەمان سەریان لەم تۆمەتە ترسناکە سوڕما، هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان لە ناخدا پێیان خۆش بوو، چونکە هەستیان دەکرد مریکۆر درۆ ناکات.

دانتۆن وەکو هەموو سیاسییە بەرجەستەکان، کەوتبووە بەر ئیرەیی هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان و پێشبینی ئەوەیان دەکرد، ئەم تۆمەتە دانتۆن لەنێودەبات..

(فیلیپ ئیگالیتێ) گوێی بۆ قسەکانی مریکۆر هەڵخستبوو کەمەنکێشی جوانییەکەی ببوو، سەیری کرد ئەگەر گوتەکانی مریکۆر بسەلمێنێ نەک تەنها تۆڵەی خۆی لە لویی شانزەهەم دەکاتەوە، تەمەلوقێکیش بۆ مریکۆر دەکات ڕەنگیشە جێی خۆی لە دڵی ئەو ژنە گەنجەدا بکاتەوە.

فیلیپ ئیگالیتێ دەیزانی مریکۆر ڕاست دەکات، هەستی کردبوو لویی شانزەهەم بەرتیلی داوە بە دانتۆن، بۆیە بەرلەوەی قسەکانی مریکۆر تەواوبێت، لە سەرۆکی پەرلەمان داوای ئیجازەی قسەکردنی کرد، پاش ئەو ژنە چووە پشتی مایکرۆفۆنەوە.

گاگلیۆستڕۆی جادوبازی ناسراوی ئەوروپا پێشبینی کردبوو کە فیلیپ ئیگالیتێ هەم دەبێ بە قابیل و هەم بە هابیل. لەو ڕۆژەدا فیلیپ ئیگالیتێ بۆئەوەی تۆڵەی خۆی لە لویی شانزەهەم بکاتەوە و بشبێتە مەحبوبی مریکۆر بە ڕاشکاوانە داوای لە پەرلەمان کرد لویی شانزەهەم موحاکەمە بکرێت، فیلیپ ئیگالیتێ گوتی: لویی کاپێ سەرباری ئەوەی خیانەتی لە نیشتمان و میللەتی فەرەنسا کرووە، شایستەی سزایە، جگە لەوەی بەرتیل دەریشەو دەیەوێ بە بەرتیل سزای خۆی دواخات. بۆیە دەبێ سزابدرێ، من پێشنیاز دەکەم، بەهۆی ئەم خزمەتە گەورەیەی خانم مریکۆر کە بۆ وڵات و میللەتی فەرەنسای کردووە لەقەبی (هاووڵاتی مەزن)ی پێبدرێ!

خانم مریکۆر بەئیشارەتی سەر سوپاسی فیلیپ ئیگالیتێی کرد و گوتی: من پێویستم بە لەقەبی (هاووڵاتی مەزن) نییە، بەڵام نیشتمان پێویستی بە سزادانی خیانەت پیشە مەزنەکان هەیە، ئێمەی ژنان ئێرە جێ ناهێڵین تا پەرلەمان بڕیار بدات لویی کاپێ موحاکەمە بکرێت، دانتۆنیش بەهۆی خیانەتەوە دەسگیر بکرێت.





پەرلەمان، پاش قسەکردنی دوو ئەندامی دی، پێشنیازی یەکەمی مریکۆریان خستە دەنگدانەوە، بۆ پێشنیازی دووهەمیش کە دانتۆن دەسگیر کرێت بڕیاردرا ڕاوێژی لەسەر بکرێت، چونکە لەپڕ دیارنەمانی دانتۆن تەئیدی تۆمەتەکەی دەکرد، ئەندامانی پەرلەمان دەترسان بەتۆمەتی سەرزارەکی دانتۆن دەسگیر بکەن.

مریکۆر سەیری کرد پەرلەمان کات بەسەردەبەن، هاواری کرد: ئێمەی ژنان ئێرە جێ ناهێڵین تا بڕیار نەدەن کە دانتۆن گەندەڵە.

لەودەمەدا ئەندامێکی پەرلەمان بڕیاری گەندەڵییان لەسەر دابا، ئیدی بەردەوام نەدەبوو لە ئەندام پەرلەمانی، دەیانگوت: فاسید بووە، وشەی (دشەئانس) بەزمانی فەرەنسی یانی فەساد (فەسادی ئەخلاقی و ئینسانی) هێشتا لە زمانی فەرەنسیدا موستەلەحی لابردنی حەسانەت بڵاو نەببووەوە، بۆ دەرکردنی ئەندامێکی پەرلەمان وشەی گەندەڵیان هێنایە وجودەوە..

ئەگەر سەربازەکانی گاردی کۆماری نەهاتبانە نێو پەرلەمانەوە، پێشنیازەکەی مریکۆر سەری دەگرت، دانتۆن دەردەکراو پاشانیش موحاکەمە دەکرا..

بەڵام سەربازانی گاردی کۆماری، بەشێوەیێکی کاتی دانتۆن–یان ڕزگارکرد، بە سەرەنێزەیش هێرشیان هێنایە سەر ژنە شۆڕشگێڕەکان، دەنگی قیژەو شیوەنی ژنە ئاساییەکان تێکەڵ بە نەڕەی ژنانی مەیدانی دانەوێڵەفرۆشانی پاریس بوو.

خانم مریکۆر هێشتا لە پشتی مایکرۆفۆنەکەوە بوو هاواری کرد: بمرێ ئەو سەربازانەی لە بری ئەوەی دژ بە دوژمنانی فەرەنسا خەبات بکەن، کەچی خوێنی ڕۆڵەکانی نیشتمان پەرستان دەڕژێنن!

هەندێ لە ژنە چەکدارەکان لەبەر تووڕەیی هێرشیان کردە سەر ئەندامانی پەرلەمان ئەندامەکانیش لەترسی ئەو ژنانە لە دەرگاوە ڕایان کردو خۆیان لە پەنای سەربازانی گاردی جەمهوری دەشاردەوە.. هەندێ لەو ژنانە بریندار بوون..

مریکۆر سەیری کرد، مانەوەی لە پەرلەمان بێ سوودە، چونکە چ کەسێکی لە ئەندامانی پەرلەمان لە تەلارەکە نەمابوون. ئەو ڕۆژە خوێنی سەربازان کە کەوتبوونە بەر هێرشی ژنان بەفیڕۆچوو، کەسێ نە یتوانی بکوژەکان دەسگیر بکات و بەسزایان بگەیێنی، چ کەسێکیش ڕووبەڕووی مریکۆر نەدەوەستا، ئەمە لەکاتێکدا کە هەموو

دەیانزانی ئەو ژنە سەردەستەی ژنانی هێرشبەر بووە.

ئەگەر چی ئەو ڕۆژە دانتون لە مردن ڕزگاری بوو، بەڵام لەکەیێکی گەورە بەر ئابڕووی کەوت.

لە موحاکەمەکردنەکەی لویی شانزەهەمدا ڕەئی بۆ ئیعدامکردنی لویی دا، وایدەزانی ئەم ڕەئیدانە گیانی لە مەرگ ڕزگار دەکات، بەڵام هەر ڕزگار نەبوو..

فیلیپ ئیگالیتێ، ئەو ڕۆژە تەمەلوقی بۆ مریکۆر کرد، پاش ئەو ڕۆژە بەدەوری ئەو ژنەدا دەسووڕایەوەو ماستاوی بۆ دەکرد، بەو نیازەی بتوانێ بیکاتە دۆستی خۆی.

×××

ڕۆژی یانزەهەمی مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٧٩٢ لە نێو پەرلەمانی فەرەنسا موحاکەمەی لویی شانزەهەم دەستی پێ کرد.

ئەو ڕۆژەی خانم مریکۆر تۆمەتی بەرتیل وەرگرتنی دانتۆنی خستە ڕوو، تا ئەو ڕۆژەی موحاکەمەی لویی شانزەهەم دەستی پێ کرد، دانتۆن بچووکترین هەنگاوی هەڵنەهێنا تا موحاکەمەکەی لویی شانزەهەم دواخرێ، دوو ڕۆژ لە مێژووی موحاکەمە کردنەکە هی ئەوە نییە فەرامۆش بکرێ، ڕۆژی یانزەهەمی مانگی دیسەمبەری ١٧٩٢ کە ڕۆژی دەستپێکردنی موحاکەمەکەیە، ڕۆژی دووەمیش ئەو ڕۆژەیە کە لە مانگی ژانویەی ساڵی ١٧٩٣ یە، کە ڕەئیان لەسەر حوکمەکە دا..

ئەگەر پیاوێ یا ژنێ، بەبێ ئاگا لە ڕۆژی یانزەهەمی مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٧٩٢ بچووبایەتە نێو پەرلەمانی فەرەنسا، دیمەنێکی دەبینی وایدەزانی لە مەیخانەیێکدایە، هەرچی خوێڕی و بەرەڵڵا هەیە تیایدا کۆبووەتەوە، هەندێ ژنی سوورپۆش، کە بێرییەی سووری شۆڕشگێڕانیان لەسەر نابوو دەبینران، نیشانەیێکی سەرنج ڕاکێش بەسەر سینەیانەوە بوو، لێی نووسرابوو (فیلیپ ئیگالیتێ)..

هەموو دەیانزانی ئەو ژنانە دۆستە کۆنەکانی (فیلیپ ئیگالیتێ-ن) بۆئەوەی لە یەکەم دانیشتنی موحاکەمەکردنەکەی لویی شانزەهەم شادمانی خۆیان دەربڕن، هەموویان یەک جۆر پۆشاکیان پۆشیبوو، ئەم ژنانە لە ئاست ئەو ژنانەی دی کە هاتبوون بۆ تەماشاکردنی موحاکەمەکە وەک فریشتە وابوون، چونکە موراعاتی





نەزاکەتیان دەکرد، بەڵام ژنانی دی کردبوویانە ڕۆژی خۆیان بەقسەی بازاڕی گاڵتەیان لەگەڵ پیاوان دەکرد.. هەموو ئەو ژنانەی هاتبوونە پەرلەمان، تەنانەت دۆستەکانی (فیلیپ ئیگالیتێ) چەکدار بوون، بەئارایشتە تۆخە قیزەونەکانیانەوە دیاربوو، ژنە لەشفرۆشەکان بوون.

ژنان و پیاوان وەکو ئەوەی لە باخچەیێکی گشتیدا پیاسە بکەن، لەناوەندی کورسییەکانی ئەندامانی پەرلەمان تێدەپەڕین، لەگەڵ هەندێ ئەندامانیشدا گاڵتەیان دەکرد، قسەی سووکیان بە لویی شانزەهەم دەگوت، هەموو ئەو ژن و پیاوانەی لەوێدابوون کاڵباس و پەنیرو شەرابیان هێنابوو، لەو دەمەدا، خەڵکی لە زستاندا شابەڕوویان زۆر دەخوارد، ئەو کەسەی ویستبای لەززەت لە شابەڕووەکە وەرگرێ، لەسەر ئاگریان دادەنا و دەتەقی، هەندێ لەو کەسانەی بۆ سەیرکردنی موحاکەمەکە هاتبوون مقاڵەیان پێبوو، لەنێو پەرلەماندا ئاگریان دەکردەوە شابەڕووەکانیان دەخستە سەر ئاگر، دەنگی تەقینەوەکانی شابەڕووەکان لە تەلاری پەرلەماندا دەنگی دەدایەوە، هەندێ ژن و پیاوی مەستیش گۆرانییان دەگوت و سەمایان دەکرد، خانم مریکۆریش نیزەیێکی بە دەستەوە بوو هاتوچۆی دەکرد، هەرکە دەگەیشتە لای فیلیپ ئیگالیتێ، گوێی لە ستایشەکانی ئەو شازادەیە دەبوو، ماستاوی بۆ دەکرد، لەو کۆبوونەوە سەرسوڕهێنەرەی پەرلەماندا دیمەنەکە وەک مەیخانەو شێتخانە وابوو.

لویی شانزەهەم لە هەموو تەمەنیا بۆ یەک جاریش شەرابی نەنۆشیبوو، جگە لە ماری ئەنتوانێتی ژنی، لەگەڵ چ ژنێکی دیدا نەنووستبوو، ئەو بەستەزمانە بە سەرسامییەوە سەیری تەلاری پەرلەمانی دەکرد.

ئەوانەی سووربوون لەسەر کوشتنی لویی شانزەهەم، خانم مریکۆرو کوڕە مامەکەی پاشای پێشووی فەرەنسا (فیلیپ ئیگالیتێ) بوو،، ئەم دیمەنەشیان بۆ ئەوە سازدابوو، ئەندامانی پەرلەمانی پێ بترسێنن، تا وایان لێ بکەن بەزۆرینەی دەنگ ڕەئی بدەن بۆ ئیعدامکردنی لویی شانزەهەم، بەڵام دژە دیمەنێ هاتە کایەوە، ئەنجامێکی پێچەوانەی بەخشی، نیوەی ئەندامانی پەرلەمان ڕەئیان بۆ ئەوە دا لویی شانزەهەم بەرائەت وەرگری، پاش کێشەیێکی زۆر، بەزۆرینەی یەک دەنگ ڕەئیان بە ئیعدام لەسەر دا.

ئەو ڕۆژە لویی شانزەهەم کراسێکی شین و ڕەنگۆتێکی قاوەیی لەبەردابوو، حەپەسابوو، سەرۆکی پەرلەمان بەڕەسمی دەستی بە موحاکەمەکردنەکە کرد بەلویی شانزەهەمی گوت: خۆت بناسێنە..

لویی شانزەهەم خۆی ناساند، بەڵام نەیوت پاشای فەرەنسام، سەرۆکی پەرلەمان بەمودەعی عامی گوت: ئیدعانامەکەت بخوێنەوە، مودەعی عام دەستی بەخوێندنەوە کرد، تۆمەتەکان ئەمە بوو: لویی شانزەهەم ئازادی میللەتی فەرەنسای خستووەتە ژێر پێوە، لەگەڵ دوژمنانی نیشتمان دژ بە وڵاتی فەرەنسا هاوپەیمانە، بووەتە هۆی کوشتاری فەرەنسییەکان، پاش خوێندنەوەی ئیدعانامەکە، سەرۆکی پەرلەمان گوتی: ئایە ئەم تۆمەتانە دەسەلمێنی، خۆت بەگوناهکار دەزانی یا نەء؟

لویی شانزەهەم گوتی: من بێگوناهم.

سەرۆکی پەرلەمان لە بری ئەوەی بە تۆمەتبار بڵێت دەتەوێ موحامی بۆ خۆت هەڵبژێری یا نەء، لە ئەندامانی پەرلەمانی پرسی: ئایە دەبێ بۆ موتەهەم موحامی دیفاع هەڵبژێرین یا نەء؟

(مارا) بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (دۆستی میللەت) گوتی: ئەم موحاکەمەیە ئیستسنائییە، تاوانەکانی لویی لە هەتاو ڕۆشنترە، نابێ ئەم پیاوە موحامی دیفاعی هەبێت.

مریکۆر گوتی: بۆ هەزاران ڕۆڵەی فەرەنسا، لەبەر خیانەتی ئەم پیاوە، کوژران موحامی دیفاعیان هەبوو؟

چەند ژنێکی مەست هاواریان کرد: ئەم خائینە ئیعدام کەن، ئەم خائینە بکوژن!

(مارا) گوتی: دانانی موحامی دیفاع بۆ ئەم پیاوە جگە لە کات بەفیڕۆدان چ سوودێکی نییەو درێژەیش بە مەحکەمە دەدات.

پسیون-ی ئەندام پەرلەمان هەڵسا و گوتی: هاووڵاتیان بۆ شکۆمەندی ئەم دادگا مەزنە دەخوازێ، تاوان خراوەپاڵ موحامی دیفاعی هەبێ، تا لە ئایندەدا نەگوترێ، بێ عەدالەتییان دەرحەق کردووە..

ئەم قسەیەی پسیون وای کرد نزیکەی مانگێ تەمەنی لویی شانزە هەمی درێژکردەوە، ئەگەر بۆ لایەنگری پاشا هەڵنەسابا هەمان ڕۆژ پەرلەمان حوکمی





ئیعدامی لەسەر دەدا، ڕۆژی پاشتر یا دوو ڕۆژی دی دەیانکوشت، دەبا لویی شانزەهەم موحامی دیفاع هەڵبژێرێ، مەحکەمەکردنەکەی دواکەوت، لویی شانزەهەمیان ل هپەرلەمان بردە دەرێ.

لویی چەند موحامیێکی دابووە بەر زەین، بەڵام هیچ یەکیان لە ترسی گیانی خۆیان ئامادە نەبوون بەرگری لێ بکەن.. سەرئەنجام دوو موحامی بەتەمەن ئامادەیی خۆیان دەربڕی یەکێکیان ناوی (ترونشی)و ئەوی دیان (کالشیرب) بوو، دۆسیەکەیان وەرگرت، بەڵام ئەم دوو موحامییە، بۆ ئیحتیات و بەبیانویی تەمەنەوە موحامییەکی گەنجیان بەناوی (سز)ەوە هەڵبژارد، مەبەستە سەرەکییەکەشیان ئەوەبوو، ئەگەر مەترسییێک ڕووی دا با بۆ ئەو گەنجە بێت نەک بۆ ئەمان.

دووهەمین دانیشتنی موحاکەمەکەی لویی شانزەهەم ڕۆژی بیست و شەشەمی دیسەمبەری ساڵی ١٧٩٢ بوو، لەو ڕۆژەدا لە شەقامەکانی دەوروبەری پەرلەمان، سەد تۆپیان تیا دامەزراند، تۆپچییەکانیش بە شاپڵیتەوە لە تەنیشت تۆپەکاندا ئامادە وەستابوون، ترسی ئەوەیان هەبوو هێرش بکرێتە سەر پەرلەمان و لویی شانزەهەم بڕفێنن.. هەزار سەربازیش بە تفەنگ و نیزەوە لە دەوروبەری شەقامەکانی پەرلەماندا حەرەس بوون..

لەناو پەرلەماندا کۆبوونەوەکە عەلەنی بوو وەزعەکەیشی وەک ڕۆژی یانزەی دیسەمبەر بوو، مریکۆر لەگەڵ چەند ژنێکی شۆڕشگێڕ، ژنان و پیاوان لەنێو پەرلەماندا شەرابیان دەخواردەوە و شابەروویان دەبرژاند گاڵتەی بازاڕییان دەکرد..

هەرکە دانیشتنەکە بوو بە ڕەسمی (سز) بۆ بەرگری لە تۆمەت خراوەپاڵ دەتوانین بڵێین دەسبەرداری گیانی خۆی بوو، هەڵسا و دەستی بە قسان کرد:

(هاووڵاتیان، ئێوەی نوێنەرانی میللەتی فەرەنسا، بڕیارتان داوە لویی کاپێ موحاکەکە بکەن، تۆمەتی خیانەتتان خستووەتە پاڵی، ئێستایش خۆتان بوون بە حاکمی، ئایە ئەمە عەدالەتە، خۆتان مودەعی و موفتەری و حاکمیش بن؟).

کاتێ کە ئەم قسانەی تەواو کرد، ژن و پیاوە تەماشاچییەکان دەنگی ناڕەزاییان بەرز کردەوە، ژنێ هاواری کرد: ئەم موحامییە خائینە بکوژن!

ئەگەر لەو کاتەدا هەندێ سەرباز لە تەلاری پەرلەمان نەبان هەندێ ژن و پیاوی

شۆڕشگێڕ هێرشیان دەکردە سەر (سز)و دەیانکوشت، دووریش نەبوو هەر لە هەمان شوێندا لویی شانزەهەمیان کوشتبا..

(دفرمون) سەرۆکی پەرلەمان، پاش هەراوهوریا بە (سز)ی گوت: هاووڵاتی، ئەوەی لویی کاپێی تۆمەتبار کردووە میللەتی فەرەنسایە، ئێمەیش وەک حاکم موحاکەمەی دەکەین، بۆیە مودەعی و حاکم یەک شت نین.

دەلیلەکەی (دفرمون) لاواز بوو، چونکە نمایندەکان لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوون، وەک نوێنەرانی میللەتی فەرەنسا حسێبیان بۆ دەکراو بەناوی میللەتەوە تۆمەتیان خستە پاڵ لویی شانزەهەم و بەناوی میللەتیشەوە موحاکەمەیان دەکرد، بۆیە مودەعی و حاکم هەر خۆیان بوون.

(سز) تێگەیشت کە ناتوانێ قەناعەت بە پەرلەمان بێنێ کە سنووری دەسەڵاتیان چەندە، بێ پەروا دەستی بە بەرگری کرد.

یەکەم قسەی (سز) سێ سەعات درێژەی کێشا، بەڵام لە ڕووی قانونەوە قسەکانی هەند قیمەتیان نەبوو، چونکە هیچ موحامیێکی دیفاع ناتوانێ قیمەتی قانونی بە قسەکانی بدات، بەرانبەر بەوەی کە دیکۆمێنتێ هەڵوەشێنێتەوە، لە پەرلەماندا دەیان دیکۆمێنت خرانە ڕوو، هەر هەموو دەربارەی ئەوەبوون لویی شانزەهەم بۆ لەنێوبردنی حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا، داوای یارمەتیی لە دوژمنانی فەرەنسا کردبوو.. بەڵام قسەکانی (سز) بۆ وروژاندنی بەزەیی حاکمەکان گەلێ سەرنج ڕاکێش بوو، سیاقی ئەم یاداشتانە ڕێ نادات هەمووی بنووسین، تەنها بە چەند جوملەیێکی ئیکتفا دەکەین..

(سز) گوتی: (هاووڵاتیان ئەو پیاوەی کە تاوان خراوەتە پاڵی و لێرەدا دانیشتووە، پیاوێ بوو لە تەواوی تەمەنیا هەزاران جووتە چاو، بە شەو و بە ڕۆژ چاودێری کارەکانیان دەکرد، با بزانین خاڵی لاوازی هەیە یا نەء؟ ئەم پیاوە نوقتەی زوعفی نەبوو، بێگومان یەکێکە لە چاکەکارترین کەسانی فەرەنسا و بەڵکو بەشەریەتیش، ئەم پیاوە کە سەیری کرد میللەتی فەرەنسا خوازیاری ئازادییە، یەکسەر ئازادی دا بە میللەت.)

خانم مریکۆر هاواری کرد: درۆ دەکەیت، ئەم خیانەتکارە ئازادی نەدا بە میللەتی







فەرەنسا، بەڵکو میللەت ئازادی لێ وەرگرت!

ئەم ڕستەیەی مریکۆر بەجۆرێ (سز)ی ڕاوەشاند، تا چەند ساتێ نەیتوانی قسە بکات، وای لێ هات بەشێ لە قسەکانی خۆی حەزف بکات، ئەوجا وەخۆهاتەوەو گوتی: ئەم پیاوە، ئەمڕۆ بەندێکە مەقام و مەرتەبەی نییە و ناتوانێ دژ بە بەرژەوەندییەکانی میللەت هەنگاوێ هەڵهێنێ، تەسەوری ئەوە دەکەم دوژمنەکانیشی ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم پیاوە چاکەکار و خاوەن بەزەیی بووە، لەمەیش بەولاوە، باوکی عائیلەیێکە، ژن و مناڵی هەیە، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ سەری لە لەش جیاکەنەوە، من بە ئێوە دەڵێم ئەم سەرە کە ئێستا لکاوەتە لەشی ئەم پیاوە، بێ تواناترو بێ چارەترە لەوەی کە ئێوەی نوێنەرانی میللەتی فەرەنسا داوتانەتە بەر زەین.. بەزەییتان پیابێتەوە، لێگەڕێن با پاشماوەی تەمەنی لەگەڵ ژن و مناڵەکانیا بەسەرببات، ژنەکەی مەکەنە بێوەژن و مناڵەکانیشی بە هەتیو.

(چارلز-ی یەکەم) پاشای بەریتانیا، ماوەیێک بەر لە لویی شانزەهەم لە بەریتانیادا موحاکەمە کرا، بە تەور سەریان پەڕاند، موحامی دیفاعەکەی خۆی ڕاسپاردبوو، هەرچی دەوێت بۆ سەلماندنی بێگوناهیی با بیڵێت، تەنها داوای بەزەیی پیاهاتنەوەی بۆ نەکات، چونکە نەجیبزادەیە و ناتوانێ تەحەمولی ئەوە بکات بەزەییان پیا بێتەوە.

بەڵام لویی شانزەهەم هێز و ئیرادەی چارلزی یەکەمی نەبوو، قایل بوو بەوەی موحامی دیفاعەکەی قسەگەلێ بڵێت بەزەیی ئەندامانی پەرلەمان بورووژێنێ.

ڕۆبسپێر، پاش ئەوەی ڕوخسەتی لە (دفرمون-ی) سەرۆکی پەرلەمان وەرگرت، هەڵساو قسەی کرد، نیوەی قسەکانی بۆ ئەندامانی پەرلەمان بوو، نیوەی قسەکانی دیشی بۆ موحامی دیفاع بوو، گوتی: هاووڵاتی ئێمە، موحامی دیفاع بۆ ئەم دڕندەیە داوا لە پەرلەمان دەکات ڕەحمی پێ بکەین، من لە مووەکیلەکەی دەپرسم کە تۆ هەرگیز ڕەحمت بە کەسێ کردووە کە ئەمڕۆ لە ڕێی موحامیەکەتەوە داوای بەزەیی دەکەیت؟ تۆی میللەتی فەرەنسات دەدایە بەر تۆپ و نیزە، پیاو و ژن و مناڵت لە برسیەتیدا دەکوشت، کەچی لە قەسرەکەتدا، بێ ئەندازە خۆراک و دانەوێڵە زۆر بوون، لە کۆڵانەکانی پاریس ژن و پیاو لە برسانا لە کەناری شۆستەکاندا گیانیان دەسپارد.

ئەی هاووڵاتیان چ دوژمنێکی دەرەکیان هەندەی ئەم پیاوە کە ئێستا لێرە دانیشتووە زیانی بە میللەتی فەرەنسا گەیاندووە؟

مریکۆر قسەکەی ڕوبسپێری بڕی و گوتی: ژنە.. .. کەی، ناوی ئەو زەعیفە نەمساوییەش بێنە..

ڕۆبسپێر گوتی: نۆرەی ئەویش دەگات، میللەتی فەرەنسا سزای قەسابەکانی خۆی دەدات.. ئیدی دەستی کردە هێرش بردنە سەر لویی شانزەهەم و گوتی: ئەم پیاوە شایستەی بەزەیی نییە، لەبەر دوو دەلیل، دەلیلی یەکەمی من دەلیلێکی قانونییە کە پاشای فەرەنسا لە سەڵتەنەت نەما، بایەخی میللی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە ئەم پیاوە ئەهلیەتی میللی نییە تا بتوانێ سوود لە حەسانەی قانونی وەرگرێت.

(سز)ی موحامی دیفاع دەستی بەرز کردەوە، ڕوخسەتی لە ڕەئیسی پەرلەمان خواست، ڕەئیسی پەرلەمان لێی پرسی: هاووڵاتی، دەتەوێ چ بڵێیت؟

(سز) گوتی: دەمەوێ لە هاووڵاتی ڕوبسپێر بپرسم، بە چ دەلیلێ موەکیلەکەی من شایستەیی میللی خۆی لەدەست داوە؟

روبسپێر گوتی: بەو دەلیلەی کە دژ بە دەستوری میللی فەرەنسا ڕەفتاری کردووە، هەرکاتێ فەرەنسییەک دژ بەدەستوری میللی خۆی ڕەفتار بکات شایستەیی میللی خۆی لە دەست دەدات.

دەلیلەکەی ڕوبسپێر پتەو بوو، بەرەئیسی پەرلەمانی گوت: ئیجازە بفەرموون ئەو بەڵگانەی کە لە درزی دیواردا پەنهانی کردبوو، بخرێنەڕوو..

لەم کاتەدا بۆ موحامی دیفاع وەک دەڵێن کورتی هێنا، دەیزانی ئەگەر بەڵگەکان بخرێنە ڕوو، تووڕەیی ئەندامانی پەرلەمان دەوروژێنێ.

مەوزووعی درزی دیوارە پەنهانەکە بەم شێوەیەیە:

پاش شۆڕش، لویی شانزەهەم هەر لە قەسری سەڵتەنەتی ژیانی بەسەردەبرد، عادەتی وابوو خەریکی قفڵ سازی بوو.. بۆ قفڵ سازی کۆمەکی لە وەستایێکی قفڵ ساز وەردەگرت بە ناوی (گامن) ئەم وەستایە لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژ دەهاتە قەسری سەڵتەنەتی و لەگەڵ لویی شانزەهەمدا دەچوونە کارگەی قفڵ سازی وەستا و شاگردە خاوەن تاجەکەی چەند سەعاتێ لەو کارگەیەدا کاریان دەکرد و پاشان





(گامن-ی) مەرەخەس دەکرد و دەڕۆیشت.

ڕۆژێ لویی شانزەهەم، داوای کۆمەکی لە (گامن) کرد تا قفڵێکی چاک لە درزی بەشێ لە قەسری سەڵتەنەتی دانێن، گامن بڕیارەکەی پاشای فەرەنسای قبوڵ کرد، چەند هەفتەیێک بەر لە داواکارییەکەی لویی بەشێکی قەسری سەڵتەنەتیان تێکدابوو گوایە پێویستی بە تەعمیر هەیە، قەدەغەش کرابوو نابێ هیچ کەسێ بچێتە ئەو بەشەوە.

وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوە لەیاداشتە جۆراوجۆرەکان نووسراوە، ئێمە دووبارەیان ناکەینەوە، بەڵام دەڵێین، لە هەموو بەڵگەنامەکاندا یەک ئەنجام هەیە، ئەویش لویی شانزەهەم و گامن لە درزی دیوارێکدا قفڵێکی چاک دروست دەکەن، دیوارێکی دیش بەرانبەر بەو دیوارە بەرز دەکەنەوە، کە کارەکەیان تەواو کرد، گامن ویستی بڕوات، ماری ئەنتوانێتی مەلیکەی فەرەنسا دێت و سینیێکی لەدەستە بتڵێ شەراب و گلاسێکی لەسەرە، بە زەردەخەنەوە دەڵێ: جەنابی گامن ئەمڕۆ زۆرت ئەزیەت کێشاو ماندوو بوویت، ئەوا شەرابم بۆ هێناوی گلاسێ بنۆشە تا ماندوویەتیت دەرچێ.

گامن کە بینی مەلیکەی فەرەنسا وەک خزمەتکارێ شەرابی بۆ هێناوە، کەوتە سەر چۆک و گوتی: خاوەن شکۆ من لەوە چکۆڵەترم کە شازادە خانمێکی وەکو ئێوە شەرابم بۆ بێنێ.

ماری ئەنتوانێت بەدەستی چەپ گامن-ی لەسەر زەوی بەرز کردەوە، بەدەستی خۆی گلاسەکەی پڕ لە شەراب کرد و دایە دەستی گامن، گامن گلاسە شەرابەکەی لە دەست وەرگرت و خواردییەوە، گلاسێکی دیشی بۆ تێکرد، ئەویشی خواردەوە، پاشان لویی شانزەهەم چەند سکەیێکی زێڕی دا بە گامن و بە شادمانییەوە لە قەسرەکە هاتەدەرێ و ڕۆیشت پاش هەندێ ڕۆیشتن هەستی کرد تێکچووە، بەرلەوەی بگەیێتەوە ماڵێ لەسەر شەقامەکەدا کەوت.

چەند کەسێ لە ڕێبواران کە هاوسێی گامن بوون ناسییانەوە، بردیان بۆ نەخۆشخانەی (هوتیل دیو)ی پاریس، لەوێدا پزیشکەکان گوتیان، ئەم پیاوە ژەهرخوارد کراوە.

لەو سەردەمەدا، چاکترین عیلاجی زەهرخواردوویێک ئەوە بوو مەعیدەی بشۆن، هەرچی لە مەعیدەیا بوو خاڵییان کرد ئیدی پزیشکەکان دڵنیابوون گامن زەهرخوارد کراوە، چونکە ئەوانەی لە مەعیدەیەوە هاتبوونە دەرێ فەحسیان کرد و چ گومانێکیشیان نەما.

گامن لە نەخۆشخانە هاتەدەرێ، لە مردن ڕزگاری بوو، بەڵام بەشێ لە جەستەی تووشی شەلەل بوو، تا دوارۆژی تەمەنی هەر چاک نەبووەوە..

گامن خۆی بە مەزڵووم دەزانی، تێگەیشت کە ماری ئەنتوانێت بە موافەقەتی لویی شانزەهەم زەهری دەرخوارد داوە تا نهێنی درزە پەنهانەکە ئاشکرا نەبێ، چەند مانگێ لەگەڵ ویژدانی خۆی دەدوا، پاشان چووە مەحکەمە و ئەو ڕازەی درکاند.

لەو کاتەدا لویی شانزەهەم و هاوسەرەکەی لەو قەسرەدا ژیانیان نەدەگوزەراند، شۆڕشگێڕان ڕۆیشتن ناوەوەی دیوارەکەیان کردەوە، هەندێ بەڵگەنامەیان وەدەست هێنا، هەریەک لەو بەڵگانە کافی بوو لویی شانزەهەم حوکم بدرێ (بەڵگەکان ئەوەیان نیشان ئەدا لەگەڵ وڵاتانی بێگانەدا ڕێککەوتبوو دژ بە حکومەتی فەرەنسا ڕەفتار بکەن).

روبسپێر ئەو ڕۆژە باسی ئەو بەڵگەنامانەی کرد.. (سز) نەیدەویست بەڵگەنامەکان بخرێنەڕوو، ڕەئیسی پەرلەمان ئەمری کرد بەڵگەنامەکان بخرێنەڕوو.

کاتێ کە یەک بەیەک بەڵگەکانیان لە دۆسیەکە دەردەهێنا و نیشانی لویی شانزەهەمیان دەدا، خەت و ئیمزاکەی خۆی ئینکار دەکرد، ئەم ئینکارکردنەی لە ترسەوە بوو، هیچ گومانی لەدروستی ئەو بەڵگەنامانە نەبوو، دوو خەتناسی شارەزا لە پەرلەماندا ئامادە ببوون، تەئیدی خەت و ئیمزاکەی لویی شانزەهەمیان کرد.. ئەو ڕۆژە هەرچەندە لویی شانزەهەم لاوازی و ترسی خۆی دەخستە ڕوو، کەچی (سز)ی موحامی دیفاع سوور بوو لەسەرئەوەی بڵێت لویی شانزەهەم پیاوێکی جوامێرە.

هەموو جارێ (سز) بە لویی شانزەهەمی دەگوت: خاوەن شکۆ.. ئەم وشەیە تەماشاچییانی تووڕە دەکرد، جارێکی دی بە لویی گوت: خاوەن شکۆ.. یەکێ لە تەماشاچییەکان گوتی: (سز) دەبینم ئەمڕۆ گەلێ مەشهور بوویت، مومکینە بڵێیت ئەوەی مەشهوری کردوویت چییە؟





(سز) گوتی: بێدەربەستیمە بەرانبەر ژیان مەشهوری کردووم!

ئەو تەماشاچییە گوتی: خۆشحاڵ بە لێرەدا هەندێ سەربازی گاردی جەمهوری هەن و حیمایەت دەکەن، گەر لێرە نەدەبوون بەم دەستانەی خۆم چاوەکانتم دەردەهێنا.

(سز) گوتی: چاکترە نابینا بم لەوەی ئەم جۆرە دیمەنە ببینم..

دوو موحامییە دیفاعە بەتەمەنەکانی دی، قسەیان لە زار نەهاتە دەرێ، نەوەک بکەونە بەر غەزەبی خەڵکەکە، تەنها یەکێ لەو دوو موحامییە پیرە بەئاسپایی فرمێسکی چاوەکانی دەسڕییەوە، ناوەکەیشی (ماشیرب) بوو.. ڕۆبسپێر هێرشی دەبردە سەر لویی شانزەهەم و دەیگوت: چارەنووسی ئەم پیاوە ڕوونە، تاوانەکانی دژ بە میللەتەکەمان لە ڕۆژ ڕووناکترە، دەبێ لەنێوچێت، ئەمڕۆ ئەم پیاوە لێرەدا زەبوونە، تا لەژیاندا بێت خەتەرەو کار بۆ ئەوە دەکات حکومەتی پێشووی ئیستبدادی بێنێتەوە سەر کار، بۆیە دەبێ بۆ هەمیشە لەنێوبچێت، ئەگەر ئێوە ڕەئی نەدەن بۆ ئیعدامکردنی وەک ئەوە وایە ڕەئیتان دابێ بۆ ئیعدامکردنی میللەتی فەرەنسا، من لە ناخی دڵەوە، بە ویژدانێکی ئاسوودەوە ڕەئی بۆ ئیعدامکردنی ئەم پیاوە دەدەم.

***

# موحاکەمە عەجیبەکەی

# لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێت

تا هەزار ساڵ بەر لەم مێژووە، موحاکەمەکردنی پاشایێک لە وڵاتی فەرەنسادا پێشینەی نەبووە، ئەندامانی پەرلەمان بۆ موحاکەمەکردنی لویی شانزەهەم، نەیانتوانی سوود لە پێشینە وەرگرن، نەیاندەزانی چۆن ڕەئی بدەن، ئایە بۆ مەحکوم کردنی لویی شانزەهەم زۆرینەی ئاسایی یانی نیوەی ئەندامانی پەرلەمان و یەک ڕەئی دی کافییە، یا دەبێ بەلای کەمەوە دوو لەسەر سێی ئەندامان ڕەئی بدەن تا لویی شانزەهەم مەحکوم بکەن.

(سز)ی موحامی دیفاع، هەستی کرد بەشێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمان حەز بە مەرگی لویی شانزەهەم ناکەن دەیانەوێ لە قەڵای (تانپل)[1] وەک سزادانێ حەپسی بکەن، گەلێ هەوڵی دا وا لە پەرلەمان بکات بڕیاربدات بەلای کەمەوە دوو لەسەر سێی ئەندامان ڕەئی بدەن، بەڵام پێی نەکراو نەیتوانی لەئاست ڕۆبسپێرو تەماشاچییەکانی ژنان و بەتایبەتی مریکۆر سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

ڕۆبسپێر بە (سز)ی گوت: شۆڕشی فەرەنسا ئیمتیازاتی ئەشرافەکانی لەغو کردووەتەوە، بەڵام ئێستا تۆ دەتەوێ بۆ ئەم پیاوەی کە پێشتر لە ئەشرافەکان بوو، ئیمتیازێکی بۆ بێنیتە کایە، ئەویش دەتەوێ بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان حوکم دەرکرێت، لە هەموو دادگاکاندا بۆ بەریئی یا حوکمدان بەزۆرینەی یەک دەنگ حوکم دەردەکرێ، ئێمەیش لەم پەرلەمانەدا بۆ دانانی یاساکان هەمان ڕەوشمان گرتووەتەبەر، تۆ دەتەوێ ئەم موتەهەمە ئیستسنا بکرێ وا لە پەرلەمان بکەیت بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی، مەحکوم یا تەبریئەی بکەیت، ئەمەیش هیچ فەرەنسییەک قبوڵی ناکات. لویی کاپێ ئەهلیەتی فەرەنسیی نییە..

ڕۆبسپێریش وەک (سز) تێگەیشتبوو کە گەلێک لە ئەندامانی پەرلەمان ڕەئی بۆ مەحکومکردنی لویی شانزەهەم نادەن، بۆیە پێشنیازی کرد، ئەندامانی پەرلەمان بەشێوەیێکی عەلەنی ڕەئی بدەن. لەکاتی ڕەئی وەرگرتنیشدا لویی شانزەهەم لە

(١) تانپل: هەمان شوێنی نیشتەجێبوونی لویی شانزەهەم و هاوسەر و مناڵەکانی.





تەلاری کۆبوونەوەی عەلەنی پەرلەمان نەبێت.

ڕۆبسپێر دەیزانی ئەگەر بە عەلەنی ڕەئی بدرێت، ئەندامانی پەرلەمان بەرانبەر بە تەماشاچییە تووڕەو چەکدارەکان جورئەت ناکەن ڕەئی (نەخێر) بدەن و مەجبورن ڕەئی بۆ ئیعدامکردنی لویی شانزەهەم بدەن. بەڵام پێشنیازەکەی ڕۆبسپێر دەربارەی وەرگرتنی ڕەئی دەبێ لویی شانزەهەم لە تەلاری کۆبوونەوە عەلەنییەکاندا نەبێ، لە رووکەشدا مەبەستی ئەوەبوو، کە کاتێ دادگا بڕیار دەدات دەبێ موتەهەم لەدەرێی دادگا بێت، یا حاکمەکان خۆیان ژووری دادگا جێدێڵن و دەچنە ژوورێکی دییەوە، وا ناکەن موتەهەم ئاگای لە ڕەئی دادگا بێت تا ئەوکاتەی ئەنجامی ڕەئی دادگای بۆ دەخوێننەوە، هەربۆیە کاتێ ئەندامانی پەرلەمان ڕەئی دەدەن نابێ لویی شانزەهەم لە کۆبوونەوە عەلەنییەکەدا ئامادەبێت..

بەڵام سونگەی ئەسڵی ئەم کارە شتێکی دی بوو، ڕوبسپێر نەیدەویست ئەندامانی پەرلەمان لەکاتی ڕەئی داندا لویی شانزەهەم ببینن نەوەک بەزەییان پیا بێتەوە.

بەجۆرێ ئەم پێشنیازانەی ڕوبسپێر لەلایەن تەماشاچییەکانەوە پێشوازی لێ کرا، بەئاشکرا کەیفخۆشی خۆیان خستەڕوو، پەرلەمان بڕیاری دا کە ڕۆژی پانزەهەمی ژانویە ١٧٩٣ کۆبوونەوەی پەرلەمان تایبەت بێت بۆ ڕەئیدان لەسەر لویی شانزەهەم.. لەو ڕۆژەدا دەبا، یەک بەیەکی ئەندامان لەجێ هەڵسن بەرەو لای تریبۆن بڕۆن و ڕەئی خۆیان بخەنەڕوو.

مەوزووعی ڕەئیەکەیش ئەمەبوو: ئایە لویی شانزەهەم ئیعدام بکرێ یا بەزیندوویەتی بمێنێتەوە؟. لەم ڕەئی وەرگرتنەدا جگە لە ئیعدام و زیندوومانەوە بەولاوە، باسی چ شتێکی دیی تیا نەبوو، یانی سزای حەپس–یان نەهێنابووە گۆڕێ، ڕەئی هەر ئەندامێکی پەرلەمانیان لە سێ دەفتەردا تۆمار دەکرد، پاش کۆتایی ڕەئی وەرگرتن، سێ دەفتەرەکەیان بەراورد دەکرد، یەکێ لەو سێ دەفتەرە بەناوی دەفتەری گشتی بوو، بەرانبەر ئەو ڕەئیەی دەدرا دەبا ئیمزایش بکرێ، تا ڕێی حاشاو ئینکارکردن ببڕن و کەسێ نەتوانێ لە ئایندەدا ئینکاری ڕەئی خۆی بکات.

بەرەبەیانی ڕۆژی پانزەهەمی ژانویە، هەوای پاریس سارد بوو، چەندین فەوج لە سەربازانی سوپای فەرەنسا، لە شەقامەکانی دەوروبەری پەرلەمان و شەقامەکانی

دەوروبەری قەڵای (تانپل) زیندانی لویی شانزەهەم و هاوسەرەکەی بوو، سەربازەکان حەرەسیاتی ئەو ناوەیان بە سەختی گرتبوو، لەو ڕۆژەو ڕۆژی پاشتریش شانزەهەمی ژانویە، لە تەلاری کۆبوونەوە عەلەنییەکانی پەرلەمانی فەرەنسا مونازەرەیێک دروست بوو، ڕەنگە مانەندی لەجیهاندا دووبارە نەبێتەوە، هەر ئەندامێ دەبا لە پشتی تریبون-ەوە بووەستێ، جگە لە ڕەئیدانەکەی دەبێ ڕوونکردنەوەی هەبێ، تا هەموو بزانن ئەو ڕەئییە لەڕووی عەقڵەوە دراوە یا نەء. هەریەک لە ئەندامانی پەرلەمان لە ڕۆژی پانزەهەم و شانزەهەمدا تا سەعات پانزەی شەو لە پشتی تریبۆن-ەوە ڕەئیان دەدا و دەشیانزانی گەمە بە سەری خۆیان دەکەن.

لەو دەمەدا ئەو ڕژێمەی بە ناوی (تیرۆر) بوو لە فەرەنسا حوکمڕان بوو، ڕۆبسپێر فەرمانداری ئەو ڕژێمە بوو، هەرکەسێ تۆمەتی ئەوەی خراپایە پاڵ کە دژ بە شۆڕشی فەرەنسایە، دەیانسپاردە جەلاد و بە گیوتین سەریان لە لەش جیادەکردەوە، جا چ دژایەتییێک لەوە گەورەتر بوو، ئەندامانێکی پەرلەمان ڕەئیی بۆ بەرائەتی لویی شانزەهەم دابا..

هەر ئەندامێ کە نزیکی تریبونەکە دەبووەوە، تەقریبەن دڵنیا دەبوو، ئەگەر ڕەئی بۆ ئیعدامکردنی لویی شانزەهەم نەدات، ئەوا ڕەئی بۆ ئیعدامکردنی خۆی داوە، لەگەڵ ئەمەشدا دلێریی پیاوانی شۆڕشگێڕی فەرەنسا لە رادەیەکدا بوو لەو دوو ڕۆژەدا نیوەی ئەندامانی پەرلەمان ڕەئیان بە (نەخێر) دا، یانی دژ بە ئیعدامکردنی لویی شانزەهەم بوون.. ئەوانەی دژ بە ئیعدامکردنی لویی شانزەهەم بوون بە زیندوویەتی مانەوە، ژیانیان قەرزاریاری لەنێوچوونی ڕژێمی تیرۆر بوو، ئەگەر ڕۆبسپێر نەڕووخابا، ڕژێمی تیرۆر لەنێو نەدەچوو، ئەمانیش لەنێو دەچوون.

یەکەم کەسێ لە ڕۆژی پانزەهەمی ژانویەی ساڵی ١٧٩٣، ڕەئی بۆ ئیعدامکردنی لویی شانزەهەم دا، شازادە فیلیپ ئیگالیتێ بوو، پاش ئەوەی لە پشتی تریبونەکەدا وەستا و گوتی:

"ئەم پیاوە خزمی منە، بەڵام ئەگەر برایشم با، مادامێ خیانەتی بەرانبەر بە وڵات و میللەتی فەرەنسا کردووە، من حوکمی ئیعدامی بەسەرا دەدەم، کەیفخۆشم و بەدەنگی بەرز دەڵێم ئەم پیاوە بە شایستەی ئیعدامکردن دەزانم!"





ئەم ڕەئیە ئەوەندە بێ مروەتی تیا بوو، بووە مایەی سەرسامیی ژنانی بازاڕی کە لەنێو تەماشاچییەکاندا ئامادە بوون.. لەو ڕۆژەدا یەکێ بۆ نەجاتدانی سەری خۆی ڕەئی دا دانتۆن بوو، گوتی: من ئەم موتەهەمە دەربارەی وڵات و میللەتی فەرەنسا بە خیانەتکار دەزانم، بۆیە بە شایستەی دەزانم سزای ئیعدامی بەسەردا بسەپێ.

خانم مریکۆر دەیزانی دانتۆن بەرتیلی لە لویی شانزەهەم وەرگرتووە تا لە مەرگ نەجاتی بدات، هاواری کرد: هاوڵاتی! ئایە ئەم ڕەئیەی داوتە لەگەڵ ویژدانتا یەک دەگرن؟

دانتۆن بە سەرکزییەوە وەڵامی دایەوە: بەڵێ هاووڵاتی، من بەپێی ویژدانی خۆم ڕەئیم داوە!

(کۆندورسێ) یەکێ بوو لە ئەندامانی پەرلەمان و گوتی:

"من لویی کاپێ بە شایستەی سزای ئیعدام دەزانم، بەڵام بڕوام وایە کوشتنی مەحکومێک وەحشیگەرییە، بۆیە دژ بە سزای ئیعدامم، بۆیە ڕەئی دەدەم لویی کاپێ دەبێ بە زیندوویەتی بمێنێتەوە"

هاواری: خائین.. خائین.. کرێگرتەی ئەجنەبی، لەنێو تەماشاچییەکانەوە بەرز بووەوە، (کوندورسێ) بێ ئەوەی بایەخیان بداتێ هاتەوە لەسەر جێیەکەی خۆیدا دانیشت.

یەکەم کەسێ لەو ڕۆژەدا دژ بە ئیعدامکردنی لویی شانزەهەم وەستا (پسیون) بوو، کە یەکێ بوو لە دۆستەکانی خانم مریکۆر، پاش ئەوەی لەپشتی تریبوندا وەستا، دەستی ڕاستی بەرز کردەوە و گوتی:

"من ویژدانی خۆم دەکەمە شاهێد، لویی شانزەهەم بەبێ گوناه دەزانم، بڕوام وایە گەر حوکمی ئیعدام بەسەر ئەو پیاوەدا بسەپێنن، ئەوا تاوانێکی گەلێ گەورەتان کردووە بەرانبەر بە ئینسانیەت، ویژدانی بەشەرییەتیش لەق دەکەن و دەیلەرزێننەوە، من بڕوام وایە دەبێ بەزیندوویەتی بمێنێتەوە"

پاش ئەم ڕەئیە، هاواری ئیعترازی تەماشاچییەکان تەلاری پەرلەمانی هێنایە لەرز، ژنە چەکدارەکان هێرشیان کردە سەر (پسیون) ئەگەر سەربازانی گاردی جەمهوری بەری ئەو هێرشەی نەگرتبا، هەر لەوێدا پسیون-یان پارچە پارچە دەکرد، ئیدی ژنان بەردیان دەگرتە پسیون، چەند بەردێکی بەرکەوت، یەکێ لە بەردەکان بەر ڕوخساری

کەوت و برینداری کرد، هەندێ پیاو و ژن هەڕەشەیان دەکرد، هەرکە پسیون لە پەرلەمان بێتە دەرێ ئەوا دەیکوژن.

لە سالآنی یەکەمی شۆڕشی فەرەنسادا، پەرلەمان سەرۆکی دائیمی نەبوو، هەر چەند ڕۆژێ یەک سەرۆکیان هەڵدەبژارد.

ڕۆژی شانزەهەمی ژانویە ١٧٩٣ سەرۆکی پەرلەمان ناوی (ورنیو) بوو..

ئەو ڕۆژە تا سەعات یانزەی شەو ڕەئی دەدرا، تەنانەت ژنە لەشفرۆشەکان پیاوانی چینی جیاجیا لەو ماوە دوورودرێژەدا ماندوو بوون هەندێکیان ڕۆیشتن بخەون.. لە سەعات یانزەی شەودا (ورنیو)ی سەرۆکی پەرلەمان هەڵسا و ئەنجامی ڕەئی وەرگرتنی ئاشکراکرد و گوتی:

"پەرلەمانی فەرەنسا، کە نوێنەری میللەتە، بەزۆرینەی دەنگ لویی کاپێ مەحکوم دەکات بە ئیعدام".

بەڵام نەیگوت بەزۆرینەی چەند دەنگ، بەڵام ئێمە دەڵێین، پاشای فەرەنسا بەزۆرینەی یەک دەنگ مەحکوم کرا!

پاش شۆڕشی فەرەنسا، مێژوونووسان دەربارەی ژمارەکان دوودڵ بوون و گوتیان: بەزۆرینەی پێنج دەنگ مەحکوم کرا، ئەگەر ئەمەیش ڕاست بێ هێشتا زۆرینەی پێنج دەنگ کافی نییە کەسێکی وەک لویی شانزەهەمی پێ مەحکوم بکرێت.

هەرکە ڕەئی ئیعدامکردنی لویی شانزەهەم لە پەرلەماندا خوێنرایەوە، شارەوانی پاریس بڕیاری دا کە دەبێ خەڵکی کەیفخۆشی و شادمانی بنوێنن و چراخانیش دروستکەن! بڕیاری چراخان دروستکردن و شادمانی نواندن هەر بۆ ئەو شەوە بوو نەک بۆ شەوی ئایندە (بەو نیوە شەوی زستانە) خەڵکی لە ماڵێ هاتنە دەرێ، مەیفرۆشان دوکانی مەیفرۆشییان کردەوە، ژنان و پیاوان پاش خواردنەوە، لە شەقامەکاندا دەستیان بە سەماکردن کرد..

لەو دەمەدا ڕۆژنامەکانی پاریس زیاد لە پێویست بڵاو بوونەوە و هەواڵی ئیعدامکردنی لویی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووەوە، ڕۆژنامە فرۆشەکانی شەقامەکانی پاریس جاڕیان بۆ مەحکومکردنی لویی شانزەهەم دەدا..

لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێتی هاوسەری خەبەری مەحکومکردنەکەی لە





زمانی ڕۆژنامە فرۆشانەوە زانی، کە هاواریان دەکرد، حوکمەکەیان دەگەیاندە گوێی خەڵکی، ئەودەمە بەپێی حوکمی دەوڵەت پاشای فەرەنسا و مەلیکە، بە جیا لە یەکتر دەژیان، دەوڵەت ئیجازەی نەدەدا ئەو ژن و مێردە بەیەکەوە بن.

ڕۆژی پاشتر ڕۆژی حەڤدەهەمی ژانوی بوو، حوکمی مەحکومیەتی لویی شانزەهەم بە رەسمی ئیعلان کرا و پێی ڕاسپێردرا، هەر لەو کاتەی لویی شانزەهەمیان لە قەلآی (تانپل) بەرەو مەیدانی ئیعدام برد، سەربازە حەرەسەکان لە ژوورەکەی لویی شانزەهەم دەرنەدەچوونە دەرێ، شەو و ڕۆژ لە ژوورەکەیدا بوون، شەوان دوو کەسیان بە نۆرە لە پای قەرەوێڵەکەی لویی شانزەهەم دەخەوت، سەربازەکانی دیش لە ژوورەکەدا بێدار دەبوون.

لویی شانزەهەم لە دواڕۆژەکانی تەمەنیا (ئەو ڕۆژەی حوکم درا تا ئەو ڕۆژەی ئیعدام کرا، پێنج ڕۆژی پێچوو) گەلێ ئازاری دەچێژت بەوەی حەرەسەکان ژوورەکەیان جێ نەدەهێشت، نەیدەتوانی تەنها بۆ ساتێکیش تەنها بێت.

پاش حوکمدانی لویی شانزەهەم بەئیعدام ڕێیان دا موحامی دیفاعەکانی ببینێ..

عادەتی لویی شانزەهەم ئەمەبوو، هەموو بەیانییێک ڕیش و سمێڵی خۆی دەتاشی، لە بەیانی ڕۆژی حەڤدەهەمی ژانویدا تیغی تراش کردنیان لە (کلری) نۆکەرەکەی لویی شانزەهەم وەرگرتەوە.

(کلری) نۆکەری وەفاداری لویی شانزەهەم بوو، پاش ئەوەی بەختی لویی شانزەهەم ڕووی لە نشێوی کرد، هەموو ئەو کەسانەی لە سەردەمی سەڵتەنەتی لویی شانزەهەمدا سوودمەند بوون، هەر هەموویان پشتیان تێ کرد، تەنها (کلری) نەبێ کە لە سەردەمی سەڵتەنەتی لویی شانزەهەمدا جگە لە مووچە کەمەکەی چ شتێکی دی نەبوو، لویی جێ نەدەهێشت، لەگەڵیا چووە قەلآی (تانپل) تا دوا ساتەکانی تەمەنی لویی شانزەهەم هەر خزمەتکاری بوو.

تیغی ڕیش تاشینەکەیان بۆ ئەوە لێ وەرگرتەوە، تەسەوری ئەوەیان دەکرد، ڕەنگە پاشای فەرەنسا، پاش ئەوەی لە حوکمەکەی خۆی تێدەگات، خۆکوژی بکات، بەڵام ڕۆبسپێر ئەمری دا تیغەکەی بۆ بگەڕێننەوە، بە دەوروبەرەکەی گوتبوو: خۆزیا بە تیغی ڕیش تاشینەکەی خۆی دەکوشت، ئێمەیشی لە کوشتنی دەبەخشی!

هەر لەو کاتەی خەبەری مەحکومیەتی لویی شانزەهەم لە شەقامەکاندا جاڕ درا، (کلری) دەستی بەگریان کرد، لویی شانزەهەم لەسەریەک پێیدەگوت: مەگری، نابینی خەڵکی سەیرمان دەکەن؟

لویی شانزەهەم لە ماوەی موحاکەمەکردنەکەیدا لاوازی نیشان دا، ڕازی بوو موحامی دیفاعەکەی داوای بەزەیی بۆ بکات، بەڵام پاش ئەوەی ئاگای لە هەواڵی مەحکومیەتەکەی بوو، تا ئەو کاتەی سەریان لە لەشی جیا کردەوە، سەلماندی کە پیاوێکی نەجیبزادەیە و خوێن ساردە.

دەوڵەتی فەرەنسا، ئیجازەی دا لویی شانزەهەم، بەر لە مردنی ژن و مناڵان و خوشکەکەی ببینێ.

ڕۆژی نۆزدەهەمی مانگی ژانوی ساڵی ١٧٩٣ بۆئەوەی ماری ئەنتوانێت و دوو مناڵەکەی لویی شانزەهەم و شازادە ئەلیزابێت-ی خوشکی لویی شانزەهەم، لە ژوورێکدا یەکدی ببینن، لویی یەکە یەکەیانی لە باوەش گرت و ماچی کردن و دەستی بەگریان کرد، بەڵام نەک بۆئەوەی دەکوژرێ، بەڵکو بۆئەوەی کە دەیزانی ئەوانەی پاش خۆی گەلێ غەمگین و بەدبەخت دەبن..

لویی بەگریانەوە داوای لە ژن و خوشکەکەی و مناڵەکانی دەکرد، لە میللەتی فەرەنسا نەڕەنجێن، ئەم میللەتەش بە بەرپرسی مەرگی ئەم نەزانن، دەرحەق بە میللەت کینە لەدڵ نەگرن، چونکە ئیعدام کردنەکەی لە جەهالەتەوە سەرچاوەی گرتووە، لویی شانزەهەم دەیگوت:

"من لە ناخی دڵەوە داوا لە خوا دەکەم میللەتی فەرەنسا بەختەوەرکات، هەرگیز خوێنی من نەخاتە ئەستۆی ئەوانەوە"

کاتێ کە ژن و خوشکەکەی و مناڵەکانی لویی شانزەهەمیان لە ژوورەکە بردە دەرێ لویی بە حەرەسەکەی گوت: ئیدی من نامەوێ خزمانی خۆم ببینم، چونکە توانای بینینی ئەوانم نییە.

لویی شانزەهەم ڕاستی دەکرد، دەیزانی ژن و خوشکی و مناڵەکانی ئەوەندە بەدبەختن ئەگەر جارێکی دی بیانبینێتەوە، لەبەرئەوەی خۆشیانی دەوێ و ناتوانێ دەسبەرداریان بێ، مومکینە باوەڕی بە خوا سست بێ..





خواناسییەکەی لویی شانزەهەم دژ بە عەقیدەو سەلیقەی شۆڕشگێڕان بوو، هیچ ڕووداوێکیش باوەڕی سست نەدەکرد، ئەو کاتەی کە سەریان لە لەش جیاکردەوە باوەڕی پتەوی بەخوا هەبوو.

پیاوێ کە دەبا دەست لە جیهان بشوات و بەرەو دنیای دی بڕوات، نابێ بە دیتنی دیمەنگەلێ کە لەژیانیدا خۆشی دەویستن، خۆی دووچاری ڕەنج و ئازار بکات، لویی شانزەهەم کە دەیویست خۆی ئامادە بکات بچێتە لای خواوەندی خۆی، تا ڕۆژی بیست و یەکەمی ژانویە کە بەرەو مەیدانی ئیعدامیان برد، ژن و مناڵەکانی و خوشکەکەی نەبینی.

***

بەیانی ڕۆژی بیست و یەکەمی ژانویەی ساڵی ١٧٩٣ لویی شانزەهەم بە ژنەوتنی دەنگی تەپڵ لە خەو بێدار بوو..

لە سەعات حەوتی بەیانی ئەو ڕۆژە، لە هەموو ئەو سەربازخانانەی کە لە شەقامەکانی پاریسدا دایانمەزراندبوو، تەپڵیان لێ دەدا، عارەبانە تۆپهەڵگرەکان لە شەقامەکاندا حەرەکەیان دەکرد.. دەوڵەتی فەرەنسا، تا ئەو ڕۆژە، کە ڕۆژی ئیعدامکردنی لویی شانزەهەم بوو، هەموو فەوج و تیپەکانی سوپای فەرەنساو گاردی جەمهوری کە لە دەوروبەری پاریس بوون، هەر هەموویانی هێنایە پایتەختی فەرەنسا، تا ئاسایش بپارێزن و نەهێڵن لویی شانزەهەم بڕفێنن.

لەو ڕۆژەوەی کە موحاکەمەکردنەکەی لویی شانزەهەم لە پەرلەمانی فەرەنسادا دەستی پێکرد، وا بڵاو بووەوە کە لایەنگرانی لویی شانزەهەم نیازیان وایە بیرفێنن ئەم مەوزووعەش ڕاست بوو.

پیاوێ بەناوی (شەوالیێ باتز) لە وەفادارانی پاشای فەرەنسا و پیاوێکی بەجورئەت بوو، بڕیاری دا لویی شانزەهەم بڕفێنێ و لە دەستی شۆڕشگێڕان نەجاتی بدات..

شەوالیێ باتز، لە سەرەتادا دەیویست هێرش بکاتە سەر قەڵای (تانپل) و لویی شانزەهەمی تیا دەرکاتە دەرێ، بەڵام بیستبووی کە دەوڵەتی فەرەنسا بڕیاری دەرکردبوو بۆ حەرەسەکانی قەڵای (تانپل) لەو بڕیارەدا گوتبووی، هەرکاتێ لایەنگرانی لویی شانزەهەم هێرشیان هێنایە سەر قەڵاکە، تا لویی شانزەهەم

برڕفێنن، ئەگەر حەرەسەكان بۆیان دەركەوت ناتوانن بەرگری لە قەڵاكە بكەن، لویی شانزەهەم بكوژن.

هەركە شەواڵێ باتز ئەمەی زانی دەسبەرداری هێرشی سەر قەڵاكە بوو، بڕیاری دا لەنێوان ڕێی قەڵاكەو پەرلەماندا كە لویی شانزەهەمی پیادەهات بیرڕفێنێت، هەرچەندە وەكو مەیدانی جەنگ بوو، پڕبوو لە سەرباز، باتز دەیزانی بۆ ڕفاندنی لویی شانزەهەم چەند نەفەرێك كافی نییە، تەنانەت چەند سەد كەسێكیش بەش ناكات، چونكە دەوڵەتی فەرەنسا، هەموو شەقامەكانی پاریس، ئەو خەتەی كە لویی شانزەهەمی بەسەرا تێدەپەڕی وەك مەیدانی جەنگی لێ كردبوو، بە سەربازێكی زۆریش گەمارۆی شاری پاریسی دابوو، تا ئەگەر لایەنگرانی لویی شانزەهەم، لە شەقامێكدا لویی یان ڕفاند نەتوانن بیبەنە دەرێی شار.. شەواڵێ باتز دەیزانی بۆ ڕفاندنی لویی دەبێ چەندین فیداكار ئامادەبن، لە دەرێی شاردا هێرشكەنە سەر سەربازە شۆڕشگێڕەكان تا نابوودیان كەن تا ئەمانیش بتوانن لویی شانزەهەم لە شار ببەنە دەرێ..

شەواڵێ باتز توانی نزیكەی بیست هەزار كەسێ ئامادە بكات تا لویی شانزەهەم برڕفێنن، تەنانەت دەستنیشانی ئەركەكانیان كرابوو كە دەبا ڕۆژی بیست و یەكەمی ژانویە لە مەیدانی "مالن" (كە ئەمڕۆیش لە پاریس دایە) ئامادەبن، چونكە شەواڵێ باتز مەیدانی مالن-ی لە هەموو شوێنێ پێ باشتر بوو، دەستەیێكیشی دانابوو لە دەرێی شاردا هێرشكەنە سەر سەربازەكان و ڕێ بۆ دەربازبوونی لویی شانزەهەم خۆشكەن، دەستەیێكی دیش دەبا بەدرێژایی ڕێگای فەرەنسا تا سەر سنوور هێرشكەنە سەر پاسگاكان تا سەربازە شۆڕشگێڕەكان نەتوانن ڕێی گالیسكەكەی لویی شانزەهەم بگرن.

ئەمڕۆ ئێمە تێدەگەین بەجێهێنانی نەخشەیێكی ئاوها چەند سەختە، شەواڵێ باتز نەیدەتوانی ئومێدەواری غافڵگیری بێت، چونكە دەوڵەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا هۆشیار بوو دەیزانی نیاز هەیە لویی شانزەهەم برڕفێنن، ئاگاداری ئەوەش بوو، لایەنگرانی لویی شانزەهەم لەكاتی پێویستدا دەربەستی كوژرانی چەند كەسێك نابن..





شەواڵێ باتز ئەو ئیحتمالەی دانابوو لەكاتی پێكدادانداا لویی شانزەهەم بكوژرێ وایشی بیردەكردەوە ئەگەر لەو كاتەدا لویی بكوژرێ چاكترە لەوەی بە گیوتین سەری لە لەشی جیاكەنەوە.

دەوڵەتی فەرەنسا بڕیاری دابوو، هەركەسێ نزیك بێتەوە لەو گالیسكەیەی لویی شانزەهەمی تێدایە دەسبەجێ بكوژرێ.

لە ڕۆژی نۆزدەهەمی ژانویەوە لە ڕێی ڕۆژنامەو ئەو ئاگادارییانەی دەچەسپێنرایە قەد دیوارەكانەوە، خەڵكەكەیان ئاگادار كردبووەوە، لەكاتی تێپەڕینی گالیسكەكەی لویی كاپێ هەركەسێ نزیكی ئەو گالیسكەیە بێتەوە دەكوژرێ، هەموو سەربازەكان لە ڕۆژی بیست و یەكەمی ژانویە بە تفەنگی پڕو ئامادە بۆ دەسڕێژ حەرەس بوون..

لە سەعات هەشتی بەیانیدا (سان تو) ئەفسەری گاردی میللی لەگەڵ دوو كەس لە نوێنەرانی شارەوانی و هەندێ سەرباز هاتنە قەڵای (تانپل) (سان تو)و نوێنەرانی شارەوانی، هەركە چوونە ژووری مەحكومەكە شەبقەكانیان لەسەر لانەدا، یانی سڵاویان لە مەحكوم نەكرد..

لویی شانزەهەم لە (سان تو)ی پرسی: ئایە هاتوویت من ببەیت؟

ئەو پیاوە گوتی: بەڵێ.

لویی شانزەهەم گوتی: تكا دەكەم، ئەم نووسینە، وەسیەتنامەی منە، بیگەیێنە دەستی مەلیكە.

پاشان وەسیەتنامەكەی بۆ لای (ژاك ڕو) درێژكرد كە یەكێ بوو لەو دوو نوێنەرەی شارەوانی، (ژاك ڕوو) وەسیەتنامەكەی وەرنەگرت و گوتی: ئیشی من ئەوەیە بەرەو مەیدانی ئیعدامتان ببەم، نەك وەسیەتنامە لە ئێوە وەرگرم.. بەڵام نوێنەرەكەی دیی شارەوانی وەسیەتنامەكەی لە لویی شانزەهەم وەرگرت، بەڵام نەیدایە دەستی مەلیكە، بەڵكو تەسلیمی شارەوانی كرد..

(سان تو) گوتی: با بڕۆین و هەوا ساردە..

(كلری) نۆكەری بەوەفای پاشا ویستی ڕدنكۆت بكاتە بەری، بەڵام لویی شانزەهەم لەبەری نەكرد و گوتی: ئەم پۆشاكانەی بەرم بەرگەی سەرما دەگرن.

جارێک گوتمان لویی شانزەهەم لە ماوەی موحاکەمەکردنەکەیدا لاوازی نواند، بەڵام پاش ئەوەی حوکم درا، خۆیشی گوێبیستی حوکمەکەی بوو، تا ئەوکاتەی سەریان لە لەش جیاکردەوە، بەڕاستی پاشایەکی ڕەشید بوو، پیاوێکی پیاوانەش بوو.

کاتێ ویستی خواحافیزی لە نۆکەرە وەفادارەکەی خۆی بکات، بەهیچ جۆرێ موتەئەسیر نەبوو، بەڵام (کلری) دەگریا.

لویی شانزەهەم بۆ قەدرزانی لە خزمەتەکانی (کلری) تەوقەی لەگەڵدا کرد و دەستی گوشی، هەر لە سەردەمی سەڵتەنەتی لویی چواردەهەمەوە تا ئەو ڕۆژە، هەرگیز ڕووی نەدابوو پاشایێکی فەرەنسی تەوقە لەگەڵ نۆکەرەکەیدا بکات و دەستی بگوشێ، بەڵام لویی شانزەهەم ئەم کارەی کرد..

پاش ئەوەی لە پێپلیکانەکانی قەڵای (تانپل) هاتە خوارێ لەگەڵ (ئاجورسی) کەشیشدا سواری گالیسکە بوو.

دوو ئەفسەر ڕووبەڕووی لویی شانزەهەم و کەشیشەکە، لە گالیسکەدا دانیشتن، هەریەک لەو دوو ئەفسەرە شمشێرو دەمانچەیان پێبوو ئەمریشیان پێکرابوو، ئەگەر هەستیان کرد وەزعێکی ناجۆر ڕوودەدات، یا دەیانەوێ لویی شانزەهەم برفێنن، ئەوا یەکسەر بە دەمانچە مێشکی لویی شانزەهەم بپژێنن، ئەو گالیسکەیەی لویی شانزەهەمی تیابوو بەرەو مەیدانی ئیعدام کەوتبووە ڕێ.. لەو ڕۆژەدا، سەرلەبەری خەتی ڕۆیشتنی گالیسکەکە، یەک دوکان نەکرابووەوە، یەک پەنجەرە لە نهۆمی دوو و سێ و چواری هەر بینایەیێکدا نەکرابووەوە، لە خەتی ڕۆیشتنی گالیسکەکە دوو ڕیز سەرباز لەهەر تەرەفی شەقامەکاندا وەکو دوو دیواری گیاندار وەستابوون، ڕیزێکیان ڕووەو تەماشاچییەکان و ڕیزەکەی دیش ڕووەو گالیسکەکە ئەمریان دابووە حەرەسەکان هەرکەسێ لە تەنیشتی پەنجەرەی هەر ماڵێکدا بینرا دەسبەجێ تەقەی لێکەن، هەموو تەماشاچییەکان دەبا لەهەر دوو تەرەفی شەقامەکاندا بووەستن.

سەد تەپڵ لێدەری سوار، لەپێشەوە حەرەکەتیان دەکرد، پاش ئەوان هەزارو پێنج سەد سواری موسەلەح و پانزە عەرەبانەی تۆپ ڕاکێش، دەڕۆیشتن، پێویست بەوە ناکات بگوترێ مەوکبێکی ئاوها دوورودرێژ ناتوانێت بە پەلە حەرەکەت بکات و





ناچارە لەگەڵ هەنگاوە لەسەرەخۆکانی ئەسپەکاندا حەرەکە بکات.

ئەو ڕۆژە هەوا سارد بوو، هەندێ هەور دەبینران، کاتێ کە گالیسکەکە بەرەو مەیدانی ئیعدام دەڕۆیشت، چ دەنگێ لە چ کەسێ بەرز نەدەبووەوە، بەڵام بەرلەوەی بگەنە مەیدانی مالن، ژنێکی تەماشاچی گوتی: ڕەحم بکەن.. ڕەحم بکەن..

یەکێ لە سەربازە حەرەسەکان قۆناغە تفەنگێکی پیاکێشا، تەختی زەویی کرد، ئەوجا ئەو گالیسکەیەی لویی شانزەهەمی تێدابوو گەیشتە مەیدانی مالن.

لەوێدا هەندێ تەماشاچییان لە حاشییەی مەیدانەکە دانابوو، ئەوان بە جوانی نەیاندەتوانی لویی شانزەهەم لە نێو گالیسکەکەدا ببینن، چونکە شووشەکانی گالیسکەکەیان بەرز کردبووەوە، هەناسەی ئەوانەی لە نێو گالیسکەکە بوون، تەمێکی تەنکی بەسەر شووشەکانەوە دروست کردبوو، ئەو تەمەش نەیدەهێشت تەماشاچییەکان بە جوانی پاشای فەرەنسا ببینن.

لویی شانزەهەم لە نێو گالیسکەدا، بەهیچ جۆرێ بایەخی بە دەوروبەر نەدەدا ئەو کتێبی دۆعایەی دەخوێند کە لە کەشیشەکە وەری گرتبوو، هەرکەسێ بینیبای وا ئارام و نەشڵەژاوە، ئەگەر ئاگای لە چارەنووسی نەبا، وای تەسەور دەکرد پاشایەکە بەحیمایەیێکی بەهێزەوە سەفەر دەکات.

لە مەیدانی مالن شەوالێ باتز شنلێکی دابووە سەرشانی تا شمشێرو دەمانچەکانی لەژێر شنلەکەوە دەرنەکەوێ، لە نزیکی ئەوەوە چوارکەسی دی شنلیان لەسەر شان بوو، بەبێ ئەوەی سەرنج بەلای خۆیانەوە ڕاکێشن، چونکە لەو سەردەمەدا شنل پۆشاکی ئاسایی زستانەی فەرەنسییەکان بوو، بەتایبەت دانیشتووانی پاریس، ئەگەر خەڵکەکە، چەند کەسێکی شنل پۆشیان بەیەکەوە دیبا، سەرسام نەدەبوون.

بەپێی ئەو بەرنامەیەی شەوالێ باتز دایڕشتبوو کە لویی شانزەهەم برفێنن، دەبا دوانزە هەزار کەس، لەو بیست هەزار کەسەی هاوکاری شەوالێیان دەکرد، لە پاریس ئامادەبن، هەر لەو ژمارەیەش دوو هەزار کەسیان لە مەیدانی مالن دابن، بەڵام تەنها چوار کەسیان ئامادە ببوون، لەگەڵ شەوالێ باتز ژمارەیان پێنج کەس بوون.

هەرکە گالیسکەکەی لویی شانزەهەم نزیکی شەوالێ باتز بووەوە، شنلی لەسەر

شان لادا و خستییە سەر زەوی، ئەمە نیشانەیێک بوو، بۆئەوەی ئەوانی دیش هەمان شت بکەن، ئەو چوارکەسەیش خۆیان گەیاندە باتز، شنلەکانیان لەسەر شان دوورخستەوە هەریەکەیان دوو دەمانچەیان بەدەستەوە بوو، لەگەڵ باتزدا هێرشیان بردە سەر گالیسکەکەی لویی شانزەهەم.

رەفتاریان ئەوەندە ئاشکراو هەڕەشەئامێز بوو، هەر لەساتی یەکەمدا سەرنجی حەرەسەکانیان ڕاکێشا، هەروەها سەرنجی ئەو سوارانەی ڕاکێشا کە لەپێش و پاشی گالیسکەکەدا بوون.

گوتمان ئەمر درابووە سەربازەکان، هەر تەماشاچییەک کە ویستی لە گالیسکەکە نزیک بێتەوە تەقەی لێبکەن، ڕەفتاری شەوالێ باتزو هاوکارەکانی هەند بەرجەستە بوو، لەبەرچاوی مەئمورە سەربازەکاندا خەتەرناک بوون، بە یەک جار دەیان کەس لە سەربازەکان دەسرێژیان لەو پێنج کەسە کرد، باتزو هاوڕێکانی بەرلەوەی بتوانن پێنج هەنگاو هەڵهێنن تەختی زەوی بوون، دەنگی تەقەی دەیان سەربازی دی، لە شوێنەکانی دییەوە، ڕیزەکانیان تێکدا، تەماشاچییەکان لە ترسانا تێکەڵی سەربازەکان بوون، بەڵام حکومەت بەجۆرێ دەستی بەسەر وەزعەکەدا گرت نەیهێشت کار لە کار بترازێ، ئەگەرچی تەماشاچییەکان هەموویان هەڵسابوون و ژنان هاواریان دەکرد، بەڵام سەربازەکان ڕووەو خەڵکەکە وەستابوون و بەتفەنگەکانیان نیشانەیان لە خەڵکەکە گرتبوو، تەماشاچییەکان زانییان ئەگەر بەئاستەم تەکان بدەن ئەوا دەکوژرێن.

شەوالێ باتزو چوار هاوڕێیەکەی، لەو ڕۆژەدا، لەبەر خۆشەویستییان بۆ لویی شانزەهەم خۆکوژییان کرد، گریمان توانیبایان خۆیان بگەیێننە گالیسکە و لویی شانزەهەمیان داگرتبا، نەیاندەتوانی بە شەقامەکانی شاردا تێیپەڕێن، دەیان هەزار سەرباز حەرەسی شەقامەکان بوون، نەشیاندەتوانی لە پاریس دەریکەنە دەرێ..

نەک تەنها لە مەیدانی (مالن) گالیسکە نەبوو، بەڵکو حکومەت قەدەغەی کردبوو، لە ڕۆژی ئیعدامکردنی لویی شانزەهەم، لەو شەقامانەی کە لویی پیا تێدەپەڕێن و شەقامەکانی دەوروبەریشی، نە گالیسکەیێک تێدەپەڕی نە ئەسپ سوارێ، بۆیە بۆ شەوالێ باتزو هاوڕێکانی ئیمکان نەبوو گالیسکەیێک وەدەست بێنن و ڕاکەن.





ئیحتیمالی سەرکەوتنی ئەو پێنج کەسە لەسەدا یەکیش نەبوو، خۆشیان ئەمەیان دەزانی، چونکە پیاوانی کامڵ و عاقڵ بوون، هەربۆیە فیداکارییەکانیان بە کارێکی مەزن لە قەڵەم دەدرێ، چونکە هیچ مەبەستێکی ماددی و مەعنەوییان نەبوو، هەر پێنجیشیان دەیانزانی دەکوژرێن، بەڵام لە رێی لویی شانزەهەمدا خۆیان فیداکرد.

کاتێ دەنگی تەقەکان گەیشتە گوێی لویی شانزەهەم، سەری لەسەر کتێبی دۆعا بەرز کردەوە، سەیری دەرێی کرد، دووکەڵی تفەنگەکانی بینی، لەو ئەفسەرانەی پرسی کە بەرانبەری دانیشتبوون: چییە؟

یەکێ لەوان گوتی: ئەمر دراوە بە سەربازەکان، هەر تەماشاچییەک لە جێی خۆیەوە تەکان بدات تەقەی لێ بکەن، دیارە چەند کەسێکیش کوژران، تەنانەت بۆ دەقیقەیێکیش ئەو گالیسکەیەی لویی شانزەهەمی سوارکردبوو نەوەستا، بەئاسپایی بەرەو مەیدانی ئیعدام کەوتبووە رێ تا لە سەعات دەی بەیانی، شەقامی (رۆیاڵ) یان تێپەڕاند و گەیشتنە مەیدانی ئیعدام.

پاریس لەو سەردەمەدا جگە لە مەیدانی (هال)–ی دانەوێڵە فرۆشی، چ مەیدانێکی دیی نەبوو لە مەیدانی ئیعدام گەورەتر بێ، ئەو مەیدانە بەر لە شۆڕش ناوی مەیدانی لویی پانزەهەم بوو، چونکە پەیکەری لویی پانزەهەم لە ناوەندی مەیدانەکەدا بوو.. هەمان ئەو مەیدانەیە کە شەوی بووکێنی ماری ئەنتوانێت و لویی شانزەهەم، لەبەر تەقەی خۆشی ئەسپەکان شڵەژان، چەند ژن و پیاو و منداڵیان لە ژێر سمەکانیان کوشت.

پاش ئەوەی شۆڕشی فەرەنسا دەستی پێ کرد، پەیکەری لویی پانزەهەمیان لە ناوەندی مەیدانەکە لابرد و گیوتین–یان دانا، لەسەر سەکۆیێکی بەرز، تا تەماشاچییەکان بتوانن ئیعدامکردنی مەحکومین ببینن، لە زەوییەوە تا سەر سەکۆکە حەوت پێپلیکەی هەبوو.

لە سەرەتادا کە گیوتین–یان دامەزراند، دەوروبەری سەکۆکە تەخت بوو، پاشان خەندەقیان لە دەوروبەری سەکۆکە هەڵکەند، تا خوێنی کوژراوان بڕژێتە نێو خەندەقەکەوە، پاشان بۆیان دەرکەوت خەندەقەکە کافی نییە، لە خەندەقەکەوە جۆگەیێکیان بۆ نزیکترین زێراب ڕاکێشا..

لەبەرئەوەی کە خوێن لە لەش هاتەدەرێ دەمەیێ و خوێنە مەییوەکە لە خەندەقەکە دەمێنێتەوە، شارەوانی پاریس تورومپایێکی نزیک خەندەقەکە دانابوو، ئاوی دەرشتە نێو خەندەقەکەوە، ئاو و خوێن تێکەڵ دەبوون و بەرەو زێرابەکە دەچوون.

کاتێ تورومپاکەیان دانا، هونەری خوێنڕشتن گەیشتبووە پۆپە، گەر نا، تا ماوەیێک تەنها سوودیان لە خەندەقەکە وەردەگرت..

لە سەعات دەی بەیانیدا لویی شانزەهەم گەیشتە مەیدانی ئیعدام، یانی نێوانی قەڵای (تانپل) و مەیدانی ئیعدام نزیکەی دوو سەعاتە ڕێ بوو، لەو مەیدانەدا ئەوەندە سەربازی سوارو پیادەو عارەبانەی تۆپهەڵگری لێ بوو، بە جوانی تەماشاچییەکان نەدەبینران..

لە نێوان تەماشاچییەکانی حاشیەی مەیدانی گیوتین-ەکە دە ڕیز سەربازی سوارو پیادە وەستابوون، سەد تەپڵ لێدەر، لە کەناری سەکۆی گیوتین-ەکەدا چوارگۆشەیێکیان دروست کردبوو، لە هەر گۆشەیێکدا دە کەس و باقیەکەیان لە نێوەندی چوارگۆشەکەدا وەستابوون.

سانسونی جەلادی ناسراوی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا لەگەڵ دوو شاگردەکەیدا لەوێدا بوون، بەرەو گالیسکەکە ڕۆیشت و دەرگاکەی کردەوە تا لویی شانزەهەم بهێنێتە خوارێ..

لویی خەریکی دۆعاخوێندن بوو، چەند ساتێ وەستا تا دۆعاکەی تەواو کرد، ئەوجا بە توندی ویقارەوە هەنگاوی نایە سەر زەوی..

لویی شانزەهەم یەلەگێکی سپی لەبەردا بوو، لەبەر چاوی خەڵکەکەدا تەواو بەرجەستە ببوو، ئەو کاتە بەڕاستی شکۆدار و عەزەمەتی سەڵتەنەتی دەنواند.

ئەوکاتە لە مەیدانی ئیعدامدا بە مەزەنە سەدو پەنجا هەزار سەرباز و ئەفسەرو تەماشاچیی لێ بوو، لە نێوانی ئەوانەدا تاقە کەسێ نەبوو، بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو پیاوە یەلەگ سپییە تاوانبارەو دەبێ ئیعدام کرێ، بەڵکو هەموویان وایان دەبینی پاشایەکی مەزڵومە و بێ گوناه، قوربانی عەوام فریوی و گرێکانی ناخی هەندێ لە پیاوانی سیاسییە، لەوانە ڕۆبسپێر..

دیمەنی گیوتین، چ کاریگەرییەکی ناجۆری لەسەر پاشای فەرەنسا دروست نەکرد،





ڕەنگ و ڕوخساری تێک نەدا، بەئەدەب و ویقاری فەرەنسییەک بەرانبەر بە (ئاجورسی) باوکی ڕوحانی، چۆکی لەسەر زەوی دانا.

کەشیش بەرەکەتی دایێ، لویی شانزەهەم لە جێ هەڵسا، جارێکی دی سانسۆن و شاگردەکانی دەورەیان دا، دیار بوو دەیانویست دەستەکانی پاشای فەرەنسا لە پشتەوە ببەستن، ئا لەم کاتەدا ڕەنگی لویی شانزەهەم تێکچوو سوور هەڵگەڕاو تووڕە بوو و گوتی: ئایە دەتانەوێ دەستم ببەستن؟

جەلاد و شاگردەکانی ڕەفتارێکی ئەوتۆیان نواند کە نیازیان وابوو بەزۆر دەستەکانی لویی شانزەهەم ببەستن.

(ئاجورسی) کەشیش بەرەو لای لویی شانزەهەم ڕۆیشت بە ئارامییەوە پێی گوت: خاوەن شکۆ، تۆ ئەم هەموو فیداکارییەت نواندووە، ئەم فیداکارییەش قبوڵ بکە تا ئازایەتی تۆ لەبەرچاوی مەولای ئێمە حەزرەتی مەسیح زیاتر بێت، من دڵنیام خوداوەند بەرانبەر بەم فیداکارییەی تۆ پاداشتی چاکتان دەداتەوە.

پاشای فەرەنسا، پاش بیستنی سەرنجەکانی کەشیش گوتی: گەلێ چاکە، ئەم ئیهانەیەش قبوڵ دەکەم.

جەلاد و شاگردەکانی، لە پشتەوە دەستی لویی شانزەهەمیان بە پارچەیەک بەستەوە، پارچە لە شێوەی دەسماڵێکی گەورە بوو، لویی شانزەهەم بەپێی عادەتی ئەو سەردەمە مووەکانی سەری درێژ بوون، پاش ئەوەی دەستەکانیان لە پشتەوە بەستەوە، سانسۆن مقەسێکی لە گیرفان دەرهێنا، مووە درێژەکانی سەری قرتاند لەبەر دەم ساتوری گیوتین-ەکەدا داینا.

گوتمان لە زەوییەوە تا سەکۆی گیوتین-ەکە حەوت پێپلیکە بوو، لەو ڕۆژەدا پێپلیکە دارینەکەیان گۆڕیبوو، پەیژەی دییان دانابوو، پێپلیکەکانی کورت و زیاتر بوون، تا لویی شانزەهەم بتوانێ بەئاسانی بەسەریا سەرکەوێ و بگاتە سەر سەکۆکە.

ئەگەرچی نێوانی گیوتین-ەکە و تەماشاچییەکانی چوار تەرەفی مەیدانەکە گەلێ زۆر بوو، بەڵام لەبەر یەلەگە سپی و گۆرەوییە سپی و درێژەکەی بەشێوەیێکی بەرجەستەو جوان دەبینرا، ئا لەم کاتەدا سانسۆنی جەلاد ئیشارەتی پێدا بەرەو سەکۆکە بەسەر پێپلیکانەکاندا سەرکەوێ.

ئاجورسی کەشیش بازووی لویی شانزەهەمی گرت، هەردووکیان بەرەو پێپلیکانەکان ڕۆیشتن.

تا ئەو کاتە بێدەنگی لە مەیدانی ئیعدامدا باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشابوو، چ کەسێ دەنگی لێوە نەدەهات، نەک تەنها تەماشاچییەکان، بەڵکو سەرباز و ئەفسەرەکانی ئەو مەیدانە وا سەرسام ببوون، ڕەنگە هەندێکیان ئەو دیمەنەیان وەک خەون دەهاتە بەرچاو نەک وەک دیمەنێکی واقیعی.

لەسەر سەکۆکەدا و لە تەنیشتی گیوتین-ەکەدا، سنوقێکی درێژ دەبینرا، کەسانی شارەزا دەیانزانی ئەوە تابووتە، ڕووپۆشێکی سووری لەسەرە، پاش ئەوەی سەر لە لەش جیادەکەنەوە، سەر و جەستەی مەحکومەکە لەنێو ئەو تابووتە دادەنێن و بەرەو گۆڕستانی دەبەن.

لەبەر بێدەنگی، وەزعێکی نارەحەت لە مەیدانەکە دروست ببوو، (سان تر)ی ئەفسەری گاردی میللی بیری لەوە دەکردەوە، خەڵکی بۆ بەرگری لە لویی شانزەهەم هەرا بنێنەوە، هەستەکانی خەڵکیش بەرەو سەربازو ئەفسەرەکان بخزێ..

(سان تر) لە هەرای خەڵکەکە نەدەترسا، دەیتوانی بەتفەنگ خەڵکەکە بێدەنگ بکات، ترسی ئەوەی هەبوو هەستەکانی خەڵک کار لە سەرباز و ئەفسەرەکان بکات، ئەوانیش بۆ بەرگری لە لویی شانزەهەم ڕاپەڕن، وەزعێکی ناجۆر بۆ حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا دروست بکەن..

(سان تر) ئیشارەتی دایە تەپڵ کوتەکان، تەپڵ لێدەن، تا ئەو وەزعە نارەحەتەی مەیدانی ئیعدامەکە بگۆڕن، هەر وایشی لێهات، کاتێ دەنگی تەپڵەکان بەرز بوونەوە وەزعی مەیدانەکە گۆڕا، ئاهی درێژ لە هەندێ سینەوە هاتە دەرێ.

لویی شانزەهەم بە کۆمەکی ئاجورسی کەشیش گەیشتە سەر سەکۆکە، دیسانەوە هیچ شتێ بە روخساریا دیار نەبوو کە نیشانەی ترسی پێوە دیاربێ.

لەسەر سەکۆکەدا، لە کەشیشەکە جیا بووەوە، تەپڵ کوتەکان هەر تەپڵیان لێدەدا، ڕووی تێ کردن بەئیشارەتی سەر تێیگەیاندن کە بێدەنگ بن.

لویی شانزەهەم نەیدەتوانی دەنگی خۆی بگەیێنێتە تەپڵ کوتەکان بەڵام بەئیشارەتی سەر تێیگەیاندن کە مەبەستی چییە، ئیدی هەر هەموو بێدەنگ بوون.





تەپڵ کوتەکان هەموو سەرباز بوون، دەشیانزانی دەستەیێکی سەرباز دەبێ تەنها ملکەچی فەرمانی ئەفسەرەکەی خۆیان بن، لەگەڵ ئەمەشدا پاشای دەست بەستراوی فەرەنسا، لەسەر سەکۆکەدا بەئیشارەتێکی سەر دەنگی هەموو تەپڵەکانی ڕاگرت، ئەم مەوزووعە ئەوە دەسەلمێنێ تەپڵ کوتەکان، هێشتا لویی شانزەهەم بە پاشای فەرەنسا دەزانن، نەک وەک مەحکومێ، گەرنا ملکەچی ئەمرەکەی نەدەبوون، تەنانەت حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسایش پەیی بەم مەوزووعە بردبوو، هەربۆیە پاش ئیعدامکردنی لویی شانزەهەم سزای تەپڵ لێدەرەکانی دا کە بۆ چ بەبێ ئەمری ئەفسەری خۆیان دەستیان لە تەپڵ لێدان هەڵگرت. پاش ئەوەی بێدەنگ بوون لویی شانزەهەم بەدەنگی بەرز کە هەموو خەڵکی مەیدانەکە گوێیان لێ بوو، گوتی: "ئەی خەڵکینە، من بەبێ گوناهی دەمرم، هەموو ئەو کەسانە دەبەخشم کە مەسئوولن لە کوشتنی من، لە خوا داوا دەکەم ئۆباڵی خوێنی من دامەنگیری فەرەنسا نەبێت.. ئەی خەڵکینە"

کاتێ لویی شانزەهەم قسەی دەکرد (سان تر) ئەفسەری گاردی میللی بەئیشارەت ئاگاداری بەرپرسی تەپل لێدەرەکانی کرد تا جارێکی دی تەپڵ لێدەن و قسەکانی لویی شانزەهەم نەگاتە گوێی خەڵکی، بەڵام ئەو بەرپرسە ئیشارەتەکەی (سان تر)ی نەبینی، نێوانی ئەفسەری گاردی میللی و تەپڵ لێدەرەکان زۆر بوو، نەیدەتوانی دەنگی بگەینێتە گوێی تەپڵ لێدەرەکان تا تەپڵ لێدەن، لە ئەنجامدا هەموو خەڵکی ئەو ناوە گوێیان لە قسەکانی لویی شانزەهەم بوو.

(سان تر)ی ئەفسەری گاردی میللی (بوفرانشێ)ی ئەفسەری گارد کە لە تەنیشتیدا وەستابوو، بەمەئموریەت ناردی بە تەپڵ لێدەرەکان بڵێت تەپڵ لێدەن.

(بوفرانشێ) سواری ئەسپ بوو، خۆی گەیاندە تەپڵ لێدەرەکان، کاتێ لویی شانزەهەم دووبارە گوتی: "ئەی خەڵکینە"

تەپڵەکان دەنگیان لێ بەرز بووەوە، ئیدی چ کەسێ دەنگی پاشای فەرەنسای نەبیست، لویی شانزەهەم چەند جارێ پێی کوتایە سەر سەکۆکە و گوتی:

"بێدەنگ بن.. بێدەنگ بن.."

دەنگی نەدەگەیشتە گوێی چ کەسێ. ئەگەر بشگەیشتبا، تەپڵەکان بێدەنگ

نەدەبوون، جەلاد و هەردوو شاگردەکەی هێرشیان هێنایە سەر لویی شانزەهەم، لە ئاستی ئەم هێرشە چاوەڕوان نەکراوەدا، نەیتوانی بەرگری بکات، جەلادو شاگردەکان لەسەر ڕوو خستیان.. هەردوو دەستی لە پشتەوە بەسترابوو، بە پێ هەندێ تەقەلای کرد، بەڵام نەیتوانی حەرەکەتێ بکات، هەر لە هەمان کاتیشدا سەری کەوتبووە ژێر گیوتین-ەکەوە، هەرکە ساتورەکە هاتە خوارێ سەری لە لەشی جیا بووەوە.

ساتوری گیوتین، لە داهێنانی دکتۆر گیوتین بوو، لە سەرەتادا وەک ساتوری دوکانی قەسابەکان وابوو، بەڵام لویی شانزەهەم لە میکانیکدا شارەزا بوو، گوتی: دەبێ ساتوری گیوتین لە شێوەی سێگۆشە دروست بکرێ، گوشارو بڕینی زیاتر دەبێ.

سانسون، سەرە بڕاوەکەی گرتە دەست، هێشتا خوێنی لێ دەتکا بە چواردەوری سەکۆکەدا دەیسووڕاندەوە و نیشانی خەڵکی دەدا، هەندێ سەربازی خۆبەخش (بەخۆبەخشی دەچوون بۆ مەیدانی جەنگ) لەوێدا بوون، وەک هونەرمەندانێ کە پێشتر ڕۆڵیان بۆ دیاری کرابێ، بەرەو سەکۆکە ڕایانکرد، شمشێرو نیزەو دەسماڵی خۆیان لە خوێنەکەی لویی شانزەهەم وەردەداو هاواریان دەکرد (بژی میللەت، بژی جەمهوری، مردن بۆ خائینان!)

بەڵام هاوارەکانیان هیچ دەنگدانەوەیەکی بەدواوە نەبوو، هیچ یەک لە عەسکەرییەکان و تەماشاچییەکان لاسایی دەنگیانی نەکردەوە، هەرکە خۆیان بەرانبەر بەبێدەنگی خەڵکەکە بینی بە شەرمەزارییەوە لە سەکۆکە هاتنە خوارێ.

هەرکە ساتوری گیوتین-ەکە هاتە خوارێ (ئاجورسی) کەشیش گوتی: «ئەی کوڕی سن لویی،[١] جێی تۆ لەلای عەرشی مەزنی خودایە». ئەو کەشیشە ئەوەندە لەسەر سەکۆکەدا مایەوە تا سەر و جەستەی لویی شانزەهەمی خستە نێو تابووتەوە بەڕووپۆشە سوورەکەش داپۆشی و پاشان هاتە خوارێ.

ئەمڕۆ ئەگەر کەسێ بەرانبەر بە بینایەی (کون سیرژری) تێپەڕێ سەیری بورجی ئەو بینایە بکات کە ناوی بورجی (سزار)ە، ژێری ئەو بورجە جێی کارکردنی (فوکێ

(١) سن لویس، باپیری سوڵتانەکانی فەڕەنسا بوو.





تن ڤی) بوو، کە لە مانگی مارسی ١٧٩٣ دا بووە مودەعی عام، (فوکێ تن ڤی) باوەڕی وابوو فەرەنسا ڕزگاری نابێ، ئەگەر ماری ئەنتوانێت ژنی لویی شانزەهەم نەگەیێنێتە مێردەکەی، واتە سەری لە لەش جیاکاتەوە.

پەرلەمانی فەرەنسا، پاش موحاکەمەکردنەکەی لویی شانزەهەم بڕیاری دا چاوپۆشی لە موحاکەمەکردنی ماری ئەنتوانێت لە پەرلەماندا بکات، ئەو ژنە تەسلیم بەدادگا بکات، تا چیدی تووشی ژمارەکاری نەیێن و بە ژمارەی ڕەئی ماری ئەنتوانێت مەحکوم بکرێت، وەک ژمارەکارییەکانی لویی شانزەهەم لاواز بێت.

کاتێ بە ڕەئی وەرگرتن ویستیان چارەنووسی لویی شانزەهەم دیاری کەن سێ سەدو شەست ئەندامی پەرلەمان ڕەئیان بۆ تەبرئەی دابوو سێ سەدو شەست و یەک کەسیش ڕەئیان بۆ مەحکومکردنی دابوو، بەزۆرینەی یەک دەنگ مەحکوم کرا، بۆئەوەی ئەم ڕووداوە دووبارە نەبێتەوە، پەرلەمان بڕیاری دا، دادگا موحاکەمەی ماری ئەنتوانێت بکات.

دەبا (فوکێ تن ڤی)ی مودەعی عام دژی ماری ئەنتوانێت ئیدعانامەیێک دەرکات، بەڵام مودەعی عام دژ بە ماری ئەنتوانێت هیچ بەڵگەیێکی نەبوو تا بیکاتە بناغەی ئیدعانامەکەی.. ئەگەرچی هەموو دەیانزانی ماری ئەنتوانێت هاندەری مێردەکەی بوو، وای لێ کرد لەگەڵ وڵاتانی بیانیدا دژ بە حکومەتی فەرەنسا هاوکار بێت، هەرچی بەڵگەنامەیان لە قەسری سەڵتەنەتی فەرەنساوە وەدەست هێنابوو و لە پەرلەماندا دژ بە لویی شانزهەم دەیانخستە ڕوو، هەر هەموو ئیمزای لویی شانزەهەمی پێوە بوو، لە هیچ یەک لەو بەڵگەنامانەدا ئیمزای ماری ئەنتوانێتی پێوە نەبوو.

ماری ئەنتوانێت بەپێی قسەی ڕەشە خەڵکەکە ژنێکی عەیاش بوو زیادە مەسرەفی دەکرد، بێ ڕەحم و لووت بەرز بوو، دادگا بەپێی ئەم قسانە مەحکومی نەدەکرد، مودەعی عام بۆ مەحکومکردنی ئەو ژنە پێویستی بە بەڵگە هەبوو.. ئەو بەڵگانەش وجودیان نەبوو.

پاش ئەوەی لویی شانزەهەم ئیعدام کرا، ماری ئەنتوانێت -یان لە کچ و کوڕ و خوشکی مێردەکەی جیاکردەوە، بردیان بۆ زیندانی (کون سیرژری).

ئیدی لەوە بەدواوە ڕێیان بەو ژنە نەدا کوڕو کچەکەی و خوشکی مێردەکەی ببینی، کوڕەکەی دەبا ببێ بە لویی حەڤدەهەم و بەجێنشینی باوکی، کەچی بە پینەدۆزێکیان سپارد ناوی (سیمون) بوو، تا پەروەردەی بکات و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی لە مێشکیا بچەسپێنی، ئەو پیاوەیش ئەو مناڵە بەدبەختە هەشت ساڵانەی دەدایە بەر شلاق، (فوکێ تن ڤی) نەیتوانی بۆ ئیدعانامەکەی خۆی بەڵگەیێک دژ بە مەلیکەی فەرەنسا وەدەست بێنی، بڕیاری دا لویی حەڤدەهەم (مناڵی تەمەن هەشت ساڵان) بهێنێتە قسە، بیکاتە بەڵگەو دژ بە دایکی قەڵەم شەرم دەکات ئەو دەلیلە بنووسێ کە مودەعی عام دەیویست لەو مناڵەی وەرگرێ کە چ جۆر بووە، بەڵام ئەرکی مێژوونووس کە حەقیقەت بنووسێ، ئەگەرچی ویژدانیشی ئەزیەت بخوات کە بۆ چ حەقیقەتی باس کردووە!

(فوکێ تن ڤی) ئەیویست ئەو مناڵە هەشتساڵەیە ئیعتراف بکات کە دایکی لەگەڵیا پەیوەندی نامەشروعی هەیە. لویی حەڤدەهەم لە شلاقەکانی سیمون-ی پینەچیی حەیوان سیفەت دەترسا، مەجبور بوو هەرچییەکیان لێ دەویست بیڵێت، بەپێی ویستی (فوکێ تن ڤی) ئیعترافی نەکرد، مودەعی عام سەیری کرد قسەکانی ئەم مناڵە دەربارەی دایکی لە دادگا چ سوودێکی نییە.

کورتبینی پیاوێکی وەک مودەعی عامی فەرەنسا، جێی سەرسامییە، چونکە تێنەدەگەیشت، بەگریمانەش بێ ئەم مناڵە ئیعترافی کردبا کە لەگەڵ دایکیا پەیوەندی نامەشروعی هەیە، ئەم کارە نابێتە مایەی ئەوە، کە ماری ئەنتوانێت دژ بە میللەتی فەرەنسا کاری کردووە، تا بەم تاوانە حوکم بدرێت.

مودەعی عام کە بێ ئومێد بوو ناتوانێ لە زمانی لویی حەڤدەهەمەوە بەڵگەیێک بەدەست بێنێ بڕیاری دا خودی ماری ئەنتوانێت بهێنێتە قسە، ماری ئەنتوانێت لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٧٩٤ دا هێنابوویانە قسە لە وەڵامەکانیا شتێکی ئەوتۆی تیا نەبوو کە بتوانن بیکەنە بناغەو ئیدعانامەی لەسەر دەرکەن.

ڕۆژی دوانزەهەمی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٧٩٣، هەوا لە ڕۆژەکانی دی، ساردتر بوو، ماری ئەنتوانێت لە ژووری زیندانەکەیدا هەستی بە سەرما دەکرد، داوای کرد بەتانییێکی دیی بدەنێ تا خۆی پێ داپۆشێ و گەرمی بێتەوە و بتوانێ بخەوی،





بەڕێوەبەری زیندانەکە، ئەم داخوازییەی ماری ئەنتوانێتی گەیاندە مودەعی عام (فوکێ تن ڤی) بە تووڕەبوونەوە گوتی: ئایە دەزانی بەهۆی ئەوەی ئەم پەیامەت هێناوە حەقی گیوتین-ت هەیە؟!

مودەعی عام، لە ژوورەکەی خۆیدا ئاگری کردبووەوە، بەتانییێکی زیادی نەدا بە ماری ئەنتوانێت. ئیدی مەلیکەی فەرەنسا ئەو ژنە ناسک و جوانە نەبوو، ئەگەرچی لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا تەمەنی سی و حەوت ساڵ و دە مانگ بوو، وەک ژنێکی شەست ساڵە کەوتبووە ڕوو.

مووەکانی وەک بەفر سپی بوون، ژێر پێڵووەکانی و لێوەکانی چرچی گەورەی لەسەر دەبینران.

ماری ئەنتوانێت لە ژووری زیندانەکەیدا، کە شەو و ڕۆژ مەئمورێکی عەسکەریی لێ بوو، نەیدەتوانی بۆ ساتێکیش بیر لە مەرگی مێردەکەی نەکاتەوە، بیری لای مناڵەکانی بوو، کە پێویستییان بە دایک هەیە، لە ڕۆژانی یەکەمیا لە زیندانی (کون سیرژری) کتێبیان دەدایێ، دەیتوانی بە کتێب خوێندنەوە خۆی سەرگەرم بکات، بەڵام کاتێ کە موحاکەمەکردنەکەی نزیک بۆوەو، کتێبەکانیان لێ وەرگرتەوە (فو کێ تن ڤی) سووژنی چنیین، کە پێیان دابوو خۆی مژول کات، ئەوانەشیان لێ سەندەوە، بە بیانووی ئەوەی نەوەک بەو سوژنانە خۆکوژی بکات!

لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر هەوای پاریس هەور ئاڵود بوو، لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆدا ژوورەکەی ماری ئەنتوانێت تاریک دەبوو، ئەم ژنە بەدبەختە بۆئەوەی ڕەنگی تاریکی نەبینێ سەری دەخستە بەینی ئەژنۆکانی. ئەو مەئمورە عەسکەرییەی کە لە ژوورەکەیدا بوو هەرگیز نەیبینیبوو، نەیبیستبوو، ماری ئەنتوانێت بگریێت، بەڵام کە بەیانییان لە خەو هەڵدەستا، چاوەکانی ئەوەیان نیشان دەدا کە شەوی پێشتر گریاوە، کاتێ کە بەتانیەکەی بەسەری خۆدا دەدا، بە ئاسپایی، بەبێ ئەوەی مەئمورە عەسکەرییەکە بژنەوێت دەستی بە گریان دەکرد.

لە شەوی دوانزەهەمی مانگی ئۆکتۆبەردا، دوو سەعات پاش نیوەشەو یانی سەرەتای ڕۆژی سیانزەهەمی ئۆکتۆبەر ماری ئەنتوانێت-یان لە خەو هەڵسان پێیانگوت دەبێ بۆ تەحقیق بچێت!

مەلیکەی فەرەنسا، لەبەر سەرما دەلەرزی، پۆشاکی پۆشی لە ژوورەکە بردیانە دەرێ، بەرەو هۆڵێکی بەرینی زیندانەکە بردیان لەو هۆڵەدا ئاگر داگیرسابوو، ماری ئەنتوانێت گەرمی بووەوە، ئیدی دەستیان بە تەحقیق کرد.

حاکمەکانی تەحقیق هەر هەمان ئەو کەسانە بوون کە چەند ڕۆژ پاشتر ماری ئەنتوانێت-یان موحاکەمە کرد، بەڵام ئەو شەوە ئەرکی حاکمی تەحقیقیان ئەنجام دەدا، ڕەئیسی دادگایش کەسێکی گەنج بوو بەناوی (هرمان).

(فوکێ تن ڤی)ی مودەعی عام، پرسیاری لە ماری ئەنتوانێت نەدەکرد، بەڵکو (هرمان)ی ڕەئیسی دادگای تەحقیق پرسیاری لێ دەکرد.

(فوکێ تن ڤی) تێبینییەکانی خۆی دەنووسی و دەیدایە دەستی خزمەتکارەکە تا بیداتە دەستی (هرمان) ئەو تێبینییانە، ڕانمایی ڕەئیسی دادگای دەکرد کە چ پرسیارێ لە ماری ئەنتوانێت بکات.

پاش ئەوەی ناو و ناونیشانی مەلیکەی فەرەنسایان پرسی، ئیجازەیان دایێ دابنیشێ، سەیریان کرد پێیەکانی ماری ئەنتوانێت دەلەرزن.

سەرۆکی دادگای تەحقیق لە ماری ئەنتوانێتی پرسی: ئێوە بەر لە شۆڕشی فەرەنسا پەیوەندیتان لەگەڵ هەندێ لە سەلاتینەکانی ئەوروپا هەبوو، دژ بە فەرەنسا دەسیسەتان سازداوە، ئایە ئەم مەوزووعە دەسەلمێنێ؟

مەلیکەی فەرەنسا بە دەنگێکی ساف و بێ گرێ، بەڵام ئەوەیشی نیشان دەدا کە لە ئەسڵدا فەرەنسی نییە، بەڵکو نەمساوییە، وەڵامی دایەوە: من مەلیکەی فەرەنسا بووم، پلەو پایەکەم دەیخواست لەگەڵ دەربارییەکانی وڵاتانی دەرێدا پەیوەندیم هەبێ، بەڵام من شێت نەبووم، دژ بە فەرەنسا، یانی دژ بە سەڵتەنەتی هاوسەرە خۆشەویستەکەم دەسیسە سازدەم.

وەڵامەکەی ماری ئەنتوانێت مەنتقی بوو، ئەو بەر لە شۆڕشی فەرەنسا دژ بەو وڵاتە دەسیسەی نەکردبوو.

سەرۆکی دادگا گوتی: پاش شۆڕشی فەرەنسا ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ سەلاتینە بێگانەکاندا هەبوو دژ بە فەرەنسا خەریکی کودەتا بوون، ئایە ئەم مەوزووعە دەسەلمێنی؟





ماری ئەنتوانێت گوتی: من ئەم مەوزووعە بەدرۆ دەخەمەوە، پاش شۆڕشی فەرەنسا بچووکترین پەیوەندیم لەگەڵ سەڵاتینەکانی دیدا نەبووە.

ئەم مەوزووعە ڕاست نەبوو، ماری ئەنتوانێت پەیوەندی لەگەڵ سەڵاتینەکانی دەرێدا هەبوو و دژ بە شۆڕشگێڕان ڕەفتاری دەکرد، بەڵام بەڵگەیێک لەبەر دەستدا نەبوو تا ئەم تۆمەتە بسەلمێنێ.

ڕەئیسی دادگای تەحقیق گوتی: ئێوە شەو و ڕۆژ دژ بە میللەتی فەرەنسا خەریکی کودەتا بوون دەتانویست بەسەر جەنازەی نیشتمانپەرستانی فەرەنسا تێپەڕن و بگەنە تەختی سەڵتەنەت.

ماری ئەنتوانێت سەرسامی خۆی نیشان دا، کە هۆشیارترە لە ڕەئیسی دادگاو گوتی: من لەسەر تەختی سەڵتەنەت بووم، زەروور نەبوو بەسەر جەنازەی نیشتمان پەرستاندا تێپەڕم تا بگەمە تەختی سەڵتەنەت. (فوکێ تن ڤی) تێبینیێکی بۆ ڕەئیسی دادگا نارد، ئاگاداری کردەوە ئیدی پرسیاری بێ سەروبەر نەکات.

ڕەئیسی دادگا گوتی: پاش ئەوەی مێردەکەتان لە سەڵتەنەت نەما، ڕژێمی جەمهوری فەرەنسا دەستی پێکرد، ئێوە چ بیروباوەڕێکتان بەرانبەر بە ڕژێمی جەمهوری هەبووە؟

ماری ئەنتوانێت وەڵامی دایەوە: من بەختەوەریی فەرەنسام دەویست و ئێستایش بەختەوەری بۆ دەخوازم، بیروباوەڕیشم دەربارەی ڕژێمی جەمهوری ئەوەیە، ئارەزووی ئەوەم هەبوو بتوانێ فەرەنسا بەختەوەر بکات.

ڕەئیسی دادگا گوتی: ئایە بۆ کوڕەکەتان کە نابێتە پاشای فەرەنسا، غەمگین نیت؟

ماری ئەنتوانێت وەڵامی دایەوە: ئەگەر (نیشتمانی کوڕەکەم) بەختەوەر بێت، من بۆ کوڕەکەم غەمگین نابم.

بەم وەڵامە ماری ئەنتوانێت ئەوەی نیشان دا کە حەقی سەڵتەنەتی کوڕەکەی ئینکار ناکات.. بەگشتی ڕەفتارو وەڵامەکانی ماری ئەنتوانێت لە دادگای تەحقیق و پاشان لە دادگای گەورەدا شاهانە بوو.

بەئەندازەی ئەوەی کە لویی شانزەهەم لە پەرلەماندا موحاکەمە دەکراو لاوازی نیشان دا، ماری ئەنتوانێت بە هەمان ئەندازە جورئەت و ڕەشیدی دەنواند، تەنانەت

بۆ یەک جاریش شتێکی نەگوت لاوازی پێوە دیار بێت یا داوای بەزەیی بکات..

پاش چەند پرسیاری دی، ڕەئیسی دادگا لە ماری ئەنتوانێتی پرسی: ئایە موحامی دیفاعت هەیە؟

لە وەڵامدا گوتی: من چ کەسێ ناناسم، تا بتوانم موحامی دیفاع هەڵبژێرم!

ڕەئیسی دادگا گوتی: لەم حاڵەتەدا، دادگا دوو موحامی دیفاعت بۆ دادەنێ.

دوو موحامییان بۆ دانا تا دیفاع لە ماری ئەنتوانێت بکات، یەکێکیان ناوی (کودرێ) و ئەوی دییان (لاگارد) بوو، ماری ئەنتوانێتیان گەڕانەوە بۆ ژووری زیندانەکەی خۆی.

مودەعی عام پاش گەڕانەوەی لە دادگا دەستی بە نووسینی ئیدعانامەکەی کرد، ئەم ئیدعانامانەیە بە خەتی خودی (فوکێ تن ڤی)یە، ئێستایش بە یەکێ لە بەڵگەنامە مێژووییەکان دەژمێردرێ و لە کتێبخانەی میللی پاریسدا پارێزراوە، لەو ئیدعانامەدا چەندین غەڵەتی ئیملای تێدایە، ئەوەش دەخاتە ڕوو کە (فۆکێ تن ڤی) بەدروستی خوێنەواری نەبووە.

لەو ئیدعانامەیەی مودەعی عام، هەمو ئاشوب و کوشتارەکانی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسای خستبووە ئەستۆی ماری ئەنتوانێت، گوایە خەڵکی هانداوە، هەروەها سونگەی شکستەکانی، سوپای فەرەنسا لە هەندێ جەنگەکانیا (لە سەردەمی شۆڕش) گوایە لە ڕێی هاوسەرەکەی پاشای فەرەنسا، ئاگای لە هەموو نەخشەکان بووە، ئەو نەخشانەی داوەتە دوژمن، لە ئەنجامیشدا سوپای فەرەنسا شکستی هێناوە. لەو ئیدعانامەیەی مودەعی عامدا بەنیازی ئەوەی تەماشاچییەکان بخاتە ژێر کاریگەرییەوە مەوزووعی پەیوەندی نامەشروعی ماری ئەنتوانێت لەگەڵ کوڕە هەشت ساڵەکەیدا ورووژاند. ئەندامانی دادگا، کە دەبا ماری ئەنتوانێت موحاکەمە بکەن، هەمان ئەو ئەندامانە بوون، لە شەوێکدا تەحقیقیان لەگەڵدا کردبوو، هەموو ئەو ئەندامانە حورمەتی حاکمێکی ڕاستەقینەی نەبوو.

(لاگارد) یەکێ بوو لەو دوو موحامی دیفاعەی مەلیکەی فەرەنسا، گەنجێکی تەمەن بیست و هەشت ساڵ بوو، دوو سەعات پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سیانزەهەمی ئۆکتۆبەر، چووە نێو زیندانەوە تا مووەکیلەکەی خۆی ببینێ، پاش بینینی بەرەو ئۆفیسی







مودەعی عام ڕۆیشت تا ئیدعانامە و دۆسییەکەی تاوان خراوەپاڵ بخوێنێتەوە، کە چاوی بە دۆسیەکەی ماری ئەنتوانێت کەوت، بیستیشی، ڕۆژی پاشتر تاریخی موحاکەمەکردنەکەیەتی، سەرسام بوو، چونکە دۆسییەکەی ماری ئەنتوانێت دۆسییەکی گەلێ ئەستوور بوو، ئەگەرچی لە نووسینەکانی دۆسییەکەدا هیچ بەڵگەو دەلیلێک نەبوو، بەڵام پڕبوو لە شاهێدی شاهیدەکان.

موحامی دیفاع بە پەلە گەڕایەوە بۆ لای مووەکیلەکەی خۆی و گوتی: خانم من بۆ خوێندنەوەی دۆسییەکەی ئێوە بەلای کەمەوە سێ ڕۆژم دەوێ، بەڵام دەیانەوێ سبەینێ موحاکەمەتان بکەن، موحامی دیفاعیش تا دۆسییەی مووەکیلەکەی خۆی نەخوێنێتەوە ناتوانێ دیفاعی لێ بکات. ماری ئەنتوانێت گوتی: چ بکەم؟

(لاگارد) گوتی: خانم تەنها مەقامێ کە بتوانێ لەم کاتەدا موحاکەمەکەی ئێوە دواخات، سەرۆکی پەرلەمانە، نامەیێکی بۆ بنووسەو داوای لێ بکە بەلای کەمەوە موحاکەمەکەتان پێنج ڕۆژ دواخات، تا موحامییە دیفاعەکانت بتوانن دۆسییەکەت بخوێننەوە..

ماری ئەنتوانێت گوتی: پەرلەمان ئەو پەرلەمانەیە کە مێردەکەمی کوشتووە، لەگەڵ ئەمەشدا تا موحامی دیفاعەکان بتوانن دۆسییەکەی من بخوێننەوە، ئەم تکانامەیە دەنووسم.

ئەوجا ماری ئەنتوانێت داخوازییێکی بۆ پەرلەمان نووسی، لە داخوازییەکە تکای کردبوو موحاکەمەکردنەکەی دواخەن، ئەم نامەیەی دایە دەستی موحامی دیفاعەکەی.

(لاگارد) داخوازییەکەی ماری ئەنتوانێتی، بردە لای مودەعی عام، چونکە دەبا لە ڕێی ئەوەوە بگاتە سەرۆکی پەرلەمان.. مودەعی عام وەعدی دا کە هەمان ڕۆژ داخوازییەکەی ماری ئەنتوانێت بگەیێنێتە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام وا نەبوو، سەرۆکی پەرلەمان ئەم داخوازییەی هەر نەبینی، لە ئەنجامدا ڕۆژی پاشتر یانی ڕۆژی چواردەهەمی مانگی ئۆکتوبەر موحاکەمەکردنی ماری ئەنتوانێت دەستی پێکرد.

***

وەزعی پاریس لە ڕۆژی چواردەهەمی مانگی ئۆکتۆبەردا، لە هەمان ئەو ڕۆژە دەچوو کە لویی شانزەهەمیان تیادا موحاکەمە کرد، جیاوازییەکە تەنها ئەوەندە بوو پاشای فەرەنسا لە پەرلەماندا موحاکەمە کرا و مەلیکەش لە دادگای جینائی.

دەوروبەری دادگا، چەند هەزار سەربازێکی لێ بوو، عارەبانەی تۆپ لە شەقامەکاندا بەرچاو دەکەوتن، هەندێ پیاو و ژنی بازاڕی و فاسد بە بتڵی شەراب و نان و پەنیرو کالباس و خۆراکی دی، هاتبوون بۆ دادگا تا جنێو بە ماری ئەنتوانێت بدەن و خۆراک بخۆن و بخۆنەوەو ڕابوێرن.

کاتێ کە هەواڵ گەیشت کە ماری ئەنتوانێت، بە قەولی شۆڕشگێڕان (بێوەژنەکەی کاپێ) دەهێنن بۆ دادگا، ئەو ژن و پیاوانە خۆیان ئامادە کرد جنێوی بدەنێ و تفی لێکەن، بەڵام کاتێ مەلیکەی فەرەنسا هاتە هۆڵی دادگاوە، تەماشاچییەکان چاویان پێکەوت، بەبێ ئیرادە بێدەنگ بوون، ئەوانەی دەیانویست تف لە بێوەژنەکەی کاپێ بکەن، ئەم کارەیان نەکرد، چونکە هەموو تەسەوری ئەوەیان دەکرد ماری ئەنتوانێت ببینن، وەک چۆن لە رابووردودا لەو جەژن و لە موناسەبەتدا بینیویانە، ئاوها ببینن، بەڵام کاتێ ماری ئەنتوانێت هاتە هۆڵی دادگاوە، چاویان بە پیرێژنێ کەوت پۆپ سپی، لەبەر چاویاندا وەک ژنێکی شەست ساڵە وابوو (کەچی هەژدە ڕۆژ مابوو تا ببێتە سی و هەشت ساڵ).

لە جوانی و بە شکۆیی ئەو شازادە خانمە کە باوباپیری حەوت سەد ساڵ کوڕ لە دوای باوکەوە سەڵتەنەتیان کردووە، هیچ ئەسەرێکی ئەو شکۆ و جوانییە بە ماری ئەنتوانێتەوە دیارنەبوو. خەڵکەکە ئاگایان لە مەسەلەی گەردانە ئەڵماسەکە هەبوو، پێیان سەیر بوو چۆن کاردینالێکی وەک (روهان) ملیۆن و نیوێک لیرە بداتە گەردانەیێکی ئەڵماس و پێشکەشی ماری ئەنتوانێتی بکات تا دەستی ماچ کات و بێ ئەوەی ئومێدی ئەوەشی هەبێ پێی بگات.

تەماشاچییەکان سەرسام بوون، چۆن ئەم پیرێژنە توانیویەتی سەدان کەسی نەجیبزادەی بەرجەستەی فەرەنساو ئەوروپا، بەجۆرێ شیفتەی خۆی بکات کە هەندێکیان ئامادە بوون بۆ نیگایێکی گیانی خۆیان بەخت کەن.

بێدەنگی باڵی کێشابووە سەر هۆڵی دادگا، مەئمورە عەسکەرییەکان ماری





ئەنتوانێت-یان بردە سەر کورسییەک، دایاننیشاند، کورسییەکە لە جێیەکدا دانرابوو هەموو تەماشاچییەکان و ئەندامانی دادگا بتوانن بیبینن.

ئەگەر ڕێڕەوی ئەم یاداشتانە ئیجازە بدات، ئێمە دەرحەق هەریەک لەو حاکمانەی موحاکەمەی ماری ئەنتوانێت دەکەن، ناو و ناونیشان و ڕەفتاریان باس دەکەین بەڵام ڕێڕەوی ئەم یاداشتانە بەجۆرێکە ئێمە ناتوانین بچینە نێو تەفاسیلی موحاکەمەکردنەکەی ماری ئەنتوانێت، هەر ئەوەندە دەڵێین جگە لە (هرمان)ی سەرۆکی دادگا، حاکمەکانی دی حاکمی ڕاستەقینە نەبوون، هەریەکەو ئیشێکی دییان هەبوو، یەکێ لەوانە ناوی (ئەنتوان مر) بوو لەو دەمەدا تەمەنی سی و یەک ساڵ بوو، منالێکی حەرامزادەی لویی پانزەهەم بوو، لە باغی (گوزن) لەدایک بووە..

پاش ئەوەی لەناو و ناونیشانی مەلیکەیان پرسی، سکرتێری دادگا دەستی بەخوێندنەوەی ئیدعانامەکەی مودەعی عام کرد..

مەلیکەی فەرەنسا، ڕۆژی پێشتر لەگەڵ موحامی دیفاعەکەیدا (لاگارد) کە هاتبوو بۆ زیندان، ئیدعانامەکەی خوێندبوووەوە، ئەوەندە بایەخی بە سکرتێری دادگا نەدا.. پاش خوێندنەوەی ئیدعانامەکە، ڕەئیسی دادگا لە ماری ئەنتوانێتی پرسی: ئایە دان بەو تاوانانە دەنێی کە لە ئیدعانامەکەدا باس کراوە؟

ماری ئەنتوانێت گوتی: من لەو تۆمەتانە بێبەریم.

چونکە لە دۆسییەکەیدا هیچ دەلیلێکی قەتعی دژ بە تۆمەتباری تیا نەبوو، ڕەئیسی دادگا شاهێدەکانی بانگ کرد، شایەتەکان بەدوورودرێژی کەوتنە شاهێدی دان.

شاهێدی هەندێ لە گەنجەکان دژ بە ماری ئەنتوانێت، بێ سەروبەرو منالانە بوون، بەڵام شاهێدی ڕەئیسی حیساباتی وەزارەتی دارایی کاریگەر بوو، ئەوەی خستەڕوو کە مەلیکەی فەرەنسا گەیشتە سەڵتەنەت (یانی پاش مردنی لویی پانزەهەم) تا ئەو ڕۆژەی لە سەڵتەنەت لابرا زیاتر لە دووسەد ملیۆن لیرەی لە خەزێنەی وڵات، لە ڕێی وەزارەتی داراییەوە وەرگرتووە.

دوو سەد ملیۆن لیرەی ئەو سەردەمە، پارەیێکی گەلێ زۆر بووە.. لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا و پاشانیش، خەرجی ژیان چەند بەرابەر گران بوو، بەڵام لە سەردەمی لویی شانزەهەم، لە چێشتخانەیێکی مامناوەندی پاریسدا، یەک مریشک

بە پێنج شاهی بوو، لە ولایەتەکانی دی لەم نرخە کەمتر بوو.

(ژیلبرت)ی پزیشکی ناسراو، لە سەردەمی شۆڕشدا، ئەرکی کاریگەری لە ئەستۆدا بوو لە یادەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی:

کاتێ ماری ئەنتوانێت-یان بەبووکێنی بۆ وەلی عەهدی فەرەنسا (لویی شانزەهەمی ئایندە) هێنا گەیشتمە قەسەبچەیێک، چەند سەعاتێ پێشتر، مەوکبی بووک و زاوا بەوێدا بەرەو پاریس تێپەڕیبوون، خۆراک فرۆشەکانی ئەو قەسەبچەیە، کە ڕۆژی پێشتر خۆراکێکی زۆریان فەراهەم کردبوو بۆئەوەی بەو کەسانەی بفرۆشن کە لەگەڵ مەوکبی بووک و زاوادان، بەشێ لەو خۆراکانە مابوونەوە، من لەو شەوەدا مریشکێکی برژاو کە هەمان ڕۆژ سەربڕابوو، بە یەک شاهی کڕیم و خواردم، لەو سەردەمەدا لە وڵاتی فەرەنسا هەموو شتێ هەرزان بوو، یەک لیرەی فەرەنسی قیمەتی سێ فەرەنکی هەبوو هەر فرەنکێکیش چل شاهی بوو.

ماری ئەنتوانێت نەیتوانی وەڵامێک بداتەوە، قەناعەت بە ڕەئیسی دادگا بکات، ژن و پیاوە هەرزەکان تا ئەوکاتە تەقریبەن بێدەنگ بوون، دەستیان بە هەراوهوریا کرد و گوتیان (ئەی ژنە نەمساوی چت لەو هەموو پارەیە کرد؟)

تەنها وەڵامێ کە ماری ئەنتوانێت دایەوە، ئەوەبوو کە ئینکاری لە وەرگرتنی ئەو پارەیە کرد.

پاشان شاهێدی دی هاتن، هەریەکەو شتێکی دەگوت، لەپڕ یەکێ لە ئەندامانی هەیئەتەکە کە لە مەزادخانەکاندا جاڕی دەدا، هەڵساو گوتی: هاووڵاتی سەرۆک! ئێوە لەبیرتان کرد لەم ژنە بپرسن، ئایە دەیسەلمێنێ کە لەگەڵ کوڕەکەی خۆیدا پەیوەندی نامەشروعی هەبووە یا نەء؟

ڕەئیسی داگا ناچاربوو ئەم پرسیارە ناشیرینە لە ماری ئەنتوانێت بکات، تا ئەوکاتە ماری ئەنتوانێت دانیشتبوو، وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، هەڵساو دەستی بە قسان کرد، نیوەی قسەکانی بۆ دادگاو نیوەکەی بۆ تەماشاچییەکان، گەلێ بە سادەیی، بەڵام جەرگبڕانە گوتی: ژنان، ئێوە کە دایکن، ئەی پیاوان ئێوەیش دەبن بە باوک، داوا لە ویژدانی ئێوە دەکەم وەڵام بدەنەوە، ئایە مومکینە تۆمەتێکی لەم جۆرە بە دایکێ بکرێ و کوڕەکەیشی هەشت ساڵە بێت؟





گوتەکەی ماری ئەنتوانێت دەربارەی ئەم تۆمەتە بێ شەرمە، کاری لە ئامادەبووان کرد، گەلێکیان ژنی بەرەڵڵاو دایک، بوون بەبێ ئیرادە چەپڵەیان بۆ لێدا، باوەڕیان بە قسەکانی کرد، نەفرەتیان لەم تۆمەتە بێ بناغەیە کرد.. هەندێکیشیان ئەوەندە موتەئەسیر بوون، فرمێسک لە چاوانیان دەهاتە خوارێ.

(هرمان)ی سەرۆکی داد بۆی دەرکەوت کەشێکی لەبار بۆ ماری ئەنتوانێت دروست بووە، بڕیاری دا ئەو کەشە لەنێوببات تەماشاچییەکان دژ بە ماری ئەنتوانێت بورووژێنی، پرسیاری کرد: کاتێ لەگەڵ مێردەکەت و منداڵەکانتا ویستت لە فەرەنسا ڕاکەیت و بچیتە وڵاتێکی دی، کێ ئەو گالیسکەیەی بۆ فەراهەم کردبوون؟

ماری ئەنتوانێت گوتی: کەسێکی بیانی ئەو گالیسکەیەی ئامادە کردبوو.

(هرمان) گوتی: ناوی چی بوو؟

ماری ئەنتوانێت گوتی: فرسن.

هەرکە ناوی فرسن لە دەمی ماری ئەنتوانێت هاتە دەرێ، هاواری تووڕەبوونی تەماشاچییەکان بەرز بووەوە، ئەو ژنانەی کە چەند دەقیقەیێک پێشتر چەپڵەیان بۆ ماری ئەنتوانێت لێدەدا و بۆی دەگریان، دەستیان بە جنێودان کرد، چونکە ناوی (فرسن)ی شازادەی سویدی گەیشتبووە هەموو کەسێک و دەیانزانی لە دۆستە نزیکەکانی ماری ئەنتوانێتە..

(فرسن) تا دواڕۆژ، بە ماری ئەنتوانێت گرفتار بوو، هەر هەوڵی دەدا بیڕفێنێ و لە فەرەنسا بیباتە دەرێ، بەڵام حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا بەجۆرێ ئاگاداری ماری ئەنتوانێتی دەکرد (فرسن) نەیتوانی مەلیکەی فەرەنسا لە مەرگ ڕزگارکات.

سەرۆکی دادگا، کە بۆی دەرکەوت، سەرنجی تەماشاچییەکان گۆڕا، بەباشی زانی زیاتر تووڕەیییان دژ بە ماری ئەنتوانێت بورووژێنێ، پرسی: ئێوە بۆ ڕازاندنەوەی قەسری (تریانون-ی بچووک) چەندت سەرف کرد و ئەو پارەیەت لە کوێ هێنا؟

ماری ئەنتوانێت گوتی: لەبیرم نەماوە!

ڕەئیسی دادگا گوتی: ئایە ئیعتراف دەکەیت لەوێدا مەجلیسی تایبەتی میوانانت سازدەدا؟

ئەم پرسیارە لە جێی خۆیدا نەبوو، چونکە مەلیکەی فەرەنسا بەتۆمەتی کودەتا دژ

بە میللەتی فەرەنساو هاوکاری لەگەڵ بێگانەکانداو بۆ لەنێوبردنی حکومەت موحاکەمە دەکرا، نەدەبوو ڕەئیسی دادگا پرسیار لە ژیانی تایبەتیی بکات، بەڵام (هرمان) دەیویست تورەیی تەماشاچیەکان زیارت بکات، گەیشتە ئەم مەبەستە، پیاوەکان لەبەر تورەبوون هاواریان دەکرد، ئەو ژنانەی کە شمشێر و نیزەیان پێبوو، چەکەکانیان لەڕووی ماری ئەنتوانێت ڕادەوەشاند.

ڕەئیسی دادگا، پاش ئەم پرسیارانە، شاهێدەکانی بانگ کرد، ئەگەر ناوی ئەو هەموو شاهێدانە ڕیزکەین ئەوا تووشی درێژدادڕی دەبین، هەر ئەوندە دەڵێین شاهێدەکان لە چینە جیاوازەکان بوون، لەنێوانیاندا وەزیرێکی پێشوو دەبینرا.

تا دوو سەعاتی پاش نیوەڕۆ شاهێدیدان بەردەوام بوو، پاشان دادگا وەستا، بەرەو فراڤین خواردن چوون، ماری ئەنتوانێتیان لە دادگا بردەدەرێ، بردیان بۆ ژوورێکی زیندانەکە (زیندان و دادگا لەیەک بینایە بوون).

سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆ دادگا بەردەوامی بەموحاکەمەکردنەکەی ماری ئەنتوانێت دا، دیسانەوە سەرۆکی دادگا شاهیدەکانی بانگ کرد، تا سەعات یانزەی شەو بەردەوام بوو.

حاکم و تەماشاچی و موحامیەکانی دیفاع، گوێبیستی شاهێدەکان کە هەندێکیان لەدەرباردا خزمەتكار بوون لەئاست پرسیارەکانی ڕەئیسی دادگا باسی ژیانە تایبەتیەکەی ماری ئەنتوانێتیان دەکردو ناوی دۆستەکانیان دەهێنا.

هەموو جارێ سەرۆکی دادگا قسەی بێسەروبەری دەکرد، تەنانەت هەندێ جاریش ناموئەدەبانە دەدوا تا (لاگارد-ی) موحامی دیفاعی ماری ئەنتوانێت بەرەئیسی دادگای گوت: ئەم قسانەی تۆ شورەیی ئاوەرە، نابێ ئەمجۆرە پرسیارانە بکەیت.

سەعات یانزەی شەو موحاکەمەکە ڕاگیراو تۆمەتباریان گەڕانەوە بۆ زیندان.

ڕۆژی پاشتر یانزەهەمی مانگی ئۆکتۆبەر، بەپێی تەقویمی پێشووی فەرەنسا، ڕۆژی لەدایک بوونی (سان ترز) کە یەکێکە لە ئەولیاکانی ئاینی مەسیحی، لەبەرئەوەی دایکی ماری ئەنتوانێت ناوی (ماری ترز) بوو کچەکەیشی هەمان ناوی هەبوو، هەموو ساڵێ مەلیکەی فەرەنسا لە ڕۆژی یانزەهەمی مانگی ئۆکتۆبەردا جەژنی سازدەدا، بەڵام ئەو ساڵە لەبەرئەوەی لەزینداندا بوو، نەیتوانی جەژن





سازدات، لە سەعات نۆی بەیانیدا، باران دەباری لە زیندانەوە بردیان بۆ دادگا تا سەعات سێی پاش نیوەڕۆ موحاکەمە بەردەوام بوو. پاش دوو سەعات ئیسراحەت، لە سەعات پێنجەوە موحاکەمە دەستی پێکرد، لەبەرئەوەی هەموو شاهێدەکان شاهێدی خۆیان دابوو (هرمان-ی) ڕەئیسی دادگا موافەقەتی کرد، موحامی دیفاعەکان قسان بکەن (لاگارد) یەکێ بوو لەو دوو موحامییە، لە جێ هەڵساو دەستی بە قسان کرد و گوتی:

لەدوێنێ بەیانییەوە دەست کراوە بە موحاکەمەکردنی مووەکیلەکەی من، ئێستایش کۆتایی بە شاهێدی دانەکان هات، بچووکترین دەلیلێ نییە بۆ ئیسپات کردنی ئەو تۆمەتانەی مودەعی عام خستوویەتە پاڵ مووەکیلەکەم من، ئەوانەی لەم دادگایەدا بەناوی شاهێدەوە ئامادەن شاهێدی خۆیان دا، شتگەلێکیان گوت، هیچ پەیوەندیێکی بە تۆمەتەکانەوە نەبوو..

من ناڵێم شاهێدی هەندێ لە شاهێدەکان بەتایبەت نۆکەرەکانی پێشووی دەربار، بەهۆی کەموکوڕییان لە خزمەت دەرکراون، بۆیە کینەیان بەرانبەر بە مووەکیلەکەی من هەیە.. ئەگەر شاهێدی هەموو شاهێدەکانیش بەڕاست بزانین، دیسانەوە هیچیان تۆمەتەکانی مودەعی عام ناسەلمێنن.

گریمان مووەکیلەکەی من لە ڕابوردوودا زیادەمەسرەفی کردبێ و بەشێ لە دارایی دەوڵەتی سەرف کردبێ، چەند دۆستێکیشی هەبووبێ، ئەم مەوزووعە دەلیل نییە بۆئەوەی وەک مودەعی عام دەڵێ لەگەڵ بێگانەکاندا دژ بە ئاسایشی وڵات کودەتای کردبێ..

ئا لێرەدا هاووڵاتی سەرۆکی دادگا پرسیاری لە مووەکیلەکەی من کرد، بۆ وەڵامدانەوە پەنای بردە بەر ویژدانی ئامادەبووان، ئەمانیش سەلماندیان کە مەحاڵە لەنێوان دایک و کوڕێکی هەشت ساڵەدا ئەو جۆرە پەیوەندییانە هەبی، وا مودەعی عام باسی دەکات.

ئێستایش من لە ویژدانی ڕەئیسی دادگاو حاکمەکانی دی، هەروەها لە ویژدانی مودەعی عام دەپرسم، تا بڵێن، ئایە مومکینە بەپێی شاهێدی شاهیدەکان کە لەم دادگایەدا ئامادەبوون شتگەلێکیان گوت هەمووی پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی

مووەکیلەکەی منەوە هەبوو، بەبێ ئەوەی بچووکترین بەڵگەنامەیێکی نووسراویان هەبێ.. دەکرێ بەپێی ئەم شاهێدییانە مووەکیلەکەی من بەتاوانی هاوکاریکردن لەگەڵ بێگانانداا بۆ لەنێوبردنی حکومەتی میللی فەرەنسا مەحکوم بکرێت؟

ئێوە ئەی حاکمەکانی ئەم دادگایە، ئەی هاوولاتی مودەعی عام، ئێوە بەنوێنەری میللەتی فەرەنسا لەم دادگایەدا ئامادەن دەربارەی چارەنووسی مووەکیلەکەی من بڕیاربدەن.. بڕیارەکان نابێ بەجۆرێ بێ کە مێژووی فەرەنساو جیهان بڵێن ئێوە ویست و هەستەکانی خۆتان فەرز کردووەتە سەر عەقڵ و عیلمی قەزا..

شۆڕشی فەرەنسا بۆ ئەوە بەرپابووە لەم وڵاتەدا ئازادی و عەدالەت و یەکسانی بەرقەرار بێت، نەک ویست و هەستی تایبەتی لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی کەساندا کاریگەری پەیدابکات.. چ جیاوازییەک هەیە لەنێوان دادگای شۆڕشگێڕی وەک ئەم دادگایە، ئەگەر لەڕووی هەستی تووڕەییەوە حوکمەکانی دەرکات، لەگەڵ ئەو دادگایانەی سەردەمی سەڵاتینە کۆنەکانی فەرەنساو لە سەردەمی ئیستبدادا لەڕووی تووڕەیی و هەوەسەوە حوکمی دەردەکرد بەیەک سەعات ژیانی کەسانی لەنێودەبرد؟

کاتێ قسەکانی (لاگارد) گەیشتە ئەم ڕستانە، دوو سەعات بوو قسەی دەکرد، دەیشیویست بەردەوام بێت لەسەر قسەکردن، بەڵام لەم کاتەدا ڕووداوێک ڕوویدا، تەنانەت لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنساو پێش شۆڕشیش پێشینەی بەخۆوە نەبینیوە، ڕووداوەکەیش ئەمە بوو کە (فۆکێ تن ڤی) ی مودەعی عام، ئەمری دایە مەئموورە چەکدارەکان (لاگارد)ی موحامی دیفاع تەوقیف بکەن، پاش پشکنینی گیرفانەکانی بەرەو زیندانی ببەن..

پاش ئەوەی موحامی دیفاعەکەی ماری ئەنتوانێت زیندان کرا، ڕەئیسی دادگا موافەقەتی کرد (کودرێ) دووەمین موحامی دیفاعی ماری ئەنتوانێت بوو، دیفاع لە مووەکیلەکەی خۆی بکات.

(کودرێ) لە جێ هەڵسا، بەرلەوەی دیفاع لە مووەکیلەکەی خۆی بکات، دیفاعی لە (لاگارد)ی هاوپیشەی کرد و گوتی: کارێ کە ئەمشەو (چونکە شەو بوو، چراکانی تەلاری دادگا داگیرسابوون) لەم دادگایەدا ئەنجام دراوە، تەنانەت لە تاریکترین





سەردەمی ئیستبدادی فەرەنسادا ئەم کارە نەکراوە، چونکە لەو سەردەمانەدا ڕێ دەدرا موحامی دیفاع بەرگری لە مووەکیلەکەی خۆی بکات.

چەند کەسێ لە تەماشاچییەکان هاواریان کرد: دیفاعکردن لەم ژنە خیانەتکارە، خیانەتە بەرانبەر بە میللەت و وڵاتی فەرەنسا.

(کودرێ) ڕووی وەرچەرخاند و بە تەماشاچییەکانی گوت: بۆچی ئیهانەی ژنێ دەکەن کە مێردەکەیان کوشتووە، منداڵەکانیشیان هەتیو خستووەو جنێویشی پێدەدەن؟

ئەوکەسانەی جنێویان بە ماری ئەنتوانێت گوتبوو، ئەوەیان هاتەوە بیر، ئەم ژنە خاوەنی منداڵانی هەتیوە، بێدەنگ بوون،(کودرێ) بەدادگای گوت: مەگەر هاوپیشەکەم (لاگارد) چی گوتبوو وا بڕیاری تەوقیف کردنیتان دا و بردتان بۆ زیندان؟

ئەگەر ئێرە عەدالەتخانەیە، ئەوا دەبێ موحامی دیفاع هەموو شتێ بڵێت، گەر بزانێت لە بەرژەوەندی مووەکیلەکەیەتی.. ئەگەر ئێرە عەدالەتخانە نییە، بۆچی ناوی دادگاتان لێ ناوە؟ کارێ کە ئەمڕۆ لێرەدا کراوە زوڵمەو پێچەوانەی ئسوڵی شۆڕشی فەرەنسایە.. (فۆکی تن ڤی)ی مودەعی عام جارێکی دی ڕێی قسەکردنی لێ گرت، ئەمری دایە مەئموورە چەکدارەکان کە (کودرێ)یش تەوقیف بکەن و گیرفانەکانی بپشکنن و بەرەو زیندانی ببەن.

لە گیرفانەکانی (کودرێ) دوو بازنی زێڕیان دەرهێنا لەگەڵ چەپکێ گیسووی ماری ئەنتوانێت..

مەلیکەی فەرەنسا، بازنە زێڕەکان و گیسووەکەی خۆی دابووە موحامی دیفاعەکەی، تا بیداتە ژنێ کە لە شاری (لین یێ–ە).

پاش ئەوەی (کودرێ–یان) لە دادگا بردە دەرێ، ڕەئیسی مەحکەمە بە ماری ئەنتوانێتی گوت: ئەی بێوەژنەکەی کاپێ، ئەگەر دەتەوێ بەرگری لە خۆت بکەی و شتێ بڵێیت ئادەی بیڵێ!

ماری ئەنتوانێت گوتی: ئەو شتەی دەبێ بیڵێم، ئەوەیە من بێگوناهم، داوا دەکەم ئازادم کەن، منداڵەکانتان لێ سەندوومەتەوە بۆمی بگەڕێننەوە.

ڕەئیسی دادگا گوتی: شتێکی دیت نییە بیڵێیت؟

ماری ئەنتوانێت گوتی: نەء.

موحاکەمەکەی ماری ئەنتوانێت تەواو بوو، جگە لە حوکمدانی چ شتێ نەمابوو.

(هرمان) ڕابردووی ماری ئەنتوانێتی خستە ڕوو، کە چ دەسەلاتێکی بەسەر مێردەکەیدا هەبووە، بە دایکی گەندەڵی ناوی برد..

لە کۆتایی قسەکانیا بەئەندامانی دادگاو هەیئەتەکەی گوت: ئاگاتان لەوەبێت میللەتی فەرەنسا، ئێوە بەخیانەتکار لەقەڵەم نەدات، هەر بەئاشکرا ئەندامانی دادگاو هەیئەکەی تێگەیاند کە دەبێ ماری ئەنتوانێت ئیعدام بکرێت.

ڕەئیسی دادگا بۆ ئەندامانی دادگاو هەیئەکە، چوار پرسیاری هێنایە گۆڕێ، دەتوانرێ بکرێتە دوو پرسیار..

یەکەمیان: ئایە تۆمەت خراوەپاڵ لەگەڵ ولاتانی بێگانە، دژ بە فەرەنسا هاوکاری کردووە یا نەء؟

دووهەمیان: ئایە تۆمەت خراوەپاڵ، هەوڵی داوە لەناو فەرەنسادا ئاشوب و جەنگی ناوخۆیی بنێتەوە یا نەء؟

ئەندامانی هەیئەکە بۆ ڕەئیدان لە تەلاری مەحکەمە چوونە دەرێ، بەلام ڕەئیسی دادگاو حاکمەکانی دی و مودەعی عام لە جێی خۆیاندا مانەوە.

ئەفسەرێک بەناوی (بوزن) لەگەڵ چەند سەربازێکدا ماری ئەنتوانێتیان لە دادگا بردە دەرێ و بردیانە ژوورێکی دییەوە.. ئەم ژنە بەدبەختە گەلێ ناڕەحەت بوو، چەند ڕۆژێ پێشتر تووشی خوێنرێژی بەردەوامی ژنانە بوو، پێویستی بە لیباس گۆڕین بوو، نەیتوانی لەوێدا لیباسەکەی بگۆڕێ..

ماری ئەنتوانێت ماوەیێک لەو ژوورەدا، هەردوو دەستی خستبووە سەر ڕوخساری، (بوزن) نەیدەزانی مەلیکەی فەرەنسا خەوتووە یا بێدارە، هەندێ لە تەماشاچییە وردبینەکان، هەندێ شەرابیان گلدابووەوە و مژولی شەراب خواردنەوە بوون، خۆیان بۆ سەرگەرمی و گاڵتەی بازاڕی و نەفرەتئەنگێزی ئامادە دەکرد.

پاش ئەوەی ماری ئەنتوانێتیان لە دادگا بردە دەرێ، ڕەئیسی دادگا، لە ماوەیێکی کەمتر لە چارەکە سەعاتێ وای لە حاکمەکانی دی کرد کە دەبێ حوکمی ماری ئەنتوانێت بدەن!





هرمان–ی ڕەئیسی دادگا و مودەعی عام گوشاریان خستە سەر هەیئەکە تا ماری ئەنتوانێت مەحکوم بکەن. سێ سەعات و سێ چارەکی پاش نیوەشەو، ڕەئیسی دادگا پەنجەی بەزەنگەوە نا بەرەسمی ئیعلانی دانیشتنی مەحکەمەی کرد و ماری ئەنتوانێتیان هێنایە تەلاری دادگاوە.

ڕەئیسی دادگا بە مەلیکەی فەرەنسای گوت: ئەنتوانێت! بۆ ئەوەی ئاگادار بیت ئامادە بە ڕەئی دادگا بژنەوە!

تا ئەوکاتە لە دادگادا چ کەسێ بە مەلیکەی فەرەنسای نەگوتبوو ئەنتوانێت، مەلیکە لە بری ئەوەی ناڕەحەت بێ کەچی قایل بوو بە ئەنتوانێت بانگی کەن، مەبەستیان سووکایەتیکردن بوو، پێی باشتر بوو لەوەی بەناوی بێوەژنەکەی کاپێ بانگی بکەن.

ڕەئیسی دادگا لە جێ هەڵسا، سەرەتا چەند ماددەیێکی لە قانونی سزای عمومی دەربارەی ئەو کەسانە لەگەڵ بێگانەکان دژ بە فەرەنسا ڕەفتار دەکەن، خوێندەوە، هەروەها ئەو مادانەشی خوێندەوە کە دەربارەی ئەو کەسانەی لە ناوەوەی ولاتدا دەبنە هۆی ئاشوب و جەنگی ناوخۆیی.. ئەوجا حوکمی مەحکەمەی خوێندەوە و گوتی: سزاکەی ئەم مەحکومە ئیعدامە.

پاش ئەوەی حوکمەکەی خوێندەوە، ڕەئیسی دادگا بە مەحکومی گوت: ئایە دەتەوێ شتێ بڵێیت؟

ماری ئەنتوانێت توانای قسەکردنی نەبوو، سەری ڕاتەکاند، پاشان بەرزیان کردەوە، لە تەلاری دادگا بردیانە دەرێ، ئەوەندە بێ توانا بوو ئەگەر (بوزن) بازووی نەگرتبا ئەوا دەکەوتە سەر زەوی..

کاتێ (بوزن) بازووی مەلیکەی فەرەنسای گرتبوو، لە تەلاری دادگا چوونە دەرێ، بۆ ڕێزلێنانی مەلیکەی مەحکوم شەبقەکەی لەسەر خۆی لابرد، هەر ئەم مەوزووعەی بووە هۆی ئەوەی کە هەمان شەو پاش ئەوەی ماری ئەنتوانێت–ی گەیاندە زیندان، تەوقیف بکرێ، چونکە ڕێزی ئەو بۆ ماری ئەنتوانێت بە کارێکی دژ بە شۆڕش لە قەڵەم درا.

***

نـاپلیۆن پوناپارت–ی ئیمپراتۆری فەرەنسا دەیگوت: (كوشتنی ماری ئەنتوانێت كە پێشتر هاوسەرەكەیان كوشتبوو، منداڵەكانیشیان لێ جیا كردبووەوە، لە كاتێكیشدا ئەو ژنە خوێنڕێژی بەردەوامی ژنانەی هەبوو، شتێكە لە خۆكوژی بەدترە، من ئەمە بەكارێكی ناجوامێرانە دەزانم).

هەندێ پاش سەعات چواری دوای نیوەشەو، ماری ئەنتوانێتیان گەڕاندەوە بۆ زیندان، ئەوكاتە (بوزن) تەوقیف كرابوو، ئەفسەرێكی دی مەئمور بوو چاودێری ماری ئەنتوانێت بكات. ئەفسەرەكە بەمەحكومی گوت: ئەمریان پێ كردووم، پێتان بڵێم كە حوكمی دادگا، سبەینێ جێبەجێ دەكرێ.

مانای ئەم گوتەیە ئەوەبوو ئەگەر ماری ئەنتوانێت مەیلی هەیە وەسیەت بكات، یانی بەرلەوەی ڕۆژ هەڵبێ وەسیەت بكات.. مەلیكەی فەرەنسا گوتی: تكا دەكەم بە (روزالی) بڵێن با بێت بۆ ئێرە (روزالی) ژنێكی گەنج بوو، لە زیندانەدا خۆراكی بۆ ماری ئەنتوانێت دەهێناو هاوكاری دەكرد تا پۆشاكەكانی بگۆڕێت و ژوورەكەیشی بۆ گسک دەدا.. ئەگەرچی (روزالی) وەكو زۆربەی ژنەكانی ئەو سەردەمە پابەندی ئابڕوو نەبوو، بەڵام ژنێ بوو دەست و دڵی باش بوو، بەپێی توانای خـــۆی هەوڵی دەدا ئازارەكانی مەلیكەی فەرەنسا كەم كاتەوە..

ئەو ژنە گەنجە هات و مەلیكە پێی گوت: تكا دەكەم هاریكاریم بكە تا لیباسەكەم بگۆڕم.

مەعلومە مەبەستی مەلیكە لە گۆڕینی لیباسەكەیدا چی بوو.. دەیویست ڕوزالی لەبەر دەرگادا پەردەی بۆ دروست كات، تا ئەفسەرەكە لە ژوورەكەدا نەیبینێ لیباسەكەی دەگۆڕێ، بەڵام ئەفسەرەكە سەری بردە سەر پەردەكە و چاوی بڕییە مەلیكە..

مەلیكەی فەرەنسا گوتی: جەناب، سوێندت دەدەم بە شەرەفت هەندێ بكشێرە دواوە تا بتوانم لیباسەكەی خۆم بگۆڕم.

ئەفسەرەكە وەڵامی دایەوەو گوتی: ئەمریان پێكردووم بۆ یەک ساتیش چاو لەسەر ئێوە لانەبەم، دەبێ هەموو حەرەكاتەكانت ببینم، بۆیە داواكەت ڕەت دەكەمەوە.

مەلیكەی فەرەنسا ناچار بوو، بەرانبەر بە چاوەكانی ئەو ئەفسەرە لیباسەكەی





خۆی بگۆڕێ، ئەوجا داوای قەڵەم و كاغەزی كرد تا وەسیەتنامەی خۆی بنووسێ، موافەقەتیان لەسەر ئەم داوایەی كرد، لە پشتی مێزە چكۆڵەكدا دانیشت، لەبەر ڕۆشنایی دوو مۆمدا، نامەیێک كە دوا نامەیەتی بۆ خوشكی هاوسەرەكەی شازادە خانم (ئەلیزابێت)ی فریشتە سیفەت نووسی.

ئەم نامەیە لە مێژووی فەرەنسادا، تەنانەت لە مێژووی دنیادا ناسراوە، نەک لەبەرئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە ئەهەمیەتی خۆی هەیە، بەڵكو ئینشایێكی سادەو فەسیح، ناوەڕۆكەكەی كاریگەرە.. ئەو دوا نامەیە، ماری ئەنتوانێت–ی كردە خاوەنی دەقێكی ئەدەبی بەرجەستەی دنیا..

ئێمە موتەئەسفین، ڕەوتی ئەم یاداشتانە تەحەمولی ئەوە ناكات هەموو نامەكە بڵاوكەینەوە، تەنها ئەوەندە دەڵێین، مەلیكەی فەرەنسا لەو نامەیەدا خۆی بەبێ گوناه زانیوە، داوای لە منداڵەكانی كردووە كینە بەرانبەر بە میللەتی فەرەنسا لەدڵ نەگرن، بیریش لە تۆڵەسەندنەوە نەكەنەوە..

مەلیكەی فەرەنسا لە كاتی نووسینی نامەكەیدا، بەردەوام دەگریا، لەكەی فرمێسكەكانی بەسەر كاغەزی نامەكەدا دیارن..

ئەم ژنە بەدبەختە، لە نامەكەیدا داوای لە دشەكەی كردبوو، منداڵە هەتیوەكانی كە نە باوكیان هەیەو نە دایک بیانخاتە ژێر سەرپەرشتی خۆی و پەروەردەیان بكات.

ماری ئەنتوانێت خزمی زۆری هەبوو، برا و خوشک و برازاو خوشكەزاو پوور و میمک، لەم دوا نامەیەیدا داوای گەردن ئازادی لێ كردبوون.

ماری ئەنتوانێت، كاتێ ئەم نامەیەی نووسی لە ڕووی جەستەو ڕۆحەوە گەلێ ماندوو بوو، دوا موحاكەمەكردنەكەی نۆزدە سەعاتی كێشابوو، ئەو ژنە لەگەڵ هەموو ئەو خوێنڕێژییەیدا مەجبور بوو نۆزدە سەعات گوێ بگرێ و قسە بكات و چاوەڕێش بێت تا حوكمەكەی دەردەكەن.. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لەو نامە فەسیح و كاریگەرەیدا بچووكترین ڕووشانێكی تیا نابینرێ، ئەمە لەكاتێكدایە كە زمانی فەرەنسی، زمانی ئەسڵی ماری ئەنتوانێت نەبوو، تا دوارۆژی ژیانیشی لەهجەكەی ئەوەی دەردەخست كە نەمساوییە..

پاش نووسینی نامەكە، لەسەر قەرەوێڵەكەدا ڕاكشا، ڕووی لە دیوارەكە كرد، تا

ئەو ئەفسەرەی لە ژوورەکەیدا بوو، فرمێسکەکانی نەبینێت..

کە دنیا ڕۆشن بووەوە (روزالی) هاتە ژوورەوە، ڕووەو قەرەوێڵەکەی مەلیکە چوو، سەیری کرد ماری ئەنتوانێت بەخەبەرەو پێی گوت: خانم ئیجازەم دەدەیتێ هەندێ سوپی گەرمت بۆ بێنم..؟

مەلیکە گوتی: مەیلی خۆراکم نییە.

روزالی گوتی: خانم ئێوە لە دوێنێ بەیانییەوە تا ئێستا هیچتان نەخواردووە، برسین..

مەلیکە نەیدەتوانی خۆراک بخوات، بەڵام بۆئەوەی ڕوزالی نەڕەنجێ موافەقەتی کرد، هەندێ سوپی بۆ بێنن.

روزالی قاپێ سوپی بۆ هێناو مەلیکە بەبێ مەیلی چەند کەوچکێکی لێ خوارد، پاشان گوتی، ناچارەو دەبێ لیباسەکەی بگۆڕێ.. دیسانەوە بەناوی شەرەفەوە داوای لە ئەفسەرەکە کرد، دوورکەوێتەوەو ڕووی خۆی وەرگێڕێ، بەڵام ئەفسەرەکە ڕازی نەبوو و دەیگوت: ئەمریان پێکردووم بۆ ساتێکیش چاوت لەسەر لانەدەم!

ئەو ئەفسەرەی لە ژوورەکەدا بوو ڕاستی دەکرد، چونکە حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا دەترسا ماری ئەنتوانێت بەجۆرێ کە قابیلی پێشبینی نییە خۆی بکوژێت، تا خۆی لە ئیعدامکردن بە گیوتین و لەبەرچاوی خەڵکدا خۆی نەجات بدات، بۆیە ئەمریان دابووە ئەو ئەفسەرە بۆ ساتێکیش چاوی لەسەر هەڵنەگرێ..

پاش ئەوەی مەلیکە لیباسەکەی گۆڕی، کراسێکی سپیی لەبەر کرد و بەکۆمەکی ڕوزالی شەبقەیێک کە بەزمانی فەرەنسی پێی دەڵێن (برنە) ئەو شەبقەیەی لەسەرنا، پاشان کەشیشێ کە لەلایەن حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنساوە نێردرابوو، تا کۆمەکی ماری ئەنتوانێت بکات، ئەرکە مەزهەبییەکانی خۆی، بەر لە مردن ئەنجام بدات، هاتە ژوورێ، ڕوزالی دەیزانی ئیدی ڕێی نادەن بێتە ژوورێ و ماری ئەنتوانێت ببینێ، بەگریانەوە خواحافیزی لە مەلیکەی فەرەنسا کرد، لە ژوورەکە چووە دەرێ.

پاش ڕۆیشتنی ڕوزالی کەشیشەکە لە مەلیکە نزیک بووەوە و گوتی: ئایە مەیلی ئەوەت هەیە ئیعتراف بە گوناهەکانی خۆت بکەیت؟





مەلیکەی فەرەنسا دەیزانی کەشیشەکە سەر بە حکومەتی شۆڕشگێڕییە..

گوتی: نەء قوربان!

(مەلیکەی فەرەنسا لەناوهێنانی باوکی ڕوحانی لە کاتی قسەکردن لەگەڵ کەشیشەکەدا نەهێنایە سەر زمان) من لەلای خواوەند ئیعترافم بەگوناهەکانی خۆم کردووە، جارێکی دیش ئیعترافی بۆ دەکەم..

کەشیشەکە گوتی: ئایە داخوازییەکت هەیە قابیل بە قبوڵکردن بێت؟

مەلیکە گوتی: تەنها داواخوازیم ئەوەیە بەر لە مردن مناڵە هەتیوەکانی خۆم ببینم..

کەشیشەکە ناوی (ئابێ ژیرار) بوو گوتی: بەداخەوە، دەوڵەت ئەم داخوازییەت قبوڵ ناکات.

پاشان گوتی: موافەقەت دەکەیت من لەگەڵ ئێوەدا بێم؟

مەلیکە گوتی: چۆنت ئارەزوو لێیە ئاوها بکە.

ماری ئەنتوانێت بەبێ کۆمەکی کەشیش و لە تەنیشت قەرەوێڵەکەیدا ئەژنۆکانی نایە سەر زەوی و مژولی دۆعا خوێندن بوو، تا (هرمان)ی ڕەئیسی دادگای شۆڕشگێڕی و چەند حاکمێکی دیی، هاتنە ژوورێ.

مەلیکەی فەرەنسا لە جێ هەڵسا و (هرمان) گوتی: گوێ گرەو حوکمی دادگا بژنەوە..

مەلیکە گوتی: ئاگام لە ناوەرۆکی حوکمی دادگا هەیە، بە زەرووری نازانم ئەو حوکمە بخوێننەوە.

(هرمان) گوتی: بەپێی یاسا دەبێ حوکمی دادگا بۆ مەحکوم بخوێنرێتەوە. ماری ئەنتوانێت هیچ وەڵامێکی نەدایەوەو حوکمەکەیان بۆ خوێندەوە.

هەرکە لە خوێندنەوەی حوکمەکە بوونەوە، پیاوێکی درێژ و چوارشانە هاتە ژوورەکەوە، ئەو پیاوە کە لە ڕۆژی بیست و یەکەمی ژانویەی ئەو ساڵە خانەنشین کرابوو، کابرای بەژن بڵند بەرەو لای ماری ئەنتوانێت چوو.. پێیگوت: دەبێ دەستەکانت ببەستمەوە. مەلیکەی فەرەنسا کە ئەم قسەیەی بیست، لەرز دایگرت و گوتی: دەستی هاوسەرەکەمتان نەبەستەوە..

جەلادەکە سەرنجێکی هرمانی دا، وەک ئەوەی داوای فەرمانی لێ بکات، هرمان بە جەلادەکەی گوت: ئەرکەکانت بەجێ بێنە..

جەلاد بە ڕقەوە هەردوو دەستی ئەنتوانێت–ی گرت، لەپشتەوە بەستییەوە، کاتێ کە دەستیان دەبەست، ئەو ژنە سەری بەرز کردەوە وەکو ئەوە وابوو سەیری ئاسمان بکات و خوا بکاتە شاهێدی خۆی، کە چ جۆرە ڕەفتارێکی لەگەڵدا دەکەن، بەڵام فرمێسک لە چاوەکانییەوە نەهاتە دەرێ.

هانری سانسون بە گوریسێکی درێژ دەستەکانی ئەنتوانێتی بەستەوە، سەرەکەی دیی گوریسەکە کەوتبووە سەر ئەرز، سانسون شەبقەکەی لەسەر ماری ئەنتوانێت داگرت، مقەسێکی لە گیرفان دەرهێنا گێسووە سپییەکانی ماری ئەنتوانێتی بڕی تا ڕێ لە ساتوری گیوتینەکە نەگرن.

جەلاد گێسووە بڕاوەکانی خستە گیرفان تا پاشان بیانسووتێنێ و نەکەوێتە دەستی ئەو کەسانەی کە ماری ئەنتوانێتیان بە موحتەرەم دەزانی، پاش بڕینی گێسووەکانی شەبقەکەی خستەوە سەر ماری ئەنتوانێت..

ماری ئەنتوانێت تەسەوری ئەوەی دەکرد کە لەهەمان شوێندا بیکوژن، سەیری دەوروبەری کرد و کەرەسەی ئیعدامکردنی نەبینی، کە پێیان گوت دەبێ لە ژوورەکە بچێتە دەرێ، تێگەیشت کە لەو ژوورە ئیعدامی ناکەن..

ئەو گوریسەی دەستەکانی ماری ئەنتوانێتی پێوە بەسترابوو، سەرەکەی دیی بە دەستی جەلادەوە بوو، بەرلەوەی لە ژوورەکە بچنە دەرێ، ماری ئەنتوانێت تکای کرد دەستەکانیان توند بەستراوە، هەندێ شلی کەنەوە، جەلاد گوریسەکەی کردەوە، دووبارە بەستییەوە.

ئیدی مەلیکە لە ژوورەکە چووە دەرێ، لە نێوان دوو ڕیز سەربازەوە تێپەڕی، تا لە بینایەی (کون سیرژری) چووە دەرێ، بەرلەوەی بگاتە شەقامەکە، چاوی بە گالیسکەیێکی دوو ئەسپی کەوت، بەجۆرێ لەرز دایگرت لەسەر زەوییەکەدا دانیشت، زانیی بەو گالیسکەیە دەیبەن بۆ مەیدانی ئیعدام!

لویی شانزەهەمیان بە یەک گالیسکە بردبوو بۆ مەیدانی ئیعدام، بەڵام لەڕووی ڕەسەنایەتی نەژادەوە ئەم شازادە خانمە گەورەترین شازادە خانمی ئەوروپا بوو،






دەیانویست بە یەک گالیسکە بەرەو مەیدانی ئیعدامی ببەن، جەلاد کە ئەوسەری گوریسەکەی بەدەستەوە بوو ماری ئەنتوانێتی لەسەر زەوی بەرز کردەوە، بەرەو دەرگای گالیسکەکەی برد. لە دەرێی زیندان و لەهەردوو تەرەفی شەقامەکەدا تا چاو بڕی دەکرد، سەربازی چەکدار دەبینران.. ئا لەو ڕۆژەدا وەک ئەو ڕۆژەی لویی شانزەهەمیان ئیعدام کرد، هەموو سەربازەکانی پایتەختیان هێنابووە سەر شەقام و مەیدانەکان، نەوەک لەو کاتەی مەلیکە لە زیندانەوە دەگوازنەوە بۆ مەیدانی ئیعدام بیڕفێنن، لە شەقامەکانی دەوروبەری زیندانەکە، جگە لە سەربازانی چەکدار، ڕێیان نەدابوو تەماشاچییەکانیش لەو ناوەدا بووەستن، بەڵام هەندێ بەرەو ژوورتر خەڵکێکی زۆری تەماشاچی، لەهەردوو لای مەیدانی ئیعدامدا بەرچاو دەکەوتن.

ئەگەرچی هەردوو دەستی مەلیکە لە پشتەوە بەسترابوون، پۆشاکی سپی لەبەردابوو، کە نزیکی گالیسکەکە بووەوە، گەلێ شکۆی پێوە دیاربوو.. لە پشتی گالیسکەکە ناردوانێکی چوار پلەیان دانابوو، تا مەلیکە بەسەریا سەرکەوێ و بچێتە نێو گالیسکەکەوە، لەبەرئەوەی دەستیان بەستبووەوە، ئەو ژنە نەیدەتوانی سەرکەوێ، جەلاد بازووەکانی گرت و هاریکاری کرد تا سەرکەوت، جەلادەکە پێی گوت: دانیشە.

ماری ئەنتوانێت دەیویست ڕوو لە ئەسپەکان دابنیشێت، بەڵام جەلادەکە وای دانیشاند پشتی لە ئەسپەکان بێت. لە تەواوی ئەو کاتانەی گالیسکەکە بەڕێوە بوو خەڵکی نەیاندەتوانی ڕوخساری مەلیکە ببینن، مەگەر ئەو کاتانەی بەرانبەریان تێدەپەڕی..

پاش جەلادەکە (ئابێ ژیراری) کەشیش سواری عارەبانەکە بوو، پاشانیش شاگردی جەلادەکە، سەعات یانزە و چارەک گالیسکەکە کەوتەڕێ.

(گرامون) بە سواری ئەسپەوە لە پێشی گالیسکەکەوە دەڕۆیشت لە هەردوو لایشەوە دوو دەستەی سەربازی چەکدار کە ئامادەی دەستڕێژ بوون دەڕۆیشتن لە پشتی گالیسکەکەیشەوە چەندین سەربازی چەکدار دەبینران.

کە گالیسکەکە کەوتە ڕێ (فوکێ تن ڤی)ی مودەعی عام کە پێشتر گوتمان ئۆفیسی کارەکەی لە بینایەی (کون سیرژری) بوو، خۆی گەیاندە تەنیشتی پەنجەرەکە، تا تێپەڕینی گالیسکەکە ببینێ، شادمان بوو کە ئارەزووەکەی وەدی

هاتووەو ماری ئەنتوانێتی سپاردووەتە دەستی جەلادەوە.

لە سەرەتای شەقامی (سان ئانوری) چ دەنگێ لە خەڵکی تەماشاچییەوە بەرز نەبووەوە، هەندێ ژنی کەیبانو دەیانزانی ئەو ژنە دوو منالّی هەتیو لە جیهاندا بەجێ دێڵی، گەلێ موتەئەسیر بوون، بەلاّم کەسیان جورئەتی ئەوەیان نەبوو بگریێن، چونکە لەوە ئاگادار بوون کە هەرکەسێ بگرییێت مومکینە ئیعدام بکرێت..

کە گالیسکەکە، بە شەقامی (سان ئانوری) دا تێپەڕی، دەنگی تووڕەیی تەماشاچییەکان بەرز بووەوە.

ئەو ژنە شۆڕشگێڕانەی بێرییەی سووریان لەسەربوو هاواریان دەکرد (مردن بۆ زەعیفەی نەمساوی) و (بژی جەمهوری)، ئالاّی سێ ڕەنگی جەمهوری فەرەنسا لەهەموو لایەک دەبینرا، چونکە دانیشتوانی پاریس بەموناسەبەتی ئیعدامکردنی ماری ئەنتوانێت کردبوویانە جەژن. کاتێ کە ژنان هاواری تووڕەییان بەرز دەکردەوە، ژنێ منالّەکەی بە دوو دەست بەرز کردبووەوە، تا بتوانێ ماری ئەنتوانێت ببینێ، ئەو منالّە کە مەلیکەی بینی بە دەست ماچێکی بۆ مەلیکەی بەدبەخت نارد، ئەو دیمەنە وای کرد چاوەکانی ماری ئەنتوانێت پڕ بێت لە فرمێسک هیچ کەسێ ناتوانێت بلّێ لەو ڕۆژەدا، کە مەلیکەکەیان بە شەقامەکانی پاریسدا تێدەپەڕاند تا بۆ مەیدانی ئیعدامی ببەن، چ بە مێشکی ئەو ژنەدا گوزەری دەکرد کە ئەو حەشاماتەی دەبینی بە ئالاّی سێ ڕەنگەوە هاواریان دەکرد، چ هەستێ ڕووی تێ دەکرد؟

ئەوەی لەم ڕووەوە نووسراوە، هەواڵگەلێکن لەلایەن دەوروبەری مەلیکە و بینینی تەماشاچییەکانە، بەلاّم کەس نەیدەتوانی حاڵی بێت چ هەستگەلێک-ی هەبوو کە بەشەقامەکاندا تێیاندەپەڕاند، بۆ نموونە ناردنی ماچی منالّێک بۆ مەلیکە و چاوە پڕ فرمێسکەکانی ماری ئەنتوانێت..

ئەوەی لەلایەن (ئابێ ژێرار-ی) کەشیش نووسراوە- کە لەنێو گالیسکەکەدا بوو- ئەوەیە، کە دەڵێ، ورەی مەلیکەی فەرەنسا لەو ڕۆژەدا بۆ ئێمە پەنهان بوو.

ئایە ئەو ژنە بەدبەختە دەیزانی، ئەو شەقامانەی پیایا تێدەپەڕێنن هەمان ئەو شەقامانەیە کە بیست و چەند ساڵێک بەر لەو ڕۆژە وەکو بووکی سەڵتەنەتی فەرەنسا لەو شەقامانەوە هاتە نێو پاریس، خەڵکەکەیش بە بینینی ئەو جوانە هاواری





شادییان بەرز کردەوە، زۆربەی خەڵکەکە شەبقەکانیان هەڵدەدایە ئاسمان؟ یا بەدبەختی و ترس و نائومێدی بەجۆرێ دەستی بەسەر هەستەکانیا گرتبوو، نەیدەتوانی شەقامەکان بناسێتەوە.

کاتێ ماری ئەنتوانێت لە سەردەمی سەڵتەنەتی لویی پانزەهەمدا وەکو بووکی سەڵتەنەتی هاتە پاریس، بە جوانترین بووکی دنیا لە قەڵەمیان دا..

لە ساڵی یەکەمی بووکێنیدا، چەندین جار بەشێوەی ڕەسمی لە هەمان شەقامەوە تێدەپەڕی تا بچێت بۆ ئۆپرا، خەڵکیش دەیانبینی سواری گالیسکەیێکی سپی و زێڕین بووە، هەشت ئەسپی سپی گالیسکەکەیان ڕادەکێشا، بیست سواریش بە پۆشاکی ڕەنگ ئەرخەوانییەوە لە پاش و پێشی گالیسکەکەیەوە دەڕۆیشتن.. ئەو کاتەی ماری ئەنتوانێت دەهاتە شەقامی (سان ئانوری) تۆپەکانی تەلاری ئەنوالید[1] تەقەیان دەکرد و تۆپەکانی قەلاّی باستیل-یش وەلاّمی دەدانەوە، لەو ڕۆژە ساردەی پایزدا.[2] ئەو گالیسکەیەی ماری ئەنتوانێتی سوار کردبوو گەیشتە مەیدانێ.. بەرانبەر بە کلێسای (شان ڕوش) لەوێدا (گرامون) بۆ خۆشیرین کردن، لەسەر ئاوەزەنگی ئەسپەکەی وەستا و شمشێرەکەی ڕاوەشاند و بە خەڵکەکەی گوت: ئەی هاووڵاتیان. ئەمەیە ماری ئەنتوانێتی خیانەتکار، ئەوا دەیبەین بە سزای خۆی دەگەیەنین!

خەڵکەکە لە وەلاّمی (گرامون) دا هاواریان کرد: مردن بۆ زەعیفەی نەمساوی!

گالیسکەکە لەو مەیدانە تێپەڕی گەیشتە نزیکی ماڵێ کە ڕۆبسپێری تیا نیشتەجێ بوو، ئا لەوێدا ژنێ لەنێو ڕیزی خەڵکەکەو لە کەناری شەقامەکە وەستابوو هاواری کرد: (ئەنتوانێت، ئەمڕۆ بەختەوەرترین ڕۆژی تەمەنمە، چونکە دەتبینم بەرەو ئیعدامکردنت دەبەن).

ئەو ژنە ناوی (ژۆلین) بوو لە ڕابوردوودا خزمەتکار بوو لە قەسری ڤەرسای، مەعلوم نەبوو چ کینەیێکی بەرانبەر بە ماری ئەنتوانێت لەدڵدا بوو تا ئەم قسانە بکات.

(١) شوێنێکی تایبەت بوو بۆ ئەو کەمئەندامانەی لە جەنگدا بریندار بوون.

(٢) پلەی گەرمای ئەو ڕۆژە لە سەعات یانزەی بەیانیدا دە پلەی سەرووی سفر بوو.

چەند دەقیقەیێک پاش نیوەڕۆ، گالیسکە گەیشتە مەیدانی ئیعدام.[1]

خەڵکی لە سەعات هەشتی بەیانییەوە لەو مەیدانەدا جێیان گرتبوو تا ئیعدامکردنی ماری ئەنتوانێت ببینن.. هەرکە گالیسکەکە گەیشتە مەیدانەکە، هاواری شادی خەڵک بەرز بووەوە، خەڵکەکە وەک سەردەمی بەختەوەری و کامەرانی ماری ئەنتوانێت شەبقەکانیان هەڵدەدایە ئاسمان، پاش ئەوەی گالیسکەکە گەیشتە مەیدانی ئیعدام، ماری ئەنتوانێت سەری بەلای ڕاستدا وەرچەرخاند، باغچەکەی قەسری (تویلری) بینی، ماری ئەنتوانێت، پاش بووکێنییەکەی، ڕۆژێ بەرانبەر هەمان قەسر چەند دەقیقەیێک وەستا، تا ئەو هەزاران خەڵکە ببینێ، کە لە مەیدانەکەدا کۆببوونەوە تا ماری ئەنتوانێت ببینن، هەر ئەو ساتە یەکێ لە دەربارەکان پێیگوت: (خاوەن شکۆ، ئەمڕۆ ئێوە دە هەزار عاشقتان هەیە!)

ئایە ئەم ژنە بەدبەختە، لەم کاتەدا کە سەیری قەسری (تویلری) دەکرد بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە؟ یا بیری لە شتێکی دی دەکردەوە؟

لە مەیدانەکەدا دەستەیێکی سەد کەسی تەپڵیان پێبوو، ئەگەر ماری ئەنتوانێت ویستبای قسان بکات، تەپڵ لێدەن و نەهێڵن دەنگی بگاتە گوێی خەڵکی، بەڵام خەڵکەکە بەجۆرێ هاواریان دەکرد، ئەگەر ماری ئەنتوانێت قسەیشی کردبا، مەحاڵ بوو کەسێ بتوانێ قسەکانی ببیستێ.. گالیسکەکە وەستا، جەلاد ناردوانی دانا تا مەحکومەکە بێتەخوارێ.. ماری ئەنتوانێت بەدەست بەستراوی و بە هاوکاری جەلادەکە لە ناردوانی گالیسکەکە هاتە خوارێ، بەرەو ئەسکەلەی جێی گیوتینەکە کەوتە ڕێ، بە پێپلیکەی ئەسکەلەکەدا سەرکەوت، لەو کاتەدا تاکێ لە پێڵاوەکانی کەوتە خوارێ، ڕووی خۆی وەرگەڕاند تا پێڵاوەکەی لەپێ کاتەوە، بەڵام بە تاکێ پێڵاوەوە گەیشتە سەر ئەسکەلەکە.

تەماشاچییەکان سەیریان کرد ماری ئەنتوانێت بە پەلە سەرکەوتە سەر ئەسکەلەکە، زانییان پەلەیەتی بکوژرێت تا لە ئەشکەنجەی ڕۆحی چاوەڕێکردنی مەرگ ڕزگاری بێت.

جەلادە نوێیەکەو شاگردەکەی ماری ئەنتوانێتیان بە تەختە بەستەوە، سوودی

(١) ناوەکەی دی ئەو مەیدانە، مەیدانی شۆڕشی بوو.





بەستنەوەکەیش ئەوەبوو کە کاتێ سەری دەخەنە ژێر ساتوری گیوتینەکە، نەتوانێ بجووڵێتەوەو ببێتە مایەی ئەزیەتدانی جەلادەکە، پاشان تەختەکەیان ڕاخست.

پاشان گەردنیان خستە سەر دوو تەختە کە یەکێکیان لە خوارەوە بوو، ئەوەی دییان لە سەرەوە کەوتە سەر گەردنی، هەردوو تەختەکە بەتوندی گەردنیان گرت، ئەمەیش بەجۆرێ بوو، لەنێوان سەرو جەستەیدا دیوارێکی تەختە چەسپابوو.

لەو کاتەی کە ماری ئەنتوانێت چووە سەر ئەسکەلەکە تا ئەوکاتەی سەریان خستە ژێر گیوتینەکە، تەنها چەند کەلیمەیێک لەگەڵ جەلادەکەدا قسەی کرد، ئەویش بە سەهو پێی بەر پێی جەلادەکە کەوتبوو، و پێی گوت: جەناب داوای لێبووردنت لێ دەکەم، بە دەستئەنقەست پێم بەسەر پێتا نەناوە!

دەبێ باوەڕ بەوە بکەین جەلادی نوێ و شاگردەکەی پەلەیان بوو سەری مەحکوم بخەنە ژێر گیوتینەکەوە، چونکە پاش چوار دەقیقە، لە چوونە سەرێی ئەسکەلەکەدا، ساتوری گیوتینەکە هاتە خوارێ سەری لە لەشی شازادە خانمی نەمساوی جیا کردەوە..

شاگردی جەلادەکە چەمییەوە مووی سەرە سپییەکەی ماری ئەنتوانێتی هەڵگرت، هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕا، بۆئەوەی هەموو خەڵکەکە بیبینێ، بەدەوری ئەسکەلەکەدا دەسووڕایەوە.. لەپڕ سەربازە چەکدارەکان بەرەو ژێر ئەسکەلەکە ڕایانکرد، پیاوێکیان لەژێر ئەسکەلەکە هێنایە دەرێ، بینییان دەسماڵێکی سپیی خوێناوی بەدەستەوەیە، لێیان پرسی: لەژێر ئەسکەلەکەدا چیت دەکرد؟

ئەو پیاوە وەڵامی دایەوە، کە مەبەستی بووە دەسماڵەکەی بەخوێنی ماری ئەنتوانێت ڕەنگ کات تا خوێنی ئەو ژنە زاڵم و بێ ڕەحمە بپارێزێ..

لەو رۆژەدا ئەو قسەیە قبوڵ دەکرا، بەو مەرجەی شتێ دەست نەکەوتبا، پێچەوانەی ئەم قسەیە بێت، بەڵام کاتێ گیرفانەکانی ئەو پیاوەیان پشکنی، وێنەی چەند کەسێ لە ئەولیاکانی ئایینی مەسیحییان لە گیرفان دەرهێنا، لەو ڕۆژانەدا ئەو وێنانە نیشانەی سەڵتەنەت خوازەکان و موعاریزەکانی حکومەتی شۆڕشگێڕی بوو، لەمانەیش بەولاوە لەسەر سینگی ئەو پیاوەدا نیشانەی خاچی بە خاڵ کوتراوی پێوە دیار بوو.

حکوومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا لەنیشانەی خاچ کە عەلامەتی ڕەسمی ئایینی مەسیحی بوو، گەلێ دەترسا، بۆیە ئەو پیاوەیان بۆ تەحقیق تەوقیف کرد و بۆیان دەرکەوت ئەو پیاوە ناوی (مەنگۆ)یە..

کاتێ مەنگۆ-یان لە مەیدانی ئیعدام بردە دەرێ، عەرەبانەیێکی سوور جەنازەو سەرە بڕاوەکەی ماری ئەنتوانێتی تێدابوو، لە مەیدانەکە چووە دەرێ و ڕێی گۆڕستانی (مادلین-ی) گرتەبەر.

جەلاد چاوەڕێی ئەوەی دەکرد بەپەلە کارەکەیان تەواو کەن و بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. لە گۆڕستانەکەدا گۆڕێکیان بۆ ماری ئەنتوانێت هەڵکەندبێت و تابووتیش ئامادەکرابێ، بەڵام نە تابووت هەبوو نە گۆڕیش هەڵکەنرابوو، لەبەرئەوەی جەلاد و شاگردەکەی برسی بوون دەیانویست بگەڕێنەوە و خۆراک بخۆن، جەستەی ماری ئەنتوانێتیان لەسەر گژوگیای گۆڕستانەکەدا دانا و سەرە بڕاوەکەیشیان لەنێوان هەردوو پێی مردووەکەدا دانا و گەڕانەوە.

جەستە بێ سەرەکەی ماری ئەنتوانێت نزیکەی سەعات و نیوێک لەو گۆڕستانە بەبێ حەرەس مایەوە، ئەگەر دۆستەکانی مەلیکەی فەرەنسا ئاگاداری ئەم مەوزووعە بان ئەوا جەنازەی مەلیکەیان دەرفاند، بەڵام هیچ یەک لەو دۆستانەی نەیاندەزانی جەستەی شازادە خانمێ کە باپیرانی چەندین سەدەیە لە ئەورووپادا ئیمپراتۆر بوون، بەبێ حەرەس لەسەر گژوگیای گۆڕستانەکە فڕێدرابوو.

عەسری هەمان ڕۆژ گۆڕ هەڵکەنێ بەناوی (ژۆلی) گۆڕێکی بۆ ماری ئەنتوانێت هەڵکەند، بەڵام تابووتیان نەبوو تا جەستەکە لە تابووت نێ و بە خاکی بسپێرێ، لەبەرئەوەی کە تابووت حازر نەکرابوو حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا حەرەسی لە گۆڕستانەکە دانا، تا لە شەودا جەستەی ماری ئەنتوانێت نەڕفێنن، ڕۆژی پاشتر تابووت ئامادە کراو جەستەکەیان خستە نێو تابووتەوە، سەرە بڕاوەکەشیان لە نێوانی پێیەکانی ماری ئەنتوانێتدا دانا و بە خاکیان سپارد.

وەسڵی حیسابی لەگۆڕنانی ماری ئەنتوانێت وەک بەڵگەیێکی مێژوویی لە کتێبخانەی پاریسدایە، ئەوەندەش پارەی تێ چووە:

نرخی تابووت شەش لیرە.. نرخی زەوی گۆڕەکە و کرێی هەڵکەندنی پانزە لیرە..





(لیرەی فەرەنسی ئەو سەردەمە بوو نەک لیرەی ئینگلیزی).

(مەنگۆ) پاش ئەوەی حەپس کرا، تەحقیقی وردیان لەگەڵدا کرد (فۆکێتەن ڤیل)ی مودەعی عام دەیویست بە جەلادی بسپێرێ، بەڵام (مەنگۆ) توانیی ئەوە بسەلمێنێ کە بەر لە شۆڕشی فەرەنسا، سەرباز بووە، نیشانەی خاچ کوتین لەسەر سینەدا ئەودەمە ئیجباری بووە، چونکە هەندێ لە سەربازانی سوپای فەرەنسایان بە خاڵ دەکوتی، کە فیراریان کردبا، زوو دەناسرانەوە، ئەم مەوزووعە بووە هۆی ڕزگاربوونی (مەنگۆ) حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسایش وەک قوربانییەکی سەردەمی حکومەتی ئیستبدادی لە قەڵەمی دا.

ئێمە لێرەدا کۆتایی بە قسەکانمان دەربارەی ماری ئەنتوانێت و لویی شانزەهەم دەهێنین، ئیدی دەربارەی ئەوان قسان ناکەین، بەڵام بەپێویستی دەزانین چارەنووسی مناڵەکانی و خوشکەکەی لویی شانزەهەم کە گوتمان ناوی ئەلیزابێتە-و وەک فریشتەی بێ باڵە باس کەین.

دادگای شۆڕشگێڕی فەرەنسا، شازادە خانم ئەلیزابێتی موحاکەمە کرد، دادگا نەیتوانی تەنانەت بوختانێکی ناحەقی بۆ بکات، چ جای ئەوەی بەڵگەیێک دژ بەو ژنە فریشتە سیفەتە بخاتەڕوو، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ژنە فیداکارە بەئیعدام حوکم درا.

شازادە خانم ئەلیزابێت هیچ گوناهێکی نەبوو، جگە لەوەی کە خوشکی لویی شانزەهەمە، لە ڕۆژی دەی مانگی مەهی ساڵی ١٧٩٤ سەریان لە لەشی جیاکردەوە.

پاش ئەوەی پاشا و مەلیکەی فەرەنسا ئیعدام کران، کچێک و کوڕێکیان پاش خۆیان جێ هێشت، کچەکە لە کوڕەکە گەورەتر بوو، کوڕەکە ناوی لویی بوو (لویی حەڤدەهەم) وەلی عەهدی فەرەنسا بوو.

لەقەبی کچەکەیش (خانم ڕویال) بوو، حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا پاش ئەوەی لویی شانزەهەمی ئیعدام کرد، کچ و کوڕەکەی ماری ئەنتوانێتیان جیا کردەوە، تەنانەت لە سەرە مەرگی مەلیکەی فەرەنسا نەیانهێشت ئەو ژنە چاوی بە منداڵەکانی بکەوێ، بەبیانووی ئەوەی کە ماری ئەنتوانێت ژنێکی فاسیقە، نەوەک مناڵەکانی وەک ئەو فاسیق و خائین دەرچن.

لويی حـەڤـدەهـەمـيـان بە (سـيـمـۆن-ی) پينەچی سـپـارد، تا ئەو مـناڵە بێگوناهـە پەروەردە بكات، وايشی لێ بكات ئەو منـاڵە بگاتـە تەمـەنـی هـەژدە سـاڵـی كـەسـێكی شۆڕشگێڕی لێ دەرچێ.

ئەو پيـاوە بێ سـەروبـەرو دڕندەيە، بەشـێـوەيێك ئەزيـەتی ڕۆحی و جـەسـتـەيی ئەو مناڵەی دەدا، قەڵەم ناتوانێ باسيان بكات، ناتوانين باسی ئەو ڕەفتارە شەرمئاوەرانە بكەين كە سيمۆنی پينەچی بەسەر ئەو مناڵە بێگوناهەی دەهێنا..

عاقيبـەت لە نۆی مانگی ژوئين-ی ساڵی ١٧٩٥ دا، كە هێشتا شەش مانگی مابوو تەمەنی بگاتە پانزە ساڵ، ئەو مناڵە بەدبەختە گيانی سپارد، بەگوتەيێك كە سيمونی پينـەچی تـاوانبــار لـە چينـی ديواری نـاوەوە ئەو مـناڵە بـێ گــوناهـەی زيندەبەچاڵ كـردووە.. لويی حـەڤـدەهەم لەنێـو چينی ديوارەكـەدا خنكاوە لە ئـەشكەنجـەكـانی سيمۆنی پينەچی ڕزگاری بووە.

***

# ڕۆبسپیێری بنیاتنەری حکوومەتی
# (تیرۆر و ترس)یش سپێردرایە گیوتین!

کاتێ کە لویی حەڤدەهەم دوارۆژەکانی تەمەنی خۆی دەگوزەراند، وڵاتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا لەگەڵ دەوڵەتی ئیمپراتۆری نەمسا دەجەنگا، سوپایێکی فەرەنسی بە فەرماندەیی ژەنەراڵ (دوموریێ) بەرانبەر بە نەمساوییەکان لەجەنگدا بوو.

پەرلەمانی فەرەنسا، چەند ئەندامێکی پەرلەمانی بەناوەکانی باتکال کی نت، کامۆ، لامارک و ئەوانی دیی ڕاسپارد بچنە جەبهەی جەنگ و سەرنجی کارەکانی ژەنەراڵ (دوموریێ) بدەن بزانن بۆچی ئەم سەردارە فەرەنسییە لە جەنگدا سەرناکەوێ.

ئەندامەکانی پەرلەمان گەیشتنە جەبهە، ڕاپۆرتێکیان دژ بە (دوموریێ) بۆ پەرلەمان نووسی، پەرلەمانیش لەسەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتە ژەنەراڵ دوموریێی لەسەر کار لادا، هەرکە دوموریێ ئەم حوکمەی پێ گەیشت بەجۆرێ تووڕەبوو، ئەو سوپایەی فەرماندەیی دەکرد بە سازو بەرگەوە، تەسلیمی سوپای نەمسا بوون، هەموو ئەفسەرەکان، تەنانەت ئەندامانی پەرلەمانیش کە لەنێو ئەو سوپایەدا بوون بوونە ئەسیری نەمساوییەکان، ئەندامانی پەرلەمان لە پاریس، کە بیستیان هەندێ هاوپیشەیان ئەسیری نەمساوییەکانن، کەوتنە خۆ تا لە ئەسارەت ڕزگاریان کەن، پێشنیازیان بۆ دەوڵەتی ئیمپراتۆری نەمسا کرد، کە ئەندامانی پەرلەمانی فەرەنسا ئازاد کەن بەرانبەر بەئازادکردنی خانم ڕویال-ی کچی لویی شانزەهەم.

ئیمپراتۆری نەمسا تەنانەت سەد ئەندام پەرلەمانی فەەنسیی لەلادا ئەسیر با، موافەقەتی دەکرد ئەو ئەسیرانە ئازادکەن بەرانبەر بە ئازادکردنی تاقە یادگارێکی ماری ئەنتوانێت، یانی ڕویالی کچی، دەزانن ماری ئەنتوانێت خوشکی ئیمپراتۆری نەمسایە و خانم ڕویالیش دەکاتە خوشکەزای.

خانم ڕویاڵی کچی ماری ئەنتوانێت، ناوی (ماری ترز) بوو لەقەبی خانم ڕویال-یان دابوویێ وەک (خانمی سەڵتەنەتی). پاش ئەوەی نەمسا بەگۆڕینەوەکە قایل بوو، ئیدی گفتوگۆیان لەسەر شوێنی گۆڕینەوەکە کرد، ئیمپراتۆری نەمسا ئیعتمادی نەدەکردە سەر حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا.. حکومەتی فەرەنسیش لە ئیمپراتۆری نەمسا





دەترسا، نەوەک ئەم گۆڕینەوەیە فرتوفێڵێکی تێدابێ، کچەکەی ماری ئەنتوانێت وەرگرن بەبێ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانی فەرەنسایان پێ بدەنەوە. ئەمە بوو هەردوو تەرەف بڕیاریان دا بارمتەکان لە وڵاتێکی بێلایەن، (سویسرا) ئاڵوگۆڕ بکەن.

شەوی هەژدەهەمی دیسەمبەری ساڵی ١٧٩٥، کچەکەی ماری ئەنتوانێتیان لە زیندان هێنایە دەرێ (بنش-ی) وەزیری ناوخۆو وەزیری دەوڵەت، دەرگای گالیسکەی بۆ کردەوە سەری بۆ ئەو کچە دانەواند.. خانم ڕویال بەرەو سویسرا کەوتە ڕێ، لە شەوی جەژنی سەری ساڵی ١٧٩٦، خانم ڕویال لە هەرێمی (بال)ی سویسرا لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی فەرەنسا ئاڵوگۆڕیان پێ کرا، ئەوجا دەستەیێکی سوارەی نەمساوی، بوونە حیمایەی خانم ڕویال و بەئیحترامەوە گەیاندیانە ڤییەنای پایتەختی نەمسا، پاشان ئەو کچە شووی کرد بە (دانگولم).

روبسپێر، پیاوە شۆڕشگێڕەکەی فەرەنسا وەک گوتمان پیاوێک بوو دەموچاوی ئاوڵاوی بوو، لە منالیدا لەسەر درەخت کەوتبووە خوارێ، لە پیاوەتی کەوتبوو، بەڵام خەڵکی دی ئاگایان لەم مەوزووعە نەبوو.

روبسپێر ناتقێکی لێهاتوو بوو، کاتێک کە قسەی دەکرد هەستەکانی تێکەڵ بە روخساری دەبوو، گوێبیستەکانی دڵنیا دەبوون، ئەوەی دەیڵێت باوەڕی ناخیەتی..

روبسپێر بەجۆرێ لە وەڵامدانەوەدا کەمەرشکێن بوو چ کەسێ جورئەتی نەدەکرد قسەی پێ ببڕێ، چونکە دەیزانی وەڵامێکی توندی دەداتەوە.. بەڵام لەبەرئەوەی لە منالیدا لەسەر درەخت کەوتبووە خوارێ و لەپیاوەتی کەوتبوو، ئەم گرێیە وای لێ کردبوو کینەدار بێ و دەیگوت: (دەبێ فەرەنسا لە ڕێی تەقواوە ئیدارە بکرێ) ئەم باوەڕەی لە هەمان گرێی جەستەیییەوە سەرچاوەی گرتبوو.

تەقوا لەلای ڕۆبسپێر ئەوە نەبوو کەسان لە حەرامەکان دوورکەونەوە، بەڵکو باوەڕی وابوو، دەبێ خەڵکی لە لەززەتە مەشروعەکان، تەنانەت لە لەزەتی ژن و مێردش چاوپۆشی بکەن.

لە هەمان ئەو کاتەی کە روبسپێر دەیویست، فەرەنسا بەهۆی تەقواوە ئیدارە بکرێ، گەنجێکی تەمەن بیست و پێنج ساڵەی ئینگلیزی بەناوی (تۆماس مالتۆس) نامەیێکی بڵاو کردەوە، داوای کردبوو دەوڵەتەکان ڕێ لە زەواج بگرن تا نەسلی

بەشەر زیاد نەکات، چونکە نەسلی بەشەر بەجۆرێ زیاد دەبێ، بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵ لەسەر گۆی زەویدا، بەشی خۆراکی ئینسانەکان ناکات.

روبسپێر سوودی لە نامەکەی (مالتۆس) وەرگرت، بۆ چەسپاندنی قسەکانی خۆی پەنای بۆ نامەکەی مالتۆس دەبرد، بەڵام خەڵکی گوێیان بەقسەکانی نەدەدا، هەرچی هاواری دەکرد دەبێ خەڵکی تەقوادار بن لە عەشق تەنانەت لە عەشقی مەشروعیش دوورکەونەوە.. بەڵام فەرەنسییەکان حەزیان زیاتر لە عەشق دەبوو.

رۆبسپێر دوو شتی جوانی هەبوو: یەکەم دەستەکانی، دووهەم چاوەکانی ژنان شەیدای پلە کۆمەڵایەتییەکەی و جۆری دەربڕینی قسەکانی بوون، بۆیە رۆبسپێر هەندێ لەو ژنانەی بەرەو لای خۆی کەمەنکێش کردبوو..

ئەم پیاوە بەرتیلی وەرنەدەگرت، لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا دەیتوانی ملیۆنەها فرەنک وەدەست بێنێ چونکە رۆحی خەڵکیی لەبەردەستا بوو، کەسانێ کە گرفتار دەبوون، ئامادەبوون هەرچییەکیان هەیە بیبەخشن تا ئازاد بکرێن، بەڵام رۆبسپێر بەرتیلی وەرنەدەگرت و بەرەو ئیعدامی دەناردن.

هەندێ لە کوژراوەکان خزمانیان هەبوو، لەنێوان ئەو خزمانەیاندا پیاوانی بەئیرادەیان هەبوو، لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی بەسەر نێزەی قانون بچنە جەنگی روبسپێر، مومکین بوو هەوڵی کوشتنی بدەن.

رۆژێ روبسپێر لە بارەگای ناوەندی حیزبی ژاکوبنەکان بوو، بەهۆی پۆستەوە کاغەزێکی گەیشتە دەست، لەو نامەیەدا کەسێکی (خێرخواز) روبسپێر ئاگاداردەکاتەوە کە چەند کەسێک نیازیان هەیە بیکوژن، ئاگاداری خۆت بە یەکێ لە ئەندامانی حیزبی ژاکوبن بەناوی (دوپلێ) ئیشی موبیلیات سازی بوو، زانیی کە ئەو نامەیە رۆبسپێری تێکدا، خۆی گەیاندێ و گوتی: چ بووە؟

روبسپێر گوتی: دەیانەوێ بمکوژن.

دوپلێ-ی موبیلیات ساز، شۆڕشگێڕێکی توندڕەو بوو، گوتی: وەرە بۆ ماڵەکەی من، دڵنیات دەکەم، لەوێدا چ کەسێ ناتکوژێ..

رۆبسپێر ئەم دەعوەتەی قبوڵ کرد، هەمان شەو چووە ماڵەکەی (دوپلێ) لە وڵاتی فەرەنسا، تا سەردەمی لویی شانزەهەم موبیلیات سازەکان چ جیاوازییەکیان لەگەڵ





نەجارەکاندا نەبوو، بەڵام لەوە بەولاوە موبیلیات سازی بەرەو پێش چوو، خەڵکی حەزیان دەکرد موبیلیاتی چاک بکڕن موبیلیات سازی لە نەجاری جیابووەوە، بووە بەشێکی تایبەتی ئەو پیشەیە، بەڵام تا سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا موبیلیات ساز لەڕووی کارگەوە، شوێنەکەی بەرین نەبوو، لە دوکانێکی بچووکدا لەگەڵ یەک دوو شاگرددا کاری دەکرد، کارگە بەرینەکانی موبیلیات سازی پاش شۆڕشی فەرەنسا لەو وڵاتەدا دامەزراو موبیلیات سازی بووە پیشەگەری، لەگەڵ ئەمەشدا وەزعی ژیانی موبیلیات سازەکان لە فەرەنسادا چاک بوو، بەدەوڵەمەندی ژیانیان دەگوزەراند.

ماڵەکەی (دوپلێ) ئێستاش لە پاریسدا ماوە لە شەقامی سان ئۆنورێدایە تەنها بەم جیاوازییە، لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا ژمارەی ئەو خانووە (٣٦٦) بوو، ئەمڕۆ ژمارەکەی (٣٩٨)ە.

هاوسەرەکەی دوپلێ لە مێژوودا بەناوی خانم دوپلێ ناسراوە، لەو دەمەدا تەمەنی چل و پێنج ساڵ بوو، بەڵام قەڵەو و جوان بوو، لە ڕووی سۆزدارییەوە مانەندی کچێکی هەژدە ساڵان بوو.

(دوپلێ) میوانەکەی خۆی بردە ماڵێ بە ژنەکەی خۆیی ناساند، خانم (دوپلێ) لە خۆشییا هاواری کرد و گوتی: جێی شانازیمە هاووڵاتی رۆبسپێر هاتووەتە ماڵەکەی من و ڕازاندوویەتەوە..

ئەوجا خانم دوپلێ مناڵەکانی خۆی بەپیاوی (فەسادناپەزیر) ناساند و گوتی: من کچێکم شووی کردووە، مێردەکەی موحامییە و لێرە نییە، بەڵام مناڵەکانی دیم ئەمانەن و پێتانی دەناسێنم.

لەبەرئەوەی ئەم یاداشتە مێژووییە، دەربارەی ئەوان قسان دەکرێ دەبێ ناوی مناڵەکانی (دوپلێ) ببەین، یەکەمیان خانم ئەلیونور تەمەنی بیست ساڵان بوو، دووهەمیان خانم ئەلیزابێت بوو تەمەنی هەژدە ساڵان بوو، سێهەمیان خانم ڤیکتوار بوو تەمەنی پانزە ساڵان بوو، کوڕە مێردمناڵێکی دوانزەساڵانیشی ناوی موریس بوو.

لەکاتی شیف خواردندا خانم دوپلێ چاوی لەسەر دەستەکانی روبسپێر لانەدەبرد،

ئەلیونورو ئەلیزابێت-یش نیگەرانی ئەو پیاوە شۆڕشگێڕە بوون، پاش ئەوەی شیڤ خورا دوپلێ بە ژنەکەی گوت: ئەو ژوورەی لە نهۆمی دووهەمدایە ئامادەی بکە بۆ هاوولاتی ڕوبسپێر تا لەوێدا بنوێ.

ژنە، ژوورەکەی ئامادە کرد و گەڕایەوە، تا ببێتە چاوساغی میوانی مێردەکەی و بیبات بۆ ژوورەکەی، پاش ئەوەی گەیشتنە ژوورەکە، خانم دوپلێ گوتی: هاوولاتی ئیجازەم دەدەیتێ هاریکاریت کەم تا پۆشاکەکانت داکەنی؟

ڕۆبسپێر سوپاسی کرد، خانم دوپلێ هاریکاری ڕوبسپێری کرد و پۆشاکەکانی لەبەر داکەند، کاتێ ویستی لە ژوورەکە بچێتە دەرێ دەمی بردە لای گوێی ڕۆبسپێر و گوتی: "بەئاسوودەیی بنوو، ئەگەر هەر کارێکت بوو، ئەوا من لەخزمەتدام!"

ڕوبسپێر بەرلەوەی بنوێ ویستی لە ژوورەوە دەرگاکە بە کیلۆن ببەستێ، تا چ کەسێ نەیێتە ژوورێ، سەیری کرد دەرگاکە کیلۆنی نییە، شتێکیشی چنگ نەکەوت بیخاتە پشتی دەرگاکەوە، ڕۆبسپێر ناچاربوو بێ ئەوەی دەرگاکە ببەستێ لێی ڕاکشاو خەوت.

لەو ڕۆژانەی کە ڕۆبسپێر لەو ماڵە دەژیا، ئەلیونوری کچە گەورەی ئەو ماڵە عاشقی ڕوبسپێر بوو، ڕۆژێ لەبەردەم ڕۆبسپێردا ئیعترافی بەم عەشقەی کرد، لەنێوان گفتوگۆکانی نێوانی ئەو دووە ڕازە پەنهانەکەی ڕۆبسپێر، لەلای ئەلیونور ئاشکرا بوو، زانیی ئەم پیاوە شۆڕشگێڕە پیاوەتی لە دەستداوە.

(پول دوکاس-ی) مێژوونووسی فەرەنسی نووسیویەتی:

ئینسان تووشی سەرسوڕمان دەبێ، چۆن کچێکی گەنج بەرانبەر پیاوێکی لە پیاوەتی کەوتوو، پەیوەندی دروست بێ و بەناچاری بە عەشقی ئەفلاتونی ئیکتفایان کردبێ، چونکە ناتوانین فەرزی کەین کە لەنێوان ڕۆبسپێرو ئەو کچەدا عەشقێکی دی هەبووبێ"

هەمان مێژوونووسی فەرەنسی دەڵێت: ئایە ناتوانین ئەو گریمانەیە بخەینەڕوو، کە ئەو ژنەیش وەکو ڕۆبسپێر لە ژنیەتیی کەوتبێ و بەرانبەر بە ڕۆبسپێر موحیبەتی پەیداکردبێ، چونکە هەندێ لە ژنان بەرانبەر بە پیاوانی ناتوانا بەزەیی پەیدا دەکەن، ئەم بەزەییەش شتێکی وەک عەشقی لێ دێت.







ڕۆبسپێر بەهۆی گرێ ڕۆحییەکەیەوە کە لە نەتوانییەوە سەرچاوەی گرتبوو گەلێ لە ژنە جوانە فەرەنسییەکانی ناردبووە پای گیوتین و ئیعدامی کردبوون، ئەگەر ئەو پیاوە بەتەواوی، ناتوان با، ئەوا نەدەبووە خاوەنی گرێی ڕۆحی.

پاش ئەوەی ڕۆبسپێر هەستی کرد دوژمنەکانی لە بۆسەدا نین تا بیکوژن، ئەو ماڵەی جێهێشت، ئەلیونوریش لەگەڵیا دەچووە دەرێ، دوپلێ دەیزانی کچەکەی لەگەڵ ڕوبسپێردا دەچێتە دەرێ، قسەو گلەیی نەدەکرد، چونکە ئومێدی ئەوەی هەبوو ڕوبسپێر کچەکەی بخوازێ.

هەندێ لە ئاشناکانی ڕوبسپێر وایان تەسەور دەکرد ئەلیونور دەزگیرانی ڕوبسپێرە، هەندێکیان بەناوی (خانم ڕوبسپێر) بانگیان دەکرد..

ڕەنگە ڕوبسپێر بەهۆی ئەو گرێ دەروونییەوەی غیرەی نەدەکرد، ئەلیونوری بۆ هەندێ شوێن دەبرد، دۆستەکانی، لەوانە فوکێتەن ڤیل-ی مودەعی عام لەوێدا خەریکی مەینۆشی دەبوو. فوکێتەن ڤیل، تەحەمولی نۆشینی شەرابی زیادی نەدەکرد، هەرکە دوو پێکی دەخواردەوە مەست دەبوو، ئیرادەی بەسەر عەقڵی خۆیەوە نەدەما، چاوی تەماحی دەبڕییە مەعشوقەی هاوڕێکانی خۆی.

گوتمان لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا، مەسەلەی داوێنپاکی و تەقوا سست ببوو، لەگەڵ ئەمەشدا بە حوکمی عادەت مەعشوقی هاوڕێکانیان وەکو هاوسەر حیسابیان بۆ دەکراو ڕێزیان لێ دەگیراو بەچاوی تەماحەوە سەیر نەدەکران، بەڵام (فوکێتەن ڤیل) هەرکە مەست دەبوو ئیرادەی لە دەست دەدا دەربارەی مەعشوقەکان و تەنانەت هاوسەری هاوڕێکانی مەیلی دەخستە ڕوو، بۆ ئەلیونوریش بەئاشکرا بەچاوی تەماحەوە سەیری دەکرد، کەچی ڕۆبسپێر گلەیی نەدەکرد.

ئەلیونور، یاداشتنامەیێکی دوای خۆی جێهێشتبوو، دەربارەی ڕۆبسپێر دوودڵی دەخاتە دڵی ئینسانەوە، ناونیشانی یاداشتنامەکەی ئەلیونور ئەمەیە:

"پیاوێکی شۆڕشگێڕ دەیویست بگاتە سەڵتەنەت"

لەو یاداشتنامەیەیدا دەڵێ: ڕۆبسپێر ئارەزووی ئەوەی هەبوو جێی لویی شانزەهەمب گرێ و ببێتە پاشای فەرەنسا، بەئەلیونوری دەگوت: هەرکە گەیشتە سەڵتەنەت، بۆ پاراستنی تەقوا، زەواج قەدەغە دەکات.

گریمان ئەگەر بەرنامەکەی ڕۆبسپێر بگەیشتبایەتە قۆناغی جێبەجێکردن، پاش نیو سەدە میللەتی فەرەنسا لەنێودەچوون.

ئەلیزابێت–ی کچەکەی دیی دوپلێ، ئەمیشیان بەرانبەر بە ڕۆبسپێر مەیلی پەیداکردبوو، هەرکە زانیی ئەلیونوری خوشکە گەورەی پەیوەندی لەگەڵ ئەو پیاوەدا هەیە، چاوپۆشی کرد لە مەیلەکەی، بەتایبەتی کە زانیی دوپلێی باوکی چاوەڕێی ئەوەیە ڕۆبسپێر داخوازی ئەلیونوری لێ بکات.

کە ئەستێرەی بەختی ڕوبسپێر بەرەو کوژانەوە دەچوو، لە مایکرۆفۆنی پەرلەمانی فەرەنساوە، هاوارێکی ترسناک (بەدەرە لە حیمایەتی قانون) دژ بە ڕۆبسپێر بەرز بووەوە، دەستبەجێ تەوقیفیان کرد، کاتێ ئەم ڕستەیە، لە پەرلەمانی فەرەنسا لە سەردەمی (تیرۆرو ترس) دژ بە هەرکەس گوترابا ژن با یا پیاو ئیدی ئەو کەسە بەمەرگ مەحکوم دەبوو، قەت ڕووی نەدابوو، ئەم ڕستەیە دژ بە هەرکەسێ گوترابا ژن با یا پیاو بهێڵن زیندوو بمێنێتەوە تا بە مەرگی ئاسایی بمرێت.

هەمان ئەو ڕۆژەی ڕۆبسپێریان تەوقیف کرد، دوپلێ و ژنەکەی و چوار منداڵەکەیشی تەوقیف کران، لە زیندانی (سنت پلازی) حەپس کران، گوناهی دوپلێ و خانەوادەی ئەوەبوو پەنایان بە (گوناهکارێکی خائین) داوە.

دوپلێ وەکو گوتمان، ئەندامی حیزب بوو، ئاگاداری مەسائیلی سیاسی بوو، هەندێکیش لە مەسائیلی حقوقی دەزانی، بە حاکم تەحقیقی گوت: ڕۆبسپێر، تا ئەو ڕۆژەی تەوقیفیان کرد پیاوێکی موحتەرەم بوو، یەکێ بوو لە ناسراوەکانی شۆڕش، ئەگەر تۆمەتێکی خرابایەتە پاڵ قەراری تەوقیفکردنی دەرچووبا، ئەوسا ئێوە دەتانتوانی بە من بڵێن، پەنات داوە بە تاوانبارێ و لە ماڵەکەی خۆتدا جێت بۆ کردووەتەوە، بەڵام ئەو کاتەی لە ماڵەکەی مندا بووە نە تۆمەتێکی خراوەتە پاڵ و نە بڕیاری تەوقیفی دەرچووە، ئێستایش ئێوە بەهۆی پەنادانی ئەو دەمەی من بە تاوانبار دەزانن، حاکمی تەحقیق ئەم وەڵامە مەنتیقییەی دوپلێی قبوڵ نەکرد، بڕیاری دا خۆی و ژن و منداڵەکانی تەوقیف بکرێن.

دوپلێ گوتی: ئەگەر بە گوتەی ئێوە من تاوانبار بم، بەوەی پەنام داوەتە گوناهکارێکی خائین و لە ماڵەکەی خۆمدا جێم بۆ کردووەتەوە ژن و منداڵەکانم چ





گوناهێکیان هەیە؟ بۆچی ئەو بێگوناهانە تەوقیف دەکەن؟

بەڵام لەو سەردەمەی کە بە سەردەمی تیرۆر ناسرابوو (پاش مەرگی ڕۆبسپێر کۆتایی بەو سەردەمە هات، حاکمەکانی تەحقیق ئەم جۆرە وەڵامە مەنتقیانەیان قبوڵ نەدەکرد.

لە زینداندا دوپلێیان لە ژن و منداڵەکانی جیاکردەوە، هەروەها خانم دوپلێیان لە منداڵەکانی جیاکردەوە، لە ژووری ئینفرادیدا زیندانی کران.

***

لە فەرەنسادا، وەکو باسمان کرد، لویی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێتیان کوشت، بەڵام دەربار–ی فەرەنسا لەنێو نەچوو، لە شاری (کوبلانتز) کە ئەمڕۆ یەکێکە لە شارەکانی ئەڵمانیا، لە ڕۆخی ڕووباری (ڕن)ە و لەوێدا ڕووباری (موزل) لەگەڵ ڕووباری (ڕن)یەک دەگرنەوە، دەربار–ێکی فەرەنسی نوێ دروست بوو ڕەئیسی دەربار (مسیۆ) بوو یانی برای لویی شانزەهەم بوو. لە فەرەنسادا بە برا گەورەکەی پاشایان دەگوت (مسیۆ) ناوەکەیشی (کۆنت دوپروفنس) بوو، پاش ڕووخانی ناپلیۆن بوناپارت بەناوی لویی هەژدەهەمەوە لە فەرەنسادا سەڵتەنەتی دەکرد..

دەربار–ی فەرەنسا لە (کوبلانتز) وەک دەربار–ی (ڤەرسای) بە شکۆ نەبوو، بەڵام هەموو تەشریفاتی دەرباری تیادا ئەنجام دەدرا..

کاتێ کە لویی شانزەهەم کوژرا، نەجیبزادە موهاجیرە فەرەنسییەکان لە شاری (کوبلانتز) کۆبوونەوە، دەیانزانی پاش کوژرانی پاشای فەرەنسا، دەبێ کوڕەکەی بگاتە سەڵتەنەت، بەڵام زۆری نەبرد هەواڵی مردنی کوڕەکەی لویی شانزەهەم گەیشتە (کوبلانتز)، ئەو کاتە نەجیبزادەکانی فەرەنسا (مسیۆ) یان بە خاوەن شکۆ بانگ دەکرد و بە میراتگری تاج و تەختی فەرەنسایان دەزانی.

(کۆنت دو پروڤنس) کە لەقەبەکەی (مسیۆ) بوو، پاشای ئەو فەرەنسییانە بوو کە لە شاری (کوبلانتز) دا بوون. ئەم مسیۆیە لە گەنجێتیدا، ژنیان دایێ، چونکە خۆی نەیدەتوانی ژن بێنێ، حەزیشی بە ژنهێنان نەدەکرد..

لویی شانزەهەم پاش ئەوەی ژنی هێنا، تا ماوەی چەند ساڵێ، نەیتوانی ئەرکی ژن و مێردایەتی بەئەنجام بێنی، بەپێی قسەی پزیشکەکان، نەخۆشیێک ببووە ڕێگر،

پاش نەشتەرگەرییەک چاک بووەوە، ئیدی چێژی لە هاوسەرگیری وەرگرت.

بەڵام بێ مەیلییەکەی (مسیۆ) بەرانبەر ژنان، سونگەی میزاجی هەبوو، (مسیۆ) تا تەمەنی سی و حەوت ساڵی نەیتوانی لە ژنان نزیک بێتەوە، بەڵام پاش ئەوەی دەربار-ی فەرەنسا چووە (کوبلانتز)، (مسیۆ) توانای پیاوەتیی وەدەست هێنا و.. پاشانیش ئەو دەربارە بووە شوێنی ناشیرینترین و نەفرەت ئەنگیزترین کاری ئینسانی، ببووە جێی فەسادی ئەخلاقی و فسق و فجوور.

گوتمان بەدترین سەردەمی فەسادی ئەخلاقی ئەو سەردەمە دوورودرێژەی دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی (بوربۆن) بوو، یانی پاش مردنی لویی چواردەهەم و تا لویی پانزەهەم، بەڵام دەربار-ی فەرەنسا لە شاری کوبلانتز، لەڕووی فەسادی ئەخلاقییەوە، لە هەموو سەردەمەکانی فەرەنسا بەدتر بوو.

ئەو دەمە لە (کوبلانتز) حکومەتێ هاتە کایەوە، تا بتوانن بگەڕێنەوە بۆ فەرەنساو دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن. ئەو ژن و پیاوانەی لە (کوبلانتز) کۆببوونەوە نەیاندەزانی، کە یەکە کاریگەرترین سونگە بۆ لەنێوچوونی سەڵتەنەتی بنەماڵەی (بوربۆن) هەمان فەسادی ئەخلاقی و فسق و فجوور بوو، ئەوان پێیان وابوو بەنوقم بوون لەنێو زەلکاوی فەساددا، ئەوا دەتوانن سوود لە تەمەنی خۆیان وەرگرن، غافڵ بوون لەوەی کە بەرەو لەنێوچوونیان دەبات.

ئەگەرچی (مسیۆ) بەناوی لویی هەژدەهەم و (کۆنت دارتوا) بەناوی (شارل-ی دەهەم) لە فەرەنسادا سەڵتەنەتیان دەکرد. ئەوەی ئەمانەی گەڕانەوە بۆ فەرەنسا، یەکەم لەخۆباییبوونی ناپلیۆن بۆناپارتی ئیمپراتۆری فەرەنسا، دووهەم گوشاری وڵاتانی بیانی کە پارێزگارییان لە لویی هەژدەهەم دەکرد، گەر ئەم دوو هۆیە نەبا ئەوا نەجیبزادە فەرەنسییەکان هەر لە شاری کوبلانتز کاتەکانیان بە شەهوەترانی بەسەر دەبرد، هەرگیزیش نەدەگەڕانەوە بۆ فەرەنساو دەسەڵاتیان نەدەگرتە دەست.

***

هەمان ئەوکاتەی کە لە (کوبلانتز) فەرەنسییەکان خەریکی شەهوەترانی بوون، مولازمێکی گەنجی فەرەنسی لە ژوورێکی چکۆڵەی شاری (مارسی) جنوبی فەرەنسا بەکولەمەرگی ژیانەکەی دەگوزەراند، ئەو مووچەیەی وەری دەگرت دەبا هەندێکی





بنێرێ بۆ دایک و خوشک و براکانی کە لە دوورگەی (کورس-ی) زادگایدا دەژیان.

خۆراکی ئەو ئەفسەرە گەنجە پێکهاتبوو لەو سوپەی سەربازخانە، ئەو گەنجە ئەفسەری تۆپخانە بوو، شەوان بەرلەوەی بگەڕێتەوە ماڵێ، نانی بچووک و هەندێ کاڵباسی دەکڕی و دەیبردەوە و لە ماڵێ دەیخوارد، پاشان لە پشتی مێزە چکۆڵەکەی دادەنیشت و چرای دەهێنایە پێش خۆی دەستی بە نووسین دەکرد.

ئەو گەنجە ناوی (ناپلیۆن بوناپارتی) بوو، بۆ ئەوەی ئەم ناوە لە ناوێکی فەرەنسی بچێت ناوی خۆی کرد بە (ناپلیۆن بوناپارت).

ناوەڕۆکی نووسینەکەی ئەو گەنجە بەم ناونیشانە بوو (نابیغە کێیە؟) ئەم مەوزووعەی لەگەڵ تەمەنیا نەدەگونجا، ئەگەرچی خوێنەوارێکی باشیش بوو نەک تەنها کتێبە مێژووییەکانی کتێبخانەی تۆپخانەی وەدەست دەهێناو دەیخوێندنەوە، بەڵکو لە کتێبخانە تایبەتییەکاندا بە (ئیستیعارە) کتێبی وەردەگرت، لەکاتی خوێندنەوەدا، هەر بەشێ سەرنجی ڕاکێشابا، لە دەفتەرێکدا دەینووسییەوە، پێیوابوو، هەرکەسێ کتێبێ بخوێنێتەوە بەشە جوانەکانی ئەو کتێبە نەنووسێتەوە، ئەوا کاتی خۆی بە بێ هوودەیی بەسەر بردووە.

ئەو گەنجە لە کتێبەکەی خۆیدا نووسیبووی: دڵم بە حاڵی نابیغەکان دەسووتێ چونکە کەسانی بەدبەختن، لەبەرئەوەی چ کەسێ ناتوانێ بیانناسێ ئەمانیش ناتوانن ئەوەی تێیگەیشتوون لە کەسانی دیی حاڵی کەن.

بەشەرییەت هەرچییەکی هەیە، هی نابیغەکانە، هەر ئەوانن لە کەسانی ئاسایی چاکتر تێدەگەن، مێشکیان بەهێزترە لە خەڵکە عەوامەکە لە هەزار ساڵدا سەدان هەزار دانیشمەند و حەکیمان هاتن و ڕۆیشتن، نەیانتوانی ئەو زەمینە بناسن کە لەژێر پێیاندایە، تەنها یەک کەسێ نابیغە بوو، ناوی (گالیلێ) بوو کە گوتی: زەوی دەسووڕێتەوە.

یەکێ لەو هەڵانەی تووشی دەبن، ئەوەیە کە تەسەور دەکەن عەقڵی سەد هەزار کەس باشترە لە عەقڵی تاکە کەسی، کەچی (نبوغ) هەمیشە لای یەک کەسدایە، لەم جیهانەدا تەنها یەک کەسێ تێدەگات، هەزاران کەسی دی مەڕ ئاسا دێن و دەڕۆن، بێ ئەوەی شتێ تێبگەن.. بەڵام ئەو کەسەی کە نبوغی هەیە هەمیشە لە رەنجدایە،

چونکە ناتوانێ ئاستی بیرکردنەوەی داگرێتە ئاستی ڕەشە خەڵکەکە.. نابیغەکان وەک شەهابی سمێنەرن، خۆیان دەسووتێن و جیهان ڕۆشن دەکەنەوە.

ئەمە بەشێ بوو لە نووسینەکەی ناپلیۆن بوناپارت دەربارەی نابیغە کێیە؟ ئەم ئەفسەرە گەنجە لە جنوبی فەرەنسا بە حەسرەتەوە دەژیا، لە دەوروبەری پاریسدا شوێنێک هەبوو پێیان دەگوت (کرواسێ) ژنێکی گەنج و جوان ژیانێکی ئوروستکراتیانە دەژیا، هیچ کەسێ تەسەوری ئەوەی نەدەکرد، ئەم ژنە گەنج و جوانە ببێتە هاوسەری ئەو ئەفسەرە هەژارە کە ناوی ناپلیۆن بوناپارتە.

مێژوونووسان، ژنی یەکەمی ناپلیۆن بوناپارت (یانی ژنی یەکەمی) بەناوی ژۆزفین-ەوە دەیناسن، ناوە ئەسڵییەکەی ئەو ژنە (ماری ڕوز) بوو، ژوزفین ناوێکە خودی ناپلیۆن لەو ژنەی نابوو.

لە پاییزی ١٧٩٥ ئەو ژنە گەنج و جوانە بەناوی (بوئارنێ)ی مێردییەوە بانگ دەکرا، ماڵەکەیشی لە دەوروبەری پاریس بوو لە شوێنێکدا پێیدەگوترا کرواسێ و جۆرێک بوو لە ماڵی عمومی، بەڵام تایبەت بە ئەشرافەکانی ئەو دەمەی پیاوانی پارەداری شۆڕشی فەرەنسا. لە پایزی ساڵی ١٧٩٥ دانیشتوانی پاریس ژیانیان بەبرسیەتی دەگوزەراند، بەڵام لەماڵەکەی خانم بوئارنێ (ژوزفینی) ئاینده، خۆراکی ئەوەندە تیا کەڵەک کرابوو، کە پیاوانی پارەدار بۆ ئەو ماڵەیان دەبرد، هەندێکیان دەگەنین.

خام (بوئارنێ) بێ دوودڵی نەجیبزادە بوو شەجەرەیی بنەماڵەکەی ئەوە نیشان دەدات، کە لە ئەشرافە ڕەسەنەکانی فەرەنسایە، (پێشتر لە موستەعمەراتەکانی فەرەنسا دەژیا) هەرکە هاتە فەرەنسا وەزعی مادیی تێکچوو.

هاتنی بوئارنێ بۆ فەرەنسا، ڕێک لەو سەردەمەدا بوو، هەر ئەشرافێکی ڕەسەن ناسرابا کە نەجیبزادەیە، بەهۆی گیوتین دەنێردرا بۆ دنیایێکی دی، بەڵام چ کەسێ ڕێی لە بوئارنێ نەگرت و ئەزیەتی نەدا، چونکە ئەو ژنە دەرگای ماڵەکەی خۆی لەسەر ئەو کەسانە کردبووەوە کە دەسەڵاتیان بەسەر گیوتین هەبوو، لە ئەنجامدا هەم گیانی خۆی پاراست و هەم وەزعە مادییەکەیشی چاک بوو، ئەمە لەکاتێکدا کە هەر پاریسیێک لە بیست و چوار سەعات پارچە نانێکیان دەست نەدەکەوت، کەچی





گۆشتی بەرخ و گا و پەلەوەر لە ماڵەکەی بوئارنێدا دەگەنین و فڕێیان دەدا. ژێرزەمینی ماڵەکەی پڕ بوو لە بتڵی (شامپانی) و (بورگونی). ئەو شەوانەی (باراس)ی سەرۆکی پەرلەمان دەچووە ئەو ماڵە، ئەو ژنە بەدەستی خۆی شەرابی بۆ دۆستە پارەدارەکەی تێدەکرد، شەرابەکان هەندێکیان تەمەنیان لە سەد ساڵ زیاتر بوو، شەوێک بتڵە شەرابێکی کۆنی بۆ (باراس) دانا، لە ساڵی لەدایکبوونی لویی چواردەهەمەوە هەڵگیرابوو، یانی سەدەو نیوێک لە تەمەنی شەرابەکە تێپەڕیبوو!

خانم بوئارنێ لە ڕواڵەتدا زیاتر لە دۆستێکی نەبوو، ئەویش باراس-ی سەرۆکی پەرلەمان بوو..

لە ساڵی ١٧٩٥ دا تەمەنی خانم بوئارنێ چل ساڵان بوو.

***

# ئەفسەرێکی گەنج بە لێهاتوویی خۆی بووە فەرماندەی سوپا

لە پایزی ساڵی ١٧٩٥ ز. ئیدی شۆڕشی فەرەنسا پیاوانی مانەندی (رۆبسپێر) و (کامی) و (دۆمۆلن) _ کە بەرتیلیان وەرنەدەگرت و بەو مووچە کەمەی لە مەجلسی شورای میللی وەریاندەگرت و پێی قایل دەبوون، کەسی ئاوهایان نەمابوو..

هێشتا شەش ساڵ بەسەر شۆڕشا تێنەپەڕیبوو، زۆربەی پیاوانی شۆڕشگێڕ تووشی گەندەڵی هاتبوون، خەریکی ئارایشت و ڕابواردن بوون، بۆئەوەی بتوانن کەرەسەی ڕابواردن و خۆشگوزەرانی فەراهەم بکەن دەستیان بە بەرتیل خواردن کرد. (باراس) سەرۆکی مەجلسی شورای میللی، بۆئەوەی بتوانێ مەسرەفی خۆشگوزەرانی و ڕابواردنەکانی دەستەبەر بکات، بەرتیلی لە خەڵک وەردەگرت بێ بەرتیل هیچ کارێکی بەئەنجام نەدەگەیاند.

(باراس) هەفتەی جارێک دەچووە ماڵی (بوئارانێ) خانم، شەوی لەوێدا بەسەر دەبرد، ڕۆژی پاشتر دەهاتە دەرێ، هەر شەوەی بچووبایەتە ماڵەکەی (بوئارنێ) بەلای کەمەوە دوو هەزار فرەنکی تێدەچوو کە سەرفی مەشروب و خۆراک و حەقی (بوئارنێ) بوو. دوو هەزار فرەنکی ساڵی ١٧٩٥ بەرانبەر بە بیست هەزار فرەنکی ئەمڕۆ دەبوو.

(باراس) تەنها دۆستێکی نەبوو، بەڵکو چەند دۆستێکی دیشی هەبوو، بۆ شەوانی دی دەبا بۆ خۆشگوزەرانی و ڕابواردن مەسرەف بکات، بەڵام دۆستەکانی دیی لە عەوامی خەڵک بوون وەک خانم (بوئارنێ) نەجیبزادە نەبوون، بۆیە سەرۆکی مەجلیسی شورای فەرەنسا بۆ ئەوانە زیادی سەرف نەدەکرد، خانم (بوئارنێ)ی وەک خۆشەویستێ سەیر دەکرد.

ئەو شەوانەی کە (باراس) دەچووە ماڵەکەی (بوئارنێ). ئەو ژنە میوانی دیشی هەبوون، بەو مەرجەی پارەداربن پێشوازی لێ دەکردن، یەک دوو ژنی دیشی دەعوەت دەکرد تا لە زیافەتی سەرۆکی مەجلیسی شورای فەرەنسا بەشداربن، (باراس) دەیتوانی ئەو هاوڕێیانەی کە خۆی مەیلی لێیانە بۆ ئەو دەعوەتە ببات.





ڕەنگە بپرسن، ئایا ناپلیۆن بوناپارت کە خانم (بوئارنێ)ی خواست و ناوی (ژۆزفین-ی) لێ نا ئاگای لە رابوردووی ئەو ژنە بووە یا نەء؟

لە وەڵامدا دەڵێین: (بوئارنێ) لە نێو ئەشرافەکانی ئەو سەردەمەدا، یانی پیاوان و ژنانی شۆڕشگێڕی فەرەنسا، لەوە ناسراوتر بوو کە ناپلیۆن بوناپارت ئاگای لە رابوردووی نەبێت. بەڵام دوو شت بووە هۆی ئەوەی کە ناپلیۆن، (بوئارنێ) بخوازێت.. یەکەمیان دڵڕفێنی ئەو ژنە و دووهەمیان (جیهازی) ئەو ژنە کە ناپلیۆنی لە دەستکورتی نەجات دا. ئەگەر بڵێین هەمان ئەو (جەهیزەیە)[1] ناپلیۆنی گەیاندە ئیمپراتۆر، ئەوا زیادەگۆییمان نەکردووە، چونکە ناپلیۆن بەر لەوەی (بوئارنێ) بخوازێ بەجۆرێ دەستکورت بوو، چ بوارێکی لەبەر نەبوو بناغەیێک بۆ ئایندەیێکی ڕۆشنی خۆی بنیاتنێ.

لە ژیانی ئەفرادی بەشەردا (بەبێ ئیستسنا) هە رجۆرە بەرزەفڕییێک پێویستی بە هەندێ سامان هەیە، ئەگەر ئەو سامانە نەبێت، ئەوا کێشەی مادی ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەو کەسە دەبێتەوە کە دەیەوێ بەرزەفڕ بێت و بناغەی ئایندەی دارێژێت.. (جەهیزەی) خانم (بوئارنێ) ناپلیۆنی لە ڕووی مادییەوە ئاس وەد کردو توانیی خۆی بگەیێنێتە تەختی ئیمپراتۆرێ..

ناپلیۆن بوناپارت کە لەم یاداشتە مێژووییەدا، خوێنەران دەیناسن، غەیری ئەوەیە کە تا ئەمڕۆ لەزەینیاندا جێی گرتبووەوە.

هەندێ لە مێژوونووسان ناپلیۆن بوناپارتیان ئەوەندە بە گەورەیی خستبووە ڕوو، وای لە مرۆ دەکرد بە پێوەرەکانی ئینسانی ئەندازەگیری بۆ نەکات.. بۆ ئەندازەگیری ئەو دەبا پێوەرەکانی خودایان بەکار بهێنێ لە کاتێکدا کە ناپلیۆن کەسێکی ئاسایی بوو، لەڕووی سۆزدارییەوە کەم حەوسەڵە بوو، هەرکاتێ چاوی بە ژنێکی دڵپەسەند کەوتبا، بۆ ساتێ نەیدەتوانی لە خەیاڵی خۆی دووری خاتەوەو ئارامی لەبەر دەبڕا، کاتێ کە بۆی دەردەکەوت ژنەکەی بە پارە بۆ ڕام نابێ، بەرانبەر بەو ژنە دەستی بە گریان دەکرد..

ئەو پارەیەی کە ناپلیۆنی ئیمپراتۆری فەرەنسا، لە گیرفانی میللەت دەری دەهێناو

(١) جیهاز یا جەهیز: ئەو پارە و موڵکەیە کە ژن لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ ماڵە مێرد.

سەرفی عەشبقازییەکانی خۆیی دەکرد، ئەگەر ئەو پارەیەی بۆ میللەتی فەرەنسا سەرف کردبا، ئەوا فەرەنسییەکان بەختەوەرترین میللەتی فەرەنسا دەبوون.

ئەو مێژوونووسانەی ویستوویانە ناپلیۆن بگەیێننە پلەو پایەی خودایان، بەم شێوەیە خستوویانەتە ڕوو، کە خەزێنەی فەرەنسا بۆ لەشکرکێشییەکانی ناپلیۆن خاڵی بووە. لە کاتێکدا کە عەشقبازییەکانی ئەو پیاوە، سونگەی خاڵیبوونی خەزێنەی فەرەنسا بووە، تەنانەت موستەعمەراتەکانی فەرەنسای فرۆشت، پارەکانیشی سەرفی عەشقبازی کرد.

ناپلیۆن بوناپارت لە گەنجێتیدا نامەی دەنووسی وەسفی گەورە پیاوانی هەڵکەوتووی دەکرد، کاتێ گەیشتە دەسەڵات و سامان ئەوەندەی مەعشووقە هەڵبژارد سنووری تێپەڕاند.

ئێستا ئیجازە وەردەگرین خوێنەران بۆ ماڵی خانم (بوئارنێ) دەبەین کە لە دەوروبەرێکە پێی دەگوترێ (کراوسێ) ڕۆژی دووهەمی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٧٩٥ (باراس) سەرۆکی مەجلیسی شورای میللی فەرەنسا لە سەعات شەش و نیوی پاش نیوەڕۆ کە لەو وەرزەدا دنیا تاریک دادێ بەرەو ماڵی (بوئارنێ) ڕۆیشت.

لویی پانزەهەم ـ ی پاشای فەرەنسا گەر ویستبای بۆ باغی (گوزن) بەرەو لای دۆستەکانی بچێ خۆی بە شێوەیێک دەگۆڕی نەناسرێتەوە بە تەنهایش ڕێی باغی (گۆزن)ی دەگرتەبەر.. بەڵام لەو ڕۆژەدا هەندێ حیمایەی سوار بە ئەمـلاوئەولای گالیسکەکەی (باراس)دا حەرەکەیان دەکرد، لە نێوانی ڕێگەکەدا ڕەنگە کەسێ نەبووبێ نەزانێ سەرۆکی مەجلیسی شورای فەرەنسا بۆ کوێ دەچێت.

گالیسکەکەی (باراس) بەرانبەر ماڵەکەی خانم (بوئارنێ) وەستا، سەرۆکی مەجلیسی شورای میللی لە گالیسکەکە هاتە خوارێ بەرەو ماڵەکە کەوتە ڕێ، دوو کەس لە خزمەتکارەکانی (بوئارنێ) نزیکی گالیسکەکە بوونەوە هەرچی خۆراک و بەستەی تیادا بوو دەریانهێناو بردیانە ماڵەوە. گالیسکەو حیمایەکان گەڕانەوە، خانمی (بوئارنێ) وەک مەعشووقەیێک ساڵەها ڕەنجی فیراقی عاشقەکەی تەحەمول کردبی، بەبێ حەوسەڵەییەوەو بە پەلەو ڕاکردن بەرەو ڕووی (باراس) چوو، پێشوازی کرد و بەرەو ژووری میوانی برد.. پاش چەند ساتێک دوو ژنی گەنج هاتنە ژووری،





ئەوجاش دوو کەسی دی لە نمایندەکانی مەجیلسی شورای میللی کە بەسواری ئەسپ لە پاریسەوە هاتبوون ئەمانیش هاتنە ژوورێ، پاش هاتنە ژوورێی ئەمان، ژمارەی دەعوەتکراوان هەموو ئامادەبوون خانم (بوئارنێ) داوای لە میوانان کرد بەرەو ژووری نانخواردن بڕۆن..

لە ژووری نانخواردندا دار لە نێو سۆپاکەدا دەسووتا، ژوورەکەی گەرم کردبووەوە، میوانان لە پشتی مێزی خواردندا دانیشتبوون، خۆراکی جۆراوجۆریان لە ئاشپەزخانەوە هێنایە ژوورێ، پەرداغی بلورینیان پڕ لە شەراب کرد. ئامادەبووان خەریکی خواردن و خواردنەوە بوون.. پاش شیف خواردن و شەوچەرە میوانەکان بەرەو ماڵەکانی خۆیان ڕۆیشتن، تەنها دووان لە میوانان و (باراس) کە زیاتریان لەوانی دی خواردبوو و خواردبووەوە، تەواوێ ماندوو مەست بوون، پێیان ئەرزی نەدەگرت (باراس) ڕۆژی پاشتر ویستی خوداحافیزی لە خانەخوێ جوان و میهرەبانەکەی بکات، بەرەو شار بگەڕێتەوە، خانم (بوئارنێ) بەنازو کریشمەوە پێی گوت: ئەوەندە تۆم خۆشدەوێ مەیلی ئەوەم نییە جگە لە تۆ لە کەسێکی دی داوای هیچ بکەم!

(باراس) بە هەندێ ترسەوە پرسیی کە داخوازییەکەی چییە؟

خانم (بوئارنێ) گوتی: پێویستم بە پێنج هەزار فرەنک هەیە بەئومێدە (باراس) ئەو پارەیەی بۆ بنێرێ.

(باراس) بەهۆی زیادە مەسرەفی هەمیشە پێویستی بە پارە هەبوو، بەناچاری دانی بەوەدا نا کە نە ئەمڕۆ و نە ڕۆژانی ئایندە ناتوانێ ئەو پارەیەی بۆ دابین بکات، بەڵام هەوڵ دەدات لە هەفتەی ئایندەدا ئەو پارەیە دابین بکات و بۆ خانم (بوئارنێ)ی بنێرێ.

پاش ئەوەی (باراس) سواری گالیسکە بوو، ڕێی پاریسی گرتەبەر، سەرنجی ئەوەی دا دۆستایەتییەکەی لەگەڵ خانم (بوئارنێ) گەلێ لە سەری بە گران دەکەوێ، چونکە ئەم ژنە بەو پارانە ئیکتفا ناکات کە هەفتانە دەیداتێ، ئێستایش داوای پێنج هەزار فەرەنک ـ ی ئیزافی دەکات، هەر لەهەمان ڕۆژدا بڕیاری دا، پەیوەندییەکەی لەگەڵ خانم (بوئارنێ) بپچڕێنێ بەو مەرجەش ئەو ژنە دڵی نەڕەنجێت، چونکە گەر

برەنجێ ئەوا شتگەلێکی تایبەتی ژیانی (باراس) دەزانێ و ئاشکرای دەکات

هەمان ڕۆژ، کاتی ئێوارە (باراس) گەیشتە مەجلیسی شورای میللی فەرەنسا، هەرکە گەیشت، هەستی کرد تەواوی ئەندامانی مەجلیس ترسیان لێ نیشتووە، (باراس) سونگەی ئەم ترسەی پرسی، پێیان گوت وا بلاو بووەتەوە چل هەزار کەسی سەڵتەنەت خوازەکان دەیانەوێ هێرش بکەنە سەر مەجلیسی شورای میللی، ئەگەر توانییان مەجلیس داگیربکەن ئەوا تەواوی ئەندامان دەکوژن.

ئەوانەی ئەم یاداشتە مێژووییەیان تا ئێرە خوێندەوە. لە خوێندنەوەی ئەم مەوزووعە دوچاری سەرسوڕمان بوون و بیریان لەوە دەکردەوە، سەڵتەنەت خوازەکانی فەرەنسا لە کوێ بوون وا یەکیان گرتووەو سوپایێکی چل هەزار نەفەرییان پێکهێناوە..

حەقیقەت ئەوەیە سەڵتەنەت خوازەکانی فەرەنسا یەککگرتوو بوون، بەڵام دەسەڵاتی حکومەتی شۆڕشگێڕی ڕێگری ئەوە بوو نەیدەهێشت سەر بەرز کەنەوە. پاش ئەوەی حکومەتی نوێ تووشی گەندەڵی هات، نوێنەرانی مەجلیسی شورای میللی فەرەنسا لە خەزێنەی میللەت بەناونیشانی جۆراوجۆر سوودی زیاتر بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەدەست دەهێنا، لە هەمان کاتدا میللەتی فەرەنسا _ بەو شێوەیەی کە گوتمان _ نانی نەبوو، لە ڕووی دانەوێڵەشەوە گەلێ لە زایەقەدا بوو. بەرتیل وەرگرتنی ئەندامانی مەجلیسی شورای میللی لە برەودا بوو، خەڵکی هەستیان دەکرد ئەم جەماعەتە بەدترن لە حکومەتی ئیستبدادی پێشوو، چونکە حکومەتی ئیستبدادی لایەنی فریودانی خەڵکی نەبوو و حکومەتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا تەواوی عەیبەکانی حکومەتی ئیستبدادی هەیە فریوی خەڵکە عەوامەکەش دەدات..

سەڵتەنەت خوازەکان کە دەیانبینی خەڵکی نەفرەت لەم حکومەتە گەندەڵە دەکەن، یەکیان گرت و بڕیاریان دا بەر لە هەموو کارێک نوێنەرانی مەجلیسی شورای میللی فەرەنسا _ کە بەرپرسن لە کوشتنی لویی شانزەهەم و مەسئولی سەرەکین لە کوشتنی ماری ئەنتوانێت _ ئەمانە هەموو بکوژن.

ڕۆژی چوارەمی مانگی ئۆکتۆبەری ١٧٩٥ مەترسی هێرشی سەڵتەنەت خوازان زیاتر هەستی پێ دەکرا، هەندێ لەو نوێنەرانەی ڕایان دابوو لەسەر کوشتنی لویی





شانزەهەم، لەرزیان لێ نیشتبوو، سەرئەنجام نوێنەرانی مەجلیسی شورای میللی تەواوی دەسەڵاتیان دایە دەست (باراس) تا بەرگری لە هێرشی سەڵتەنەت خوازان بکات، هەر بڕیارێ بە باشی دەزانێ جێبەجێی بکات.

(باراس) کۆمیتەیێکی لە نوێنەرانی مەجلیسی شورای میللی بە سەرۆکایەتی خۆی دروست کرد، دەستیان بە راوێژ کرد بۆ مەبەستی چارەسەرکردن لە کۆمیتەکەدا کەسێکی ئەندامی تیادابوو بەناوی (فرەرون) کە حەزی لە (پۆلین-ی) خوشکی ناپلیۆن بوناپارت بوو.

***

ناپلیۆن بوناپارت چوار برا و سێ خوشکی هەبوو، یەکێ لە خوشکەکانی ناوی (پۆلین) بوو (فرەرون)ی ئەندامی مەجلیسی شورای میللی حەزی لێ دەکردو چاوەڕێی فرسەتێکی دەکرد تا بتوانێ خزمەتێ بەناپلیۆنی برای پۆلین بگەیێنێ تا ناپلیۆن موخالیفی ئەو عەشقە نەبێت کە بەرانبەر بە خوشکەکەی هەیەتی.

جێی نیشتەجێی ناپلیۆن بوناپارت لە شاری (تۆلۆن) بوو کە دەکەوێتە جنوبی فەرەنسا، بۆ ماوەیێکی کاتی گوازرابووەوە بۆ (کاسی) ئەفسەری گەنج پاش ئەوەی ماوەیێکی کەم لە (کاسی) نیشتەجی بوو، گەڕایەوە بۆ (تۆلۆن).

پاش گەڕانەوەی بۆ (تۆلۆن) ئەو ئەفسەرە گەنجە دەستبەرداری نووسین بوو لەسەر لێهاتووەکان، چونکە عاشقی کچێک بوو کە لە کارگەی خەیاتی کرێکاری دەکرد..

ڕۆژێ ناپلیۆن بوناپارت لە یەکێ لە شەقامەکانی شاری (تۆلۆنەوە) تێدەپەڕی چەند کچێکی گەنج لە کارگەی خەیاتییەوە دەهاتنە دەرێ تا بڕۆن فراڤین بخۆن، یەکێ لەو کچانە کە لەو دەمەدا تەمەنی زیاتر لە حەڤدە ساڵان نەبوو، چەند جارێ سەیری ناپلیۆنی کرد، تەنانەت یەک جاریش ڕووی خۆی وەرچەرخاندو بەدیقەتەوە سەیری ئەو ئەفسەرەی کرد.

ناپلیۆن کورتە باڵاو لە سەردەمی گەنجیدا لەڕولاواز بوو بەڵام قۆز بوو چاوە گەشەکانی خۆشەویستییان دەنواند، پاشان ناپلیۆن بوناپارت گەیشتە پلەوپایەی بەرز بەهۆی زیادەڕەوی لە خۆشگوزەرانی قەلافەتی تێکچوو ڕەنگی ڕوخساری زەرد هەڵگەڕا بریقەی چاوەکانی نەما، قەڵەو بوو، پێش ئەوکاتە گەنجێکی قۆز بوو،

دڵچەسپ بوو ڕۆژبەرۆژ زیاتر دەبووە جێی سەرنجی ژنان سەرنجەکانی ئەو کچە کرێکارە ئەوەندە ئاشکرابوو، وای کرد ئەفسەرە گەنجە فەرەنسییەکە لە ڕۆژی دواییدا لە هەمان سەعات لە بەرانبەر کارگەی خەیاتییەوە تێپەڕێ تا بتوانێ ئەو کچە ببینێ، کچە گەنجەکە جارێکی دی سەرنجی درێژی گرتە ناپلیۆن تەنانەت بزەیشی بۆ کرد.

ناپلیۆن بەهۆی ئەوەی کچەکە لەگەڵ هاوکارانی خۆیدا دەڕۆیشت، نەیتوانی نزیکی بێتەوە و قسەی لەگەڵدا بکات لەدوورەوە تاقیبی دەکرد، سەیری کرد ئەو کچە لە هاوکارەکانی جیابووەوە، کەوتە دووی، تا کچە گەیشتە خانوویێکی سێ قات..

ئەفسەرە گەنجەکە دەیزانی ئەو کچە چووەتە ماڵێ تا فراڤین بخوات، پاش خواردن دەگەڕێتەوە بۆ کارگەی خەیاتی، لە شەقامەکەدا هەندێ پیاسەی کرد، کاتێ کە پێشبینی ئەوەی کردبوو لە ماڵەکەی دێتە دەرێ، بەرانبەر بەماڵەکەی بەیەکدی دەگەن..

زۆری نەبرد کچە لە ماڵێ هاتە دەرێ، پیاوێ کە ڕۆژێ بووە ئیمپراتۆری کیشوەری ئەورووپا دووی کچە کەوت و پێی گەیشت و سەلامی لێ کردو خۆی پێ ناساندو پاشان پرسی:

– ناوت چییە؟

کچە گەنجەکە گوتی:

ناوی من سوزان–ەو کرێکارم لە کارگەی خەیاتی و نازانم قەدو باڵاو چاوەکانی تۆ چ کاریگەرییێکیان هەیە، کاتێ کە من تۆم بینی نەمتوانی چاوتان لەسەر لادەم.

ناپلیۆن بوناپارت گوتی:

من گەلێ حەز بەوە دەکەم لەگەڵ ئێوەدا دۆستایەتی پەیداکەم و بتبەمەوە بۆ ماڵەکەی خۆم، بەڵام من لەم شارەدا ماڵم نییە ماڵی من لە سەربازگەیە یانی لە تۆپخانەیە.

کچە گەنجەکە گوتی:

بەڵام من ژوورێکم هەیە لە نهۆمی سێدایە، دەتوانم ئێوە ببەم بۆ ئەوێ بەو مەرجەی تۆ بڵێیت کوڕە مامیم..





ناپلیۆن ئەم مەرجەی قەبوڵ کرد. ویستەکانی کوڕە مام بوون ئەمەیە کە کوڕە مام و کچە مام دەربارەی ژیانی خانەوادەیی یەکتر ئاگادارین، ناپلیۆن خانەوادەکەی خۆی بە کچە گەنجەکە ناساند.

سۆزان گوتی: شەرتی دووەمیشم ئەوەیە، کە تۆ دێیتە ماڵەکەی من، دەبێ پەیوەندییەکانمان لە سنووری دوو ئاشنا تەجاوز نەکات چونکە لە غەیری ئەم حاڵەتە ڕیسواییێکی گەورە دروست دەبێ، چ چاریشم نامێنێ جگەلەوەی لە دەریادا خۆم بخنکێنم، لە نەنگی و سەرزەنشت ئاسوودە بم.

ناپلیۆن قەولی دایە کچە گەنجەکە کە پەیوەندییەکەیان لە سنووری ئاشنایەتی تێناپەڕێ چ پێشهاتێکیش دروست نابێ بۆ کچە گەنجەکە ببێتە مایەی ڕسوایی..

هەر ئەو شەوە، پاش ئەوەی سوزان کاری لە کارگەی خەیاتی تەواو دەبێ و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی، ناپلیۆن چووە لای بەناوی ئەسڵی خۆی وەک کوڕە مامێکی سۆزان، خۆی بە دەرگاوانەکە ناساند.

دەرگاوانانی فەرەنسا بە چەقاوەسوویی ناسراون، دەبێ هەموو ئەو کەسانەی دێنە دیدەنی کرێچییەکان، لە هەموو ڕوویەکەوە بیانناسن کاتێ کە ژنە دەرگاوانەکە چاوی بە ئەفسەرە گەنجەکە کەوت گوتی:

– من نەمدەزانی کە سۆزان کوڕە مامی هەیە، تا ئێستا لەم ڕووەوە هیچی بە من نەگوتووە.

ئەگەر لە سەردەمی حکومەتی سەلاتینی فەرەنسادا، کچە کرێکارێ بیگوتبا کوڕە مامێکی ئەفسەرم هەیە، یا ئەفسەرێ بیگوتبا خانمە کرێکارێک کچە ماممە، قەبوڵ نەدەکراو دەزانرا کە درۆیە، چونکە لەو سەردەمەدا تەواوی ئەفسەرەکان ئەسیلزادە بوون کەسێ کە لە عەوامی خەڵکەکە با نەدەبوو بەئەفسەر..

ئاساییە خزمانی ئەسیلزادەیێک دەبا وەکو خۆی ئەسیلزا دەبێ، بەڵام لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا تایبەتمەندی ئەسیلزادەکان لەنێوچوون هەموو خەڵکەکە دەیانتوانی بە پلەی ئەفسەری بگەن.. ئەمە بوو کە ژنە دەرگاوانەکە تووشی سەرسوڕمان نەهات کە بۆ سۆزان کوڕە مامێکی ئەفسەری لە سوپای فەرەنسادا هەیە.. لەبەر ئەوەی یەکەم جار بوو ئەو کوڕە مامەی بینی تووشی سەرسوڕمان بوو،

بەڵام قەشەنگی و جەستە چکۆڵەکەی ناپلیۆن کاریگەری لە دڵی ژنە دەرگاوانەکەدا جێهێشت، چونکە قۆزی و گەنجی بەهرەیێکە سروشت دەیسپێرێتە دەستی کەسانێ کە بیەوێ بەڕوویاندا ڕێیان بۆ بکاتەوە، هەموو دەرگاکان لە ڕووی ئەم کەسانەی خاوەن ئەم بەهرەیەن دەکاتەوە..

ژنە دەرگاوانەکە کاتێ قۆزی و خۆشڕوویی و جەستە چکۆڵەکەی ناپلیۆنی بینی نەرم بوو و گوتی:

– ژوورەکەی سۆزان لە نهۆمی سێدایە

ناپلیۆن چووە سەرێ، چووە ژووری کچە گەنجەکە، ژوورەکە گەلێ چکۆڵەبوو، بەڕادەیێک، ناپلیۆن شمشێرەکەی لە کەمەر کردەوە، لەسەر کورسییەکدا داینا، ناچاربوو شەپقەکەیشی بخاتە سەر هەمان کورسی، شوێنێکی دی نەبوو پیاوە گەنجەکە بتوانێ شەپقەکەی لەسەر دانێ.

کەرەسەی نێو ماڵی کچە گەنجەکە پێکهاتبوو لە قەرەوێڵەیێک و یەک کورسی و لەگەنێک بۆ دەست و چاو شۆردن و خاولییێک بۆ ڕوخسارو دەست وشک کردنەوە، یەک تەنەکەیێک و یەک پەرداغ بۆ ئاوخواردنەوە.. سۆزان لەبەرئەوەی کەرەسەی مەتبەخی نەبوو نەیدەتوانی خۆراک بۆ خۆی لێبنێ، ئەگەر کەرەسەی چێشت لێنانی هەبا ئەوا لەو ژوورەدا جێیان نەدەبووەوە.

کاتێ ناپلیۆن چووە ژوورەوە سەیری کرد سۆزان بەستە کاغەزێک دەکاتەوە هەندێ (کاڵباس) و پارچە نانێکی تیا دەرهێنا، ناپلیۆن پێکەنی و گوتی:

لەخۆڕا نییە قەزاوقەدەری ئێمە کە هەردووکمانی بۆ خۆشەویستی یەکدی هەڵبژاردووە، چونکە خۆراکی هەردووکمان نان و کاڵباسە.[١]

نان و کاڵباسەکەی کچە گەنجەکە کەم بوو، ئەگەر ناپلیۆن لەوەی خواردبا، سۆزان بە برسیەتی دەمایەوە، ئەو شەوە ناپلیۆن لە خۆراکەکەی سۆزانی نەخوارد، وەعدی دایێ کە سبەی شەو کە دێ بۆ دیدەنیی "کوکوی جگەری قازی" بۆ بێنێت، سۆزان بەبێ خەجاڵەتی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و گوتی:

(١) لە فەڕەنسا، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا نان و کاڵباس خۆراکی هەژاران بوو.





– لەو ڕۆژەوەی کە دایکم مردووە کوکوی جگەری قازم نەخواردووە.

لە ناپلیۆنی پرسی:

– دایکت ماوە؟

ناپلیۆن گوتی:

– بەڵێ

کچە گەنجەکە هەناسەیێکی هەڵکێشا و گوتی:

– خۆش بەحاڵت کە هەتیو نیت!

ئەفسەرە گەنجەکە گەلێ موتەئەسیری ئەم گوتەیە بوو، دڵی سۆزانی دەدایەوە.. چاوەکانی کچە کرێکارەکە پڕ بوون لە فرمێسک و گوتی:

– من نە باوکم هەیەو نە دایک هەر بۆیە لە بەرەبەیانەوە تا ئێوارە خەریکی دروومانم تەنانەت ناتوانم بۆ خۆم جووتێ کەوش بکڕم.. ناپلیۆن سەیرێکی قۆنەرەکانی کچە گەنجەکەی کرد، بینی پەڕپووتن، بەخۆی گوت: هەرکە مووچەم وەرگرت جووتێ کەوش بۆ ئەو کچە دەکڕم.. تا سەعاتێ ناپلیۆن لەو ژوورەدا مایەوە، سۆزان پێی گوت:

ئێستا بڕۆ.. ئەگەر مانەوەت لێرەدا درێژە بکێشێ دەبێتە مایەی بەدگومانی ژنە دەرگاوانەکە..

ناپلیۆن نەیدەتوانی دەستبەرداری ئەم کچە بێ دایک و باوکە بێت، کە وەکو خۆی هەژارە، بەڵام لە ترسی ژنە دەرگاوانەکە خواحافیزی لێ کردو قەولی دایێ کە شەوی داهاتوو لە هەمان سەعاتدا کوکوی جگەری قاز بۆ سۆزان بهێنێ.

ئەفسەرە گەنجەکە وەفاداری وەعدەکەی خۆی بوو، شەوی پاشتر بە بەستەیێک لە کوکوی جگەری قازو یەک نان و بتڵێ شەراب چووە ماڵەکەی سۆزان، کچە گەنجەکە هەرکە خۆراکەکەی بینی گەلێ خۆشحاڵ بوو، کاتێ خەریکی خواردن بوون ناپلیۆن بە سۆزانی گوت:

هەرکە مووچەم وەرگرت جووتێ پێڵاو و گۆرەوییێکت بۆ دەکڕم.

ناپلیۆن، گەلێ مەیلی بەوە بوو شەو لەوێدا بمێنێتەوە، بەڵام لەترسی ژنە

دەرگاوانەکە ناچاربوو پاش خواردن بگەڕێتەوە.

سۆزان بەناپلیۆنی گوت:

– ئەگەر هەموو ڕۆژێ بێیت بۆ ئێرە، ئەوا ژنە دەرگاوانەکە بەدگومان دەبێ تەسەوری ئەوە دەکات کە پەیوەندی عاشقانەمان لەنێواندا بێ، چاکتر وایە هەفتەی دوو جار یەکدی ببینین.

لەوە بەولاوە ناپلیۆن هەفتەی دووجار دەچووە ماڵی کچە گەنجەکەو سەعاتێ لەوێ دەمایەوە.. لەو یەک سەعاتەدا ناپلیۆن و سۆزان بۆ ساتێ لە یەکدی غافڵ نەدەبوون، چونکە دەیانزانی کە وەقتیان کەمە، ئەگەر مانەوەی ناپلیۆن لەو ژوورەدا درێژەی کێشابا، ئەوا بێ شک ژنە دەرگاوانەکە دەهاتە سەرێ تا بزانێ کوڕە مام بۆ تا ئەم ماوە دوورودرێژە لە ژووری کچە مامەکەیدا ماتڵ بووە.

سۆزان یەکەمین مەعشووقەی ناپلیۆن بوو، دەتوانرێ بگوترێ یەکەمین مەعشووقەی واقیعی بوو.. ناپلیۆن بەر لە سۆزان هەڵسوکەوتی لەگەڵ هیچ ژنێکدا نەکردبوو، ڕەنگیشە هەر ئەمە بێت کە بۆ سۆزان لە هەموو دۆستەکانی تری زیاتر وەفاداری بۆ نواند بە سامان و شوهرەتی گەیاند، بەبێ ئەوەی هەرگیز بە تەواوی ئەو ژنە تەرک بکات.

سۆزان لە رسوایی دەترسا، ناپلیۆن گەنجێکی خاوەن شەهادەو مێشک کراوە بوو، ترسی ئەوەی هەبوو لە ڕێی پەیوەندی بەم کچە بێ دایک و باوکە ڕسواییێک و ڕۆژە ڕەشییێک بۆ کچەکە دروست بێت، بۆیە پەیوەندی عاشقانەی ئەم کچ و کوڕە گەنجە تا ئەو ڕۆژەی ناپلیۆن لە (تۆلۆن) بوو لە سنووری عەشقی ئەفلاتوونی تێپەڕی نەکرد.

ئەم مەوزووعە خودی ناپلیۆن لە دوورگەی سانت هیلانە (هەمان ئەو دوورگەیەی کە تیایدا مرد) بۆ ژەنەراڵ (گۆرگۆ) کە یەکێ لە هاوڕێکاکانی بوو، باس کردبوو و گوتبووی:

– لەو کاتەدا من و سۆزان ئەوەندە سادە و بێ گوناه بووین، یەک ساڵمان بەیەکەوە بردە سەر بێ ئەوەی هیچ شتێکی تایبەت لەنێوانماندا دروست بێ.

سەیر ئەوەیە، دواهەمین عەشقی ناپلیۆن لە دوورگەی سانت هیلانەش عەشقێکی ئەفلاتوونی بوو، لەو دوورگەیەدا ئیمپراتۆری فەرەنسا بەرلەوەی بمرێ عاشقی





کچێکی ئینگلیز بوو کە تەمەنی پانزە ساڵ و ناوی (بتی) بوو عەشقی ئیمپراتۆری فەرەنسا بۆ ئەو کچە گەنجە لەوەوە دەستی پێ کرد دایک و باوکی کچە داوایان لە ناپلیۆن کرد کچە فێری زمانی فەرەنسی بکات و وانەی پێ بڵێ.

دایک و باوکی ئەو کچە لە ئەشرافەکانی دوورگەی سانت هیلانە بوون هەر ڕۆژەی (بتی) دەچووە ماڵەکەی ناپلیۆن تا دەرس بخوێنێ بەڵام دەرسی نەدەخوێند، لە بری دەرس خوێندن خەریکی سەیرکردنی پۆشاک و موجەوهەرات و شمشێرو وێنەکانی ناپلیۆن بوو.

ڕۆژێ ناپلیۆن بە کچە ئینگلیزەکەی گوت: ئەگەر دەرس نەخوێنی ئەوا بەدایک و باوکت دەڵێم کچەکەتان تەمەڵی دەکات و دەرس ناخوێنێ.

یەکسەر (بتی) دەستی بە گریان کرد، ناپلیۆن هەرچییەکی کرد ژێر نەبووەوە ناچاربوو کچە گەنجەکەی لە خۆی نزیک کردووە دەستی بە مووەکانی سەریدا دەهێنا ئەو کاتە دڵی ئیمپراتۆری فەرەنسا _ نزیک پەنجا ساڵێک بوو _ کەوتە لێدان و هەستی کرد کچە ئینگلیزەکەی خۆشدەوێ.

لە یاداشتەکانی (بتی) کە ناوی خانەوانەدەکەیان (بلکومب)ە دەڵێ:

ناپلیۆن خۆشەویستی بۆم هەبوو، ئەمیش سەرەڕای کەمی تەمەنی حەزی لە ئیمپراتۆری فەرەنسا دەکرد.. ناپلیۆن بەخاوەن ژن و منداڵ دەژمێردرا.. ئەم دووە نەیاندەتوانی زەواج بکەن، بەعەشقی ئەفلاتوونی ژیانیان لەگەڵ یەکدی بەسەردەبرد.

تا ئەو ڕۆژەی ناپلیۆن لە (تۆلۆن) بوو پەیوەندی لەگەڵ سۆزاندا لە سنووری عەشقی ئەفلاتوونی تێپەڕی نەکرد.. پاش ئەوەی کە چووە پاریس بووە خاوەن شوهرەت سۆزانی لە تۆلۆنەوە گواستەوە بۆ پاریس، ئیدی پەیوەندی ئەو دووە چووە قۆناغێکی دییەوە.

***

بە قەولی مێژوونووسان ناپلیۆن بوناپارت کوڕی شۆڕشی فەرەنسا بوو، پشتگیری شۆڕشی دەکرد تا گەیشتە پلەی ئیمپراتۆری (گەیشتن بەو پلەیە بەپێچەوانەی ڕوحی شۆڕشی فەرەنسا حسێب دەکرێ.. بەڵام ئەو کوڕی شۆڕشە بە ئیدعای هەندێ لە نووسەران، لە پاریس پەیوەندی بە سەڵتەنەت خوازانەوە کرد دەیویست بەرگری لە

سەڵتەنەت خوازانی فەرەنسا بکات دژ بە شۆڕشگێڕان شمشێر هەڵکێشێ. لەڕووی ئابوورییەوە وەزعی ناپلیۆن پاش ئەوەی لە تۆلۆنەوە گوازرایەوە بۆ پاریس باشتر بوو پلەی بەرزتری وەرگرت توانی لە تۆلۆنەوە سۆزان بۆ پاریس بگوازێتەوەو ژوورێکیشی بۆ بەکرێ بگرێ، بەڵام خۆی بە مەحرووم تەسەور دەکرد بیری لەوە دەکردەوە کە بەئەندازەی لێهاتوویی دەستهاتی نییە، هەر بۆیە پەیوەندی بە سەڵتەنەت خوازانەوە کرد تا بۆ بەرگری لەوان دژ بەشۆڕشگێڕان بچێتە نێو جەنگەوە.

بۆ سەلماندنی ئەم مەوزووعە دەیان بەڵگەی مێژوویی هەیە، لەوانە کۆنووسی گفتوگۆی لەگەڵ سەڵتەنەت خوازان لە پاریس کە لەگەڵ ناپلیۆندا ئەنجامدرابوو، تەواوی ئەو کەسانەی لەو کۆبوونەوەدا بوون ئاگادارن، گوتمان مەبەستی ئێمە لەم یاداشتانەدا باسکردنی مێژووی ڕەسمی و مێژووی ژیانی سیاسی ناپلیۆن بۆناپارت نییە، دەنا هەموو ئەو بەڵگەنامانەمان باس دەکرد تا ئاشکرا بێت کە ناپلیۆن بەپێچەوانەی نووسینی مێژوونووسان کوڕی بەوەفای شۆڕشی فەرەنسا نەبووە، تەنانەت ویستوویەتی دژ بە شۆڕشگێڕان شمشێر هەڵکێشێ.

ئێوارەی ڕۆژێ ناپلیۆن ئامادەی کۆبوونەوەیێکی سەڵتەنەت خوازان دەبێ تا یارمەتییان بدات و دژ بە مەجلیسی شورای میللی بجەنگێ. گفتوگۆکانی ناپلیۆن لەگەڵ سەڵتەنەت خوازاندا لەهەمان ئەو ڕۆژانە دەستی پێ کرد کە ئەندامانی مەجلیسی شورای میللی فەرەنساو باراس- ی سەرۆکی مەجلیس لە هێرشی سەڵتەنەت خوازان دەترسان.

ناپلیۆن لەو کۆبوونەوەیەدا لە ڕووی ئەوەی کە بچێتە نێو جەنگەوە قایل بوو (کۆمەکی هەوادارانی سەڵتەنەت خوازانەی فەرەنسا بکات) بەڵام دەیویست دەستهاتی زیاتری بدەنێ..سەڵتەنەت خوازانیش..

یەکەم: چونکە لەو کاتەدا پارەی زیادیان نەبوو تا بتوانن بێ حساب سەرفی بکەن دووەمیش وەک کرێگرتەیەک سەیری ناپلیۆنیان دەکرد کە مەبەستی تەنها پارەیە و لەم جەنگەدا هیچ ئامانجێکی نییە و ئیمانی پێ نییە..

کۆبوونەوەکە تا سەعات شەشی ئێوارە درێژەی کێشا، لەپڕ ناپلیۆن هەڵساو گوتی: تکا دەکەم کۆبوونەوەکە دواخەن بۆ سبەینێ.. ناپلیۆن لەبەرئەوە کۆبوونەوەکەی





جێهێشت، دەبا سەعات شەش بچیت بۆ لای سۆزان تا بەیەکەوە بچن بۆ سەیری نمایشی شانۆنامەیێک.. چووە ماڵی سۆزان لەوێوە بەیەکەوە چوون بۆ شانۆ، شانۆ دەستی پێ کرد، پاش کۆتایی پەردەی یەکەم کەسێکی گەنج خۆی گەیاندە ناپلیۆن و گوتی:

باراس، سەرۆکی مەجلیسی شورای میللی بەدوای تۆدا دەگەڕێ..

ناپلیۆن پرسی:

چ کارێکی بە من هەیە؟

ئەو پیاوە گەنجە ناوی (کامباسرس) بوو، گوتی:

– ئەمڕۆ مەجلیسی شورای میللی باراس _ یان بە فەرماندەی سوپای ناوخۆ هەڵبژاردووە[1] ئەو دەیەوێت بۆ وەجێهێنانی کارەکەی سوود لە هاوکاری تۆ وەرگرێ..

ناپلیۆن گوتی:

من سبەینێ دەچمە لای

کامباسرس گوتی:

باراس بە منی گوتووە نابێ بۆ یەک ساتیش دواکەویت!

ناپلیۆن گوتی: سۆزان تەنهایە من ناتوانم لێرەدا جێی بهێڵم و بچمە لای باراس.

کامباسرس گوتی:

من لێرەدا لەگەڵ سۆزان دەبم تا تۆ دەگەڕێیتەوە، ئەگەر نەگەڕایتەوە، ڕەنگە باراس نەهێڵێ تۆ بگەڕێیتەوە، ئەوا من ئەم کچە دەگەیێنمەوە بۆ ماڵەکەی خۆی.

ناپلیۆن ڕۆیشت، باراس کە چاوی پێکەوت، گوتی:

کوڕۆ، تۆ لەکوێ بوویت؟

ئەمڕۆ ئێمە لەخوێندنەوەی ئەم ڕستەیە تووشی سەرسوڕمان دەبین، کە سەرۆکی مەجلیسی شورای میللی بە کەسێ کە لە ئایندەدا دەبێتە ئیمپراتۆر پێی بڵێ: کوڕۆ

(١) ئەو بەشەی سوپا کە لە ناوەوەی وڵات بوو، بەناوی سوپای ناوخۆ ناودەبرا، ئەو سوپایەی دیش کە لەسەر سنوورەکان و لەگەڵ وڵاتانی دیدا دەجەنگی بە سوپای سنوور ناودەبرا.

تۆ لە کوێ بوویت؟ حەقیقەتیش ئەمەیە ئەم ڕستەیە لە زمانی باراسەوە هاتە دەرێ، ناپلیۆن گوتی:

لە شانۆدا بووم.

باراس گوتی:

تۆ نازانی جەمهوری فەرەنسا دووچاری خەتەرناکی بووە؟ ئایە کاتێ کە خەتەری نابوودی و لەناوچوون هەڕەشە لە جەمهوری فەرەنسا دەکات تۆ دەچیت بۆ شانۆ؟

ناپلیۆن گوتی: پێم بڵێ چ کارێکت بە من هەیە؟

باراس گوتی: من ناوی تۆم بیستبوو، بە منیان گوتبوو تۆ ئەفسەرێکی لێهاتوویت ئەمرۆش (فرە ڕون)- هەمان کەس کە عاشقی خوشکەکەی ناپلیۆن بوناپارت بوو- بە منی گوت تۆ هەڵبژێرم بۆ ئەوەی هاریکاریم بکەیت دەبێ پێشت بڵێم کە سەڵتەنەت خوازەکان نیازیان وایە ئەمرۆ لە سەعات چواری بەیانیدا هێرش بکەنە سەر مەجلیسی شورای میللی!

ناپلیۆن بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

ئایە بەنیازن ئەمرۆ بەیانی هێرش بکەن؟

سەرۆکی مەجلیسی شورای میللی گوتی:

ئایە ئەم مەوزووعە، بووە هۆی سەرسوڕمانت؟

ناپلیۆن عەسری هەمان ڕۆژ لەگەڵ سەڵتەنەت خوازەکان گفتوگۆی کردبوو، تەسەوری نەدەکرد، ئەوان وا بەپەلە دەستبەکار بن، هەر بۆیە، بەم هەواڵەی سەرۆکی مەجلیس تووشی سەرسوڕمان هات، پاشان دەسەڵاتی بەسەر سەرسوڕمانەکەی خۆیدا گرت و گوتی:

- من دەبێ چ بکەم؟

(باراس) گوتی:

من فەرماندەی گشتی سوپای ناوخۆم، لەلای منەوە هەموو دەسەڵاتێکت دەدەمێ، بەهەر شێوەیێک بێت ڕێ لە هێرشبەران بگری بەهەر جۆرێ بێ نەهێڵێت مەجلیسی شورای میللی گەمارۆ دەن و داگیریکەن.





شوێنی مەجلیسی شورای میللی فەرەنسا لە باڵاخانەی (تویلری) بوو.

ناپلیۆن ئەفسەرێکی گەنجی بەناوی (مورا) کە پاشان بووە مێردی یەکێ لە خوشکەکانی بانگ کرد و پێی گوت:

هەرچی تۆپ و گوللە تۆپ لە پاریسدا هەیە لەگەڵ تۆپچییەکاندا بیهێنە بۆ مەجلیسی شورای میللی.

(مورا) تا نیوەشەو ئەو تۆپانەی کە دەیتوانی بەدەستی بهێنێ هەمووانی گواستەوە بۆ مەجلیسی شورا، بەرلەوەی ڕۆژ هەڵبێ ناپلیۆن چاوەڕێی هێرشی سەڵتەنەت خوازانی دەکرد، بەڵام ئەوان لە بەرەبەیاندا هێرشیان نەکرد، مەعلوم بوو، ئەو هەواڵانەی درابوونە باراس ڕاست نەبوون.

ناپلیۆن لەو ڕۆژەدا گروپێ سەربازی هێنایە باغی (تویلری) سەڵتەنەت خوازەکان لە سەعات پێنجی ئێوارەدا لە سێ قۆڵەوە دەستیان بەهێرش کرد و بە ئەوپەڕی سەرسوڕمانەوە بیستییان ئەو پیاوەی کە دەبێ ڕێی هێرشەکانیان بگرێ، هەمان ئەو کەسەیە کە عەسری ڕۆژی پێشتر لەگەڵیاندا گفتوگۆی کردبوو بۆ پشتگیری و کۆمەکیان بێتە نێو جەنگەوە.

ناپلیۆن بەتۆپچییەکانی گوتبوو، تۆپەکان تەواو پڕکەن، بەبێ بەزەیی ڕووبەڕووی هێرشبەران بەکاری بهێنن، لە ماوەیێکی کەمدا پێنج سەد جەنازە لە دەوروبەری مەجلیسی شورای میللی کەوتبوون، هێرشبەران پاشەکشەیان هەڵبژارد ئیدی جورئەتیان نەکرد هێرش بهێننەوە.

ناپلیۆن بوناپارت، تا ئەو ڕۆژە، ناو و شورەتی نەبوو، ڕۆژی دووهەم کاتێ کە ڕۆژنامەکان بڵاو بوونەوە، بووە قارەمانێکی میللی، ڕۆژنامەکان نووسیبوویان ئەو ئەفسەرە گەنجە جەمهوری فەرەنسا و مەجلیسی شورای میللیی لە مەترسیی نابوودبوون ڕزگارکرد..

لە گەلێ شوێنی پاریسدا بۆ قەدرزانی لە ناپلیۆن چراخانیان دروست کردبوو، وێنەیێکی ئەویشیان چاپ کردبوو، تاجێک لە گەڵای بەڕۆیان نابووە سەر سەری

ڕۆژی شانزەهەمی مانگی ئوکتۆبەر، مەجلیسی شورای میللی فەرەنسا بۆ پێزانینی خزمەتەکەی ناپلیۆن، کردیانە سەرکردەی سوپای ناوخۆ کە باراس خۆی

داوای کشانەوەی کردبوو، هەمان ڕۆژ باراس نیازەکەی خستە بەر پیادەکردن، (خانم بوئارنێ) بۆ ناپلیۆن بخوازێ، کە ناپلیۆنیش ڕازی بێ لە مەسرووفاتی (جەهیزەی) سەنگین—ی ئەو ژنە ئاسوودە دەبێ.

بەر لە ڕۆژی شازدەهەمی ئۆکتۆبەر (باراس) لەمەڕ ناپلیۆن کە بیکاتە مێردی (بوئارنێ) بڕیاری تەواوی وەرنەگرتبوو، بەڵام لەم ڕۆژەدا تێگەیشت کە دەتوانێ (بوئارنێ) بداتە ناپلیۆن.. ئیدی ناپلیۆنیش منەتبار دەکات، بەوەی کە کردییە فەرماندەی بەرگری لە مەجلیسی شورای میللی، هەر خۆیشی پێشنیازی کرد کە ناپلیۆن بکرێ بە فەرماندەی سوپای ناوخۆ.

باراس بۆئەوەی ڕێیەک بۆ ئاشنایەتی ناپلیۆن لەگەڵ خانم (بوئارنێ) بدۆزێتەوە، دەعوەتێکی ئێوارەی لە ماڵەکەی (بوئارنێ) سازدا ناپلیۆنیشی دەعوەت کرد کە لەو زیافەتە بەشداربێت.

لەو دەعوەتەدا خانمەکان جگە لە خانم بوئارنێ کەسی دی لێ نەبوون، چونکە باراس دەیزانی ئەگەر ژنەکانی دی ئامادەبن ئەوا هەستەکانی ناپلیۆن پەرت دەبن بەرلەوەی ناپلیۆن لە دەعوەتەکەدا ئامادەبێ، باراس پێی گوتبوو:

من دەمەوێ ئێوە بەبێوەژنێکی جوانی دەوڵەمەند، خاوەن ناو و شورەتە، ئاشناکەم. ئەم ژنە ناوی (بوئارنێ)یە مێردەکەی ژەنەراڵ (بوئارنێ) لە گەنجییەتیدا مردووە و ژنەکەیشی بە تەنها جێ هێشتووە، ئەم خانمە گەنجە دڵڕفێنە و دەوڵەمەندە، دەیەوێ شوو بکات، بەڵام خەڵکانی ئاسایی پەسەند ناکات، دەبێ مێرد بە ئەفسەری سوپا بکات، بەڵام گەنج و قۆز بێت.. سەلیقەی ئەم خانمە وەک سەلیقەی ماری ئەنتوانێت _ مەلیکەی پێشوو وایە، گەنجەکانی لا پەسەندە، من پێشبینی ئەوە دەکەم، ئێوە جێی سەرنجی ئەو خانمە بن. چونکە ئەفسەری سوپای بوویتەتە خاوەنی ناو و ناوبانگ، لەمەیش زیاتر گەنجی و قۆزیت، ئەگەر بوویت بە جێی سەرنجی خانم (بوئارنێ) ئەمەیان فرسەتێکە لە تەواوی تەمەندا یەک دوو جار زیاتر نایێتە سۆراغی ئینسانەوە، ئەم فرسەتە لەدەست نەدەیت، ئەو خانمە بخوازە تا دەوڵەمەند بیت، ئەگەر ئێوە لەگەڵ ئەم ژنەدا زەواج بکەن دەبیتە خاوەن سامان، بەپلەوپایەی گەورەتر دەگەیت.





ناپلیۆن کاتی بەرەو ماڵەکەی (بوئارنێ) بۆ شیڤ خواردن دەڕۆیشت مەیلی ژن هێنانی نەبوو، چونکە دۆستێکی گەنجی وەکو سۆزانی هەبوو، پێی وابوو سۆزان بۆ ئەم کافییەو پێویستی بەژنهێنان نییە، بەڵام کاتێ کە چووە ماڵەکەی (بوئارنێ) نازو جوانییەکەی ئەوی بینی، خۆی لە شوێنێکی ئەشرافیدا بینی سۆزانی لەبەر چاودا چکۆڵە بووەوە.

ناپلیۆن بوناپارت تا ئەوکاتە لەگەڵ هیچ ژنێکی گەنجی جوانی چینی ئەشرافدا پەیوەندی نەبوو، ئەو ژنانەی ناپلیۆن تا ئەوکاتە بینیبوونی یا لە چەشنی ژنانی قەحپە بوون یا ژنانی کرێکاری وەک سۆزان، کاتێ کە ناپلیۆن خۆی لە ماڵەکەی بوئارنێ و لە تەنیشتی ئەو ژنە شۆخەدا بینییەوە، بۆنی عەترە گرانقیمەتەکانی و جۆری قسانی ئەو ژنە وای لێ کرد باوەڕ بەوە بێنێ کە تا ئەو شەوە ژنێکی واقیعی نەبینیوە.

قۆزی و گەنجی ناپلیۆن کاریگەری بەسەر خانم بوئارنێوە هەبوو، بەتایبەتی کە زانی ئەم گەنجە فەرماندەی سوپای ناوخۆی فەرەنسایە.

لەو دەعوەتەدا جگە لە باراس و ناپلیۆن و خانمی خانەخۆی و (فرەرون) کەسێکی دی لێنەبوو باراس دەیتوانی بەئیشارەتێ فرەرون وا لێ بکات و بیانوویەکی بۆ بدۆزێتەوە ئەو مەجلیسە چۆڵ بکات تا بوئارنێ و ناپلیۆن بە تەنها جێ بێڵن، بەڵام ترسی ئەوەی هەبوو کە خانم (بوئارنێ) هیچ باوەڕێکی بەئوسوڵی ئەخلاقی نەبوو، کارێکی ئاوها بکات ناپلیۆن تێی بگات (ئەمە چ جۆرە ژنێکە) ئیدی مەوزووعی زەواج لە بەیندا نەمێنێ، ئەوەبوو تا کۆتایی دەعوەتەکە مایەوە لەگەڵ ناپلیۆن و فرەرون بەیەکەوە لە ماڵەکەی بوئارنێ چوونە دەرێ..

پاش ئەوەی کە سواری گالیسکە بوون، باراس لە ناپلیۆنی پرسی:

– سەرنجت بەرانبەر ئەم خانمە چییە؟

ناپلیۆن گوتی:

– خانم بوئارنێ چاکترین کەسە بۆ دۆستایەتی کە من تا ئەمڕۆ بینیبێتم.

باراس گوتی:

– مەیلی ئەوەت هەیە لەگەڵیا هاوسەرگیری بکەیت؟

ناپلیۆن گوتی:

ئەگەر ئەو من پەسەند بکات ئەوا بەتەواوی مەیلەوە حەز بە هاوسەرگیری دەکەم!

باراس نەیدەویست بەخانم (بوئارنێ) بڵێ کە شوو بە ناپلیۆن بکات، چونکە ئەم قسەیەی بکردبا خانم (بوئارنێ) تێدەگەیشت کە باراس دەیەوێ دەسبەرداری بێت. دەبا باراس بەجۆرێ ڕەفتار بکات بوئارنێ تێی بگات کە شووکردنی بە ناپلیۆن نابێتە مایەی ناڕازیبوونی..

دوو ڕۆژ بەسەر ئەو دەعوەتەدا تێپەڕی، ناپلیۆن هیچ هەواڵێکی بوئارنێی نەبیست، بەڵام خودی بوئارنێ گەنجی و قۆزی ناپلیۆنی پەسەند کردبوو، بەرێیەکی زیرەکانە خۆی خستەوە یادی ئەو گەنجە.. بەم شێوەیە بوو:

فەرماندەی سوپای ناوخۆ یانی (ناپلیۆن) فەرمانی دابوو، هەموو دانیشتوانی پاریس (جگە لە سەربازەکان) دەبێ چەکە گەرم و ساردەکانیان تەسلیم بکەن مەئمورەکانی سەربازی ماڵ بەماڵ دەگەڕان و دەستیان بەسەر چەکی ساردو گەرما دەگرت.. دوو ڕۆژ پاش ئەو دەعوەتە، ناپلیۆنیان ئاگادار کردەوە، مناڵێ لەلایەن خانم بوئارنێی، بێوەژنی ژەنەراڵ بوئارنێ هاتووە دەیەوێ چاوی بە ناپلیۆن بکەوێ.. دڵی ناپلیۆن بەپەلە کەوتە لێدان و گوتی: بڵێن دەسبەجێ با بێت.

پاش چەند دەقیقەیێک مناڵێکی یانزە ساڵە جل و بەرگێکی پاک و مورەتەبی پۆشیبوو، چووە ژوورەکەی ناپلیۆن بەناوی (ئۆژن) کوڕی ژەنەراڵ بوئارنێی کۆچکردوو خۆی ناساند.

ناپلیۆن پرسیاری لێ کرد: تۆ کوڕی خانم بوئارنێی؟

ئۆژن گوتی: بەڵێ

ناپلیۆن پرسی: چ کارێکت بە من هەیە؟

(ئۆژن) گوتی:

مەئمورە سەربازەکان هاتنە ماڵی ئێمە شمشێرەکەی باوکم ژەنەراڵ (بوئارنێ)– کە گرانبەهاترین یادگاریی باوکمە، بردیان من بەناوی شەرەفی سەربازییەوە کە





ئێوەیش سەربازێکی دلێرو نیشتمان پەرستن داواتان لێ دەکەم فەرمان بدەن شمشێرەکەی باوکم بگەڕێننەوەو ئەم یادگارە گرانبەهایە لە دەستی ئێمە دەرنەچێت.

جۆری قسەکانی (ئۆژن) وادەردەکەوت ئەوەی کە پێویستە بیڵێت ئەزبەری کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا ناپلیۆن گەلێ موتەئەسیر بوو، ئەمری دەرکرد شمشێرەکە بگەڕێننەوەو تەسلیمی، ئەو کوڕەی بکەن، کاتێ کە شمشێرەکەی ژەنەراڵ بوئارنێیان هاوردو دایانە دەستی کوڕەکە، ئەو شمشێرەکەی باوکی ماچ کرد و گوتی: من لەلایەن دایکم و خۆمەوە، گەلێ سوپاستان دەکەم.

ناپلیۆن گوتی:

من تکا لەئێوە دەکەم، کە سەلامم بگەیێنن بە دایکتان پێی بڵێن کە ئاگادار نەبووم کە شمشێری باوکی مەرحومتان، لێ وەرگیراوە، گەر نا من خۆم ئەو شمشێرە بۆ ماڵەکەتان دەهێنمەوە تا بەختەوەری دیدەنی خانم بوئارنێشم بەرکەوێ.

مەسئەلەی شمشێرەکە دەسکەلایێک بوو بۆ خانم بوئارنێ کە بەناوی سوپاسگوزارییەوە تا سەردانی ئەفسەرە گەنج و قۆزەکە بکات و مەمنونی خۆی بۆ بخاتە ڕوو.

ڕۆژی پاشتر بوئارنێ چووە ئۆفیسی ناپلیۆن و گەلێ سوپاسی کرد،

کاتی خواحافیزی، ناپلیۆن گوتی:

ئارەزوو دەکەم هەمیشە ئێوە ببینم،

بوئارنێ گوتی:

من دڵنیاتان دەکەم بەدیداری ئێوە گەلێ شاد دەبم، دەرگای ماڵەکەشم شەو و ڕۆژ لەڕووی ئێوەدا والایە، هەر سەعاتێ شەو بێ یا ڕۆژ، ئێوە تەشریف بهێنن من ئامادەم پێشوازیتان لێ بکەم.

بەجۆرێ ناپلیۆن لەژێر کاریگەری جوانی و کریشمەی خانم بوئارنێ بوو، ئاگای لەوە نەما، ژنێ شەریف بێ بەم شێوەیە قسان ناکات و ناڵێ دەرگای من شەو و ڕۆژ لە ڕووی ئێوەدا والایە.

پاش ڕۆیشتنی بوئارنێ، ناپلیۆن هەند بەزەوق بوو خۆی پێ نەگیرا، یەکسەر بەرەو

ئۆفیسی باراس–ی سەرۆکی مەجلیس چوو، ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە بوئارنێ هاتووەتە دیدەنیی. باراس گەلێ کەیفخۆش بوو، تێگەیشت بوئارنێ کەوتووەتە ژێر کاریگەری گەنجی و قۆزییەکەی ناپلیۆن، لەوەش حاڵی بوو ئەگەر بوئارنێ بەم دیدەنییە خۆشحاڵ نەبا، ئەوا نەدەچوو بۆ لای. باراس لە مەسەلەی گەڕاندنەوەی شمشێرەکە، ئەوە حاڵی بوو کە بیانوویەکە تا بتوانێ بەناوی سوپاسگوزارییەوە کە ناپلیۆن هاریکاری کردووە، بچێتە دیدەنی.

باراس گوتی:

دۆستی گەنج و ئازیز، ئەوەی کە باست کرد، ئەوە دەردەخات کە خانم بوئارنێش تۆی گەرەکە، وەک هاوسەرێکی موناسیب، گەرنا، بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ نەدەکردی، فرسەت لەدەست مەدە ئەم خانمە جوان و دڵڕفێن و دەوڵەمەندە بخوازە.

ناپلیۆن بیری لە سۆزان دەکردەوە، ئیمپراتۆری ئایندەی فەرەنسا دەیزانی ئەگەر بوئارنێ بخوازێ، ئەوا دڵی سۆزان دەشکێ.

باراس پرسی:

بۆچی خەیاڵت پەرتە؟

ناپلیۆن نەیویست باسی سۆزان بکات، گوتی من بیر لەوە دەکەمەوە کە من ئەفسەرێکی بێ سامانم، چۆن کەسێکی وەکو من دەتوانێ ژنێکی ساماندار وەک خانم بوئارنێ بخوازێ؟

باراس گوتی:

کاتێ کە ئەو خۆی حەزی بەوە بێت زەواج لەگەڵ ئێوەدا بکات، ئیدی بۆ خەیاڵت پەرت دەکەی؟

ناپلیۆن گوتی: ئەو هێشتا نازانێ من بێ سامانم وا تەسەور دەکات کە فەرماندەی سوپای ناوخۆ بەئەندازەی پلەوپایەکەی سامانی هەیە.

باراس گوتی: خانم بوئارنێ ژنێکی هۆشیارە، تەقریبەن دڵنیام کە دەزانێ ئێوە سامانتان نییە، لەگەڵ ئەمەشدا لەم ڕووەوە قسەی لەگەڵ دەکەم بەو مەرجەی تۆ داواکاریی بکەیت تا منیش لەم ڕێیەوە بتوانم قسانی لەگەڵدا بکەم.





ناپلیۆن بوناپارت پاش ڕاوێژ بە باراس نامەیێکی بەم ناوەڕۆکە بۆ خانم بوئارنێ نووسی:

"خۆشەویستی گەلێ هێژا، لەو شەوەی کە ئێوەم بینیوە، ئارەزوو دەکەم کە ژیانی هاوبەشمان لە نێواندا هەبێ، ئایا دەتوانم مژدە بە خۆم بدەم کە تۆ دەبیتە هاوسەری ئازیزی من و منیش بە مێرد قەبوڵ دەکەیت؟"

لە کۆتایی ئەم نامە کورتەدا ئەم چەند کەلیمەیشی نووسی:

لەبەرئەوەی لە ڕێی باراسی هاووڵاتیمان من و تۆ ئاشنای یەکدی بووین، بۆیە ئەم نامەیە بەو دەسپێرم تا پێشکەشی ئێوەی بکات.

باراس بە نامەی خوازبێنییەوە بەرەو ماڵەکەی بوئارنێ ڕۆیشت، نامە داخراوەکەی پێشکەش بەو ژنە کرد.

بوئارنێ نامەی کردەوە و خوێندییەوە، سەری بەرز کردەوە لە باراسی پرسی ئایە تۆ لە ناوەڕۆکی ئەم نامەیە دەزانی؟

باراس گوتی: ناپلیۆن بوناپارت بە منی گوت کە عاشقی تۆ بووە دەیەوێ داخوازی تۆ بکات، تکای لە من کرد ئەم نامەی خوازبێنییە بگەیێنمە ئێوە.

بوئارنێ پرسی: ئایە تۆ لەم داخوازییەی ناپلیۆن قەڵس نەبوویت؟

باراس گوتی: دۆستی ئازیز، من هەمیشە خوازیاری بەختەوەری ئێوەم، مەیلم وایە کە ببیتە خاوەن سامان، من و تۆ ئەگەر پەنجا ساڵی دیش بەیەکەوە بژێین ناتوانین پەیوەندی قانونی و ڕەسمی پەیداکەین، بۆیە تۆ هەمیشە بێ سەرپەرشت دەمێنیتەوە، لەمەڕ گەنجیی و شۆخیشەوە کە ئەمانە قابل بە گەڕانەوە نین، ژن تا گەنج و جوانە، دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە سامان پەیداکات، ئەو ڕۆژەی کە گەنجی و جوانی لە دەست دەدات، هیچ کەس ئەوی ناوێت. لەبەرئەوەی من دۆستی واقعی تۆم و بەختەوەری تۆم دەوێ، قایلم بەم زەواجەتان ناپلیۆن بۆ تۆ دەبێتە مێردێکی موناسیب و بەوەفا، چونکە گەنجێکی شەریف و خوێنگەرمە، لە هەمان کاتدا چاو و گوێ بەستراوە، ئەم گەنجە ئەمڕۆ فەرماندەی سوپای ناوخۆی فەرەنسایە، بێ دوودڵی ئایندەی گەشی لەپێشدایە هەموو ئارەزووەکانی تۆ وەدی دەهێنێ، من لەبەرئەوەی بەختەوەریی تۆم دەوێ کەنارگیر دەبم جێی خۆم بە ناپلیۆن دەسپێرم.

خانم بوئارنێ بۆ سوپاسگوزاری باراسی لە ئامێز گرت و پێی گوت:

گەلێ چاکە بە خوازبێنیکەرەکەی من بڵێ من قایلم بەم زەواجە،

باراس گوتی: ئەو بە نووسین خوازبێنی تۆی کردووە، تۆیش دەبێ بە نووسین وەڵامی بدەیتەوە.

خانم بوئارنێ نامەیێکی کورتی بە خەتی خۆی نووسی، وەڵامی (بەڵێ)ی بۆ تکاکەی ناپلیۆن دایەوە، هەر لە ناواخنی نامەکە داوای لە ناپلیۆن کرد بۆ فراڤین خواردنی ڕۆژی پاشتر بێتە ماڵەکەی.

باراس، نامەکەی خانم بوئارنێی بردە لای ناپلیۆن، بەجۆرێ بوناپارت خۆشوەقت بوو، ڕوخساری سوور هەڵگەڕا، لەو کاتەدا کەسێکی کە بەهیچ جۆرێ لە خەیاڵیدا نەبوو، سۆزان بوو. ڕۆژی پاشتر بۆ فراڤین خواردن لە کاتی دیاریکراودا بەرەو ماڵەکەی بوئارنێ ڕۆیشت، کاتی فراڤین خواردن جگە لە ناپلیۆن و بوئارنێ کەسێکی دی لەسەر مێزەکەدا نەبوو، خانم فەرمانی بە خزمەتکارەکان دابوو یەک جار تەواوی خۆراکەکان بهێنن تا جارێکی دی نەیێنە ژوورەکەوە.

پاش فراڤین خواردن، خانم بوئارنێ، ناپلیۆنی بەرەو ژوورێکی تەنیشت بردو گوتی:

مێردی ئازیزی ئایندەم، ئێمە پاش ئەوەی بووینە ژن و مێرد ئا لەم ژوورەدا دەخەوین.

باراس بە خانم بوئارنێی گوتبوو ناپلیۆن لەمەڕ ژنانەوە چاو و گوێی بەستراوە بەڕاستی لەو دەمەدا ئاوها بوو، چونکە ناپلیۆن گەر گەنجێکی چاو و گوێی بەستراو نەبا، ئامادە نەدەبوو بەم پەلەکردنە لەگەڵ ئەو ژنەدا زەواج بکات، ئەگەر وا نەبا ئاگای لەوە دەبوو کە ئەم ژنە ژنێکی شەریف نییە، بەڵام لەبەر چاو و گوێ بەستراوی بوو لەگەڵ هەمان ژندا زەواجی کرد.

سۆزانی دۆستی پێشووی ناپلیۆن، لەگەڵ بوئارنێدا جیاوازییەکی زۆری هەبوو ناپلیۆن لەپاڵ بوئارنێدا لەززەتی زۆری وەردەگرت کە سۆزان نەیدەتوانی ئەو لەززەتەی پێ ببەخشێ، سۆزان نە سامانی خانم بوئارنێی هەبوو نە دڵڕوباییەکەی، هەرکاتێ ناپلیۆن بۆ ماڵی دەزگیرانەکەی دەچوو وەک عاشقێکی واقعی بوو کە بۆ دیداری مەعشووقەکەی بڕوات.







ماوەی (ختوبە)ی ناپلیۆن و ژۆزفین درێژەی کێشا، لە هەمان ڕۆژی خوازبێنی ناوی ژوزفین–ی لە دەزگیرانەکەی خۆی نا، ئەم ناوە بووە ناوی ڕەسمی مەلیکەی ئایندەی فەرەنسا.

ناپلیۆن لە گواستنەوەی ژوزفیندا پەلەی نەبوو، چونکە ئەوەی کە پیاوان ناچار دەکات بۆ زەواج پەلە بکەن، دیداری هاوسەری ئایندەیانە، ئەم دیدارەش بۆ ناپلیۆن مەیسەر ببوو.

لە ساڵی ١٧٩٦ ز. ناپلیۆن بۆناپارت بووە فەرماندەی ئەو سوپایەی کە لە وڵاتی فەرەنساوە بچێت بۆ ئیتالیا، ژوزفین هەرکە ئەم هەواڵەی بیست بەناپلیۆنی گوت: ئێستا مارەم ببڕە.

ناپلیۆن گوتی:

ئایە وەزعی ئێستای ئێمە لە ژن و مێردی ڕەسمی چاکتر نییە؟

ژوزفین گوتی: نەء.. تۆ ئێستا دەتەوێ بۆ جەنگ بەرەو ئیتالیا بڕۆیت، ئەگەر لەوێدا بکوژرێیت، کەسێ خانەنشینی بێوەژنانی کوژراوانی جەنگ بە من نادات، بەڵام ژن و مێردی قانونی بین، پاش کوژرانی تۆ، لە خانەنشینی ئیستیفادە دەکەم!

ناپلیۆن پۆناپارت وەک نووسینی ئەو کەسانەی لەگەڵیا ژیانیان گوزەراندووە پیاوێکی (ریالیست) بوو، یانی واقیع بین بوو، لە واقیع بینی ژوزفین نەڕەنجا، بۆ ئەو زەواجە ئامادەیی خۆی دەربڕی.

ورەی ژەنەراڵ بوناپارت بەجۆرێ بوو پاش ئەوەی زەواجی لەگەڵ ژوزفیندا کرد تێگەیشت کە ژنەکەی سەرگەرمییەکانی پێشووی تەرک نەکردووە، بڕیاری دا بۆ پێشکەوتنی مەبەستەکانی خۆی سوود لەو ژنە وەرگرێ!

ئێمە دەزانین ئەم گوتەیە بۆ هەندێ لە مێژوونووسان کە ناپلیۆنیان گەیاندبووە ئاستی خودایی، گەلێ گران دەکەوێتەوە، بەڵام نەسی سەریحی تاریخ ئەمەیە کە ناپلیۆن بۆناپارت پاش زەواجی لەگەڵ ژوزفیندا، ڕێی بۆ خۆش دەکرد بچێتە لای هەندێ پیاوان تا بەپەلەتر بە مەبەستەکانی بگات، ئیمپراتۆری ناپلیۆن تەنها بە (جەهیزەی) ژوزفین کۆڵەکەکانی دانەمەزرا، بەڵکو دۆستی ئەو ژنە لەگەڵ پیاوانی بەدەسەڵاتدا بناغەی بۆ بەئیمپراتۆر بوونی بۆ داڕشت بەشێوەیێکی گشتی ئەوەی بە

(غیرە) ناودەبرێ، لەلای ناپلیۆندا نەبوو، پاش ئەوەی کە بووە ئیمپراتۆرو گەیشتە دەسەڵاتی موتڵەق، ئیدی پێویستی بە کۆمەکی کەسانی دی نەما تا لە وجودی ژوزفین سوودی تایبەت وەرگرێ، بەڵام دەیزانی ژنەکەی هەمان سەرگەرمی جارانی هەیە، بەڵام هەرگیز ڕووترشی بەرانبەر نەنواند، ڕۆژێکیش کە ژوزفین–ی تەڵاق دا، لەبەرئەوە بوو کە ژوزفین نەزۆک بوو..

ژوزفین وای لە دەزگیرانەکەی خۆی کرد، کە دەیویست بەرەو ئیتالیا بڕوات زەواجی لەگەڵ بکات.

لە شەوی نۆهەمی مانگی مارسی ساڵی ١٧٩٦ ز شەش کەس، لە هۆڵی عیمارەیێک لە شەقامی (ئانتن) لە پاریسدا کۆبوونەوە بۆ زەواجەکەی ناپلیۆن و ژوزفین، ئەو هۆڵە ئەمڕۆ لە هەمان عیمارە بە هەمان شەکل ماوەتەوە، ئێستا ئۆفیسی مودیری بانکی (پاریس و هۆڵەندا) یە.

ئەو شەش کەسە پێکهاتبوون: لە ژوزفین (بووک) باراس. کۆلن لاکۆمپ یاریدەدەری باراس ئەم دوو کەسە شاهیدی عەقدەکە بوون دەبا لە دەفتەری زەواجدا ئیمزا بکەن، سێ کەسی دیش لە کارمەندە ڕەسمییەکان بوون.

لە دەرێدا باران دەباری، ناپلیۆن دواکەوت، ئامادەبووان لەبەر باراس و یاریدەدەرەکەی نەیانتوانی ئیعتراز بگرن چونکە باراس لەو کاتەدا پلەی وەک سەرکۆمار وابوو بەرپرسانی سجلی زەواج بۆئەوەی کارەکانیان پێشخەن ناوی ژن و مێردیان لە سجلەکەدا نووسی، بەڵام بەپێچەوانەی واقیع..

لە سجلە ڕەسمییەکەدا تەمەنی بووکیان سێ ساڵ کەمتر لە تەمەنی حەقیقی خۆی نووسی یانی بەرپرسانی سجلەکە خیانەتیان کرد، لەمەڕ زاوایشەوە خیانەتیان کرد، تەمەنی ناپلیۆنیان سی ساڵ زیاتر نووسی بۆئەوەی لەگەڵ تەمەنی بووکەکەدا تەقریبەن موتەناسیب بێت.

هیچ بەرپرسێکی سجلی زەواج ئەم جۆرە خیانەتە ناکات، بەڵام لەسەر داوای ناپلیۆن و ئامادەبوونی باراس بەرپرسی سجلی ڕەسمی ئەم ئوسوڵەیان خستە ژێر پێ.. ناپلیۆن گەلێ دواکەوت، بەرپرسی سجلەکە خەوی لێکەوت، بەهۆی دەنگێکەوە خەبەری بووەوە، داوای لێبووردنی لە باراس کرد، ژۆزفین پرتەوبۆڵەی دەکردو





دەیگوت: نازانم بۆ ئەوەندە دواکەوت..

باراس داوای تەحەمولی لێ دەکردو دەیگوت: مێردی ئێوە لەم ڕۆژانەدا گەلێ کاری هەیە دەبێ تەواوی کەرەسەی سوپا بۆ حەرەکەت ئامادە بکات.

نزیک سەعات یانزە گالیسکەیێک لە شەقامەکەدا وەستا، دەرگای گالیسکەکە کرایەوەو داخرا پاشان دەنگی هەنگاوە بەپەلەکانی ناپلیۆن کە بە پێپلیکانەکاندا دەچووە سەرێ دەبیسترا، ناپلیۆن تا دوا تەمەنی ژیانی هەنگاوی بەرینی هەڵدەهێنا، لە کاتی ڕۆیشتنا تەقریبەن ڕایدەکرد، تەنانەت پلەی بەرزی ئیمپراتۆری فەرەنسا و ئەوروپا نەیتوانی ویقار و سەنگینی بۆ وەدەست بهێنێ، کاتێ ویستبای لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی دی بچێت بازی دەدا، بەهەمان پەلەکردن قسەی دەکردو بەپەلەیش خۆراکی دەخوارد، تەنانەت کە بووە ئیمپراتۆر ئێسقانی پەلەوەرە برژاوەکانی هەڵدەدایە ژوورەکە، پزیشکان باوەڕیان وابوو ناپلیۆن تووشی سەرەتانی گەدە دەبێ، هەر بەم نەخۆشییەش سەری نایەوە، بەجۆرێکی ئەوتۆی پەلە خۆراکی دەخوارد فرسەتی جاوینی نەبوو، خۆراکی نەجاوراو گەدە لە کار دەخات..

کاتێ ناپلیۆن گەیشتە ژوورەکە، لەبەرئەوەی بەپەلە لە پێپلیکانەکانەوە سەرکەوتبوو تەنگەنەفەس ببوو.. گوتی: زوو.. زووکەن.. مارەمان ببڕن.. کاتم نییە و دەبێ بڕۆم!

کاتێ کە ژن و مێردێ بەر لە ئەنجامگەیاندنی مەراسیمی زەواج تا لەززەت لە ژن و مێردایەتی بچێژن چاوەڕێی شەوی بووکێنی دەکەن، ناپلیۆن مەبەستی نەبوو پاش مارەبڕینەکەی لەگەڵ ژوزفین، بچنە ژووری بووکێنییەوە، بەڵام ژوزفین پێی وابوو ڕەسم و عادەتی ژن و مێردایەتی ئەوە دەخوازێ پاش مارەبڕین بچیینە نێو نوێنەوە، ئەگەرچی لەززەتەکانی شەوی زاوایەتی بۆ ئەوان شتێکی تازە نەبوو.

کاتێ ناپلیۆن چووە ژووری نوستنەوە سەیری کرد پەردەو قەنەفەکان ئەرخەوانی بوون و گۆڕاون و ڕەنگیان شینە، پۆشاکی خەوی ژۆزفینیش ئەو شەوە لە ڕەنگی قەنەفە و پەردەکان بوو، ناپلیۆن هەستی کرد کە بۆ یەکەم جارە دەچێتە ئەو ژوورە وایشی هەست کرد کە بۆ یەکەم جارە ژوزفینیش دەبینێ، کاتێ بەرەو سیسەمەکە ڕۆیشت سەگەکەی ژوزفین کە ناوی (فورتونە)یە لەسەریا خەوتووە.

ناپلیۆن کە سەگەکەی بینی بێزار بوو گوتی: ئەم سەگە لێرە دوور خەرەوە، بەڵام

ژوزفین بۆ بەرگری لە سەگەکە هەڵسا بە نەرمییەوە گوتی: سەیرکە فورتونە چەند بێ ئازارو میهرەبانە و بە موحیبەتەوە سەیرت دەکات!

تا ئەو شەوە ناپلیۆن سەگەکەی ژوزفینی لە ژووری نووستندا نەبینیبوو، ژۆزفین بەرگری لەو حەیوانە دەکرد، ناپلیۆن ڕازی بوو سەگەکە لە ژوورەکەدا بمێنێ، هێشتا سەعاتێ تێنەپەڕیبوو لەپڕ ناپلیۆن هاواری کرد ژوزفین بە ترس و سەرسوڕمانەوە پرسی: ئەوە چ بووە؟

ناپلیۆن هەڵسا و بە هەردوو دەست پێی خۆی گرتبوو، دەرکەوت سەگەکە گازی لە پێی ناپلیۆن گرتبوو. ئەم ڕوداوە جەوی شەوی بووکێنی تێکدا، ژوزفین ناچاربوو لە ژووری نوستنەوە هەڵسێ بەرەو مەتبەخ بچێ لەو درەنگە شەوەدا زەیزەفون بکوڵێنێ لەسەر برینەکەی دانێ (برینەکەی پێ بشوات)..

ناپلیۆن لەوە دەترسا کە سەگەکەی ژوزفین هار بێ، تووشی نەخۆشی هاریی بکات، بەڵام ژوزفین دڵنیای کردەوە کە سەگەکە هار نییە.

خودی ناپلیۆن لە دوورگەی سانت هیلانە ئەم مەوزووعەی بۆ هاوڕێکانی باس کرد و گوتی: لە شەوی زاوایەتیدا لەگەڵ ژوزفین یەک دوژمنێکی ترسناکم هەبوو، ئەویش سەگەکەی ژوزفین بوو، گازی لێ گرتم تا چەند ڕۆژێ قاچم بریندار بوو..

لەو شتانەی دیش کە ناپلیۆن لە دوورگەی سانت هیلانە بۆ هاوڕێکانی باس کردبوو ئەمە بوو: ئەو ژنانەی لە سەردەمی گەنجییەوە تا ئەم کاتە دۆستایەتییان لەگەڵدا کردووە هیچ ژنێ هەندی ژوزفین هێزی دڵڕفێنیان نەبووە..

ئەم مەوزووعەیش لە نامەکانی ناپلیۆن دەردەکەوێ کە لە ئیتالیاوە بۆ ژوزفینی دەنووسی، کۆی ئەو نامانە لە کتێبخانەی میللی پاریس وەک دیکۆمێنت پارێزراوە.. دوو ڕۆژ پاش مەراسیمی مارەبڕینەکە ناپلیۆن سەرکردایەتی سوپایەکی دەکرد، بەرەو ئیتالیا دەڕۆیشت، هێشتا لە فەرەنسا نەچووبووە دەرێ، بیری لە خۆشەویستی ژوزفین دەکردەوە، لە نامەکانی یەکەمەوە لە فەرەنسا و پاشان لە ئیتالیا کە بۆ ژوزفینی دەنووسی: ئەم ڕستەی تیادابوو، (من دەتپەرستم).

پیاوێک کە ئەم نامانەی دەنووسی _ نامەکان وەک دیکۆمێنتێکی مێژوویی پارێزراوە– ئا لەو کاتەدا فەرمانده‌ی سوپایێک بوو نەک قوتابییێکی قوتابخانە کە بۆ





یەکەم جار ئاشنایەتی لەگەڵ ژنێک پەیدابکات مومکین بێت سەری لێ تێکچێ و خۆی گوم کات، ئا لەو کاتەدا ناپلیۆن فەرماندەی سوپایێکی سی و هەشت هەزار سەرباز بوو، لەمەڕ عەشقەوە وەک گەنجێکی حەڤدە هەژدە ساڵی بوو کە بۆ یەکەم جار خۆی بەرانبەر بە ژنێک ببینێ.

شەوان کە سەربازەکان دەوەستان و ئۆردوگایان دروست دەکرد، ئاگریان دەکردەوە، ناپلیۆن لەسەر چوارپایەکەی دادەنیشت مژولی نووسین دەبوو، ئەو سەربازانەی کە لە دوورەوە دەیانبینی وایان تەسەور دەکرد فەرماندە گەنجەکەیان مژولی نەخشەکێشانی مەیدانی جەنگە، نەیاندەزانی لەو کاتەدا جگە لە بەژن و باڵای ژوزفین چ شتێکی دیی لە خەیاڵدا نەبوو، ئەوەی کە دەینووسی ناوەرۆکی عاشقانە بوو هەندێ جاریش دوور لە نەزاکەت شتی بۆ هاوسەرەکەی دەنووسی.

کاتێ ناپلیۆن گەیشتە ئیتالیا، جەنگ لە نێوان سوپای فەرەنسا _ کە خۆی فەرماندەی ئەو سوپایە بوو– لەگەڵ سوپای نەمسا (کە باکوری ئیتالیایان داگیر کردبوو) دەستی پێکرد.

بەهۆی دەستپێکردنی جەنگەوە، تەواوی ئەو نامانەی کە لە ئیتالیاوە بۆ فەرەنسا یا لە فەرەنساوە بۆ ئیتالیا دەنێردران دەکەوتنە بەردەستی مەئمورەکانی سانسۆر نامەکانیان دەخوێندەوە پاشان بۆ شوێنی مەبەست دەیانناردن، ئەو ڕۆژەی نامەی ناپلیۆن بۆ ژۆزفینیان دەسکەوتبا مەئمورەکانی سانسۆر ڕۆژی خۆیان بوو هەموویان لە ژوورێکدا کۆدەبوونەوە یەکێکیان بەدەنگی بەرز نامەکانی دەخوێندەوە ئەوانی دیش قاقا پێدەکەنین، گاڵتەیان بە فەرماندەی سوپای فەرەنسا دەکرد.

تەنها شتێ لە قیمەتی ئەو نامانە کەم دەکاتەوە، سادەیی نامەکان بوو ئەوە نیشان دەدات لەو سەردەمەدا ڕۆح و تەبیعەتی سەرداری فەرەنسا ئەوەندە سادە بوو، لەدڵیدا جگە لە یەک عەشق ئەویش تەنها بۆ ژوزفین، چ شتێکی دی جێی نەدەبووەوە نەیدەتوانی لە غەیری ژوزفین کەسێکی دیی خۆش بووێت ئەمە لە کاتێکدا لە ئیتالیا ژنی گەنج و جوان کەم نەبوون، هەندێ لەو ژنانە گەنجی و قۆزی ناپلیۆنیان لا پەسەند بوو، ئامادەبوون ببنە دۆستی..

***

پێش ئەوەی ناپلیۆن بگاتە ئیتالیا لە ناوچەی (شان سو) لە فەرەنسا نامەیەکیان دایە دەستی، نامەکە هی سۆزان بوو، کاتێ ئەو نامەیەی بۆ سوزان نووسیبوو پاش خوێندنەوەی نامەکە تێگەیشت کە کەم خوێنەواری سۆزان ڕێی ئەوە نادات نامەیێکی ئاوها بنووسێت بەڵام ناوەرۆکی نامەکە هی خودی سۆزان بوو.

ئەو کچە گەنجە لە نامەکەیدا ئەمە نووسرابوو:

"ناپلیۆنی ئازیز، من ئەمڕۆ لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە کە تۆ ژنت هێناوە، ژنەکەیشت یەکێکە لە ئەشرافەکان و دەوڵەمەندە..

تا ئەمڕۆ دڵخۆش بووم بەوەی کە منت خۆشدەوێ، بەڵام لەمە بەدواوە دەزانم ئیدی خۆشەویستی تۆ نیم، چونکە دڵت ئێستا هی ژنێکی ترە، سەرباری جوانی و سامانەکەی ژنی مەشرووعی تۆیە..

تۆ منت فەرامۆش کرد و دڵی خۆت سپاردە ژنێکی دی، بەڵام من تۆ فەرامۆش ناکەم هەرگیزیش مێرد هەڵنابژێرم، چونکە نامەوێ ژنێ کە هی تۆ بوو، دڵ بداتە کەسێکی دی.. خۆش بوو ئەو ڕۆژانەی کە لە ژوورێکی ناچیزو چکۆڵە لە جنوبی فەرەنسا نیشتەجێی ببووم، کاتێ کە تۆ هەندێ جگەری قازت بۆ دەهێنام وەک ئەوەبوو خوانێکت لە بەهەشتەوە بۆ هێنابم.. خۆش بوو ئەو شەوانەی وەک دوو کۆتری بێ گوناه لە تەنیشتی یەکدیدا دادەنیشتین بێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە، تووشی گوناهێک بین..

ئایە ئەو شەوەت دێتەوە یاد کە چەندێ وادەی وەفاداری جاویدت دەدامێ و دەتگوت: تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندایت جگە لە من چ کچێکی دیت خۆش نەوێت؟

بەڵام تۆیش کەوتیتە ژێر ڕکێفی پێداویستییێکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەرکە گەیشتیتە پلەوپایەی بەرز، خۆشەویستەکەی خۆتت فەرامۆش کرد، ئەو پەیمانەی بەوت دابوو لە یادی خۆتت بردەوە..

ئێستا تۆ سەردارێکی مەزنیت، وا بیر دەکەیتەوە کە ناتوانی خۆشەویستێکی وەک منت هەبێ، ژەنەراڵ ناپلیۆن بوناپارت لە کوێ و سۆزانێکی کرێکاری خەیاتی یەکێ لە شارە جنوبەکانی فەرەنسا لە کوێ؟

پاش ئەمانە، من بە یادەوەرییەکانی ڕابوردووەوە زیندووم، هەمیشە بیر لەو شەوانە





دەکەمەوە، کە تۆ تا بەیان لە تەنیشتمەوە بوویت، سەد جار بەزمان گیانی خۆتت دەکردە قوربانم، ئومێدی ئایندەی من لە ژیاندا ئەو یادەوەرییانەیە کە لەگەڵ تۆدا هەمە، بەهەمان ئەو یادەوەرییانەوە ڕوو لە گۆڕ دەکەم"

ئەگەرچی ناپلیۆن سۆزانی بە مەعشووقەی خۆی نەدەزانی، بەڵام دەشێ بەهۆی ئەوەی یەکەم خۆشەوستی بوو، فەرامۆشی نەکرد و هەمیشە لە ڕووی ژیان و گوزەرانەوە ئاسوودەی کردبوو، پاش ئەوەی بووە ڕەئیسی دەوڵەت مووچەیێکی بۆ بڕیبووەوە پاش ئەوەی چووە سەر تەختی ئیمپراتۆری فەرەنسا عیمارەیێکی چاکی بۆ کڕی.

ناپلیۆن شێت ئاسا بۆ دۆستانی خۆی سەرف دەکرد، نابێ ئەوە بگوترێ کۆمەکەکانی بۆ سۆزان (ئیستسنائی) بووە، بەڵام بەتاوانی ئەوەی کچە هەژارە (تاوانێکە بە بۆچوونی هەندێ کەس قابیلی لێبووردن نییە) لەبەر چاو نەکەوت و فەرامۆشی نەکرد ڕۆژێ کە سوزان (ماوەیێک پاش مەرگی ناپلیۆن _ کۆچی دوایی کرد) ژنێکی موحتەرەم و دەوڵەمەند بوو، جەنازەکەیان بەئیحترامەوە بە خاک سپارد.

ناپلیۆن سی و هەشت هەزار سەربازی هەبوو، کەرەسەی جەنگی باشیان پێ نەبوو، نەمساوییەکان لە ئیتالیادا شەست هەزار سەربازی پڕ کەرەسە و تەیاریان هەبوو دەیانویست لە سنووری ئیتالیاوە بچنە نێو خاکی فەرەنساو شاری (لیون) داگیرکەن و پاشانیش پاریس داگیرکەن، ناپلیۆن بە سی و هەشت هەزار سەربازەوە نەیهێشت ئەم مانۆرە جەنگییە بگاتە قۆناغی جێبەجێکردن. نەمساوییەکان دەیانویست لە جادەی (شوسە) کە لەسەر سنووری ئیتالیاو فەرەنسایە بپەڕێنەوەو بچنە نێو خاکی فەرەنسا، ئەگەر ناپلیۆن بەو جادەیەدا تێپەڕیبا ئەوا ڕووبەڕووی شەست هەزار سەربازی تەیاری نەمساوی دەبووەوە ڕەنگە سی و هەشت هەزار سەربازەکە لە ماوەی چەند سەعاتێکدا تەفروتوونابان..

ناپلیۆن بڕیاری دا نەخشەکەی (هانیبال) سەرداری ناسراوی کارتاژی بەئەنجام گەیێنی، نەخشەی هانیبال بۆ سەر ڕۆمەکان بوو، ناپلیۆن بەهەمان نەخشە سوپای نەمسای لە ئیتالیادا غافڵگیر کرد.

هانیبال بۆ غافڵگیرکردنی سوپای ڕۆم، لە ڕێیەکەوە چووە نێو ئیتالیاوە کە

حکومەتی ڕۆم تەسەوری ئەوەی نەدەکرد، ئەویش لە ڕێی چیاکانی ئەلپ ـی باشووری ئیتالیاوە، هانیبال بە هەموو سەرباز و فیلە جەنگییەکانی خۆیەوە (بە ڕیوایەتێک دوو سەد و بە ڕیوایەتێکی دی بیست فیلی جەنگی بوو) لە کێوەکانی ئەلپەوە تێپەڕێ و ناپلیۆن بۆ غافڵگیری نەمساوییەکان هەمان ڕێی گرتەبەر.

هانیبال ئەگەرچی فیلی جەنگی هەبوو، بەڵام تۆپی نەبوو، پەڕینەوەی گالیسکەی تۆپ لەو کێوانە کە جادەیان نەبوو موشکیلەیێکی گەلێ قورس بوو، بەڵام ناپلیۆن زاڵ بووە سەر ئەو موشکیلەیەش، بڕیاری دا دار سنەوبەرەکانی کێوی ئەلپ ببڕنەوە، لوولە تۆپەکان لە گالیسکەکان جیاکەنەوە، بەگوریس بە دار سنەوبەرەکانیان ببەستنەوە، لوولە تۆپەکانیان بەم شێوەیە بەستەوە قەد دارەکان لە سەرووی کێوەکانەوە خلیان کەنەوە بۆ خوارێ، لە شیو و دۆڵەکاندا لوولە تۆپەکان لە نێوان دارەکان جیا کرێنەوەو بیانخەنەوە سەر گالیسکەکان.

ئەگەر بمانەوێ بزانین چۆن ناپلیۆن سوپاکەی خۆی لە کێوی ئەلپەوە پەڕاندەوەو گەیشتە ئیتالیا، ئەوا دەبێ یەک باسی سەربازی بنووسین، پەڕینەوەی سوپای ناپلیۆن لە کێوی ئەلپەوە، مەوزووعی دەرس گوتنەوەی تەواوی دانشگا سەربازییەکانی جیهانە، بەنموونەی داهێنان و سوودوەرگرتن لە مانۆڕی چاوەڕوان نەکراو لە قەڵەم دەدرێت.

ناپلیۆن پاش ئەوەی لە کێوی ئەلپ پەڕییەوە، سوپای نەمسای لە ئیتالیادا غافڵگیر کرد، لە ماوەی پانزە ڕۆژدا شەش جار شکستی بە هێزی نەمسا گەیاند و بیست و یەک ئالای نەمساوییەکانی داگرت، نزیکەی پەنجا ملیۆن فرەنک بە دەستکەوتی جەنگی بۆ فەرەنسا دەستەبەر کرد..

ئەمما لە دووری ژۆزفین گەلێ بێ تاقەت بوو، لەسەریەک نامەی بۆ دەنووسی، تکای لێ دەکرد بێت بۆ ئیتالیا، نامەکان وەک گوتمان دەکەوتنە بەر دەست مەئمورانی سانسۆر و دەبوونە مایەی خۆشگوزەرانییان.

ژۆزفین بۆئەوەی نەڕوات بۆ ئیتالیا بیانووی دادەتاشی، ناپلیۆن ئەوەندە بێ تاقەت بوو (مورا)ی دۆستی لەگەڵ یەکێ لە ژەنەراڵە گەنجەکان، بە مەئموری ناردە فەرەنسا، بۆ ئەوەی ژنەکەی لە پاریسەوە بۆ بگەیێننە ئیتالیا، کاتێ کە مورا گەیستە





پاریس، ژۆزفین لە بری ئەوەی لەگەڵیا بڕوات بۆ ئیتالیا مورای لای خۆی گلدایەوە!

مورایش لە پاریسدا نیشتەجێ بوو، ناپلیۆن تووشی سەرسوڕمان بوو، بۆ مورا چووە ژنەکەی ناپلیۆن بهێنێ، نەگەڕاوەتەوە، بڕیاری دا کە بگەڕێتەوە. ئەو بڕیارە بڕیارێکی سەربازی بوو لە فەرماندەی گشتی سوپای فەرەنسا لە ئیتالیا ناپلیۆن بوناپارتەوە دەرچوو بوو (موراش یەکێ بوو لە ئەفسەرانی ئەو سوپایە).

نەیدەتوانی ملکەچی ئەو بڕیارە نەبێت.. مورا بەرلەوەی لە هاوسەرەکەی ناپلیۆن جیابێتەوە، ڕاوێژی لەگەڵ داکرد کە چ عوزرێ داتاشن بۆئەوەی ئەو ژنە نەهاتووە بۆ ئیتالیا (چونکە ژۆزفین نەیدەویست بچێت بۆ ئیتالیا) گەیشتە ئەو سەرئەنجامەی کە مورا لە ئیتالیا بەناپلیۆن بڵێت هاوسەرەکەی دووگیانە و بێزوو دەکات، هەندێ ناساغە و ناتوانێ ئەم سەفەرە بکات..

مورا گوتی: بۆ تۆ سکت پڕە؟

ژۆزفین گوتی: نەء

مورا گوتی: مێردەکەت تێدەگات کە تۆ درۆت لەگەڵدا کردووە، ئیدی بەتوندی لێت دەڕەنجێ.

ژۆزفین گوتی: کاتێ کە ئەو بمبینێ پێی دەڵێم نەخۆش کەوتم و لەبارم برد..

کاتێ ناپلیۆن لە ئیتالیادا بیستی کە هاوسەرەکەی دووگیانە هەند خۆشحاڵ بوو، خەریک بوو شێت بێت، دەستی دایە قەڵەم و ئەم نامەیەی بۆ ژۆزفین نووسی:

"هەر ئێستا مورا بە منی گوت کە تۆ سکت پڕە، بێزوو دەکەیت و ناتوانی بێی بۆ ئیتاڵیا، من ئەمڕۆ خۆم بە بەختەوەرترین پیاوی دنیا دەزانم، چونکە تۆ لە من دەبیتە خاوەنی منداڵێ، ئارەزوو دەکەم هەرچی زووترە سکە بەرزبووەکەی تۆ ببینم.. نابێ ناساغییەکەت لەوەوە بێ کە کەسێ نەبێ دڵنەواییت پێ ببەخشی، ئەگەر گەلێ تەنهایت من دەتوانم یەکێ لە ئەفسەرەکانی خۆمت بۆ بنێرم(!!) تا تۆ هەست بە تەنهایی نەکەیت..

هێشتا ناپلیۆن ژنەکەی خۆی نەناسیبوو، نەیدەزانی کە ژۆزفین بۆئەوەی هەست بە تەنهایی نەکات پێویستی بە ناوبژیوانی ئەو نییە.

لە مانگی ژوئینی ئەو ساڵەدا ناپلیۆن لە چاوەڕێکردندا ماندوو ببوو نامەیەکی بەم ناوەرۆکە بۆ هاوسەرەکەی نووسی:

"من هەست دەکەم تۆ چیدی منت خۆش ناوی، یا نەخۆش کەوتوویت، ئەگەر منت خۆشویستبا، یا نەخۆش نەبای، نەتدەهێشت من لێرەدا تەنها بم، دەهاتی و منت لە تەنهایی ڕزگار دەکرد، مەگەر نازانی عەشقی تۆ بە جۆرێ لە گیانی مندا ڕیشەی داکوتیوە، لە بێ تۆییدا هەست بە شێتبوون دەکەم؟

مەگەر نازانی وجودی تۆ بۆ بەردەوامی ژیانی من زەروورییە؟ ئەگەر ئەمجارە نەیێیت من دڵنیا دەبم کە تۆ ئیدی منت خۆش ناوی، یا بەجۆرێ نەخۆشی ناتوانی لە جێیەکەی خۆت ببزوێیت..( تۆ ماچ دەکەم)

ئێمە بەشێکی زۆری ئەم نامەیەمان حەزف کردووە، ئینسان تووشی سەرسوڕمان دەبێت کە چۆن یەک سەرداری جەنگ پاش ئەو هەموو سەرکەوتنانەی لە ئیتالیا بەم شێوەیە لە عەشقی ژنی قانونیی _ کە ماوەیێک لەززەتی یەکدییان چەشتبوو، ئاوها بێ تاقەت بێ.

ژوزفین، تەنانەت پاش بەدەست گەیشتنی ئەم نامەیە، پانزە ڕۆژی دیش سەفەرەکەی خۆی بۆ ئیتالیا دواخست، چونکە نەیدەتوانی دەسبەرداری ڕابواردنەکانی خۆی بێ لە پاریس.

نابێ ژوزفین بە ژنێکی ئاسایی بزانین، بەڵکو تووشی جۆرێ لە شێتی بوو ئەو جۆرە شێتییەیش پێی دەگوترێ (شێتی خۆدەرخستن) ئەم شێتییە لایەنی توندوتیژی نییە.

ژوزفین بەهۆی ئەعساب گەرمی و کەم حەوسەڵەیی، هەموو شەو و ڕۆژێ خۆی بە شەکلێ دەخستە ڕوو، تا بتوانێ سەرنجی کەسانی دی بەرەو لای خۆی ڕاکێشی، تەنانەت کاتێ کە مێردەکەی گەیشتە پلەی ئیمپراتۆرێ و خۆیشی بووە ئیمپراتۆریس–ی فەرەنسا نەیدەتوانی ئەو عادەتە تەرک بکات.. لەو کاتەدا نەک تەنها ژنان گۆرەوی درێژیان لە پێ دەکرد، بەڵکو پیاوانیش گۆرەوی درێژیان لە پێ دەکرد، بەڵام ژوزفین تەنانەت لە زستانیشدا گۆرەوی لە پێ نەدەکرد بۆ ئەوەی قاچە جوانەکانی دەرکەوێ.





مۆدێلی تەنوورەی کورتی ژنان لە داهێنانی ژوزفین بوو، تا لە کاتی ڕێڕۆیشتندا بەتایبەتی کاتی دانیشتن زیاترین شوێنی ڕانەکانی دەردەخات و نیشانی بدات، جگە لەوەی ژوزفین داهێنەری تەنوورەی کورت بوو، داهێنەری پانتۆڵی درێژی ژنانەشە، تا ئەو کاتە ژنان لە فەرەنسا پانتۆڵی درێژیان لە پێ نەدەکرد یانی پانتۆڵێ لەگەڵ قەمیسێکدا، پۆشاکێکی ئەسڵی تەشکیل دەکرد، ژوزفین پانتۆڵی درێژی ژنانەی لە فەرەنسادا کردە مۆدێل، بەبێ ئەوەی کراسی درێژ لەسەر پانتۆڵەکە لەبەر کرێت، بەڵکو کراسێکی کورت وەکو قەمیسی پیاوانی بەسەر پانتۆڵەکەوە لەبەر دەکرد.. هاوسەرەکەی ناپلیۆن قوماشی تەنکی هەڵدەبژارد بۆ پانتۆڵ تا ئەندامەکانی لەشی قاڵبگیری بکات و جوانییەکانی بخاتە ڕوو.

ناپلیۆن ئەفسەرێکی خۆی بەناوی (ژونو) ناردە پاریس، تا ژوزفین سواری گالیسکە کات و بیگەیێنێتە ئیتالیا..

ڕۆژی بیست و شەشەمی مانگی ژوئین ژۆزفین بۆ سەفەری ئیتالیا سواری گالیسکە بوو.. لە گالیسکەکە کە هاوسەرەکەی ناپلیۆن سواری ببوو چەند کەسێکی دیشی لێ بوو، ژوزف بوناپارت برای ناپلیۆن، ژونوی ئەفسەری گەنج، کچێ بەناوی (لویز کوم بوان) خزمەتکاری تایبەتی ژوزفین بوو، کچێکی جوان بوو، کەسی چوارەمیش گەنجێ بوو بەناوی (شارل هیپولیت) لە ڕوودا وەک ئاشناو لە مەعنایشدا وەک عاشقێکی ژوزفین بوو. دوو گالیسکەی دیش لە دوایانەوە بوون، خزمەتکارەکانی ژوزفین و جانتاکانی هەڵگرتبوون.

کەسانێ کە سواری گالیسکەی یەکەم ببوون، بەئیستسنای ژوزف بوناپارت وەک ئەوە وابوون بۆ سەفەری مانگی هەنگوین بڕۆن، هەرکە دەگەیشتنە مەنزڵگایێک، ژوزفین و شارل لەلایەک، ژونویی ئەفسەری گەنج و لوێزی خزمەتکاری تایبەتی ژوزفین لەلایەکی دی خەریکی قسەو گەمە دەبوون، تەنها ژوزف بوناپارت بوو کە بە تەنها ئیستراحەتی دەکرد، ڕیعایەتی ڕەسم و نەزاکەت وای لێ کردبوو لەمەڕ ڕەفتارەکانیان هیچ ناڕەزاییێک نەنوێنێ.

ئەو دەمە ناپلیۆن لە شاری میلان–ی ئیتالیا بەبێ حەوسەڵەییەوە چاوەڕێی ژوزفین–ی دەکرد، ئێوارەی ڕۆژی نۆهەمی مانگی ژوئیە سێ گالیسکەی تەپوتۆز لێ

نیشتوو بەرانبەر بە تەلارێ کە ناپلیۆن تیایدا نیشتەجێ ببوو وەستان.

دانیشتوانی شاری میلان–ی ئیتالیا لەوە ئاگاداربوون کە ئەو رۆژە ژنە جوانەکەی ناپلیۆن دەگاتە میلان، نزیکەی دە هەزار کەسی دانیشتووانی شارەکە لە مەیدانێکی بەرانبەر بە تەلارەکە ئامادە ببوون، ئەو رۆژە بۆ وەجێـهێنانی تەشریفات لە گالیسکەی یەکەمدا دوو کەسی تیادا بوو، ژوزفین و براکەی ناپلیۆن، خەڵکەکە دەسبەجێ (ژوزفین)یان ناسییەوە دەستیان بە هاوارکردن کرد، بەجۆرێ هاواریان دەکرد ژوزفین ترسا خۆی گەیاندە پاشەوەی گالیسکەکە، لە ژوزف–ی پرسی: ئەم خەڵکە بۆ هاوار دەکەن.

ژوزف بوناپارت گوتی: خانم خەڵکەکە بەدیداری ئێوە شادمانە، لەبەر خۆشییە وا هاوار دەکەن.

ناپلیۆن لەناو تەلارەکەدا بوو، لە هاواری خەڵکەکەوە تێگەیشت کە ژنەکەی گەیشتووە، بە پەلە ڕای کرد لە تەلارەکە هاتە دەرێ، کاتێ ژوزفینی بینی بەجۆرێ باوەش–ی پیادا کرد، بینەرانی تووشی سەرسوڕمان کرد، پاشان ناپلیۆن و ژوزفین چوونە نێو تەلارەکە، لە گالەری تەلارەکەدا زیاتر لە دوو سەد ژن و پیاوی بەرجەستەی شاری میلان ئامادەییان هەبوو تا هاوسەری سەرداری فەرەنسا ببینن و ئیحتراماتی خۆیانی بۆ تەقدیم کەن.. کاتێ هەنگاویان نایە نێو گەلەرییەکە ناپلیۆن بەئاسپایی بە ژوزفینی گوت: ئەمڕۆ تۆ مەلیکەی ئەوانەش دەربارەکانی تۆن..

ئەو ئیحترامەی دانیشتوانی میلان بۆ ژوزفینیان نواند ئیحترامێ بوو نیسبەت بە مەلیکە بێ، پیاوەکان بەرانبەری کڕنوشیان برد و چەمینەوە، ژنانیش بەرانبەری وەستان و هەردوولای تەنوورەکانیان دەگرت، بە ئەسپایی دائەنەوانەوە. ناپلیۆن بەپەلە بوو مەراسیمی یەکترناسین زوو کۆتایی پێ بێت.

(لویی هاستیێ)ی مێژوونووسی فەرەنسا لە کتێبی (شەرحی حاڵی ژوزفین)دا دەڵێ: هەرکە مەراسیمی یەکترناسینەکە تەواو بوو، ناپلیۆن ئەوەندە بەپەلە بوو دەستی ژوزفینی گرت یەکسەر بەرەو ژووری نوستنی برد.

بەیانی ڕۆژی دووهەم ناپلیۆن بوناپارت سواری ئەسپ بوو و ڕۆیشت. ناپلیۆن پاش ئەوەی ژنەکەی لە میلاندا دانا بۆ ناوچەی (مانتۆ) کە لە ئیتالیادایە کەو تەڕێ تا





جارێکی دیش شکست بە نەمساوییەکان بهێنێ.

(شارل هیپولت) هەستی کرد لەبەر چاوی ژوزفیندا کۆن بووە، تا گەنجانی قۆزی ئیتالی وەستابن ژوزفین ئیهتمامی ناداتێ، شارل بیری لەوە دەکردەوە کەنارگیر بێت، بەڵام بە شێوەیێک سوودێکی پێبگات. ئەو دەمە کەسانێ کە پلەی حیسابداری سوپای فەرەنسایان لە ئیتالیادا هەبوو بەزوویی دەوڵەمەند دەبوون، شارل داوای لە ژوزفین کرد: داوا لە مێردەکەی بکات سەرۆکایەتی حیسابداری سوپای فەرەنسا لە ئیتالیادا بە شارل بسپێردرێت.

ژوزفین دەستبەجێ قەڵەمی گرتە دەست و نامەیێکی بۆ مێردەکەی نووسی داوای ئەوەی لێ کرد کاری سەرۆکایەتی حیسابداری سوپا بە شارل هیپولیت بسپێردرێت.

ناپلیۆن لە وەڵامی هاوسەرەکەیدا نامەیەکی نووسی بە پێشەکییەکی عاشقانە دەستی پێ کردبوو: لە دووری تۆ گەلێ بێ تاقەتم..

داوای لێ کردبوو کە یەک دەقیقە فرسەت لە دەست نەدات خۆی بگەیێنێتە مانتۆ تا چەند ڕۆژێ بەیەکەوە بن و پاشان بگەڕێتەوە بۆ میلان.

لە کۆتایی نامەکەیشدا ئەم ڕستەیەی نووسی: داوای ئەوە دەکەی سەرۆکایەتی حیسابداری سوپا بەو پیاوە بسپێرم، من بیستوومە کە لەمێژە ئەم پیاوە دەناسی، ئەگەر وابێ دەبێ بڵێم: وەی بۆ تۆ ئەی خائین.

ژوزفین ئەم نامەیەی بەدەست گەیشت، جورئەتی نەکرد سووربێ لەسەر داواکەی، بۆئەوەی بەدگومانییەکە لەنێوبەرێ ئامادەی فیداکاری بوو، ڕێی میلان–ی گرتەبەر و خۆی گەیاندە مانتۆ، دەیزانی کاریگەرترین چارەسەر بۆ لەنێوبردنی بەدگومانییەکەی مێردی– کە بۆی بێ تاقەتە– ژووری نوستنەکەیە تا سەراپای لەنێو لەززەتدا غەرق کات..

پاش ئەوەی ژوزفین گەیشتە (مانتۆ) ناپلیۆن دوو شەو و ڕۆژی لەگەڵدا گوزەراند، لەپڕ ئاگاداریان کردەوە کە نەمساوییەکان بە فەرماندەیی ژەنەراڵ (ورمسر) نزیک دەبنەوە، ژوزفین هەرگیز مەیدانی جەنگی نەبینیبوو، گەلێ ترسا و دەستی بە گریان کرد.

ناپلیۆن گوتی: مەترسە، دەسبەجێ بگەڕێوە بۆ میلان، دڵنیات دەکەم مادامێ

ژەنەراڵ (ورمسر)ی نەمساوی چاوانی تۆی پڕ لە فرمێسک کرد، دەبێ سزای خۆی وەرگرێ.

گالیسکەی ژوزفین یان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ میلان، کاتێ کە گالیسکەکە کەوت ەڕێ، ناپلیۆن دەنگی تەقینەوەی تۆپەکانی ژنەوت. (ژنۆ) هاوسەفەری ژوزفین بوو، پاش ئەوەی چەند فەرسەخێ ڕێگایان بڕی، دەرکەوت نەمساوییەکان ڕێگاکانیان گرتووە، (ژنۆ) دەیزانی ئەگەر ژوزفین بکەوێتە دەستی نەمساوییەکان، کارەکەیان گەلێ بەد دەبێ، نەمساوییەکان ئاگایان لە رادەی عەشقی ناپلیۆن بوو بەرانبەر بە هاوسەرەکەی، وەک بارمتەیێک سوودیان لێ وەردەگرت و ناپلیۆنیان ناچار دەکرد سەر بۆ مەرجەکانیان دانەوێنێ. دەسبەرداری گالیسکەی خۆیان بوون، پۆشاکیی لادێییان وەدەست هێنا (ژنۆ) خۆیشی پۆشاکی لادێیانەی پۆشی، عەرەبانەیێکی پڕ لە پووشی وشکەوەبووی پەیداکرد، ئەو دووە بە پۆشاکی لادێیەکانی ئیتالیا لەسەر پووشەکە دانیشتن، ڕێی میلان–یان گرتەبەر.

ژوزفین زمانی ئیتالی نەدەزانی، بەڵام (ژنۆ) ماوەیێک لە ئیتالیا بوو دەیتوانی بەو زمانە قسان بکات، ئەو ڕۆژانەیش وەکو ئەمڕۆ وابوو، فەرەنسییەکان کە دەچوونە ئیتالیا پێویستییان بەوە نەبوو خۆیان فێری زمانی ئیتالی بکەن، چونکە خەڵکی ئیتالیا لەگەڵ زمانی فەرەنسییا ئاشنایەتییەکیان هەبوو، بۆیە کە ژوزفین هاتە ئیتالیا بە زەرووری نەدەزانی فێری ئەو زمانە بێت.

(ژنۆ) بە ژوزفینی گوت: لەمە بەدواوە من وتۆ ژن و مێردێکی لادێیین، تۆ خۆت بکە بە لاڵ، هەرکە نەمساوییەکان ڕووبەڕوومان بوونەوە من وەڵامیان دەدەمەوە، لەبەرئەوەی نەمساوییەکان، خەڵکی ناوچەکە نین، تا لە لەهجەکە تێبگەن کە ئیتالییێکی واقعیم یا نەء.

ژوزفین بەجۆرێ ترسی لێ نیشتبوو، ئەگەر (ژنۆ) پێی نەگوتبا خۆت لاڵ کە، توانای قسەکردنی نەبوو، دووجار بەرانبەر بە نەمساوییەکان تێپەڕین، سەربازانی نەمسا، هەند گرنگییان پێ نەدان، چونکە لە ڕووکەشدا وا دەردەکەوت کە لادێیین، لەو جەنگەدا ئیتالییەکان وەک هاوپەیمانی نەمساوییەکان لە قەڵەم دەدران.

سەربازەکانی نەمسا، لە کاروباری لادێیە ئیتالییەکان دەخالەتیان نەدەکرد، بە





هەمان ئەو عارەبانەیە ئەو دوو کەسە گەیشتنە شاری میلان، هەرکە گەیشتنە ئەوێ شار ڕازابووەوە، ئەویش بەبۆنەی سەرکەوتنی ناپلیۆن بوناپارت بوو بەسەر ژەنەراڵ (ورمسر)ی نەمساوی.

پێشینان گوتوویانە: ئەوەی لە قوماردا بەختی هەبێت لە عەشقدا بەختی نییە، جەنگیش هەمان ئەو بردنەوەو دۆڕاندنەیە، جۆرێکیشە لە قومار، ناپلیۆن لە عەشقدا (یانی عەشقی ژوزفین) بەختی نەبوو، لە جەنگدا بەختی هەبوو پەیاپەی لە ئیتالیادا سەردەکەوت. گەورەترین سەرکەوتنی ناپلیۆن لە ئیتالیا سەرکەوتنی (ئارکول)ە کە دەبێ بە سەرکەوتنی سەرکەوتنەکانی لە ئیتالیا لە قەڵەم بدرێ.. هەر هەمان سەرکەوتن بووە مایەی ئەوەی ناپلیۆن لە ریزبەندی کەسانی ئاساییەوە دەرچێ، توانای سەرووی ئەوەی لێی زانراوە بکەوێتە ڕوو.

پاش سەرکەوتنی ئارکول ناپلیۆن ئەم نامەیەی بۆ ژوزفینی هاوسەری نووسی:

ژوزفینی ئازیزم، من ئارەزوو دەکەم تۆ ببینم، ئەگەر لەجێی ئەم سەرکەوتنە مەزنە نسیبی من بووە، یەک شەو تۆ بە نیسبی من ببی من ڕازیتر دەبووم، چونکە سەرکەوتن لە جەنگ بە ئەندازەی سەرکەوتن لە عەشقدا لەززەتی نییە.

من هەوڵ دەدەم تا بتوانم کارەکانی خۆم زووتر تەواو کەم، لە میلاندا بگەمە تۆ، تەسەور دەکەم پاش پێنج ڕۆژی دی ڕێ بگرمە بەر.

رەنگە تەسەوری ئەوە بکرێ کە ژوزفین پاش ئەوەی ئەم نامە پڕسۆزەی بەدەست گەیشت، خۆی بۆ پێشوازیکردنی ناپلیۆن ئامادە دەکات.. نا وا نەبوو ئەو ژنە دەیزانی پێنج ڕۆژی دی ناپلیۆن دەکەوێتە ڕێ پاش دە ڕۆژیش ئەوجا دەگاتە میلان. لەگەڵ شارل هیپولیت بەرەو شاری (ژنو) چوون.. دەزانین کە ژنو لەبەندەرە گەورەکانی ئیتالیایە، لەو دەمەدا حکومەتێکی موستەقیل بوو.

شاری (ژنو) بە قەسرە جوان و بە شکۆکانی جێی نیشتەجێی بەشێ لە قەدیمترین خانەوادەی ئیتالیایە، ژن و پیاوەکانی ئەو خانەوادانەی بە جوانترین کەسانی ئیتالیا دەژمێردرێن، ئەمڕۆیش کەسانێ کە لە خانەوادەی قەدیمی (ژنۆ)ن لەڕووی قەلافەت و ئەندام ڕێکییەوە بەرانبەر بە ئەفرادی عادی ئیتالیا مومتازن.

خانەوادە ڕەسەنەکانی شاری (ژنو) بواری ئەوەیان نەدەدا کە ژوزفین بیر لە

مێردەکەی بکاتەوە، ئەو ژنە هەموو شەوێ جارجار بەرۆژیش هەموو کاتەکانی خۆی بۆ ئەو میوانییانە تەرخان کردبوو کە لەسەر شەرەفی ئەم سازدەدرا..

کاتێ کە ژوزفین بەتەواوی مێردەکەی خۆی فەراموش کردبوو لە(ژنۆ)دا خەریکی خۆشگوزەرانی بوو، ناپلیۆن لە شاری میلان بەرانبەر ئەو قەسرەی کە تیایدا نیشتەجێ ببوو، لە گالیسکە دابەزی بە ڕاکردن ـ بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە بەم شێوەیە بیبینن چ دەڵێن بەڕاکردن خۆی گەیاندە ساڵۆنەکە، بەڵام ژوزفین لە ساڵۆنەکەدا نەبوو.

ناپلیۆن بیری بۆ ئەوە چوو، دەبێ ژنەکەی لە ژووری نووستندا چاوەڕێی بکات چووە ژووری نووستن ژوزفین‌ـی لەوێشدا نەبینی، پەنجەی بەزەنگەوە نا (گون تیێ) مەسئولی خزمەتکارەکان هات. ناپلیۆن پرسی: ژنەکەم لەکوێدایە؟

(گون تیێ) سەری داچەماندبوو و گوتی: خام تەشریفی بردووە!

ناپلیۆن بە سەرسوڕمانەوە گوتی: چ کاتێ ڕۆیشتووە؟

گون تیێ گوتی: دوو هەفتە بەر لە ئێستا سەفەری کرد!

ناپلیۆن پرسی: مەگەر ئەو نامەیەی من کە تیایدا نووسیبووم بەم زووانە دەگەڕێمەوە، بەدەستی نەگەیشتووە؟

(گون تیێ) سەری دانەواند و گوتی: خودی خانم مژدەی بە ئێمە دا کە ئێوە بەم زووییە دەگەڕێنەوە.

ناپلیۆن گوتی: ئیدی بۆچی ڕۆیشت؟

گون تیێ سەری داخست و بێدەنگ بوو.

ناپلیۆن گوتی: بۆ کوێ سەفەری کردووە؟

گون تیێ گوتی: بۆ بەندەری (ژنو)!

ناپلیۆن پرسی: ئایە بە تەنها سەفەری کرد؟

گون تیێ گوتی: کچە خزمەتکارەکە (لویز کوم پوان) لەخزمەتیاندا بوو

ناپلیۆن گوتی: ئایە هاوسەفەری دیی نەبوو؟

گون تیێ گوتی: شارل هیپولیت هاوسەفەری خانم بوو





ڕەنگ لە ڕووی ناپلیۆن پەڕی، ئەم وەڵامە ڕوخساری سپی کرد و بۆ چەند ساتێ بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: گون تیێ گەلێ چاکە، ئێستا هیچ کارێکی دیم بە تۆ نییە.

ناپلیۆن چووە ساڵۆنەکەوە هەندێ دانیشت، لەبەرئەوەی نەیدەتوانی ئارام بگری، چووە ژووری کارکردن و لەپشتی مێزەکە دانیشت نامەیێکی بەم ناوەرۆکە بۆ ژوزفین نووسی:

"من لە ڕێی دوورەوە بەو شەوقەوە هاتوومەوە لەباوەشت گرم، گەڕامەوە بۆ میلان تۆیش کە دەتزانی من دێمەوە، لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا کەوتوویتەتە ڕێ، ئەوەندە ڕەحم و ئینسافت نەبوو نامەیێک بنووسی تیایدا باسی ئەوە بکەی کە نیازی سەفەرت هەیە، من نازانم لە (ژنو) دا چ هەیە وا تۆ مێردە عاشقەکەی خۆت جێ هێشتووە و ڕێی ئەو شارەت گرتووەتە بەر.

ئێمە لە بەشە کۆتاییەکانی ئەم نامەیە خودداری دەکەین و باسی ناکەین، دڵنیاین ئەگەر نەوجەوانێکی قوتابی عاشق بە ژنێ ئەم جۆرە نامانە بۆ مەعشووقەکەی بنووسێ، ئەم نامانەش بکەوێتە دەستی خەڵکانی دییەوە، ئەوە تا ماوە دەبێتە مایەی مەسخەرە، کەسانێ ئەم نامانە ببینێ ئامادە نییە باوەڕ بکات کە نووسەری ئەم نامانە تەمەنی لە حەڤدەو هەژدە ساڵی تێپەڕاندبێ.. بەڵام لەبەرئەوەی ناپلیۆن سەردارێکی سەرکەوتوو بوو توانی خۆی بگەیێنێتە تەختی ئیمپراتۆری، کەچی ئەو مێژوونووسانەی کە شەرحی حاڵی ناپلیۆنیان نووسیوە ئەمە بە عەیب ناژمێرن، کاتێ کە ئەم نامانەی نووسیوە، سەردارێکی مەزنی سەرکەوتوو بوو، بە پیاوێکی کامڵ حیسابی بۆ دەکرا، تەنانەت هەندێ لە مێژوونووسان، ئەم نامانە بەوە لە قەڵەم دەدەن کە ناپلیۆن خاوەنی زەوقێکی ناسک و بەرز بووە.

کاتێ نامەی دووهەمی ناپلیۆن لە (ژنۆ) گەیشتە دەستی ژوزفین، ئەو نامەیەی پێشانی دۆستەکەی دا، دۆستەکەی پێی گوت: ئەم سامان و دەسەڵاتەی کە تۆ ئێستاکێ هەتە، لە سایەی مێردەکەتەوەیە، ئەگەر تۆ بەرانبەر بە مێردەکەت ئاوها بێ باکی بنوێنی و نائومێدی کەی، ئەوا ژنانی دی هاوسەرەکەت داگیر دەکەن تۆ نەک تەنها لە سامان و دەسەڵات بێ بەش دەبی، بەڵکو منیش کە لە دەسەڵات و سامانی

تۆ سوودمەندم، منیش بەدبەخت دەبم.

ژوزفین لەسەر خواستی دۆستەکەی خۆی ڕێی (میلان)ی گرتەبەر، بەرلەوەی بگاتە نێو شار لە دۆستەکەی جیا بووەوە، ئاگای لەوە نەبوو کە هەندێ سەربازی فەرەنسی تاقیبیان دەکەن، هەر ئەو کاتەی لە دۆستەکەی جیا بووەوە، دۆستەکەی ژوزفینیان تەوقیف کرد.

ژوزفین بە شادیێکی ڕووکەشەوە و بەپێکەنینەوە چووە ژوورەکەی ناپلیۆن، سەیری کرد ناپلیۆن ڕوخساری ترشاندووە و بێزارە.

ژوزفین دەستی بە سەریا هێنا و گوتی: ئەمەندەت نەفرەت لێمە، پاش هاتنم تووڕەیی دایگرتوویت؟

ناپلیۆن گوتی: من دەمەوێ خەبەرێکی تازەت بدەمێ، ئەویش ئەوەیە کە دۆستەکەت شارل هیپولیت بە تاوانی سەرفی نامەشرووع لە دارایی سوپای فەرەنسا دەستگیر کراوە لەبەرئەوەی سەرفی نامەشروع–ی سوپا، لە کاتی جەنگدا بە خیانەتی عوزما دەژمێردرێت، نیوەڕۆی ئەمڕۆ تیرباران دەکرێت.

ئەو تۆمەتەی ناپلیۆن خستبوویە پاڵ شارل هیپولیت، ڕاست بوو، ئەو پیاوە لە سوپای فەرەنسادا خزمەتی دەکرد، دەستی بە سەرفی نامەشرووعی دارایی سوپا کردبوو، بۆ سوودی غەیرە قانونی ئەملاوئەولای دەکرد.. بەرپرسەکانی ئەو ئاگایان لەم مەوزووعە هەبوو، لەبەرئەوەی دەیانزانی لەلای ژوزفیندا خۆشەویستییەکی هەیە، جورئەتی ئەوەیان نەبوو بیخەنە ژێر بەرپرسیارییەوە. کاتێ ژوزفین ئەوەی ژنەوت کە دۆستەکەی دەستگیر کراوە و نیوەڕۆی ئەمڕۆیش تیرباران دەکرێ (هاوارێکی کرد و کەوت و لەخۆچوو، ئەگەر ناپلیۆن عاشقی بێ ئارامی ژنەکەی نەدەبوو دەیتوانی تێبگات، هاوار و لەخۆچوونەکەی ژوزفین ساختەیە بەڵام لەبەرئەوەی ژنەکەی خۆی زۆر خۆشدەویست، شڵەژا و لە جێ هەڵسا و باوەشی پیا کرد و دێوانەئاسا ڕایدەتەکان. ژوزفین بە ئەسپایی چاوانی کردەوە. ناپلیۆن کە بینی ژنەکەی هاتووەتە سەرخۆ، پێی گوت: من دەمزانی تۆ تا ئەم ڕادەیە ئەوت خۆشدەوێ!

ژوزفین گوتی: من ئەوم خۆش ناوی، بەڵام دڵم بە گەنجییەتەکەی دەسووتێ.

ناپلیۆن گوتی: تەواوی ئەو ئەفسەرو سەربازانەی لە جەنگدا دەکوژرێن گەنجن، ئەم





پیاوەیش خیانەتی کردووە، دەبێ بە سزای خۆی بگات، سزای ئەویش دادگای سەردەمی جەنگ دەستنیشانی دەکات نەک من..

سەرئەنجام ژوزفین توانی قەناعەت بە ناپلیۆن بهێنێ دەسبەرداری ئیعدامکردنی شارل هیپولیت بێت، لە بری ئەم سزایە، با لە سوپای فەرەنسا دەربکرێ، بەم شێوەیە گیانی ئەوی ڕزگارکرد.

لە ئیتالیادا وێنەکێشێکی گەنج هەبوو ناوی (گروس) بوو، یەکەم کەسە ڕەسمی ناپلیۆنی دروست کرد.

(گروس) دەیویست وێنەی ناپلیۆن بکێشێ (تا سوودی ماددیشی دەس کەوێ) پێشنیازی کرد ئیجازەی بدەنێ وێنەی (سەرداری گەورەی مێژوو) دروست کات.

ناپلیۆن گوتی: وێنەکێش بۆئەوەی بتوانێ وێنەی کەسێ دروست کات دەبێ مۆدێلەکەی نەجووڵێتەوە، من ناتوانم تەنانەت بۆ یەک دەقیقەش بێت، حەرەکەت نەکەم و لەشوێنێکدا دانیشم..

ژوزفین بە وێنەکێشە گەنجەکەی گوت، ڕۆژی پاشتر پاش ئەوەی ناپلیۆن فراڤین دەخوات، بێت و کەرەسەی وێنەکێشان لەگەڵ خۆیدا بێنێ ڕەسمی ناپلیۆن دروست کات.

ڕۆژی پاشتر وێنەکێشە گەنجەکە، سێپایەی وێنەکێشان و تەختەو ڕەنگەکان و کەرەسەکانی دی پێبوو. هاتە ژووری نانخواردنی ناپلیۆنەوە.

ناپلیۆن خەریکی قاوە خواردنەوەی پاش فراڤین بوو، لە گروسی پرسی:

– کێ ئیجازەی بەئێوە داوە بێنە ئەم ژوورە؟

ژوزفین گوتی: من ئیجازەم داوە گروس بێت و وێنەی تۆ بکێشێ.

ناپلیۆن گوتی: من پێم گوتوون، ناتوانم بێ حەرەکەت بم، هەمیشە دەجووڵێمەوە هیچ وێنەکێشێ ناتوانێ ڕەسمی من دروست بکات.

ژوزفین گوتی: هەڵسەو وەرە بۆ ئێرە من کارێ دەکەم تۆ نەجووڵێیتەوە.

هاوسەرەکەی ناپلیۆن مێردەکەی وەک منداڵێ لەسەر ڕانەکانی خۆیدا دانیشان، پاشان بە وێنەکێشەکەی گوت: دەست بەکار بە..

ژوزفین چوار ڕۆژ هەر ڕۆژەیش پاش فراڤین خواردن، مێردەکەی وەکو منداڵ لەسەر ڕانەکانی خۆی دادەنیشاند، وێنەکێشەکەیش وێنەی سەرداری سەرکەوتووی فەرەنسای دەکێشا، تا تابلۆکەی تەواوکرد.

پاش ئەوەی تابلۆکە تەواو بوو ناپلیۆن میلانی جێهێشت و پەیوەندی بە سوپاکەی خۆیەوە کرد.

شارل هیپولیت پاش ئەوەی لە سوپا دەرکرا، هیچ پلەیێکی ڕەسمیی نەبوو، دەیتوانی زیاتر بە ئازادی لەگەڵ بەرپرسانی سوپادا خەریکی سەوداو مامەڵە بێت، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سوپای فەرەنسا، میلانی بەجێ هێشت، ژوزفین بە ئیستلاحی فەرەنسییەکان بەبێ (کاوالیێ) مایەوە، ئەگەر دەیتوانی بۆ وەجێهێنانی ئەو نەخشانەی لە خەیاڵیدا بوو لە خەڵکانی دی بەتایبەتی گەنجەکانی ئیتالیا، بەڵام حەزی بەوە بوو، ئەو نیگارەی کە دەیەوێ هونەرمەندێ بۆی بکێشێ شارل هیپولیت-ی تیا بەشداربێ.

ئەمجارەیش دەستی سروشت یارمەتی گروسی وێنەکێشی دا، گەڕانەوەی شارل هیپولیت بۆ میلان دواکەوت، گەر بەپێچەوانەی ئەمەوەبا، کە تابلۆی ناپلیۆنی کێشا و سەرکەوت، ئەمجارە ئەگەر بڕیاری ژوزفین جێبەجێ بکات، مەعلوم نەبوو تووشی چ چارەنووسێ دەهات.. ژوزفین بەبڕیاری ئەکیدی ناپلیۆن گەڕایەوە بۆ فەرەنسا، شارل هیپولیتیش دەسبەجێ خۆی گەیاندە ژوزفین.. ناپلیۆن هێشتا هەر لە ئیتالیادا بوو.

لەو ڕۆژانەدا حکومەتی فەرەنسا بە سەرپەرشتی (دیرکتوار) یانی ئەو هەیئەیەی حوکمڕانانی فەرەنسا، خۆیان ئامادە دەکرد، پێشوازییێکی بە شکۆ بۆ ناپلیۆن ساز دەکەن، وەک سەردارێکی فاتیحی فەرەنسا لە پاریسدا پێشوازی لێ بکرێ..

وێنەی ناپلیۆنیان لە مەدالیا دروست کرد، ڕۆژنامەکانی پاریس، خۆیان ئامادە کرد ژمارەی فەوقەلعادە، بەبۆنەی گەڕانەوەی ناپلیۆن بڵاو بکەنەوە.

ڕۆژنامەی گلوب (یانی کورەی ئەرزی)ی _ چاپی پاریس هەواڵی گەڕانەوەی ناپلیۆنی بۆ فەرەنسا سەعات بە سەعات بەهۆی کۆتری نامەبەرەوە پێدەگەیشت، چاپ دەکرد، بەجۆرێ خوێنەرانی ڕۆژنامەکە بەرەبەیان ڕۆژنامەیان دەکڕی و دەیانزانی سەعات بە سەعاتی ڕۆژی پێشتر ناپلیۆن لەکوێدایە..





ناپلیۆن گەیشتە پاریس، بەڵام ژوزفین لە پاریسدا نەبوو تا پێشوازی لێ بکات، هاوسەرەکەی ناپلیۆن بۆ ڕابواردن ڕێی (برتانی) کە لە ڕۆژئاوای فەرەنسایە گرتبووە بەر.

ناپلیۆن پاش گەڕانەوەی بۆ پاریس بە دڵی شکاوەوە چووە تەلاری (لۆکزامبورگ) کە شوێنی پێشوازی ڕەسمی سەرداری سەرکەوتوو بوو، لەوێدا دەسەڵاتداران بەخێرهاتن و پیرۆزباییان لێ کرد.. (تالیران) کە لەو دەمەدا وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بوو، شەپقەکەی ناپلیۆنی دەگرتە دەست، ئەم کارە دەبا خزمەتکارێ بیکات، تالیران ئەمەی دەکرد.

لەو ڕۆژەدا تالیران بەردەوام لەگەڵ ناپلیۆندا بوو، کاتی گەڕانەوەی ناپلیۆن لە تەلاری (لوکزامبورگ) بۆ ماڵەکەی تالیران تا دەرگای گالیسکەکە ناپلیۆنی بەڕێ خست، لەبەر دەرگای گالیسکەکەدا شەپقەکەی تەقدیم بە ناپلیۆن کرد.

گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی، ژوزفین-ی لێ نەبوو، ئەو ماڵە لەبەر چاوی ناپلیۆندا خاڵی و تاریک بوو، دەستی برد بۆ گیرفانی تا (ئەنفیە) دانەکەی دەربێنێ و نەفەسێکی لێ بکێشێ -ناپلیۆن تازە ڕاهاتبووە سەر ئەنفیە- دەستی بەر زەرفێک کەوت، زەرفەکەی دەرهێنا.

ناپلیۆن نامەی زۆر بۆ دەهات، نەیدەتوانی هەموو نامەکان بخوێنێتەوە، سکرتێرەکان دەیانخوێندەوە، گەر مەوزووعێکی گرنگ هەبا، ناپلیۆنیان ئاگادار دەکردەوە..

ناپلیۆن دڵنیابوو، کە خۆی ئەم زەرفەی نەخستووەتە گیرفانی خۆیەوە، لە تەواوی ماوەی پێشوازییەکەدا، کەسێ نامەی نەداوەتێ تا بیخاتە گیرفانیەوە، ناپلیۆن زەرفەکەی کردەوە کاغەزێکی ئەستووری تێدابوو، دەری هێنا، لایەکی ئەو کاغەزە ڕەسمی لەسەر بوو، ناپلیۆن سەیری ڕەسمەکەی کرد، ڕەنگ بەڕوویەوە نەما، لە تووڕەییا دەستی دەلەرزی، ڕەسمەکە هی ژوزفین و شارل هیپولیت بوو.. ئەو ڕەسمە بەجۆرێ ناشیرین و شەرمئاوەر بوو، ناپلیۆن لە هەمان ساتدا بڕیاری دا ژوزفین تەڵاق بدات.. لەو دەمەدا ناپلیۆن گەلێ حەزی بەوە بوو لە ژوزفین منداڵێکی ببێ، شوکری خوای کرد کە لەو ژنە منداڵی نییە، چونکە منداڵی هەبا یەکەم ئیشکالی بۆ

تەلاقدانەکە دروست دەکرد، دووهەمیش مناڵەکە ڕێی دایکەکەی دەگرت بەرەو فەساد دەچوو.

پێنج ڕۆژ پاش ئەم ڕووداوە ناپلیۆن مژولی فەراهەمکردنی تەلاقەکە بوو، ژوزفین لە (برتانی)یەوە گەڕایەوە، هەرکە پێی نایە نێو ماڵەوە تێگەیشت ناپلیۆن تووڕەیە، بەرەو لای چوو دەستی بە نەوازشی ناپلیۆن کرد.. ناپلیۆن دەستی بۆ گیرفانی خۆی برد و ڕەسمەکەی دەرهێنا و نیشانی هاوسەرەکەی دا و گوتی: ئەمە چییە؟

ژوزفین ماوەیێک سەرنجی ئەو ڕەسمەی دا، پاشان گوتی: بێگومان وێنەکێشێ ئەمەی دروست کردووە بۆ ئەوەی تانەمان لێدات و ئەزیەتمان بدات.

ناپلیۆن گوتی: ئەم تابلۆیە خەیاڵیی نییە بێ شک وێنەکێشێ لە رووی مۆدێلەوە دروستی کردووە!

ژوزفین گوتی: دڵنیات دەکەم ئەم وێنەیە خەیاڵییە، بەلام ئەو وێنەکێشەی ئەمەی کردووە هونەرمەند بووە شتێکی خولقاندووە، لە دیدی هونەرییەوە گەلێ گرانبەهایە.

پاشان ژوزفین ئەم ڕستانەی گوت کە مێژوو لە کتێبی یادەوەرییەکانی (کۆنت دولاوالت)–ی حیمایەی ناپلیۆنی وەرگرتووە.

(تەنانەت ئەگەر ئەم وێنەیە خەیاڵیش بێ، بە شتێکی گرانبەها دەژمێردرێت، هەرچی لە بۆتەی هونەردایە و ئاگری عەشق–ی بەسەردا باراندووە، خەڵتەی تیا نەهێشتووە..

ژوزفین ئەوەی لە ناپلیۆن پرسی کە ئەم وێنەیەی لە کوێ بەدەست هێناوە لە روونکردنەوەکانی مێردەکەی هەستی بەوە کرد کە تالیران ئەمەی خستووەتە گیرفانی مێردەکەی.